# بەرهەمی خەبات



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# بەرهەمی خەبات

## بەشێک لە بەرهەمەکانی ا. ب. هەوری
## (ئەبوبەکر شێخ جەلال)



ناوی کتێب: بەرهەمی خەبات – بەشێک لە بەرهەمەکانی ا. ب. هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال)
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٤٧
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: شکار شێخ عەفان نەقشبەندی
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا حەسەن
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٩)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

# پێشەکی

هەموو نووسەرێک کە دەست ئەداتە قەڵەم و دەست ئەکا بەنووسین بەتایبەتی ئەوانەی کە لە منداڵی و تەمەنی لاوییانەوە دەست پێ ئەکەن، لەوانەیە بسڵەمێنەوە و متمانەی تەواویان بەخۆیان نەبێت کە ئەو نووسینەیان شیعر، چیرۆک و هەرجۆرە نووسینێک بێ، جێگیر ئەبێ لەناو کۆڕی نووسین و لەلای هەست و ڕەزامەندی خوێندەواراندا. سا هەر چۆن بن ئەو نووسەرە ساوایانە زۆر خۆیان بەبەختیار ئەزانن کە هەبێ بۆیان بڵاوکاتەوە، تەنانەت بەوەش قایلن کە هەبێ گوێیان لێ بگرێ. بەم جۆرە تا چەند جارێک خۆیان وا دائەنێن لەناو ئەزموونی هونەر و نووسیندان. کە هەستیان کرد نووسینەکانیان جێگیر ئەبێ، ئەوسا بیر لەوە ئەکەنەوە کە ئەو بەرهەمانەیان کۆببێتەوە ببێ بەکتێب.

مامۆستای خوالێخۆشبوو أ. ب. هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال) بەم پلەیەدا تێپەڕبووە. لەمەش زۆر گرنگتر کە متمانەی ئەوەندە بەخۆی هەبوو، یەکەم بەرهەمی، نەک بیخاتە پێش چاو وەکو ئەزموون و سەرەتایەک بەڵکو خستییە قاڵبی چیرۆکێکی شانۆیی و نمایش کرا، لە کاتێکدا کە هێشتا قوتابی سەرەتایی بوو.

لەو ڕۆژەوە ئەم مامۆستایە قەڵەمی نەوەستاوە بۆ هەموو بۆنەیەک هەستی خۆی دەربڕیوە و شتێکی نووسیوە. ئەم نووسینانەی زۆریان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەدرێژایی تەمەنی بڵاوکردۆتەوە. ناو بەناویش ئەم بەرهەمانەی لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا بەچاپی گەیاندوون.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین هێشتا بەرهەمەکانی پەرشوبڵاون، تا لە ژیانا بوو زۆری حەز ئەکرد کە بتوانێ هەموو نووسینەکانی کۆبکاتەوە و بیانکا بەیەک دوو کتێب. بەڵام بەداخەوە مەرگ زۆر زوو شاڵاوی بۆ هێنا و بەم ئاواتەی نەگەیشت. دوایی خۆم ئەمەم هات بەبیردا، لە هەشتاکانا ویستم ئەم کارە بەجێ بهێنم سەرنەکەوتم. وا ئێستە هاتمە سەر ئەوەی ئاواتەکەی خۆی بەجێ بێنم، تا ئەم بەرهەمانە ون نەبن و بیرنەچنەوە.

ئەوانەی لەم کتێبەدا چاپکراون بریتین لە بەشێک لە بەرهەمەکانی مامۆستا ا. ب. هەوری.

١- چیرۆکی دڵداری و پەیمانپەروەری، دووجار لە ساڵانی ١٩٤٣ و ٩٧١دا چاپکراوە.

٢- ئازار و ئاوات (بەشی یەکەمی شیعرەکانیەتی) ساڵی ١٩٥٦ چاپکراوە.

٣- بەرهەمی خەبات (بەشی دووەمی شیعرەکانیەتی) ساڵی ١٩٥٩ چاپکراوە.

٤- چیرۆکی بووکی ژێر دەواری ڕەش ساڵی ١٩٦١ چاپکراوە.

٥- دەستووری نووسینی زمانی کوردی ساڵی ١٩٦٨ چاپکراوە.

٦- چیرۆکی زینەت خان ساڵی ١٩٧٢ نووسراوەتەوە.

٧- بەشی سێیەمی شیعرەکانی.

٨- ڕۆژانی دێرین. بەشی یەکەم لە یاداشتەکانی.



چەند کتێب و نامیلکەیەکی تریش هەیە، کە خۆی لە ژیانا چاپی کردبوون و بڵاوی کردبوونەوە. کە ئەمانەن:

١- صلاح الدين و فیڵی بەنگ کێشان. ١٩٥٦ چاپ کراوە.

٢- مێژووی نوێ بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی. بەهاوکاری ساڵح قەفتان لە عەرەبییەوە وەرگێڕراوە ١٩٥٩ چاپ کراوە.

٣- صلاح الدين الأيوبي أسد القارتين. ١٩٦٧ بە عەرەبی چاپ کراوە.

٤- مەولەوی شای شاعیرانی کورد. ١٩٧٢ چاپ کراوە

٥- شیعری کۆن و نوێ. ١٩٧٥ چاپ کراوە

٦- چیرۆکی بێ ناو. ١٩٧٨ چاپ کراوە

٧- بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگارییە ١٩٥٦ چاپ کراوە.

بێجگە لەمانە بەرهەمی تریشی هەیە لە شیعر و نووسین. ئیتر نازانم ڕۆژێک دێت ئەمانە هەموویان وەکو بەشێکی تر لە بەرهەمەکانی بخرێنە ژێر چاپ!؟

دەربارەی توانایی و لێهاتوویی ئەم شاعیر و نووسەرە بەرزە بێجگە لەو پێشەکییەی لە ئازار و ئاواتدا (نووسینی مستەفا ساڵح کەریم) هەروەها پێشەکی بەرهەمی خەبات (نووسینی فازڵ) هەندێ وتن و نووسراوی تر کە بەردەستم کەوتوون ئەخەمە پێش چاو:

لە یادی چواردەهەمین ساڵڕۆژی أ. ب. هەوری کامل ژیر وتبووی:

«جێگەی بەرزی گوندی چنارە، جوانێتی سروشتی کوردستان، کارەساتە کاولکاری و دڵتەزێنەکانی جەنگ، دیمەنی برسی و ڕەش و ڕووتەکانی گرانی، کاریگەرێتی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، کاردانەوەی بۆمباکەی سیتەک، ئەمانە هەمووی لەگەڵ هەست و هۆشی نووسەری گەورەماندا ئاوێتەی یەک بووبوون، بووبوون بەبەشێک لە دروستبوونی أ. ب. هەوری، کردیانە مرۆڤێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر و هەژاردۆست و خێرخواز و دژ بەستەمکار و داگیرکەر.

هەستیارەکەمان مامۆستا هەوری نەمامێکی تازە خەڵفی جەنگەڵستانی ئەو ڕۆژگارە بوو، لەناخیا ئەکولا و چاوەڕوانی هەلێکی ڕەخساو بوو بۆ بزواندن و تۆڵە.

«مامۆستای نەمر هەر لە منداڵییەوە هەستی بەوە کردووە کە تەنها هێز و چەک چارەسازی نەتەوەی کورد نییە، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە ئەو هێز و چەکە لەگەڵ هێز و چەکی دوشمندا بەرامبەر نەبن. کەواتە ئەبێ خەباتێکی تریش بخرێتە پاڵ خەباتی چەکداری ئەویش خەباتی ڕۆشنبیری و خوێندەوارییە.

هەستیاری پایەبەرزمان لە زۆر زووەوە هەستی بەپێویستی یەکێتی و یەکبوونی کورد کردووە، دووبەرەکی و قازانجی خۆیی ڕەتکردۆتەوە، دژی تیرەگەری و هەرێم گەری و پارچەپارچە بوون و فرە کوێخایەتی وەستاوەتەوە. هەمیشە چاو ڕوون و گەشبین بووە و باوەڕی تەواوی بەتوانای گەل هەبووە بۆ ڕزگاربوون».

لە کۆتاییدا ئەڵێ: «ئەم پایەبەرزە نە گوێی بەپلەوپایە ئەدا، نە بەماڵ و نە بەمنداڵ و سامان. ئەو تاکە ئاواتی ئەوە بوو کە ڕۆژی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەی ببینی بەچاوی خۆی».

مامۆستا محەمەد فەریق حەسەن لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ١٦٩ چوارشەمە ١٩٩٢/٨/١٩ نووسیبووی:

«خوالێخۆشبوو بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو، پیاوێکی قورس، بەڕێز و خاوەن شەخسییەت بوو، بەهۆی توانا و لێوەشاوەیی خۆیەوە گەورە و بچووک بەقەناعەتەوە ڕێزیان لێ ئەنا».

خوالێخۆشبوو محەمەد مستەفا کوردی لە باسی هەوریدا وتبووی:

«لە کاتی قوتابێتیدا هەمیشە خەریکی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و نیشتمانپەرستی و چاندنی تۆوی برایەتی و یەکێتی و خۆشەویستی بوو.

خۆم لەگەڵیا مامۆستای زانستی بووم، هەر خۆم ئەزانم کە چەند ڕەنجی ئەدا و کۆششی ئەکرد، بەمانگانە وانەی نەئەوتەوە، کە چووشە ماڵی مامۆستایان زانستی فەرامۆش نەکردبوو، لە پشووەکانیساڵدا ئەچووەوە بۆ زانستی بۆ گەیاندنی پەیامە موفەرک و پیرۆزەکەی خۆی».

لە ١٩٩٣/٤/٨ یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلەیمانی و بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کۆڕێکی فراوانیان گێڕا بەبۆنەی چواردەهەمین ساڵڕۆژی هەوری، لەم کۆڕەدا وتارێکی زۆری تیا خوێنرایەوە کە هەمووی بریتی بوون لە ستایش و باسکردن لە گیانی نیشتمانپەروەری و توانایی هەوری لە هەموو بوارەکانی نووسیندا».

سەلاح شێخ جەلال باراوی ئەڵێ:

«لە ساڵی ١٩٥٢ چوومە قوتابخانەی کانێسکان، مامۆستای بەڕێز خوالێخۆشبوو شێخ ئەبوبەکر بەڕێوەبەر بوو. مرۆڤێکی بەشەخصیەت و بەڕێوەبەرێکی ڕاستەقینە و نەفس بەرزبوو. بەزەیی بە فەقیر و هەژارا ئەهاتەوە، حانوتی قوتابخانەکەی کرد بە (تعاونی)، سوودەکەی بۆ قوتابی هەژاربوو. لەو ساڵانەدا کە میری خواردنی ئەدا بەقوتابی، خۆی سەرپەرشتی ئەکرد. نەی ئەهێشت هیچ جۆرە جیاوازییەک هەبێ. زۆر بەتەنگ پاک و تەمیزی قوتابی و قوتابخانەوە بوو. ئەی ناردین بۆ فحصی چاو و سنگ لە خەستەخانە. ئەگەر قوتابییەک دیار نەبوایە ئەینارد بۆ ماڵەکەیان تا بزانێ بۆ نەهاتووە. بەردەوام پێی ئەوتین خوێندن بۆ مەعاش نییە بەڵکو بۆ زانست و پێشکەوتنی وڵاتە. لە کاتی ڕیزبوونا زۆرجار ئەم شیعرەی بۆ ئەخوێندینەوە:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دفاعی تیغی دوشمنتان

هەموو ئان و زەمانێ لە جێی قەڵغان و سوپەرتانە.

«بەڕاستی مامۆستایەکی جوان پۆش بوو. شەخصیەتێکی بەهێزی هەبوو نەک هەر لەلای قوتابی بەڵکو لەلای مامۆستاکان و باوکی قوتابییەکانیشا.

«کە گەیشتمە پۆلی شەشەم مانگێک پێش تاقیکردنەوەی بەکەلۆری هەموو ڕۆژێک ئەی بردینەوە بۆ



قوتابخانە، خۆی و مامۆستاکان دەرسیان پێ ئەوتین بۆ ئەوەی ئامادەبین بۆ تاقیکردنەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو مامۆستا بەخێوکەرە. خۆزگە قوتابخانەی کانێسکان هەموو ساڵێک یادی ئەو بەڕێزەی ئەکردەوە».

***

بەکر قادر عەبدوڵلا کە بیستی من خەریکم بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو أ. ب. هەوری کۆئەکەمەوە و هەوڵی چاپکردنیان ئەدەم، نامەیەکی دوور و درێژی بۆ ناردم. ئەم تۆزەی لێ هەڵئەبژێرم. ئەڵێ:-

أ. ب. هەوری ئەو قەڵەمەی بەسەربەرزی ژیا.

خوالێخۆشبوو أ. ب. هەوری ١٩١٢ - ١٩٧٩ یەکێکە لە شاعیر و مامۆستا دڵسۆزەکانی مەیدانی ئەدەب و زانست. خاوەنی دیوانی شیعر و چەندان بەرهەمی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانە. حەزی بەکوردایەتی دەکرد، نەتەوەی خۆی خۆش ئەویست. لە دەرس وتنەوەدا بەتەواوی ئامانجی ئەپێکا. لەوکاتەدا کە من پۆلی شەشەمی قوتابخانەی گۆیژە بووم وانەی کوردی پێ ئەوتین، چۆن وانەیەک؟ هەموو قوتابییەک پەرۆشی وەرگرتنی بوو. هەموو کات ڕێنمایی ئەوەی ئەکردین پێویستە خوێندەواری باڵ بکێشی بەسەر هەموو گۆشەیەکی کوردستانی ئازیزدا.

لە شیعردا دەستێکی باڵای هەبوو، پارچە شیعری جامانە سوور لە شەستەکانا دایبابوو، لە حەفتاکانا لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکرایەوە، زۆر کاری تێکردم. خۆم و نەبەزی کوڕم لەبەرمان کردبوو. لەیادمە ساڵی ١٩٦٩ لە ناوپردان کە پێشمەرگە بووم لە بۆنەیەکی تایبەتیدا نەبەز بەجۆش و خرۆشێکەوە خوێندیەوە، لەلایەن گوێگرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

***

منیش کە برازای ئەوم ئەڵێم مامە ئەبوبەکر خزم دۆست بوو، برا و برازاکانی خۆش ئەویست، بەتەنگ هەموو کەموکوڕی و ناخۆشییەکمانەوە بوو، دڵسۆزی هەمووومان بوو. بەپێویستم زانی لەجیاتی بنەماڵەکەمان و لەجیاتی هاوڕێ و دۆست و لەجیاتی هەموو دڵسۆزێکی وەکو ئەو بۆ گەل و نیشتمانەکەی، بەرهەمەکانی کۆبکەمەوە و بەچاپیان بگەیەنم.

سوپاسێکی بێ پایانیشم بۆ دەزگای ئاراس، بەتایبەتی ئەو ڕۆڵەگەنجە جوانە دڵسۆزە (کاکە بەدران) کە بەڕێوەبەری ئەم دەزگایەیە، بە ئەوپەڕی دڵفراوانی و ڕێزەوە بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوو ئەم کارە پیرۆزەی ئەنجام دا. بەرهەمی ئەم مامۆستا گەورەیە و بەرهەمی هەموو ناودارەکانمان لە ونبوون ئەپارێزن.

فازڵ نیزامەددین

٢٠٠٢/٤/٢

# سەرەتا

أ. ب. هەوری: ناوم ئەبوبەکر کوڕی شێخ جەلالی (موفتی شارباژێڕ لە زەمانی عوسمانیدا)، کوڕی شێخ تەها، کوڕی شێخ سەلام (قازی شارباژێڕ)، کوڕی شێخ فازڵ، کوڕی شێخ نیزامەدینە، کە ئارامگاکەی لە گوندی چنارەی نزیک دەربەندیخانە. لەناو کوردەواریدا بەشێخ نەزامی بەناوبانگە. پیاوێکی ئایینپەروەری خواناسی ئەوتۆ بووە، لە هەموو ئێران و قەڵەمڕەوی عوسمانیدا ناسراوە، لە مزگەوتەکەی گوندی چنارەدا دەرسی ئایینی و زمانی عەرەبی و فارسی وتراوەتەوە.

دوای کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی فەرمانڕەوایی عێراقی سەر بەئینگلیز و گواستنەوەی مەرکەزی قەزا بۆ چوارتا، باوکم ڕازی نابێ ببێت بەفەرمانبەری میری سەر بەئینگلیزی گاور، بۆیە هەر لە سیتەک دەمێنێتەوە و خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبێت تا ساڵی ١٩٢٥ کە لە یەکێک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمردا گوندەکە بۆمباباران دەکرێت و خانووەکەمان دەسووتێت، ئەو حەلە بەماڵەوە دەچێتە سلێمانی.

## لە دایکبوونم:

هەرچەند بەپێی دەفتەری نفووس، ساڵی ١٩١٥ لە گوندی سیتەک لە دایک بووم، بەڵام ڕاستییەکەی (هەرچەندە نازانم کام ساڵە) پێش ئەو بەرواره لە گوندی چنارە لە دایک بووم.

دایکم ناوی فاتیمە کچی شێخ ئەحمەدی قازی مەحموود پاشای جاف. خەڵکی ئاوایی عازەبانی بەرامبەر گوندی چنارەیە، بەپێی نووسینێک کە شێخ سەلامی شاعیری بەناوبانگ لە سەرەتای دیوانەکەیدا نووسیویەتی، هۆزی دایکانیشم سەیدن و دەچنەوە سەر سەیدەکانی نەهری و کۆنەپۆشیشیان پێدەڵێن.

## خوێندنم:

پێش ئەوەی ماڵمان بچێتە سلێمانی، خوالێخۆشبوو باوکم لەسەر شێوەی کۆن حونجەجار و باردەرسی قورئانی پیرۆزی پێ دەوتم. ساڵی ١٩٢٥ هاتینە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٦دا کاتێک قوتابخانەی زانستی شەوان دامەزرا، چوومە قوتابخانەی ناوبراو، بۆ ساڵی دوایی چوومە قوتابخانەی سەرەتایی، پاش ئەویش بۆ قوتابخانەی ناوەندی و لە ساڵی ١٩٣٥دا چوومە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان (دار المعلمین الإبتدائیة) لە بەغداد و ساڵی ١٩٣٨ بووم بە مامۆستا لە قوتابخانەی هەڵەبجە، بۆ ساڵی ١٩٣٩ بووم بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەیوبییە و لەوێوە بۆ قوتابخانەی فیصلیە، هەردووکیان لەناو شاری سلێمانیدا بوون. پاش ئەوە گوێزرامەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی سورداش. لە ساڵی ١٩٤٥ گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی سەرەتایی لەناو شار. لە ساڵی ١٩٤٩ بووم بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی کانیی ئاسکانی سەرەتایی لەناو شاردا تا ساڵی ١٩٦٩ خانەنشین کرام.



## بەرهەمەکانم:

هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە خووم دایە ئەدەب و شیعر، توانای شیعر نووسینم زۆر زوو دەرکەوت. وەلێ چونکە نووسینەکانم بەزۆری لە کیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوە دۆستییەوە هەڵدەقوڵان، کە ئەمەش بۆ داگیرکەر و نۆکەرەکانی باش نەبوون، دانیان پێیان ئاڵ دەبووەوە، بۆیە تووشی زۆر تەگەرە و تەڵزگە و سەرئێشە و بەندی بووم و لە ژیانی تایبەتیمدا و پاشکەوتنم لە زۆر لە هاوڕێکانم.

لەگەڵ ئەمانەشدا (بێجگە لە وتار و چیرۆک و شیعر و پەخشان کە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی نییە، هەر لە ساڵانی سییەکانەوە تا ساڵەکانی حەفتاکان نووسینی منیان تێدا نەبێت) ئەم بەرهەمانەشم لە شێوەی نامیلکە و پەڕاودا سەربەخۆ چاپکردووە:

١- دڵداری و پەیمانپەروەری - چیرۆکی شانۆیی لەساڵی ١٩٤٣ لە بەغداد چاپکراوە و ساڵی ١٩٧١ بۆ دووەم جار لە سلێمانی چاپکراوەتەوە.

٢- ئازار و ئاوات - بەشی یەکەمی شیعر ساڵی ١٩٥٦ لە بەغداد چاپکراوە.

٣- سەلاحەدین و فێڵی بەنگ کێشەکان - لە عەرەبییەوە کراوە بەکوردی لە ساڵی ١٩٥٦ لە بەغداد چاپکراوە.

٤- بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگارییە - چیرۆکی شانۆیی ساڵی ١٩٥٦ لە بەغداد چاپکراوە.

٥- بەرهەمی خەبات - بەشی دووەمی شیعر ساڵی ١٩٥٩ لە بەغداد چاپکراوە.

٦- مێژووی نوێ - بۆ پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سەرەتایی بەهاوکاری مامۆستای بەرز ساڵح قەفتان لە عەرەبییەوە کراوە بەکوردی ساڵی ١٩٥٩ لە بەغداد چاپکراوە.

٧- بووکی ژێر دەواری ڕەش - چیرۆک ساڵی ١٩٦١ لە بەغداد چاپکراوە.

٨- صلاح الدین الایوبي أسد القارتین - بە زمانی عەرەبی ساڵی ١٩٦٧ لە بەغداد چاپکراوە.

٩- دەستووری نووسینی زمانی کوردی بەپیتی عەرەبی - ساڵی ١٩٦٨ لە بەغداد چاپکراوە.

١٠- مەولەوی شای شاعیرانی کورد لە چەرخی نۆزدەهەمدا - ساڵی ١٩٧٥ لە سلێمانی چاپکراوە.

١١- شیعری کۆن و نوێ - ساڵی ١٩٧٥ لە سلێمانی چاپکراوە.

١٢- چیرۆکی بێ ناو - ساڵی ١٩٧٨ لە سلێمانی چاپکراوە.

## شیعر و شاعیر:

دوای ئەوەی مێژووی ژیانی خێزانەکەم و خۆم زۆر بەکورتی، بەبێ پەراوێز بۆ کردن و پیاهەڵدان نووسی، وائەزانم سوودبەخشە ئەگەر کەمێک لە شیعر و شاعیر بدوێم، بەپێی هێزی مێشک و برشتی پێنووس. چی لەباردا هەبێت بیخەمە سەر خوانی خوێندنەوە و پێشکەشی ئەو خوێندەوارانەی بکەم کە بەدوای ڕاستی شیعر و ئەدەب و ڕەسەندا دەگەڕێن.

### شیعر:

هەروەک هونەرێکە لە هونەرەکانی وێژە (أدب) هەروەها هونەرێکیشە سەربەخۆ و سنوورکێشراو، شێوەی ڕێباز و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، جۆرە ئاخاوتنێکە لەسەر کێش و لەنگەر و دوایینە و خاوەندی لەرە و نەوا و ئاواز و موسیقادار و دڵگیر و گوزارە ورد و مەعنا قووڵی تازە داهێنراو و سوودبەخش بەکەسان و ناوچە و کۆمەڵ.

ئەبێ ئەگەر پێویست بوو بگونجێت بەسروود و گۆرانی بوترێت، گەرەکە بەسۆز و تەوژمێکەوە بەرگوێی گوێگر بکەوێت بۆ ئەو مەبەست و سەبارەتانەی کە تێیدا هەیە، ئەو لە شاعیرەکە زیاتر بخاتە جموجۆڵ و جۆش و خرۆشەوە بەڕەنگێک مەنجەڵی بیر و هەستی نزیک هەڵچوون بێنێتە کەفوکوڵ.

### بڕوای زانایان لە بابەت شیعرەوە:

شیعر کە خۆراکی گیانە و بەپێی پێشکەوتنی شێوە و ڕێبازی ژین پێش دەکەوێت و ئاوێنەی دیمەن نوێنی ئەندازەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری چەرخی خۆیەتی، بەلای زانایانی تایبەتی خۆیەوە زۆر لەپێش هونەری پەخشانەوە پەیدابووە، هەندێکیان ئەڵێن لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ ئەمیش هاتۆتە کایەوە، مرۆڤ بەتایبەتی لە ژیانی سەرەتاییدا لەکاتێکدا لەژێر تەوژمی باری گرانی ناهەمواری سروشتدا، سەراسیمە بەرامبەر شەوی تار و گێژەڵوکەی بیابان و هەورەتریشقە و تاوەڕەهێڵە و گەردەلوول و ڕەشەبای ڕۆژگار و فەرتەنە و شەپۆلی دەریاکاندا واق ورماو، ئاسۆی بیر و تێگەیشتنی نەیدەتوانی هۆ و سەبارەت و ئەنجام تێبگات، وای بەباش زانی، یان وای بۆ ڕێ ئەکەوت لەکاتی شایی و شین، خۆشی و ناخۆشی، گەرما و سەرما، ساغی و نەخۆشی بەزم و دڵداری و تەنگانە، لەگەڵ بینینی جوانی و ناشیرینی، زۆرداری و دادگەریدا هەستی خۆی بەباشی یان بەخراپی بەوشە و ڕستەی لە سەرکێش و ئاوازەدار دەربڕێت.

بەلۆرەلۆر بۆ خۆ خلافاندن لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ ترسی خۆ دەرکردن. بەڵگەی سەلماندنی ئەمە لە کوردیدا: لاواندنەوە و هەلور بلور و گورگانە شەوێ و لای لایە و بەستەی هەڵپەڕکێ و شایی و شین و کۆڕی دڵداران و بەزمی مەی خواران و ئاهەنگی شەوارە و قریوەی شۆڕە سوارانی مەیدانی جەنگ. هەموویان بەهۆنراوەیی لەسەر کێش و دوایینەن.

### شیعری کۆن و نوێ

شیعر کۆن بێ یان تازە پێویستە شیعر بێت، واتە ئەو مەرجانەی وتمان تیا هەبێت، ئەگەر وا نەبێت هەر ناوێکی لێ بنرێت شیعر نییە، چونکە جیاوازی شیعری نوێ لەگەڵ شیعری کۆندا نەبوونی کێش و دوایینە و پێویستییەکانی تر نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە شێوە و ناوەڕۆک و مەبەست و ئامانج دایە بەوشەی سووک و سادە و ڕستەی ئاسان بۆ تێگەیشتنی چینی بۆرە پیاوان نەک هەروەک لە کۆندا بۆ تێگەیشتنی دەستەیەکی کەم. تەنیا ئەوەندە هەیە لە شیعری ئازاددا شاعیر بۆی هەیە لە هەندێک



جێگەدا بۆ دەربڕینی مانای وردی ناسکی تازە داهێنراو واز لە کێش و دوایینە بێنێت.

### شاعیر

کە دروستکاری ئەم جۆرە بەرهەمەیە، لە پیشەساز و بەنایەکی بەهرەمەند و هەڵکەوتوو ئەچێت، چونکە لە کەرەسەی پیت و وشە و ڕستە، کۆشک و تەلاری ڕازاوەی چەند نهۆم و ڕەنگاوڕەنگ دروست دەکات بۆ سوودی کەسانی تر و گەل و مرۆڤ کە شیعرە.

ئەوەی لێرەدا ئەبێ لە بیرمان نەچێت و پێویستە بیخەینە پێش چاو ئەوەیە هەر کەسێک هۆنراوەی وت و هەڵبەستی ڕێکخست پێی ناڵێن شاعیر، چونکە شایەر و لۆتیش توانای هۆنراوە و هۆنینەوە و هەڵبەست ڕێکخستنی هەیە، بۆیە شاعیری تەواوی ڕاست و دروست و حەقپەرست ئەبێت: ڕەوشت و خووجوان و لاپەڕەی ژیانی پاک و خاوەند بیروڕای نەتەوایەتی و مرۆڤ دۆستی، وەک کێو بەرامبەر وەیشوومەی ڕۆژگار بێ جووڵە وەستابێت و پیرۆزی وشەی شاعیری و ئەدەبی بەهیچ نرخێک نەگۆڕێتەوە، هەر سات و ڕۆژە ڕوو لەلایەک نەبێت، بەرهەمەکەی بەوشەی سادە و ڕستەی سووک و ئاسان بەزمانێکی تەڕ و پاراوی بێ پێچوپەنا نووسرا بێت بۆ ئەوەی بەشی زۆری گەل بەتایبەتی چینی چەوساوە و هەژار و داماوان بەبێ زەحمەت لێی تێبگەن و دەرمانی دەردی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و هەموو گۆشەکانی ژیان بێت.

**أ. ب. هەوری ۱۹۷۹/۱/۳۱**

# دڵداری و پەیمانپەروەری*

### سەرەتا

*ئەم چیرۆکە بچکۆڵەیە هەرچەند خەیاڵی و زادەی بیری منە، بەڵام بەزۆری لە سەرچاوەی ڕەوشت و خووی هاوخوێنەکانم هەڵم هێنجاوە و کۆم کردۆتەوە چونکە بەهەزاران چیرۆکی کوردی وا هەیە کە سەراپا ڕەوشت و خووی نایاب و پەیمانپەروەری و وەفا نیشان ئەدات.*

*دوای ئەمە پێشکەشی ئەکەم بەو کچ و کوڕانەی کە بەچاوێکی دووربین و بەبیرێکی پیرۆز و بەرز ئەڕواننە دڵداری و مەبەستی دڵداریان پێکەوەنانی خێزانێکی یەک تەن دروست و داوێن پاکە بۆ بەرزکردنەوەی نیشتمانە هەژار و پەستەکەیان.*

دانەر

### پەردەی یەکەم

پەردە ئەکرێتەوە، لە ژوورێکی جوان و ڕازاوەدا کورسیەک دانراوە. (شێرۆ) کە کوڕێکی هەرزەکاری نەوجەوانە دانیشتووە، دەستێکی ناوەتە بەرچەناگەی (تا تۆزێ بێدەنگ) پاش بێدەنگی سەرهەڵدەبڕێ و ئەڵێت:

– خوایە گوناهم چی بوو وا تووشی ئەم سزایەت کردم. لەلایەکەوە ئەوەتەی باوکم ڕۆییوە بێ سەروشوێن هیچ خەبەرێکی نییە، ئێستاش وەک بیستوومە ئەو وڵاتەی کە ئەو بۆی چووە ئاژاوەی تیایە و پەشێوە، ئەم شەویش خەوم پێوە دیوە ئەترسم تووشی بەڵایەک بووبێت.

لەلایەکی تریشەوە تووشی داوی دڵداریت کردووم کە گەلێ لەو خراپترە، بەخوا ڕاستە ئەڵێن یاخوا کەس زەدەی دەردی دڵداری نەبێ، بەڕاستی دەردێکی پڕ ئێش و سزایەکی بەجۆشە، بەجۆرێ وام لێ هاتووە لەم تەمەنە شیرینەدا لە گیانی خۆم بێزار بووم، نامەوێ تاوێ بژیم. خوایە ئەم بەڵایە چی بوو؟

(تاوێک بێدەنگ ئەبێت دووبارە سەر هەڵدەبڕێتەوە و ئەڵێت):

– ئاخ نازەنین چیت پێکردم، گیرۆدەی داوی خۆتت کردم، ژینت لێ شێوانم، دەمێکیشە چاوم پێت ناکەوێ، نازانم لە کوێیت، ڕازی پەنهانی خۆمت بۆ دەرخەم. ئاخ، ئەم دەردی دڵدارییە چەند دەردێکی سەختە چەند بەڵایەکی بەدبەختە، هیچ گیاندارێک بەرگەی ناگرێ.

نازەنین لە کوێیت بینایی چاوم
مایەی ئێش و نێش بۆنەی هەناوم

* دانەر: ا. ب. هەوری. چاپی یەکەم ١٩٤٣ – چاپخانەی مەعاریف – بەغداد. چاپی دووەم: ١٩٧١ – چاپخانەی کامەرانی – سلێمانی.



لەم کاتەدا کە شێرۆ ئەم هەڵبەستە ئەخوێنێتەوە لە دەرگا ئەدرێ شێرۆ خۆی کۆئەکاتەوە و ئەڵێت:

– دەی خوا مژدەیەکی خۆش... فەرموو وەرە ژوورەوە.

کە دێتە ژوورەوە ئەو جلەودارەیە کە لەگەڵ باوکی شێرۆ چووبوو بۆ کڕین و فرۆشتن. بێ واتە نووسراوێک ئەداتە دەست شێرۆ. شێرۆ کوتوپڕ نووسراوەکە ئەکاتەوە و دەست بەخوێندنەوەی ئەکات. شێرۆ ڕەنگی تێک ئەچێ و قورگی پڕ ئەبێ لە گریان. ئینجا بۆ ئەوەی دانیشتوان گوێیان لێ بێت بەدەنگێکی بەرز نووسراوەکە ئەخوێنێتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:

ڕۆڵەی شیرینم مەرگت نەبینم شێرۆ گیان

وام لە کاتێکی نەهاتدا، گوللەی مەرگ وەک تەرزە بۆم ئەبارێ. گیان کێش جارجار خۆیم نیشان ئەدات، وا دیارە جارێکی کە من تۆ نابینمەوە. ڕۆڵە تۆ بەخوا و منداڵەکان بەتۆ ئەسپێرم. هیوام وایە لە ڕێی نیشتمانپەروەریشدا هەموو ساتێ گیان بەختکەیت، چونکە هەزار ساڵ ژیان دوایی مردنە، هەر ئەو ناوەیە بۆت ئەمێنێتەوە. ئیتر تەنگ و چەڵەمەیە زیاتر ناتوانم هیچی ترت بۆ بنووسم.

باوکت. کاوە

دوای خوێندنەوەی نووسراوەکە شێرۆ بەجلەودارەکە ئەڵێت:

– تۆ ئێستە بڕۆ بحەوێرەوە دوایی هەردووکمان ئەچین بەشوێن باوکما.

کە جلەودارەکە ئەچێتە دەرەوە، شێرۆ لەبەرخۆیەوە دەست ئەکاتەوە بەقسە و ئەڵێت:

– ئەمە ڕۆژەکەیە کە من لێی ئەترسام، چی بکەم خوایە، چۆن نازەنین بەجێ بێڵم و بچم بەشوێن باوکما، وەیان چۆن نەچم بەشوێنیا بەخۆڕایی خوێنی ون بێت. کەواتە چاک ئەوەیە چاوم بەنازەنین بکەوێت، تێی بگەیەنم و ماڵئاوایی یەکجاری لێ بکەم، چونکە بێگومان گەڕانەوەم نابێت و ئاواتی چەند ساڵەی دڵ لەگەڵ خۆم ئەنێمە خاکەوە و ئەبمە نموونەی دڵدارانی دواڕۆژ.

ئەمە ئەڵێت و ئەچێتە دەرەوە و پەردە دائەدرێتەوە.

### پەردەی دووەم

پەردە ئەکرێتەوە لە ژوورێکی جوان و ڕازاوەدا نازەنین کچێکی چواردە ساڵانی باڵا شمشاڵی لێو بەخاڵی ڕوومەت ئاڵە، نیشانەی دڵداری زەرد و لاوازی کردووە، لەبەرخۆیەوە سکاڵا ئەکات و ئەڵێت:

– خوایە ئەم دەردی دڵدارییە چی بوو وا تووشی منت کرد، دەردێکە کەس بەرگەی ناگرێت و دەرمانی نییە. ئینجا ئەم هەڵبەستە ئەڵێت:

هێزی لێ بڕیم دڵداری گیانی
شەماڵ زوو بڕۆ شنەی بەیانی
بڵێ نازەنین لە دووریت بەدڵ
هەر ناڵەیەتی و شیوەنی بەکوڵ

لەم کاتەدا لەپڕ شێرۆ خۆی ئەکا بەژوورا. نازەنین بەرەوپیری ئەچێت و پێی ئەڵێت:

- ڕۆژباش.

کە نازەنین ئەڕوانێتە شێرۆ تێئەگات شتێکی خراپ ڕوویداوە بۆیە لێی ئەپرسێت:

- بڵێ چی بووە؟

شێرۆ سەرگوزەشتەی باوکی بۆ ئەگێڕێتەوە و بەگریانەوە ئەڵێت:

مایەی ئێش و نێش زامانی سەختم
شەیدایی تۆ بوو شێواوەی بەختم

نازەنین وەرامی ئەداتەوە:

گیانە وەک بلبل عاشقی ڕووتم
هەمیشە زەدەی تیری برۆتم

شێرۆ ئەڵێت:

گیانە دڵەی من کڵوکۆیەتی
ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی
بەتای زوڵفەکەت تومەهاری کە
بەتیرێکی تر کولەواری کە
پێستی ئەستوورە با زامی زۆربێ
گۆشتەوزون نەکا با هەر ناسۆربێ
مەولەوی

دوای ئەمە شێرۆ ڕووئەکاتەوە نازەنین و ئەڵێت:

- گیانی شیرینم نازەنین وا چەپگەرد کەمەری تیری لێ بەستین، منی هاوێشتە دەریای نەهاتەوە ئەبێ بڕۆم بەشوێن باوکما. ئەگەر خواکردی و لەم تەنگانەیە ڕزگاربووم ئەوسا پێگەیشتنی من و تۆش ئاسانە. خۆ ئەگەر خوانەکردە بێت و باوکم کوژرابێ، پێگەیشتنی ئێمەش لەگەڵ مەرگی ئەو ئەنێژرێت. هەڵسە ئیتر با دۆعاخوازی بکەین نەوەک چاوم پێت نەکەوێتەوە.

کە نازەنین هەڵئەسێتە سەرپێ و دەستی شێرۆ ئەگرێ، شێرۆ ئەم هەڵبەستە ئەڵێ:

بەناز هەر بەناز دەم بکەرەوە
گرەو لە زولەیخا و شیرین بەرەوە
بێنە چەند ماچێ لەسەر خاڵەکەت
نۆبەرەی بەری کوڵمە ئاڵەکەت
من لەوانە نیم لە ڕێگەی ناخۆش
بترسم باڵات بکەم فەرامۆش



خاکی ئەلحەدم کە کرد بەسەرپۆش
ڕوو ڕەش بم ئەگەر بتکەم فرامۆش

دوای لێبوونەوە لە هەڵبەستراوەکە شێرۆ ئەچێتە دەرەوە و نازەنین بەگریانەوە ئەم هەڵبەستە ئەڵێت:

تۆم سپارد بەسۆز هەناسەی سەردم
بەجۆش و خرۆش دڵەی پڕ دەردم
بەیەزدانی پاک بەخوای بێ ستوون
پارێزگارت کا لە چەپگەردی دوون
ئەوا تۆ ئەڕۆی بەنارەزای دڵ
گیانم لەگەڵتە مەنزڵ بەمەنزڵ
مەولەوی

پەردە دائەدرێتەوە.

## پەردەی سێیەم

پەردەکە ئەکرێتەوە لە ژوورێکدا چەند کورسییەکی ڕەنگاوڕەنگی نایابی تیایە میرێک لەگەڵ چەند سەردارێکدا دانیشتوون، پاش تۆزێک میر ڕووئەکاتە دانیشتوان و ئەڵێت:

- ئایا هیچ کاروبارێکی میللەت هەیە لەم وەختەدا ببیینین؟

یەکێ لە سەرداران ڕووئەکاتە میر و ئەڵێت:

- میللەت لە هەموو کانی دڵیانەوە دوعای سەرکەوتن و تەندروستی بۆ میر ئەکەن

لەم کاتەدا قاپییەوان دێتە ژوورەوە ئەڵێت:

- میرم دوو پیاو قۆڵی یەکێکیان بەستووە ئەیانەوێ بیهێنن بۆ لات.

میر ئەڵێت:

- بابێن.

کە دوو پیاوەکە و قۆڵ بەستراوەکە دێنە ژوورەوە میر ئەڵێت:

- بۆچی قۆڵی ئەم پیاوەتان بەستووە. گوناهی چییە؟

یەکێ لە پیاوەکان ئەڵێت:

- میرم ئەم پیاوە باوکی ئێمەی کوشتووە، ئێمەش گرتمان و وتمان مادام حکوومەت هەیە پێویستە ئەو تۆڵەمان بسێنێ، وا هێناومانە فەرمانی ئێوە چییە؟

میر ڕووئەکاتە قۆڵ بەستراوەکە (کە شێرۆیە) ئەڵێت:

- تۆ باوکی ئەم کوڕانەت کوشتووە؟

شێرۆ ئەڵێ:

– بەڵێ.

میر ئەڵێ:

– لەسەر چی؟

شێرۆ ئەڵێت:

– قوربان باوکی من بە بازرگانی هاتبوو بۆ ئەم وڵاتە، لای باخی باوکی ئەم کوڕانە ڕێی پێ گیراوە و کوژراوە و ماڵێکی زۆریشمان براوە. منیش کە هاتم بەدوایا و گەیشتمە ئەو شوێنەی کە باوکمی تیا کوژرا بوو. باوکی ئەم کوڕانە ڕێی پێگرتم و وەختە بوو بمکوژێ، بۆیە گومانم نەما کە هەر باوکی ئەمانە باوکمی کوشتووە لەبەرئەوە کوشتمەوە.

کە شێرۆ لێ بووەوە میر فەرمووی:

– بیان بەنە دەرەوە.

کە شێرۆ و کوڕەکان ئەبەنە دەرەوە میر ڕووئەکاتە سەرداران و ئەڵێت:

– بەپێی پەیڕەو و ئایین پێویستە ئەم کوڕە بخنکێنرێت چونکە پیاوی کوشتووە، ئەمەش لە گوفتاری خۆی دەرکەوتووە.

سەرداران هەموو ئەڵێن:

– بەڵێ وایە.

میر ئەفەرمووێ:

– ئەو پیاوکوژە بهێننە ژوورەوە.

کە شێرۆ دێنن میر ڕووی تێئەکات و ئەڵێت:

– تۆ لەبەرئەوەی پیاوکوژیت فەرمانمان دا بەخنکاندنت.

شێرۆ بەپاڕانەوە و گریانەوە ئەڵێت:

– بۆیە ناگریم کە ئەکوژرێم و، لە جوانی بەرخوردار ئەبم، بەڵکو بۆ ئەوە ئەگریم چونکە باوک کوژراوم، هەتیوبارم و ئاواتی چەندساڵەی دڵ ئەنێمە خاکەوە. ئاخ نازەنین. ئاخ دڵداری.

ئەگەر لە دووریت سەد فرسەنگ دووربم
بێ تۆ ڕازی بم یاخـــوا لـێت دووربم
مەولەوی

دوای ئەمە ڕووئەکاتە میر و ئەڵێت:

– میـرم تکام وایە بوارم بدەیت بچم چاوم بەبرا و خوشکە هەتیـوەکـانم و دەستگیـرانەکەم بکەوێت. پەیمان ئەدەم بگەڕێمەوە بۆ خنکاندن.



میر سەر ڕائەوەشێنێ و ئەڵێت:

– ئەمە چۆن ئەبێت، هێشتا شتی وانەکراوە، چۆن بڕوا بکەم ئەگەڕێیتەوە؟

لەم کاتەدا بارام بەگ کە سەردارێکی کوردە و دانیشتووە، دەماری کوردایەتی دێتە جۆش، هەڵئەسێ و ڕووئەکاتە شێرۆ و ئەڵێت:

– چۆن پەیمانم ئەدەیتێ ئەگەر ببم بەکەفیلت ئەگەڕێیتەوە؟

پەیمانی شێرۆ:

قـــەســـەم بەڕۆژی کـــاتـی زەردەپەڕ
بەشـاخ و دۆڵ و کـێــو و دەشت و دەر
بەگـیـــانی پاکی دەرچووی سـێـدارە
بەلاشـــەی کـــوردی ژێری قـــەنارە
بەســـەری مـیـــر و ڕوویی نازەنین
بەخـــوای ئاســـمـان و دانەری زەمین

– درۆت لەگەڵ ناکەم و بەم سوێندانەی کە خواردم باوەڕ بکە ئەگەڕێمەوە.

بارام بەگ ڕائەپەڕێ و دەستی میر ماچ ئەکات و ئەڵێت:

– میرم من ئەبم بەکەفیلی ئەم لاوە، ئەچمە بەندیخانەوە، ئەگەر ئەو نەهاتەوە من بخنکێنە.

هەرچەند میر لەپێشەوە سەرپێچی ئەکات و ئەڵیت:

– شتی وا نەبووە و نەکراوە.

بەڵام لەبەرئەوەی زۆری لێ ئەپاڕێتەوە، دوایی ڕازی ئەبێ کە بارام بەگ بگرن و شێرۆ بەرەڵاکەن. ئەگەر دوایی پانگزە شەو شێرۆ نەهاتەوە، بارام بەگ بخنکێنرێت.

پەردە دائەدرێتەوە.

## پەردەی چوارەم

پەردە ئەکرێتەوە، نازەنین ئەبینرێت بێدەنگ لە ژوورێکدا دانیشتووە پاش تۆزێ لەبەرخۆیەوە ئەڵێت:

– ئەی چەرخی بێ ئامان، شەیدای کەچ کەمان، شێتی هیچ نەزان، چۆن شێرۆت هاوێشتە باوەش مەرگەوە، بەوەش جەرگی منت کون کون کرد، ژینت لی شێواندم، سەرت لێ تێکدام. بەتیری دڵداری گیانم کون کون بووە، ساتێ ئارامم نییە، دەک تۆش بەجەستەی منت لێ بێ.

هەی دڵە ئامـان دەخـیل سـەد دەخـیل
مـات و کـەسـاسم ڕەنجـەڕۆم زەلیل

کەپەی کزەی تۆ بۆ نەبڕایەوە
کلّپە و بلّێسەت بۆ نەکوژایەوە
سەلام

– ئاخ خۆزگە هەواڵێکی شێرۆم ئەزانی. چەند خۆشە ئێستە خۆی بکردایە بەژوورا، دڵی ژەنگارمی لە زاخاو بدایەوە.

لەم کاتەدا شێرۆ لەپڕ خۆی ئەکات بەژوورا، نازەنین بێ پەروا ڕائەپەڕێ و دەستی ئەخاتە ناو دەستیەوە و ئەڵێت:

وەک پەلکە زێڕین با دەست لە گەردن
دانیشین هەردوو تا ڕۆژی مردن
طاهر

شێرۆ بەم هەڵبەستە وەڵامی ئەداتەوە:

نازەنین ئەمە کۆتایی کاتمە
دەمدەمەی دەمی ڕێی نەهاتمە

نازەنین:

– چۆن دڵت دێ وا ئەڵێیت، شێرۆ توخوا لەم کاتە خۆشتر هەیە کە پێک گەیشتینەوە، دیارە لێم ڕەنجاوی.

شێرۆ:

– گیانی شیرینم نازەنین من و لێ ڕەنجانی تۆ، ئەمە چۆن ئەبێ؟ بەڵام چەپگەرد نایەوێ پێک بگەین. من بڵێم چی بڕیاری خنکانیان داوم و بۆ چەند ڕۆژێ هاتنەوە کەفیلم داوە.

کە هەموو قسەکانی بۆ ئەگێڕێتەوە نازەنین ئەڵێت:

– گیانە شیرینەکەم شێرۆ ئینجا چی ئەبێ نەگەڕێتەوە، خۆ ئەو میرەی کە بڕیاری خنکاندنی تۆی داوە لێرە دەستی ناڕوات، مەڕۆڕەوە، لێرە وەک بلبل و گوڵ دەم لە ناودەم دەست لە گەردن ڕائەبوێرین.

شێرۆ:

– دەک نامەردت نەکەن نازەنین ئەمە ڕێ و شوێنە بۆ منی دائەنێیت ئەگەر نەگەڕێمەوە و پەیمان بەجێ نەهێنم. جیهان سەرزەنشتم ئەکات.

نازەنین:

– بۆ پەیمان بەجێهێنان و مردنی خۆت من فەرامۆش ئەکەیت؟

بەخوا دیارە لێم ڕەنجاوی.

شێرۆ:



قەسەم بەڕوویی بێگەردی سوورت
بەلاشەی یاری مردوویی دوورت
بەجوانی یوسف عەشقی زولەیخا
بەیادی ئادەم بەسۆزی حەوا

– تا دەمی حەشر لە گۆڕیشا شیوەنی تۆ ئەکەم. یادی لەنجەولاری تۆ ئەکەم. هیچ هێزێ نییە تۆم لەبیر بەرێتەوە، بەڵام هەرچەند ئەکەم لە ترسی پەیمان شکاندن ناوێرم نەڕۆمەوە، لەبەر سەرزەنشتی زەمانە، ئیتر بەبەریەوە نییە تکام وایە هەستە با دوعاخوازی بکەین دوام مەخە با بەدرۆزن دەرنەچم، هەستە با گەردن ئازادی بکەین چونکە ئەمە دوا کاتمە لەگەڵ تۆ، پاش تاوێکی تر ئەبمە هاودەمی سێدارە توخوا لەبیر خۆتم مەبەرەوە.

ئازیز دیارە کۆچی دواییمە
زایەڵەی پێچی ماڵئاواییمە
ئاخر سەفەرمە و ڕێگاکەم دوورە
مەنزڵ بێ پایان توێشو زەروورە
دینت توێشوی چاو مەیلت تویشوی دڵ
ڕازت توێشوی گوێ مەنزڵ بەمەنزڵ
گەر نەهاتمەوە تۆ بەسەلامەت
دیدەنی دیار کەوتە قیامەت
مەولەوی

نازەنین ئەڵێت:

– هێزی ئەژنۆم نییە هەڵسم، دەستم بگرە با هەڵسم.

لەپاش هەڵسان دەستی یەکتر گوشین، شێرۆ بەگریانەوە ئەچێتە دەرەوە. پاش چوونە دەرەوەی شێرۆ نازەنین ئەڵێت:

– دەک کوێربی چەپگەرد چۆن کوێرت کردم، بەکامی دڵی خۆمت نەگەیانم، ئێستە شێرۆ ئەبەیتە پای سێدارە. دەک کوێربم ئەم دەردە چی بوو وا تووشی بووم، خەو و خۆراکم لێ تاڵ بوو، چۆن بژیم، ژیان لەپاش مردنی شێرۆ بۆچی باشە. چاک وایە لەپاش ئەو ژیانم نەوێ و منیش خۆم لەپێناویا لەناوبەرم، بەڵام وا باشە تا ماوم شینێکی گەرمی بۆ بکەم چونکە بەکەساسی ئەمرێ.

شیوەنی نازەنین:

یاری دڵ ئارام شێری نەرم ڕۆ
شێرۆی بەخت شێواو لاوی فەرم ڕۆ

گوردی نەبەردی جەنگاوەرم ڕۆ
چابوک سواری دلاوەرم ڕۆ
فەخری لاوانی سەرزەمینم ڕۆ
تاقە گوڵەکەی باخی ژینم ڕۆ
یاری نەوخەتو نەونەمامم ڕۆ
خاوەن دیوەخان جێ و مەقامم ڕۆ
عاشقی شەیدای باخی گوڵم ڕۆ
دێوانەی دینی دیدە و دڵم ڕۆ
هاوڕێی دەرد و خەم شایی و شینم ڕۆ
گوڕی ئەگریجەی جووت چین چینم ڕۆ
تۆ بمری شێرۆ لەپای سێدارە
من بژیم هەژار بێ کەس بێ چارە
ژیانم ناوێ لەپاش باڵای تۆ
کەڵکی چی ئەگرێ ژیانی ڕۆڕۆ

لەپاش ئەم لاواننەوەیە نازەنین هۆش دێنێتەوە بەرخۆی و ئەڵێت:

– شەرتە تا ماوم ڕەشپۆش بم، شادیم شیوەن بێ، خۆراکم خەم بێ وێڵ بم بەهەردانا، بڕۆم بەدوای شێرۆدا بزانم لە کوێ لە سێدارە ئەدرێ بیدۆزمەوە، ببمە هاودەمی سێدارەکەی. توخوا چۆن کوێر نابم چۆن نامرم، دەک میرەکە خوا کوێرت کا، ماڵت وێران بێ، تەخت و بەختت تێکچێ، خێر لە ژینی خۆت نەبینی، ماڵ و منداڵت بەقاورمە بێت بۆ کسپەیەک خستتە دڵمەوە، جەرگت بڕێ، ئێستە شێرۆ ئەبەیتە پای سێدارە، ئەو ملە ناسک و نازدارەی ئەکەی بەو پەتەیشەوە، گیانی ڕەوانی لەبەر دەرئەکەیت.

لەپاش ئەم قسانە لەلایەکی شانۆکەوە ئەچێتە دەرەوە، پاش تۆزێک دێتەوە سەر شانۆکە، کراسێکی شینی لەبەردایە و لەچکێکی کردووە بەگریانەوە دەڵێت:

– وا ئەڕۆم بەدوای شێرۆ نایەڵم مەرگی پێش مەرگم کەوێ، ئەبێ لەپێش ئەودا خۆم بکوژم.

ئەچێتە دەرەوە و پەردە دائەدرێتەوە.

## پەردەی پێنجەم

پەردە ئەکرێتەوە لە ژوورێکدا میر لەسەر کورسییەکی جوان دانیشتووە، ڕووئەکاتە یەکێ لە سەرداران و ئەڵێت:

– کاتی خنکاندنی شێرۆ هات، پێویستە ئەمڕۆ لە سەعات شەشدا بخنکێنرێت کەچی نەشهاتەوە،



کەوا بوو بچن بۆلای کەفیلەکەی کە بارام بەگە بیهێنن بۆ لام.

کە بارام بەگ ئەهێنن میر ڕووی تێئەکا و ئەڵێت:

– لەسەر پەیمانی خۆت پێویستە بخنکێنرێیت.

بارام بەگ ئەڵێ:

– میرم بەهەموو دڵ و گیانمەوە ئامادەم بۆ خنکاندن و هیچ لارییەکم لەمە نییە.

میر ئەفەرموێ:

– بیبەنە دەرەوە تاکو کاتی خنکاندنی دێت هەرچی ئەوێت بیدەنێ و بۆی بکەن.

کە بارام بەگ ئەبەنە دەرەوە یەکێ لە سەرداران ڕووئەکاتە میر و ئەڵێ:

– میرم ئێوە ئێستە بارام بەگ ئەکوژن لەجیاتی پیاوێکی نەناسی بێگانە، خۆ بەکوشتنی ئەم هیچ سوودێکمان پێ نابڕێت، زۆرباش نییە پیاوێکی وا گورجوگۆڵ بکوژرێ خۆتان ئەزانن کە بارام بەگ بۆ کاروبار و فرمانی ئێوە هەموو کاتێک ئامادەیە، لەبەرئەوە ئێمەش تکامان وایە بیبەخشی و نەیکوژی.

میر لەم قسەیە زۆر ڕقی هەڵدەسێ و تووڕە ئەبێ و ئەڵێت:

– من مەبەستم لە ژیان و بەرزی وڵات و پێشخستنی نیشتمان و بڵاوکردنەوەی ئاسایشە، ئێستاش ئەگەر بێت و بارام بەگ ببەخشرێ و نەکوژرێ، ئاژاوە ئەکەوێتە وڵاتەوە، چونکە هەرکەسێ کەفیل بدا و خۆی وڵات بەجێ بهێڵێ و دوایی کەفیلەکەشی هیچی لێ نەکرێ، خراپە و تاڵان و پیاوکوشتن و ڕووتکردنەوە و جەردەیی ئەوەندە زۆر ئەبێ باوک سەر ڕۆڵەی خۆی ناپەرژێ، ئەوساش ئێمە کاروبارمان پێ هەڵناسووڕێ، بۆیە پێویستە بارام بخنکێنرێت بۆ ئەوەی چاوی ئەم و ئەوی پێ بشکێ و کەس نەبێ بەکەفیلی نەناس و بێگانە.

دوای ئەمە میر بەتووڕەییەوە هەڵئەسێ و ئەچێتە دەرەوە و پەردە دائەدرێتەوە.

## پەردەی شەشەم

پەردە ئەکرێتەوە ئەبینرێ شانۆکە دوو کەرتە، لە کەرتێکیا سێدارەیەک هەڵخراوە، دوو یاساوڵی بەدیارەوەیە، لەپاش تۆزێ بەدوو یاساوڵی تر بارام بەگ دێنن لەپێش ئەوەدا کە ملی بکەن بەپەتەکەوە ئەڵێت:

– چونکی ئەمخنکێنن کەواتە وازم لێ بێنن با یەک دوو قسە هەیە بیکەم.

یەکێ لە یاساوڵەکان ئەڵێت: بڵێ چی ئەڵێیت بیڵێ.

بارام ئەڵێت:

– من ئەم خنکاندن و مردنەم لە لا شادییە، چونکە لەسەر بەجێهێنانی پەیمانی خۆم ئەخنکێنرێم و گیانی لاوێکی تازە پێگەیشتوو ڕزگار ئەکەم، خۆم لە پێناویا لەناو ئەبەم، چونکە ئەو لاوێکی تازەپێگەیشتووی باوک کوژراوی دڵ بەئازاری عەشقە، هیچی لەبەری جوانی خۆی نەخواردووە.

لەم کاتەدا یەکێ لە یاساوڵەکان ئەڵێت:

– وەختت نەما ئیتر بێدەنگ بە.

دوای ئەمە وردە وردە ئەیبەنە پێشەوە بۆ بەر پەتی سێدارەکە و ملی ئەکەن بەپەتەکەوە. هەر لەو کاتەدا کە ئەیانەوێ بەرزی بکەنەوە، بەدەنگێکی بەرز یەکێ لە دەرەوە هاوار ئەکات و ئەڵێت:

– لە ڕێی خوادا مەکەن وا خۆم هاتمەوە.

کە دێتە ژوورەوە تەماشا ئەکەن شێرۆیە بەهەنسکەبڕێ و هەڵەداوان ڕائەکات بۆ بەر سێدارەکە و باوەش ئەکا بە بارام بەگدا و ئەڵێت:

– ئەم پیاوە کەفیلی منە وا خۆم هاتمەوە ئەو مەخنکێنن، لە میر بپرسن بزانن چی ئەوێ.

یەکێ ئەچێ لە میر بپرسێت.

لە کەرتەکەی تری شانۆکەدا دوو کوڕە باوک کوژراوەکان بەدەم گفتوگۆوە دێنە پێشەوە و گەورەکەیان ئەڵێت:

– بیستومە کە گوایا شێرۆ باوکمانی کوشتبوو، بڕیاری خنکاندنی درابوو بارام بەگ بووبوو بەکەفیلی، لە کاتی خنکاندنی بارام بەگدا هاتۆتەوە.

کوڕە بچووکەکەیان ئەڵێت:

– کاکە بیستنی چی من بەچاوی خۆم دیم.

گەورەکەیان ئەڵێت:

– بەڕاستی ئەوەی ئەم لاوە کردی پێویستە هەموو هۆز و تیرە شانازی پێوە بکەن چونکە زۆر هونەرە پیاو بەپێی خۆی بچێتە بەردەم سێدارە و باوەش مەرگەوە، ئەم هونەرەی ڕۆستەم و فەرهاد و کەیقوباد و خەسرەویش نەیان کردووە، هیچ باوەڕم نییە ئەم کوڕە بەخۆڕایی ئەگەر ڕاستیش بێ باوکی ئێمەی کوشتبێ.

بچووکەکەیان ئەڵێت:

– کاکە کردەوەی ئەم لاوە بەڕەنگێ کاری لێکردووم، لەجیاتی باوکمان کوشتنی بەپێویست نازانم. خۆ بەکوشتنی ئەم باوکی ئێمە زیندوو نابێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەناوبردنی لاوێکی وا پەیمانپەروەر و ڕاستگۆ و دڵدار مەخابنە.

گەورەکەیان ئەڵێت:

– ئافەرم برام ئەڵێیت لە دڵی منایت، بەخوا منیش ئەم بیرەم هەبوو، کەواتە با بچین بۆ لای میر و دەستی ماچ کەین و تکای لێ بکەین و بڵێین: ئێمە لە خوێنی خۆمان خۆشبووین، تۆش بیکە بەساقەسەری خۆت و منداڵت، بیبەخشە با لە چنگ ئاسنینی مەرگ ڕزگاری ببێ.

ئەمە ئەڵێت و پەردە دائەدرێتەوە:



## پەردەی حەوتەم

پەردە ئەکرێتەوە میر و سەرداران دانیشتوون پەردەدارە دێتە ژوورەوە ئەڵێت:

– میرم ئەو لاوەی کە بڕیاری خنکاندنیتان دابوو، بارام بەگ کەفیلی بوو هاتۆتەوە فەرمانی ئێوە چییە؟

میر ئەڵێت:

– جارێ مەیخنکێنن.

کە پەردەدار ئەچێتە دەرەوە میر ڕووئەکاتە سەرداران و ئەڵێت:

– کردەوەی ئەم لاوە شتێکی نادیدەیە و نەبینراوە، زۆر ئازاییە پیاو بەپێی خۆی بچێتە بەر پێی سێدارە.

سەرداران هەموو ئەڵێن:

– بەڵێ کردەوەیەکی سەرسام بەخشە.

لەم کاتەدا دیسان پەردەدار دێتە ژوورەوە ئەڵێت:

– میرم ئەو کوڕانەی کە شێرۆ باوکیانی کوشتبوو، ئەیانەوێ بێنە لات.

میر:

– بابێن.

کە کوڕەکان دێنە ژوورەوە یەکەیەکە دەستی میر ماچ ئەکەن، دوای ئەوە گەورەکەیان ئەڵێت:

– میرم ئەو لاوەی کە ناوی شێرۆیە و باوکی ئێمەی کوشتبوو، چونکە لاوێکی ڕاستگۆ و پەیمانپەروەر و تازەپێگەیشتووە و لە تەمەنی جوانی خۆی بەری نەخواردووە، ئێمە لێی ئەبوورین، تۆش لەڕێی خوادا بیبەخشە.

میر ئەڵێت:

– ئافەرم ڕۆڵەم، بەڕاستی کردەوەی ئەم لاوە منیشی گیرۆدەی خۆی کرد و منیش نەم ئەویست بخنکێنرێت ئەگەر پەیڕەو و ئایین ڕێیان بدایە.

دوایی میر ڕووئەکاتە کوڕە بچووکەکەیان و ئەڵێت:

– تۆ چی ئەڵێیت کوڕم؟

کوڕەکە ئەڵێت:

– منیش لەسەر بیری کاکم.

دوای ئەمە ئەفەرموێ:

– بچن شێرۆ بێنن.

که شێرۆ دێن دەستی میر ماچ ئەکات و ئەڵێت:

– ئامادەی فرمانتانم، تا ماوم ستایشی ئێوە ئەکەم، چونکە کردەوەیەکتان لەگەڵ کردم تا ئێستا کەس لەگەڵ کەسی نەکردووە.

میر ئەڵێت:

– کورِم کردەوەی نەبینراوی خۆت ڕزگاری کردی، ئەوا تۆم بەخشی، ئەمانەش ئەو کورانەن کە باوکیانت کوشتبوو، ئەوانیش لە خوێنی باوکیان خۆشبوون، تۆش دەست بکەرە ملیان و منیش پاداشی چاکەیان ئەدەمەوە.

شێرۆ کە دەست ئەکاتە ملی کورەکان پێیان ئەڵێت:

– بەم کردەوەیەتان تا مردن منتان کرد بەبەندەی خۆتان.

لەم کاتەدا پەردەدار دێتە ژوورەوە و ئەڵێت:

– میرم کچێکی کراس شینی کۆچەری ڕەنگ، لەبەر دەرگایە ئەیەوێ بێتە خزمەتتان.

شێرۆ نایەڵێ میر وەڵام بداتەوە ئەڵێت:

– کچ و لەبەر دەرگا هیچ گومانی نییە نازەنینە، وێڵ بووە بەدوای منا.

میر ئەڵێت:

– دەستگیرانەکەی تۆ؟

– شێرۆ ئەڵێت:

– بەڵی.

میر ئەڵێت:

– کەواتە بابێتە ژوورەوە.

که دێتە ژوورەوە ڕاستە نازەنینە، کە چاوی بە شێرۆ ئەکەوێ بێ ئەوەی گوێ بداتە میر و سەرداران، باوەش بەشێرۆدا ئەکات و ئەڵێت:

ئۆخەی سەد ئۆخەی کە پێت گەیشتم
خەمی کۆنە و نوێت وا لە دڵ ڕشتم
فدای ناوت بم شێر شکێنەکەم
لاوی بێگەردی دڵ ڕفێنەکەم
بەسەر گەردت بم شێری شێر شکێن
شەو میوانت بم لاوی دڵڕفێن

کە نازەنین لێ ئەبێتەوە شێرۆ ڕووئەکاتە میر و ئەڵێت:



– میرم لێی مەگرە، سەرزەنشتی مەکە، پادشای دڵداری لە هەموو پادشایە دەستدارترە، ئەگەر ئەفەرمووی ئەتوانم بە هەڵبەست وەرامی بدەمەوە.

میر ئەڵێ:

– بڵێ چێ ئەڵێیت، بیڵێ، ناخۆش نییە.

ئینجا شێرۆ ڕووئەکاتە نازەنین و ئەڵێت:

خۆش هاتی یاری دڵ ئارامەکەم
تازە نەوگوڵی لالەزارەکەم
چاوم ڕوون بووەوە چاوەکەی گیانی
سۆزەی عەشقی دڵ سروەی بەیانی
ئەو چاوە کوێر بێ تۆی پێ نەبینم
مایەی ئازادی و کۆڵەکەی ژینم

دوای ئەمە شێرۆ هەر ڕووەو نازەنین ئەڵێت:

– پێویستە من و تۆ تا مردن ستایشی میر بکەین، چونکە هەردووکمانی لە مردن ڕزگارکرد.

لەم کاتەدا میر ڕووئەکاتە شێرۆ و ئەڵێت:

– شێرۆ چیت ئەوێ بتدەمێ ئەم کچەم بەیتێ؟

شێرۆ ئەڵێت:

– میرم هیچ شتێک نییە نازەنینی پێ بگۆڕمەوە، تەنیا ناتوانم بڵێم نای گۆڕمەوە بەنیشتمان، چونکە نیشتمان مایەی شانازی و ژیان و شەرەفی ئادەمیزادە.

میر ئەم وەرامەی شێرۆی زۆر پێخۆش ئەبێ و ئەفەرموێ:

– بچن سەر کەنیزیک بانگ کەن.

کە سەر کەنیزەک دێت میر پێی ئەڵێت:

– ئەم کچە بەرە دەستێ جلی نایابی لەبەرکەن لەماڵەوە داینێن تا لێی ئەپرسمەوە.

دوای ئەمە ڕووئەکاتە سەرداران و ئەڵێت:

– من ئەم کچ و کوڕە بەیەک ئەگەینم، لە دراوی خۆم شاییان بۆ ئەکەم. چونکە ڕێکەوتێکی زۆر سەیرە لەجیاتی شێرۆ بخنکێنرێ کەچی شایی ئەکات.

پاش قسەی میر، شێرۆ و نازەنین لەیەک مارە ئەکرێن و ئەکرێت بەشایی و هەڵا، میر و سەرداران دەست ئەگرن و تاوێ لەسەر شانۆ هەڵئەپەڕن و پەردە دائەدرێتەوە.

تەواو بوو

# ئازار و ئاوات*

## سەرەتا

*هەڵبژاردەیەک کە بۆ چاپکردن دەست بدا لە دیوانێ. ئەو دیوانەیە کە هەر لە مناڵییەوە بەئازارەوە ڕووی نابێ بەبیابانی ئاواتی ژیانەوە، با زۆر یا کەم بێ، چونکە بەری خولیاو تەقەڵای هەڵسوکەوتی چەندان شەوانی تاریکی ئەموستە چاو و ڕۆژانی پڕ تەمومژی ژیانە و مەبەستی خزمەت و بەرخستنی زوبان و وێژەی تیرە و هۆز و گەلەکەیەتی، هەر باشە بەتایبەتی کە دوو لاوی دڵسۆزی وەک کاک مەحمود خەزنەدار و مامۆستا مستەفا ساڵح هانەهانە دەربن، خۆ ئەگەر خوا کردی و لەباریا هەبوو کە گریکێکی ئەدەبی بدا بە هەندێ لە خوێندەواران و گۆشەیەکی بچووکیش بگرێ لە ڕیزی نووسراوانی کوردی ئەوا ئەبێتە مایەی پێگەیشتنی میوەی ئەدەبیمان، دیارە ئەوساکە ئێمەش درێغی ناکەین لە ناردنی بارە میوەی هەڵبەستی ماوە و پەخشانێ کە هەمانە بۆ بازاڕی کڕیارانی ئەدەبی کوردەواری. ئیتر خوا پشتیوانی هەموو دڵسۆزێ بێ.*

أ. ب. هەوری

## پێشەکی

نووسینی مستەفا ساڵح کەریم

مامۆستای قوتابخانەی مەڵکەندی

لە ناوچەی چڕ و شاخان، لەناو دەشت و میرغوزاران، لەناو جەرگەی هیوای ئاواتان، لە هاڕەی تاڤگەی ڕووباران، لە هەڵمژینی سروەی بەرەبەیان، لە ئاوازی خۆشی بولبولان، لە تریفە تریفی مانگەشەوان، لە ئاواتی بەکوڵی کوردان، لە دڵی زاماری کەساسان، لە بیری ڕوونی لاوان، لە ئاوارەیی و غەریبی خزمان، لە تانەی زۆری ئاشنا و بێگانان، لە جەژنی پڕ لە ئاخ و هەناسان، لە گرم و هۆڕی بومبۆردومان، لە پەڵە هەوری پڕ باران، شاعیرێکی هونەرمەند هاتە مەیان.

ئەم شاعیرەش (هەوری)یە، کە ناوی ئەبوبەکر کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ جەلال ئەفەندی شێخ تەها کوڕی شێخ سەلامە. لە ساڵی ١٩١٥ی میلادی لە ئاوایی (سیتەک) هاتۆتە دونیاوە (ئەو سەردەمە سیتەک مەرکەزی قەزای شارباژێڕ بووە)، شێخ جەلالی باوکی لەوێ موفتی بووە. ماوەیەکی زۆر لەوێ ئەمێنێتەوە تا بە گرموهوڕی تۆپ و تەیارە (هەوری) گوێی ئەکرێتەوە کە خانووەکەیان وێران ئەبێ، دوایی بەماڵەوە ڕووئەکەنە سلەیمانی.

---

* هەڵبەستی أ.ب. هەوری. بەئەرک و چاودێری مەحموود خەزنەدار لە چاپدراوە. چاپخانەی سلمان الاعظمي – بەغدا. ١٩٥٦



لە ڕۆژی ٣ی نیسانی ساڵی ١٩٢٦ لە سلەیمانی (کۆمەڵی زانستی کوردان) دائەمەزرێت بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری، هەوری ئەچێتە ئەم قوتابخانەیە بەشەو ئەخوێنێ، لە دوای ئەوە ئەچێتە قوتابخانەی ابتدائي ڕۆژ لە پاشا (متوسطە)ش تەواو ئەکات. لەبەر نەبوونی قوتابخانەی (ثانوي) لە سلەیمانی لەو کاتەدا، ڕووئەکاتە بەغدا، لەگەڵ گەلێک هاوڕێیانی تری ئەچنە قوتابخانەی (دار المعلمين الإبتدائي) لە پاش سێ ساڵ کوێرەوەری و ڕەنجدان و تێکۆشان سێ ساڵ پڕ لە ئێش و ئازار، پڕ لە ئاوات و ئامانج، پڕ لە خۆشی و تاڵی، پڕ لە یادگاری بیرنەچوو، خوێندنی تەواوکردووە، لە ١/١٠/١٩٣٨ دانرا بەمامۆستای قوتابخانەی هەڵەبجە. تا ئێستا لە بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواریا بەردەوامە و مودیری قوتابخانەی کانیی ئاسکانە لە سلەیمانی.

کاتێک کە هەوری چاوی کرایەوە... چاوی بەچی کەوت؟ گرانی و برسێتی هەژاران و لێقەوماوان و هەزارەها خانەی وێران (چونکە سەردەمی پاش شەڕی گەورەی یەکەم بوو). ئیتر هەر لەوکاتەوە دڵ شکستی و (یأسی)پەیاکرد و بەتایبەتی پاش ئەوەی کە دەستی بەخوێندنەوەی هۆنراوەی شاعیرە کۆنەکان کرد. بیروباوەڕێکی تایبەتی ئەوتۆی پەیداکرد کە بیر لە بەسەرهاتی گەلەکەی بکاتەوە، بۆیە بەتەواوی هەست بەپەژارە و شکستەی دڵی ئەکەی لە هۆنراوەکانیا، تەنانەت ئەو لە جەژنیشا هەستی بەشادمانی نەکردووە کە گشت ئادەمیزادێک لەم ڕۆژەدا خەم بەبا ئەدا. بڕوانە چی ئەڵێ:

گەر ڕاستە جەژن من بۆ پەشێوم
من بۆ کەساسم بۆ بار بەلێوم
بۆ وا زویر بۆ وا خەمگینم
بۆ وا گیرۆدەی گریان و شینم

وەنەبێ تەنها بەم هۆنراوەیەدا بۆمان دەرکەوێ کە (هەوری) هەر بەپیر (تشاؤم)ەوە چووە، بەڵکو کارەساتی ناخۆشی یەک لە دوای یەک بەدەردێکی وای بردووە تا ماوەیەکی زۆر مەگەر بەدەگمەن بیر لە خۆشی بکاتەوە. بڕوانە لەم شیعرەیا کە ئەڵێ:

پایز هاتەوە وەرزی مەرزی گوڵ
منیش نامەخاک ئارەزووەکەی دڵ

لەپاش ئەوەی کە لە تافی لاویا ئارەزووی خۆی زیندەبەچاڵ ئەکا، هەموو توانایەکی ئەدا بە شیعر و شاعیران و دەست ئەداتە خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعرە نایابەکانیان، لە کانگای زێڕینیانا گەوهەری شەوچرای خۆی بەدی ئەکا بەتایبەتی لە مرواربییەکانی مەولەوی و پیرەمێرد، هەرگیز چاوی تێر نابێ. لەناو جەرگەی ئەم پشێویەی لە گیانیا سەمای ئەکرد، هەوری تووشی نەخۆشی دڵ ئەبێ. شەوێک لە شەوانی ژیانی (داخلي کە لە دار المعلمين) ئەبێ دڵەکوتێکەی لێ دێ هیچ بەهیوای خۆی نامێنێ بەدڵێکی زویرەوە سەیری خۆی ئەکات، بێ کەس و ئاوارە، دوور لە خزم و خۆیش وا بەرەو نەمان ئەچێ بە (مأیوسی)یەوە لەبەرخۆیەوە ئەڵێ:

تا ژیام ژینم وتت زەبون بێ
گەردون مەرگیشم هەر ئەبێ دون بێ
بێکەس لە ژوور سەر بێ باوک و برا
لەم ژووره تاره بێ مۆم بێ چرا
بێ خوشک بێ دایک لە ژوور سەرینم
بەفرمێسک بیشۆن دووتوێی برینم
بێ چاو بەستنەوه بێ دوو لێو لێکنان
بێ یاسین خوێندن بێ شایەتیمان

ئایا ئەم هۆنراوه جوانه پڕ مانایه لە کانگای دڵێکی زویرەوه و جەرگێکی هەڵقرچاو و زامارەوه نەهاتووه؟ ئایا هەست بەکەساسی خاوەنی ناکرێ؟ ئایا موچڕکەی سارد بەلەشا نایەت کاتێک کە بیر لەو تاوه پڕ سامە ئەکرێتەوه کە ئەم هەڵبەستەی تیا وتراوه. بێگومان وایە ئەگەر بەتەواوی پڕ بەپێستی خۆی سەرنجی لێ بدەی. لەگەڵ ئەوانەشا ئەبینین هەندێ جار گیانی پاکی ئەم مامۆستایانەی کارێکی وای ئەکەنە سەر کە پشوویەک بدا و ڕوو بکاتە ئەوانەی کە باوەشیان بەجیهانا کردووه و مردنیان بیر ئەخاتەوه و ئەیەوێت بەشداری خەم و پەژارەی دڵی خۆیان بکات:

عومری نوحت بێ ناوبانگی فەرهاد
سامانی قارون تەختی کەیقوباد
دوایی ڕۆژێ دێ بەسەد ناڵەوئاخ
ئەمری کۆچ ئەکەی ناکام و ناشاد

ئینجا ئەیەوێ کەمێک هەست بەلاوی خۆی بکا و وردەوردە ڕووی ئەکردە مێرگ و لالەزاری میللەت، بەڵام مەبەستم لەمە ئەوه نییە کە بەجارێ وازی لە (غەزەل و غەرامیات) هێنابوو، چونکە لە مێژووی ئەدەبی کوردا دەرکەوتووه کە دیوانی شاعیرەکان چ بەکوردی یا بەفارسی تا ئەو سەردەمە هەر بریتی بووه لە (غەرام و غەزەل و تصوف) هەوریش بەم جۆره هات لەسەر پەیڕەوی ئەوان خۆی هاویشتە کۆڕی عەشقبازییەوه. سەرنج بده لە وەسفی کیژه کوردەکەدا ئەڵێ چی:

ورده تەماشا پێخۆری ڕێڕەو
بازاڕی دڵت دێنێتە برەو
خەرمانی جوانیت ئەکا شەن و کەو
دەمی داسی ناز لە مەرج و گرەو
کشتی ژینی لاو ئەکا جۆدرەو

بڕوانه ئەم هۆنراوه جوانەی کە بەگفتێکی چەند شیرین و جوان باسی ئەو کیژه کورده جوانەت بۆ ئەکات



چۆن لەکاتی ڕۆیشتنندا جارجاره لە ژێرەوه بەتیلایی چاو ئەڕوانێتە ڕێبوار، چ کارێک ئەکاتە سەر دڵی ڕێبوار و نازی ئەو نازداره وەک داس ئەکەوێتە دروێنەی ژین.

بەڕاستی بەلاغەت و دڵتەڕی هەوری لە غەراما ئەگاتە پلەیەکی بەرزی نایاب، لەم وێنە هۆنراوەی تریا گوێ شلکە بۆی کە ئەچریکێنێ ڕوو بەڕووی ژیان:

بەناز هەر بەناز دەم بکەرەوه
گرەو لە زوڵەیخا و شیرین بەرەوه
بێنە چەند ماچێک لەسەر خاڵەکەت
نۆبەرەی بەری کوڵمە ئاڵەکەت

بەجۆرێکی وا قاڵ ئەبێ لە وتنی غەزەلدا هەتا دڵەکەی خۆی کە سەرچاوەی ژیانیەتی بێباکانە پێشکەش بەشۆخەکەی خەیاڵی ئەکات بۆ ئەوەی بیکات بەسێدارەدا تا ببێ بەعیبرەت بۆ گشت دڵداران:

گیانە دڵەکەی پێ و گەردن لە کۆت
بەدەستی بەستە ئەوا ناردم بۆت
ئازادی ئەکەیت یا گوللەباران
تۆ کاربەدەستی بەئارەزووی خۆت

جگە لەم دڵ بەنیشان نانەوەیەش دان بەوەدا ئەنێ لەم چەند هۆنراوەی تریا کە زۆر ناڕەوایە ئینسانێک بێتە دنیاوه و بمرێ بێ ئەوەی ئازاری دڵداری بچێژێ و تانەی ئەو ڕۆژەی لێ ئەدا کە لە مەحشەردا بەشەرمەزارییەوه لە تەک شەهیدانی عەشقا ئەوەستێ:

کەس لەم دونیا زەدەی تیر نەبێ
گیرۆدەی زوڵفی وەک زنجیر نەبێ
میحرابی نوێژی دووئەبرۆ نەبێ
بێجگە لە غەرام لای درۆ نەبێ
سەیرکەن ئەو کەسە لە ڕووی مەحشەرا
چەند عەیبە گیانی کە کرا بەبەرا
ڕاوەستێ لە ڕیز کوژراوانی یار
یا شەهیدانی پێناوی دیار
هیچ شەرم ناکا لە خوێنی گەشیان
کەوا سەر ئەکا لە زامی لەشیان

لە نامیلکە دڵدارییەکەیدا (دڵداری و پەیمانپەروەری) بەزوبانی شێرۆوه کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە ڕوو بەڕووی نازەنین لەکاتی دوعاخوازیا ئەڵێ:

قەسەم بەڕوویی بێگەردی سوورت
بەلاشەی یاری مردوویی دوورت
بەجوانی یوسف عەشقی زولەیخا
بەیادی ئادەم بەسۆزی حەوا

لەم وتە سادانەدا دەرئەکەوێ کە هەوری شاعیرێکی (فطری) بووە بەتایبەتی لە غەراما، بەڕاستی جێی شانازی مامۆستاکانی بووە. جا کەواتە هەوری لە بەشی غەراما لە گێتی شیعر و ئەدەبا سووچێکی موحتەڕەمی بۆ خۆی گرتووە، نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکو وەکو وتمان تیایا قاڵ بووە و هۆنراوەکانیشی شایانی جێگای تەرخان کردنن بۆ خۆیان.

***

ئینجا ئەبینین هەوری سووچێکی پەردەی شیعری غەزەل و (یأسی)دائەداتەوە. بۆیە ئەڵێم سووچێکی چونکە دڵنیام کە تا ئێستاش وازی لە یأس نەهێناوە، بەڵکو ئەو وازی لەم نەهێناوە. بۆیە سووچێکی دائەداتەوە، تا لە سووچەکەی تریانەوە سەرێک دەربهێنێ و ئەسپی خۆشڕەوی خۆی تاودا بەرەو مەیانی شیعری نیشتمانی. لێرە بێگومان بولبولێکی خۆش ئاوازە کە بەسەر شاخ و ڕووبار و دەشت و هەردی وڵات و میللەتەکەیا ئەڵێ:

ئەی وەتەن تۆ وا مەزانە شادمانم ئارەزووی سەیران ئەکەم
حەز بەلەنجەولاری دینی دیدە مەخموران ئەکەم
سەد هەزار چاوی خوماری عیشوەداری کە چ کولاە
بۆ سەعاتێ شادمانی خاکەکەت قوربان ئەکەم
نامەوێ بۆچیمە بەزم و دەبدەبەی جانانی شەو
من تەمەننای بەزمی وەسڵی خاکەکەی کوردان ئەکەم

گەر بێت و سەرنجێکی بەئینسافانە بدرێتە ئەم شیعرانەی ئەبینین کەوا بەڕاستی هەوری لەم مەیدانەدا باش تێهەڵچووە، نەک تاقە یارێک کە شاعیرانی کۆن تلاوتلیان بۆ داوە بەدرێژایی شەو بەڵکو سەد هەزاری وا چاو بەخومار ئەکات بەفیدای ساتێکی شادمانی خاکی وڵات. واز لە خۆشی و شەونخوونی شەوان ئەهێنێ بۆ ئەوەی هەموو ئاواتێکی هەر پێگەیشتن بەوەسڵی خاکی کورد بێ جگە لەمەش لە چەند شیعرێکی تریا پەیمانی چوونە ژێر خاک ئەدا لەپێناوی نیشتمان و گەشانەوەی خونچەی هیوادا.

لەگەڵ ئەوەشدا هەوری دەستێکی باڵای هەیە لە دەرخستنی کەموکوڕی گەلەکەی و بێباکانە تیری خۆی ئاڕاستەی سەرسنگی ئەوانە ئەکات کە لافی میللەت لێ ئەدەن بەڵام هەر بەگفتار نەک بەکردار و هۆی زەبوونی میللەتەکەی پێ دەرئەخات کە ئەڵێ:

پێت ئەڵێم ئەی کورد تاکەی زەبوونی
تاکەی ئەسیری تاکو کەی دوونی



تاکەی گیرۆدەی بوون و نەبوونی
تاکەی گرفتار دەستی گەردوونی
تا خاک فرۆش بێ ئەولادی...

لەپاشا ڕووئەکاتە ئەوانەی کە هەموو ئامانجیان هەر پارەیە و پارەشیان بۆ ڕابواردنە، ئەگەرچی هەزارانیش شیوی شەوی لە ماڵا نەبی:

تا تۆ ژیانت هەر بۆ پارەبێ
ئەویش بۆ پێک و بۆ ئێوارەبێ
بێ شێو هەزاریش هەر لەم شارە بێ
ڕێگای نەجات وا و ئەمەش چارەبێ
بگری بۆ بەختی ڕەشی کلۆڵت

لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە هەوری بە دوو چاوی کراوەی ڕۆشن و بەدڵێکی ساغی ساف و بەبیرێکی پاکەوە سەرنجی کۆمەڵ و گەل ئەکات و ئەکەوێتە پلار هاوێشتنی خۆی.

کەواتە هەروەک شاعیرێکی غەرامی کلاسیکییە، هەروەها شاعیرێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆشە کە چاوی بەکردەوەی جۆرە کەسێکا خشاندبێت و گوێی لە تانەی کەس نەدابێت و قسەی خۆی هەر کردووە و لەسەر حەقیش هەر ڕۆیشتووە.

هەوری لەمانە هەموو بەرزتر ئەڕوا و هەستی زیاتر تێکەڵاو بەدونیای شیعر و ئەدەبیات ئەکات بەجۆرێک کە ڕەنگینی جوانی وڵاتەکەی کە سروشت تارای بووکێنی بەسەرا داوە دەری ئەخا بێ گرێ و کۆسپ.

دنیا بەهارە دەشت و کێو سەراپا ڕەنگینە، تانجەڕۆ و سەرچنار و ئەزمڕ بەر ڕێبوار ناکەوێ لەبەر سەیرانکەر، گێتی سەراپا لە شادیایە، هەوری هەناسەیەکی سارد هەڵئەکێشی بۆ (شێخ سەلام)ی شاعیر کە خاڵیەتی و ئاوارەی بیابانی بەشی نیوەڕۆی عێراقە لە دەوری بەسرە (لەو سەردەمەدا). دڵنیاشە کە خاڵی چەند بەپەرۆشە بۆ سلەیمانی، بەپارچەیەک هۆنراوەی ڕەنگین کە بۆی ئەنێرێ یادی ئەکاتەوە و ئەڵێ:

شەماڵ بەو شنە و سروە بێ گەردەت
بەو نالە و فوغان دڵەی پڕ دەردەت
لە تەک تانجەڕۆ وێڵ بن بەدەردا
لە گەرد و گولی دەمی سەحەردا
یەک کەون هەردوو بەگریانەوە
تەی کەن دەشت و دەر بەکێوانەوە

هەتا ئەگەنە خالۆکەی گیانی
کە ڕۆڕۆیەتی بۆ سلەیمانی
بەهەوای پاکی کوردستانەوە
بەشنەی نەسیمی بەربەیانەوە
باوەشێنی کەن لە پێ تاکو سەر
چونکە غەریبە و وێڵ و دەربەدەر

هەرچەند لێرەدا هەوری بەناوی خزمایەتیەوە بیری خاڵی کردۆتەوە بەڵام ئەوەی لە یادە کە شاعیری دوورە وڵات پەرۆشی شەماڵە خۆشەکە و سروەی خەم ڕەوێن و ئاووهەواکەی سلەیمانییە بۆیە وا بەسۆز هاواری بۆ ئەکات، هەر بەم گفتارە بێ کۆسپە لە هۆنراوێکی تریا وەسفی شاری سلەیمانی و دانیشتوانی ئەکا کە ئەڵێ:

ئەم شارە بێشەی شێری وەفایە
ئەم شارە قەدری پیاوی لەلایە
شارێکە هەموو وەک شێری شەرزە
زۆری مەفتوونی کردەوەی بەرزە
چاکە و خراپە زۆرچاک ئەزانێ
ئەگەر دەنگ نەکا دیارە ناتوانێ

***

ئاشکرایە کە هۆنراوە بەهەر زمانێک بوترێ هەموو جۆرێکی هەیە، بەم هۆیەوە لە شیعرەکانی هەوری لە بابەت شیعری نیشتمانی، غەزەل، وەسف، ڕەخنەبازی، سکاڵا، گشتی لێی دواین، ئەوەی کە شایانی باس بێت جۆرە شیعرێکی تریەتی کە تایبەتیە بۆ (شیوەن) کە لە ئەدەبی عەرەبیا پێی ئەوترێ (الرثاء). لە زەمانی جاهیلییەتدا گەلێک شاعیران لەم هونەری شیعرەدا ناویان دەرکردبوو، شاعیرەی بەناوبانگ (خنساء) لەم جۆرە شیعرەدا زۆر ناسرابوو هەروەها لە زەمانی عەباسییەکاندا بەرو دوا (ابوتمام و ابن الرومی) هەر لەم جۆرە شیعرەدا ناویان دەرکردبوو.

هەوری کوردیش لە سەدەی بیستەما لەم بەشەی ئەدەبا شیعری نایاب و بەسۆزی هەیە. جارێ ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم جۆرە هۆنراوە لە دوو جۆرە شاعیر دێت، یان ئەبێ لە (مدحا) شاعیرێکی توانابێ تابتوانێ چاکی و کردەوەی نەمری شیوەن بۆ کراو دەربخا، یا ئەوەتا خۆی بەسەرهاتی ناخۆشی بەسەرا هاتبێ کە کسپە لەدڵیەوە بێت و لەم جۆرە شیعرەدا برەو پەیا بکا.

بێگومان ئاشکرایە لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیا کە (خنساء) کاتێک لەم بابەتە شیعرە ناوی دەرکرد کە (ضراری) برای کوژرا و ئەم بەشیعر لاوانییەوە.



هەوریش لە پایزی ١٩٤٣دا لەکاتی گەڵاڕێزانا خونچەی ئاڵی برایەکی لاوی هەڵپچڕا و پێکرا بە گوللەی دەستێکی چڵکنی تاوانکەر لە کاتی فەرمانی ڕەسمیا کوژرا، ئیتر لەو جەرگ بڕاویەدا لە کۆڕی شینا هەوری بەم شیعرانە بۆ برا لاوە جوانەمەرگەکەی فرمێسکی خوێنینی هەڵڕشت:

مەرهەم لە پەڕەی جەرگی جنراوم
بۆ برینەکەی برای کوژراوم
ئەژنۆ ئەدەمە بەر سەری ماندوو
هەر چاوم لێیی بێ وەرنەگێڕم ڕوو
خوێناوی جەرگی هەردوو لە شوێنی
بگاتە لای خوا و تۆڵەبسێنی

هەر لەو سەردەمەدا لە چیرۆکی (دڵداری و پەیمانپەروەریدا) شیوەنێکی بەسۆز ئەکات بۆ شێرۆ، لاوچاکی چیرۆکەکە، بەزوبانی نازەنینەوە کە یەکەمین کیژی چیرۆکەکەیە و دڵخوازی شێرۆیە، لەکاتێکدا شێرۆ ئەبرێ بۆ پای سێدارە:

یاری دڵ ئارام شێری نەرم ڕۆ
شێرۆی بەخت شێواو لاوی فەرم ڕۆ
کوردی نەبەردی جەنگاوەرم ڕۆ
تاقە گوڵەکەی باخی ژینم ڕۆ
یاری نەوخەت و نەونەمامم ڕۆ
هاوڕێی دەرد و خەم شایی و شینم ڕۆ

ئیتر هەر ئەو قرچەی برا کوژراوەیە کەوتە دڵیەوە هەر ئەوەبوو کە تا ئێستاش ڕای ئەچڵەکێنێ و زامی ئەهێنێتەوە سوێ لە هەموو بیرەوەریەکی ماتەمینیا. هەروەکو لە کۆبوونەوەی یادی چلەی شاعیری بەرزی کورد (پیرەمێرد) لە ١٩٩٥/٨/٢٥ کە شیوەن بۆ ئەدەب و شاری ئەدەب و شاعیری ئەدیب ئەکات و ئەڵێ:

کۆستی نوێ کەوتوی خاوەن مەم و زین
کۆستی دووبارەی ژیان و هەم ژین
وا ئیستیعارە و کینایە و بەیان
وەک (هوشیار) هەتیو بەبێ باوک مان
شەش هەزار شیعری پەندی پێشینیان
بێ پشتیوانن هەموو دۆش دامان

هەرچەندە لێرەدا هەوری ئەوەندەی بۆ پیرەمێردی نەمر کردووە، زیاتر سۆزی بەکوڵی بۆ شیعر و

ئەدەبیاتەکەی کردووە، بەڵام دووبارە شاعیر هەست بەگەلێک شتی وا ئەکا و ئەیکات بەدرزی دەروازە تا لێوەی بچێتە ژووریٚ و ئامانجی خۆی بدا بەدەستەوە، بێگومان کەواتە شیوەنەکەی پیرەمێرد وێنەی ئەو شیعرە نییە کە بۆ براکەی وتووە، بەڵام بگرە لەو گرنگترە چونکە دووجار شیوەنە، شیوەن بۆ کۆچ کردوو خۆی، شیوەن بۆ ئەو سامانی شیعرە لەپاش بەجێماوەی کەوا دۆش داماوە بیٚ خاوەن.

لەگەڵ ئەم هەموو ئامانجی شیعرەدا هەوری ئەوەی بیر نەچۆوە کە مامۆستایە، گەلێک هۆنراوەی جوانی بۆ قوتابیان وتووە وەکو (جەژنی دارودرەخت، ڕێوی و کەڵەشێر، ئێمە کچانی کوردین، مناڵ) پارچەیەک لەو شیعرە نایابانەی کە زۆر تازەشە ئەمەیە:

لە شەوی ژینا مناڵ چرایە
پێشتر لە خزم و باوک و برایە
بۆ دەرد و ئازار دەرمانە مناڵ
خەم ڕەوێنیشە کاتی گرۆگاڵ

ئەم شیعرە بەبۆنەی هەفتەی لەش ساغی مناڵەوە وتراوە، بۆمان دەرئەکەویٚ کە مامۆستا هەوری چەند شانازی بەمناڵەوە ئەکا و چۆن بەپاڵپشتی کاتی پیری و چرای ڕووناکی پرشنگداریان دائەنیٚ لە شەوی ژینا، پێش هەموو خزم و کەس و کارێکیان ئەخات. بێگومان ئەمە هێزێکی زۆر بەرزە لە داوی دڵی داوە بۆ وتنی ئەم شیعرە، هێزێک لەسەروو خۆشەویستی مناڵ، لە سەروو مامۆستایەتی و مناڵ پەروەردەکردنەوەیە ئەویش ئەوەیە کە داخی گرانم تا ئێستا هەوری مناڵی خۆی نەدیوە، هەموو ئارەزوویەکی باوکانەی سپاردووە بەو قوتابیانەی کە میللەت بەئەمانەت لایان داناوە، باوکانە بۆیان پێبگەیەنی و دڵسۆزانە پێشکەش کۆمەڵیان بکات.

***

هەروەکو هەوری شاعیرێکی وا پڕ ئامانجە و لە هەموو بابەت شیعری هەیە هەروەها لە پەخشانیشا دەستێکی باڵای هەیە. لەگەلێک کاتدا وتاری ڕەنگین و بەنرخی هەیە بەتایبەتی لە بیرەوەری مامۆستای خوالێخۆشبوو عەبدولواحید نوری و بەڕەحمەت چوو پایەبڵند ئەمین زەکی بەگ و شاعیری بەرزی پایەدار پیرەمێرد.

## بۆ خاڵۆکەی وێڵ شێخ سەلام(١)

١٩٣٥

شەماڵ بەو شنە و سروەی بیٚ گەردەت
بەو ناڵە و فوغان دڵەی پڕ دەردەت
لەتەک تانجەڕۆ وێڵ بن بەدەردا
لە گەرد و گولی دەمی سەحەردا



یەک کەون هەردوو بەگریانەوە
ببڕن دەشت و دەر بەکێوانەوە
بەتوند و تیژی ڕوو لە بەسراکەن
ئاشوبی شۆڕی مەجنون بەرپاکەن
هەتا ئەگەنە خاڵۆکەی گیانی
کە هاواریەتی بۆ سلەیمانی
کاتێک گەیشتنە گوزەرگا و مەئوای
سەراپا داشۆن کەڵکەڵە و سەودای
بەهەوای پاکی کوردستانەوە
بەشنەی نەسیمی بەربەیانەوە
باوەشێنی کەن لە پیٚ تاکو سەر
چونکە غەریبە و، وێڵ و دەربەدەر
بڵێت کۆیلەکەی وێڵی نزاران
ڕەهندە لە خۆیش ئەغیار لە یاران
کۆ کۆ هەناسەی بۆ قاپی گەردوون
بۆ شکات ئەچێت لە چەپگەردی دوون
شین پۆشە بۆ تۆ وەک ملەکەوە(٢)
شەوی دەیجوورە ڕۆژیشی شەوە

---

(١) لەو ساڵەدا شێخ سەلامی شاعیر کە خاڵمە لە (بصرا) بوو.
(٢) ئیشارەتە بۆ هونراوە بەناوبانگەکەی شێخ سەلام (هەی ملەکەوە).

***

## دیجلە(١)

١٩٣٥

دیجلە تۆ هەروا بۆچی سەرەوخوار؟
پێچ ئەدەی ئەڕۆی ڕۆژ و شەو بێدار
گوڕەت نەماوە دیدەت لێلاوە
زوڵفت وەک حەبەش گرژ و شێواوە(٢)

کزکز بۆی ئەڕۆیت کەنارە و کەنار
فرمێسک ئەڕێژیت وەک هەوری بەهار
بۆ ڕوو لە دەشت و پشت لە کێو ئەکەیت
شەو سپی پۆشیت هەر لەخێو ئەکەیت
وەک من دڵ پڕ داخ بەخۆزگە و ئاوات
بەزللەی زەمان چۆڵمان کرد وڵات
ئینجا کە وابوو هەردوو وەک بولبول
بەجووت بخوێنین لەسەر چرۆی چڵ
بڵێین هەربژی خاکی کوردستان
خۆی و زانستی و کۆمەڵی لاوان(٣)

---

(١) ساڵی **١٩٣٥** کە چووم بۆ ماڵی مامۆستایان لە بەغداد یەکەم شەوی ناو قوتابخانە ئەم هۆنراوەیەم نووسی. (هەوری)

(٢) لەو ساڵانەدا ئیتالیا حەبەشەی داگیرکرد.

(٣) زانستی مەبەست قوتابخانەی زانستی شەوانە کە لە سلەیمانیدا هەبوو، کۆمەڵی لاوان. ئەو لاوانە بوون کە بەشەو لە قوتابخانەی زانستیدا بە بەلاش دەرسیان دەوتەوە.

***

## ئەی ژەن بژەن ئەی

١٩٣٦

بێژن بەنەی ژەن با بژەنێ نەی
مەی گێڕ بەلەنجە بێنێت جامی مەی
بەو مەرجە مەست بێت سەرخۆش و خومار
گاهێ بەعیشوە و گاگا بەلەنجەی
خۆشیمان تێخا و شادی و پێکەنین
گوێگر بفەرموو ئەگەر کورد بەچەی
وەرگرە جامێک بنۆشین هەموو
بگێڕین بەزمێک وێنەی بەزمی کەی
چاو تەماشاکا و دەروون بێتە جۆش
دڵ بۆی بسازی و مێشک بێتە هەی



کە کۆڕ گەرم بوو ئەنێرین دولبەر
تەشریفی بێنێت خۆی و خەندەکەی
ئەوسا گۆرانی و بەستەی کوردانە
ڕێک ئەخەین ئەڵێین جەفا تاکو کەی
ئەنۆشین مەی و مەزەی چاوی یار
تا دوشمن بمرێت دۆست بکا ئۆخەی

***

## شیوەن بۆ مستەفا پاشا یاملکی

١٩٣٦

هاوتەمەن وەرن کۆڕی شین بگرین
بەفوغانەوە زۆر بەکوڵ بگرین
شان لە قوڕ بگرین، خاک کەین بەسەردا
زووخاو بنۆشین، ماتەم لەبەردا
شەو بەتل خواردن تاکو دەم بەیان
بسۆزێین بەڵکو ببیەت یەزدان
بیکات بەخاتر دڵەی لە خەم کەیل
بەپەتیارەی وێڵ دۆڵەکەی دوجەیل
بەسۆزی عاشق لەدەم بەیاندا
بەدەنگی بولبول بەسەر چڵاندا
بەدڵەی دڵخواز لە نیوەشەودا
بەکورپە کورپی لە شیرین خەودا
بەچریکەی باز لە گوێ شەتاوان
بەناڵەی غەریب بێکەس بێ تاوان
بەدەنگ و سۆزی باوک مردوان
بەناڵەی لەکوڵ دایکی نیشتمان
بیکات بەخاتر حەسرەتی فەرهاد
یان بە مەجنوونی ڕەنجووری ناشاد
ئیتر با بەس بێ گەورە مردنمان
ناڵە و ئاخ و ئێش شیوەن کردنمان

قوڕی سەر شانمان وشک بێتەوە
برینی جەرگمان سارێژ بێتەوە

لە کۆبوونەوەی یادی خوالێخۆشبوو بوو حاجی مستەفا پاشا یاملکی.

***

## دولبەر لە خەودا

١٩٣٩

دولبەر ئەمشەو لە خەودا، تەشریفی هات لە دەردا
دڵم شێت و شەیدا بوو، وێڵ بوو ڕۆیی بەهەردا
منیش هەستام ئەلەرزیم، بەترسەوە وتم پێی
خۆ خوێنەخۆی تۆ نیم من، خەنجەر بۆچی لە کەمەردا
دەستێک بەزامی جەرگ و، دەستێک بەدامەنی تۆ
دەستی ترم لە کوێ بوو، خاکی پێ بکەم بەسەردا
برین و زامی دووریت، دیسان تازە کردەوە
بژی دەست و پەیکانت، چۆن تیرێکی لە جگەردا
بەسیە توخوا بێ وەفا، مردم، سووتام، بوومە خاک
تاکەی بۆ تۆ بناڵم، بسووتێم لە ئێش و دەردا
بشمکوژی مەمنوونم، من عەبدێکی زەبوونم
فەرهادی بێستوونم، با بێت قوڵنگ لەسەردا
بەڵام گیانە بۆ تیری دوعای حەسود و ڕەقیب
(هەوری) سوپەر بێ چاکە، لە ڕۆژئاوا و سەحەردا(١)

(١) لەلای هەندێک لە کەسانی ئاییینی بڕوا وایە کە نزا و پاڕانەوە لە خوا لە بەیانیان و خۆرئاوادا گیرا دەبێت.

***

## تۆزێک پێش مردن

١٩٣٧

تا ژیام ژینم وتت زەبوون بێت
گەردوون مەرگیشم هەردەبێ دوون بێت
بێ نەخۆش کەوتن بێ وەی بێ ناڵە
بێ دەرمان خواردنی قاقەز و پیاڵە(١)



بێ دوکتۆر هێنان بێ چاوەڕوانی
بێ گرمە و نرکەی دەمی بەیانی
بێ دولبەر جارێک بێت خۆی بنوێنێ
بەناز پایەی جەرگ لە بێخ دەربێنێ
بێکەس لە ژوورسەر بێ باوک بێ برا
لەم ژوورە تارە بێ مۆم بێ چرا
بێ خوشک بێ دایک لە ژوور سەرینم
بەفرمێسک بیشۆن دووتوێی برینم
بێ چاو بەستنەوە بێ دوو لێو لێکنان
بێ یاسین خوێندن بێ شایەتیمان(٢)
بێ بەرەو قیبلە بێ ئاوتکاننە دەم
تا ئەژنۆم وا مرد چاو پڕ بوو لە تەم(٣)
تۆزێ تر ئەمرم لەم دوور وڵاتە
دڵ پڕ لە خۆزگە و ئاخ و ئاواتە
گیان پەرواز ئەکات لە سینە و لە دڵ
بۆ قاپی یەزدان وەک بولبول بۆ گوڵ
لاشەم بێ گیان هەتا بەیانی
لەسەر چەرپایە و لەژێر بەتانی
ئەمێنێتەوە تاکو زەنگ لێدان
کە زانرا مردووم ئەبێتە سەیران
دەورم لێ دەدەن قوتابی درشت و ورد
ئاو دێنن خێرا سابوون دەستوبرد
ئەمشۆن بەئاوی سارد و سابوونی
تەتەرپێچم ئەکەن بێ چەند و چوونی
بەبێ گۆڕپێچە لەم خاک و خۆڵە
ئەمنێنە گۆڕ و لەم دەشتە چۆڵە
دوو فریشتە بەجووت یاخۆ بەنۆرە
دێنە سەرینم جوابم بەم جۆرە

تا ڕۆژی مردن بەختم دەبەنگ بوو
بڕۆن جوابیچی ژین شەوەزەنگ بوو[٤]
ئەڕزم ئەبمە توێشوی مار و موور
با ، ڕێزەم ئەبا بۆ لای شارەزوور
گوڵی وەنەوشە و شەوبۆ و گەزیزە
بەهار لە خاکم دەردێن بەڕیزە
کە مەحشەر هەڵسا ، هەڵسام غەریبم
چۆن شەهید ئەمرم ئەوساش ئەدیبم
ئەکەومە ڕێگە بۆ خزمەت باری
بەشین و شەپۆڕ بەگریە و زاری
ئەڵێم ئەی یەزدان بینایی چاوان
مەقسەدی بوونم چی بوو لەلاتان

لە ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٣٧ لەکاتێکدا قوتابی بووم لە قوتابخانەیماڵی مامۆستایان لە بەغداد، شەو تووشی ئازاربووم، وام دەزانی ئەو شەوە دەمرم، ئەم هۆنراوەیەم بەدەم ئازارەوە وت.

---

(١) دەرمانی ئەو زەمانە یان شڵ بوو بە پیاڵە ئەخورایەوە، یا لەناو کاغەزابوو.
(٢) جاران نەخۆش لەکاتی سەرەمەرگدا چاویان ئەبەستەوە و یاسینیان لەسەر ئەخوێند.
(٣) هەروەها نەخۆشەکە ڕووەو قیبلە ڕایان ئەکێشا.
(٤) بەپێی یاسای ناو موسڵمان هەرکەس کە مرد یەکەم جار لەناو گۆڕدا دوو فریشتە دەچنە سەری بۆ پرسیار و لێپرسینەوە لە کردەوەکانی ژیانی.

***

## مام هۆمەری باراش هاڕ

١٩٣٧

مام هۆمەر کاتێک گەیشتە دەرکی ئاش
ماندووبوو ڕێگەی پێوابوو بەکڵاش
ئاش چ ئاش هەموو دارماڵ و بەردی
گشتی سوابوو نەت ئەدی گەردی
دووکەرتی ئەکرد بەجۆری بڕوێش
ئاردی وا، دووربێ، لەگشت خزمو خوێش



مام هۆمەر ویستی شەو نەکاتەوە
چۆنی هێنابوو وا بیباتەوە
بەڵام ئاشەوان زوو بەزمانی لووس
هەڵیخەڵەتان ئەفسووس سەد ئەفسووس
وتی لە زووەوە ئێوە ئاشنان
پێت بۆ دادەخەم چەقەنەی نەوان
گەنمەکەی کردە سەر دۆڵیانەکە
هۆڕەکەی نایە دەر کولانەکە
ئاگری کردەوە و گڕەکەی خۆش کرد
هەویری شێلا و کولێرە ئاشی کرد
باراش هاڕ لە دوور هاتبوو کەساس
مایەوە وەکو میوانی نەناس
جارجار ئەینارده سەیری جۆگە ئاو
تا هەڵی کاتۆ لە کوێوە شکاو
ئاشەوان گورج و شان و مل ئەستوور
هەندێکی دزی و شاردیەوە لە ژوور
مزە دووقات و کەپولە شەش مەن
بۆی ئەکرد باسی زۆراب و بەهمەن
مامەمان کەوتە سەر بۆ لەقاندن
ئاگر خۆشکردن چیلکە شکاندن
تا ڕۆژ بووەوە باراش هاڕرا
ئارد کرایە هۆڕ دەرکەکەی دوورا
مام هۆمەر کە ورد تێی فکری بەبیر
زۆری کەم کردووە گەڕا بۆ تەگبیر
بەڵام بێ سوود بوو کار ترازا بوو
ئەنجامی گەنکە، کارێک کە وابوو
هاواری دەکرد زیاد نەکا ، کەم بۆ چ
تووکی گرژ بووبوو ناوچەوان پڕ لۆچ

دوایی تێی گەیشت خەتای خۆیەتی
ڕۆژێکە هەرکەس هەر بۆ خۆیەتی
زانی ئاش خراپ، ئاشەوانی دز
بۆچ خۆی نیشان دا وا هەژار و کز
سەری شۆڕکرد و باری نا لە کەر
ورد ورد کەوتە ڕێ کابرای بێ فەڕ
حاڵی بوو ئەوی کاری توند نەگرێت
هەر لە پێشەوە وا چاکە بمرێت
باراش ژیان و مام هۆمەر گەلە
خراپ هاڕینیش دەرچوونی هەلە

***

## ڕوو بەڕووی ژیان(١)

١٩٣٧

بەناز هەر بەناز دەم بکەرەوە
گرەو لە زوڵەیخا و شیرین بەرەوە
بێنە چەند ماچێک لەسەر خاڵەکەت
نۆبەرەی بەری کوڵمە ئاڵەکەت
من لەوانە نیم لە ڕێگەی ناخۆش
بترسم بالآت بکەم فەرامۆش
بەپیاڵەی پڕ و ئاهەنگی قەوان(٢)
بێنە ببەستین بۆ ژین بناوان
بەتیشکی گۆنا و پەڕەی خونچەی گوڵ
ڕووناک کەرەوەی پەڕەی ڕەشی دڵ
لەگەڵ هاودەم و یاران و یاوەر
بۆ خەفەت، سروور بکەینە سوپەر
کۆڕی ئازیزان گشتمان بەشادی
لەم جیهانەدا گیان بەئازادی
ڕابوێرین هەموو بەشادمانی



هیچ گوێ نەدەینە دنیاکەی فانی
با لە دنیادا دەست لەگەردندا
دانیشین هەردوو، تا لە مردندا
نەبێتە حەسرەت لەسەر داستان
یا بەگریانێک وەک هەوری زستان
قەترەی خوێنی سوور لەسەر لالەزار
بەهەی هەی، لاوان لە ژین کا بێزار
مادامێ نامە، نووسەر، نووسەران
دەبنە خاک و دەکەونە ئاسمان
ئەو دەشتە بەهار سوور و بەناوە
خوێنی جگەر و هێز و هەناوە
وەنەوشەی بۆنخۆش خاڵی لەیلایە
نێرگس نموونەی چاوی لەیلایە
بۆ چاک و خراپ بوون و مردنە
ئەنجامی ژیان هەر کۆچ کردنە
کەوابوو ساقی زوو بێرە لەنجە
دەم بەپێکەنین بەنووکی پەنجە
ورد ورد بێرە پێش وێنەی خەرامان
بگێڕە بەزمێک بەزمەکەی شەوان
ساز و سەمتوور و گاگا دەنگی نەی
پەریانیش ئەوسا بێنن جامی مەی
دڵداروولبەر جووتجووتدەست لە مل
بخوێنن وەکو بولبول لەسەر چڵ

---

(١) لە وەڵامی هۆنراوەیەکدا کە لەوکاتەدا بڵاوکرابووەوە لەژێر ناونیشانی (ڕووە و مردن) نووسراوە.
(٢) لەو کاتەدا هۆی بەزم و ڕابواردن سنوقی گۆرانی بوو کە (قەوان)یان پێ لێئەدا.

***

## گەر ڕاستە جەژنە

**١٩٣٨**(١)

گەر ڕاستە جەژنە من بۆ پەشێوم
من بۆ کەساسم بۆ بار بەلێوم
بۆ وا عاجزم بۆ وا غەمگینم
بۆ وا گیرۆدەی گریان و شینم
بۆ وا دەربەدەر کووچەی شارانم
بۆ وا بێبەشی لەنجەی یارانم
بۆ وا زەبوونم سزایە بەرگم
بۆ وا کەم هێز و کون کونە جەرگم
بۆ هەر من وارس، تەختی مەجنوونم
تاکەی ئەسیری چەپگەردی دوونم
تاکەی فەرهادی ڕێگەی شیرین بم
تا کەی خورشیدی ئاسکۆڵەی چین بم
تاکەی یەعقووبی یوسفی دڵ بم
تاکەی وەک بولبول عاشقی گوڵ بم
گەردوون گەر ساتێ تۆ لەجێی من بیت
گەردت نامێنێت کێوی بێستوون بیت
بۆیە گەر بێت و لە جێی پدەر بیت
دایکی خۆشەویست یاخود پسەربیت
ئەگەر هەتیوبم حاتەمی تەی بیت
یا من سەرخۆشو تۆش عود و نەی بیت
گەردوون گەرەکمە شەل و کوێر و کەڕ
کردەنشین بیت تا ڕۆژی مەحشەر

---

(١) لەو کاتەدا قوتابی بووم لە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان لە بەغداد کە جەژنی قوربانی بەسەراهات و یادی سلەیمانی و کەسوکارم کرد.

***



## ئەی وەتەن

**١٩٣٩**

ئەی وەتەن تۆ وامەزانە شادمانم ئارەزووی سەیران ئەکەم
حەز بەلەنجەولار و شێوەی دیدە مەخموران ئەکەم
سەد هەزار چاوی خوماری عیشوەداری کەچ کولاه
بۆ سەعاتێک شادمانی خاکەکەت قوربان ئەکەم
نامەوێ بۆ چیمە بەزم و دەبدەبەی جانانی شەو
من تەمەننای بەزمی وەسڵی خاکەکەی کوردان ئەکەم
شەو لە داخی ڕۆژی تۆبە، ڕۆژ بەیادی شەوتەوە
مەیلی دەشتی چۆڵی پەستی گەرمی گوێ سیروان ئەکەم
شەرتە ئێسکم تا نەبێتە خاک لە بۆ کۆشکی وڵات
من لە قەبرا بۆ کەساسیت شیوەن و گریان ئەکەم
ئەی وەتەن با جارێ وابێ تا هەلێکت دێتە پێش
تێدەگەی ئەوسا شێرانە ئارەزووی مەیدان ئەکەم
ئەی وەتەن من خام و خامەش دەردی تۆی گرتۆتەبەر
ئەم قسانەش ئاگرە و هەوری بێ بەرپا ئەکەم

مامۆستای قوتابخانەی هەڵەبجە بووم. ڕۆژێک لە قوتابخانە چووین بۆ سەیران. لە گەڕانەوەمانا لە جێگایەکی بەرز دانیشتم چاوێکم گێڕا بە دەوروپشتی خۆما و ئەم شیعرەم نووسی.

***

## کچە جوانەکە(١)

**١٩٤٠**

کچە جوانەکەی گۆنا شەکرە سێو
لە سێبەر سڵ و سەرکەش و بزێو
ئاسکی هەڵوەستاو بەربنار و کێو
ماتەی دڵداریت بزەی هەردوو لێو
دڵ بەختوکەی شێواو و پەشێو
وردە تەماشا پێخۆری ڕێڕەو
بازاڕی دڵت دێنێتە برەو

خەرمانی جوانیت دەکات شەن و کەو
دەمی داسی ناز لە مەرج و گرەو
کشتەی ژینی لاو ئەکات جۆدرەو
تیلی تەماشا چاوی شەرم بڕ
بۆ سەر دڵەکەی بەسەر خەمدا کڕ
وەکو خەنجەری تیژی جگەربڕ
بەکۆڕی ئێسک و پروسک ئەدات دڕ
تا ناوەڕۆکی دڵم ئەکات شڕ
زامی دڵداری دڵەی زەبوونم
دڵەی دواکەوتوت بێ چەندوچوونم
هاتۆتەوە سویّ(٢)بەخوێنگوڵ گوونم(٣)
لە دەریای ئێشدا من سەرنگوونم
ئیتر کەی دەربەست بوون و نەبوونم(١)

---

(١) ئەم هۆنراوەیە بۆ کچێک وتراوە کە سەرەتای دڵداری بوو، بۆیە لەڕێ ڕۆیندا بەشەرمەوە بەتیلایی چاو تەماشای ئەملا و ئەولای ئەکرد.
(٢) سویّ – بەئێشی برین و زامێک ئەڵێن دەرەوەی چاک بووبێتەوە بەڵام لەژێر پێستەوە تەشەنەی کردبێت.
(٣) گول گوون = ڕەنگاوڕەنگ.

***

## گیانەکەم

١٩٤٤

گیانەکەم پیرێ گیانەکەم پیرێ
شۆخێکم بینی دەست بەشمشێرێ
بەڵام چۆن شۆخێک چاو گەلاوێژێ
برۆ کەمانێک موژە خوێن ڕێژێ
باڵا عەرعەرێک ناسک نەمامێ
شۆخێک سەرکەشێک سرکو کەم ڕامێ



شمشێری دەست و تیری خەدەنگی
چاو و برۆی و ڕوویی قەشەنگی
بەیەک ئیشارەی وەرگەڕانی ڕووی
دڵەی هەژارم ڕۆیی و کەوتە دووی
خۆشی خۆشیم بوو برینی جەرگم
سارێژ بووبووەوە شۆڕا بوو بەرگم
ئای چی پێکردم دیسانەوە دڵ
تازە من لە کوێ و شیوەنی بەکوڵ
تازە من لە کوێ و دوو چاوی لە خەو
نرکەی بەیان و ئاهی نیوەشەو
ئاخۆ لە کام چۆڵ کام بەندیخانە
ئەکرێم بەعیبرەت بۆ ڕووی زەمانە

***

## بەبێ زامی عەشق

١٩٤٠

بەبێ زامی عەشق موژەی گوڵ ڕەوان
بۆ مردن عەیبە ناڵە و ڕاکشان
کەسێک لەم دنیا زەدەی تیر نەبێت
گیرۆدەی زوڵفێک وەک زنجیر نەبێت
بادەی عارەقی ڕووی یارێ نەبێت
کەڵکەڵە و خولیای دیارێ نەبێت
سەیرکەن ئەو کەسە لە ڕووی مەحشەردا
چەند عەیبە گیانی کە کرا بەبەردا
ڕاوەستێت لە ریز کوژراوانی یار
یا شەهیدانی پێناوی دیار
هیچ شەرم ناکات لە خوێنی گەشیان
کەوا سەر دەکات لە زامی لەشیان

***

## گیانه

١٩٤٣

گیانه دڵەکەی پێ و گەردن لە کۆت
بەدەستی بەستە ئەوا ناردم بۆت
ئازادی دەکەیت یا گوللەباران
تۆ کاربەدەستیت بەئارەزووی خۆت
بەئارەزووی خۆت بەنیشانی کە
بەنووکی گوللە پەرێشانی کە
پاش مەرگ چەند ڕۆژ بەسێدارەوە
بمێنێ و پەندی سەرکەشانی کە[(١)]

دوای ئەوە ئەوسا زوو شەو لە ناوێ
لەبەر تانەی بەد قسەی بەدناوێ
دایگرە و مەیشۆ کفنی پێ ناوێ
بیخەرە ژێر خاک بەتاقە تاوێ
ئەوە گۆڕی بێت، گۆڕی لێت یاخی[(٢)]
من هەرزوو پێموت کە بەرز دەماخی

ئەنجامی شووم و دیلی و سزایە
یاخۆ شێت بوونە و کەوتنە شاخی
گوێی لێ نەگرتم لە ڕێتدا بەگڵ
منی گۆڕیەوە ئەوا بەبێ دڵ[(٣)]
ڕووم کردە هەردەی دەرد و مەینەتی
لەگەڵ ئێشی زام جەرگو سی و سپڵ

(١) لە کۆندا پادشاکان کە دوشمنی خۆیان ئەدا لە سێدارە، چەند ڕۆژێک بۆ پەند لاشەیان بەقەنارەوە ئەهێشتەوە.
(٢) وشەی گۆڕ لە زمانی کوردیدا سێ مانای هەیە - موستەحەقە، قەبر، نێچیر.
(٣) واتە لەبەر خاتری تۆ ڕازی بوو بمرێ و من بەجێ بێڵێت.

***



## پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعری ئەخۆڵ

١٩٤١

نامەوێ بۆ چیمە ئاهەنگ بەزم و ڕەزمی سەرچنار
چی لە مەی کەم یا لەنەی کەم یا لە نەغمەی عود و تار
من لە شاگردانی عەشقی بێ نەواو و بێ قەرار
شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیایی من بێ چاوی یار
وێڵی سەحرابم هەمیشە تەرک ئەکەم خوێش و دیار

تا ئەمێنم خۆم لە قوڕ ئەگرم بەیادی چاو خومار
دەستە ئەژنۆ دائەنیشم وەک غەریبی خاکسار
شۆڕشێکی بۆ ئەگێڕم قەد نەوترابێ بەزار
شەرتە وا بگریم بە کوڵ شەرمندە کەم هەوری بەهار
وا بناڵێنم بلەرزی عەرشی بەرزی کردگار

گەر لەسەر تەختی مورەسەع یا لەناو سەفحەی ئیرەم
دابنیشم هەروەکو شاهێکی بێ دەرد و خەم
خۆم لە قوڕ ئەوسا ئەنێم و بانگ ئەکەم من پڕ بەدەم
شەرتە یا خوێنم بەگریان ئەڕژمە سەفحەی عەدەم
یا بەشمشێری ڕەقیباندا ئەبێ بتکێتە خوار

بابگرمێنێ و بناڵێت هەمیشە بەختەکەی بەرگەشتەکەم
وەک دڵەی داماوی هەردە پشت لە شار و دەشتەکەم
ویردی خۆشم لە حەسرەت باخەوانی سێوەکەی پڕ مشتەکەم
شەرتە وەک یەعقوب لەدووری یوسفی گوم گەشتەکەم
دیدە پڕ تەم، سینە پڕ غەم، تا ئەبەد بگرم قەرار

لێم گەڕێ ناسح لەبەرچی دەست لە شیرین هەڵگرم
یا بەیادی چاوەکانی چەپکە نەسرین هەڵگرم
مەزرەعەی غەم تینوە با جۆگە لە ئەسرین هەڵگرم
شەرتە وەک فەرهاد قوڵنگی یادی شیرین هەڵگرم
تا لە پای کێوی فیراقدا جێی ئەهێڵم یادگار

مەرجە بەرچیغی کویلید تاکو مردن بەرنەدەم
شۆڕی شیوەن لە بۆشی، مێشک و کەللە دەرنەدەم
بۆ تەواوی زامی جەرگم، قەت لە دوکتۆر سەرنەدەم
شەرتە وەک بولبول بەشیوەن قەت لق و چڵ بەرنەدەم
تا دەمی خونچەی ئەمەل نەکرێتەوە سوبحی بەهار
گەرچی ئەمڕۆ من لە ڕیزی عاشقانا بەهمەنم
شێتی شێوەی یەک ئیشارەی ئاسکێکی چیمەنم
چونکە وەک فەرهادی عەشقم ڕوو لەهەردەو یەک تەنم
شەرتە وەک مەجنوونی بێکەس دەشت و کێوبێ مەسکەنم
تا بەیادی لەیلەوە ئەمنێنە قەبری تەنگ و تار
عەهد و پەیمانە هەتا مردن لە زاهید سەرنەدەم
یادی شیرینم هەتا ماوم لە چاڵی دڵ دەرنەدەم
چاکی جانانەی بەخوێن سوور، تاکو مەحشەر بەرنەدەم
شەرتە وەک ئازیز مەردە سەر لە ئەژنۆ بەرنەدەم
بۆ دڵەی وێڵ و غەریبم دائیما بگریم بەزار
گەر بە تاپۆ بێتە موڵکم هەر لە ئێرە تاکو ڕەی(١)
دەستەدەستە نەوجوان و باخەوانی باخی بەی
بێنە لەنجە و ناز و عیشوە دەم بەخەندە و دەست بەمەی
شەرتە بمبێت گەنجی قارون تاجی خەسرەو تەختی کەی
هەر لە دەرگاکەی ئەوا بمرم کەساس و خاکسار
سەد کەڕەت ئەو شۆخە ڕووم تێکا بەچاوی قەهرەوە
تازە لام پەشمە، چ دەربەستم بەزوڵمی دەهرەوە
دادەنیشم ڕوو لە قاپی حەق، بەشوکر و سەبرەوە
شەرتە یا حەسرەت لەگەڵ خۆما ئەنێمە قەبرەوە
یا ئەبێت بمژم لە خونچەی نەو شکوفەی لێوی یار

(١) ئێرە – مەبەست سلەیمانییە. ڕەی بەناوچەی تاران دەڵێن. کویلید چیغێکە کۆچەرییەکان لە کاتی مردوویاندا ئەیگێڕن لە ناویا شیوەن و گریان ئەکەن.

***



## مەرهەمی برین

### شیوەن بۆ نەجمەدینی برام

١٩٤٣/٩/٩

مەرهەم لە پەڕەی جەرگی جنراوم
بۆ برینەکەی برای کوژراوم
سارغی برین، زەبوون سەد پارەم
ئەی پێچمە زامی برای ئاوارەم
نەک ڕۆژی سێ جار هەزار زیاتر
دەرمانی دەکەم جار لەجار چاتر
لەناو جۆلانەی دڵ ئەینوێنم
بە زمانی حاڵ بێدەنگ ئەیدوێنم
وێنەی پەروانە بەڕۆژ و بەشەو
لە دەوری ئەبم چاو نەچێتە خەو
ئەژنۆ ئەدەمە بەر سەری ماندوو(١)
هەر چاوم لێ بێت وەرنەگێڕم ڕوو
خوێناوی زامی کفن سەرکردوو(٢)
هاواری تاوان بۆ خوا بردوو
ئەمەوێ ڕووت بم دوای ئەو وەک دەروێش
ئەنگوست نومابم لای بێگانە و خوێش
تا سەر ئەکەمە سەر سەرینی سەنگ
ئەبێ بێ هۆش بم وەک بێ هۆشی بەنگ

نەجمەدینی برام مأمور مەرکەزی گەیارە بوو لە موسڵ، لەلایەن تاوانبارێکی چەتەی خوانەناسەوە لە تەمەنی لاویدا کوژرا.

(١) ئەژنۆ ئەدەمە بەر سەری ماندوو: ئیشارەتە بۆ ئەوکاتە ماندووبوونەی کە تەرمەکەیم زۆر بەناڕەحەتی لە موصڵەوە هێنایەوە بۆ سلەیمانی.

(٢) لەکاتی هێنانەوەی تەرمەکەیدا، خوێناو لە کفنەکەیەوە سەری دەکرد و دەهاتە خوارێ، کە سێ سەعات زیاتر بەسەر شەهیدبوونیا تێپەڕیبوو.

***

## لەسەر شێوەی خەیام

١٩٤٤-١٩٤٥

من کە بێ پرس بێمە دنیاوە
هەر بەناچاریش بچمە دواوە
کوێم مەیل بێنێ ڕوو لەوێ ئەکەم
چیم لە هەراو و لە بەندوباوە
چۆنم هێناوە وای ئەبەمە سەر
بەندەی کەسێکم ڕاست و هونەروەر
قسەی نەزان و پیاوی ڕیاکار
لای من گەفینە یا زەڕینی کەر
کەلاوە کۆنێ کە دنیای ناوە
چون دڵی پێ خۆش کەم مشتێ کا و ئاوە
سەد کەیی و مورز و دارا و ئەسکەندەر
هاتن و ڕۆین کەچی ئەو ماوە
ئەوی بۆ کورسی خەڵک ئەڕەنجێنێ
خونچەی شادمانی هەڵ ئەوەرێنێ
گا بوایە بەخوا زۆر زۆر چاتر بوو
کەژ و کێو زۆرە سک بلەوەڕێنێ
لە یەک خاک و خێڵ ئێمە کراوین
یەک پێخوێ قوڕ و یەک کا و ئاوین
هەندێک بەڕیا و درۆ و دەلەسە
لە پیاو ئەچن و ئێمە بەدناوین
سینەمای دنیا تا سەر نامێنێ
شێتە ئەو کەسەی خەفەت ئەچێنێ
نازانم گەردوون لەم زەد و خوردە
پێویستی چی بوو سەد باج ئەسێنێ
ئەو ڕۆژە کەوا گیان دروست کرا
تاقمێ موسڵمان تاقمێ گومڕا



نازانم کە من لە کام تاقم بووم
ماڵی وێرانم پرسم پێ نەکرا
گەردوون زەمانەی دروست کرد بەچەوت
هەر سەرەو خواریە فەرقی هەشت و حەوت
سەرمایەی جیهان سەد کولور هیچە
وەک یەکە ڕۆینی حەساوە و نەسرەوت
هەتا ئەتوانیت لە هەر چوار لاوە
تۆ تەماشا کە سەراسەر داوە
چاکە و خراپە جوێ جوێ نیشانە
کامەش ناگونجێت هەر ئەوە باوە
هەموو کردەوەی زەمانە و جیهان
ڕوویەک ئاشکرا ئەویتر پەنهان
سووری بەیان و زەردەی ئێواران
ئەم نیشانەی بوون، ئەو مەرگی یاران
یەکێکم بینی ئەدیب سەروەرە
وەکو خۆی ئەڵێ سالار ڕەهبەرە
کەچی حەرام بێت خاڵی لە مەعنا
دوربینی چاوی ئەم سەرە و سەرە
عومری نوحت بێت ناوبانگی فەرهاد
سامانی قارون تەختی کەیقوباد
دوایی ڕۆژێک دێت بەسەد ناڵە و ئاخ
ئەمریت کۆچ ئەکەیت ناکام و ناشاد
ساقی لەو مەیەی بۆ دەرد دەرمانە
شەوچرای بەزمی کۆڕی مەردانە
پیاڵەیەک تێکە و زوو بیدە دەستم
بەهەر چەندێک بێت لای من هەرزانە

***

## پایز هاتەوە

١٩٤٥

پایز هاتەوە وەرزی مەرگی گوڵ
منیش نامە خاک ئارەزووەکەی دڵ
دڵ بڵێ چیدی لە ئارەزووی خۆی
بێجگە لە زامی جەرگ و سی و سپڵ
دەبێ بولبول بێ پەیمان ببەستین
نە من بۆ شیرین نەتۆ قەت بۆ گوڵ
سەرتاپا سوورکەین بەخوێنی جگەر
بۆ وەتەن شیوەن بگێڕین بەکوڵ
باوی نەماوە ژینی فەرهادی
لە ڕێی میللەتا تا بچێتە ژێر گڵ
ئەبینە تۆوی درەختی دوارۆژ
لەو درەختە دەردی خونچەی هیوا و چڵ

***

## فەلەک

١٩٤٩

فەلەک جەرگت دەن وەبانی چڵدا
شیوەن کارت بێ تۆ لە تویی دڵدا
کۆتەڵ بۆ ئازیز بەیارانەوە
بکەی بگەڕێی بەشارانەوە
چاو ئێشە هاودەم خەفەت بارت بێ
سەرئێشە هاوڕێت، مردن یارت بێ
خەم خۆراکت بێ، پەلاس بەبەرگت
زووخاو برێژی پێشڕەوی مەرگت
دەرتکەن لە شار بۆ کەس نەناسێ
تا گەڕ و گول بی و لەشت بماسێ
سەر بەقوڕ ئەوسا قوڕ کەی بەسەردا
کزکز دانیشی و ماتەم لەبەردا



بەجۆری فەرهاد لە بن بێستوون
کوشتەی قوڵنگ بی چەرخی واژەگوون
سینە لەتلەت و کەوڵ بەکۆڵ بی
دوور لە ئاوایی دانیشتووی چۆڵ بی
تیغت تاکو کەی سەودا ساویە
هەتیو لە دەستت باوەباویە
هەتاکەی کوردی بێکەسی هەژار
کوشتەی تیر ئەکەی یا خنکاوی دار

***

## ئەمەوێ

١٩٥٣

ئەمەوێ هاوڕێی کەڕولاڵێ بم
نیشتەنی تەنیای تاقە ماڵێ بم
بێ تەشەر لە کەس، گفتوگۆ بەچاو
ئەو شادمان و من خۆشحاڵێ بم
دانیشین هەردوو هۆگری یەکتر
بێ ئەو، من بێکەس تەنیا باڵێ بم
نامەوێ ژینی ئێستای شارستان
با شوانی مێگەل، هەر لاپاڵێ بم
دووربم لە مێزی خواردنەوە و یاری
دڵسۆزی گەل بم نەک بەدحاڵێ بم

***

## بۆ شاری ئەدەب

١٩٥٠

*ئەم سەرەتا و شیوەنە بۆ کۆبوونەوەی چلەی کۆچی دوایی شاعیری مەزنی کورد پیرەمێرد نووسراوە کە لە حوزەیرانی ١٩٥٠ ماڵئاوایی لە سلێمانی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا خوێندمەوە.*

قرچەی نیوەڕۆی هاوین بوو، دەنگی بارکەن بارکەن، کاروانی یاران بۆ کوێ؟ یەکسەر بۆ شاری ئەدەبی کوردان، هەرەس بەماڵم کەساس و یەک تەنەن، هەوار دوور و ڕچە باریک و تاریک و چەوت و چەوێڵە،

ئەژنۆ بێ هێز و باڵا چەماوە و گوێ گران و چاوکز و لێڵە بۆیە:

بەدواکەوتەیی کەوتمە پەلەپەل
بێکەس گرانبار پێی بارەبەر شەل

سا هەر چۆنێک بوو خۆرئاوا کەوتمە رێگە وەک منداڵ لە شەوی جەژندا لە خۆشیدا جێم بەخۆم نەئەگرت، چاوەڕێی گزنگی هەتاوی بەیانی جەژنی گەیشتن بەشاری ئەدەب بووم. کام شار؟ ئەو شارەی چەند ساڵە ئاواتی دڵە بۆ بولبولی گیان، ئەو گوڵە. من لەم بیرەدا تووشی ڕێبوارێک بووم کە بەپێچەوانەی من ئەڕۆیشت، لێم پرسی ماندوونەبی برا لە کوێوە؟ بۆ کوێ؟

وتی: خۆت ماندوونەبی کەسی برای، لە شاری شیعر و ئەدەبەوە، بۆ کوێ؟ خۆشم نازانم، بەبیستنی ناوی شارەکە وەک هەناری داتەکاو دڵم داتەکی.

وتم: ئەرێ دەنگوباسی شار چییە؟ سەرێکی بادا و:

وتی: شار نزیکە لەم کەلە، چوویتەبان بەچاوی خۆت بیبینە باشترە، فرەت نەماوە، پێ هەڵگرە. ئەمەی وت و وەک تێسکەی تفەنگ بەلامدا تێپەڕی، ئیتر هەرچیم کرد ئاوڕی لێ نەدامەوە، منیش بەناچاری ملی ڕێگەکەم گرتەوە و پەشیمان شاخی لێ بڕوایە شاخم لێ دەڕوا، لەو پرسیارەی لە کابرام کرد. خۆشیم بوو بەناخۆشی، شادیم بەشیوەن، پێکەنینم بەگریان، گۆرانیم بەلۆرەلۆر، زانیم لەو ڕۆژەدا کارەساتێک ڕووی دابێت بەناوازە بگێڕێتەوە، بەم خولیایەوە تەنیا پەلەپەل، جێم هێشت کەلوپەل، خۆم کوتا بۆ کەل، سەرکەلی ئەمەل، وەکو شێتێکی یەک لا و یەک پەل، پەشیمانێکی لە دەست چووی هەل. لەکەل کەوتمەبان، چاوێک بوو بە دووان، بۆ بینینی شارەکە و حاڵی بوون لە زمانی حاڵی خۆی و دانیشتوانی، هەرچۆنێک بوو گەیشتمە شار، وەلێ چۆن شارێک؟ شارێک نموونەی وێنەی ماتەمە، هەر لا ئەڕوانی سەراسەر تەمە، نەک هەر تەم بەڵکو کۆگای خەمە، هەر کەس ئەبینی دڵتەنگ خەمبار، مات و دەردەدار، بێ هێز لە ژین بێزار، گرژ و لێو بەبار. شان بەقوڕ و قوڕ بەسەر، ڕووم کردە کوێ، هێشتا دوور بووم، گوێم لە زایەڵەی دەنگێک ئەی وت: ئەمڕۆ ڕۆژی بیرهێنانەوەی کۆستی شای شیعر و ئەدەب پیرەمێردە. ئەمڕۆ ڕۆژی بیرهێنانەوەی مەرگی خاوەندی دوانزە سوارەی مەریوان و کەمانچەژەن و پەندی پێشینان و خاوەندی ژیان و هەم ژینە، ئەمڕۆ یادی ئەو ڕۆژەیە کە بۆمبای ئەتۆمی مەرگ پایەی ئەدەبی کوردی بە مردنی پیرەمێرد لەرانەوە و ڕمان، دوای ئەمە زیلەی زایەڵەکە پتر بەرزبووەوە ئەی وت:

ماتەم و شین و ئاهەنگی گریان
سازی سەمتووری جگەری بوریان
کۆستی نوێ کەوتووی خاوەن مەم و زین
کۆستی دووبارەی ژیان و هەم ژین
پرسەی مەولەوی و ڕۆڕۆی بێساران
گشتی پێشکەشی دەستەی شاعیران
وا ئیستیعارە و کینایە و بەیان



وەک (هۆشیار) هەتیو بەبێ باوک مان
شەش هەزار شیعری پەندی پێشینیان
بێ پشتیوانن هەموو دۆش دامان
جا بگری نەوای کۆیلیل با بەرزبێ
بەرزی بڵێسەی هەردەم سەد تەرزبێ
نا ، مەگری دەخیل لە گریان هەڵێ
بەزوبانی حاڵ بەوەتەن بڵێ

***

ئەی وەتەن ئەم کۆستی نوێیەت تانەیی دوو چاومە
ئیستە کۆتی گەردن و پێش مەرگەیی زووخاومە
پیری سک سووتاوی تۆم و من شەویش بێدارتم
بۆ نیشانەی شەو بێداری دەنگەکەی نووساومە
ئەمڕۆ وا هاوینی ژینە و من بێ خەرمان و مەڵۆ
گشت ڕەشی بەختی نەهات و کشتەکەی بێ ئاومە
بۆ چڕووکی دووکەڵی ئاهی دەروونی تۆیە وا
خوڕ بەخوڕ فرمێسکی هێنا ، یا جەرگەکەی سووتاومە
ئەی وەتەن باوانی شیعرت بوو بەجێگەی بوومی شووم
یادی مەرگی شاعیرانن دەنکە گەنمی داومە
یادی مەرگی بێکەس و زیوەر بەجارێ پیرەمێرد
ئاوێتەی خوێنە و تێکەڵ تا تۆزە عومرێ ماومە
مەرگی تۆیش هات بەسەردا باوەڕت بێ بێ درۆ
ژەهری ماری بێ ئیجازە شەربەت و شەکراومە
بۆ نەپۆشم بەرگی ماتەم هەر لە پێ تا تەوقی سەر
کۆستی وا سەخت و لەدوایەک بۆ دڵەی داماومە
ئەم هەموو کۆستە کە یەک کەوت لەش زەبوون و دەردەدار
زۆر بەباشی من ئەزانم بۆ نەمانی عومرەکەی فەوتاومە
ئەی وەتەن ئەمڕۆژە ڕۆژی کۆستی شیعر و شاعیرە
هۆی لە کۆیلیلدا کە بێ جێم شیعرەکەی بێ باومە
شۆڕی گریانی وشک و (هەوری) بێ گرمەی دەروون
ئەو نیشانەی کوێرییە و ئەم نووزەیەک تیا ماومە

## شیوەن بۆ دایکم

١٩٥١/٤/١٢

لەسەر قەبرەکەت وەکو لنگ بەکۆڵ
دوشمن بەشار و ئاشنا بەچۆڵ
ژێر ئاسمانی ڕوو پەردەی تەمین
نێچیری خەمی مەلاسی کەمین
پێچی کلافەی باڵای چەماوم
تەوقە بۆ ملی نیشانە و ناوم
پیری کوڕ مردوو داماوە وەک من
بەکوێری دۆست و بەشادی دوشمن
لە بۆتەی دڵدا ئاگری دەروون
بەباوەشێنی هەناسەی زەبوون
کڵپەی سەری کرد لە چاو و لە دەم
هەر بەو کڵپەیە فرمێسک بووە تەم
تەم کەوتە سەریەک چین چین تاکو هات
کردی بەهەورێک ڕەش و کشومات
لەگەڵ چەخماخە و برووسکەی دەروون
شەوقی لەسەردا دای لە هەردەی بوون
تاوە ڕەهێڵە و باران جۆرێ هات
تەنانەت ڕێبوار نەی بوو ڕێی نەجات
هەر بەو بارانە قەبری گوڵ ڕەنگت
نموونەی وێنەی ژیانی مەنگت
گوڵ کەپرۆکەی بەست لە خوار و ژووری
سووری خوێنین و سپی بلوری
بۆیە بەشەوق وا بەڕەنگ و بۆن
چونکە چا گێڕ و بەندەی خزمەت تۆن

***



## جەژنی دارودرەختە

١٩٥٤

لەسەر ئاوازێکی تایبەتی بە سروود ئەوترێ

جەژنی دار و درەختە
کۆتایی ڕۆژی سەختە[١]
ڕاپەڕە ئەمڕۆ جەختە
نەمام بنێژە وەختە[٢]
گورج و گۆڵم نەک گێژم
بۆیە نەمام ئەنێژم
کە بوو بەرەختی بەردار
ئەوسا تامی ئەچێژم
من بچێژم یاخو تۆ
وەکو یەکە بێ درۆ[٣]
ڕۆژ و کاتی فرمانە
ڕاپەڕە تۆش زوو بڕۆ
بۆ کێڵگە و باخ و بێستان
هەستە مەوەستە چەسپان
چەند نەمامێک بنێژە
ئاودێری بە بێ وەستان
دەشت و دۆڵی ولاتت
جێگەی هیوا و ئاواتت
بەکشتوکاڵ سەرکەوێت
وایە ڕێگەی نەجاتت[٤]

---

(١) کۆتایی بۆ تەواو بوونە، تەواوبوونی شتی خراپ وەک شەڕوشۆڕ.
(٢) جەخت واتە دووجار پژمە، کە نیشانەی باشییە.
(٣) پیاوی باش ئەو کەسەیە چاوی لە سوودی کەسانی تریشەوە بێت.
(٤) پێشکەوتنی ڕاستی ولات، پێشکەوتنی کشتوکاڵە.

***

## ئێمە کچانی وردین

۱۹۵۵

لەسەر ئاوازێکی تایبەتی بەسروود ئەوترێ

ئێمە کچانی وردین
نەوەی گۆران و کوردین
بۆ خزمەتی نیشتمان
هەموو بەدەستوبردین
ڕەوشت و خووی شیرین
داوێنی پاکی و تەمکین
خوێندەواری و ئەدەب
بۆ کچ ئەمانەن نگین
گەل ئافرەتی نەزان بێ
ناشێ ڕوو لە ژیان بێ
یان لە ڕیزی گەلان بێ
ئەبێ بەشی نەمان بێ
ئێستە وردین ئەخوێنین
تۆوی خووی چاک ئەچێنین
کە سوزی بووینە دایک
جۆری گۆڕان ئەهێنین(۱)
گۆڕانی ژینی ناوماڵ
بەبێ ترسی دایکی ئاڵ(۲)
شەولەبانی ڕۆژ لە ماڵ
بەخێو دەکەین باش مناڵ
ئەو شیرە پێی گۆش ئەبن
وایە پێی بەهۆش ئەبن
ڕۆژی خزمەتی گشتی
زۆر بەهەوڵ و جۆش ئەبن

(۱) واتە زۆرتر گوێ ئەدەینە جۆری شێوەی ژیانی ناوماڵ.



(۲) منداڵ بەڕەنگێک بەخێو دەکەین و پەروەردەی دەکەین دوور لە خەرافیات و شتی پڕوپوچی بێ جێ وەک ترساندنیان بەوشەی شەولەبان، کە مەبەست باگردێنە، دایکی ئاڵ دەعبایەکی خەیاڵییە کە گوایە لە کاتی منداڵبووندا ئافرەت بێهۆش دەکات و منداڵەکە دەخنکێنێت.

***

## لە مەڵبەندی شاعیراندا

۱۹۵۵

*ئەم سەرەتا و شیوەنە بۆ یادی چلەی دواکۆچی شاعیری ئایینی خوالێخۆشبوو مەلا مەحموودی بێخود نووسراوە کە لە ۱۹۵۵/۹/۲۵دا کۆچی کرد و لە کۆبوونەوەکەدا خوێندمەوە.*

من لە گۆشەی بێ کەسی بێ هاوبیردا بەبەرگی شینی شەو ئاشناوە دەستی لەرزۆکی بێچارەییم داوەتە بەر ئەژنۆی داماوی و ئەژنۆ بەر ناوچەوانی سەراسیمەیی و ڕوو لە دەشتی نەبوون، گێنگڵەی دەردی پەنهان خولم ئەدات. ئیتر کەی و لە کوێ لە توانامدا هەیە هەستم و بکەومە ڕێگە بۆ مەڵبەندی شاعیران؟ کەواتە تۆ ئەی هاوبیر و هاوبەشم لە خێر و خۆشیدا، لە شایی و لە ڕەشپۆشیدا، لە بوون و نەبووندا، لە لەش ساغی و زەبوونیدا، ئەی هاوڕێی هەمیشە لەگەڵم لە ژیاندا و هەر پێکیشەوە دەمرین و دەڕزێین لە سەیواندا.

ئەی ڕاداری فرۆکەی شین و شایی نوێنم، ئەی مێشکی دڵسۆز، کەواتە تۆ ڕاپەڕە و ئەمەم بۆ بگرە ئەستۆ، خۆت ئاسایی یەک تەکان بدە بێ پشوو بۆ شاری خامۆشان لە هەوارگەی سەیوان بۆ مەڵبەندی شاعیران، لە بیرت نەچێ لەگەڵ خۆتدا لە باخچەی ئەدەب پێنج چەپکەگوڵی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی زەرد و سووری ئاڵ و واڵا بەرە، لەسەر هەر یەکەیان یەکێ لەم هەڵبەستانەی خوارەوە بنووسە:

بازاری دەهرە قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە
مێشێک گەیشتە ڕووی نیگارێک لە خاڵ ئەچێ
حەمدی
بێت و گەر من کۆهکەن بم وەسڵی شیرینم ببێ
تیشەیەک نادەم لەبەردێ تۆی کە شیرینی منی
زیوەر
ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین
بێکەس
ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەک من بەداخەوە نە سرەوتیان هەیە نە خەو
پیرەمێرد

وەک منداڵە کوردێک کە ون بووبی لە باوکی
هەر بەرەو مەدینە دێم و باوە باومە
بێخود

کە گەیشتیتە ئەوێ و دیت کۆمەڵی حەمدی، بێکەس، زێوەر، پیرەمێرد و بێخود بوو، تەواو فرمێسک دابڕێژە لە جیاتی سلاو، دوای ئەوە بەگریانەوە بڵێ:

خۆزگەم بەخۆتان جەمانتان جەمە
کڵۆڵی وەک من لە ناوتان کەمە

پاش ئەوە بێ ورتە چەپکە گوڵەکان لەبەردەستیانا دانێ، چونکە هەریەکەیان چەپکی خۆی ئەناسێتەوە و هەڵی دەگرێت، ئەوسا بڵێ ئەمە نیشانەی ئەوەیە لە بیرمان نەچوونەتەوە و ناچنەوە، ئینجا ڕوو بکەرە زانای ئایینی ڕەوشت و خوو جوانی کاتی پیری و جوانی، شێوە شیرین، یەک بار و یەک بیر، سەرپڕ لە سەودای پێغەمبەر، شاعیری لاهوتی کورد مامۆستا بێخودی تازە کۆچ کردوو بڵێ:

دەک پیرۆزت بێ یانە بەتەنیا
دیارە ڕوو سووری لە هەردوو دنیا
چونکە کردەوەی بێ وەیی ژینت
ئەبێ بەچرا بۆ ڕێگای دینت

بێگومان دوای ئەمە هەواڵی سلەیمانیت لێ ئەپرسێ، لە وەڵامدا بڵێ:

دیم لەوێ کۆڕێ لە دەست زۆری گۆڕ
گاهێ ئەی ناڵان گا شین و شەپۆڕ
ڕاداری شیعرە لە دووری ئاسمان
فڕۆکەی خەمی مەرگی تۆی ئەنوان
فڕۆکەی ناکاو بەبێ بەرهەڵست
بۆمبای ئەتۆمی مەرگی تۆی کە خست
بوو بەشین و ڕۆ لە هەموو لایە
دڵ کەوتە کورپە هەر بەو نەوایە
جۆشی دا بەخوێن وێنەی بناوان
لافاوی کردە سەر جۆگەی چاوان
لە دڵ بۆ چاو و لە چاو بۆ ڕوومەت
دەنکی هەناری فرمێسک دەرئەکەوت
دوای فرمێسک نەمان بەهێزی نرکە
دارە ڕای لەشیان کەوتبووە چرکە



ئێستە سەر خانی ژین و تەمەنیان
تەپیوە و بارە لەسەر بەدەنیان
بەڵام ئەڵێیت چی تۆ لە دەست مردن
بۆ کەس ناگونجێ خۆ دەربازکردن
ئەبێ گشت بمرین، نەمردن لە چی
هاوار بێ سوودە شین کردن لە چی
وا بووە و وا دەبێت ئەم بەندوباوە
ئەوی بمێنێت هەر چاکە و ناوە

***

## منداڵ

١٩٥٥

(بەبۆنەی جەژنی منداڵەوە وتراوە).

لە شەوی ژینا منداڵ چرایە
پێشتر لە خزم و باوک برایە
بۆ دەرد و ئازار دەرمانە منداڵ
خەم ڕەوێنیشە کاتی گروگاڵ
بۆ ئەوەی ببێت بەخزمەتگوزار
ئەبێ لەش ساغ بێت دانا و خوێندەوار
بۆیە پێویستە بەگیان و بەدڵ
پەروەردە بکرێت زۆر چاکتر لە گوڵ
ڕەوشتی جوان و خوێندن و فرمان
ئەمڕۆ وەجاخن پەیڕەوی ژیان

***

منداڵ پاڵپشتی کاتی پیرییە
توانایی گەل و هێزی میرییە
منداڵە دوارۆژ کە بۆ نیشتمان
ئەبێت بەپەرژین سنگی بەقەڵغان
منداڵی لەش ساغ خاوەن هۆش و بیر
بۆ گەلی داماو ئەبێت بەدەستگیر

بۆیە پێویستە بەگیان و بەدڵ
پەروەردە بکرێت زۆر چاکتر لە گوڵ
ڕەوشتی جوان و خوێندن و فرمان
ئەمڕۆ وەجاخن پەیڕەوی ژیان

***

نەوەی بولبولی باخی نیشتمان
ئەمڕۆ کەساسە و نەخۆش و نەزان
بۆ ئەوەی لەش ساخ، جوان و بەهێز بێ
ئەبێ بەشیری دانایی گۆش بێ
دایکی ڕایژەنێ، خوو بەرز خوێندەوار
وای قاڵ کات بگرێت بەرگەی ڕۆژگار
بۆیە پێویستە بەگیان و بەدڵ
پەروەردە بکرێ زۆر چاکتر لە گوڵ
ڕەوشتی جوان و خوێندن و فرمان
ئەمڕۆ وەجاخن پەیڕەوی ژیان

***

منداڵ فریشتەی پاکی یەزدانە
سۆزی جوان مەردی کوڕی مەیدانە
مەیدانی ژینی پڕ دەرد و ئازار
خەمی خۆی بار و ژیانیش سەربار
بەبیری ورد و بەهێزی بەدەن
بەئامانجی ژین سەراسەر ئەگەن
بۆیە پێویستە بەگیان و بەدڵ
پەروەردە بکرێت زۆر چاکتر لە گوڵ
ڕەوشتی جوان و خوێندن و فرمان
ئەمڕۆ وەجاخن پەیڕەوی ژیان

***



## ئەی گوڵ

١٩٥٦

بەسروود و بەئاوازی تایبەتی دەوترێت

ئەی گوڵ تۆ قیبلەی هەرزەکارانی
تۆ دەوای دەردی دەردەدارانی
بەقول، پڕ مشتی شوان و پیری
تۆ خەمڕەوێنی جوان و میری
بەزەردەخەنەت بۆ باکەی سەحەر
تارای زەرد و سوور دەشت ئەکاتەبەر
تۆ ئاگاداری ڕازی دڵداریت
تۆ ڕەونەق بەخشی وەرزی بەهاریت
بۆ تۆیە بولبول بێدار و بێ خەو
وەنەوزێک نادات بەدرێژایی شەو
بۆ تۆیە وەرزێر بەهەوڵ و تەکان
زەوی لەت دەکات بەبێڵ و بەشان
ئیلهام ئەبەخشی بەشاعیری زار
ئایەتی بوون و بەرزی کردگار
بۆن و بەرامەت عەیللەت پەرێنە
دیمەنی بەژنت ئەو دڵڕفێنە
ناسک ئەندامی کیژی شۆخ و شەنگ
بەئاوێنەی ڕووی تۆ دەکرێن بەسەنگ
ئەی گوڵ من بۆیە تۆم زۆرخۆش ئەوێ
کاتێک ئەپشکوویت کە خۆر دەرکەوێ

***

# بەرهەمی خەبات(*)

کورد نامرێ

گـەلێ بە مـێـژوو چل و حـەوت چەرخـە
لە ڕێی خـەباتدا هەر قـۆچ و بەرخـە
تازە نامـرێ پشـتـیـوانیـەتی
ئازادیخـوازی گـێـتی ئەم چەرخـە

**سەرەتا**

*بەرهەمی خەبات خاکەرۆی بن خەرمانی وێژەی سالانی ڕابوردوو و وەرزانی دێرینی گەلی کوردی چەوساوەی دەستی نەخوێندەواری و دەرەبەگ و ئیستعمار و بەدخوویی و سوودی خۆیی و بستنەو لەکاتێکدا وتراوە کە سەربەستی و بیری ئازادی و دەربڕینیان و داوای مافکردنی ژیان بۆ کورد تاوانێکی بێ هاوتا و قەدەغەی سکماکی گەلی کلۆڵ بوو، لەبەرئەوە گومانی تێدا نییە میوەی بەرەکەی تفت و تاڵ و کرچ و کاڵە و هۆی چاپکردنی پەیوەستی زنجیرەی هۆنراوەمانە لە سەرەتای ژیانەوە تا دوایی و بۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنەیەک بۆ بەراوردی بەرهەمی خەباتی وێژەی لەمەودوامان کە لە سایەی شۆڕشی پیرۆزی چواردەی گەلاوێژ و یاسای کۆماری خۆشەویستدا خوێندەواری کوردیش سەربەستە لە وتنی هەموو شتێکدا و لە دەربڕینی هەستی پڕ سۆزی پیاوانەی بەرامبەر بەنیشتمان و گەلەکەی خۆی. لەگەڵ ئەمەشدا هیوام وایە کە بەئەندازەیەک سوودبەخش بێت بەوێژەی گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو ئاڵا هەڵگری خەبات بۆ گەیشتن بەهەوارگەی شادی و کامەرانی ژیان.*

هەوری - ١٩٥٩/٢/١٩

**پێشەکی**

لەم پێشەکییەدا ئەمەوێت دوو گۆشە بگرم، گۆشەی یەکەم ئاوڕێک لە بازاڕی ئەدەبی کوردی، گۆشەی دووەم سەرنجێک لە هۆنراوەکانی مامۆستا هەوری.

گەلی کورد هەروەک زۆرەها گەلانی جیهان خاوەنی ئەدەبێکی ئەوتۆیە کە بتوانرێت شانازی پێوە بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەبەکەمان لە شێوەیەکی شاردراوە دایە چونکە ئەو بەرهەمەی لە دەروونی ئەدیبەکانەوە دێتە دەرێ بەشی زۆری هەر هێشتا لە دەروونیان دایە.

(*) بەشی دووەم لە هۆنراوە ا.ب هەوری چاپخانەی النجاح - بەغدا - ناوەڕاستی ١٩٥٩.



جا چۆن ئەدەبەکەمان بناسرێت و چی بکرێت باشە؟

کاک محەمەد سدیق عارف لە (کامەران و هۆنراوەی نوێ)دا ئەڵێت:

«ئەدەبەکەمان لە ئێستەیا، هێندەی پێویستی بەهێنانە بەرهەمی شیعر و چیرۆک هەیە، پترتر پێویستی بەدانانی پەڕاو هەیە لە بارەی دواندن و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و دەربڕینی بیروباوەڕ و ڕا».

باشە هۆی نەبوونی ئەمانە چین؟ ئایا شاعیر یا ئەدیب یا نووسەر یا زانامان نییە؟ وەیان ئەمانە هەن و بەرهەمیان نییە؟ نەخێر هەمووی هەیە بەڵام خوێندەوار نییە!! کە خوێندەواریش نەبوو، بەرهەم بۆ کێ؟

هۆی نەبوونی خوێندەواریش گەلێک شتە، گرنگترینیان: بەجۆرێکی گشتی پلەی خوێندەواری لەناو ئێمەدا نزمە، بەتایبەتی لە کوردستاندا، کوردستانیش کراوە بەچەند بەشێکەوە و سنووری دەستکردی بۆ دانراوە ئەو بەشەی ئێمەی تیاین بەشێکی بچووکییەتی، لەگەڵ ئەم بچووکییەشدا تووشی چەند لەهجەیەکی جیاواز بووین یەک لەوی تر ئەگات. هۆی نزمی پلەی خوێندەواری ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو حوکوومەتە کۆنەپەرستانەی تا پێش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی نەمر حوکمیان ئەکردین و بێجگە لە چەوسانەوە بیریان بەلای شتێکی تردا نەئەچوو، ئا ئێستاش ئەم جۆرە حوکمە کۆنەپەرستانەیە بەداخەوە ئەیلێم لە بەشەکانی تری کوردستاندا هەر بەردەوامە.

تاوانی بەشبەشکردنی کوردستانیش لە ئەستۆی ئیمپریالیزم دایە چونکە «ئاشکرایە کە ئیمپریالیزمە کوردستانی پارچە پارچەکردووە، ئەویش بوو پاش جەنگی گێتی یەکەم نەیهێشت دەوڵەتێکی قەومی لە کوردستاندا پێکبێت، وە هەر ئەویش بوو کۆماری کوردستانی مەهابادی لەناوبرد «ڕاپۆرتەکەی کۆنفرانسی ساڵی ١٩٥٦ی ح. ش. ع».

مەسەلەی جیاوازی لەهجەکانیش ئەگەڕێتەوە بۆ یاسای دەرەبەگێتی چونکە هەر لە مێژەوە ئەم یاسایە گیانی ناوچەیەتی خستۆتەوە و کۆمەڵە خەڵکی ناوچەیەکی لە هی ناوچەیەکی تر جیاکردۆتەوە و ئەم جیابوونەوەیە وردە وردە بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی شێوەی قسەکردن تا ئەم لەهجانە پەیدا بووە.

ئەمانە چەند تەگەرەیەکی گەورە بوون بۆ ساردیی بازاڕی ئەدەبی کوردی. بەڵام ئێستە ئێمە بەیاسای شۆڕشی پیرۆزی چواردەی گەلاوێژەوە لە ڕۆژی ڕووناکی و لە پلەی سەربەستی داین جا هەروەک ئەبێ ئەم ڕووناکی و سەربەستییە بپارێزین ئەبێ مافی نەتەوایەتی خۆمان بپارێزین لەم بەشە ئازادبووەی کوردستاندا، بەڵکو ئەبێت ببین بەمەشخەڵێک بۆ ڕووناک کردنەوەی بەشەکانی تری کوردستانمان چونکە «گەلی کوردیش لە عێراقدا بەشێکە هیچ جیا نابێتەوە لە نەتەوەی کورد (الامة الكردية) لە هەموو بەشەکانی کوردستانی بەشبەشکراو لەنێوانی حوکوومەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراقدا، وە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکە هەموو خاسیەتێکی نەتەوایەتیی تیایە چونکە بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێکی نیشتەجێ، یەک مێژوویان هەیە، زەوییەکی موشتەرەکیان هەیە سەرەڕای بەشبەشکردنی لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هەروەها زمانێکی موشتەرەک و خووڕەوشتێکی تایبەتیی خۆیان و ئابووریەکی موشتەرەکیان هەیە کە ببتە هۆی یەکگرتنی نەتەوایەتیان - ڕاپۆرتەکەی کۆنفرانسی ساڵی ١٩٥٦ی ح. ش. ع».

وەکو لە سەرەوە وتمان تەگەرەی (لەهجە)کانیش زیانێکی زۆری داوە لە ئەدەبی کوردی جا بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا ئەم تەگەرەیە نەمێنێت، ئەوا بەخێرایی پێویستمان بە پێکهێنانی کۆڕمان (مجمع لغوي)ێک هەیە کە بتوانێت یەکێک لە پێشکەوتووترینی لەهجەکان هەڵبژێرێت و بیکات بەبنچینە و بەوانی تر کەموکورییەکان پڕبکاتەوە. بەجۆرێکی گشتیش خوێندەواری بڵاو بکرێتەوە تا هەموو یەکێک لە کوردستاندا بتوانێت بەزمانی خۆی بخوێنێتەوە و لە نووسراوە کوردییەکان وەربگرێت. لەگەڵ ئەمانەشدا بەرهەم نەوێستێنرێت و پەیتاپەیتا بخرێتە ژێر چاپەوە و ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندا بێت.

***

ئینجا بابێینە سەر ئەم نامیلکەیەی لەبەردەستتایە و یەکێکە لەو بەرهەمانەی لە سەرەوە داوامان کرد و بەپێویستمان زانی.

ئەم نامیلکەیە بەشی دووەمە لە هۆنراوەکانی مامۆستا (هەوری) لێرەدا بەپێویستی نازانم مێژووی ژیانی دووبارە بکەمەوە، چونکە لە بەشی یەکەمی دیوانەکەیدا بەکورتی لە پێشەکیەکەیدا ئەمە نووسراوە. وە دەربارەی ئەم بەشەی دووەمیشی هەروەک لە بەشی یەکەمدا بۆمان دەرکەوت مامۆستا هەوری هەستێکی نیشتمانپەروەری لە شیعرەکانیدا هەیە، ئەبینین لە شیعرەکانی ئەم جارەیشا ئەو هەستە هەیە وەکو لە شیعرەکەی کە بەبۆنەی چواردەی گەلاوێژەوە ئەڵێ:

... هەر لەم گوڵانە، نەخشەیی وەتەن
پەیکەری شۆڕش، شۆڕشی دەگمەن
بکەن، بنووسن، لەژێریا بەخوێن
بژی ئازادی گەلی تۆڵەسێن

لە شەوێکی نەورۆزا ئەڵێ:

وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

هەروەها لەپاڵ هەستێکی نیشتمانپەروەریدا لە شیعرەکانیا، لە شێوەیەکی (انتقادی)شا ئەم هەستە هەر دەرئەخا، وەکو:

جەژنێ نەگونجێ حەق ببرێ ناوی
وەکو مۆدەبی و نەمابێ باوی
لەبەر کەساسی و پشتی شکاوی



حەقی ژێر کەوتوو زەقەی بێ چاوی
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕی کەم بێت

بێجگە لەمە مامۆستا هەوری بەیەکێک لەو شاعیرانە دەژمێردرێت کە لە (مناسباتدا) ئەتوانێ هەستی بێتە جووڵە و چی لە دەروونیایە بیهێنێتە سەر کاغەز، وەکو لە ڕۆژانی کۆچی دوایی شێخ عومەر و، ئەمین زەکی و عەبدولواحید نوریا شیعری وتووە، هەروەها لە ڕۆژی لافاوەکەی سلێمانیشا کە ئەڵێ:

... دیسان بەئاهی داماوانی کورد
ئاسمانی ئێمە جۆرێ تەمی کرد
بۆیە هەورێکی ڕەش و کشومات
لەگەڵ ڕەهێڵەی بەستی ڕێی نەجات
لافاوی ئاوی باران و تەرزە
خانووی داماوی هێنایە لەرزە
بەدەستە رووخا بەهێزی لافاو
وەک نێچیری بێ، ساوا و ژن و پیاو
خنکا لە ژێریا، ئەوی کە ڕای کرد
لافاوی کوڵان شالاوی بۆ برد

مامۆستا (هەوری) لە هەموو دەرگایەکی شیعری داوە، یەکێ لەم دەرگایانەش کە شیعری نواندن (تمثيلية) لەم دیوانەیدا دوو پارچە شیعری تیایە کە ئەمانەن (ئۆپەرێتی چوار وەرزی ساڵ و ئامۆژگاری دایکێک) کە مەبەستی یەکەم لەم جۆرە شیعرەیدا ئامۆژگارییە، هەروەها لە دەرگای سروودیشی داوە و لەم بابەتەشەوە چەند پارچە شیعرێکی وتووە وەکو سروودی (لاوی وڵات و گۆرانی خوێندەواران).

تا ئێرە بۆمان دەرئەکەوێت کە مامۆستا هەوری، شیعرەکانی پارچە ئاوێنەیەکن بیروباوەڕ و دەروونی ئەخەنە پێش چاو، کە تێکڕا ئەیەوێ کەموکوڕی نیشتمانەکەی و ئامۆژگاری بۆ پێشکەوتنی ئەم گەلە و ئامانجێکی بەختیار بۆ هەمووان ئەخاتە پێش چاو.

لێرەدا قسەکانی – کیرنیشفسکی – لە پەڕاوی (الأدب بين المادية والمثالية – بليخانون)م کەوتەوە بیر لە یەکێ لە تارەکانیا ئەڵێ (هەروەک سامان بۆ پێویستیەکانی مرۆڤە و زانیاریش بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگەی ژیانە، هەروەها هونەریش ئەبێ لەمانە کەمتر نەبێ، وەئەبێ (هونەر بەتایبەتی شیعر) بەلێشاو زانیاری و سوود بگەیەنێ بەخوێندەوار.

فازڵ – ١٩٥٩/٣/٣٠

## یاشێخ

### شیوەن بۆ شێخ عومەری قەرەداخی

١٩٣٦

یاشێخ بەیادت یاشێخ بەیادت
بەیادی دڵەی شەیدای ناشادت
بەیادی دەریای بێ بنی عیلمت
بەیادی چیای ویقار و حیلمت
بەیادی (ڕەدی) پێنجوین و جامیت
بەیادی ڕەوشت پیری و جوانیت(١)
بەیادی شێوەی مەشاهیری کورد
بەدەستەوە بوو، تألیفت دەکرد(٢)
بەیادی ئەوەی ئوستادی ئەزهەر
خواردەستی تۆبوو ئەیخاوەن هونەر(٣)
بەیادی بەغداد درشت و وردی
هاتن نەخۆش بووی، خرۆشان مردی(٤)
لە قوتابخانەی شاری بەغدادا
لەبن سێبەری داری خورمادا(٥)
بێ نەوا و بێکەس گرانە دەردم
بەڵگە، پەشێوی، ڕەنگەکەی زەردم
دوور لە یارانم پەژارەی تۆمە
ڕۆیینەکە چونکە، وەک ڕۆیینی ڕۆمە
تا فرمێسک دەبێ بەدەنکی هەنار
شەرتە بێ پەروا بۆت بگریم بەزار
کە فرمێسک نەما لەبەر خۆمەوە
نەکەم سەر بکا بە ڕۆ ڕۆمەوە
هەر بڵێم خونچەی شکوفەی دین ڕۆ
کانی دانایی و کێوی تەمکین ڕۆ



دانەری عیلم و لانەی گەوهەر ڕۆ
مامۆستای میسر و ئێران عومەر ڕۆ

---

شێخ عومەری قەرەداخی زانایەکی ئایینی بەناوبانگ بوو لە ساڵی ١٩٣٦دا کۆچی دوایی کرد.

(١) پێنجوین و جامیت – دوو زانای مەزنی ئایینین، ڕاڤەی بیروڕاکانی کردوون، هەندێکی ڕەد کردۆتەوە.

(٢) لەو ساڵانەدا بەهیوا بوو بەو ناوەوە پەڕاوێک دابنێت.

(٣) شێخی ئەزهەر گەلێک جار پرسیاری ئایینی لە شێخ عومەر کردووە.

(٤) بەنەخۆشی چوو بۆ بەغداد، لە بێمارستانی مەجیدی لەسەر ئەرکی وەزیری داخلیە مزاحم پاچەچی ژۆرێکی درابوویە، ئەتوانین بڵێین هەموو بەغداد چوون بۆ زیارەتی.

(٥) لەو ساڵەدا قوتابی بووم لە ماڵی مامۆستایان لە بەغداد.

***

## زۆر لەمە جوانتر مرد

١٩٤٤

چل ڕۆژ لەمەوپێش لە قرچەقرچی دەمی نیوەڕۆدا زایەڵەی دەنگێک هاتە بەر گوێم، بەگرەی ئەو زایەڵەیە پەڕەی خونچەی گوڵی ژین پێش دەم کردنەوە سیس ئەبوو ئەکەوتە زەوی و دەمارەکانی وەک پارچە گۆشتێکی نزیک ئاگرێکی گڕدار هەڵ ئەقرچاو توێ توێ ئەنوشتایەوە. ئەو زایەڵە و شۆرەی کە تەڕایی لە ڕەگی ژیان دەبڕی، دەنگوباسی مردنی کردەوە و ڕەوشت جوان، مامۆستا عەبدولواحید بوو، بەڵام چۆن مردنێک؟ مردنێکی جوان و شیرینی ئەوتۆ کە بگونجێت، هەموو هۆز و تیرە و بەڵکو هاوڕێ و ناسیاوێکی پێوە بنازێت.

ڕەنگە ئێستە وا بزانرێت کە مامۆستا عەبدولواحید وەک سەربازێک چەکی جەنگی لە خۆی دابوو بۆ پاراستنی نیشتمان و هاوخوێنی، لەسەر حەد و سنووری وڵاتەکەیدا چووبووە سەنگەرەوە بە گوللەی وێڵی دوشمن پێکراوە و کوژراوە. نەء وا نەمرد زۆر لەمە جوانتر و شیرینتر مرد، ئینجا ڕەنگە وا بزانرێ کە عەبدولواحید سواری تانک بووبوو هێرشی بردبووە سەر سوپای دوشمن و بەتۆپی تانک شکێن تانکەکەی وردوخاش کرا و خۆیشی مرد، نەء واش نەمرد، زۆر لەمەش جوانتر مرد. ئینجا ڕەنگە وا بزانرێ کە لە سواری فڕۆکەوە خۆی هاوێشتبێتە وڵاتی دوشمنەوە و لەوێ بەدیل گیرابێ و خنکێنرا بێت، نەء واش نەمرد، لەمەش جوانتر و شیرینتر مرد.

لێرەدا ئەگونجێت هەبێ بڵێت لەم مردنانە جوانتر و شیرینتر ئەبێ چ مردنێک بێت، یا ڕەنگە هەبێت بڵێت لەم مردنانە جوانتر و شیرینتر نییە! بەڵێ هەیە لەم مردنانە جوانتر ئەوەیە کە بەتاقی تەنیا خۆیی و پێنووسێک و هەر مێشکی پشتیوانی بێت، بیەوێت گەلێکی هەشت نۆ ملیۆن کەس لە تاریکە شەوی

گیارەشی بەهاری نەزانیندا بلاوێنێتەوە و لای لایەی بۆ بکات و دڵخۆشی بداتەوە و، تەقەلای پارێزگاری بکات، هەوڵی ڕێی ڕاست نیشاندانی بدات تا ڕۆژی ڕوونی شادمانی و سەربەستی و یەکیەتی و برایەتی و دادڕەسی و داوێن پاکی لێ هەڵدێت و بەدرێژی ئەو شەوە زەنگە کە هەر ئەوە خۆی بێ و وەنەوزێک نەدات، وەک باوکێکی کەفتەکاری داماوی هیچ لە دەست نەهاتووی سەر و ڕیش سپی بەدیار نەخۆشی گرانەتای تاقانەکەیەوە لە شەوی ئارەق کردنیا تا ڕۆژ وەنەوزێک نەدات دیارە مێشک و دەمار و خوێن و گۆشت و ئێسقانی ئەم جۆرە کەسانە بەرگەی ئەم هەموو شەونخوونییە و لێکدانەوەیە ناگرێت بۆیە لە تریفەی مانگەشەوی ژیانیاندا کۆچی بێ وادە ئەکەن.

«ئەم پەخشانە بۆ کۆبوونەوەی یادی چل ڕۆژەی کۆچی دوایی مامۆستا عەبدولواحید نوری دانراوە کە لە ڕۆژی (٥)ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٤دا ماڵئاوایی لە ژیان کرد».

***

## جەژنێک

١٩٤٥

جەژنێک جەژنانەی هەر شین و غەم بێت
ناڵە و ئاخ و ئۆف بەویردی دەم بێت
خوێنی جوانان لافاوی چەم بێت
میللەتێک ڕەشپۆش ڕەمزی ماتەم بێت
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕێ کەم بێت
خەنەبەندانی جەژنێک بەخوێن بێت
شینی هەورامان تاکو بیتوێن بێت
هەزار دەربەدەر بێ ڕێ و شوێن بێت
جەژنانەی منداڵ هەر زللە و جوێن بێت
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕێ کەم بێت
جەژنێ لاوانی بانە و مەریوان
بەزامی جەرگ و بەسەر لێ شێوان
بێ نەوا و بێکەس هەموو وەک شوان
یا بەداماوی بکەونە کێوان
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕێ کەم بێت
سێ پەنجە سووری خوێناوی دڵ بێت



بولبول کوژراوی پێناوی گوڵ بێت
دوور لە ئاهەنگ و بەزمی سەرچڵ بێت
دەبدەبەی جەژنێک زامی سەردڵ بێت
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕێ کەم بێت
جەژنێک نەگونجێ حەق ببرێت ناوی
وەکو مۆدە بێ و نەمابێت باوی
لەبەر کەساسی و پشتی شکاوی
حەقی ژێرکەوتوو زەقەی بێ چاوی
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕێ کەم بێت
جەژنە پیرۆزەی جەژنی بن داران
جەژنی ماتەمی کوچەیی شاران
خوێنی ڕژاوی هەردە و نزاران
مژدەی جەژنی ڕاست نەدا بە یاران
خوایە ئەو جەژنە دوای بڕێ کەم بێت

***

## ئەی کورد

بەبۆنەی تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەمەوە، لەبەر دەرکی سەرای سلەیمانیدا هەڵپەڕکێ و زەماوەند کرا. کابرایەکی کوردی دەرەوە زۆر جوان هەڵئەپەڕی، بۆچی؟ خۆشی نازانی. بەو بۆنەیەوە ئەم هۆنراوەیە وترا.

١٩٤٦

خۆت هەڵتەکێنە ڕەنگینە کوڵت
کوا؟ لە دوور خۆشە دەنگی دەهۆڵت
کەس گوێ ناگری لە بۆڵەبۆڵت
واسیتەی پەستی بۆ شییو و دۆڵت
دوودڵی خۆتە و باوانی چۆڵت
پێت بڵێم کوردە تا کەی زەبوونی
تاکەی ئەسیری تاکو کەی دوونی

تاکەی گیرۆدەی بوون و نەبوونی
تاکەی گرفتار دەستی گەردوونی
تا خاک فرۆش بێ ڕۆڵەی زۆڵت
تا لەگەڵ یەکدا وێنەی ئاگر و نەوت
بسووتێن تاڵ بن وەکو توێکڵە جەوت
چاوەڕێی هەل بی هاوڕێکەت کە کەوت
تۆ لەقەی لێدەی کاتی هەڵسوکەوت
بۆ مەرگە ڕوتبەی سەرشان و قۆڵت
تاکو تۆ هیوات هەر بۆ پارە بێ
ئەویش بۆ پێک و بۆ ئێوارە بێ
بێ شیو هەزاریش هەر لەم شارە بێ
ڕێگەی نەجات وا و، ئەمەش چارە بێ
بگری بۆ بەختی ڕەشی کوڵۆڵت
تا قەومیەتت مەزەی عەرەق بێ
سوێندم بەخوا و تەنیای حەق بێ
تۆ لەژێر بارا ئەبێ گوێت لەق بێ
بەشت تا ماوی هەر زللە و شەق بێ
گوێ نەگرێ خاوەن لەشە و سمکۆڵت
تا وەتەن بەدرۆ ویردی زمان بێ
بۆ دەعیە و فیز و بۆ خۆبادان بێ
میللەتپەروەرییش ڕێگەی ژیان بێ
ئەوا پێت ئەڵێم قسەی خۆمان بێ
وەک یەکە شیر و ساتووری کۆڵت
تا هەر بە قسە وەتەنپەروەر بی
خۆت وا بزانی کە تاجی سەر بی
باوەڕت وا بێ تۆ منەوەر بی
کەچی گوێ تەپیو بۆ پارە کەر بی
بگرە بۆ قامچی سەرشان و قۆڵت



تا کەی قسەی ڕووت دەڵەسەو درۆ
ئەم جرتوفرتە هەر وەرە و بڕۆ
چییت بۆ میللەت کرد کابرای دەسخەڕۆ
گوێ ئەگری لە سۆز ناڵەی کوردەڕۆ
ڕۆژێک بەش دەکرێ گشت خاک و خۆڵت
گەر درۆ ناکەی فەرموو تۆ و مەیدان
بەعەزم و سوبات بەڕوح و بەگیان
قۆڵ بەقۆڵداکەن یەک دڵ و زمان
بەبێ جیاوازی ئەمان و ئەوان
ئەوسا دێتە فەڕ وڵاتی چۆڵت
ساقی لە چاوی دوو دیدە مەستان
بەیادی بەرزی کورد و کوردستان
تۆ پیاڵە تێکە و بیدەرە دەستمان
تا بەدەوابێ بۆ دڵەی پەستان
زڕەی نازی بێ بازنی قۆڵت

***

## خوێندەوارێکم(١)

١٩٤٧

خوێندەوارێکم ڕوو لە سی تەمەن
لای خۆم کەم وێنە مەگەر بەدەگمەن
چاکەت و پانتۆڵ ئوتو لێدراو
شەوقی تەوالێت ئەبات ئاوی چاو
کراسی (ئارۆ) بۆینباخی ئاڵ
وەک دانەی داون بۆ زۆر پەشێوحاڵ(٢)
بریقەی ڕوومەت بزەی گەشەی لێو
ئەکەم بەکەمەند بۆ کچی سەر بزێو
بەپەلەپیتکە خۆم ئەتەکێنم
لام وایە زۆر دڵ دادەخورپێنم

لە گۆشەی شەقام وەکو کێلی گۆڕ
بەبەدەن قیت و ملکەچ و سەرشۆڕ
ڕەپ ڕادەوەستم هەرکەس ڕێبوارە
بۆ من وەک یەکە و جێگەی پلارە
دەمی خۆرئاوا و کاتی زەردەپەڕ
بۆ جێی خواردنەوە ڕێ ئەگرمەبەر
لەڕێ ڕۆیندا لەبەر تەپەی پێم
هیچ جۆرە دەنگێک نایەتە بەر گوێم
کاتێک دەمی پێک، ماچی کرد لێوم
ئیتر بزانە خێوی پارشێوم(٣)
خواردنەوە و خواردن پاروو لە دوا قوم
ئەکەم بەپێخوێ تا تیا دەبم گوم
ئەوسا دەکەومە باسی نیشتمان
باسی چۆنیەتی فەلسەفەی ژیان(٤)
خۆ هەڵکێشان و وەتەنپەروەری
ئەبنە بابەت و مەزەش لە دەوری
کە لێبوومەوە و نیو قاپم فت کرد
بۆ ژووری یاری ئەڕۆم دەستوبرد
نیو و پەنجایە بۆ ڕابواردن
دوا بەرەڵایە، پۆت بەسەد کردن(٥)
چاوی خومارم، یەک دوو ئەبینێ
بەیەک ئاس ژیریم ئیتر نامێنێ
ئەکەومە بلۆف وەکو ژیانم
تا هەڵئەتەکێ کیسە و گیرفانم
کە خانەی کیسەم پشکنی یەکسەر
خاڵی لە پارە. ڕوو لە قاپی دەر(٦)
ئەوسا بەرەو ماڵ ئەڕۆم لەگەڵ ڕەت
بەڵام چۆن ڕەتێک ساتی سەد کەڕەت



قاچ وەک تۆرابێت نایەت لە شوێنم
تۆڵەی کیسەی چۆڵ من لەو ئەسێنم
بەکێشی ئەکەم ڕێی پێ ئەماڵم
حەلێ تێگەییم کەوا لە ماڵم
هەیوان بێ، ژوور بێ، من لێی ئەکەوم
ڕاستی بێ هۆشم گوایە ئەخەوم
کە ژانی سەر و پێچی ورگ چوون
با بێهۆشیش بم کە لێم پەیدابوون
بۆ ڕشانەوە ڕام ئەپەڕێنن
بەرگی ئارام و ئۆقرەم ئەدڕێنن
بۆ چۆڕێ ماستاو سەد ماستاو دەکەم
بەڕەنگ و بۆمدا لە خنکاو دەکەم(٧)
خۆ یادی پارەی تەرەبووی شەوم
بیرهێنانەوەی پەشێوی خەوم(٨)
ئەبنە سەرباری دەردی خۆکردوو
دەردێک هەزاران وەک من لێکردوو

***

خوێندەواری گەل زۆری وەک من بێ
ئەبێ تا ماوە دیلی دوشمن بێ(٩)
خوانانی دەبڕێت پێغەمبەریش دۆ
وەک کوردی لێ دێ ئەویش ڕەنجەڕۆ

---

(١) بەداخەوە زۆر لەو خوێندەوارانەی تەمەنیان لەنێوان ٢٠-٤٠دا ئاوایە ڕەوشتیان.
(٢) کراسی ئارۆ - ئەوساکە ئەم جۆرە کراسە بەناوبانگ بوو.
(٣) واتە هەر لە یەکەم قومەوە بڕیاری مانەوەی داوە تا دوای نیوەشەو.
(٤) زۆر کەس لەسەر مێزی خواردنەوە نیشتمانپەروەرێتیان هەڵدەسێت.
(٥) پۆت یەنجاوکێس نیو دینار، گوایە ئەمە قومارێکی سووکە و هەر بۆ ڕابواردنە دوابەرەڵا ئەمەیە هەموو یەکێک بۆی هەیە پوت بکا بەسەد فلس.
(٦) کە پارە نەما بۆ دەرەوە ڕووەو ماڵ بەلەتر ڕۆیشتن و خۆڕاکێشان.

(٧) ئەوەی باوە کە سەرخۆش بەماستاو ژانەسەرەکەی باش دەبێت.

(٨) تەرەبوون لە بنەڕەتدا بەو مریشکە دەڵێن کە لە ماڵی خاوەنی دوورکەوێتەوە و ون ببی.

(٩) واتە هەر میللەتێک زۆر لە خوێندەوارەکانی ئەمە خووڕەوشتیان بێت ئەو میللەتە لەناو ئەچێت.

***

## شین

**١٩٤٨**

*تەماشای بەرزی وەفای ئەو کردن*
*وەتەن، هاتەوە لای تۆ بۆ مردن*

*«پایەبەرز ئەمین زەکی دانیشتووی بەغداد بوو، بەسەردان چووبووەوە بۆ سلەیمانی لەوێ کۆچی دوایی کرد.*

*ئەم پەخشانە بۆکۆبوونەوەی چلەی یادی خوالێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی بەگ نووسراوە کە ڕێکەوتی ٢٦ی ئابی ١٩٤٨ دەکات، لە کتێبی (یادی کۆچی ئەمین زەکی)دا نووسراوە».*

چل ڕۆژ لەمەوپێش گیانێکی بەرزی بەڕێزی کەم وێنە کە وەک ئاوێنە هەموو ڕوویەکی ئەنوان، لە هێلانەی دڵی لاشەیەکی بۆ هۆز و گەلەکەی چەوساوە. بەدرێژی ژیانی نەحەساوە کەوتە پەرواز بەبێ پەڕوباڵ تونذتر لە خەیاڵ تیژتر لە هێزی چاو وەک بلقی سەر ئاو ڕووی بێ ئاوڕدانەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ تاریکستانی ترسناکی پڕ سامی بێ سەرحەد و سنوور، ئەو دەست و پەنجەیەی کە هەمیشە بۆ پێگەیاندن و پێشخستنی گەلەکەی هۆگری خامە بووبوو، بۆنی هەموو خزم و خوێشێکی بەوەوە نابوو لە وەخت و بێ وەختدا ڕازی پەنهانی خۆی بۆ هەڵدەڕشت، لە پڕ دەمارەکانی سست بوو خوێنەکەی تێدا مەیی، لە جووڵە کەوت، خامەش خام بوو، وەک هەتیوێکی بێ ناز کەوت، چاوەڕوانە کە لەمەولا خێرخواهێک ئاوڕی لێ بداتەوە و دەستێک بداتە باڵی، بەڵام خەیاڵی خاوە، قەدری زەڕ بەلای زەڕنگەرەوەیە.

ئەو دڵەی کە بۆ هەموو دەرد و ئازار و نەهاتی و ناتەواوی و بەڵای ناگەهانی و نەخۆشی کوردەواری دائەچڵەکی و دائەخورپا و ئەکەوتە پەلە و کوتەکوت و خوێنی ئەرژانە دەم و چاوی خاوەندەکەیەوە لە خۆیەوە وەستا، وەستانێکی بێ جووڵانەوە و بێ هەناسەدان و پشوو. ئەو مێشکەی کە چاویلکەی نەزانی و لووت بەرزی و خۆپەسەندی لە چاوی هەموو گەلانی دراوسێیاندا داماڵی و فڕێی دایە گۆشەی بیرچوونەوە و ڕاستی چۆنیەتی کورد و کوردستانی تێگەیاند دەستی کێشایەوە لە فەرمانڕەوایی هەموو ئەندامەکانی لەشی.

بێدەنگ لەناو هێلانەکەی خۆیدا لێی مات بوو، وەک گەوهەرێکی بێ هاوتا کە لەناو قەڵاییچەیەکی زێڕیندا دانرابێت ئەو تاقە ئەستێرەیەی کە لە ئاسمانی ڕامیاری و مێژوویی کورددا جریوەی ئەهات و



ئەدرەوشایەوە و ڕێگەی هەوارگەی پێگەیشتنی بۆ لاوانی کورد ڕۆشن ئەکردەوە کشا و کەوتە پشت کەلی یادگار، یادگارێک کە لە بیر ناچێتەوە. چرای ئەو بیروهۆشەی کە چەند ساڵە لە تاریکی شەوی گیاڕەشی بەهاری نەزانینی کوردەواریدا بەنەوتی مێشک و پلیتەی پەنجەی محەمەد ئەمین زەکی بەگی خوالێخۆشبوو ئەسووتا و ئەگڕا.

کەچی لە بەختی کەچمان، لە کاتێکی نەهاتدا، لە ساتێکی وادا کە زیاتر ئەمان ویست پلیتەکەی هەڵدەین و گڕەکەی خۆشتر کەین کوژایەوە، کوژانەوەیەکی بێ هەڵگیرسانەوە.

چل شەو لەمەوبەر محەمەد ئەمین زەکی بەگ کە یەکێک بوو لە ئەرکانە ناودارەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پایەیەکی بەرزی بەهێزی حکوومەتی عیراق و یەکەمین چرای کوردستان لە شاری سلەیمانی مرد. مردنێک زۆر لە ژین بەرزتر، چونکە هەموو دڵێک بۆی هاتە جۆش، هەموو قورگێک بۆی گریا، هەموو دەنگێک بۆی نووسا و هەموو چاوێک فرمێسکی بۆ ڕشت و هەموو ئەژنۆیەک بۆی هاتە لەرزە و هەموو چەپۆکێک بۆی درا بەسەردا، قوڕی بۆ درا بەسەر هەموو شانێکدا، ڕووی هەموو ناسک ئەندامێکی بۆ ڕنرا.

بەڵێ پێویست بوو ئاوای بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ببێت بەدەرس بۆ هەموو گەورەیەک بۆ ئەوەی بزانرێت کە کورد گەیشتۆتە ڕادەیەک ئەزانێت پیاوی گەورەی دڵسۆزی بەکەڵک وەک ئەبرۆ پێی لەسەر چاوە. دوای ئەوە گردی سەیوان لە شێوەی ئافرەتێکی ڕۆڵە مردووی زک سووتاوی جەرگ براودا بەرەو پیری چوو، سنگی خۆی بۆ کردەوە و بۆی کرد بە ئارامگا و ئەوسا وتی دە بنوو بەبێ خەم ڕۆڵەی شیرینم تۆکە ناوت لەسەر هەموو کورد و کوردستانێکە چۆن لە بیر دەچیتەوە، یادت لە هەموو دڵێکدا گێنگڵە دەخوات تا خۆر دەگەڕێتەوە.

چل ڕۆژی تەواوە پەڕاوی (کورد و کوردستان، دوو تەقەڵای بێ سوود، مێژووی شاری سلەیمانی، ناودارانی کورد) بێ باوک کەوتوون، بۆبە مات و لێوبەبار کەوتوونەتە گۆشە و کەنار و هێزی گریانیان نەماوە بەزمانی حاڵ دەڵێن:

بێ پشتیوان بێکەس بووین هەموان
ئیتر کەی لە کوێ، کێ هەوڵدا بۆمان
کەوا بوو دەبا کوێلید ڕەنگین بێ(١)
سەرانسەر بەخوم وڵات خەمگین بێ(٢)
تا فرمێسک ئەبێ بە دەنکی هەنار
با گشت بەجارێک بۆی بگرین بەزار
کە فرمێسک نەما ئەوسا بەناڵە
بیرچوونەوەی ئەو چونکە مەحاڵە

تەماشای بەرزی وەفای ئەو کردن
وەتەن هاتەوە لای تۆ بۆ مردن

(١) کۆیلید – تا ئەم دواییەش ڕەوشتی کۆچەرییەکانی کوردەواری وابوو کە مردوویەکیان بمردایە، چیغی گەورە گەورەیان دوور لە دەوارەکان دەگێڕا، لەناویا شیوەنیان دەکرد بەو جێگەیان دەوت (کۆیلید).

(٢) سەر بەخوم – لە کاتی ئازیز مەردەدا ئافرەتان خومیان ئەکرد بەسەریانا، واتە کڵاوەکانیان شین ئەکرد نیشانەی زۆر خۆشەویستی مردووەکەیە.

***

## کاری پێچەوانە

١٩٤٩

سۆفی و عەرەق خۆر بۆ ترێ کڕین
بۆ سرکە و شەراب هەستان و ڕۆیین
یەکی چەند بارێک ترێیان کڕی
نرخی ئەو ڕۆژەی میوەیان بڕی
دوای ئەوە هەر کەس بەخەیاڵەوە
باری دایە پێش هاتە ماڵەوە
عارەق خۆر ئەی وت مادام بێ پارەم
ئەیکەم بەشەراب بۆ ئەم بەهارەم
سۆفیش هاتەوە زوو بەدەستوبرد
داوای لەگەن و تەشت و کووپەی کرد
بژاردیان هەموو خەڵکی ئەو ماڵە
کردیانە کووپەی کۆنی چەند ساڵە

***

کەچی پاش ئەوەی ماوە بەسەرچوو
سرکەی مام سۆفی بەشەراب دەرچوو
شەرابی کابراش بووبوو بەسرکە
کفر ئەحمەد ئازای وەرە و دەنگ مەکە
عەرەق خۆر سرکەی کردە دەرکۆڵان



ئەهات و ئەچوو ورد ورد ئەی بۆڵان
سۆفیش گاڵی دا شەراب بڕژێن
پیاوی تەمێ کرد کووپە بشکێن
بەمە چیرۆکی کفر ئەحمەدی پیر
تازە بووەوە و هاتەوە بەربیر

***

کفر ئەحمەدێک بوو لە کوردی پێشین
مادی پەرست بوو بەڕەڵا لە دین
مەشهور بوو ناوی ئەو بە کفر ئەحمەد
فەیلەسوفێک بوو گەلێک خێرەومەند
حەقی بەدەست بوو کفر ئەحمەدی کۆن
دۆعای کرد بژی مانگاکەی بۆ ڕۆن
بەسۆز و بەکوڵ لاڵەی کردە خوا
کەرەکەی بمرێ با کاکەی نەخوا
بەیانی بینی مانگا مردووە
زەڕەی نێرەکەر دنیای گرتووە
کفر ئەحمەد ڕایکرد بە هەڵەداوان
کوێرێکی هێنا دوو دەست بەگۆچان
کاتێک دەستی دا کوێر لە کلک و سەر
مانگای مردووی، زیندوو نێرەکەر
ئەوسا کفر ئەحمەد ڕووە و ئاسمان
سەری هەڵبڕی وتی ئەی یەزدان
چاوی توانابیت مێروولەی باریک
لە وەردی ڕەشدا لە شەوی تاریک
دەبینێت تەواو ئەیدەیتێ لەوەڕ
کەرەکەت نەدی، نەت بیست زەڕەزەڕ

***

## هەموو حەرامێک

١٩٥٠

ئەم ڕێگە دوورە کەی ئەبڕێتەوە
ئەم قەرزە زۆرە چۆن ئەدرێتەوە
هەموو حەرامێک سەرخۆشی بدات
سەرخۆشی بێ شک گشت ئەگرێتەوە
وەکو مەیخانە ژین دێتە بەرچاو
ئەوسا ببینە سەرخۆشی پلاو
چۆن دێتە بەزم و بەستە و پێکەنین
سەرخۆشی برنج ڕۆن بەزۆر سەنراو
حاجی و مەلا و شێخ بەسوود و سەلەم
بەگلاندنی تێکەی ناو بەلەم
وا سەرخۆش ئەبن بەبێ هۆش و گۆش
وەک نەزانێکی بێ دەرد و ئەلەم
خۆ دەستەی کاسب پێوەر و کێشەر
کە قۆڵ هەڵماڵێ و نۆرەی بێتە سەر
بەبادە و مەیی زیاد و کەم کێشان
وا سەرخۆش دەبن تا ڕۆژی مەحشەر
ئاغا بەبەری زەوی ئەم و ئەم
کە پایز دەچێت بۆی بەتەقڵە و دەو
وا مەست و سەرخۆش دەمێنێتەوە
قەد بەری نادات لە مەرج و گرەو
دەستەی ئەفەندی کە خوێندەوارن
لە ریزی یاری هەمیشە دیارن
بەشانزە حوقەی مەعاش دۆڕاندن
لایەک سەرخۆش و لایەک هەژارن

***



## ئۆپەرێتی چوار وەرزی ساڵ

١٩٥٥

**جوتیار**

من جوتیاری وڵاتم
پایزە، وەختە، هاتم
بەمانگ زیاتر پێش پەڵە
ورد لە سەرخۆ بێ هەڵە
تفاقی جووت هەڵئەگرم
ڕێ بۆ وەردەکەم ئەگرم
بانە دەبڕم تاک و جووت
تۆو دەچێنم ڕۆژە جووت(١)
بەهۆهۆ ئەرز دەکێڵم
خەفەت لەوێ جێ دێڵم
ئەوسا ڕوو دەکەمە خوا
تاکو پەڵەی لێ بدا
هەوجارەکە و مژانم
نەقیزەکەی سەرشانم(٢)
چاکتر لە شیر و تیرە
بۆ بەرزی نیشتمانم
سوودم بۆ هەموو کەسە
شانازی ئەمەم بەسە
زبانم نییە بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم بەناکەس

**ڕەنجبەر**

من ڕەنجبەرم زستانە
وڵاتی من کوێستانە
چلورەی بەفر و سەرما
لەپڕ، وا دای بەسەرما

ڕێی دەر و دەشت گیراوە
ئامشۆ و ڕەفتیش بڕاوە
کاڵە و پێتاو دەبەستم
ڕوو لە سەختی دەوەستم
دەماڵم بەفری سەربان
کاروپیشەی من، زستان
خزمەتی ئاژاڵ دەکەم
بەمە خۆم خۆشحاڵ دەکەم
بەروبوومی بزن و مەڕ
وڵات ئەهێنێتە فەڕ
گەورە و بچووک تێر ئەکا
یەک مەڕ هەزار خێر ئەکا
کەڵکم بۆ نیشتمانم
زۆرە خۆشم ئەزانم
زیانم نییە بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم بەناکەس

**ئاودێر**

من ئاودێرم بەهارە
سوود و کەڵکم دیارە
تەڕ و تووشی بەسەرچوو
گوڵ لە چەکەرە دەرچوو
زەوی شین و زەرد و سوور
ڕەنگاوڕەنگ نزیک و دوور
خەفەت لە دڵ بەدوورە
ڕەنگ گەش گوڵاڵەی سوورە
بێڵ ئەنێمە سەر شانم
بۆ سەیری زەویەکانم
بۆ سەیری کشتوکاڵم



هۆی ژینی خۆم و ماڵم
تاکو چاکتر بێتەبەر
بۆ هەموو کەس سەراسەر
باش بەدڵ ئاوی دەدەم
منیش وا خزمەت دەکەم
خزمەتی من وەهایە
وڵاتیش پێی ئاوایە
زیانم نییە بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم بەناکەس

**سەپان – وەرزێر**

هاوین منیش سەپانم
سەپانی نیشتمانم
کاتی فرمانە ئەمڕۆ
خوایە نەمکەیت ڕەنجەڕۆ
پەڵە گەنم جوانە
هۆی زیندەگی و ژیانە
پاشی دروێنە و گێرە
شەنکردن فەرموو ئێرە
وەرزێرم بەڕەنجی شان
خزمەت دەکەم نیشتمان
خەرمانی گەنم سوورە
جەواڵ پڕ، ڕوو لە ژوورە
بەشی ماڵ و منداڵم
دادەنێم و خۆشحاڵم
ئەوی تریشی بۆ شار
هەمووی دەدەم بەدینار
بەم ڕەنگە، زۆر کەس لە من
سوودداره، دۆست و دوشمن

زیانم نییە بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم بەناکەس

**چوار وەرزی ساڵ**

ئێمە چوار وەرزی ساڵین
هەرچەند بەچاو منداڵین
ساڵ وا زوو تێدەپەڕێ
جەرگی تەمەن دەبڕێ
گەورە و بچووکیش دەمرێ
ماوە فرمانە دەکرێ
وەرە تۆ ئەی نەوجەوان
کۆشش کە بۆ نیشتمان
ئەم خاکە پاکە جوانە
دیارە دایکی هەموانە
چاوی لە گەنج و لاوە
هیوای تۆیە کە ماوە
ڕاپەڕە لاوی وڵات
دڵت پڕ بێت لە ئاوات
ئاوات بۆ بەرزی هیوا
بۆ خوێندن و بۆ بڕوا
بڕوا بەخۆت و بەمن
نەکەویە داوی دوشمن
گەر ڕاست بکەیت ئەی برا
بۆ ژین دەبینە چرا

---

ئەم ئۆپەرێتە، بە میکیاجی تایبەتییەوە، بەجلوبەرگ و ئاوازی خۆیەوە دە ڕۆژ زیاتر لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕانی سلەیمانی نیشان درا، زۆر سەرنجی ئەو خۆرئاواییانەی ڕاکێشا کە لە شەریکەی دوکان و دەربەندیخان ئەوسا ئیشیان ئەکرد.

(١) بانە، بەشێکە لە ڕۆژە جووت.



(٢) هەوجارِ، مژان، ئامرازی تفاقی جووتن. نەقییزە، ئەو دارەیە جووتیار گاکانی پێ لێ دەخوڕێ لە کاتی جووت کردنا.

***

## گۆرانی خوێندن و فرمان

١٩٥٦

لەسەر ئاوازی تایبەتی وتراوە، ولیەم یوحەنا ئاوازی بۆ داناوە.

ئێمە هەموو براین
بۆ نیشتمان وەک چراین
بێ جیاوازی ئەخوێنین
بیری ئازاد ئەچێنین
کە خوێندنمان تەواو کرد
ڕوو لە فرمان دەستوبرد
فرمان بۆ بەرزی وەتەن
بەهێزی مێشک و بەدەن
خوێندەواری و تێکۆشان
بۆ بەرزیەتی نیشتمان
بۆ خۆ ئەکەینە نیشان
وەک دڵسۆزی ڕەوشت و جوان
ڕۆژ و شەو تێ ئەکۆشین
بەرگی فرمان ئەپۆشین
بۆ بەرزی گشت وڵاتمان
جێگەی هیوا و ئاواتمان
بەری خوێندن کە دەرکەوت
ڕۆژی وڵات کە سەرکەوت
باخمان هەمووی دێتەبەر
نەزان دوور و دەربەدەر
دەچینە ڕیزی گەلان
وەک بولبولی سەرچڵان

کۆڕی بەزم جەم ئەبێ(١)
خەفەت لە دڵ کەم ئەبێ
ئەوسا وڵات خوار و ژوور
تێکڕا نزیک یاخود دوور
وەک بەهەشت دێتە بەرچاو
ژین شاد و ژیان تەواو
ئەوروپایی بەیەکجار
ئەڵێن خۆزگە هەزار جار
بەحاڵ و ژینی بەرزمان
ژینی خۆشی سەد تەرزمان

(١) کۆڕی بەزم جەم ئەبێ، واتە کۆڕی ئاهەنگمان کۆمەڵ ئەبێ.

***

## ئامۆژگاری دایک

١٩٥٦

ئەم هۆنراوەیە بەئاوازەوە بەناوی دایکەوە کچێک دەیلێت و چەند قوتابییەکی کچیش سەربەندەکەی بۆ دەڵێنەوە.

**دایک**

کچانی جوانم پارچەی جگەرم
ئامۆژگاری من بۆتان تا دەمرم
وا پێتان دەڵێم باش گوێم لێ بگرن
هۆی شادی دەبێت بۆتان تا دەمرن

**کچەکان**

ئامۆژگاری تۆ بەدڵ و بەگیان
ئەگرینە دووگوێ دایکی میهرەبان
چونکە بەڕاستی دایک دڵسۆزە
هۆی بەرزی منداڵ تیرەو و هۆزە



**دایک**

لە دوای تەنگانە بەڕەوشتی جوان
ئەوساکە شادی دەبێت بەمیوان
لەگەڵ خوێندنا ڕەوشتی شیرین
پێویستە ببێ بۆ بەرزیەتی ژین

**کچەکان**

ئامۆژگاری تۆ بەدڵ و بەگیان
ئەگرینە دوو گوێ دایکی میهرەبان
چونکە بەڕاستی دایک دڵسۆزە
هۆی بەرزی منداڵ تیرەو و هۆزە

**دایک**

تاکو منداڵن زۆرباش بخوێنن
تۆوی دوودڵی لە بنج دەربێنن
ئاوەڵی مەکەن لەگەڵ بەدخووان
وریابن یەکیان قەد نەبن بەدووان

**کچەکان**

ئامۆژگاری تۆ بەدڵ و بەگیان
ئەگرینە دوو گوێ دایکی میهرەبان
چونکە بەڕاستی دایک دڵسۆزە
هۆی بەرزی منداڵ تیرەو و هۆزە

**دایک**

خوێندن بێ ڕەوشت داری بێ بەرە
پارە بەبێ خێر هەر دەردی سەرە
ئەوی ئەمێنێ هەر چاکە و ناوە
ئافرەت کە باش بوو کاری تەواوە

**کچەکان**

ئامۆژگاری تۆ بەدڵ و بەگیان
ئەگرینە دوو گوێ دایکی میهرەبان

چونکە بەڕاستی دایک دڵسۆزە
هۆی بەرزی منداڵ تیرەو و هۆزە

**دایک**

ئەگەر خاوەنی هەزار کلور بێت
جێگەی نیشتەنی هەمووی بلوور بێت
بێ سوودە ژینی بێ کامەرانی
بەسەری ئەبات گشت زیندەگانی

**کچەکان**

ئامۆژگاری تۆ بەدڵ و بەگیان
ئەگرینە دوو گوێ دایکی میهرەبان
چونکە بەڕاستی دایک دڵسۆزە
هۆی بەرزی منداڵ تیرەو و هۆزە

***

## شاخی قەندیل

١٩٥٧

قەندیل شاخەکەی شێوە کورد نوێن
لە ماڵی خۆیدا بەبێ ڕێ و شوێن
دەمی کراوەی ئەشکەوتی نزار
بۆ دارەشمانە بۆچ دەبات هاوار؟(١)
هاوار بۆ گیانی میری دارەشمان
بۆ چوونی پرسەی شارەکەی بابان(٢)
دیسان بەئاهی داماوانی کورد
ئاسمانی ئێمە جۆرێک تەمی کرد
بوو بەهەورێکی ڕەش و کشومات
لەگەڵ ڕەهێڵەی بەستی ڕێی نەجات
لافاوی ئاوی باران و تەرزە
خانووی داماوی هێنایە لەرزە



بەدەستە ڕووخا بەهێزی لافاو
بوو بە نێچیری، ساوا و ژن و پیاو
خنکا لە ژێریا ، ئەوی کە ڕای کرد
لافاو لە کۆڵان شاڵاوی بۆ برد
وچانی نەدا هەتا خنکانی
وەک خوێنەخۆی بێ گشت سلەیمانی
قەیسەری و ماڵ و بازاڕ و دوکان
هەرچی تێدابوو بردیە جوولەکان
کە پەردەی ڕەشی شەو هات بەسەردا
قوڕ و چەپۆک جووت ئەدران بەسەردا
زایەڵەی گریە لە هەردە و لە کێو
خوانی سینی بوو تا بکرێت بەشێو

***

قەندیل من هانام وا بۆ تۆ هانی
نەخۆش و تەنیا خۆشت ئەزانی
لێرە ناونووسم ناوی مەینەتی
بەرەو پیرم هات قوڵت و نەگبەتی
دەنگی بێ تەلی دیوەخانی دێ
زایەڵەی کۆستی دووبارەی لێ دێ
دەستە داوێنی بەر بناری تۆم
مل گری ڕێگەی چەوتی لار و کۆم
من دەستگیراوی فرمانی میری
تۆ فریام کەوە تاقە دەستگیری
سەر بەرزکەرەوە لە هەردە و نشێو
بەسەر شاخاندا بۆ شاری پەشێو
چاو وردکەرەوە لە خوار و لە ژوور
هەر لە سەرشەقام هەتا پیرمەسوور

گۆیژە و مەڵکەندی سووچی کانیسکان

بەر دەرکی سەرا و ناو قەیسەریەکان

ورد تەماشاکە تۆ لە جێگەی من

بەکوێری دۆست و بەشادی دوشمن

چۆن بووە وێرانە وا بەدەم و دەس

پڕ بەدەم بڵێ هاوار فەریاد ڕەس

بگەرە فریای شاری لێقەوماو

شارێ هەزاران لەدێ دۆش داماو

شارێ هەزاران تێیدا کۆست کەوتوو

گشت بەبێ لانە شێوی شێو نەبوو

شارێ ئاسمانی هەمیشە تەمە

شارێ ژیانی ڕەمزی ماتەمە

---

(١) دارەشمانە – ئەو گوندەیە لە پشدەر کە جێگەی دانیشتنی تیرەی بابانە پێش ئەوەی ناویان ببێ بەبابان.

(٢) لەکاتی تۆمارکردنی دانیشتوانی پشدەر لەوێ (مدیر قطاع) بووم بۆ یەکەم جار هەواڵی لافاوەکەی سلەیمانیم لە ڕادیۆوە بیست، لە گوندێک بووم بەرامبەر شاخی قەندیل، ئەو لافاوەی کە بە دەیان خانووی ڕووخاند و گەلێک کەسیشی تیا خنکا و زیانێکی زۆریشی بەخشی.

***

## لاوی وڵات

گۆرانی بۆ قوتابیان لەسەر ئاوازێکی تایبەتی کە مامۆستا ولیەم یوحەنا دایناوە دەوترێت

١٩٥٧

وەرە ئەی لاوی وڵات

لاوی ڕێی سەختی خەبات

پێت پیشاندەم ڕێگەی ژین

ژینی چەرخی بیستەمین

هەوڵ و ڕەوشت و خەبات

لەگەڵ خوێندن بۆ وڵات



خوێندن بەڕەوشتی جوان

هەوڵ بۆ سوودی هەموان

بەهەوڵ و هێز و خەبات

وڵات بەئامانج ئەگات

زەمان وا دەردەکەوێت

هەر زانا سەر دەکەوێت

بەهێزی بیر و دەستی

ئەو دوور دەبێت لە پەستی

لەگەڵ خوێندن و فرمان

بیر پاک بە بۆ نیشتمان

ئەوسا هەوڵ و تێکۆشان

یەک لەسەر یەک بێ وچان

ئاوا دەگەیتە هیوا

هیوا بڵندی بڕوا

هیوای ژینی بەختیار

ئاواتی چینی هەژار

***

## جەژن

جەژن کە شادی نەبەخشێ بەدڵ

سروەی لەرەیەک هیچ نەدا بەچڵ

تەنیا دەنگێ بێ و ڕەنگێ بەبێ شوێن

دوای بڕێ جەژنی خۆشی نەبزوێن

***

## ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا

١٩٥٧

گۆڤاری هیوا دوای داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ دەرچووە.

هیوا چوزەرەی بنکی گەلاوێژ

بەبیری وردی پوختی والا بێژ

بێره کایەوە ساوای تازەبوو
کاتی فرمانە تۆش ئازانە زوو
دەستی خزمەتت پیرۆز وەک ناوت
تا بێیتە فەڕ و برەوی باوت

***

هیوا ئەی هیوای هۆزی بەجێماو
لە ڕێ لانەدەیت قەت بەچاووڕاو
نەکەویە سەما بۆ کەس هەڵپەڕین
ساڵی گریە و ڕۆ، یەک سات پێکەنین
ورد و لەسەرخۆ بەڕۆژ و بەشەو
خەرمانی وێژەی خۆتکە، شەن و کەو
ڕێگەی تاریک و پڕ لە دڕندە
لاڕێ گیراوی ماری کوشندە
تێشو بەرەکەت بێ نان و پێخۆر
چوار چمکی والآ گەزێک خامی بۆر(١)
جەردەو و ڕێگر لە بێگانە و خوێش
هەریەک بەڕەنگێک ئەوبۆت دێتەپێش(٢)
بێ تفەنگ بێ چەک بەتەنها دانە
ئەبێت بشبڕی ئەم ڕێگەوبانە
هەوارگە دوورە و یەکتر نەویستن
بۆ ئەم مەبەستە پەیکان دەبەستن
چاو لە نۆکەری بێگانە دەبڕن
تا ڕێی پێشکەوتن لە یەکتر بگرن
مەبەست، ڕووناک و بەرز و پیرۆزە
چونکە خزمەتی زمان و هۆزە
دەبێ لە سەرخۆ ورد و بەڕاوێژ
بڕۆین تا دوشمن نەتکات گێژ و وێژ
دوشمن وەکو مار ناوەخت ئەگەزێ



کوڕ ئەو کوڕەیە ئەوسا نەبەزێ
لە خۆرگیراندا لەگەڵ وەتەن بێت
هەوڵی بەهێزی مێشک و بەدەن بێت
قۆڵی لێ هەڵکات وەکو نەڕەشێر
پێنووس بەدەست بێت لە جێگەی شمشێر
بۆ سوودی هۆز و نیشتمان و گەل
لە کەمیندا بێ و لە دەست نەدا هەل

---

(١) تێشوبەرە = نانەبەرە، ئەوەی ڕێبواران نانی تیا دەبەستێتە پشتی لە کاتی دەرچوونیا بۆ ئیش.
(٢) بێگانە و خوێش، دۆست و دوشمن.

***

## درەخت

**١٩٥٧**

بەبۆنەی جەژنی دارودرەختەوە لە ساڵی ١٩٥٧دا نووسراوە.

درەخت بڕین و لە جێی نەناشتن
گوناهە، هەروەک بێ گوناه کوشتن
درەختە مایەی ژینی گشت لایە
بەدارودرەخت وەتەن ئاوایە
بەری درەختە گریکی هەژار
لە قەدی ئەکرێت شتومەک هەزار
ئاگری دارە بەرگری کوێستان
دەکرێت بەسوپەر، تەوژمی زستان
ئاژاڵیش بەدرەخت ژینی تەواوە
درەخت نەبێت ئەویش نەماوە
درەختە برای هاوپشتی بەشەر
ڕۆژی تەنگانە و کاتی دەربەدەر
درەخت بوو کە لە ئەشکەوت کێو
وەک باوک ڕۆڵەی خۆی ئەکرد بەخێو

کاتێک کاروانی ژین بۆ شارستان
کەوتە ڕێ دار بوو لەوحەی داستان
تا شارستانی زیاتر سەرکەوێت
داهێنراوی زۆر، چاکتر دەرکەوێت
زانین دانیشتووی ژێری دەریاکان
بکات بەخزمی مەریخ لە ئاسمان
بە ئەتۆم هەموو جێگەی سەر زەوی
بکرێت بەبەهەشت دڕندە کەوی
فڕۆکە لە ئاسمان جێ بەمەل تەنگ کات
زانین نەزانین یەکسەر بەپەنگ کات
ئەوساکە زیاتر بێ درەخت و دار
ژینمان لەدوایە نەبوو دەردەدار
ئەمڕۆکە پلەی زانین ڕووە ژوور
هەڵدەچێ دیارە لە نزیک و دوور
سەیر دەکەیت درەخت شاڕەگی ژینە
هۆی شۆخو شەنگی گشت ڕووی زەمینە
هەوێنی مەیینی ژیانی ئینسان
درەخت و دارە بێ شک و گومان
ئاژاڵ و درەخت پەڕندە و مەل
پێویستی ژینن بۆ کۆمەڵ و گەل

***

## بووکی درەخت

١٩٥٨

بەبۆنەی ئاهەنگی جەژنی دارودرەختەوە لە ساڵی ١٩٥٨دا وتراوە. لە کاتی دانانی ئەم هۆنراوەیە تەماشای هۆنراوەکەی ساڵی ١٩٥٧ نەکراوە، بۆیە هەندێکی لەو دەچێت.

مارەیی بووکی درەختی بەردار
بەروبوومیەتی و جیاوازیش بەبار



بووکی ڕازاوە لە هەردە و نزار
مەڵبەندت دەشت و لادێ و ناو شار
هامڕازی ناڵەی بێدارانی شەو
بێبەش لە ژین و تێر نەبوو لە خەو
ئاگاداری ڕاز، ڕازی کۆن و نوێ
لەژێر سێبەرتا کە داماو ئەنوێ
تارای سەوز و سوور ئەدەیت بەسەردا
شنەی لق و چڵ لە دەشت و دەردا
وەک بوەشێنی دەستی کردگار
بۆ ڕوویی زەردە هەردە و کۆسار
سایە و سێبەرت بۆ حەوانەوە
بەوەرزی هاوین دوای چەوسانەوە
سەد دڵی ناکام ئەهێنێتە جۆش
مەل لەسەر لقت کە دێتە خرۆش
لەسەر لق و چڵ بەسۆزی هوزار
لەگەڵ دەنگی مەل نەوای نەوبەهار
موسیقای سروشت بەدەشت و دەردا
گیانێکی شادی دەکات بەبەردا
بووکی دڵسۆزی مرۆڤی دێرین
کاتی ژیانی چەرخانی پێشین
کاتی ژیانی هەردە و کۆساران
ئاوارە ئاسا وەک دور دیاران
ئاگر بە تۆ بوو قەڵغانی زستان
بۆ تیری تیژی وەیشوومەی کوێستان
بەبەری تۆ بوو بێ باوک و هەژار
گریک و شێوی نەک جارێ سەدجار
ڕەگ و گەڵا و گوڵ سەر تا بەدامان
وەکو دەرمانە بۆ دەوای زامان

شنەی ورد لەرە چرۆ و لق و چڵ
کۆرپەی بەهاری نوێ ئەخاتە دڵ
کاتێک تۆ لەگەڵ کاروانی ژیان
ملی ڕێگەت گرت ڕووە و شارستان
هەتا هەوارگەی مانگ و ئەستێرە
پێویستی ژینت تۆ لەوێ و لێرە
ئاشکرا دەرکەوت ماستی ژین بێ تۆ
نامەیێ و ناکرێت بە کەرە و فرۆ
تازە نۆ بووکی بەهاری دەم کەل
دەنگی پێ خەسو[١] وەک جریوەی مەل
لەگەڵ چریکەی بەحەیرانەوە
بەسیاچەمانەی ناو شاخانەوە
ئەدەن بەگوێم دا نەورۆز و بەهار
پێشوازی ئەون جەژنی درەخت و دار

(١) دەنگی پێ خەسو، حەیران، سیاچەمانە و گۆرانی و بەزمی بووک هێنان و شایی ئەمانە هەموو دەدەن بەگوێمدا کە جەژنی دار و درەخت پێشواز و نۆکەری نەورۆزن. (ئەو ساڵە جەژنی دارودرەخت لە نەورۆزدا کرا بۆ ئەوەی نەورۆز لە بیر بچێتەوە).

***

## پەیکەری شۆڕش

١٩٥٨

بەبۆنەی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژەوە وتراوە

لە چەپکێ گوڵی سووری بەهاران
هەوارگە دەشت و مەڵبەندی یاران
تێر ئاوی خوێن بێ لە جێگەی باران
بنووسن شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ
شۆڕش بەبیری پوختی والا بێژ
شۆڕش بۆ مافی گەلی بەش خوراو



لەماڵی خۆیدا دەم و دەست بەسراو
لە چەپکێ گوڵی ڕەنگ خوێنی کفن
بەقوڵپی خوێنی شەهید دوا مردن
کاتێ بۆ تۆڵە پەنجە ڕەنگ کردن
بنووسن نرکە و چریکەی بەرکێو
جۆری هەڵمەتی کەلی سەر بزێو
کە چۆن خرۆشا بەتەپڵی مەیدان
بەیەک هەناسە گۆڕی داستان
لە چەپکێ گوڵی نزاری زەردە
نەژاکاوی دەست ڕێگر و جەردە
لق لق لە باخی میللەتی کوردە
بنووسن لە جێی باوکەڕۆی مناڵ
چون ڕۆژی تۆڵە بەدەنگی زوڵاڵ
دەرکەوت لە بێشەی نیشتمانەوە
هەڵمەت بۆ دوشمن بەحەیرانەوە
لە چەپکێ یادی شۆری دێرین بێ
ئەمرۆکە مەرهەم زام و برین بێ
نۆبەرەی شادی هەم خۆشی ژین بێ
بنووسن باخی کۆشش و خەبات
پاراوی خوێن بوو باری بەری هات
جاڕی ئازادی و لە دیلی نەجات
ئەو ڕۆژە خورداى کاتێ کە هەڵهات
هەر لەم گوڵانە نەخشەیی وەتەن
پەیکەری شۆڕش، شۆڕشی دەگمەن
بکەن بنووسن لە ژێریا بەخوێن
بژی ئازادی گەلی تۆڵەسێن

***

## نەورۆزی نوێ

بۆ نەورۆزی ١٩٥٨ وتراوە

وەتەن مژدە بێت لە شاخ و هەردە
لە دەشت و دۆڵ و چیا و زەردە
لە کێڵگە و باخ و لە لالەزارت
لە ڕۆژی ڕوونی ڕوو لە بەهارت
ئەوا نەورۆزە و ڕوو لە بەهارە
بەڵگە بەخۆشی لە دوور دیارە
کرێوە و دەست و پەنجەی زۆردار
وا هەوای خۆشی لێ کەوتۆتە کار
کلیلەی بەفری کۆنی هەردە و کێو
چورچۆڕەی ژێری ڕووی کردەنشێو
چوزەرەی گوڵی نوستووی ژێرخاک
خەبەربوونەوە بەجارێ سەرپاک

***

هەرز و گوڵاڵە و سۆسەن و نەسرین
بە ڕازاوەیی وەک بووکی ڕەنگین
بەڕیز بەدەستە لە خاک دەرپەڕین
ئەمەیان ئەوت بۆ دڵەی حەزین
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێت نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

خرمەی ڕەهێڵەی بارانی بەهار
بەشەماڵ لەرەی شۆڕە بی و چنار
خشپەی درەخت و دەوەنی نزار



هەرسێ ئەم دەنگەن بۆ گوێی ستەمکار
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

لەم شەودا کاتێک کە بەیان ئەنگوت
تاوێک بەرلەوەی هەڵبێ خۆری ڕووت
بەنەورۆزی نوێ کە شادی بزووت
فریشتە لە ئاسمان ئەمەیان ئەوت
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

دەستەی قوتابی کچ و کوڕی ورد
نەوەی کەڵوڕ و زازا و هەموو کورد
لە قوتابخانە شێرانە وەک گورد
ئا ئەم بەیانییە ئەمەیان ئەوت
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

بڕیاری لاوی هۆگری خوێندن
ئاواتی بەرزی لە ڕێتا مردن
خولیای هەمیشەی بۆت خزمەتکردن
ئەم دوو هەڵبەستە بەهۆرەکردن

وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

## مژدەی نەورۆز

بۆ نەورۆزی **١٩٥٩** وتراوە

وەتەن مژدە بێت لە هەردە و نزار
لە وشکەوەرد و مەڵبەندی جوتیار
لە جۆگە ئاوی ئاودێری بەهار
لە داماوانی لادێ و ناو شار
لە چینی پێشڕەو چینی کرێکار
مژدەی نەورۆزی کوردانی هەژار
نوێ نەورۆزەکەی چواردەی گەلاوێژ
هێزی دوشمنی کە کرد سەرەو لێژ
بیری ئازادی خۆی کرد بەدەست نێژ
وەک قارەمانی ئازا و حەق بێژ
بەکوێری چاوی بەدی گێژ و وێژ
ئازادی کوردی پوخت کرد واڵا بێژ
نەورۆز کە چرای کوردی پێشین بوو
چەند ساڵ لەمەوبەر بەبێ نگین بوو(١)
لە دەشتی مێژوو دیلی کەمین بوو
پەرژینی بەرگر نهۆم و چین بوو(٢)
نەورۆزی ئەمساڵ کە دوو جار نوێیە
ئامانجی بەرزە و بەرێ و جێیە
شەق بەرێ دوشمن خۆ چاوی لێیە
مژدەی ئازادی ژیانی پێیە



کە کاروانی کورد وا ڕوو لە ڕێیە
بۆ هەوارگەیەک کە ئاشتی لێیە
ڕێ بۆ هەوارگە لەسەرخۆ ئەبڕێت
مەڵبەند لەوێدا بەخوێن بێ ئەکرێت
جەرگی نەزانین بەخەنجەر ئەدڕێت
دوای دوودڵی هەر بەوان ئەبڕێت
کۆڕێکی خەبات ڕۆژ و شەو ئەگرێت
تا مافی ژینی تەواو پێ ئەبڕێت

---

(١) بەبێ نگین بوو، واتە هیچ گوێی نەدەدرایە و باوی نەبوو.
(٢) نهۆم و چین، واتە ئەو چینە دەستدارە بۆگەنەی داگیرکەر دروستی کردبوون دژی نەورۆز.

***

## خاڵە سەلام ڕۆ

مارتی ١٩٥٩

دەستەداوێنم ئەی دڵ من داماو
لاشە زەبوون و نوزەیەک تیا ماو
ئەپاڕێمەوە وەک باوک مردوو
دە فریام کەوە خۆت ئاسایی زوو
بمگەرێ هانام وا بۆ تۆ هانی
کوشتمی ئێشی، کۆستی پەنهانی
کوشتمی دەردی قۆڵتی نەگبەتی
کۆچی ئەسیری بەفری مەینەتی(١)
کۆستی ئەمجارە ئێشی دووسەرە
بۆیە جێ تیری وا کاریگەرە(٢)
لایە پەیوەستی خزم و خوێشیمە
لایە کڵوڵی گەل لە بەدبەختیمە
سەرم سوڕماوە کە چۆن نەمردم
کۆست کۆستی کوردە خۆ منیش کوردم
دەسا مەنجەڵێک جۆشدە لە زووخاو
بنێرە قوڵپێ بۆ گلێنەی چاو

بەڵام چۆن قولپێ وەکو بلقی دۆ
بۆ سەر گلێنەی منی ڕەنجەڕۆ
با نابینابی من هەردوو چاوم
گردەنشین بم هەتاکو ماوم
هەردوو دەست ئەکەم بەتەوقی ئەژنۆ
ئەژنۆ کۆڵەکەی بەینی دوو ئەبرۆ
بەرهەنسک ئەدەم و ورد و لەسەرخۆ
ئەخوێنم ویردی خاڵە سەلام ڕۆ
بەناڵەی بێدەنگ هەموو ڕۆژ و شەو
خەرمانی گریە ئەکەم شەن و کەو
هەتاکو فرمێسک وەک خوێن ئاڵ ئەبێ
دیواخانی چاو جێگای خاڵ ئەبێ(٣)
ئەوسا لە ئاهی دەروونی لێڵم
هەوری ڕەش و مات بۆ بەختی وێڵم
ئەنێرم بگرێت بەری ئاسمان
بەری ئاسمانی هەموو کوردستان
دەنگی چەخماخەی بڵێت کوردینە
دووبارە کۆست و، کۆیلیل ڕەنگینە
کۆستی هەڵبەستی کوردی کوردانە
ئیتر هەڵبەستی کورد سەرگەردانە
وێژە بنووسێت لەسەر داستان
کۆچی شاعیری بەرزی کوردستان

---

(١) لە زمانی کوردیدا ئەڵێن نەگبەتی باشە، قۆڵت خراپە، لەو ساڵەدا شێخ سەلام لە سەرەتای مانگی مارتدا کە هەوا خۆش بوو چوو بۆ گوندی دۆڵان لە قەرەداخ، هەر ئەگاتە ئەوێ نەخۆشی زۆری بۆ دێنێت ئەمە نەگبەتی، بەفرێکی قورسیش باری ڕێگا ئەگیرێ ئەمیش قۆڵتی نەگبەتی.

(٢) ئێشی دووسەرە چونکە شێخ سەلام خاڵمە و شاعیرێکی بەرزی کوردیشە.

(٣) کە پیاو زۆر گریا فرمێسک ئەبێ بەخوێن.

***



# بووکی ژێر دەواری ڕەش

*ئەو کچەی لێوی بەخوێنی دەسگیرانەکەی ئاڵ کرد، خەنەی شاییەکەی خوێنی لاوان و تارای بووکێنی دەواری ڕەش بوو.*

*نووسینی: أ. ب. هەوری*

**سەرەتا**(١)

چیرۆک: ڕووداوێک یان کۆمەڵە ڕووداوێکە نووسەر ئەیگێڕێتەوە، وەک کارەساتێک یان چەند کارەساتێک کە بەسرابن بەکەسان و مرۆڤانی جیاجیا لە یەکترییەوە لەگەڵ شێوەی جیاوازیان لە هەڵسان و دانیشتنی جوێ جوێیاندا بەڕەنگێ ڕادەی کارتێکردنی یان کار لێکردنیان دەرخات. چیرۆکنووس هەوڵ ئەدات زنجیرەی ڕووداوێک نیشان بدات بەپێی پلەی مێژوویی و پێوانی مەنتیق بەجۆرێک خوێندەوار ڕابکێشێت بۆ ناو ژیانی چیرۆکەکە بۆ ئەوەی بەتەواوی ئاوێتەی کارەساتە گرنگەکانی بکات تا دان بنێت بەتواندنەوەی کەسەکان و کارەساتەکان لەگەڵ یەکتری، ئەمەش کاتێک ئەبێت کە نووسەر بتوانێت کەسەکان بەتەواوی بکێشێت لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا.

چیرۆک جۆرە کارەساتێکە زۆرجار ئەندێشەی (خەیاڵ) نووسەر دروستی ئەکات لەبەرئەوە هەمیشە پێویست نییە ڕووداومان نیشان بدات وەک پەڕاوی مێژوویی نیشانی ئەدات. بۆیە پێویست نییە لەسەر ئەو نووسەرەی کە ڕووی خۆی ئاڕاستەی ڕووداویەتی ئەکات چیرۆکمان بۆ بگێڕێتەوە کە ڕووی دابێت بەڵکو ئەبێت چیرۆکمان بۆ بنووسێت کە بگونجێت وێنەی ئەو چیرۆکە ڕووبدات و بوونی ئەو جۆرە کەسانەی کە لە چیرۆکەکەدا هەن دوور نەبێ لە جەرگەی کۆمەڵایەتییەوە.

مەیدانی ژیان بیابانێکی گەورەی بێ سنوورە، چیرۆکنووس لە ناوەڕاستیا ڕائەوەستێت و بەئارەزووی خۆی بەملاو ئەولای خۆیدا ئەڕوانێت بۆ ئەوەی جۆرە کەرەسەیەک هەڵبژێرێت کە بتوانێت ژیانی پێ لێک بداتەوە و ڕێگەی گەیشتن بەئامانجی پێ ڕوون بکاتەوە. کەرەسەی چیرۆک پێویستە هەبێت بەڵام ئارەزووی نووسەر و سەنگ و سووک کردنی کەرەسەکە هونەری چیرۆکنووسی تەواوە، لەبەرئەوە پێویستە کەرەسەی چیرۆک ژێر ڕکێفی هونەری چیرۆکنووس بێت نەک جڵەوی نووسەر بەدەست کەرەسەوە بێت و تەنیا ئەرکی گواستنەوە بەجێ بهێنێت. بەم ڕەنگە ئەگەر هونەری چیرۆکنووس وا دامەزرا وەک وتمان ئەوا ماندووبوونەکەی بەفیڕۆ ناڕوات و ئەو کەسانەی ئەو باسیان ئەکات باشتر لە مێشکدا جێگەی مانەوە داگیر ئەکەن وەک لە کەسانی مێژوویی، ئیتر ئەبێت چیرۆکنووس زۆر وریا بێت لە هەڵبژاردنی باسەکەیدا ئەوەی هەڵی ئەبژێرێت ئەبێت بتوانێت وێنەی بکێشێت چونکە خوێندەوار زۆر دەربەستی ئەوە نییە ژیانی

---

(١) بۆ نووسینی ئەم سەرەتا بچووکە پەڕاوی (هونەری چیرۆک) دانراوی دوکتۆر محەمەد یوسف نەجم تەماشا کراوە.

کەسان و شاراوەکانی بزانێت بەقەدەر ئەوەی کە ئەیەوێت ئەو کەسە وەک زیندوو لەبەر چاوی خەریکی کاروباری تایبەتی خۆی بێت بۆ ئەوەی خۆی بڕیاری بەسەردا بدات.

چیرۆکنووس کاتێک چیرۆکەکەی پەسەند و خۆی ستایش ئەکرێت کە توانیبێتی هەندێک گۆشەی نەزانراو دەرخات و نەهێنییەکانی ژیانمان پیشان بدات بەرەنگێ ئەو ڕووداوانەی ژیان کە بە بەرچاویا تێئەپەڕێت زۆرباشی تۆمار بکات، ئەمەش کاتێک ئەبێت کە لە نووسینەکەیدا بگەڕێت بەدوای سەبارەت و ئەنجامدا و جۆرێکی ڕێک بخات وەک مرۆڤێکی زیندووی ئەوتۆ کە لەگەڵ ڕووداوەکاندا وا تێکەڵ ببێت لە ڕاست بچێت.

جا تۆ ئەی خوێندەواری خۆشەویشت کە چیرۆکی بووکی ژێر دەواری ڕەشت خوێندەوە خۆت وردی بکەرەوە، لێکی بدەرەوە بزانە تا کام ڕادە کارەساتی چیرۆکەکە و خۆبەخشینی پاڵەوانەکانی کاری تێ کردیت، ئەوسا خۆت بڕیار بدە بەسەر چۆنی چیرۆکەکەدا.

أ. ب. هەوری

١٩٦١/١/٢٨-٢٧

## ڕاوێژی ناو دیوەخانەکە

کەمێک پاش بانگی خەوتنان لە شەوێکی بەهاری ساڵی ١٨٨٩ی زاییندا لە دیواخانی ماڵەگەورە دوو نهۆمەکەی کە کەوتبووە ئەوپەڕی ئاواییەکەوە، پیاوێکی کەڵەگەتی سەر و ریش سپی چەماوەی تووکی ڕیش و سمێڵ تێکەڵاو، کڵاوێکی قوچی لەسەردا، جامانەیەکی بەسەرەوە و یەکێکیش لەملدا و سەبیلێکی گەورەی بەدەستەوە و لەسەر دۆشەکێک دانیشتبوو، شانی دادابووە سەر سەرینێکی گەورەی پەڕی بەرگ سوور، جارجار مژی ئەدا لە سەبیلەکە و جاروباریش تەماشایەکی دەرگای دیواخانەکەی ئەکرد وەک چاوەڕوانی یەکێک بێت. لەوکاتەدا خێزانەکەی کە ئافرەتێکی کەڵەگەتی بەساڵاچووی گەنم ڕەنگی کەم گۆشتی سەرسپی بوو، بەرماڵێک لە کۆڵدا و تەزبیحێک بەدەستەوە، ورد ورد لێوی ئەجولا، هاتە ژوورەوە و چوو لەلایەوە دانیشت، پاش تاوێک تەزبیحەکەی کردە ملی و سەری هەڵبڕی و وتی:

– باوکی موالی ماوەیەکە ئەمەوێت یەک دوو قسە هەیە بۆت بکەم بەڵام تا ئێستە دەرفەت نەبووە.

لاله سەرحەد شان بەرز ئەکاتەوە و دای ئەنێتەوە و ئەڵێت: بێژیە.

خێزانەکەی – وەختە ساڵ زیاترە سەیالی وەک نە نان بخوات و نە ئاو داویەتە باریک و بنێسی، ئەو کوڕە دایکی کوێربێت کە جاران خوشکی خۆی بۆی حەیران ئەبوو، ئێستە وەک ئەیبینیت لەڕ و لاواز و زەرد هەڵگەڕاوە، هەرچەندیش خەریک بووم لەتەکیا هیچی پێ نەوتم، بەڵام خۆم بەهەڵسان و دانیشتن و گفتوگۆیدا زانیم ئەبێ دڵخوازی هەبێت، زۆرم سەر هێناوبرد کەسم بەبیردا نەهات کە بەم جۆرە کاری کردبێتە سەر هەست و بیری، بۆیە کەوتمە گوێ هەڵخستن و چاوگێڕان، ماوەیەک لەمەوبەر بەر گوێم کەوت کە سەیالی دڵی وا بەشانازی لاله مرادەوە.

(لەم ماوەیەدا لاله سەرحەد جارجار سەری ئەلەقان و جاروباریش ئەی وت: ئێ)



– هەرچەند لە پێشەوە بڕوام نەکرد وەلێ لەم ڕۆژانەدا بەچاوی خۆم دیم لە کانی بەرماڵان دووبەدوو گفتوگۆیان ئەکرد، کە لە سەیالیم پرسی باسی چییان ئەکرد ڕەنگی هەڵبزڕکاو زمانی تێکەڵ و پێکەڵ بوو نەیتوانی وەڵامم بداتەوە بۆیە ئیتر گومانم نەما ڕاستە سەیالی دڵداری شانازی لاله مرادە.

سەرحەد – جا چی یەژێت.

خێزانەکەی – ئەڵێم خوازبێنی بۆ بکە و بۆی بێنە، هەر چەند سەیالی بەگزادەیە و شاناز لە چینی بۆرە پیاوە بەڵام خوا لێم هەڵناگرێت کەنیشکی وا بەوێڵ و ڕەوشت شیرینم کەم دیوە، بەتاقی تەنیا ئەو ماڵە گەورەیە وەک گوڵ ئەبات بەڕێوە، یاخوا خوا پێی ڕەوا بینێ، خاوەنی حەوت برایە کە لە بەگزادەشا وێنەیان کەمە.

سەرحەد سەرێک با ئەدا و ئەڵێت: ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک.

خێزانەکەی – ئاشی چی و ئاشەوانی چی، بۆچی شاناز هێنان بەلای تۆوە گرانە. شاناز هێنان بەلای ئێمەوە وەک ئاو خواردنەوە وایە.

سەرحەد – نەخێر بەلامەوە گران نییە، بەڵام ئەی تۆ نازانی تیرەی ڕۆخزایی وان لە تەنگ و چەڵەمەیەکی چەند تووشدا و کەوتوونەتە ڕۆژێکی چەند ڕەش و نەهاتەوە، هیچ دوور نییە کە تا چەند ڕۆژێکی کە سەیالی و باوکی و گشت تیرەی ڕۆخزایی لەناو نەچن، ئەگینا وەنەبێ من هەستم بەمە نەکردبێت و نەمزانیبێت کە سەیالی و شاناز دڵیان بەیەکەوەیە، بەڵام نابێ شایی سەرەتایی کۆست و شیوەن بێت، جارێ با بزانین چیمان بەسەر دێت، ئەوسا بیر لە ژنهێنان بکەینەوە بۆ سەیالی.

خێزانەکەی – ئەیەڕۆ تەنگانەی چی؟ ڕۆژی ڕەشی چی؟ ئەی کەواتە بۆچی لە منی ئەشارنەوە و پێم ناڵێن، بۆیە چەند ڕۆژێکە کوڕەکانم ئەڵێیت خۆڵی مردووت بەسەردا بێژراونەتەوە. توخوا چی بووە پێم بڵێ دڵم تەقی کرد.

سەرحەد– تەرخانی کە بن ئامۆزای خۆمانن بەناوی سەندنی خوێنی کۆنەوە بەهانەهانە و یاریدەی بێگانە خەریکن لەشکرمان لێ ئەکەن و ئەدەن بەسەرمانا، بەو خەیاڵەی ڕەچەڵەکمان ببڕنەوە، لەبەرئەوە ئیستە وەختی باسکردنی ژنهێنان و زەماوەن نییە، ئێستە ئەبێت بیر لەوە بکەینەوە کە چی بکەین و چۆن چۆنی بەرەنگاری لەشکری تەرخانی ببین. ئەگەر خواکردی و لەم تەنگانەیە ڕزگارمان بوو ئەوا ژنهێنانی سەیالی ئاسانە و هەر ئەبێت شانازیش بێت، من زۆر لەمەوبەر لە دڵی خۆمدا شانازم بۆ سەیالی داناوە. لێرەدا هەناسەیەک ئەدات و ئەڵێت بەڵام زۆر ئەترسم خەنەی زەماوەندەکە خوێنی لاوەکانمان بێت، چونکە هەرچەند ئەم خەیاڵە ئەکەم موچڕکێک بەهەموو لەشمدا ئەگەڕێت.

خێزانەکەی لاله سەرحەد خەریک بوو قسە بکات، مەلای ئاوایی و لاله مراد و چەند پیاوێکی کە و هەر شەش کوڕەکەی لاله سەرحەد خۆیان کرد بە ژووردا. دوای سڵاو مامۆستا لە ژوور هەموویانەوە، دوای ئەو لاله مرد دانیشتن، ئەوسا لاله سەرحەد وتی:

– بەخێر هاتن سەر هەردوو چاوم، فەڕوبەرەکەتتان هاورد، خۆشن، باشن، ئادەی کەنی ڕووئەکاتە

خێزانەکەی – بلێ شەوچەرە چیمان هەیە بۆمان بێنن.

کە شەوچەرە و مێوژ و گوێز و خورما ئەهێنن، دەست ئەکەن بەخواردن، دوای تاوێک سەرحەد سەر هەڵئەبڕێت و ئەڵێت:

– هەموو ئەزانن بۆچی ناردمە بەدواتانا.

مامۆستا – بەڵێ ئەزانین بەڵام چاکتر ئەوەیە خۆت بەتەواوی حاڵیمان بکەیت.

سەرحەد – هەموو ئاگادارن لە زۆر کۆنەوە ئێمە و تەرخانی خوێنمان وا لە بەینا، هەرچەند تا ئێستا چەندجار ئەم خوێنە کوژێنراوەتەوە بەڵام دیسان هەڵی داوەتەوە. گوایە بەناوی سەندنی خوێنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ داگیرکردنی سامان و مەڵبەندەکەمانە بەکورتی تەرخانی ژیان بەئێمە ڕەوا نابینن بۆیە دیسان لەشکرێکی فرە زۆریان کۆکردۆتەوە لە خۆیان و لەو بێگانانەی بە تەمای لاکی هەردوولامان ئەمانکەن بەگژیەکدا، ئەگینا لەبەر خاتری چاوی ڕەشی تەرخانی یاریدەیان نادەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە هەردوولامان کەم هێز و بێ دەسەڵات بکەن، بەڵام داخەکەم تەرخانی لەمە ناگەن بۆیە بەهیوان لەم ڕۆژانەدا ئەگەر نەکەوینە خۆمان و نەچین بەپیریانەوە لەناکاو ئەدەن بەسەرمانا و ڕەچەڵەکمان ئەبڕنەوە و ئافرەتەکانمان بەدیلی ئەبەن و ئەمانکەن بەپەنگی هەموو کوردەواری. جا بۆ ئەمە ناردم بەدواتاندا بۆ ئەوەی ڕاوێژتان پێ بکەم تا بەهەمـــومـــان چارەیەک بدۆزینەوە و چۆنی بەباش بزانین وا بکەین، ئایا بەلای ئێـــوەوە ڕەوبکەین خاسە، یان لەشکر کۆبکەینەوە و بەرەنگاریان بوەستین.

لەم کاتەدا مژێکی دوورودرێژی دا لە سەبیلەکەی و هەناسەیەکی هەڵکێشا و تەماشایەکی دانیشتوانی کرد بزانێت کێ یەکەم جار قسە ئەکات.

دانیشتوان هەموو بێدەنگ هەریەکێکیان ئەیویست ئەویتر قسە بکات، چاوەڕوانی درێژەی نەبەست، سەیالی کە بە تەمەن دووەم کوڕی لالە سەرحەد بوو هەڵسایەوە سەرپێ و وتی: من هەموو شتێکم بەبیردا ئەهات باوکم بیلێت، بەڵام ئەوەم بەبیردا نەئەهات کە ناوی ڕەوکردن بێنێت چونکە ئازایی و دڵقایمی ئەو لە هەموو کوردەواریدا بەناوبانگە، وا دەرئەکەوێ بڕوای بەئێمە کەمە، کەواتە با من بەڕاستی تێی بگەیەنم ئەوی بەدڵی هیچ منالێکی ڕۆخزاییدا نایەت ڕەوکردنە، گەورە و بچووک ئامادەین بۆ بەپیرەوە چوونی لەشکری هێرشهێنەر بەهیوای سەرکەوتن بۆ ژیانێکی شادمانی، یان مردنێک لە مەیدانی نەبەردیدا، ئەوەتە ئەم دەنگوباسە بڵاوبۆتەوە کەنیشکە عازەبەکانی ڕۆخزایی خەریکی خۆ کۆکردنەوەن بۆ شەڕ و داوای چەک لە کەسوکاریان ئەکەن.

لالە مراد – بەخوا شتێکی وام بیست ئەمڕۆ لە شاناز.

لەگەڵ بیستنی ناوی شاناز لالە سەرحەد بەچاوە کزەکانی سەرنجێکی وردی دا لە سەیالی و زانی لەمێژە پێکراوی تیری نازی دڵداری شانازە، چونکە لەگەڵ ناوی شاناز هات سەیالی کەوتە لێوە لەرێ و قسەکانی پچڕپچڕ کرد و لەگەڵ ئەوەشدا زۆری لە خۆی کرد و لەسەر قسەکەی پێشووی ڕۆیشت و وتی:

جا کەواتە با بۆ پەنگ هەموو پیاو و هەرزەکارەکان ڕەوبکەین و کەنیشکەکان بچنە کۆڕی



مەیدانارییەوە. من باوەڕم وایە باوکم هەر بۆ ئەوەی دەم و دوانی ئێمە تێبگات بۆیە ناوی ڕەوکردنی هێنا ئەگینا بەدڵی نەبوو. ئەمەی وت و دانیشتەوە.

مامۆستا – خوا وێنەتان زۆرکات، تیرە و هۆزێک لاوی وەک ئێوەی تیا بێت (پەنجەی بۆ کوڕەکانی سەرحەد ڕاکێشا ) لە ژیانا هەر سەرکەوتوو ئەبێت و هیچ هۆزێک ناتوانێ بەرەنگاری بوەستێت، ئەگەر وەستا ئەنجامی شکان و شەرمەزاری ئەبێت.

سەرحەد – گشت لاوانی ڕۆخزایی ڕۆڵە و جگەرگۆشەی منن، خۆ کوڕەکانی لالە مراد. بەچاوی بەد نایەژم، لە بەگزادەشا وێنەیان کەمە و لەلای من هیچ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ کوڕەکانی خۆمدا، بەیەک چاو تەماشایان ئەکەم.

لالە مراد – کوڕەکانی من خزمەتکاری تۆن.

سەیالی ڕاستی کرد سەرحەدی باوکی لەو پیاوانە نییە کە لەم جۆرە تەنگانەیەدا بیر لە ڕەوکردن بکاتەوە، ڕاستیەکەی ئەوە بوو ویستی بزانێت ئەوان ئەڵێن چی، ئەگەر شەڕیش بکەن با بەبڕیاری هەموو ڕاوێژی گشت لایەک بێت، بۆیە دوای ئەمانە سەرحەد سەری هەڵبڕی و وتی:

سەرحەد و چنارەکەی بەرماڵان بەیەکەوە ڕەو ئەکەن و پشت ئەکەنە دوشمن، لەسەر بستێک زەوی مەڵبەندی ڕۆخزایی ئەبێت خوێنی سەرحەد بڕژێت بەسەر وێنجە و سێپەڕەی ئەم بەهارەدا، من و ڕاکردن و نیشتمان دۆڕاندن ئاسمان و ڕێسمانین، وەلێ گەرەکمە بزانم مامۆستا چی ئەفەرموێت لەم ڕووەوە ئایا ئێمە تاوانبار ئەبین لەم جەنگەدا؟ چونکە گومانی تێدا نییە خوێنێکی فرەزۆری تیا ئەڕژێت.

مامۆستا – ئێمە پەلاماری کەس نادەین و شەڕ بەکەس نافرۆشین و چاومان لە سامانی کەسەوە نییە و نامانەوێت نیشتمان و مەڵبەندی کەس داگیر بکەین. بەڵام ناچارین بۆ پاراستنی ناموس و سەر و ماڵمان و نیشتمانمان بکەوینە جەنگەوە بۆیە گومانم نییە خوا لێمان ناگرێت، چونکە ئێمە شەڕ بۆ پاراستنی خۆمان ئەکەین تەنیا ئەوەی من بەباشی ئەزانم ئەوەیە تا دوشمن نەیەتە سنووری ئێمەوە پەلاماریان نەدەین بۆ ئەوەی تاوانبار و هێرشهێنەر لەلای دۆست و دوشمن بەتەواوی ئاشکرا و دیار بێت.

دوای ئەمە بێدەنگ بوو ئەوسا موالی کە کوڕە گەورەی لالە سەرحەد بوو سەری هەڵبڕی و وتی:

کەواتە هەموو یەک دەنگن و لەسەر ئەو بیرەن کە لەشکر کۆبکەینەوە و ئامادە بین بۆ بەربەرەکانی دوشمن. دانیشتوان هەموو وتیان: بەڵێ.

موالی – کەواتە ئیتر ئێوە واز بێنن ئەوە لەسەر من، مادام ئێمە شەڕ بۆ پاراستنی سەر و ماڵ و نیشتمان و ناموسمان ئەکەین بێگومان سەرئەکەوین، لەبەرئەوەی ئەوان شەڕ بۆ داگیرکردن و تاڵان و بڕی ئەکەن ئەم جۆرە لەشکرە کەم ورە و ترسنۆکە لەگەڵ خوێنی دی ورە بەر ئەدات، تەنیا ئازاکانیان ئەتوانن ڕابکەن، ئەوانی تریان بەکڵاو ئەگیرێن. مایەوە سەر ئەوەی کە بیر لەوە بکەینەوە لێمان ئەکوژرێت.

*لێرەدا ئەوەی شیاوی باسە ئەوەیە گەل و تیرە و هۆزێک بیەوێت ئازاد و سەربەست بژی پێویستە*

*هەمیشە ئامادەبێت سنووری مەڵبەندەکەی بەخوێن بپارێزێت، ئەوەی ئەیەوێت بژی و قوربانی نەدات و خوێن نەرژێت، شەقامی سەرشۆڕی ئەبیاتە شاری بەندەیی و نۆکەری و دیلیەوە بۆ ورگ تێرکردن وەک* وڵاخ. ئەمەی وت و بێدەنگ بوو.

لەم کاتەدا سەرحەد تووکەی سمێڵی ئەهات، وای ئەزانی لە تەمەنی بیستساڵی دایە، ناوبەناو بەزەردەخەنە و بزەی لێوی ژێر سمێڵی سپیەوە تەماشای مامۆستا و لالە مراد و دانیشتوانی ئەکرد.

لالە مراد کە موالی بێدەنگ بوو ڕووی تێکردن و وتی: خوا وێنەتان زۆرکات و بتان هێڵێت نەوەکانی سەرحەد.

دایکی موالی – لەگەڵ ڕۆڵەکانی تۆدا لالە مراد.

دوای ئەمە سەرحەد بەموالی وت: کەواتە دەنگی هەموو ئاواییەکان و دەوارنشینەکان بدەن تا دوو ڕۆژی تر هەموو چەک بەدەس بگەنە ئێرە، چونکە بەپێی هەواڵێک بۆم هاتووە دوشمن سێ ڕۆژی تر دێتە سنووری ئێمەوە.

لالە مراد – کوڕەکانی من هەر لە دوێنێوە ڕۆیشتوون بۆ دەنگدانی لەشکر چونکە کوڕوکاڵ هەر لە پێرێوە لەتەک موالی بەگدا بڕیاری شەڕکردنیان دا، ئێستەش ئەبێت من بڕۆم چونکە ئاردمان نییە و کوڕەکانیش لە ماڵەوە نین، ئەبێ باراش دابگرین و سۆزی شاناز بیبات بۆ ئاش چونکە خۆم لە ماڵەوە فرمانم هەیە. ئەمەی وت هەڵسایە سەرپێ.

لالە سەرحەد – شاناز بەتەنیا ئەچێت بۆ ئاش؟

لالە مراد – بەڵێ ئاشەکە نزیکە و لێشی مەترسە، لالە بەڕاستی کەنیشکە کوردە، ئەی ئەگەر وانیە چۆن هەڵی پێچاوم داوای چەکم لێ ئەکات، بۆ ئەوەیە ڕۆژی شەڕ شان بەشانی براکانی شەڕ بکات، ئەگەر نەزانێت لە باریا هەیە چۆن داوام لێ ئەکات تفەنگی بۆ بسێنم.

دوای ئەمە میوانەکان هەموو هەڵئەسن، مامۆستا لە پێشەوە و ئەوانی تر بەدوایا ماڵئاوایی ئەکەن و ئەچنە دەرەوە.

## لە ڕێگەی ئاش

ئەوەی لەناو دانیشتواندا ئارەزووی زوو هەڵسانی ئەکرد سەیالی بوو بۆ ئەوەی بەتەنیا بچێتە ناو جێگاکەی خۆیەوە بەخەیاڵ لەگەڵ شانازدا بکەونە چرپە و سرپەی دڵداریەکی پاکی بێگەردەوە.

سەیالی کوڕی لالە سەرحەدی سەرۆکی ڕۆخزایی بوو، لەلای مامۆستا خوێندبووی، زۆر ژیر و وریا بوو، مەبەستی لە دڵداری پێکەوەنانی خێزانێکی بەرزی بەشەرەفی ئازای داوێن پاک بوو، لەو لاوانە بوو کە باوەڕیان وایە لە باوەشی دایکێکی بەدخووی داوێن پیسدا درۆیە منداڵێکی ڕەوشت جوانی بەشەرەف پێبگات، جوانی و هەڵسان و دانیشتن و ماڵداری و ئازایی شانازی بەدڵ بوو. ئەوەی گرێی دڵی بوو ئەوە بوو بزانێت کە شاناز لە داوێن پاکی و وێڵیشدا شایانە ببێتە هاوسەر و دایکی منداڵانی دواڕۆژی سەیالی یان نا. بەڵام هەرچەندی ئەکرد نەی ئەوێرا بۆ ئەم مەبەستە تاقی بکاتەوە، چونکە ئەترسا لەوەی



کە شاناز لە تاقیکردنەوەکەیدا سەرنەکەوێت. ئەوەندەی لەوە ئەترسا خۆی بدات بەدەستەوە و لەبەر چاوی ئەم بکەوێت، ئەوەندەش لەوە ئەترسا کە ئەم لەبەر چاوی شاناز بکەوێت کە هەردوو ڕێگەکە ئەبنەوە بەیەک. کە دوورکەوتنەوەی شاناز و خۆی ئەبێت. لە کاتێکدا کە تا ئەهات بڵێسەی ئاگری خۆشەویستی شاناز لە دەروونیا ڕۆژ لە دوا ڕۆژ پتر سەری ئەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا دوا بڕیاری سەیالی ئەو شەوە ئەوەبوو کە بەیانی لە ڕێگەی ئاش هەرچی ببێت تاقی بکاتەوە، بۆیە تا بەیانی لەناو جێگەکەیدا هەر ئەمدیو و ئەودیوی کرد و خەو نەچووە چاوی، وەک منداڵ لە شەوی جەژندا چاوەڕوانی ڕۆژبوونەوە بوو، خۆشی نەیئەزانی دەمەوبەیانی خەوی لێکەوت یان بێ هۆش بووبوو، بۆیە کە ڕاپەڕی و سەری کێشا و تەماشای کرد ڕۆژ درەنگە لەبەرئەوە بەپەلە خۆی کۆکردەوە، تفەنگەکەی کردە شانی و دەمانچەکەی بەستە پشتی و خەنجەرەکەی کرد بەقەدیا و خێرا چوو بۆ ناوباخەکەی سەر ڕێگەی ئاش. کە تەماشای کرد شاناز بە سەروپێچە لارەکەیەوە پەنجەیەکی ناوەتە سەر گۆپکەی هەیاسەکەی و پەنجە گەورەی کردووە بەملوانکە سمڵ و مێخەک بەندەکەیدا، ڕووە و چەمەکە ڕاوەستاوە تەماشا ئەکات، بەرچاوگەکەی بریسکە بریسکی دێت، جاروباریش یاری بەگۆ و دەلەکەکەی ئەکات، بارەکەش لە دوایەوە دیارە و گوریسەکەی پێوەیە و هیچ وڵاخیش دیار نییە بۆیە خێرا پێی هەڵگرت و خۆی وا نیشان دا بەڕێکەوت بێرەدا هاتووە بۆیە وتی:

– گیانی شیرینم شاناز ئەوە چی ئەکەیت؟

شاناز – گیانەکەم ئەچم بۆ ئاش و باراش ئەهاڕم، گاڕەشی سندان لێدراو هەڵی تووڕان و بارەکەی خست و چووە ناو چەمەکەوە، داماوم بەدەس بارەکەوە، باش بوو خوا تۆی نارد یاریدەم بدەیت و بارەکەم لەگەڵ باربکەیتەوە.

سەیالی لە دڵی خۆیدا وتی ئەمە باشترین ڕێکەوتە با شتێکی بدەم بەگوێچکەدا بزانم چی ئەڵێت، لەم کاتەدا زمانی چاو لە گفتوگۆ دابوو کە سەیالی کەوتە لێوە لەرێ و بەپێچەوانەی ئارەزوو و بڕیارەکەی نەیئەوێرا هیچ بڵێت. بێدەنگی درێژەی بەست شاناز تێگەیشت کە سەیالی ئەیەوێت شتێک بڵێت بەڵام دوودڵە لەبەرئەوە وتی:

سەیالی وەک قسەیەکت پێ بێت وایە بۆچی نایڵێیت.

سەیالی وتی – ئەترسم لێم تووڕە بیت.

شاناز – لە قسەی خاس زویر نابم بەتایبەتی لە تۆ، چونکە زویر بوون لە تۆ زویربوونە لە خۆم، خۆ دیارە تۆش قسەی خراب ناکەیت.

سەیالی بەمە زیاتر ترسی پەیداکرد و لەبەرئەوەی سەرەتای دڵداریش بوو، بۆیە شەرمیش تێکەڵاوی ترسەکەی بوو، لەگەڵ ئەمەشدا بەم لێوە لەرییەوە لەپڕ وتی:

کەنیشکە کوردەی ماڵ لە نۆ هەوار
پێم بدە ماچێک گاکەت بۆ بکەم بار

شاناز ڕەنگێک ئەهێنێت و ئەبات، واقی وڕئەمێنێ چونکە چەند وەختە کە لەگەڵ سەیالیدا بۆنی گوڵی دڵداری ئەکەن بەیەکەوە و هەموو شتێکیان یەکلایی کردۆتەوە، قسەی وای لە سەیالی نەبیستووە،

چونکە ئەم جۆرە قسەیە جۆرە دڵدارێکە کە بیەوێت دەست بەدوڵبەرەکەی گەرم بکاتەوە، یان دڵدارییەکەیان هەر بۆ ڕابواردن و داوێن پیسی بێت بۆیە بەڕقەوە ڕووی تێکرد و وتی:

نە تۆ بمێنیت نە خـــــاوەنی بار
چەفتەی حەوت برا من چۆم ئەکەم لار

دوای ئەمە دیسان وتی: وا دیارە تۆ هەوای بەگزادەیەتی بایی کردوویت ئەگینا چی تۆی خستەسەر ئەو بیروبڕوایە کە من ئەوەندە بەکەنیشکێکی ڕەوشت و خوو ناشیرین بزانیت؟ بەڵام بلێیم چی من تۆم وا نەئەزانی کە مەبەستت لەتەک مندا داوێن پیسی و ڕابواردنی ئاژەڵانە بێت، ئەڵبەت من کلۆڵم. ئایا تۆ لەو باوەڕەدا نیت کە منداڵێک لە باوەشی دایکێکی بەدخوودا گەورە ببێت ئەویش بەدخوو نابێت؟ ئەگەر بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئەگەڕێیت فەرموو هەر لە ئێستەوە بڕۆ بەپێوکاری خۆتەوە.

ئەمەی وت و ڕووی لە سەیالی وەرگێڕا و چەند هەنگاوێک لە بارەکەی دوورکەوتەوە و خەریکی چاککردنی سەرپێچەکەی بوو کە شێوابوو، ئەشی ویست تیلی چاوی لەژێرەوە هەر لە سەیالی بێت تا بزانێت چی ئەکات، بەڵام بەزۆر دانی بەخۆیدا گرتبوو بەئاشکرا ئاوڕی لێ نەئەدایەوە.

سەیالی لە جێگەکەی خۆیدا وەک نەخشی بەرد بێدەنگ وشک وەستابوو نەی ئەزانی چی بکات و چۆن شاناز ئاشت بکاتەوە، هەرچەند لە دڵی خۆیدا زۆر شادمان بوو چونکە شانازی چۆن ئەویست وا دەرچوو، وەلێ ئەترسا کە ئاشت نەبێتەوە ئەگەر ئاشتیش بووەوە دوودڵ بێت، بۆیە پاش تاوێک بێدەنگی وتی:

– شاناز خوای دڵداری و ئەستێرەی ئاسمان و نەوای نەی و لەرەی لق و جریوەی مەل و کورپەی دڵی خۆت، هەموو ئاگادارین لە ڕۆژی دیوانی خودادا کە مەبەستم تاقیکردنەوەی تۆ بوو، ئێستەش لە دوا تاقیکردنەوەدا بەڕەنگێ سەرکەوتیت لەلام بوویت بەپەیکەری جوانی و داوێن پاکی و ئازایی و وێڵ و تەمکین تا ئێستە چەند دڵم بەتۆ خۆشبوو، نازم پێوە ئەکردیت، ئێستە و دوا هەزار ئەوەندە. لەبەرئەوەی ئەگەر ئاشت نەبیتەوە لەگەڵمدا پەیمان بێت هەتا دوا دڵۆپی خوێن لە لەشمدا بەتەڕی بمێنێت وێڵی بیابان و هەردە و کێو و کەژ بم و چیرۆکێکی وەک چیرۆکی مەم و زین بخەمە سەر گەنجینەی وێژەی کوردەواری ئیتر بەبەریەوە نییە لەمە زیاتر دڵم بشکێنیت. من کە بەگزادەی ڕۆخزاییم وەک گاوانێکی خاوەن تاوان لەبەردەمی تۆدا ئەلالێمەوە و خۆشت ئاگاداریت ئەمڕۆ و سۆزی تەلزگەیەکی چەند ناهەموارمان وا لە پێشەوە، نەک بکوژرێم، بەسە دڵم تەقی، خۆت ئاسایی وەک جاران ئاوڕێکم لێ بدەرەوە، تاقە فریشتەی هەموو ڕۆخزایی و گشت کوردەواری، بەهیوا مەبە فرمێسکی پەشیمانی بەسەر لاشەی سەیالیدا ئەم گوناهەت بشواتەوە، ئەگەر نەم بەخشیت و دڵت نەیەتەوە جێگەی خۆی پێویستە بزانیت لەلای من داوێن پاکی کەنیشک گەوهەرێکی شەوچرایە بەتاجی دڵدارییەوە، ڕێگەی ژیانی کامەرانی خێزان ڕوون ئەکاتەوە لە دواڕۆژدا، توخوا لە دڵی خۆت بپرسە ئایا باوەڕ ئەکات کە من دڵداری لە تەک کچێکی هەرزەی داوێن پیسدا بکەم؟

ئەمەی وت و بێدەنگ بوو.



دڵدار بیر بڵاوە، زوو بڕوا بەشت ئەکات، هەرچەندە باوەڕکردنەکەی شاناز لە جێگەی خۆیدا بوو سەیالی ڕاستی ئەکرد بۆیە بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە سەرزەنشتەوە ئاوڕێکی لە سەیالی دایەوە، بەڕەنگی وەک هێزی کێشندە ڕووەو خۆی ڕای کێشا و وتی:

– سەیالی مەیەژە من بەگزادە و شاناز کەنیشکی چینی بۆرە پیاوە و بەهەموو ڕەنگێ منی ئەوێت. داوێن پاکی و تەمکین زۆر بەرزتر و پیرۆزترن لەلام لە تەختی پادشایی، ئەم جارە لێت ئەبوورم بەمەرجێک جارێکی کە چی وات لێ نەبیستم درەنگە بڕۆ گاکە بێنەرەوە با بارەکە بار بکەینەوە و بڕۆم ڕۆژ درەنگە.

سەیالی بێ ئەوەی هیچ بڵێت بەڕاکردن ڕۆیی و گا ڕەشی هێنایەوە، لە کاتی بارکردندا کە دەستیان خستە ناودەستی یەکتریەوە سەیالی موچرکێک لەبەری پێیەوە هات و لەسەرییەوە دەرچوو، شانازیش وەک هێزێکی کارەبا بەلەشیا هاتوچۆ بکات وای بەسەر هات، کە بار بارکرا و گا ڕەش کەوتە ڕێگا سەیالی زۆری لەخۆی کرد و وتی:

– چتێک هەیە بیڵێم.

شاناز وتی: هیچ مەڵێ من بۆ تۆم و تۆش بۆ من، بەزیندوویی لە دووتوێی پەردەی ئاڵدا، یان بەمردوویی لە دووتوێی ڕەشی چاڵدا بۆ ئەوە گومانت نەمێنێت و باشیش دڵنیا بیت زۆر دەمێکە مەرگەمووشم پەیدا کردووە و دامناوە، ئەگەر تۆ شتێکت بەسەر هات منیش پەیمان بێت خۆم دەرمان خوارد ئەکەم.

لەم کاتەدا سەیالی لە خۆشیانا پێی نەئەکەوتە سەر زەوی، ئینجا تەواوی بڕوای بەئاشتبوونەوەی شاناز کرد. دوای ئەوە هەریەکەیان پاشەوپاش ملی ڕێگەکەی خۆی گرت و ڕوویان هەر لە یەکتری بوو، بەچاو و بەدەس یەکتریان ئەدایە دەست خوای بانی سەر تا شاناز بەدوای گا ڕەشدا کەوتە نشێوی و لە چاوی ونبوو.

## سەربازگە

بەیانی دوایی بەر لەوەی تیشکی خۆر لە کەل سەر دەربێنێت وەک ئاوایی (دزکەرە) سەربازگە بێت لە هەر ماڵێکەوە چەند تفەنگ بەدەستێک کە لە فیشەکدا زەرد ئەچوونەوە هاتنە دەرەوە و بەڕاکردن و قەڵەم بازدان وێنەی کار ئاسک ڕووە و خانووە گەورە بەرزە دوو نهۆمەکە چوون و لە دەشتاییەکەی بەر خانووەکەدا کۆبوونەوە و بێدەنگ ڕاوەستان و تەماشای دەروازەی ماڵە گەورەکەیان ئەکرد وەک چاوەڕوانی فەرمانێک یان کارێکی گرنگ بن.

دوا بەدوای ئەوان پۆل پۆل نازک ئەندامان، لەپێشەوە پیرەکان و ئافرەتە سەرەکان، دوای ئەوانیش منداڵ بەباوەشەکان و ئینجا کچە عازەبە پێگەیشتووەکان کە تازە چاویان بەکلی دڵداری ڕێژرابوو، هاتن و لەبەر جۆگاکەوە بێدەنگ ڕاوەستان و هێزی بەرهەنسک ڕووەو کوڕەکان و مێردەکانیان وای پاڵ پێوە ئەنان، تۆ وات ئەزانی مناڵن و تازە کەوتوونەتە شنەشن. جاروباریش دڵۆپی ئاونگی سەر وێنجە و

سێپەڕە تازە دوو پەلەبووەکان، لەولاشەوە زمانی بینین و تیلی چاوی پڕ لە شەرم و حەیای کچە عازەبەکان بۆ کوڕە هەرزەکارەکان شێوەی بێ هیوایی چارەڕەش و بەدبەختی ئەنواند. هەرچەند هەر کەسە بەهێزی ڕووگیری زەردەیەکی درۆی کردبوو بەپەردە بۆ داپۆشینی شێوەی دڵگیری و زیزی دەموچاوی، چونکە زۆرباش ئەیانزانی و هەموو لە دڵی خۆیاندا ئەیان وت: ئاخۆ پاش ماوەیەکی تر لاشەی چەند کەس لەم تفەنگ بەدەستانە دێتەوە بۆ ئاوایی؟ ئاخۆ تاوێکی کە کام ئافرەت بێوەژن ئەکەوێت، کام دایک ڕۆڵە کوژراو ئەبێت؟ کام ساوا بێ باوک ئەکەوێت؟ کام دولبەر بێ دڵدار ئەبێت؟

لەم کاتەدا وەک موسیقای سروشت لە ئاهەنگێکی دوور و درێژ بووبێتەوە و پشوو بدات هیچ نەوا و ئاواز و سروە و دەنگێکت نەئەبیست و هەموو ڕاوەستان بێ جووڵە و چاویان بڕیە دەروازەی ماڵە گەورەکە، لە پڕ کەوتە سەرپشت، لالە سەرحەد گالۆکێک بەدەستەوە و هەر شەش کوڕەکەی لەدوایەوە هاتنە دەرەوە، سەرحەد پێی لە گرێژەنەی دەرگاکە هەڵەنگوت و زۆری نەمابوو لەپەڕوو بکەوێت، موالی کوڕی وەک هەڵۆ داهاتێ و گرتیەوە، نەیهێشت بکەوێت، کە هەڵی ساندەوە باوکی ئاوڕێکی لێ دایەوە و لەسەرخۆ تەماشایەکی کرد و هیچی نەوت، وەک بۆ وشەیەک گەڕابێت و نەی دۆزیبێتەوە بیلێت.

دوای ئەوە وردە وردە ڕۆیشت تا گەیشتە سەر بەرزاییەکەی بەردەمی لەشکرەکە، لەوێ ڕاوەستا و هەردوو دەستی خستە سەر قەفی گۆچانەکە و ناوچەوانیشی خستە سەر دەستی وەک پشوویەک بدات. دوای ئەوە سەری هەڵبڕی و وتی:

– نازانم چیتان پێ بێرم، تەمەنی درێژ ئەم کوێراییەشی هێنا بەچاومدا کە لەگەڵ تیرەی تەرخانی کە بن ئامۆزای خۆمانن دەست بخەینە خوێنی یەکترییەوە، بەڵام چارە نییە. تەرخانییەکان ژیان بەئێمە ڕەوا نابینن، گەرەکیانە ئەو مێرگ و مەڵبەند و نیشتمانەی بەدەستمانەوەیە لێمان زەوت بکەن و تالانمان بکەن بۆ پەنگی کۆچەریەکانی کوردەواری. لەشکرەکەیان وا لەناو ئەو دارستانەدا (پەنجەی بۆ شاخەکەی بەرامبەر دزکەرە ڕاکێشا) چاوەڕوانی لەشکری ئێمە ئەکەن ئەگەر زوو فریایان نەکەوین لە ئاواییدا ئەدەن بەسەرماندا و ئەمانکەن بەپەنگ ئیتر خۆتان و غیرەتتان، ئەم جەنگە جەنگی مردن و ژیانە، جەنگی پیاوەتی و داوێن پاکی و شەرەفە، جەنگی سەربەرزییە لەناو هەموو کۆچەرییەکاندا.

دوای ئەمە لەشکرەکەی کرد بەشەش بەشەوە و وتی:

– هەمیشە سێ بەشی لە هێرشدا بێت و سێ پشوو بدات، خۆی ئامادە بکات بۆ دووەم هێرش، بەڵام دەستم داوێنتان تیغ نەگاتە سەر ئێسقان، ئەوی پشتی تێکردن مەی کوژن، ئەوی چەکی فڕێدا وازی لێ بێنن فرە مەنیشنە سەر لەشکری شکستە با دوشمنایەتییەکە لەمە زیاتر قووڵ نەبێتەوە.

ئەمانە لە خۆمانن بەقسەی بێگانە هەڵخەڵەتاون، ڕۆژێک هەر ئەبێ پەشیمان ئەبنەوە، بەڵام کە شکانتانن و گەڕانەوە لەسەر لووتکەی شاخەکەوە بەدەم ئاوازێکی بەسۆزی هۆرەوە بگەڕێنەوە. ئەمە پەرلەی سەرکەوتنتان بێت. دەبڕۆن لە پەنای خودادا بن و یەزدان ئاگادارتان بێت.

لەم کاتەدا هەناسەیەکی دوور و درێژی هەڵکێشا و تاوێک بێدەنگ بوو وەک بیر لە ڕابوردووی خۆی بکاتەوە، زۆری پێنەچوو دڵۆپی فرمێسکی سپی بەسەر ڕیشی چەرموگدا گلۆر بووەوە و وتی:



– کوێراییت دایە سەرحەد، ڕۆخزایی شەڕی سەر و ماڵ ئەکات و تۆش بێدەسەڵات لە ماڵەوە دائەنیشیت.

دوای ئەمە دەستی کرد بەگریانێکی ئەوتۆ چەک بەدەستەکان وەختەبوو ئاگریان بۆی تێبەربێت، چونکە هەموو ئەیانناسی کە چەند ئازا و لێهاتوو بوو لەکاتی خۆیدا بەڵام ئێستە پەکی کەوتووە و پیری لای لێ بڕیوەتەوە. موالی کوڕی کە سەرلەشکر بوو ڕووی تێکرد و وتی:

– خەفەت مەخۆ و دڵنیابە پشت بەخوا زۆری پێناچێ بەم زووانە مژدەی سەرکەوتنت بۆ دێتەوە و گوێت لە ئاوازی هۆرەی سەرکەوتن ئەبێت.

دوای ئەمە فەرمانی دا لەشکر ڕووە و ئەو شاخەی کە ئەبێت لەشکری دوشمن لەوێوە بێت، بکەوێتە جووڵە. کە لەشکر کەوتە جووڵە تا لە چاو ونبوو لالە سەرحەد هەر تەماشای ئەکردن، دوای ئەوە وردە وردە تەقەی گالۆکەکەی کرد بەپێخۆری ڕێگا و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، سەبیلێکی تێکرد و سکلێکی خستەسەر و ڕووەو شاخەکە دانیشت، دەستی کرد بەمژ لێدان، لەگەڵ هەر مژێکدا ئەیویست شاخەکە لە بێخ دەربێنێت. درێژی ڕۆژی بەهار کردی و لالە سەرحەدی پیری کەفتەکاری داماو کردی، وەک ماران گاز گێنگلەی ئەخوارد و چاوەڕوانی دەنگوباسێک بوو. لە پڕ شین و شەپۆڕ لەناو ئاواییدا پەیابوو، لەبەرئەوەی ماڵەکە کەسی تێدا نەبوو هەواڵێکی بۆ بێنێتەوە خۆی هەڵسا و گالۆکەکەی گرت بەدەستەوە و چوو بۆ ناو ئاوایی. لە ڕێگادا بیستی لاشەی چەند کوژراوێکیان هێناوەتەوە لە فیسارە جێگا لە تەنیشت مزگەوتەوە دانراون، ڕووی وەرگێڕا بۆ لای مزگەوت و چووە سەر لاشەکان، زۆرچاک لێیان وردبووەوە بەبێ ئەوەی نقەی لیوە بێت، هەڵسا و بەمۆنییەکەوە پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، هێشتا نەگەیشتبووە نیوەی ڕێگا، جارێکی تر شین و ڕۆڕۆ بەرز بووەوە، زانی ئەمە بۆ کوژراوەکانی پێشوو نییە، بۆیە گورج پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ سەر لاشەی کوژراوە تازە هێنراوەکان، کە تەماشای کرد چەند لاشەیەکی تریشیان هێناوەتەوە، تاوێکی باشیش لەمان وردبووەوە. لەم کاتەدا خێزانەکەی هات. سەرحەد بەمۆڕییەکەوە تەماشایەکی کرد و بۆ ماڵەوە ملی ڕێگای گرت، ئەم جارەش نەگەیشتبووە ماڵەوە ڕۆڕۆیەکی تازە دەستی پێکردەوە دیسان گەڕایەوە. بەم ڕەنگە تا نزیک خۆرئاوا ئەم پیرە بێچارەیە هەر بەڕێگای ماڵی خۆیان و مزگەوتەوە بوو، هەموو جارێکیش بەتووڕەییەوە تەماشای ژنەکەی خۆی ئەکرد کە دایکی هەر شەش کوڕەکەی بوو. ئەم کردەوەیەی سەرحەد سەرنجی خێزانەکەی ڕاکێشا، بۆیە بۆ دواجار دوای کەوت و لە ڕێگا وتی:

– باوکی موالی ئەوە بۆچی گشت جارێک کە تەماشای کوژراوەکان ئەکەیت لە من مۆڕ ئەبیتەوە؟

سەرحەد کە زانی جگە لە ژنەکەی خۆی کەسی تری لێ نییە، لەسەر بەردێک دانیشت تا پشوویەک بدات، چونکە بەڕاستی ماندوو بوو، ژنەکەش بەدیاریەوە ڕاوەستا، پاش تاوێک سەری هەڵبڕی و وتی:

– کچێ ئابڕوومان چوو، لەناو هەموو ڕۆخزاییدا بووین بەپەنگ. کوڕە ترسنۆکەکانی من و تۆ لە کەندەلاندا خۆیان شاردۆتەوە. ئەی ئەگەر وا نییە کوا بۆچی لاشەی یەکێکیانیان بۆ نەهێنایەوە.

ژنەکەی خەریکبوو دەم بکاتەوە، لەولاوە ئافرەتێک بەشین و شەپۆڕ هات و وتی:

– لاله لاشەی سەیالی ئاغامیان هێنایەوە. سەرحەد سەری هەڵبڕی و وتی:

– جا تۆ لێت ڕوونە ئەوە؟ ئافرەتەکە وتی بەڵێ. دایکی سەیالی دەستی کرد بە لەخۆدان و ڕۆڕۆ، سەرحەد پێی وت:

– کەنی گریانی گەرەک نییە، ئەو لەو هەموو لاوانە زیاتر نییە کە کوژراون، بڕۆ بزانە لە کوێوە پێکراوە، چونکە بەو خوایەی گیانی سەرحەدی بەدەستە ئەگەر لە پشتەوە پێکرابێت نایەمە سەر لاشەکەی.

دایکی سەیالی و ئافرەتەکە ڕۆیشتن، زۆری پێنەچوو ئافرەتەکە هاتەوە و وتی:

– لاله گیان دوو گوللەی پێوەیە یەکێکیان داویەتی لە سنگی و لە پشتیەوە دەرچووە، ئەویتریان داویەتی لە ناوچەوانی و لە پشتی سەریەوە دەرچووە.

سەرحەد زۆر لەسەرخۆ هەستایە سەر پی و وتی:

– ئافەرم ڕۆڵەی هەڵکەوتوو بەتەواوی سەلمانت کوڕی سەرحەدیت، دیارە لە کاتی هەڵمەت و هێرشدا پێکراوە. ئەمەی وت و قەفی گۆچانەکەی کرد بەقوڵیدا و زۆر لە جاران خێراتر ڕۆیی بۆ سەر لاشەکە. کاتێک گەیشت دڕی دا بە ئافرەتەکانی چوارلای لاشەکە و زۆر بەوردی سەرنجی لێدا و تەماشای کرد و تێی وردبووەوە، کە حاڵی بوو ڕاستە و سەیالییە و لەپێشەوە پێکراوە فرمێسک بەچاوەکانیا هاتەخوارەوە و ناوچەوانی ماچکرد و سەری هەڵبڕی و وتی:

– هەرچەند قوربانی گرنگمان زۆردا، بەڵام زامی کوژراوەکانمان مزگێنی دەری سەرکەوتنە هەموو لە پێشەوە ئەنگێوراون لە کاتی هێرشدا بۆ سەر دوشمن، بۆیە گومانم نییە سەرئەکەوین و بەم زووانە گوێم لە هۆرەی سەرکەوتن ئەبێت.

## کەنیشکی چەندجار دڵشکاو

ئەوی لەم شەو و ڕۆژەدا لە هەموو کەس زویرتر و دڵشکاوتر بوو شا کچی ڕۆخزایی، شانازبوو، چونکە باوک و براکانی قایل نەبوون چەک هەڵبگرێت و لە تەک لەشکردا بچێت بۆ کۆڕی مەیدانداری و جەنگ، تا لە سەیالی بگەیەنێت بەچکە شێر کە لە لانە دەرچوو هیچ جیاوازییەکی نییە، نێر بێت یا مێ بێت، باوک و براکانیشی کە ڕێگەیان نەدا لەبەرئەوە نەبوو لە ئازایی شاناز لە گوماندا بن یان لە کوشتنی بترسن، بەڵکو لەبەرئەوە بوو نەک خوانەکردە بەدیلی بکەوێتە دەستی دوشمن و ببێتە هۆی تەپڵی بەدناوی لێدان بۆیان. شەوگاری دڵی شکاو با بەهاریش بێت وەک شەوی پایز هەر دوور و درێژ و ناهەموارە، بۆیە ئەو شەوە شاناز تا بەیانی وەنەوزی نەدا، لەلایەکەوە لە ترسی گیانی هەر حەوت براکەی و باوکی کە ئەچنە کۆڕی جەنگەوە، لەلایەکیشەوە لە داخی ئەوەی کە نەیانهێشت بچێت بۆ جەنگ، خۆ هیچ نەبوایە لەکاتی برینداربوون و کوژراندا ئەچوو بەهاواری برایەکیەوە، یان هاوسێ ماڵێکیەوە، خۆ سەرباری ئەم هەموو پەژارەیە کە سەیالی بیرئەکەوتەوە وەختە بوو ئاگری ناسۆری دەروونی دابمرکێنێتەوە، چونکە زۆر باش ئەیزانی و لێی ڕوون بوو سەیالی لاوێکی چەند ئازا و سەرکەش و خوێن گەرم و



دەمارگرژە، بۆیە گومانی لەوەدا نەبوو کە یەکەم کەسێک لە ڕۆخزایی لەکاتی هەڵمەت و هێرشدا بکوژرێت سەیالی ئەبێت، لەبەرئەوە لەم جۆرە بیرکردنەوەیە خۆی دوورئەخستەوە، هەرچەند لە ڕاستیشدا ئەوەندەی لێ نەئەترسا چونکە دەمێک بوو بیری خۆی لەم ڕووەوە یەکلایی کردبووەوە و بڕیاری دابوو ئەگەر سەیالی بکوژرێت یان بمرێت ئەویش خۆی دەرمان خوارد بکات. بۆ ئەم مەبەستە مەرگەموشی پەیدا کردبوو لە ماڵەوە دایناوبوو. هەرچەند لەم ڕووەوە بکەوتایەتە بیرکردنەوە ئەی وت لەلای خوا بڕاوەتەوە. مەبەستی ئەوەبوو کە سەیالی نەمێنێت ئەویش خۆی دەرمان خوارد ئەکات.

بەیانی وەک لەپێشەوە وتمان کە لەشکر هەموو لە دەشتاییەکەی بەردەم ماڵی سەرحەددا کۆبوونەوە و ئافرەتەکان بەرامبەریان ڕاوەستان، شاناز لەوبەر جۆگاکەوە لە پشت داربییە گەورەکەوە ڕاوەستابوو، جاروبار سەرێکی ئەکێشا و گورزەیەک تیشکی دووچاوی ڕەشی گەشی ڕووە و ڕاوەستاوەکان ئەنارد، تا لەگەڵ پرشنگی دووچاوی سەیالی هێڵێکی ڕاستیان ئەبەست، ئەوسا دوایی ئەهات. کاتێ لەشکر کەوتە جووڵە شاناز هەلی بۆ هەڵکەوت کە هیچ نەبێت لەگەڵ سەیالیدا هەر بەچاو گفتوگۆ بکات و پەیمانی یان مردن یان ژیان بەیەکەوە تازەبکەنەوە، چونکە هەندێ لە براکانی لەناو دەستەکەی سەیالیدا بوون، بۆیە ئەوانی کرد بەبیانوو و هاتە سەر ڕێگای لەشکرەکە و ڕەوانەی کردن، لە خوا ئەپاڕایەوە بۆیان و هەمیشە لەژێرەوە تیلی چاوی هەر لە سەیالی بوو، ئەوی ویستی هەمووی هەر بەچاو تێگەیاند.

دوای ئەوە بەتەنیا چووە ماڵەوە نەیئەزانی چی بکات. کاتی کوژراو هێنانەوە دەستی پێکرد، مەگەر لاله سەرحەد ئەوەندەی شاناز بەپەرۆش بووبێت بۆ بینینی کوژراوەکان لەبەر براکانی و باوکی و سەیالی.

شاناز ئاگاداری هەموو کەینوبەینی سەرحەد و خێزانەکەی بوو چونکە لەودیو توتڕکەکەوە خۆی لێ گرتبوون. کە سەرحەد بەخێزانەکەی وت کوا بۆ لاشەی کوڕێکی من و تۆیان نەهێنایەوە دڵی ئەکەوتە پەلەکردن و خێراخێرا لێیئەدا و هەناسەی سوار ئەبوو، لەبەر خۆیەوە ئەیوت:

خوایە سەیالی بە دوورخەیت.

کاتێک ئافرەتەکە قیژانی وتی: لاله لاشەی سەیالی ئاغامیان هێنایەوە، شاناز ڕۆژی ڕووناکی لێ بوو بەشەوی تاریک و دڵی وەک هەناری داتەکاوی لێهات و کەوتە کورپەکورپ، وەک ئاسکی ڕەم کردەی سەر لێشێواو نەیئەزانی چی بکات. بۆیە تاوێک ڕووەو ماڵی خۆیان ڕایکرد و تاوە و دوا گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی.

سەروپێچەکەی کرابووەوە. کۆڵوانەکەی لێ کەوتە خوارەوە، بەبێ ئەوەی هەڵی بگرێتەوە ڕووەو جێگەی تەرمەکان وەک شێت ڕایکرد، لەم کاتەدا چاوەکانی ئەبڵەق بووبوون، کە گەیشتە ئەوێ بەپەلەکوتان دڕی دا بەکۆڕی ئەو ئافرەتانەی کە بەخوێنی برینەکانی سەیالی دەست و پەنجەیان سوورکرد بوو، زاواڕۆیان ئەکرد بەدەوری لاشەکەیدا.

ئافرەتەکان لە دیمەنی سامداری شاناز زۆری نەمابوو کوژراوەکانیان لە بیر بچێتەوە یەک تەماشای یەکیان ئەکرد و واقیان وڕمابوو، بەڵام شارەزاکانیان و هاوتەمەنەکانی شاناز ئەیانزانی حەقیەتی و ئەبێت زیاتر بکات، چونکە ئاگاداری پەیوەندی شاناز و سەیالی بوون، ئەمان لەوە سەریان سوڕما بوو کە شاناز

چۆن هێشتا زیندووە.

کاتێک شاناز گەیشتە سەر لاشەکەی سەیالی کە هێشتا خوێنی گەشی سەری ئەکرد، تاوێکی باش لێی وردبووەوە وەک باوەڕ نەکات، چاوەکانی گلۆفت و زیاتر سەرنجی لێدا کە گومانی نەما ڕاستە سەیالییە و کوژراوە، هەردوو چنگی کرد بەخوێنەکەیدا و بەهەردوو چەپۆک دای بەتەوقی سەریدا، بەڵام حەیای ئەو سەردەمەی کۆچەرێتی بەرهەڵستی وەستا، بۆ بەرزبوونەوەی ئاوازی ڕۆڕۆکردن. لەم کاتەدا بوو لالە سەرحەد هات و ئافرەتەکان ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد کە بچێتە سەر لاشەکەی، شانازیش وەک مقەبا زیاتر لە تارماییەکی بێ گیان ئەچوو، چووە ئەولاوە ڕاوەستا بزانێت سەرحەد ئەڵێت چی. بەڵکو ئەمە خوایە سەیالی نەبێت و ئەم چاوی ڕێشکەوپێشکە بکات. کە گوێی لێ بوو سەرحەد وتی: بەڕاستی سەلمانت کە ڕۆڵەی سەرحەدیت.

ئیتر شاناز بەتەواوی جڵەوی هێزی توانای لە دەست پەڕی و دایە پرمەی گریان و ڕۆڕۆ و چەپۆک دان بەسەردا، وەک دێوانە ڕووە و ماڵ ڕایکرد، دوو ئافرەتیش بەدوایا بەڕاکردن ڕۆیشتن، چونکە گومانیان نەبوو ئەم ڕاکردنەی بۆ ماڵەوە بۆ خۆکوشتنە. شاناز لە پێش هەموویاندا گەیشتە ماڵەوە، لە پەنای هییزەکەدا پریاسکەیەکی دەرهێنا و کردیەوە شتێکی لێ دەرهێنا و قووتی دا. لەبەرئەوەی زۆر بوو لە بینی گیرا ڕایکرد دەمی نا بەهەنگڵی کوندەکەوە و یەک لەسەریەک قومی لێدا. لەم کاتەدا ئافرەتەکان گەیشتن، هەرچەند بەزۆر دەمی کوندەکەیان لە دەست سەندەوە بەڵام ئەو مەرگەمووشەکەی قووت دابوو، زۆری لەگەڵ خەریکبوون تفی بکاتەوە بێ سوود بوو، خۆی لە دەست ڕاپسکاندن بۆلای جێی کوژراوەکان ڕایکرد، لە ڕێگە هەرچەند پێی لە بنچکێ هەڵەنگوتایە بەهەموو هێزێکەوە خۆی ئەکوتا بەسەر زەویدا و خێرا هەڵئەسایەوە تا گەیشتە ژێر دەوارەکە گشت سنگ و بەرۆکی و دەموچاوی خەڵتانی خوێن بوون، بەم حاڵەوە گەیشتەوە سەر لاشەی سەیالی کە لەبن دەوارەکەدا ڕاکێشرابوو شیوەنی بەدیارەوە ئەکرا. ڕاوەستا، دەموچاوی بەتەواوی شین هەڵگەڕان، چاوەکانی کە جاران ئەتوت گەلاوێژن ئەبلەق دەرپۆقیبوون، خۆشی بەمدیو ئەودیودا ئەهات و وردورد ئەی نکان.

شیوەنکەران لە دیمەنی سامیان لێ نیشتبوو لەپڕ قیژانی و وتی:

– سەیالی مەڕۆ منیش دێم. ئەمەی وت و خۆی دا بەسەر لاشەکەدا. ئافرەتەکان خەریکبوون هەڵی سێننەوە، یەکێ لە هاوڕێکانی وتی وازی لێ بێنن با داخی کۆنە و نوێی دڵ و دەروونی بڕێژێت. پاش تاوێک کە ویستیان هەڵی سێننەوە تەماشایان کر وا لە گیانەڵا دایە و پاش تۆزێک گیانی سپارد. لێوە شین هەڵگەڕاوەکانی خوێنی ئاڵی پێوەبوو، تومەز دەمی نابوو بەزامەکەی ناوچەوانی سەیالییەوە و تا گیانی تیابووە و توانیویەتی مژیویەتی.

کە ئەم دەنگەیان دا بە لالە سەرحەد دەستی دا بەدەستدا و وتی:

– لە چی ترسام وا دەرچوو، خەنەی زماوەندەکە خوێنی لاوەکان بوو، تارای سووری دەواری ڕەش بوو.

## هۆرەی سەرکەوتن

کاتێک دوا تیشکی زەردەی خۆری ئەو ڕۆژە خەریکبوو گوندەکە بەجێ بهێڵێت و دەواری ڕەشی شەو



بدرێت بەسەر ئاواییە ڕەشپۆشەکەدا، مێگەل و ئاژەڵەکەش خۆی کرد بەئاواییدا و بەکۆڵانەکاندا بەباڕە و بۆڕە و قاڕەوە بڵاوبوونەوە، چونکە کەیبانووەکان خەریکی شیوەن و ڕۆڕۆ بوون، نەیان ئەپەڕژایە سەر مەڕ و بزن و مانگا دۆشین و کار و بەرخ و گوێرەکە تێبەردان. شوان و گاوانیش لەجیاتی نان چنینەوە کەوتنە یاریدەدانی ئافرەتەکان لە کولیلیل دروستکردن و خوم گرتنەوە و قوڕشێلاندا کە تفاقی پرسە بوون لەو ڕۆژەدا.

هەر لەم کاتەدا کە تریفەی مانگەشەوی مانگی چواردەی تازە لە کەل گۆشە کشا و دەرکەوت و دای لە دەموچاوی لالە سەرحەدی داماو، کە بەکزییەکەوە لە سەربەستە بەرزەکەی بەردەمی دەواری تەرمەکان چوار مەشقی دانیشتبوو، لەپڕ وەک شتێکی بیر کەوتبێتەوە سەری هەڵبڕی و بەملا و ئەولای خۆیدا ڕوانی و وتی:

– ئەرێ کێ گوێی لە دەنگمە بابێت. کە یەکێ لە گاوانەکان هات بەدەنگییەوە پێی وت:

– بەچوار لای دەوارەکەدا شاپلیتە دابگیرسێنن، ئەگەر نییە ئاگر بکەنەوە، با چاومان لە کوژراوەکان بێت. دوای ئەوە سەری دانەواند و دەستی کرد بە بەرهەنسکدان بەجۆرێ لەگەڵ هەر بەرهەنسکێکدا وەختە بوو سەری هەڵبکەنرێت لەلایەکەوە لە داخی ئەم کوژراوە جوانەمەرگانە بەتایبەتی سەیالی و شاناز کە دوو کۆرپەی دڵداری بەکام نەگەیشتوو بوون لەلایەکیشەوە بەزۆری لەبەرئەوەی ئەوا شەوی بەسەرا هات و هیچ دەنگوباسێکی سەرکەوتنی لەشکرەکەیان نەبوو، بۆیە زۆر لەوە ئەترسا سەرەڕای ئەم کۆست و کارەساتە پڕ دەرد و مەینەتیەش لەشکرەکەیان بشکێت و بەتەواوی بەسەر و ماڵەوە تێدا بچن و بەجارێک ڕەچەڵەکیان ببڕێتەوە. یان ئەوانەیان کە ئەمێنن ببڕای ببڕای ڕوویان بێت لەناو کۆچەرییەکاندا ناوی خۆیان و تیرە و هۆزەکەیان بێنن.

ئەو لەم لێکدانەوەیەدا بوو دەنگی زایەڵەی هۆرەی سەرکەوتن بەنەوا و ئاوازێک بەر گوێچکەی کەوت، زۆری نەمابوو شادە مەرگ ببێت، وەک باوەڕ نەکات قیژانی وتی: ئادەنگ. کە شیوەنکەران هەموو بێدەنگ بوون سۆزی ئاوازەکە تا ئەهات لەرەی نەواکەی نزیکتر ئەبووەوە کە نیشانەی سەرکەوتنی لەشکرەکەیان بوو بۆیە سەرحەد زۆری نەمابوو لە خۆشیانا دەست بکات بەپێکەنین و کوژراوەکان و کۆستە ناهەموارەکەی لەبیر بچێتەوە. لە ڕاستیدا ئاوازی هۆرەکە وەک ئاوێک وابوو کە ئەکرا بەسەر ئاگری دەروونی هەموو کۆست کەوتووەکاندا و هەر لەبەرئەوە بوو کە هەرکەسە لە خۆیەوە بەبێ پێ وتن بێدەنگ چاوەڕوانی گەیشتنی لەشکرەکە بوو.

دوای کەمێک چاوەڕوانی بەرایی لەشکر دەرکەوت و لە پێش هەموویانەوە موالی کە سەرلەشکر بوو سەری دانەواند بوو وەک کۆست کەوتوو گورجوگۆڵ ئەڕۆیشت چونکە سەرکەوتووی مەیدانی جەنگ بوو. کاتێ گەیشتە ئاقاری دایکی کە لە ڕیزی ئافرەتەکانی بەردەمی دەواری تەرمەکاندا ڕاوەستابوون، دایکی قیژانی کوا سەیالی، بۆچی بەجێت هێشت؟ موالی بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت دایە پرمەی گریان و خۆی کرد بەژێر دەوارەکەدا، یەکەیەکە چووە سەر کوژراوەکان، بەدیار هەموو یەکێکیانەوە تۆزێک ڕاوەستا و دواجار چووە سەر لاشەکەی سەیالی و بانگەوازی براڕۆی بەرزکردەوە، ئەو لەو وێنەیەدا بوو مامۆستا

هات و قۆڵی گرت و تکای لێکرد کە لەگەڵیا بچێتە دەرەوە. کە موالی ڕووە و دەرەوە هەنگاوی نا وەک بۆ دواجار ئاوڕ لە سەیالی بداتەوە، لەودیو لاشەی سەیالییەوە تەرمێکی تری بەرچاو کەوت کە لەوەپێش سەرنجی ڕانەکێشابوو بۆیە چووە پێشەوە، کە چومکی جاجمەکەی بەرزکردەوە لاشەی شانازی دی موچرکێکی پێداهات و داچڵەکی و بەسەرسامییەوە تەماشای مامۆستای کرد. مامۆستا بەچاو و بەدەست حاڵی کرد کە دوای سەیالی خۆی دەرمان خواردکرد، موالی دیسانەوە دەستی کردەوە بەگریان و لەگەڵ مامۆستا لە دەوارەکە چوونە دەرەوە، دایکی هات بەپیریەوە و دەستی کردە ملی و وتیەوە کوا سەیالی؟

موالی کە بەگریانەوە وتی ئەی زەماوەندتان بۆ نەکردوون و لە پەردەدا نییە؟ کۆڕی شیوەن جۆرێک گەرم بوو کەس سەر کەس نەدەپەرژا و هیچ گوێیان نەئەدایە تکا و پاڕانەوەی مامۆستا، بۆیە بەناچاری هاواری برد بۆ لالە سەرحەد، کە تەماشای کرد ئەو لە هەموویان خراپترە بەم ڕەنگە تا ئەهات ئاگری شیوەن و لەخۆدان و ڕووڕنینەوە کلپەی ئەسەند و بڵێسەی بەرزتر ئەبووەوە لەبەرئەوە مامۆستا بەناچاری ڕایکردەماڵەوە و بەپەلەپەل هاتەوە و بەدەنگی بەرز وتی:

– بیکەن بەخاتری ئەم قورئانە بەسیەتی. بەم ڕەنگە شیوەن و لە خۆدان بێ شەرعیە و خوا و پێغەمبەری خوا پێیان خۆش نییە و مردووەکانیش زیندوو نابنەوە چاکتر ئەوەیە وەک چۆن بەسەربەرزی و سەرکەوتوویەتی لە مەیدانی جەنگ و پیاوەتیدا گرەوتان بردەوە. ئێستەش پیاوەتی و جوانمەردی ئەوەیە ڕێزی مردووەکان بگرن. ڕێزی مردووگرتن بەتایبەتی کوژراوانی پێناوی شەرەف و داوێن پاکی و نیشتمانپەروەری ئەوەیە زوو بشاردرێنەوە و نەمامی یادیان لە دڵی گەورە و بچووکدا بنێژرێت، ببڕای ببڕای لە یاد نەچنەوە.

سۆزی بەر خۆرکەوتن لە هەمولایەکی شارەزوور و ناوچەکانی تری کوردستانەوە دەستەدەستە پرسەکەر ڕوو ئەکەنە ئەم ئاواییە، بێتو بزانن هێشتا کوژراوەکان نەشاردراونەتەوە ئەمەمان بۆ ئەبێتە لەکەیەکی نەنگ و بەدناوی و لە گرنگی سەرکەوتنەکەمان کەم ئەکاتەوە، مردنی ئەمانە پیرۆزترین مردنە و بەناوازە مەگەر دەست خواپێداوێکی وەک ئەمان بکەوێت.

خۆیان دا بەکوشت بۆ ئەوەی تیرە و هۆز و نەتەوەکەیان سەربەست و ئازاد بژین.

لەم کاتەدا مامۆستا ویستی پشوویەک بدات لالە سەرحەد چەند توانی بەدەنگی بەرز وتی:

– مامۆستا خاس یەژیت، گەرەکە تا پێش خۆرهەڵاتن هەموو بشاردرێنەوە، ئیتر شەو بەبەریەوە نییە، ئەبێت گەورە و بچووک نێرومێ هەریەکە خەریکی فرمانێک بێت تا هەموو ئەنێژرێن لە یەک جێگادا. بەمەرجێک گۆڕی سەیالی و شاناز بەتەنیشت یەکەوە بن.

ئەوا ئەم گۆڕستانەشم ناو نا گۆڕستانی شەهیدانی نیشتمانپەروەری و دڵداری.

– سەرنج –

ئەم چیرۆکە لەلایەن کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییەوە بەیارمەتی نووسەر خرایەسەر قاڵبی چیرۆکی سەر شانۆ و نۆ ڕۆژ لە هۆڵی نامەخانەی گشتی سلەیمانی نوێنرا.



# دەستووری نووسینی زمانی کوردی

## بەپیتی عەرەبی

## ١٩٦٨ زایین

## نووسینی زمانی کوردی بەپیتی عەرەبی

### سەرەتا

هەموو خوێندەوارێک ئەزانێت کە ئێمە لە چەرخێکدا ئەژین بەچەرخی خێرایی و ئەتۆم و داهێنراوی زۆر ناسراوە، زانین و دانایی و داهێنراوی بەکەڵک ئەوەندە زۆر بڵاوبوونەتەوە مرۆڤی وەک ئێمەمان کە بەچەند هەوارگە دوور بەشەلەشەل کەوتووینەتە دوای کاروانی ژیان تەنانەت فریای ئەوە ناکەوین هەر ناوەکانیشیان فێر ببین. ئەم پێشکەوتنە زۆرە لە زانستی و داهێنراوی نوێدا کارێکی ئەوتۆی کرد میللەتە بەرکەوتووەکانیش بەناچاری لە دوا دوای چەرخی نۆزدەهەم و سەرەتای چەرخی بیستەمدا کاتێک بەشێکی گرنگ لە نەهێنیەکانی زانستی دۆزرانەوە و داهێنراوی تازە بەشێوەی فراوان دەستی پێکرد هەستیان بەوەکرد کە درێژەدان بەیاسای نووسین و خوێندنەوەی زمانەکەیان و پێچوپەنا بۆ دروستکردنی نەک هەر هەڵەیە و بەس بەڵکو ئەبێتە هۆی پاشکەوتنیان لە فێربوونی زانستی چەرخی نوێدا بەو سەبارەتە بەپەلەپەل چوونە سەر ئەو بیر و بڕوایەی کە ئەبێت بەشێوەیەک بچن بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی زمانەکەیان کە بەزووترین کات و کورتترین ڕێگە پێکبێت تاوەکو دوای ئەوە ڕووی خۆیان ئاڕاستە بکەن بۆ فێربوونی زانستی تازەی سوودبەخش بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی و کێبڕکێی[1] زانیاریدا بکەونە بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتری بۆ گەیاندنی کاروانی ژیانی نەتەوەکەمان بەهەوارگەی شادمانی.

جا ئەی خوێندەواری بەڕێز لە جێگەیەک ئەمە بیروڕای ئەو میللەتانە بێت کە نەک چەند ساڵ بەڵکو چەند چەرخ لە پێش ئێمەوەن لە شارستانیەتیدا ئەی ئێمەی زۆر داماو بەدەست خودپەسەندیەوە لەگەڵ سوودپەرستی خۆیی ئەبێت چی بکەین؟

ئایا ڕەوایە خۆمان بپێچینە کوچک و کەلەکێک و دڕک و داڵێک کە بەدەستی خۆمان دروستی بکەین لەکاتێکدا کە زمانەکە لە چاو خۆیدا زۆر ئاسان و لەبارە بۆ زوو فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی. ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە نووسراوەکانی کۆنی کوردی بۆمان دەرئەکەوێت کە نووسراوەکە دەستنووس بێت یان چاپکراو لەسەر شێوەی عەرەبی و فارسی نووسراوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا بەزەحمەت خوێندراوەتەوە و تا ئەمڕۆش[2] هەندێکیان پارێزراون و ماونەتەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی بۆ خوێندەوارانی تازە هەندێک گرانتر بوو زۆریش نەدەگونجا لەگەڵ ئەو مەبەستەی کە

---

(١) کێبڕکێ = نەردێن: موسابەقە.

(٢) ئەمڕۆ بریتییە لە دوو واژە (لەفز) ئەم، ڕۆژ بەڵام بۆ سووک وتن بووە بە ئەمڕۆ.

لە پێشەوە وتمان بۆیە لە ساڵی ١٩٣٠ زایینی بەدواوە هەندێک لە خوێندەوارانی دڵسۆز کەوتنە هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی ئاسانتر و کورتتر و تایبەتی بدۆزنەوە بۆ نووسینی کوردی.

بەڵێ هەوڵ و کۆششی ئەم خوێندەوارانە تا پلەیەک سوودبەخش بووە تەقەلاکەیان بەفیڕۆ نەڕۆیشت وەلێ هەندێکیان لەم سالانەی دواییەدا ئەوەندە دوورکەوتنەوە و موبالەغەیان تێداکرد لەڕاستی چوونە دەرەوە و هۆیان کرد بەئامانج لە جیاتی پێکهێنانی یەک شێوەی ڕێکی خاوێن بۆ نووسینی کوردی چەند شێوەیەکی چەوت هاتە کایەوە. جۆرە ئاژاوەیەک لە نووسینی کوردیدا پەیدابوو، بووە هۆی ئەوە کە تا ئێستە یەک دەستوور و یاسای تایبەتی پەیدا نەبێت کە پێویست بوو زۆر لەمەوبەر ببوایە چونکە خوێندەواری پایەبەرزمان زۆر زۆرترە لە جاران و گیانی نیشتمانپەروەریش پتر لە پەرەسەندنایە. جا لەبەرئەوەی کە لەم ڕووەوە هەندێک شارەزاییم هەیە چونکە ماوەی ٣٠ ساڵە لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا خەریکی ئەم فرمانەم و کەمێکیش هەڵسوکەوتم کردووە لە نووسین و خوێندنەوەی کوردیدا و هەرچیش لەم بابەتەوە نووسرابێت بەوردی خوێندوومەتەوە و سەرنجم لێداوە. ئەوا بەتاقیکردنەوە لەم بابەتەوە چیم بەباش بۆ دەرکەوتووە بەچەند باسێک بەکورتی لەگەڵ گیروگرفتی پیتەکانی ر، و، ی، ل، هەمزە ئەنووسم و پێشکەشی ئەکەم بەو خوێندەوارە دڵسۆزانەی کە خەریکی ئەم جۆرە فرمانانەن بەڵکو بەئەندازەی خۆی سوودی لێ وەربگیرێت. ئیتر خوا و گەل پشتیوانی دڵسۆزان بن.

١٩٦٨/٧/٢٧

## شێوەی گشتی نووسینی کوردی یان شێوەی ناوچەیی

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچینە سەر باسەکە هەندێک شت هەیە کە زۆر پەیوەندییان هەیە یان وەک بەشێک وان لەو بۆیە، با بەکورتیش بێت ئەبێت باسی بکەین یەکێک لەو شتانە کە ڕەنگە گرنگەکەیان بێت جۆرە بانگەوازێکە کە لەم سالانەی دواییەدا کرا و وترا ئەبێت هەر ناوچەیەک لە کوردەواری بەو شێوەیەی گفتوگۆ ئەکات و ئەدوێت وا بنووسێت. ئەوەی بەرامبەر ئەم بانگەوازە سەرسوڕماومان ئەکات. ئەوەیە کە هەندێک خوێندەوار بەپەرۆشەوە بەرەو پیری بانگەوازەکە ڕۆیشتن و پەخشان و هەڵبەست و نامیلکە و پەڕاویشیان لەسەر نووسی لەکاتێکدا کە زۆر بەئاشکرا دیارە ئەمە هەڵەیە و هیچ نەتەوەیەک بەدرێژی مێژوو ئەمەی نەکردووە چونکە ئەم کردەوەیە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زمان هەتاهەتایە یەک نەگرێت. ئێمە خاوەنی ئەم جۆرە بڕوایە تاوانبار ناکەین چونکە دوور نییە کە لە ڕاستیدا مەبەستیان بەرژەوەندی (مەسلەحەت) زمانی کوردی بووبێت ئەوەی کە خستوونیەتە سەر ئەو ڕچە[1] باریکە چەوتە نەشارەزایی بێت بەدەستووری یەکگرتنی شێوە جۆر بەجۆرەکانی زمانێک ئەگینا بەئاسایی و بەڵگەی هەستکراو ئەم جۆرە بانگەوازانە ئەدرێنە دواوە. جارێ هیچ زمانێک نییە هەرچەند زیندوو و خاوەن سامان بێت لە دواندن و گفتوگۆدا شێوەی جوێ جوێی نەبێت کەچی هەمووشیان یەک جۆر شێوەی نووسینیان هەیە کە ئەمە لە زمانی عەرەبیدا زۆر بەئاشکرا دیارە. هەروەها لە زمانەکانی تریشدا،

(١) ڕچە: ڕێگەیەکی باریک و خوار.



لەبەرئەوە ئێمە ئەم جۆرە بیرە بخەینە کارەوە و لەسەری بڕۆین تووشی هەڵەی وا ئەبین (ئاسمانیش بکەین بەلێفە دایناپۆشێت) و هەتا هەتاشە زمانی کوردی نابێت بەخاوەندی دەستوورێکی تایبەتی لە نووسینی خۆیدا چونکە هەموو کەسێک ئەزانێت کە شاری سلەیمانی و دەوروپشتی لە گفتوگۆ و دواندا پیتی دال قووت ئەدەن و نایڵێن لەبەرئەوە ناشی نووسن، هەروەها پیتی (ت)ی ڕاناوی دووەم کەسی تاک و پیتی (ت)ی ڕاناوی سێیەم کەسی تاک، بۆ نموونە لە جیاتی بڵێن (منداڵ، مەحموود) ئەڵێن (مناڵ، مەحموو). لە کەسی دووەمی تاکدا لەجیاتی بڵێن تۆ کەی نان ئەخۆیت ئەڵێن تۆ کەی نان ئەخۆی، بۆ کەسی سێیەمی تاک لەجیاتی بڵێن ئەو نان ئەخوات ئەڵێن ئەو نان ئەخوا.

لە ناوچەی پشدەر بەعومەر ئەڵێن حومەر و بەحەمزە ئەڵێن عەمزە وە لە هەندێ ناوچەی تر وەک کۆیسنجەق بەماڵ ئەڵێن (مار). ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت ئەگەر لەسەر ئەم یاسایە بڕۆین ئەبێ هەر لەم ناوچە بچووکەدا سێ شێوە نووسین بنووسین. ئەنجا خاک بەدامانی زمانی کوردی ئەگەر ئەم کالایە بەبالای ببڕێت و بۆ هەموو شێوەکانی بەکار بهێنرێت، ئەبێت ئەوەندە شێوە هەبێت کە لە ژمارە نەیەن. ئەی کەواتە ئەی خوێندەواری بەڕێز ئەبێت چی بکەین؟

وەلامی ئەم پرسیارە زۆر سووک و ئاسانە ئەویش ئەوەیە، وشە کوردیەکە بادینانی بێت یان سۆرانی یان هەر شێوەیەکی تری کوردەواری بێت لە بنچینە و بنەڕەتدا خۆی چۆنە (نەک چون لەدەم دێتە دەرەوە) وا بنووسرێت ئەوساکە هەر کەسە یان هەر ناوچەیە چۆنی ئەخوێنێتەوە بابیخوێنێتەوە.

بۆ وێنە بنووسین:

سەرلەبەیانی مەحموود و عومەر چوون بۆ ماڵی حەمزەی هاوڕێیان، کە تەماشایان کرد ئەرکی قوتابخانەی ئەنووسێتەوە و لەبەری ئەکات، ئەوانیش هاوبەش بوون لەگەڵیدا، ئەی تۆ بۆ نەچوویت شاسوار، نازانیت منداڵی زیرەک ئەبێت لەکاتی خۆیدا هەموو فرمانێکی جێبەجێ و ئامادە بکات ئەگینا پاش ئەکەوێت و کەس خۆشی ناوێت.

نموونەیەکی تر بەهەڵبەست، تێهەڵکێشێکی نووسەر لەسەر هەڵبەستێکی موستەفا بەگی کوردی.

ئاهی داماوان تەمی کرد هەروا بەفیڕۆ نارەوێت  
لاوی لێهاتوو لە مەیداندا بەگورزێک ناکەوێت  
گەردنی کوردی لە کێوی بێستوون مەحکەم ترە  
چونکە سەد ساڵە لەژێر باری غەم دایە نانەوێت

## وشەی بێگانە

ئەوەی لەلای خوێندەواران و شارەزایانی زمانەکانی گێتی ئاشکرا و دیارە ئەوەیە هیچ زمانێک نییە لەسەر زەوی هەرچەند دەوڵەمەند بێت وشەی بێگانەی تێدا نەبێت وەک زمانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، بەکورتی وەک هەموو زمانە پێشکەوتووەکان و زمانە سەرەتاییەکانی تر. کە وابێت وشەی بێگانە و ئاوەکی بەکارهێنان لە زمانی کوردیدا ناچارییە و هیچ شوورەیی و نەنگی تێدا نییە، تەنیا مایەوە سەر ئەوەی بزانین ئەو وشە بێگانانەی کە لە کوردیدا هەن و بەکار ئەهێنرێن ئەبێت چۆنیان

بنووسین، ئایا وەک لای خاوەندەکانیان چۆن ئەنووسرێن ئاوایان بنووسین یان ئێمە چۆنمان پێویستە؟ بۆ ئەم وەڵامـەش وا ئەزانم دانامـێنین چونکە ئەو کـەسـەی شـتـێک ئەخـوازێت لە دراوسـێکەی بۆ ئەوەی ئەخوازێت ناتەواوی و پێویستی خۆی پێ جێبەجێ بکات لەبەرئەوە وای بەکار ئەهێنێت کە خۆی ئەیەوێت نەک خاوەندەکەی چۆنی بەکار ئەهێنێت. کەواتە وشەی بەکارهێنراوی بێگانە لە زمانی کوردیدا ئەبێت لەسەر شێوەی دەستووری نووسیاری[١] کوردی بنووسرێت، ئەمە یاسایەکە تەنیا بۆ ئێمە نییە ئەگەر سەرنجێک بدەین لە زمانی عەرەبی زۆر بەئاسانی ئەمەمان بۆ دەرئەکەوێت ئەو نەتەوەیەی کە وشەی بێگانە وەرئەگرێت وای وەرئەگرێت کە ناتەواوی خۆی پێ جێبەجێ بکات (دیارە خواستەمەنی هەر بۆ ئەوەیە)، لەبەرئەوە لە بۆتەی دەستووری زمانەکەی خۆیدا وای ئەتوێنێتەوە کە لەگەڵ وشەی ڕەگەزی خۆیاندا بگونجێت سەیرکەن لە عەرەبیدا پەڵوولە بووە بە فالزە = فالوذج[٢]، تازە بووە بە طازج، سادە بووە بە ساذج، ئەندازە بوو بە هندسة، برید لە بردن وەرگیراوە، هەروەها هەزاران وشەی تر. بەکورتی وشەی بێگانە ئەبێت بەدەستووری نووسینی کوردی بنووسینەوە و چۆنمان ئەوێت وایان بەکاربهێنین، ئەمەش نە نەنگە و نە ناتەواویە چونکە هەموو گێتی لەسەر ئەم یاسایە ئەڕوات، ئاشکراشە ئەو نەتەوانەی کە دراوسێن و زمانیان وەک یەک نییە یان لە یەک وڵاتدا ئەژیین یان لە یەک ئاییندان هەیە وشەی یەکتری زۆرتر وەرئەگرن و بەکارئەهێنن وەک چۆن دوو دراوسێ شتومەک لە یەکتری زیاتر ئەخوازن وەک لە دوور ماڵان، ئەمە یاسای سروشتییە.

ئەوا لەسەر ئەم شێوەیە ئەم بنچینەیەی شێخ سەلام لەسەر هەڵبەستی ئەحمەد بەگی ساحیبقران لەکاتێکدا کە شێخ مەحموودی نەمر دیل بووە لە هیندستان بەو کەسانەیان وتووە کە تەنیا بۆ سوودی خۆیان زیاد لە پێویست کڕنووشیان بۆ ئینگلیزەکان بردووە و لاسایی شێوەی ژیانی ئەوانیان ئەکردەوە و هەموو شتێکی کوردیان بەناشیرین نیشان ئەدا و داکۆکی ناڕەوایان بۆ کورد و بەرەی سەر بە کورد ئەکرد.

تێ بگەن ئێمە ئەسیرین موختەسەر، من وا ئەڵێم
دەستت بەسراوە مەڵێ من ناوی خۆم مێجەڕ ئەنێم
فائدەی چی ناوی حەپسە با لە زێڕ گیرێت نقێم
عیبرەتە ئەربابی غیرەت تێ بگەن من چی ئەڵێم
ئەهلی عیسمەت حەپسە سەربەستی بەلای بێ باکەوە

## وشە دروستکردن

هەموو خوێندەوارێک ئەزانێت کە زمان هۆیە ئامانج نییە، هۆیە بۆ تێگەیاندنی مەبەست ئەو مەبەستانەی کە پەیوەندییان هەیە بەژیانەوە یا پەیوەندییەکە کۆمەڵایەتی بێت یان وێژەیی یان ئابووری

(١) نووسیار = ئیملا، ئەم وشەیە تا ئەم ساڵانەی دواییە بەکارئەهێنرا، تازە خەریکە لە بیر ئەچێتەوە. نووسەر = کاتب. نووسین = کتابة.

(٢) بۆ ئەوەی باشتر لەم باسە بگەیت قاموس ئەلئەعلام بخوێنەرەوە.



یان سیاسی یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی تر. هەمووش ئەزانین کە ژیان لە سەرەتادا (بەچاوپۆشیین لە بەربەرەکانی خۆرسک[١]) زۆر سادە و بێ گیروگرفت[٢] بووە بەو سەبارەتە زمانەکانیش سادە و بێ گیروگرفت بوون و هەریەکەیان بریتی بووە لە چەندان وشە کە دوور نییە لەناو کۆچەریەکان و نەتەوە پاشکەوتووەکاندا لە سەدان وشە بەڵکو کەمتر تێپەڕ نەبووبێت، بەڵام حەلێک کاروانی مرۆڤ وردە وردە ڕووەو شارستانیەتی کەوتە ڕێگە و شێوەی ژیانی زیاتر پەلی هاوێشت و بڵاوبووەوە بۆیە ناچار مەڵبەند بەمەڵبەند بۆ ئەو شێوە تازەیە وشە دروست بکات دوور نییە ئەو دروستکردنە لە سەرەتاوە بەڕێکەوت بووبێت یان وەک منداڵی لە دایکبوو ناونرابێت. بەڵام دوایی ئەو نەتەوانەی کە زووتر گەیشتنە هەوارگەی شارستانیەتی و شێوەی ژیانیان گەلێک لکی لێ بووەوە، حاڵی بوون کە زمانەکانیان لەگەڵ ژیانی تازەیاندا ناگونجێت و پێویستیان بەوشەی نوێی زۆر هەیە دروستی بکەن بۆیە ناچاری بنواشە[٣]دەستووریان بۆ ئەم مەبەستە دانا و ئەم جۆرە دەسەڵاتەیان دایە دەست کۆمەڵێک لە خوێندەواری شارەزا و ناویان نا ئەنجوومەنی زانستی. بەم ڕەنگە زمانی نەتەوە پێشکەوتووەکان وردە وردە بەڕەنگێک بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنەکەیان لە شارستانیەتدا پێشکەوت و بوو بەخاوەندی چەند هەزاران وشەی تازەی بەکەڵک و پێویست بەپێی دۆزینەوە و داهێنراوی نوێ بەتایبەتی لە سەرەتای چەرخی بیستەم بەدواوە، جا بەم سەبارەتەی کە وتمان زمانی کوردیش کە پتر لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هەبووە و تا ئێستەش قەبارەی خۆی پاراستووە و ئەیەوێت لەگەڵ ژیانی تازەی شارستانیەتیدا هەر بڕوات کەواتە گومان نییە حەوەجی بەوشەی تازە هەیە ئەبێت بۆی دروست بکرێت و بۆی دابنرێت[٤].

لێرەدا ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە زۆرکەس ئەڵێت جا خۆ کورد ئەنجوومەنی زانستی نییە. بەڵێ ڕاستە نییەتی و نەتەوە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆش لە سەرەتای ژیانیاندا نەیان بووە، ئەم نەبوونی ئەنجوومەنی زانستییە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەبێت ئیتر دەستەئەژنۆ دانیشین و هیچ نەکەین، بەپێچەوانەوە ئەگەر لەخۆبوردن هەبێت با کەمیش بێت هەستی نەتەوایەتیمان (وەک نەتەوەکانی دراوسێمان) بەڕاستی بجووڵێت زۆر ئاسانە بەمەرجێک لە هەل و ڕێکەوت سوود وەرگرین وەک چۆن لە ساڵی ١٩٦٠ زاییندا لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلەیمانی چەند لیژنەیەکی[٥] دروستکرد بۆ دانانی زاراوەی کوردی، لیژنەکانیش ئەرکەکەیان بەجوانی بەجێ هێنا و نزیکەی ٢ تا ٣ هەزار زاراوە و وشەی پوختیان لەسەر

(١) خۆرسک = تەبیعەت.

(٢) گیروگرفت: دیشوار، پێویست بوو دیشوارمان بنووسیایە چونکە هەمیشە وشەی سادە برەوی باشترە، دوای ئەم نووسینە وشەی دیشوارمان واتە گیروگرفت لە دیوانی مەولەویدا دی.

(٣) بنواشە = بنچینە = قاعدە.

(٤) مەبەستمان لە وشە دروستکردن و دانان ئەوە نییە هەرکەس بەئارەزووی خۆی هەڵسێت و وشە دابنێت، چونکە ئەبێت دانانەکە لەسەر یاسایەک بێت لەلایەن شارەزایانەوە.

(٥) لیژنەکان ئەمانە بوون: ١- لیژنەی زاراوەی زانستی. ٢- لیژنەی زاراوەی پەروەردەی نیشتمانی. ٣- لیژنەی زاراوەی ئیدارە و سیاسی. ٤- لیژنەی زاراوەی بیرکاری (ریازیات). ٥- لیژنەی جوغرافیە.

ئەندازە و پێوانێکی ڕێک دروستکرد. بەم کردەوەیەیان پالێکیان بۆ پێشەوە نا بەزمانی کوردیەوە بۆیە گەرەکە کوردیش کردەوەکەیان بەسوپاسەوە وەربگرێت.

## نووسیار و نووسینی کوردی

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە هەموو پێچوپەنا دروستکردن و ڕێگە دوورخستنەوەی فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردی ڕەوا نییە و بەباش وەرناگیرێت بەتایبەتی وەک لە پێشەوە وتمان لەم ڕۆژەدا کە هەموو میللەتان ئەیانەوێت ڕێگەی نووسیاری و نووسینی زمانەکەیان کورتتر و سادەتر بکەن لە جاران.

تا ئێستە هەرچییەک لە بابەت نووسیاری زمانی کوردییەوە نووسراوە بەزۆری ئەوەیە هەموو ئەرکێک ئەخاتە سەرشانی نووسەر وەک خوێندەرەوە هیچ پەیوەندییەکی نەبێت بەباسەکەوە ئەوەی ئاشکرایە ئەوەندەی نووسەر پێویستە لەسەر دەستوور و یاسای تایبەتی بڕوات خوێندەرەوەش ئەبێت لەکاتی خوێندنەوەدا توانا و سەلیقەی خۆی بەکار بهێنێت و بەپێی وشە و ڕست و ناوەرە(١) دەنگی پیتەکان جوێ بکاتەوە. بەم ڕەنگە ئەرکەکە ئەکرێت بەدوو بەشەوە لەمیانی نووسەر و خوێندەرەوەدا و ناچار نابێ داوا لە نووسەر بکەین نووسینەکەی بکات بەئاوی ڕەوان بۆ ئەوەی خوێندەرەوە بەئاسانی هەڵیقوڕێنێت و هیچ ماندوو نەبێت. هەموو خوێندەوارێکی کورد ئەزانێت کە زمانی عەرەبی دەستوورێکی چەند گران و زەحمەت و دوورودرێژی هەیە کەچی پاش ئەو پەڕاوانە کە بۆ قوتابی قوتابخانە سەرەتاییەکان ئەنووسرێنەوە و زانایان و نووسەران و بوێژان و چیرۆکنووسان و ڕەخنەگران لە نووسینەکانیاندا هیچ گوێ نادەنە نووسینی ئیعراب واتە: سەر، بۆر، ژێر زەنە و گیراوی(٢) لەسەر پیتەکان لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێت خوێندەرەوە بەبێ هەڵە بیان خوێنێتەوە، ئەگەر نەیتوانی و بۆرداری بەسەردار خوێندەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو نەخوێندەوارە زمانی عەرەبی نازانێت، نەک نووسینە عەرەبییەکە خراپ نووسراوە.

ئەو زمانانەی کە تا ئێستە بەشێوەی گشتی بەپیتی عەرەبی ئەنووسرێن لە هەموو گێتیدا ئەم زمانانەن عەرەبی، فارسی، ئەفغانی و کوردی، ئەگەر بەچاوێکی وردبین و دڵێکی پاک تەماشایان بکەین و سەرنجیان لێ بدەین بۆمان دەرئەکەوێت کە هەرچەند کوردییەکە لەوان کەمتریش خزمەت کراوە یاسایەکی تایبەتی نییە و نەبووە لە نووسیندا لەگەڵ ئەوەشدا لە خوێندنەوەدا لەوان ئاسانتر و بێ گیروگرفتترە. ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە کە زمانەکە لە خۆیدا لەبارە و دەستوورێکی سادە و ئاسانی هەیە کە بریتییە لەوەی وشەکە لە بنچینە و بنەڕەتدا چۆنە ئەبێت وا بنووسرێت واتە ئەسڵی وشەکە بەتەواوی و هیچ پیتێکی واز لێ نەهێنرێت و بنووسرێت ئەوسا هەر پیتێک جووڵەیەکی کورتی بەرەو ژووری هەبێت ئەبێت نیشانەی (ە) بەدوایەوە بنووسرێت وەک پیتەکە جووڵەیەکی کورتی سەرەوخواری هەبوو واتە ژێرداربوو (ی) بەدوایەوە ئەنووسرێت وەک بمانەوێت بنووسین مللەت، زللەت ئەنووسین میللەت، زیللەت

(١) ناوەرە = مەعنا.

(٢) گیراوی بەعەرەبی شەدەی پێدەڵێن لەسەر ئەو پیتانە ئەنووسرێن کە پیتەکە توند بێت وەک مەدە و شەدە.



هەر پیتێک بۆردار بێت نیشانەی (و) بەدوایەوە ئەنووسین وەک بمانەوێت بنووسین (نەتەوەی کرد لە کردستانا ئەژی) ئەنووسین نەتەوەی کورد لە کوردستاندا ئەژی.

ئەوا بۆ نموونە لەسەر ئەم شێوەیە ئەم چوارینەی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان کە بۆ شێخ مەحموودی نەمری نووسیوە لەکاتێکدا لە هیندستان دیل بووە:

وەک مەدینە بێ نەبی بێت یان نەجەف بێت بێ عەلی
شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحموودە وەک داری کەلی
حەیفە ئەو جێی ئاسمان بێ زینەتی خورشید و ماه
ساخودا بیکەیت وەک خورشیدی ڕەخسان مونجەلی

## نووسینی پیتی (ر)

هەموو خوێندەوار و نەخوێندەوارێک ئەزانێت کە پیتی (ر) لە زمانی کوردیدا دوو جۆر دەنگی هەیە:

یەکەم دەنگی سووک یان لاوازی پێ بڵێین (هەرکەس چی پێ ئەڵێت پێی بڵێت) وەک دەنگی (ر) لە وشەی بەرخ، چەرخ، برنج، کار، بار، شار، هتد. ئەم جۆرە دەنگە بەیەک (ر) ئەنووسرێ.

دووەم دەنگێکی گڕ یان قەبە وەک دەنگی (ر) لە وشەی شڕ، قاڕەقاڕ، باڕەباڕ، ڕێوی، ڕێگە، ڕۆیشتن. تا ئێستە نووسەرانی کورد بەشێوەی گشتی بۆ نووسینی ئەم جۆرە (ر)یە بە دوو ڕچەدا ئەڕۆن، هەندێکیان ئەڵێن ئەبێت ئەم جۆرە دەنگە بە دوو (ر) بنووسرێ، بەڵگەشیان بۆ ئەم داواکردنەیان ئەوەیە کە لە هەندێک لە زمانەکانی تردا وەک ئینگلیزی بەدوو (ر) ئەنووسرێ ئێمەش ئەم ڕێگەیان بەباشتر ئەزانین وەک چۆن لەمەودوا باسی ئەکەین لە کوردیدا واوی گوشراو و یێی گیپر بەدوو (واو) و دوو (ی) ئەنووسرێن، ئەی کەواتە بۆچی لە پیتی (ر)دا ئەم جیاوازییە هەبێت.

دەستەی دووەمی خوێندەواران ئەوانەن کە ئەڵێن پێویستە ئەم (ر)یە نیشانەی وەک حەوتی لە ژێرەوە بۆ بنووسرێت، ئەوەی کە ئێمە لێرەدا لەگەڵی نین ئەوەیە بۆچی لە واوی کراوە و لامی قەڵەو و یێی کراوەدا نیشانەکە لەسەر پیتەکە بنووسرێت، تەنیا لە پیتی (ر)دا ئەبێت لەژێر پیتەکەوە بنووسرێت، ئایا ئەمە بۆ ئەوەیە کە نەک پیتی (ر) بەم نیشانەیە لەسەریەوە وەک پیتی ز، ژ بخوێنرێتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر بێ جێ و پووچە، خوێندەوارێک نەزانێت ز، ژ، ر لەیەک جیابکاتەوە ئەوە هەر ئەو خوێندەوارەیە کە نازانێت کوردی بخوێنێتەوە، لێرەدا شتێکی تریش هەیە لە بابەت ئەو (ر)یانەوە کە ئەکەونە یەکەم پیتی وشەوە ئەمانەوێت نیشانی بدەین ئەویش ئەوەیە کە کورد ناتوانێت پیتی (ر) کە لەپێش وشەوە بێت بەسووک بیڵێت، بەناچاری نیشانەی هەبێت یا نەبێت بەگڕ لەدەم دێتە دەرەوە، کەوابوو نووسینی نیشانەی وەک حەوت لەسەریان لەژێر ئەو (ر)یانەوە کە یەکەم پیتی وشەن زیادە و پێویستی نییە وەک ڕێوی، ڕێگە، ڕاست، لەبەرئەوە بەلای ئێمەوە ئەم جۆرە (ر) بەیەک (ر) بنووسرێ باشە. ئەوا ئەم پێنج خشتەکیەی نووسەر بۆ نموونە ئەنووسین بۆ (ر) جۆربەجۆرەکان:

تیلی تەمـــاشـــا چاوی شـــەرم پرر
بۆ سـەر دڵەکـەی بەسـەر غـەمـدا کـرر
وەکـــو خـــەنجـــەری تیـــژی جگەربرر
بە کوردی ئێسک و پروسک ئەدات درر
تا نـاوەڕۆکی دڵـم ئەکـــــات شــــرر

## نووسینی پیتی واو

لەکـاتی گـفـتـوگـۆ و خـوێندنەوەدا سـەرنج بدەین و هەندێک لەبەر خـۆمـانەوە وردی بکەینەوە بۆمـان دەرئەکەوێت کە پیتی واو لە کوردیدا چەند جۆرێک دەنگی هەیە:

یەکەم: دەنگی واو بەگوشراوی و توندی کە لە کاتی وتنیدا هەردوو لێو وەک غونچەی تازە دەمکراوەی لێ دێت، ئەم جۆرە واوە هەمیشە لە ناوەڕاستی وشە یان دوای وشەوە ئەبینرێ (هەرگیز لەپێشەوە نابێ) لەبەرئەوەی ئەم جۆرە واوە دەنگی توندی تایبەتی هەیە ئەبێت واوەکان لە کاتی نووسینیدا دوان بن وەک دوور، ژوور، ڕوو، زوو، بەکورتی هەر واوێک لەسەر کێشی واوی وشەکانی (ژوور، زوو) بن ئەبێت لە نووسیندا واوەکان دووان بن.

دەنگی ئەم جۆرە واوە لە هیچ کاتێکدا لە دەنگی وشەکانی وریا، وتن، وشە، ورک، ناچن بۆیە ئەبێت واوی یەکەم پیتی وشە بەیەک واو بنووسرێت.

دووەم: واوی کراوە ئەم جۆرە واوە یەکەم لەکاتی خوێندنەوەیاندا دەم زۆر ئەکرێتەوە بەرەنگێک زمان ئەکشێتەوە بۆ دواوە، لە پیتی دوای ئەم جۆرە واوەدا زمان ئەگەڕێتەوە تا ئەنووسێت بەمەڵاشووەوە وەک سەهۆڵ، دەهۆڵ، چۆڵ، بۆڵەبۆڵ... هتد. بەڵام لەو جێگایانەی کە بەزەحمەت ئەزانرێن و ئەخوێنرێنەوە یان لەو پەرتووکانەدا (پەرراو) کە بۆ قوتابی سەرەتایی ئەنووسرێن نیشانەی وەک حەوتیان لەسەر بنووسرێن بەمـەرجـێک دوای پلەی سـەرەتایی وازی لێ بهـێنرێت وە خـوێندەوار بەپێی وشـە و ڕست و ناوەرە لە واوەکانی تری جیا بکاتەوە و بیخوێنێتەوە.

سێیەم: واوی وەستاو واتە بێ جووڵە ئەم جۆرە واوانە بە زۆری ئەکەونە پێش و پاشی وشەوە ئەبێت بەیەک واو بنووسرێن وە هیچ نیشانەشیان ناوێت.

چوارەم: ئەو واوانەی لە جیاتی بۆری عەرەبی بەکـار ئەهێنرێن ئەمـانەش ئەبێت بەیەک واو بنووسـرێن بەبێ نیشانە وەک کورد، گورد، موحتاج، موختەسەر... هتد.

دوای ئەمانە واوی بەستەر هەیە کە بە عەرەبی واوی عەتفی پێ ئەڵێن ئەم جۆرە کە دوو ڕست یان وشە بەیەکەوە ئەبەستێت ئەمانەش ئەبێت لەمیانی وشەکان یان ڕستەکاندا بنووسرێن و نەشنووسێن بەپیتی پاش و پێش خۆیانەوە چونکە نە لەم لایە نە لەو لایە وەک واوی بەستەری ئەم هەڵبەستەی مەولەوی:

ئـــــــاخ ئـــــــاخ و داخ داخ وەی وەی و ڕۆ ڕۆ
هـەر هـەشت بـەجـــــارێک لـێم بـوون بـەســــــۆ



نموونەیەکی گشتی بۆ واوە جۆر بەجۆرەکان:

هیچ گـەلێک بێ پێـشـەوا پێـشکەوتنی هۆزی نەدی
چون بەبێ شـوان ڕائەگـیـرێت مـێگەل و ڕان و ڕەمـە
وا گـــوریســـێکی ســـیـــاســـەت بادراوە گـــورزە هون
ڕای ئەکێشن جووڵە ناکات کورد لە جێی خۆی مەحکەمە
گـــورزە هونە ئەم گـــوریســـە بەڵکی شـــیـــرازەی هەیە
هێـــزی کـــوردە لابەرێت شـــیـــرازە و هەم شـــەرزەمـــە
بێ مـحـامی بێ تەشـەبوس حـەقی خـۆی داوا ئەکـات
ڕووت و قـووت و نـاتەواوی شـاهیـدن بۆ مـەحکەمـە

دیوانی سەلام لاپەڕە (٧٣)

## نووسینی پیتی (ی)

پیتی (ی) لە کوردیدا سێ جۆر دەنگی هەیە:

یەکەم: دەنگی (ی) تیبیژ یان گیبیر، هەر وشەیەک دەنگی (ی)یەکەی لەسەر کێشی(ی) وشەی شیبیر، گیبیر، تیبیر، ژیین، بایی دوایی بێت پێی ئەڵێن (ی) تیژ و ئەبێت بە دوو (ی) بنووسرێت ئەم جۆرە (ی) هیچ کاتێک یەکەم پیتی وشە نابێت.

دووەم: (ی) بە کـراوەیی، ئەم (ی)یانە ئەو جـۆرە (ی)یانەن لە کـاتی وتنیـاندا دەم زۆر بەرەوخـوار ئەکرێتەوە، زمان ئەچێت بۆ دواوە، پێیان ئەڵێن کراوە وەک (ی) ئەم وشانە پیری، دوینی، شیت، پیی... هتد ئەم جۆرە (ی)یانە ئەبێت بەیەک (ی) بنووسرێن بەڵام لەو جێگایانەدا کە بەزەحمەت ئەزانرێن یان وشـەکـە کـەم بیسـتـراوە یان لەو پەڕاوانەدا کـە بۆ قـوتابخـانەی سـەرەتایی ئەنووسـرێن نیـشـانەی وەک (حەوت)یان لەسەر بنووسرێت زیانی نییە.

سێیەم: دەنگی (ی) بەرەوخواری کورت واتە ئەو (ی)یانەی لەجیاتی ژێر بەکار ئەهێنرێن لەگەڵ (ی) تەرخان، (ی) پاڵدان، ئەمـانەش هەر بەیەک (ی) ئەنووسرێن وەک کە نمانەوێ بنووسین پەڕاوەکەی من باسی نووسینی کوردی ئەکات، ئازاد خەڵکی گوندی خاک و خۆڵە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە (ی) تەرخان یان (ی) پاڵدان گەیشتن بەوشەیەک کە دوا پیتی (ی) بوو ئەبێت هەردوو (ی)یەکە بەیەکەوە بنووسرێن وەک کانیی بەرماڵان، قوتابخانەی کانیی ئاسکان.

ئەوا بۆ نموونەی هەموو جۆرە (ی)یەکان هەڵبەستێکی شاعیری پایەبەرز هاوملی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (شوکری فەزلی) ئەنووسین کە لە کاتی خۆیدا بۆ پیشەوای ناودار شێخ مەحموودی ناردووە:

ئیش کـە ئێـســتــە ڕووی لە هەورازە سـەرە و لێـژی نەکـەیت
بیـــــری وردیشی ئەوێت هەر بەدوعـــا و نوێژی نەکـــەیت

گێرەشێوێنێک کە کای کۆنی بە با دا لەکنت
چاکە هەر لێی خوڕیت سەیری دەم و کاوێژی نەکەیت
سەرەتای هەموو ئیشێ یەکبوونە ئەویش نابێت هەتا
هەر برینێک کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەیت
قەومی بێ سەر نییە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا
دەتەوێت تاجی سەری بیت بەهەوا گێژی نەکەیت
شا وەکو شایەکی شەترەنجە لە عالەم ئەمڕۆ
گەورە قانوونە قسەی کورت ئەمەیە درێژی نەکەیت

## نووسینی پیتی لام

پیتی لام لە زمانی کوردیدا سێ جۆرە دەنگی هەیە:-

یەکەم: دەنگێکی توند یان گییر، ئەم جۆرە لامە لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە وەک: کوللە، گوللە، کەللە، بەڵام ئەو وشە عەرەبییانەی کە لە کوردیدا بەکار ئەهێنرێن وەڵامەکانیان بەم شێوەیەیە زۆرن وەک میللەت، زیللەت، ئەمانە کوردییەکان یان عەرەبییەکان کە لە کوردیدا بەکار ئەهێنرێن ئەبێت وەک لای سەرەوە نیشانمان داوە بەدوو لام بنووسرێن.

دووەم: دەنگی لامی ئاسایی، ئەم لامە دەنگەکەیان سووک لە دەم دێتە دەرەوە لەبەرئەوە بەیەک لام ئەنووسرێن وەک لاولاو، لەبلەبی، کل، شل، لادێ... هتد

سێیەم: دەنگی لامی قەڵەو، ئەو لامانەیە کە دەنگەکەیان بەقەبەیی لە دەم دێتە دەرەوە و سەری زمان توند لە مەڵاشوو گییر ئەبێت لەکاتی وتنیاندا ئەمانەش هەر ئەبێت بەیەک لام بنووسرێن، ئەو لامانەی ئەکەونە پاش ئەلف و واوی کراوە و ئەو (ە)یانەی کە لەجیاتی سەر بەکار ئەهێنرێن بەزۆری لامی قەڵەون وەک: شاڵ، چاڵ، کوڵ، قەڵەو، دەهۆڵ... هتد، لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێ جێگەی زەحمەتدا بۆ زوو خوێندنەوە، نیشانەی وەک حەوتی لەسەر بنووسرێت بەلای ئێمەشەوە باشە.

ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێت ئەوەیە هەندێک وشەمان هەیە لەسەر یەک کێشن کەچی لامی ناو وشەکە هەندێک جار قەڵەو وەک ئەم لامانە: چڵ، دڵ، شڵ، مڵە. هەندێک جاریش لامی ئاسایین وەک مل، چل، شل، کل...... هتد.

چاک وایە ئەم دوو جۆرە لامە بەدەگمەنیان دابنێین و خوێندەوار بەبیستن فێریان ببێت چونکە ژێر ڕکێفی هیچ بنواشەیەک نین.

نموونەیەک بۆ هەموو لامەکان:

ئەم ساڵ مڵە و کوللە لاولاو و گوڵی باخچەکەی ماڵی ئێمەیان هیچ نەهێشت.



## نووسینی هەمزە

هەمزە لە کوردیدا ئەگەر سەردار بوو ئەبێت لەسەر چوکلەی بە (ە) دوایی بنووسرێت وەک ئەو، ئەمڕۆ، ئەوان، ئەگەر ژێردار بوو ئەبێت لەسەر چوکلەی دوایی بە (ی) بنووسرێت وەک ئێمە، ئێوە، ئەگەر بۆردار بوو ئەبێت لەسەر چوکلەی دوای (و) بنووسرێت وەک ئومێد، ئۆغر. کاتێک هەمزە و ئەلف گەیشتن بەیەک ئەبێت هەمزەکە لەسەر چوکلەیەک بێت لە پێشەوە نووسابێت بەئەلفەکەوە وەک ئاگر، ئاخوڕ، ئاوڕدانەوە... هتد.

نموونەیەک بۆ نووسینی هەمزە جۆر بەجۆرەکان:

کاک ئومێد ئەو لاوەی دوێنێ لەگەڵ ئێوە بوو، ئەمڕۆ تووشی ئێمە هات، زۆر تووڕە بوو، لە خۆیەوە ئاگری ئەکردەوە، نازانم بۆچی؟

نموونەیەکی گشتی بۆ نووسینی هەموو پیتەکان بەم شێوەیە، ئەوا هەڵبەستێکی نووسەر ئەنووسین:

وەرە ئەی لاوی وڵات
لاوی ڕێی سەختی خەبات
پێت نیشاندەم ڕێگەی ژین
ژیینی چەرخی بیستەمین
هەوڵ و ڕەوشت و خەبات
لەگەڵ خوێندن بۆ وڵات
خوێندن بەڕەوشتی جوان
هەوڵ بۆ سوودی هەموان
بەهەوڵ هێز و خەبات
وڵات بەئامانج ئەگات
زەمان وا دەردەکەوێت
هەر زانا سەر دەکەوێت
بەهێز و بیر و دەستی
ئەو دوور دەبی لە پەستی
لەگەڵ خوێندن و فرمان
بیر پاک بە بۆ نیشتمان
ئەوسا هەوڵ و تێکۆشان
یەک لەسەر یەک بێ وچان

ئاوا دەگـــــەیتـــــە هیـــــوا
هیـــــــــــوای بلـــندی بـڕوا
هیـــوای ژیینی بەخـــتـــیـــار
ئـاواتـی چیـــــــــــنی هـەژار

نموونەیەکی تر – چوار خشتەکیەکی نووسەر:

جــەژن کـە شـادی نەبەخـشـێت بەدڵ
ســــروەی لەرەیەک هیچ نەدات بەچڵ
تەنیـا دەنگی بێت ڕەنگی بەبێ شـوێن
دوای بڕێت جــەژنی خــۆشی نەبزوێن

## سەرچاوەکان

بۆ نووسینی ئەم باسە ئەم وتار و پەڕا و و دیوانانەی خوارەوە تەمەشا کراون:


١- قەواعیدی کوردی – خوالێخۆشبوو مەلا سەعید کابان.
٢- ڕێزمانی کوردی – کاک نوری عەلی ئەمین.
٣- قەواعیدی کوردی – مامۆستا تەوفیق وەهبی بەگ.
٤- فەرهەنگی مەردوخ – مامۆستا مەردوخ.
٥- کۆلکە زێڕینە – مامۆستا گیو موکریانی.
٦- زنجیرە وتارێکی نووسەر لەم بابەتەوە لەگەڵ مامۆستا فوئاد ڕەشید ساڵی ١٩٥٢ز لە ڕۆژنامەی ژیندا بڵاوکراوەتەوە.
٧- فەرهەنگی خاڵ – مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ.
٨- مێژووی ئەدەبی کوردی – مامۆستا عەلائەدین سوجادی.
٩- دیوانی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان.
١٠- گۆڤاری چیا – مامۆستایانی قوتابخانەی مەنار.
١١- زاراوەی زانستی کوردی لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلەیمانی.
١٣- فەرهەنگی مەهاباد – مامۆستا گیو موکریانی.
١٤- دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی – فارسی – عەرەبی – مامۆستا عەلائەدین سوجادی.




# زینەت خان

*ئەو شاژنەی بەچەند وشەیەک خۆی چەسپان لە مێژووی قارەمانیەتی ئافرەتانی کورددا.*

*هەشتا ، نەوەد ساڵێک لەمەوپێش لە میانی هەردوو هەوراماندا (هەورامانی ئەمدیو و هەورامانی ئەودیو) شەڕێک قەوما . مەجید بەگ ناو کە سەرۆکێکی گەورەی ناودار بوو ، لەبەر ئازایی و هەڵمەت لە شەڕدا پێیان ئەوت گورگەبۆر، لە یەکەم هێرشدا کوشندانە پێکرا و بەبرینداری کەوتە دەست دوشمنەکانی.*

*ئەوەی لەم شەڕەدا سەرنج ڕاکێشەرە وەک لەم چیرۆکە شانۆییە کورتەدا بەرچاو ئەکەوێت هەڵوێستی زینەت خانی دایکی مەجید بەگە کە بۆ یەکەم جار بەبرینێکی تووشی کوشندەوە گەیشتە سەر کوڕە قارەمانەکەی لەناو لەشکری دوشمندا ، لەجیاتی شین و شەپۆڕ و گریان و ڕۆڕۆ شتێکی وت کە شایانە بەئاوی زێڕ لە یەکەم لاپەڕەی مێژووی شانازی دایکی بلیمەت و قارەماندا بنووسرێتەوە.*

١٩٧٢/٦/٢٥

## پەردەی یەکەم

لە دیوەخانێکی گەورەی پڕ فەرشدا کە دیوارەکانی هەموو جۆر چەکی جەنگی ئەو ڕۆژە وەک تفەنگ، دەمانچە ، خەنجەر، شمشێری پێدا هەڵواسرابوو لەلای سەرووی ناو دیوەخانەکەدا پیاوێکی سەوزەی کەڵەگەتی چوار شانە بەجلی بەگزادەی هەورامییەوە شانی دادابووە سەر سەرینێکی گەورەی پەڕی بەرگ سوور، تەزبیحێکی بەدەستەوە بوو خۆی پێوە ئەخلافاند ، پاش تاوێک سەری هەڵبڕی و ڕووەو دەرگای دیوەخانەکە تەماشای کرد و وتی:

– کێ لەوێیە؟ ئا وەرە ژوورەوە کوڕە.

لەگەڵ بانگ کردنەکە دەستبەجێ کوڕێکی جوان خاسی تەڕپۆش کە زەرد ئەچووەوە لە فیشەکدا هاتە ژوورەوە، دوای کڕنوش دەستی ڕاستی خستە سەر سنگی خۆی و بێ قسە ڕەپ ڕاوەستا (کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەمر کە قوربان) ، مەجید بەگ بەوردی هەر لە تەوقی سەریەوە تا کەلەموستی پێی تەماشایەکی کرد، لەوە ئەچوو زۆری پێخۆش بوو کوڕەکە ئەوەندە لاوچاک بوو ، پاش تۆزێک وتی:

– بیستم شێخ سادق هاتووە تا ئێستەش چاوم پێی نەکەوتووە تا بزانم بۆچی هاتووە، ئەترسم دیسان بەزمەکە هەڵی دابێتەوە.

– بەڵێ قوربان هاتووە، بەڵام نازانم بۆچی هاتووە، تۆزێک لەمەوپێش دیم ڕووەو ژوورەکەی زینەت خان ڕۆیشت.

مەجید بەگ قسەکەی پێبڕی و وتی:

– چوو بۆ لای دایکم بەڕاستی ئەم شێخ سادقە پیاوێکی سەیرە، کە ئەکەوێتە تەنگانەوە هاوار دێنێت کە فریای کەوم کەچی لە پێشیشەوە ئەچێت بۆ لای دایکم، دوور و درێژ هەموو شتێکی بۆ باس ئەکات، دایکیشم بێ قەزابێ کە ئەم جۆرە باسەی بۆ بکەن نەک شەڕی لێوە هەڵگیرسێت وەختە زارەترەک ببێت، بۆیە دەستی منی بەستووە و نایەڵێت لە پێستی خۆمدا بجووڵێمەوە و چاک و خراپ هیچ شتێک بکەم، بەڕاستی سەرم لێ تێکچووە نازانم چی بکەم. بەڵام وا بزانم ئەمجارە چارە نییە ئەگەر شتی تازە رووی دابێت ئەبێ یەکلایی بکەمەوە...

دەبڕۆ بابە بزانە شێخ سادق لەکوێیە بۆم بانگ بکە، ئەگەر لەلای دایکم بوو بەئیشارەت حاڵی بکە هیچ باسێک بۆ دایکم نەکات، هەرچەند بێ سوودە من شێخ سادق بناسم ئێستە لە بنی کولەکەکەی داوە و هەموو شتێکی بۆ دایکم گێڕاوەتەوە.

ئەمەی وت و دەستی کردەوە بەهەڵسووڕاندنی تەزبێحەکەی و کابراش کڕنووشێکی بۆ کرد و چووە دەرەوە و زۆری نەخایاند پیاوێکی بالا میانەی ڕیش ماش و برنج بەبەرگی پیاوی ئایینییەوە سەربەستانە خۆی کرد بەژووردا و لەگەڵ سلاوەدا مەجید بەگ هەستا لەبەری و لە تەنیشت خۆیەوە داینا و دوای خۆش هاتن و چاک و چۆنی ڕووی تێکرد و وتی:

– شێخ سادق دەنگوباسی تازە چییە و چیتر ڕووی داوە، ڕاست و بەبێ کەم و زیاد پێم بڵێ و هیچم لێ مەشارەوە.

– خۆشی سەری تۆ هیچی خراپی تازە ڕووی نەداوە.

– من بەم دوعایە ناڵێم ئامین و نابێت هیچی تازەش ڕووی نەدابێت ئەڵبەت لەلایەکی تریشەوە شتم بیستووە، من فیکەی خۆم ئەناسم و زۆرباش ئەزانم هەراکە لەگەڵ منە و بەتۆی دەردەبڕن، ئەگینا ئەم هەموو بیانوگرتن و بەگژاهاتنی تۆ و خزمەکانی ترمان بۆچی؟ ئێوەی بەسزمان تاوانتان چییە زیاتر لەوەی کە پورزای منیت. ئەترسم دایکم پێی وتبیت کە هیچم بۆ نەگێڕیتەوە.

شێخ سادق وتی:

– نازانم چیت پێ بڵێم، بەخوا منیش سەرم سوڕماوە، ئەگەر شتت بۆ ئەگێڕمەوە پورم عاجز ئەبێت، ئەگەر بۆشت نەگێڕمەوە تۆ عاجز ئەبیت، بۆیە تیاماوم نازانم چی بکەم ئەگینا کەی ئەمە ژینە، ڕۆژێک جووتە گامان بەرئەدەن، ڕۆژێک لە پیاوەکانمان ئەدەن، ڕۆژێک ئاوی زەرعاتەکانمان ئەبڕن، ڕۆژێک هاوسێ ماڵەکانمان جەریمە ئەکەن، سەرەڕای ئەمانەش بەسووکمان تەماشا ئەکەن، باوەڕ بفەرموو ئەگەر ئێمە بیکەین ڕۆژی دە جار شەڕمان پێ ئەفرۆشن. بەکورتی ژین بەئێمە ڕەوا نابینن وا ئەزانن خوا ئێمەی بۆ بچووکی و بەردەستی ئەوان دروستکردووە.

لە کاتی ئەم قسانەدا مەجید بەگ جاروبار سەری هەڵدەبڕی و بەتووڕەییەوە تەماشایەکی ئەملا و لای بنمیچەکەی دەکرد و سەری دائەنەواند، بۆ دواجار لە پڕ سەری بەرزکردەوە و وتی:

– ئەمانەی تۆ دەڵێیت هەموویان ڕاستن لە زۆر لای تریشەوە قسەم بیستۆتەوە، من ئەزانم دایکم لە



دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە نایەڵێت ئەم جۆرە دەنگوباسە بەڕاستی بگات بە من نەک شەڕ ببێت و من شتێکم بەسەر بێت. تف لە ژیانی دیلی و سەرشۆڕی و بەندەیی، من ئەم جۆرە ژیانەم ناوێت. خەو و خواردن و بەس یاسای ژیانی ئاژەڵە. من وا ئەزانم کەس نییە بەم جۆرە ژیانە ڕازی بێت.

لە کاتی ئەم قسانەدا بەتەواوی ڕقی هەستا بوو، خوێن زابووە دەموچاویەوە. خەریکبوو جارێکی کە دەست بکاتەوە بەقسە، لەپڕ دایکی، کە ئافرەتێکی کەڵەگەتی کەم گۆشتی گەنم ڕەنگ بوو، گورجوگۆڵ و وریایانە بەبەرگی ئافرەتێکی سەرەی کوردیەوە خۆی کرد بەژووردا. کوڕ و خوشکەزا بەبەرزەپێ لە بەری هەستان، تا ئەو دانەنیشت و ئیشارەتی نەکردن بۆ دانیشتن، دانەنیشتنەوە. پاش دانیشتن زینەت خان ڕووی تێکردن و وتی:

– باسی چیتان ئەکرد بۆ منیشی بگێڕنەوە بەڵام بەبێ زیاد و کەم پێوەنان، هەرچەند سادق هەندێکی بۆ باس کردووم.

مەجید بەگ – مادام شێخ سادق بۆی گێڕاویتەوە و ئاگاداری باسەکانی لەمەوپێشیشی، وائەزانم پێویست بەدووبارە کردنەوە ناکات، دایە توخوا ئەمە ڕەوای حەقە ئەمانە بەئێمەی ئەکەن، ئەگەر هەر یەکەم جار تۆ ڕێت بدامایە من ئەم توانی سنوورێک بۆ دەستدرێژیەکەیان دابنێم، من کە تا ئێستە سەرم بۆ پاشاکانی قاجار و خەلیفەکانی عوسمانی دانەنەواندووە نازانم بۆچی ئەوەندە لەمانە ئەترسیت، باوەڕ بکە هەر ئەو ترس و لەرزەی تۆیە منیشی کردووە بەمریشکەکەی ڕابی و ناوێرم لە پێستی خۆمدا بجووڵێمەوە چونکە ئەترسم ئەگەر بێت بەشەڕ و لە شەڕەکەدا تووشی شتێک ببم، بەشین و شەپۆڕ لەناو دۆست و دوشمندا بمشکێنیت و ئابرووم بەریت...

دایکی قسەکەی پێ بری و وتی:

– کوڕم ئەمانە بڕبڕەی پشتی خۆتن، هەر دوولاتان یەک تیرە و هۆزن، وا دیارە نەگبەتی گرتوونی بۆیە ئەتانەوێ دەستتان بچێتە خوێنی یەکتری، هەر نەتەوەیەک ئاوا دووبەرەکی تێ بکەوێت و هەر لایە بۆ سوودی تایبەتی خۆی بەقسەی بێگانە بکەوێتە جامبازە و ببێت بەدوشمنی براکەی خۆی بێگومان ئەنجامی لەناوچوونە و نەمانە. من گومانم نییە ئەگەر حاڵ وا بڕوات زۆری پێ ناچێت هەردوو لاتان نامێنن و دوشمن بەخاکتان شاد ئەبێت. ئا لەبەر ئەمەیە من لە شەڕ ئەترسم، هەر چەند ناوی شەڕ دێن لەمیانی تۆ و خزمەکانتا موچڕکێک لەسەرمەوە دێت و لەپێمەوە دەرئەچێت، چونکە ئەزانم زیانی ئێوە و سوودی دوشمنی هەردوو لاتانی تێدایە، من ئەمەوێت لەگەڵ خزمەکانتا دەستتان نەچێتە خوێنی یەکترییەوە ئەگینا ئەوەندە دەستەوسان و بێ کارە نیم، ئەگەر خوا نەکردە قەوما ئەوسا بۆت دەرئەکەوێت کە دایکت چۆن ئافرەتێکە.

مەجید بەگ: ئەمانەی وتت ئەزانم هەمووی ڕاستە، ئەی بۆچی ئەبێت هەر ئێمە بەم بارەدا لێکی بدەینەوە و چاو لە کردەوە ناشیرینەکانی ئەوان بپۆشین، ئەی نابێ ئەوانیش ئەمە لێک بدەنەوە و بەقسەی ئەم و ئەو ئەوەندە خراپە لەگەڵ ئێمە نەکەن.

زینەت خان: بلێیم چی، جا ئێستە بەتەمای چیت؟

مەجید بەگ: ئەوەی ڕاستی بێ ئەمەوێت لەشکر کۆ بکەمەوە، شەونخوون بدەم بەسەریاندا.

زینەت خان: ئەترسم ئەم قسەیەت لە جێگایەکی تریش کردبێت؟

مەجید بەگ: وا ئەزانم جارێکی تریش ئەم قسەیەم درکاندووە.

زینەت خان: کوڕم تۆ ئازایت، دلێریت، بەڵام ئیش بەهەڵەشەیی ناکرێت، ئەی نازانی پێشینیان وتوویانە دار و دیواریش گوێی هەیە، ئەگەر ئەوان ئەم قسەیە ببیستنەوە لەسەرە ڕێگای هێرشەکەتدا خۆیانت بۆ مەڵاس بکەن و بەتەڕن لەناوت بەرن ئەوسا من چی بکەم.

مەجید بەگ (بەمۆنیەوە): لەمە زیاتر ناتوانم بێدەنگ بم، هەموو شت ئامادەیە، چی ئەبێت با ببێت، من مردنم لە لا خۆشترە لەم جۆرە ژیانەی کە بۆنی نۆکەری لێ دێت. بەسە با ببڕێتەوە، زۆرم قووت دایەوە، ئیتر لە وزەمدا نەماوە.

زینەت خان: ڕەزام بەڕەزای خوا، ئەگینا من لایەنگیری شەڕ نیم، چونکە ئەزانم نەمانی لایەکتان لاواز بوونی لاکەی ترتانە و سوودی دوشمنی بێگانەی تێدایە.

ئەمەی وت و هەستایە سەرپێ و بۆ ڕۆیین ئامادە بوو.

پەردە دائەدرێتەوە.

## پەردەی دووەم

### دیوەخانی سان

ڕێکوپێکی و دیکۆر لەسەر شێوەی دیوەخانی ماڵی مەجید بەگ، ئەم دیوەخانە هەندێک گەورەتر و ڕازاوەتر و شتومەک زیاتر و نایابتر.

سان لە ناوەڕاستی لای سەرووی دیوەخانەکەدا چوار مەشقی دانیشتووە، چەند پیاوێک لەلای خوارووەوە بەپێوە ڕاوەستابوون، بێدەنگ سەریان دانەواندبوو. پاش تاوێک سان سەر بەرز ئەکاتەوە و ئەڵێت:

– ئەرێ پێم ناڵێن مەجید بەگ چۆن چۆنی ئاوا زوو خراپ و کاریگەر پێکرا؟ بەڕاستی سەیرە سەرکردەی لەشکر لە یەکەم هێرش و یەکەم دەستڕێژدا تووش ببێت. من هەرگیز نەم ئەویست ئەو ئاوا بەکەساسی و برینداری ببینم، بەڵام چی ئەکەیت لەگەڵ قەزا و قەدەردا؟

بێدەنگ بوو، یەکێک لە ڕاوەستاوەکان ڕووەو سان تۆزێک چووە پێشەوە و وتی:

– قوربان ئەوە بوو لەمەوپێش ئێمە خەبەرمان وەرگرت کە مەجید بەگ خەیاڵی خراپە و لەشکری کۆکردۆتەوە و ئەیەوێت لە ناکاو هێرش بێنێت بۆیە ئێمەش خۆمان کۆکردەوە و بەهەر چوارلادا لەشکرمان لە بۆسە دا، کاتێک ئەوان بەخەیاڵی خۆیان ناخافڵ هاتن و لەناو دارستانەکەدا گەیشتنە بەردەممان ئێمە



تێمان خوڕین وتمان کوڕە کێن، ئەوان بەدەستڕێژی تفەنگ وەڵامیان داینەوە، بەڵام لە سەنگەردا بووین و جێگەمان قایم بوو باش چاومان لەوان بوو، کە کەوتینە تەقە لێیان وا ئەزانم لە یەکەم دەستڕێژدا بڕەسوارەکەی پێشەوە هەموو پێکران و کوژران یان بریندارابوون، بۆیە هێزەکانی دوای ئەوان کە بەمەیان زانی و بۆئەوەی ئەوانیش تیا نەچن پاشەوپاش گەڕانەوە، ئێمەش دوای ئەوان لە سەنگەرەکان هاتینە دەرەوە و چووینە سەر کوژراو و بریندارەکان کە تەماشامان کرد مەجید بەگیان لەناودایە. زۆر ڕێزمان گرت و هێنامان بۆ ئێرە.

سان – ئاخۆ ئێستە برینەکەی چۆنە؟

پیاوەکە – تا بڵێی خراپە و زۆر کاریگەرە، بێگومان ناژی، سەیر ئەوەیە قسە لەگەڵ کەس ناکات، ناناڵێنێ، داوای هیچ لەکەس ناکات، خۆی عاجز نیشان نادات، نایەڵێ کەس برینەکانی ببینێت یا دەرمانی بکات، باوەڕ بفەرموو ئەوانەی یەکەم جار برینەکەیان دیوە ئەڵێن قۆڵی چەپی تۆزێک چەرمی پێوە ماوە، ڕانی ڕاستیشی هەپروون هەپروون بووە، نازانم ئەم پیاوە چۆن بەرگەی ئەم برینانە ئەگرێت و بۆچ هاوارێک ناکات.

سان – پیاوی ئازا و دلێری وەک مەجید بەگ نەک هەر لەناو هەورامانداا بەڵکو لەناو هەموو کوردەواریدا زەحمەتە جارێکی تر هەڵکەوێتەوە، بەخوا حەیف، ئای داخی بەجەرگم مەجید بەگ.

دوای ئەمە هەردوو دەستی کرد بەکەمەندی هەردوو ئەژنۆ و، ئەژنۆکانیشی دایە بەینی دوو ئەبرۆ، وەک بەدەم ئێشەوە بێت، خۆی ڕاژاند و پاش ئەوە سەری هەڵبڕی و وتی:

– من لە ئەنجامی ئەم کارەساتە زۆر ئەترسم بۆیە چەند پیاو ماقووڵێکم نارد بۆ لای زینەتی دایکی و تکام لێ کردووە کە بێن مەجید بەگ بەرنەوە و هیچ نەبێت تا برینەکانی ئەو خۆش ئەبێتەوە با جارێ شەڕەکە بوەستێت، لەوە ئەچێت تکاکەی قبوڵ کردبێت، ئەگینا ئا ئێستا هێرشی تریان ئەهێنا. خۆی بێت کوڕەکەی بەرێتەوە، هەر ئێستە مەجید بەگ بێننە دیوەخان و جێگەی بۆ داخەن و هەموو لەبەردەمیا دەستە و نەزەری ڕاوەستن. هەر ئەمرێکی کرد بۆی جێبەجێ کەن.

ئەمەی وت و هەستا و چووە دەرەوە، دەستبەجێ بەدەستوورەکەی سان بەوپەڕی ڕێزەوە مەجید بەگیان بەبرینداری هێنا بۆ دیوەخان و لەناو جێگەی تایبەتیدا ڕایان کێشا و هەموو بەرامبەری بەپێوە ڕاوەستان، دەست لەسەر سنگ وەک چاوەڕێی فرمان بن، ناو بەناو کە لێیان ئەپرسی ئەمرێکی هەیە کە بۆی جێبەجێ بکەن، ئەو وەڵامی نەئەدانەوە و ڕووی لێ وەرئەگێڕان.

لەم کاتەدا لە دەرەوەی دیوەخان بوو بەدەنگە دەنگ، ڕاوەستاوانی ناو دیوەخانەکە دەستیان کرد بەسەرەتاتکێ و تەماشا کردن، تا یەکێک لە ڕاوەستاوان لەبەرخۆیەوە وتی:

– زینەت خان هات.

بەبیستنی ناوی زینەت خان مەجید بەگ تەواو شپرزە بوو، لەوە ئەترسا کە دایکی بەم ڕەنگە ناهەموارە چاوی پێ بکەوێت، بەگریان و شین و شەپۆڕ لەناو دوشمنەکانیدا بیشکێنێت. لەم کاتەدا

هەموو چاویان بڕیبووە دەرگای دیوەخانەکە لە پڕ زینەت خان بەهەموو چەکی ئەو ڕۆژەوە زەرد ئەچووەوە لە فیشەکدا، چەند پیاوێکی چەکداری شۆخیشی بەدواوە، وەک شێری بەچکە ونکردوو بەڕقەوە خۆی کرد بەژووردا، چاوێکی پڕ قین و کینەی گێڕا بەناو دیوەخانەکەدا و بێ نقە لە مەجید بەگ نزیک بووەوە، بەچاوی دایکانەی پڕ دڵسۆزی و خۆشەویستی تێی وردبووەوە و هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

– ڕۆڵەی شیرینم هیچ خەفەت مەخۆ ئەمەی بەسەر تۆ هاتووە لە مەیدانی ئازایی و نەبەردیدا هەر بەسەر قارەمانێکی هەڵکەوتووی وەک تۆدا دێت، هەرگیز بەسەر ئەم سەرشۆڕ و ملکەچانەدا نایەت (پەنجەی بۆ ڕاوەستاوەکان درێژکرد). پەیمانیش بێت هەموو بەهارێک گوڵاڵەسوورەی ئەم کەژ و کێوانەی هەورامان بەخوێنی دوشمنەکانی تۆ ئاو بدەم.

لە کاتی قسەکانی دایکیدا مەجید بەگ لە خۆشی قسەکانی، برینەکانی لە بیر چووبووەوە و بسکەی سمێڵی ئەهات.

دوای ئەوەی زینەت خان لە قسەکانی بووەوە بەدەست و بەسەر ئیشارەتی ئەو پیاوانەی کرد کە لەگەڵی بوون. سووک مەجید بەگیان هەڵگرت و بردیانە دەرەوە و پەردە دائەدرێتەوە.

پاش تاوێک لەودیو پەردەوە دەنگێک هاواری کرد:

– داخی بەجەرگم پێش ئەوەی بگاتە ئاوایی خۆیان مەجید بەگ گیانی سپارد.



# هۆنراوە

*ئەم بەشە بریتییە لەو هۆنراوانەی مامۆستا هەوری ئامادەی کردبوون بۆ چاپکردن بەناوی بەشی سێیەم لە هۆنراوە.*

## لەیادم دەرنەکەیت(١)

١٩٤٣

لە ئاهەنگدا لە شادی و پێکەنینا
لە سەیری چوونە باخ و گوڵ چنینا
لە بازاڕدا لە سەودای دڵ کڕینا
لە یادم دەرنەکەیت من سووتاوی تۆم
لە شیوەندا،، لە خۆدان و لە گریاندا
لە ڕۆڕۆ لە ئاهی بەربەیاندا
لەتەک ناڵەی دەنگ نووساوی ئێواراندا
لە یادم دەرنەکەیت من سووتاوی تۆم
لە بەهاردا ڕۆژی شادی و پێکەنین
یا لە کۆڕی ڕەشبەڵەکدا بۆ هەڵپەڕین(٢)
ئەو حەلەی دڵدار ئەڵێ با دەست گرین
لە یادم دەرنەکەیت من سووتاوی تۆم
لە سەیراندا کە چوویتە دەم نزار
بۆ چنینی گوڵ ڕەسیدەی نەوبەهار(٣)
کاتێ مەست بوون بەبۆنی لالەزار
لە یادم دەرنەکەیت من سووتاوی تۆم
لە هاویندا کە سێبەر خۆش ئەبێت
دڵ لە تاوی تینی گەرما کەم هۆش ئەبێت
پیاو بەبادەی مەینەتی سەرخۆش ئەبێت
لە یادم دەرنەکەیت من سووتاوی تۆم
کە عارەق کەوتە دووچاوی کاڵت

تک تک تکایه ســەر گــۆنەی ئاڵت
زنجـــیــرەی پێـــچــا لە دەوری خــاڵت
لە یادم دەرنەکــەیت من ســووتاوم تۆم
لە پایزدا کــە تەم کــەوتە ســەرکــێــو
گەڵا زەرد وەری، کە باخ بوو بێ خێو(٤)
دڵ کــەســاسی دووری یار و باربەلێــو
لە یادم دەرنەکــەیت من ســووتاوی تۆم
لەکاتێکدا کە وەرزی مەرگی گوڵ بێت
لەساتێکدا کە پرسەی کۆستی چڵ بێت(٥)
لە ڕۆژێکدا دڵڕفـــێنت دووری دڵ بێت
لە یادم دەرنەکــەیت من ســووتاوی تۆم
لە زســـــتـــــانا بەڕۆژی هەور و باران
یا کە پۆشی بەرگی سپی گشت نزاران(٦)
کە دۆش دامایت بەتەنیا بێ نازی یاران
لە یادم دەرنەکــەیت من ســووتاوی تۆم
کە کرێوەی دەست و پەنجەی برد لە گۆ
شۆری وەیشوومە سڕی کرد تان و پۆ(٧)
ئەو دەمەش ئەیکەم ئەم تکایە من لە تۆ
لە یادم دەرنەکــەیت من ســووتاوی تۆم

---

(١) ئەم شیعرە لەسەر شێوەی شیعرێک وتراوە کە لە (دیاری لاوان)دا لە ساڵی **١٩٣٣**دا چاپکراوە.

(٢) ڕەشبەڵەک – بەو جۆرە هەڵپەڕکێیە دەڵێن کە ژن و پیاو، کوڕ و کچ بەتێکەڵی دەست ئەگرن و هەڵئەپەڕن.

(٣) ڕەسیدە – پێگەیشتوو.

(٤) باخ بوو بێ خێو – واتە دوای دوابەر باخ بەرەڵڵا دەبێت.

(٥) مەبەست لە وەرزی مەرگی گوڵ و کۆستی چڵ – پایزە.

(٦) بەرگی سپی – بەفرە کە هەموو لایەک دائەپۆشێ.

(٧) کرێوە بەو کاتە دەڵێن بەفر و باران بەیەکە دەباری و باشی هەیە. وەیشوومە – سەرمای توند و تووش.



## **تاوانی ئەتۆم**(١)

١٩٤٥

ئەو ڕۆژە ئەڕۆم من بێ ســەر و شــوێن
نەکــەس بۆم بگری نەکــەس بدا جــوێن
بێ ترس هاتووم، پێم خــۆشــە ئەڕۆم
لــە داخــی زۆر و تــاوانــی ئــەتــۆم
کــاتێک فــەلســەفــەی ژینم پشکنی
من ســەراســیــمــەی دەنگی پێکەنی
وتی نەزانی بێ ئاگـــــا لە خـــــۆ
ئەم ســەراســیــمــیــە و پەژارەیەت بۆ
لەســـەر ئەم زەویەی تەوەرە کــۆمــاو
ڕاســتی نابینیت تۆ هەرگــیــز بەچاو
بۆ بەرەی بێ دەست نیــیــە تروسکە
گــەر باوەڕ ناکــەیت لە ژاپۆن پرس کــە
لە هێــرۆشــیــمــا بەڵگەی نام و نەنگ
بۆچ مـــافی ژیان وا کـــرا بەپەنگ
بۆ ئەوەی زۆردار زیاد بێت بەدەســتــدار
ئەبێت بێ دەســـتـــان بمرن بەهەزار
هەر بەیەک بۆمـــبـــای ئەتۆمی بەدناو
دووســەد هەزار کــەس بوو بەهەڵمی ئاو
بۆمـــبـــا هاوێژیش بەهیچ تەڕ نەبوو
بێــدەنگ بێ ســزا بەگــورجی دەرچوو
تەپڵی دەبدەبەی ســەرکــەوتن لێــدرا
چونکە ئەم کــەتنە بە مــرۆڤ کــرا
گــەر ئەمــە ژینە و واشــە پێــشکەوتن
ڕازی نەزانیم پێم خـــۆشـــە مـــردن
بە کــۆمــەڵ کــوشتن بۆشــە و شــەواژۆ
من بێـــزارم لێی پیـــرۆز بێت بەتۆ(٢)

---

(١) بەبۆنەی بۆمبا ئەتۆمەکەی ئەمەریکاوە کە دای بەسەر هیرۆشیمادا. تۆ – مەبەست بۆمباهاوێژە و ئەوانەیە

که نرخی مرۆڤ نازانن.

(٢) شەواژۆ = شەولەوەڕ.

***

## بەخێربێن

١٩٤٥

ئەم سرووده له ئاهەنگ و کۆبوونەوەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥دا له کاریزی وەستا شەریف و گردی مامەیاره، لەبەردەم (میستەر ئەدمۆنس) و موتەسەریفی سلێمانی مەعروف جیاوکدا قوتابییانی قوتابخانەی گۆیژەی کوڕان بەئاوازێک که خۆم بۆم دانابوو، وتیان.

کۆرس

بەخێربێن ئێوە و نەورۆز و بەهار
دوارۆژمان ئەوێت لە گەورە و سەردار
دوارۆژێکی ڕوون گەشی ڕەونەقدار
شەوقی بهاوێ بۆ هەردە و کۆسار
ئەمڕۆ سبەیەک جەنگ ئەبڕێتەوە
سوپای سەرکەوتوو ئەگەڕێتەوە
میللەتان حەقیان پێ ئەدرێتەوە
وریا بن کە کورد بیر نەچێتەوە

کۆرس

بەخێربێن ئێوە و نەورۆز و بەهار
دوارۆژمان ئەوێت لە گەورە و سەردار
دوارۆژێکی ڕوون گەشی ڕەونەقدار
شەوقی بهاوێ بۆ هەردە و کۆسار
هەوڵێک هیمەتێک یەک دڵ و زمان
بۆ بەرزی خاکی هەموو نیشتمان
بۆ خۆشی و شادی شار و لادێکان
دەبا یەکگرن دەستەی لاوەکان

کۆرس

بەخێربێن ئێوە و نەورۆز و بەهار



دوارۆژمان ئەوێت لە گەورە و سەردار
دوارۆژێکی ڕوون گەشی ڕەونەقدار
شەوقی بهاوێ بۆ هەردە و کۆسار

***

## گۆرانی خوێندن

١٩٥٦

بەسروود لەسەر ئاوازی تایبەتی ئەوترێت لەلایەن قوتابیانەوە

ئێمە هەموومان براین
بۆ نیشتمان وەک چراین
بێ جیاوازی دەخوێنین
بیری ئازادی ئەچێنین
کە خوێندنمان تەواو کرد
ڕوو لە فرمان دەستوبرد
فرمان بۆ بەرزی وەتەن
بەهێزی مێشک و بەدەن
خوێندەواری و تێکۆشان
بۆ بەرزیەتی نیشتمان
خۆمان ئەکەینە نیشان
وەک دڵسۆزی ڕەوشت جوان
ڕۆژ و شەو تێدەکۆشین
بەرگی فرمان ئەپۆشین
بۆ بەرزی گشت وڵاتمان
جێگەی هیوا و ئاواتمان
بەری خوێندن کە دەرکەوت
ڕۆژێک وڵات کە سەرکەوت
باخمان هەموو دێتەبەر
نەزان دوور و دەربەدەر
دەچینە ڕیزی گەلان
وەک بولبولی سەر چڵان

کۆڕی بەزم جەم ئەکەین
خەفەت لە دڵ کەم ئەکەین
ئەوسا وڵات خوار و ژوور
تێکرا نزیک یاخو دوور
وەک بەهەشت دێتە بەرچاو
هەموو شاد و ژین تەواو
ئەوروپایی بەیەکجار
ئەڵێن خۆزگە هەزار جار
بەحاڵ و ژینی بەرزمان
ژینی خۆشی سەد تەرزمان

***

## گۆرانی لاوی وڵات

١٩٥٧

لەسەر ئاوازی تایبەتی دەوترێت.

وەرە ئەی لاوی وڵات
لاوی ڕێی سەختی نەهات
پێت نیشاندەم ڕێگەی ژین
ژینی چەرخی بیستەمین
هەوڵ و ڕەوشت و خەبات
لەگەڵ خوێندن بۆ وڵات
خوێندن بەڕەوشتی جوان
هەوڵ بۆ سوودی هەموان
بەهەوڵ و هێز و خەبات
وڵات بەئامانج ئەگات
زەمان وا دەردەکەوێت
هەر زانا سەر دەکەوێت
بەهێز و بیر و دەستی(١)
ئەو دوور ئەبێ لە پەستی



لەگەڵ خوێندن و فرمان
بیر پاک بە، بۆ نیشتمان
ئەوسا هەوڵ و تێکۆشان
یەک لەسەر یەک بێ وچان
ئاوا دەگەینە هیوا
هیوای بڵندی بڕوا
هیوای ژینی بەختیار
ئاواتی چینی هەژار

---

(١) هێزی بیر و دەست، ئەو زانایەی زۆر ئەزانێت، ئەو پیاوەی بازوو و دەستی بەتین بێت: ئەو دوو جۆرە کەسە لە ژیانا سەرکەوتوون.

***

## ئیمپریالیزم

١٩٥٩

لە ساڵی **١٩٥٩**دا ئێران هێرشی زۆر ناڕەوای بردە سەر کوردەکان بەتەمای ڕەچەڵەک بڕینەوەیان هەر لەبەرئەوەی کوردبوون. بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرە وترا.

ئیمپریالیزم با لە تاراندا
نەخشەی نەهێشتنی کورد لە ئێراندا
بکێشێت خولیای ڕۆژ و شەوی بێ
چڵەی چڵکاوی ئەم و ئەوی بێ
با دوشمنانی کوردی خوار و ژوور
هۆزی نۆکەری ناوخۆ و سەر سنوور
یەکگرن هەموو بەکرێ گیراوان
بۆ بەرهەڵستی کوردی بێ تاوان
بەهێز سنوورمان لێ بکەن بەپەرژین
ئامادەی شەڕبن شەڕی کۆنە قین
کورد واز ناهێنی بەهیچ ڕەنگ لەوێ
لە خاکی خۆیدا ئازادی دەوێ

خاوەندی بازووی لاوی سەرکەشە
بەڵگەی سەلماوی خوێناوی گەشە
ئەم نیشتمانە پێنج هەزار ساڵە
بەتاپۆی خوێنین لەسەر کورد ماڵە
تازە بەهاشەی بێگانە و نۆکەر
جلی بەندەیی ناکاتەوە بەر
چۆن واز ئەهێنی لە خاک و ئاوی
لە نیشتمانی پەل پەل کراوی
چۆن خۆی ڕوو ڕەشی، باوباپیر ئەکا
بەئازادیخواز وا تەدبیر ئەکا
یەک ئەگرن هەموو ئازادانی گەل
ئەوسا دەگەڕێن بۆ دەرفەت و هەل
پشت بەئازادیخوازی میللەتان
مافی وەردەگرێت کورد و کوردستان
بەکوێری چاوی هەموو دوشمنان
ڕۆژێک نزیکە کورد بێتە مەیدان
جۆش بدا بەخۆی وەکو کوردهەنگ
لاوی لێهاتوو کچی شۆخ و شەنگ
سنگ بەسوپەری شیر و تیر ئەکات
تا دەست لە مافی خۆی توند گیر ئەکات
دوایی ئەگیرێت کۆڕێکی خەبات
بیری برایی بەدیاری ئەبات
بۆ هەموو گەلی ڕوویی سەر زەوی
مژدەی، ئیستعمار وا کەوت و نەوی
سروودی ئازادی بەکوڵ دەخوێنێت
وەک برا بەدڵ یەکتر دەدوێنێت
ئەوسا برایی هەتا سەر دەبێ
دوشمنی خوێڕی دەربەدەر ئەبێ

***



## نەورۆزە

١٩٦٠

نەورۆزە بووکی پشتی پەردەی سوور
لە ماڵی نوێدا چاو بۆ خوار و ژوور(١)
ئەگێرێ ورد ورد تروکە بەچاو
بەمشت و ماڵی دیواخانی چاو
تیلی تەماشای سەرنجی لاڕێ
ئاڵ و واڵایە ڕێی ڕێبوار ئەگرێ
سەرپێچی نازی لاری لاگیرە
لە لوتکەی شاخدا شۆخ و دڵگیرە
بریقەی سورمەی زیوینی کەوا
لە دەم لاپاڵدا وەک بنەوشەی بروا
دوگمە و دۆڵابی سەر سوخمەی بەرکێو
هێلی گوڵانی هەردەو و نشێو
سەرپۆشی سپی بەفری سەری شاخ
کفنی زەرد نەبوو، بۆ وەتەن هەر ئاخ
دەستی نەخشاوی خەنەی سووری کاڵ
بەرهەمی خوێنی گوڵاڵەی لاپاڵ
کرێمی سووری لێوی بزاوی
خوێنی برینی برای کوژراوی(٢)
چریکە و قاسپەی مەلی ناو دەوەن
کاتێک کە سروود ئەڵێت بۆ وەتەن
نەوای دووبارەی دەنگی بەرنزار
دەشتی نەخشاوی پەنجەی کردگار(٣)
زایەڵەی دەنگی شەهیدانی کۆن
ئەو شەهیدانەی کە قوربانی تۆن
ئەڵێن: بەخوێنی ئێمە نەوبەهار
سوور دادەگیرسێت نەورۆز لالەزار

ئاهو هەناسەی ئێمەیە بەهار
ئەبێ بەهەور و بەخوڕ دێتە خوار
بەهیوای ئەوەی چرۆ بەگوڵ بێت
گوڵ لە بازاڕدا پەلکێشی دڵ بێت
دڵێ کە بۆ کورد بێتە چەپۆکان
نەک سوودی خۆیی‌و گیرفان داتەکان(٤)
لە ڕێگەی کوردی زەبوونی هەژار
لە پێنج چوار بەشی هەموو کرێکار
هەڵسوکەوتی بێ بەڕۆژ و بەشەو
لە ڕێی خەباتدا چاو نەکاتە خەو
وەک دڵی لاوێ دڵسۆزی گەل بێت
بەچەک ئامادە و چاوەڕێی هەل بێت
بۆ مافی هەژار لە بەند و لە کۆت
نەترسێ بەدڵ هەوڵ بدا بۆت
بشزانێ هەوڵی مافی هەژاران
گەردن بۆ کۆتە یا بەردەباران
هەوڵی گەیشتن بەمافی هەژار
گەیشتن ئەبێت یان داوی زۆردار
هێشتا بەبێ باک سنگ بەسوپەرکا
هەتا داگیرکەر لەم خاکە دەرکا
ئیمپریالیست و میللەت فرۆشان
بەرنە دۆزەخی شاری خامۆشان(٥)
با کرێکار و جووتیارانی کورد
بۆ مافی خۆیان خێرا و دەستوبرد
بێنە مەیدانی تەقەللا و خەبات
تا نیشتمانیان بەئاوات ئەگات
ئەوسا کە جەژنی نەورۆز و بەهار
پیرۆز لە کورد و هەموو کرێکار

١- بووک کە یەکەم جار دەبرایەماڵی زاوا ڕووی نەدەهات سەربەست تەماشا بکا، لە ژێرەوە بەتیلی چاو تەماشای



ئەملا و لای ئەکرد.
٢- ئەو کرێمە سوورەی ناسک ئەندامان دەیدەن لە لێویان لە خوێنی ڕژاوی برا شەهیدەکانیان دروست کراوە.
(٣) کەو لە ئێوارانی بەهاردا لەو نزارانەوە کە بەردەمیان دەشتێکی ڕازاوەیە چاک دەخوێنێت.
(٤) نیشتمانپەروەری ئەوەیە بۆ سوودی گشتی بێت، نەک بەناوی سوودی گشتییەوە گیرفانی خۆ پڕکردن.
(٥) شاری خامۆشان واتە گۆڕستان.

***

## جەژنی ئایارە

١٩٦٠

جەژنی ئایارە کاکی کرێکار
پیرۆز لە تۆ بێ و لە برای جووتیار
پیرۆز لە تۆ بێ و لە ڕەنج بێوەران
چەوساوەی چینی ژێرباری گران
لەدەم هەورازی چەرخانی زوودا
لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێچی مێژوودا
باری گرانی گەل بەشی تۆ بوو
کەچی لە ماڵتا هەر ڕۆڵە ڕۆ بوو
زۆرجار لە ماڵتا بۆ تاقە نانێ
لە هێلانەی دڵ دەردەچوو گیانێ
بۆیە کاروانی ژین بەرەو دوا بوو
مژدە فەریاد ڕەس ئەوا پەیدابوو
ئەوا بەهێزی بیری دانایان
دروشمی بازووی تۆ هاتە مەیدان
بەتیری دەستی چینی زەحمەتکێش
برینی دوشمن بۆ مەرگ دێتە ئێش
بەهێزی بازووی دەستەی ڕەنجبەران
نیشتمان فرۆش ئەکرێت دەردگران
هەر هێزی بازووی مەردانی دڵسۆز
ئەگات بەفریای نیشتمان و هۆز

ئەگات بەفریای گشت لێقەوماوان
هەر لەو ڕیزەدا کوردی بێ تاوان
هەستە هەڵمەتێک بۆ ماڵ و بۆ جێت
چیت لە کیس ئەچێت مەگەر کۆتی پێت
هەستە هەڵمەتێک وەکو بەچکە شێر
ڕوو بکەرە دوشمن بەدەنگی دلێر
بڵێ بەچەکوش مافی نیشتمان
بەزۆر دەردێنم لە دەست دوشمنان
لە وەردی پایز لە شێفی زستان
بۆ گوڵی ئازادی کورد و کوردستان
بێڵ ئەوەشێنی برای جووتیار
هەتا سەوز ئەبێت دەمی نەوبەهار
گوڵی ئازادی بەچەپک و دانە
با بەخوێنیش بێت بۆ گەل هەرزانە
گوڵزاری هەرچەند بەداو تەنراوە
هەر ئەچم بۆ گوڵ گەر خۆم داناوە
سەر بەسەر نرخی یەک چڵ خوێنم بێت
ڕازیم من بمرم ئەو لە شوێنم بێت
بەڵکو لە تۆوی چڵی نرخ خوێن
گوڵی ئازادی بڕوێت لە گشت شوێن

لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری بڵێسەی ساڵی ١٩٦٠ ئەم هۆنراوەیە بڵاوکراوەتەوە.

***

## دەردی بێ باری

١٩٦٠

دەردی بێ باری ئەم گەلەی فەوتان
بێ بار ناترسێت لە تانەی سەر شان
بێ بار ناترسێت لە کردەوەی نەنگ
هەر ورگی پڕ بێ وەکو گۆمی مەنگ



وەک گوڵەبەڕۆژە هەردەمە و تاوێ
ڕەدووی لایەکە و کەوتە پێناوێ
فەلسەفەی ژین کام مێرگ و ئاوێ
پاگژ لەوەڕبێ، ئەو گەلی ناوێ
دەمێک فاشستە و تاوێک هیتلەری
شەو ماڵی ئاغا و ئەرکی نۆکەری
ڕۆژ کە ڕووناک و کردەوە دیارە
ئازادیخواز و دۆستی هەژارە
بۆ سوودی ساتێک ڕوو لە ڕۆم ئەکات
یاخود بۆ عەجەم ئەو پشت کۆم ئەکات
تاوێ سەر بەکورد ڕوو لە نەورۆزە
تاوێ گورگە بۆر، دوشمن بەهۆزە
جامبازی دەستەی فەرمانبەری کۆن
بۆ وەرگرتنی پارە و هیزەی پڕ لە ڕۆن
چینی هەژاری ئاوا داوەشان
بەم ڕەنگە باری تانەی هاتە شان
ئەمڕۆش وا دەڵێت دۆستی هەژارم
هەر من ڕابەری لادێ و شارم
لای وایە کە گەل نەزانە و نوستوو
هەر ترسنۆک و تەنیا پەککەوتوو
نازانی یاسای ئەمڕۆکەی ژیان
بۆ سوودی هەژار هاتۆتە مەیدان
کوردیش هەژار و هەم بەش خوراوە
زیندووی بەئاستەم نووزە تیاماوە
بەڵام وا هیوای گیانی ئازادی
بۆی هێنا مژدەی ژیانی شادی
بۆیە پەیمانی لە مەولای وایە
بەمەرجی وەک یەک بۆ گشت برایە

برای ئازادی دەستگیری هەژار
لەناو گەلاندا زۆرە و بێ شومار
ئازادیخوازی ڕاستی خۆرهەڵات
نایەڵێت زۆردار هەژار قوت بدات
نایەڵێت بێ بار هەر ڕەنگ نۆکەرێ
نامەی بەندەیی کورد بۆ کەس بەرێ

لەگەڵ ئەوانەیە کە هەتا چەند ڕۆژێکیش دوای چواردەی گەلاوێژ هەر سەر بە فەرمانبەرانی دەوری پادشایی و ئاغا و بەگ و شێخ بوون، دوای ئەوە بێ شەرمانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و بەدرۆ بوون بەپێشکەوتنخواز.

***

## شیوەن بۆ مامۆستای بەرز ڕەفیق حلمی

١٩٦٠/٨/٤

مەلێکم ئەوێ تیژتر لە خەیاڵ
بەیەک ترووکە بە دوو شەقەی باڵ
ڕاپەڕێت دڕدا بەکۆڕی زەپۆش
بۆ مەڵبەندەکەی هەمیشە ڕەشپۆش
مەلێکم ئەوێ بۆ خنکاوی دار
نەوای تەرخان کات دەمی نەوبەهار
دەروونی لێڵ و دڵ پڕ لە زام بێت
سەراپا ژینی وەک کورد ناکام بێت
مەلێکم ئەوێ مەڵبەند نزار بێت
ئاشنای ئێش و دەرد و ئازار بێت
دەمە و ئێوارەی بەر ملەی سەرکۆ
یەک ئاواز بڵێت ڕەفیق حلمی ڕۆ(١)
هەڵسێت زوو بەرێت نامەی پەشێو حاڵ
بۆ هەموو نەوەی کوردی وێران ماڵ
بڕوات بگەڕێ سەرحەد و سنوور



هەتا دەنگ ئەدات کوردی خوارۆژوور
ئەوا بێتەوە بۆ سەر بەرانان
بەسەر شەقامدا ڕووەو کانێسکان
گومەتە بدات بەگریانەوە
بەدەم هەنسکی بێ پسانەوە
هاوارکات بڵێ خوێشانی ناشاد
تەرمەکەی ئازیز وا پشتە و بەغداد
بارگە و بارخانەی مامۆستای دڵسۆز
لە چۆڵی قوڵفە بێدەنگ ئەکات تۆز
ئەو دڵەی هەتا لێدانی مابوو
جێگەی تایبەتی کوردی هەر تیابوو
ئێستە بێ جووڵە و هەست و هیوایە
ڕوو لە سەیوانە و هەر ئەوی تیایە
ئەم جارە زویرە کەس نادوێنێت
تۆڵەی دوودڵی کورد وا ئەدوێنێت
کە دەست هەڵگرێت لەم ژینە دوونە
ئەم ژینەی بۆ کورد هەروەک نەبوونە
ئەم ژینەی کەوا دوشمن پێی شادە
ئێمە وەک بەندە و ئەویش ئازادە
ئەو کەی ئەتوانی ئەگەر هەر بەخەو
ئەیبینی ڕۆژی لێ ئەبوو بەشەو
بۆیە ئارەزووی کۆچی ژینی کرد
بەنیشتمانپەروەر نابێ بڵێین مرد
چونکە هەر ئەژی بیر و ڕەفتاری
بۆ ئەوەی بەرێ گەل بۆ ڕزگاری

---

ڕۆژی ١٩٦٠/٨/٣ بەنەخۆشی چووم بۆ بەغداد، زۆریشم ئەویست چاوم بەمامۆستا رەفیق حلمی بکەوێت، ئێوارەی ٨/٤ لە کاتێکدا لە عیادەی دوکتورێک هاتمە دەرەوە گوێم لە دەنگی ڕادیۆ بوو کە وتی: مامۆستا ڕەفیق

حلمی کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان بردەوە بۆ سلەیمانی. هەر ئەو شەوە ئەم شیوەنەم بۆ نووسی.

(١) مەبەست سلەیمانییە.

***

## شیرین بەهارە

لە بەهاری ١٩٦٢دا هێرشی میری بۆ سەر سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و هەموو ناوچە کوردنشینەکان بەڕەنگێکی دڕندانە دەستی پێکرد. کوشتن و بڕین، تالانی و سووتان، باخ هەڵپاچین و خەرمان سووتاندن هەموو گۆشەیەکی گرتبووەوە.

بەو سەبارەتە لە بەهاری ئەو ساڵەدا ئەم شیعرە وتراوە.

شیرین بەهارە بەهارە شیرین
بێ با پێکەوە بەیادی دێرین
دانیشین تەنیا تاوێک دوو بەدوو
دڵ بەرابەر دڵ ڕوو بەرابەر ڕوو
بێ دەنگ بەزمانی حاڵی دەردەدار
بۆت هەڵبڕێژم جەفای ڕۆژگار
کێ؟ دی بەنەورۆز دەمەو بەهارێ
لەجیاتی باران بۆمبا ببارێ
کێ؟ دیویە بەهار خونچەی کوێستان
بەر لە پشکووتن بەساروخ سووتان
کێ دیویە یانە، ئەشکەوتی کێو بێ
ڕۆڵەی نەبەردی کورد لەجێی نشێو بێ
ماڵ و منداڵی بێکەس و خێو بێ
ڕۆژ لە کۆلاندا و شەو بەبێ شێو بێ
کێ دیویە بەهار مەڵبەندی گوڵزار
ڕووڕەش بنوێنێ وەکو شەوی تار
کێ دی بەبەهار لاوک و حەیران
هەر دایکەڕۆ بێ و بۆ باوک گریان
منداڵ لە دەشتدا نووزەی بێ بۆ نان
لاشەی ئەو بۆ گورگ شەو بێ بەخوان



کێ دی بەبەهار لە جێگەی سەیران
گەرم بێ کۆڕی شیوەن و گریان
کێ دیویە داوای کەمێک حەقکردن
تۆڵە کوشتن بێ و زوو لەناوبردن
بەڵام ئەی شیرین تاقە گوڵی من
با باش بزانن سەرتاپا دوشمن
بەو خوێنە گەشەی لە کورد ئەڕژێ
بەو مێشکە تیژەی بەساروخ ئەپژێ
بەو گوڵەی بەهار پەژمردە ئەکرێ
بەو دڵەی پێ لە کۆت بۆ زیندان ئەبرێ
بەو گشت لاوانەی لە مەڵبەندی یار
بێ تاوان هەموو جووت ئەکرێن لە دار
ئاهی پیرانی کوڕ، برا کوژراو
هەنسکی دایکی ڕۆڵە سک سووتاو
فرمێسکی شەرمی لە چاو قەتیس ماو
بۆ مەرگی یاری لاشە نەبینراو

***

شەوان وڕێنەی ماڵ تالانکراو
لە ناسک ئەندام پیاو بەدیل براو
هەوڵ و هەڵمەتی لاوی بەچکەشێر
شاخەی شریخەی پێشمەرگەی دلێر
گڕی ئاگری شۆڕش خۆش ئەکەن
مژدەی ئازادی گەلی کورد ئەدەن

***

میللەتێ بوونی ناونووس کا بەخوێن
ڕووڕەشە هەرکەس، پێی بڵێ بێ شوێن
نەخشەی کوردستان نووسینی ئاڵە
بەخوێنی لاوان لەسەر کورد ماڵە
ئەم کوردە لەسەر شەرەف و ماڵی
بەرز ئەکاتەوە دەنگی زوڵاڵی

ئەڵێ چنگ لە سنگ دوشمن گیر ئەکەم
ڕوو بەسوپەری شیر و تیر ئەکەم
حەقم سەر بەسەر بەخوێن ئەسێنم
بۆ نەوەی هاتوو تۆوێک ئەچێنم
بەخوێنی جگەر پەروەردەی ئەکەم
ئازادی بۆ گشت تا دێتە بەرهەم

***

## چەمک و گوزارەی کوردستان یان نەمان

لە ١٩٦٣دا دەستکرا بەخراپەکردنێکی ئەوتۆ کە لە مێژوودا ڕووی نەدابێت. بەڕەنگێ هاتە سەر ئەو بیروڕایەی کورد لە عێراق دەربکات. بەو سەبارەتەش شۆڕشی کورد تا دەهات بەتینتر ئەبوو، دروشمی کوردستان یان نەمان بەرزکرایەوە، بەکرێگیراوە کوردەکان بەلالووتی و گاڵتە پێکردنەوە ئەیان وت مانای چی کوردستان یان نەمان. بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرانە بۆ لێکدانەوەی چەمک و گوزارەی کوردستان یان نەمان نووسراوە.

با بزانن گشت بە جارێ یەکسەر جیهان
ئەم دروشمەی کوردستانم یان نەمان
ئاگرێکە پڕ بڵێسە کڵپەسێن
ڕێنوێنی قەومی کورد دوشمن سووتێن
ئاگرێکە شێوە شیرین مژدەهێن
ڕوو لە پێ دەشت شەوق ئەهاوێ تۆڵەسێن
ئاگرێکە پڕ لە پشکۆ پڕ سکڵ
بەژنی لاوە گشت سووتاوە جەرگ و دڵ
یەک پزیسکی گەر بگاتە سەر سنوور
دای ئەپڵۆخێنی بەهەڵمی، دوشمن لە دوور
ئاگرێکی وا نەبینراو کە چاوگەی لاشە بێ
جێ هیوای کوردەواری بۆ بەدەنمان کاشە بێ(١)
هەر ئەبێ گڕ بێ تا لە گەڕدا بێ زەمان
بۆ ژیانی کوردستانم نەک نەمان

---

(١) کاشە = دەرمان

***



## قاچ و دەست سووتاو

لە هاوینی ١٩٦٣دا لاشەی کوردێکی کوژراوی قاچ و دەست سووتاویان هێنابووەوە بۆ ئەتک لەبەر دەرکی سەرادا دایان نابوو، قەڵەباڵغیەکی زۆر بەچوار لایدا ڕاوەستابوون، هەندێکیان بەگاڵتە و قەشمەریەوە تەماشای تەرمە کوژراوەکەیان دەکرد و بەملاولای خۆیاندا دەیانڕوانی وەک بیانەوێ بەکەسان بڵێن کە ئەوان کوشتوویانە. دیارە ئەمانەش ئەو بەرە نۆکەرەن هەر ڕۆژ بەناوێکەوە دژی نەتەوەی کورد و خزمەتکاری بێگانەن. دیمەنی ڕاوەستاوەکان و لاشەی کوژراوەکە کە لەسەر زەوییەکە فڕێ درابوو بوونە هۆی دانانی ئەم هەڵبەستە.

ڕۆڵەی کەساسی قاچ و دەست سووتاو
لە ماڵی خۆتدا بەناحەق کوژراو
بۆ ئەتکی کوردی بێکەسی داماو
ئەو کوردەی ئاهی بەرد ئەکا بەئاو
لێرەدا بێ ناز ئاوا فڕێدراو

***

خۆڵی ژێر لاشەت سورمەیی چاوە
خوێنی دەم زامت بۆ ژیان ئاوە
گەورە و بچووکمان گشت کە وەستاوە
دەست لەسەر سنگ و دەم بەسڵاوە
بۆ لاشەی کوردی شەهید کراوە

***

## جامانە سوور

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا دوودڵی و دووبەرەکی لەناو شۆڕشگێڕانی کورددا بەتەواوەتی دەرکەوت و ئاشکرا بوو. نیشتمانپەروەران لە شارەکاندا بەتەواوەتی ڕووخان و پەتی هیوایان پسا، چونکە ئەوەی لەمێژبوو لێی دەترسان سەرەتای دەرکەوت. پەتا و درمی دووبەرەکییەتی نیشانەی پەیدابوو، مەنجەڵی ڕقوقینە هاتە کەف و کوڵ، ئاشی قانزاجی خۆیی بەئاوی شینی دیناری بێگانە هاتەگەڕ. نۆکەر و سیخوڕ بەناوی چەپڕەوییەوە کەوتنە پەلەقاژێ و کۆکردنەوەی سامان کە وەک باران بۆیان دەباری لە پاداشی وەستان دژی شۆڕش و بەرژەوەندی نەتەوەی کوردی کەساسی داماوی بێکەسی بێچارەی چوار لا دوشمن، کە بەدرێژایی مێژووەوە تاریکی ئەم نەخۆشیەی چاک نەبۆتەوە و نەیهێشتووە بگات بەئامانجی خۆی، بەم سەبارەتە بەدڵێکی پەست و خەفەتبارەوە ڕۆژی ٤/٤/١٩٦٤ ئەم هۆنراوەیەم نووسی.

جامانە سوور جامانەکەم
با ڕەشیش بێ پەیمانەکەم
لەگەڵ تۆیە من وەکو تۆم
تۆم لێ دابڕێ من ڕەنجەڕۆم
سالانی زوو شۆڕشی کورد
باپیت بڵێم بۆچی ئەمرد
دووبەرەکی و قانزاجی خۆ
کوردی ئاواکرد ڕەنجەڕۆ
لاڕێ گری گیرە شێوێن
سوودپەرستی ورگ لەوەڕێن
کوردایەتی بۆیە ئەوێ
کەلەپووری زۆر دەسکەوێ
ناوی کوردی دانە داوە
هێز و هەوڵی چاو و ڕاوە
کاتێک زانی سوود بەتاڵە
ئەوسا ئەیکات ئەو بەگاڵە
هەر دوێنێ بوو دوێنێی نزیک
باجی ڕەحمە بە زریکە زریک(١)
ڕەشبەڵەکی کوردی شێوان
سەرچۆپی کێش کەوتە کێوان
کوردیش بێبەش وا مایەوە
نیوەی زیاتر توایەوە
ئەگەر ڕۆژمان وا تێپەڕێ
ئەوی ماوە ئەویش ئەمرێ
دوشمن بە خاکمان شاد ئەبێ
کوردستانمان بەرباد ئەبێ

***

جامانە سوور بەرز دیاری
پشت و پەنای کوردەواری



ئاشکرایە جێگەت بەرزە
تۆ دوشمنت خستە لەرزە
بەرەی کوردیش تێکۆشەرە
بۆ ئەم گەلە وەک ڕەنجبەرە
هەوڵی داوە بەڕۆژ و شەو
کوردایەتی خستە برەو
دیارە نۆکەر بەکرێگیراو
لەناو کوردا هاتۆتە ناو
لەگەڵ گورگدا سەرچۆپی کێش
لەتەک مەڕدا خەمخواری ئێش
بەڕۆژ و شەو لرف لێدەر
لە ماڵی کوردی قوڕبەسەر
ئاگری فیتنە فوو لێ ئەکەن
هەتا زەفەرتان پێ ئەبەن
کوڕ و باوک لێک دادەبڕن
دوشمن ئەمە بەزۆر ئەکڕن
هەیە کوردە تەنیا بەدەم
وەک دوشمنە بێ زیاد و کەم
ناوی جوێ جوێ ئەنێ لە کورد
وەک کورد کوژە یا زۆڵە کورد
ئەم سۆرانی ئەو بادینان
ئەم ئاغایە و ئەویش سەپان
هەتا هەموو لەیەک بەربن
وەک کۆست کەوتوو قوڕبەسەر بن
خۆشی سوار بێ و هەر چەقەی بێ
بۆ پەشێوی شەو تەقەی بێ
تەقە لە کێ هەر لە کورد بێ
کێ دڵسۆزە ملی ورد بێ

شوڤێنییە ئەبێ بمرێ
بەکرێگیراو جێگەی بگرێ

(١) ئەمە ئیشارەتە بۆ هەڵبەستە بەناوبانگەکەی ئەحمەد بەگی ساحێبقران لە زەمانی فەرمانڕەوای شێخ مەحموودا کە ئەڵێت:

لایەقە بۆ میللەتی کوردایەتی بێ ڕەشبەڵەک
باجی ڕەحمە بێ قەزابێ نایەڵێ ڕێک هەڵپەڕین

***

## وڕێنەی پێش عەمەلیات

ڕۆژی ١٩٦٩/١٠/٢١ لە بیمارستانی ڕازی لە بەغداد عەمەلیاتی زراوکرام، هەر لەوکاتەدا بەرگوێم کەوت کە هێرشێکی زۆر توندوتیژ کراوە بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان، بەتەمای بڕینەوەی شۆڕش و ڕەچەڵەکی کورد، بەم بۆنەیەوە ئەم شیعرەم نووسی.

دوکتۆرێک بێنن ئاگاداری دەرد
هامڕازی ئێش و هەناسانی سەرد
هاودەم سەرینی نەخۆشی داماو
نەخۆشی زامی جگەر و زراو
لەو دوکتۆرانەی کە حاڵ ئەزانن
کردەوەی سەختی نابێت ئەتوانن
بێتە سەرینم لێم وردبێتەوە
وەهام ڕاکێشێت زام نەکولێتەوە
لە دەرگای مەرگدا وا چاوەڕوانم
دەرچێت هەناسە و گیانی ڕەوانم
ئازارم، لە خۆم بێزاری کردووم
سەرم سوڕماوە کە چۆن نەمردووم
ناڵەم ئەگاتە ئاسمان و پەروین
گوێم لێیە بۆ من بەرهەنسک ئەگرین
تاساوی قوڕگ و گوشراوی دەمن
خوێشان، کێم لایە پەیکەری غەمن



چونکە ژین و مەرگ وەک یەک دیارن
مادام بۆ نەمان ئێش و ئازارن
چون یەکە لای خۆم ئەم بێ یاخود ئەو
تاکەی لەبەر ئێش چاو نەچێتە خەو
کەوا بوو دوکتۆر دەستەوداوێنم
هەرچەند لاواز و، دیارە کەم خوێنم
نەشتەر وابدە لە پەڕەی جەرگم
خوێناو سەر بکا بۆ لاشە و بەرگم
با لاشەی منیش خەڵتانی خوێن بێ
ئاوارە لە وڵات بێ ڕێ و شوێن بێ
تا ڕزگارم بێ لە ژینی پەشێو
نەبیسم ناڵەی داماوی بەرکێو

***

ناوەخت مەینەت گەلێ بەدبەختم
بوونە هۆی زۆربوون، زامانی سەختم
دەردی دووڵی تیرە و هۆزمە
کە ڕۆژ هەر ناڵە و بەشەو سۆزمە

***

نا، نەکەی دکتۆر ورد و لەسەرخۆ
بۆ بڕینی زامی زراوم بڕۆ
نامەوێت بمرم بەڵکو ڕۆژگار
تاوێک خول بدات بۆ سوودی هەژار
ئەوسا ئەوان و چی ماوە داماو
بۆ هەوارگەی نوێ ڕابکەن بەتاو
گەورە و بچووکیان شادبن بەجارێ
زۆرداریش خوێنی لە چاو ببارێ
خۆزگە ئەو ڕۆژەم من ئەدی بەچاو
تا ئەو نەورۆزە و ڕۆژی نوێی تەواو

***

## بۆ لێڵی دیجلە؟

لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/١٨دا چووم بۆ بەغداد، ئەو ساڵە باران زۆر باریبوو، ڕووباری دیجلە تەواو هەڵسابوو، دیمەنەکەی وەک دەریایەکی قوڕ دەهاتە پێش چاو، لەو ڕۆژەدا لە بەغداد ئەم شیعرە وتراوە.

بۆ لێڵی دیجلە، دیجلە بۆ لێڵی؟
پێم بڵێ دیجلە تۆ بۆچی وێڵی؟
پێم بڵێ بۆچی ئاوا قوڕاوی؟
تۆ بۆ کام کۆستە وا قوڕ پێواوی؟
دەروونی تۆ بۆ هاتە کەفوکوڵ
بۆ کێ ئەگێڕیت شیوەنی بەکوڵ
بۆ کام هەژاری لە برسا مردوو
یا کام منداڵی شەو گورگ خواردوو
بۆ کام خەرمانی ئاگر پێوەنراو
یا بۆ کام ماڵی بەساروخ سووتاو
بۆ کام ئافرەتی لەپڕ لێقەوماو
لە نیوەشەودا جەرگ و دڵ براو
بۆ کام پیرێژن تاقانە کوژراو
یا کام ناسکۆڵە مێرد بەدیل براو
یا کام نیهالی ناو بەندیخانە
یا بۆ کام دڵسۆز وێڵ لەو شاخانە
بۆ مەرگی کام باوک هەتیو بەجێماو
کە بە کوشت درا هەر بەچاو و ڕاو
یا بۆ کام حەقێ ڕۆیی و بەفیڕۆ
درا بەدراو ئێمەش ڕەنجەڕۆ

***

ئەزانم دیجلە بۆ بێکەس وێڵی
ڕەنگ لە ڕووبراو، لەبەرچی لێڵی
ئەو هەمووو جەورەی ئێمە و تۆ دیمان
کەمێکی بەسە، بەپەنگ کا، ئینسان



کێ دی کە کاروان، نزیک گەیشتن
کاروانی، بکەونە، خوێنی یەک ڕشتن
لەگەڵ جەردەدا دەست تێکەڵ کردن
کاروانی و ماڵیان بەدیاری بردن
چاکتر نیشانەی بۆ نەمان چوونە
بەڵگەی سەلمانی زۆر تاوان بوونە

***

## با کوردستانمان

شەوێک لە شەوانی مانگی دوانگزەی ١٩٦٩، ڕێم کەوتە ماڵێک، کە تەماشام کرد: کۆڕە، بەزمە ڕەزمە، خواردنەوەیە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو، ئامادەبووەکانی کۆڕەکە بەزۆری لەوانە بوون کە لە چەند ساڵێکی زووەوە تا ئەو ماوەیە ئەیان وت پیاوەتی و فەلسەفەی ژیان ئەوەیە کە هەموو کەس لە ڕێگەی نیشتمان و نەتەوەکەیدا تێ بکۆشێت تا دوا دڵۆپی خوێنی، کەچی لەوڕۆژانە و بەتایبەتی لەو شەوە و کۆڕەدا بەئاشکرا دەیان وت: ژیان پێنج و دوو ڕۆژێکە، بۆچی مرۆڤ بەفیڕۆی بدات بۆچی بەخواردنەوە و بەزم ڕانەبوێرێت؟ سەیر ئەوەیە لە هەمان کاتیشدا خۆیان بەگەورە پیاوانی کورد و ناودارانی کورد دەدایە قەڵەم. بەم بۆنەیەوە ئەم شیعرانەم لەو شەوەدا نووسی.

با کوردستانمان هەر وا پەشێوبێ
ناسک ئەندامی بێکەس و خێوبێ
ئاوارە لاوی لە هەردە و کێوبێ
پیر و منداڵی جێگەی نشێوبێ
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێوبێ

***

با کورد ناڵەی بێ گریان و ڕۆڕۆ
ئاگری پێوەنێیت هەڵنەسێ بۆ سۆ
بۆ شێویش نەیبێ پڕ سک نان و دۆ
خاپوور بێ شار و گوند و دەشت و کۆ
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێوبێ

***

با دانیشتوانی دێهاتی وێران
بێ بەرگ و برسی بکەونە کێوان

هەر لە بەمۆوە تاکو بادینان
بسووتێت کشتە و هەموو باخەکان
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێوبێ

***

با کچە عازەب دڵداری کوژراو
برای نەوخەتی بەیەخسیر براو
نیوە مردووبێ، کەم نووزە تیا ماو
زایەڵەی سۆزی بەگوێ نەبیسراو
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێوبێ

***

با گەورەی درۆ هەموو نۆکەربن
بۆ بێگانەکان وەک بارەبەربن
بەرامبەر بەخۆ دەست بەوەروەربن(١)
لە ڕووی دوشمندا گوێ تەپیو کەڕبن
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێوبێ

***

با هەر ئەم خاکە مەڵبەندی شین بێ
کوێلیلی پرسە و ڕۆڕۆ و گرین بێ
ئەغیار لەناویا خاوەندی نگێن بێ
دانیشتووی خۆشی، بێ مافی ژین بێ
تا ناپیاو پیاڵەی پڕ هەتا لێوبێ

(١) مەبەست لە وەروەر دەمانچە و چەکە.

***

**چوارینەکان**

لە ساڵانی ١٩٥٩ تا ساڵی ١٩٦٩

ئەوڕۆژە ناسیم ڕاست و چەپی خۆم
زوو تێگەیشتم پێچەوانەی تۆم



تۆ بەشی هەژار ئەفرێنی بۆ خۆت
من هەروەک ئەوان ڕازی نان و دۆم

***

دەک ئەستۆت وردبێ کابرای کاروانی
تۆ بۆچی چووبوویت ئەمەت بۆچ هانی
تۆ چوویت ئازادی بسێنی بەخوێن
کەچی بار دیلی و سەربارەکەی جوێن

***

کوردی وەرگەڕاو ئەم تان و پۆتە
کە هەر بۆ سوود و قانزاجی خۆتە
ئیتر داماوان بۆ بکەونە دوات
خۆ بەشی ئەوان هەر دیلی و کوتە

***

لافت لێ ئەدا کە حەق سێنەری
تەنیا تۆ بۆ کورد سایە و سێبەری
کەچی وا بوویتە نۆکەری دوشمن
خۆشت ئەگێڕی لە دەوری سەری

***

یادی ئەیلولە خوا هانایە
کورد وا نەخۆشە نووزەی دەرنایە
گەر بەراوردی شەشی ڕەشی کەی
لەگەڵ ئەمڕۆدا ئەو شەو چرایە

***

کە پەردەی شەرمی ئەو لادا لە ڕوو
سەرنجم لێدا ناسیمەوە زوو
وتم درۆیە وەتەنپەروەر بێ
چونکە باوکیشی زوو هەر جاسوس بوو

لە ساڵی ١٩٦٩دا کە خۆم تەقاعد کرد، هەندێک وتیان زووە پەلەت چییە زۆرت بەبەرەوە ماوە. بەو

بۆنەیەوە ئەم چوارینەم وت.

عیززەتی نەفسم ئەمەندە بەرزە لە ئەلبورز سەرئەکا
هێزی بینینم کە تاریک بێ ڕێ بەباشی دەرئەکا
تازە بۆ پارە محالّە بێتە نزمی نۆکەران
چونکە ئەو نەفرین لە خائن، هەم لە جاشی کەر ئەکا

***

## بۆ ژێر وێنەکەم

وێنەی داماوی هەورازەکەی ژین
نموونەی گەلی بەدبەخت و نگین
ڕەشپۆش بەبێ دەنگ هەتاکو وایە
شەو چەند درێژ بێ ڕۆژی لەدوایە

***

لەسایەی عەزمەوە سەر بۆ فەلەک نەوی ناکەم
مەلی نەفسم بەپارە بۆ نامەرد کەوی ناکەم
بەسەربەرزی ئەژیم و ڕازی کەم بەشی
تف لە پارەی زۆری پیس و ڕووڕەشی

***

پێم ئەڵێن کورد کوردی چیتە بێرە بەزم و کۆڕەوە
درهەم و دیناری زۆر وەرگرە و بیکەرە ناو هۆڕەوە
کاکە ڕێگەی دەوڵەمەند بوون بگرە خۆ تۆ گوایە شاعیری
سووک و بێ ترسە لە سایەی قەد جەڕاوی لفکە شۆڕەوە

***

## بەزمانی مستەفا خۆشناوەوە

نیشتمانپەروەریم ئاوێتەی گڵ بوو
تا گەردن لە پەت سێدارە گیر بوو
بۆ بەرزی گەل و خاکی نیشتمان
گیانی عەزیزم من کرد بەقوربان

***



ئەگەر پیاوچاکێک لێم زویر بێ کەم
سەراپا ژینم ئەبێ بەماتەم
کەچی ناپیاوێک تانەم لێ بدا
خۆم بەرز ئەبینم بەرزتر لە جەم

***

گەلێک بەمێژوو چل و حەوت چەرخە
لە ڕێی خەباتدا هەر قۆچ و بەرخە
تازە نامری پشتیوانیەتی
ئازادیخوازی گێتی ئەم چەرخە

***

## قوتابی ئەڵێ

ئێمە کە پیاوی دوارۆژی گەلین
بۆ پێگەیشتن چاوەڕێی هەلین
چاوتان لێمان بێ بەگیان و بەدڵ
چونکە وەک خونچە جێگەی ئەمەلین

***

## چەرخی چەواشە

لە ئێوارەی ١١-١٢/٣/١٩٧٠دا پاش خوێندنەوەی بەیانی یانزەی ئازار و ئاشکراکردنی مافی ژیانی کورد لە هەموو لایەکەوە دەستکرا بەتەقەی خۆشی و شادی، لە تارمەکەی ماڵی خۆماندا گوللەیەک بەر قولەپێم کەوت، بەم ڕەنگە خۆشیەکەم لێ بوو بەناخۆشی، شادی و پێکەنینم بەئازار و گریان. بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەم نووسی.

چەرخی چەواشە وێنە ڕمۆزن
ئەم کەتنە چی بوو تۆ کردت بەمن
سەرتاپا ژینم بۆ کورد ڕۆڕۆ بوو
ڕۆی داماوی ئەو لە دەستی تۆ بوو
بەرگی ئاهەنگ و خۆشیشم ڕەش بوو
خواردن زووخاو، ئاو خوێنی گەش بوو

خەمخوار هاودەم بەرەی لێقەوماو
لاشەی زەبوون و عەمەلیات کراو
هەموو ئەندامم کردبوو بەگوێ
بۆ ڕادیۆی بەغداد بزانم چی ئەدوێ
لەو بیرەدا بووم تۆ بڵێی ڕۆژگار
بەکامی ئێمە خول نەدا یەک جار
کە دەنگی ڕادیۆ بەرزکرایەوە
مژدەی ئازادی کورد درایەوە
بەتەقەی شادی دەمودەست پێکرام
بۆ ژووری بەرەی بیماران برام
لە جیاتی شادی و بەزم و گۆرانی
ناڵەی شەوان و نرکەی بەیانی
بوو بەسەرباری زامی کوناودەر
ئەو زامەی بەرگی سووری کردمەبەر
ئەو ڕەنگە ئاڵەی دەم ئاسۆی ئەمەل
کە تیشکی ڕوونی دای لە لووتکەی کەل
شادی و ئازاری وەک یەک هێنا بۆم
شادی مافی کورد، من زام خوار ئەژنۆم
وەک زوو بڕیاربێ حەق بەکورد بدرێ
بەو مەرجەی بەخوێن ئێمە مۆر بکرێ

***

## شیرینی لەندەن(١)

١٩٧١

لە هاوینی ساڵی ١٩٧١دا چووم بۆ ئەورووپا ، لە شاری لەندەن ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ١٩٧١/٨/١ دوای گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر بۆ حەوانەوە خۆم کرد بەباخێکدا، لەسەر کورسیەک بەتاقی تەنیا دانیشتم، پۆل پۆل و دەستەدەستە ژن و پیاو، کوڕ و کچ بەبەردەممدا ئەهاتن و ئەچوون، لەو کاتەدا تاقە کچێکی عازەبی شۆخ دای بەلامدا، هەر بەملا و بەولادا چاوی دەگێڕا و دەڕۆیشت. بەو بۆنەیەوە ئەم شیعرەم نووسی.



شیرینی لەندەن، شیرینی لەندەن
شیرین کەم وێنە مەگەر بەدەگمەن
هەژدە ساڵەکەی گۆنا کەمێک ئاڵ
وەک کچی ئێمە نیت، چاوشینی قژ کاڵ
بەدەن بلووری پانتۆڵ کەفەڵ جووت
جێی نەشیاو نەبێ ئیتر هەموو ڕووت(٢)
بۆ ڕابواردن تەنیا ئەڕۆی خۆت
لای ئێوە نییە بۆ کچ بەند و کۆت(٣)
کاتی دوای فرمان هەر کوێیە ڕێڕەو
ڕۆژی ڕووناک بێت یاخو نیوەشەو
ڕۆژی پشووتە بەتیلی دووچاو
وێڵی نێچیریت تا بیخەیتە داو
ئاوڕێک بەرەوە تۆ بەلای مندا
شەتڵی شادیمت چۆن کەند لە بندا
مەڵێ شەرقیە نەزان و پیرە
شەرق پیریشی خۆ هەر بەگیرە
بێ با بۆت بکەم باسی ئیستعمار
ئەو کەتنە کردی بەلادێ و بەشار
بەدەیان شاری ئێمەی وێران کرد
هەزاران کەسمان هەر بە بۆمبا مرد
سەربەستی بیر و ئازادی وتن
خۆ بەبالآیان زوو بڕا کفن(٤)
کچی لای ئێمە هاوتەمەنی تۆ
یەخسیری یاسای، رزیو تان و پۆ
لەسەر یەک وشە کەلەپچە و زنجیر
ئامادەی دەست و پێی جوان و پیر
لێرەش ئازادی بەگشت ڕەوایە
پێم بڵێ قژ کاڵ ئەمە بۆ وایە؟

بۆ ئەبێت ئێمە هەروا پەل پەل بین
لە شادی دوور و بێ جێ و ئەمەل بین
بەگەردی کینە و بەتەوژمی قین
لە یەکتر بگرین ڕێ و شەقامی ژین(٥)
بەرامبەر بەخۆ ڕۆستەمی زاڵ بین
ڕووەو بێگانە وەک کەڕولاڵ بین
یەکێک هەڵکەوێت تێکۆشێت بۆ گشت
هەلی بۆ هەڵخات پەنجەیی سروشت
خۆمان پێش دوشمن ڕێگەی پێ دەگرین
بۆیە نۆکەرین هەتاکو دەمرین
سەربەستی لامان یەکتر کوشتنە
ئاسوودەییمان ڕۆژی مردنە
پارەدارانمان خۆ یەکجار تازە
لای ئەو گشت قەلە تەنیا خۆی بازە
خوێندەوارانمان گەل ڕێ نیشاندەر
هەر کالای سوودی خۆیان وا لەبەر
نەخوێندەواریش کەساس و داماو
هەر ڕۆژ بەفێڵێک ئەکەوێتە داو
ئافرەتی کۆن و نوێی نەخوێندەوار
ژین ئاژەڵ ئاسا پساوی ژێربار
خوێندەواریشیان بەبیانوو لە پیاو
دوو دەیی دەوێت یەک قبوڵ تەواو
منداڵمان پیس و چەپەڵ جوێن فرۆش
دایک نەزان و باوکەکان بێهۆش
ئێوەش هەمیشە دەم بەپێکەنین
بەرگ و خۆراکتان بەدرێژایی ژین
سادە و کەم نرخ و لە عەیبە دوورن
ماڵتان ئاوایە و ڕەنگ ڕوومەت سوورن



لەگەڵ ئەمەشدا شێوە شای ئینگلیز
جوانیت تاسەی من ناشکێنێت هەرگیز
جوانیت بۆ خۆتە و تاوانت بۆ من
ئای چۆن لە ئێمە بوو بەڕمۆزن
یاسای کۆنمان ڕەوشتی بێ فەڕ
بەئاوی ئێوە ئاشیان کەوتە گەڕ
بۆ ئەوەی خۆتان گشت شادمان بن
خۆرهەلات ئەبێ وا سەرگەردان بن

---

(١) لێرەدا مەبەست لە شیرینی لەندەن کچی جوانی لەندەنە.
ئەم شیعرە لە پەڕاوی شیعری کۆن و نوێدا لە ساڵی ١٩٧٥ چاپکراو بڵاوکراوەتەوە.
(٢) کەفەڵ، پشت گۆپکەی سمت.
(٣) تا ئەو ساڵە کچ لە لای ئێمە بەتەنیا نەیدەتوانی لە ماڵ بچێتە دەرەوە.
(٤) واتە هیچ جۆرە ئازادییەکی بیروڕا لەلای ئێمە نییە.
(٥) لەهەر چین و دەستەیەکدا یەکێک هەڵکەوێت لەپێش هەموو کەسێکدا خزم و هاوڕێ دەکەونە بەربەرەکانی.

***

## نووسەرێک

١٩٧١

نووسەرێ نووسینی داو بۆ هەژار بێ
دەسخەڕۆکەری لادێ و شار بێ
بۆ دەستی دوشمن کوتەک و دار بێ
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسەر نووسینی بۆ خۆ، لەوەڕ بێ
هەموو ژیانی شەیتانی کەڕ بێ
شایی لەگەڵ گورگ، شین لە تەک مەڕ بێ
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ

نووسەرێک لەگەڵ هەژار نەناڵێ
بەنووسین چقڵی ژێر پێی نەماڵێ
خڕکی ڕێی ژینی نەکاتە چاڵێ
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسەرێک وەک شێر بەرەو ڕووی ناحەق
تووڕە نەوەستێ و چاوی نەکا زەق
هەر بۆ وەرگرتن سەر کزبێ و گوێ لەق
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسینێک زۆردار شەو نەکات لە خەو
بەبازاڕی حەق قەت نەدا برەو
هەر کۆن و نوێی بێ نەبەم بێ و نە بەو
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
نووسینێک کە سوود نەبەخشی بەگەل
ڕێنوێن نەبێت وەک ترووکەی کەل
ناکۆکی دەربی، کۆمەڵ کا پەل پەل
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ
گەرمی نووسینێک وەکو کلپەی کڵ
سوور نەکاتەوە جەرگ و سی و سپڵ
جۆشێک نەدات بەمێشک و بەدڵ
دەک ئەو نووسەرە لای بەدەوار بێ
سوودی بەرهەمی بۆی ژەهری مار بێ

***



## برام

۱۹۷۲

ئەم هۆنراوەیە شیعری شاعیری بەناوبانگی عەرەب میخائیل نەعیمەیە، دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی (پاش ماوەی چوار ساڵ شەڕکردن بۆ سوودی خەلیفەکانی عوسمانی) دەبینێت وڵاتەکەی بووە بەوێرانە.

منیش وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی لە ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢ ڕۆژنامەی ژینی زەمانی کاکەی فەلاح لە ساڵی **۱۹۷۲**دا بڵاوکرایەوە.

برام: خۆرئاواییەک دوای جەنگ کردەی ئەو بەگاڵە کرد
پاڵەوانی خۆی بەرز نواند و پیرۆز کێی لە شەڕدا مرد
تۆ چەپڵە لێ مەدە بۆ بەرزبوو، کڕژیش مەبە بۆ نزمەکان
وەک منی بێدەنگ بەدڵی خوێنینەوە، بەچۆکدا وەرە بێ وەستان
تا بگرین بۆ بەختی مردووەکان
برام: کە دوای جەنگ، سەربازێک، بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان
لەشە لاوازەکەی فڕێ دەداتە باوەشی خۆشەویستان
کە تۆ هاتیتەوە ناومان مەگەڕێ بۆ خۆشەویست
چونکە برسیەتی، خۆشەویستی نەهێشت، لای بکەین گلە و ڕازمان
بێجگە لە تارمایی مردووەکان
برام: ئەگەر جووتیارێک بیەوێ زەویەکەی وەرد بداتەوە
خانووەکەی کە تۆپ ڕووخاندوویەتی تازە کاتەوە
کانیاوەکان وشکن، کێڵگەکان سەراسەر وێران
چونکە دوشمن کشتوکاڵێکی نەهێشت بۆ ئێمەمانان
بێجگەی لە ڕێزەی ڕزیوی مردووەکان
برام: ئەوەی لە وڵاتەکەماندا پەیدابوو، پێچەوانەی ئارەزوو
بەڵا، جۆرێک بڵاوبۆتەوە وەک ئێمە هەوڵمان بۆ دابێ هەردوو
لەگەڵ ئەمەشدا مەکڕووزێرەوە، با خەڵکی گوێی لە سکاڵامان نەبێت
بەڵام بەپاچ و پێمەڕەوە بێ، زەوی هەڵکەنین ئازایانە زوو
تا تێیدا بشارینەوە مردووەکان
برام: ئێمە کێین، نەدۆست نەهاوسێ بەبێ نیشتمان

له نوستندا له هەڵساندا بەرگ ئەنگین بێ ناونیشان
دنیا تەسکە بەبالآمان هەروەک تەنگ بوو بەمردووەکان
تا هەڵکەنین چەند گۆڕ بەرێز، بێنە قوڵنگ و بێڵەکان
بۆ شاردنەوەی گشت زیندووەکان

***

## شیرینی مۆسکۆ(١)

ڕۆژی ١٩٧٣/٥/٢٠ گەیشتینە مۆسکۆ، لە فڕۆکەخانە ڕابەرەکەمان کە کچێکی سۆڤیەتی بوو بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیرمان هات.

ماوەی ٩ ڕۆژ لە مۆسکۆ، دوای ئەوە لە لینینگراد، هەرچی جێیەک بەپێی بەرنامە دانرابوو پیشانی داین، لەو ماوەیەدا زۆر شیرین و جوان لەگەڵمان هەڵدەسا و دادەنیشت. لەپاشان چووین بۆ کەنداوی فینلەندە لەوێ هاوڕێکانم کۆڕیان گەرم کرد لە ئەنجامدا بڕیاردرا کە دەبێت هەر کەسێک لە ئێمە شتێک بکات وەک گۆرانی، سووڕدان، سەما... هتد لەبەرئەوەی من لەو بابەتانە نەبووم بۆیە داوایان لێ کردم ئەبێ شیعرێک بخوێنمەوە با کوردیش بێت، منیش وام بەباش زانی شیعرەکەی مستەفا بەگی کوردی کە یەکەم نیوەی هۆنراوەکان کوردییە و دووەم نیوەی هۆنراوەکان عەرەبییە بخوێنمەوە. چونکی گوێگرەکان عەرەب بوون، لەوەپێش شتی وایان نەبیستبوو زۆریان بەلاوە خۆشبوو چەپڵەی زۆریان لێدا و پێیان دووبارە کردمەوە. ڕابەرەکەمان کە ناوی لۆدە بوو سەری سوڕما بوو لە دیمەنەکە. کە حاڵییان کرد ئەویش زۆری پێخۆشبوو، بەم سەبارەتەوە لەسەر تێبینی خۆم لەو ماوەیەدا ئەم هۆنراوەیەم نووسی.

لۆدە نازەنین شیرینی مۆسکۆ
کامی بەدڵ کرد چاوی جوانی تۆ
هەرچەند تۆم ناو نا شیرینی مۆسکۆ
هەموو شیرین هاوتەمەنی تۆ
دەنگی ناسکت بەلەنجە هەنگاو
بێحاڵی کردین ئاوڕی تاوتاو
هەرچی ئەبینم جوان و ڕەنگینە
نموونەی بەرزی شێوەیی ژینە
کردەوەی جوانت بۆ منی میوان
پێلاوی نازی خستە سەرچاوان
دیمەنی جوانی سروشت و دەستکرد



شەوقی بریقەی ئاوی چاوی برد
سەرسام و کاسم لە دیمەنی جوان
لە تار و عود و مۆسیقای شەوان
ئەو دەنگەی بیستت بەسۆز و بەکوڵ
وەک نەشتەر ئەیدا لەسەر پەڕەی دڵ(٢)
دەنگی داماوی کوردی دلێرە
زایەڵەی شۆری گەیوەتە ئێرە

***

خۆرهەڵاتیت بەڕەنگ و باڵا
شێوە خۆرنشین بەبەرگ و کاڵا
ئەزانی تیری نازی سەرومڕ
بۆ سەر دڵەکەی بەسەر خەمدا کڕ
لەبەرچی ئاوا زوو کاریگەربوو
پەڕەی پڕبەپڕ نوقمی جگەر بوو
بێ وەفاییەکەی شیرینی لەندەن
وایکرد کە من زوو بکەومە کەمەن
دەبێ دانیشین تاوێک بێ ئەغیار
بۆت بکەم باسی جەوری جەفاکار
مەڵێ میوان و سەر پێی ڕوانە
کانی تاسەی پرس لە هەڵقوڵانە(٣)
منیش وەکو تۆ جێم خۆرهەڵاتە
دڵ و دەروونم لانەی ئاواتە
بۆ بەرزی یاسا بۆ زیندەگانی
بۆ ژینێکی خۆش بۆ کامەرانی
خۆزگە ئەمزانی ئێمەی پەشێوحاڵ
بێ ناو بێ نیشان تاکەی وێران حاڵ
ئەمێنێتەوە وەک ئاردی بەڕوو
جەرگی زانامان ئەڕزێ بەکەڕوو(٤)

تاکەی دوودڵی و ملکەچی پارە
پێم بڵێ (لۆدە) لە کوێیە چارە

***

بەباڵی مەلی لە ئاسن کراو
بەبێ گۆشت و خوێن بێ‌گیان و هەناو(٥)
چەند هەزار میل ڕێم بۆیە بڕیوە
سەرنجی تیلم ئەمدیو ئەودیوە(٦)
تا بدۆزمەوە یارێکی گیانی
لەگەڵ خۆی بمبات بۆ کامەرانی
نەک هەر ئەو ئاغا و منیش نۆکەربم
شەو یاساوڵ و ڕۆژ بارەبەربم
من لە یارەکەی لەندەنی چاوشین
هیچ خۆشیم نەدی بەدرێژایی ژین
هەر دەست بەسنگ چاوەڕێی فرمان
وەک بەندە و نۆکەر تەنیا ئەمخوارد نان
هەردەم بەجۆرێ هەر ساڵ بەڕەنگێ
لێم بەبیانوو بوو پێی ئەدام پەنگێ
چوارلای بەجارێ لێ کردمە دوشمن
لەوانی گەیان کە منم ڕمۆزن
ئەبێت نەمێنم شایانی ژین نیم
هەرچەند دادم کرد قژ کاڵ لەبەر چیم
خراپەم چییە خراپ بۆ کراو
سەرەڕای کوشتن ئەشم کەی بەدناو
وەڵامی ئەمەم دەی لە دوشمن بوو
کاڵای باڵای نوێ تەنیا کفن بوو
جا بۆیە هانام بۆ تۆ هانیوە
لە باخی هیوا گوڵم چنیوە



پێشکەشی ئەکەم بەدڵ و بەگیان
بەمەرجی ژینی یەکسانی هەمووان(٧)
کە گیرا کۆڕی ئازادیخوازان
جێی خاڵی نەبێت کوردی بەسزمان

---

(١) مەبەست لە شیرینی مۆسکۆ کچی جوانی مۆسکۆیە.
(٢) مەبەست دەنگی خۆمە لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکەی مستەفا بەگی کوردیدا.
(٣) واتە وا نەزانی هەر بۆ دیمەن بینین هاتووم، بەپێچەوانەوە پرسیارم زۆر زۆرە.
(٤) ئاردی بەڕوو هەرگیز یەک ناگرێت.
(٥)مەبەست لە مەلی ئاسن کراو فڕۆکەیە.
(٦)سەرنجی تیلم ئەمدیو ئەودیوە واتە بەملا و ئەولادا ئەڕوانم و زۆر پرسیار دەکەم، مەبەستم ئەوەیە لە گشت شت تێبگەم.
(٧) واتە کاتێک بە تۆ ڕازیم کە نەتەوەکەم کێشی خۆی هەبێت.

***

## برا

١٩٧٥/٥/٢

برا من دەردێ گەیوە بەگیانم
بێزارم لە بوون لە گشت ژیانم
بێزار لە جوانی وەرزی بەهارم
بێزار لە خۆشی ژینی ناو شارم
بێزارم لە گوڵ لالەو و نەسرین
لە شاخی بەرز و دیمەنی ڕەنگین
بێزار لە کۆشک و قەمەرە و تەلار
بەرهەمی خوێنی لاوی لادێ و شار
بێزار لەو بەزمە و بەستە و پێکەنین
بەو کۆستەی کوردی هێنایە گرین
بێزار لە بەزم و خواردنەوە و یاری
خۆشگوزەرانی بەشەرمەزاری

بێزار لەو شایەی زوو لە هەمەدان
کڕنووشیان بۆ برد بەرەی دووزمان
بێزار لە یاسای درۆی دیموکرات
کە گوایە ئەو ماف بەهەژار ئەدات
پەل ئەداتە پەل گەلانی ژێربار
بۆ ڕزگاریان لەدەست ئیستعمار

***

کەچی لە ڕۆژی جەژنی ئایارا
فڕۆکەی ئەو بوو بەلادێ و شارا
لە ئاسمانەوە مەرگی ئەباران
هەر بۆ هەژار و بۆ کرێکاران
ئەو هەزار هەژار بەیەک بەرمیل نەوت
ئەفرۆشێت کاتێک هەلی بۆ هەڵکەوت
ئیتر تۆ بۆچی کوردی ڕەنجەڕۆ
خۆت ئەخەیتە دوا بەهاشە و درۆ

***

## کام کچ جوانە

١٩٧٦

ئەو کچە جوانە خۆی تەڕوبڕ بێ
مەمکی نەژاکاو وەک لیمۆ خڕ بێ
چاوانی گەشی هەر لە خۆیا ڕەش
بەتیری تیلی دڵ لەت کا بەشبەش(١)
کەوانەی ئەبرۆی وەک کەوانەی تیر
کێشا بپێکێت بەدەستە نێچیر
خونچەی دوو لێوی دەمی پشکوتن
دڵی دڵداران دەربێنی لە بن
دوو کوڵمی خڕپن ئاڵی خواکردوو
ئەغیار بەخەویش دەم بۆ نەبردوو(٢)



بەبێ دەسکاری سووراو و سپیاو
شەوقی ڕوومەتی بەرێ ئاوی چاو
بەلەنجەی لارێ بەنازی تەمکین
پیری چەماوە وەرگێڕی لە دین
مێشکی بەخۆراک دڵداری پڕ بێ
عاشقی ڕەوشت مەردانە کوڕ بێ(٣)
سادە و سووکەڵە دۆستی هەژار بێ
لەناو کچانا بەجوانی دیاربێ(٤)
یەک دڵی هەبێ وێنەی زین و شەم
ئەو دڵە نەدات بەسامانی جەم

---

(١) تیل: تیلی چاو، لە ژێرەوە تەماشاکردن.
(٢) ئەغیار: واتە بێگانە لە خەویشدا نەتوانی دەمی بۆ بەرێت تەنها دۆست و دڵداری خۆی نەبێ.
(٣) حەز لە کوڕێک بکا ڕەوشتی پیاوانە و مەردانە بێ.
(٤) بەجوانی دیاربێ: واتە جوانی بەژن و باڵا و ڕوخسار و دیمەن و ڕەوشت و خوو.

***

## شێوەن و سوگوار

بۆ کۆچی دوایی دوکتۆر کەمال عەبدوڵڵا ناجی
١٩٧٧/٨/١٨

نزیک نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمەی ڕێکەوتی ١٩٧٧/٨/١٨ لەکاتێکدا ئەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. لە شەقامی مەولەوی تووشی هاوڕێیەکم بووم، کە سەرنجم دا زانیم باری پەژارەی ئەو ڕۆژەی سەرباریشی هەیە، بۆیە لێم پرسی:

– چی بووە چی ڕووی داوە؟

لە وەڵامدا وتی:

– زامی جێ تیری دوکتۆر کەمال دوور نییە لێم ببێت بەتیراوێ چونکە ئەوەتەی بیستوومە، وەک گلاراوگرتوو جێگە بەخۆم ناگرم و زەوی نییە تۆزێک تێیدا بسرەوم، وێنەی ماران گەستە هەر گێنگڵە ئەخۆم، لەبەرخۆمەوە هەر لۆرە لۆر ئەکەم.

لێرەدا وتم:

– کام دوکتۆر کەمال و چی لێ قەوماوە.

وتی:

– دوکتۆر کەمال عەبدوللا ناجی مرد.

بەڵێ ئەو دکتۆرەی گیانی هەزاران نەخۆشی داماوی بێ دەرەتانی پەرێشانی لەژێر کەڵبە و چنگی مەرگ هێنایە دەرەوە و ڕزگاری کرد، خۆی ئاوارە و لە دوور وڵات، بێکەس، بێ نرکە، بێ ناڵە، بێ هاوارکردن، ڕووەو بیابانی نەمان گیانی پاکی بەبێ ئاوڕدانەوە و بێ گەڕانەوە، بۆ یەکجاری کەوتە پەرواز. لەگەڵ بیستنی ڕستەی دوکتۆر کەمال عەبدوللا ناجی مرد تاوێکی دوور و درێژ چووم بەتاسەوە، ماوەیەک بێ هەست، بێ سرپە و جووڵە، بەبێ دەنگ وەک نەخشی ڕووی سەنگ، بەبێ ترووکە، زەق و ئەبڵەق چاوم بڕیبە چاوە لێڵەکانی هاودەردەکەم هەردووکمان وەک دوو پەیکەری بۆکڵۆڵی داتاشراو، هەر لە دەموچاوی ڕەنگ پەڕیوی یەکتری ورد بووینەوە تاوەودوا هاوڕازەکەم وتی:

– نەمزانی ئەوەندە کارت تێدەکات ئەگینا پێم نەدەوتیت.

وتم:

کاکی برا تۆ بە چەند جارێک چوون بۆ لای وەک نەخۆشێک وا کاری تێ کردوویت، ئارامت لەبەر بڕاوە و ڕۆژی ڕووناکت لێ بووەتە شەوەزەنگ، ئەی چی لە من دەکەیت کە چڵ ساڵ زیاترە دەیناسم، دەمی منداڵی و ساتی لاوی و کاتی پیاوەتی وەک لەپی دەستی خۆم لەبەرچاومن، هەر چەند سەرنج دەدەم بەقەد نووکی دەرزییەک لەکە و نەنگی و ناتەواوییەک لە هیچ مەڵبەندێکی تەمەنیدا نابینم بۆیە لەلام بووەتە پەیکەرێکی خواکردی جوانی بەژن و باڵا، جوانی ڕەوشت و خووی شیرین، جوانی گفتوگۆ، جوانی کردەوەی نایاب و لەخۆبوردن و بەخشندەیی بەڕەنگێ گەلێک جار فرمانەکەی وەک دوکتۆرێک تەرخانی خزمەتی نەخۆشانی هەژار و داماو و بێکەسانی دەکرد، هەموو کەس ئاشکرا، بۆی دەرکەوتبوو کە ئامانجی ئەم پیاوە لە ژیاندا خزمەتگوزارییە نەک پەیداکردن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. جا لە جێگەیەک ئەمە خووڕەوشتی دوکتۆرێک بێت، ئەوەش وەک لەپێشەوە وتمان لاپەڕەی ژیانی بێت، ڕەوایە مرۆڤی دڵ و دەروون بەکوڵ بۆی بگری.

هەر بۆ خۆی ناگریم، بۆ ڕەوشتی جوان
دوکتۆری بەرزی دڵسۆزی هەمووان

هەر بۆ خۆی ناگریم شارەزا بەدەرد
بۆ دڵ و دەروونی وا چاک و بێگەرد

سەراپا ژینی وێنەی لالەزار
هەر بۆنی خۆشە دەمی نەوبەهار

هەر بۆ خۆی ناگریم بۆ میهرەبانی
نموونەی پیاوی بەرزی سلەیمانی

هەر بۆ خۆی ناگریم بۆ زمانی شیرین
پیشەی دوێنێی و ڕۆژانی دێرین



بۆ ئەوەی ناگریم ورد بەجێ هێشتوو
بۆ ئەوەی زوو ڕۆی ژین تام نەچەشتوو

هەر بۆ خۆی ناگریم ئەی ئێمەی نەخۆش
ئیتر پشت بەکێ دەرد کەین فەرامۆش

ئەم ڕەوشتانەی کەوا بێژران
وەک سێبەرێک بوون لەگەڵیا نێژران

خۆزگە ئەمزانی چەرخی نیلی ڕەنگ
بەئێمەی داماو بۆچی ئەدات پەنگ

پیاوباشمان ناوەخت بۆ ئەباتەوە
دۆخەوای مەینەت خەست ئەکاتەوە

یاخود ئەو تینووی مەرگی جوانانە
گەر ئەمە وا بێت بۆ ئەو تاوانە

زانکۆی سلەیمانی دوکتۆر کەمالی ناردبوو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کڕینی پێویستی پزیشکی. لەوێ بەدەردی وەستانی دڵ کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.

***

## بچووک و دەنگ زوڵاڵین

١٩٧٧

ئێمە ئێستە منداڵین
بچووک و دەنگ زوڵاڵین
بێ فێڵ و پاک و جوانین
فریشتەی ئاسمانین
ڕەزاسووک و خنجیلە
قسە خۆش و نەشمیلە
دەروون بێ گەرد و کینە
دوور لە خراپە و قینە
بۆیە بۆ قوتابخانە
هاتووین هەموو مەردانە

تاکو مامۆستای دڵپاک
دەرسمان پێ بڵێ زۆر چاک
پەروەردەمان کا بەدڵ
بمانپارێزێ وەک گوڵ
چونکە بۆ دوارۆژی گەل
تەنیا ئێمەین جێی ئەمەل
ئەبێت زۆر بەدڵ و گیان
وا پەروەردە بین هەموومان
خوشک و برا، شان بەشان
دوارۆژ بچینە مەیدان
بۆ بەرزی ئاو و خاکمان
پێشکەش کەین گیانی پاکمان
بەڕاست دۆستی هەژار بین
لەکەی چاوی زۆرداربین
ئامادەی ڕێی سەختی ژین
بۆ سۆزی گشت وا بچین

له سەرداواکردنی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی سەرەتایی کچان بۆ قوتابیانی پۆلی دووەم و سێیەم وتراوە.

***

## کورد و کەو

١٩٧٧/١١/١٦

ئەو مەلی کوڵۆڵ ئەم گەلی کەساس
هەردوو پابەندی بەردی خوانەناس
هەردوو پەروەردەی نزار و زەردە
هەردوو گیرۆدەی ڕێگر و جەردە
هەردوو هۆگری هەوای لەیلاخ
ئاواتەخوازی ژیانی ناو شاخ
هەردوو نموونەی جوانی خوایی
هەردوو داماوی دوودڵی و جیایی



ئەو ئاوازساز و جوان و مل نەخشین
ئەم ئازا و شۆخ و بەخشندە و ڕەنگین
کەچی بەدبەختی وەهای لێکردوون
بۆ کوێرەوەری ئەژین و زیندوون
چوار لا بەجارێک لێیان دوشمنە
خۆشیان بۆ یەکتر ئەچنە بنە
ئەو بەهاودەنگی خوێنی ئەڕێژن
ئەم بەهاو خوێنی لاشەی ئەنێژن
بەربووکی شایی کەو کوشتن کەوە
کورد ڕاوە کوردی بەڕۆژ و شەوە
کەو مەلە نەزان، ڕاوە سەر کانی
کردی بەدروشمی هاوخوێنەکانی
ئەی تۆ لەبەر چی کوردی خوێندەوار
بۆ دەستی دوشمن بوویتە کوتەک و دار
بۆ پارە و پایە کلکە لەقێتە
هەر بەنۆکەری ئەم جێ و ئەو جێتە
وەها ئەزانی بەپارە پیاوی
باش سەیر بکە چەندە بەدناوی
بەڵگەی بێ نرخی و سەرشۆڕی تۆیە
لە هەر ماڵێکدا کە ڕۆڵە ڕۆیە
ئەو ڕۆژەی ئافرەت بەیەخسیر بران
ئابڕووی نۆکەر و جاش و تۆ تکان

***

سلەیمانی – ئەبوبەکر شێخ جەلال – ١٩٧٧/٣/٥

## بۆ نەقانەی مامۆستایان

دوای سڵاوی گەرموگوڕ خەڵاتە جوانە خنجیلەکەتانم وەرگرت سوپاستان ئەکەم، چونکە بەڵگەی پەسەندکردنی پیشەی مامۆستاییە، منیش ئەم چەند هۆنراوەیەتان بەدیاری پێشکەش دەکەم. ئیتر خۆشیتان .
براتان

خەڵاتی هاتووی ڕابوردووی تەمەن
هێزە و توانایە و تینە بۆ بەدەن
ڕۆژانی لاوی یاد دەخاتەوە
تانی تەونی ژین با ئەداتەوە
تەوژمی گەرمی ئەدا بەدەروون
جووڵە ئەخاتە لاشەیی زەبوون
فلمی سینەمای ژین ئەنوێنێ
تاقە مژدەیەک کە ئەو ئەیهێنێ
ئەوەیە بەچاک یادمان ئەکرێ
لای پیاوچاک ماوین ناومان ئەبرێ
بژی ئەوانەی بۆ سوودی کەسان
پشوو لە خۆیان دەکەن هەراسان

***

## بۆ کێلەکەی

نووسینی کامل ژیر

هەوری ماتەمین ئاسمانی ڕەش کرد
نیشتمان هەوریی لەناو باوەش کرد
ئەلف. بێ. هەوری باوکی هەژار بوو
خەمخواری کوردبوو دژی نەیار بوو
ئەلف. بێ. هەوری کۆچی دوایی کرد
خۆزگە و ئاواتی لەگەڵ خۆیا برد
ئەو ئەی ویست بژی بۆ کوردستانی
ئەی ویست بمێنێ تا نیشتمانی
بپۆشی بەرگی جوانی ئازادی
هیوا و ئاواتی کۆنی بێتەدی
بەڵام ئەهریمەن خوای مەرگ و کوشتن
لێی داخست دەرگای هیوای سەرکەوتن

***



أ. ب. هەوری ژیا بەپاکی
مێژوو بۆی نووسی کردەوەی چاکی
هێندە کوردستان لەلای پیرۆز بوو
لێی بوو، بۆی ژیا ، چووە ناو خاکی

***

هەشتی نیسانی ساڵی حەفتا و نۆ
هەوری نیشتمان گرمەی بوو بەڕۆ
بارانی گریان لافاوی هەستان
ئەی خاک هەوریمان وا سپارد بەتۆ

***

# ڕۆژانی دێرین

## بەشی یەکەم

### لە ساڵی ١٩٢٥ وە تا هاوینی ١٩٥٨

بەپێنووسی: أ. ب. هەوری

بەکورتی باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە لەم ناوچەیەدا لە ساڵانی ١٩٢٥وە تا هاوینی ١٩٥٨ بەچاوی خۆم دیومن یا بیستوومن.

### سەرەتا

لەلای زانا تایبەتییە ڕاستەقینەکانی ئەم چەرخە لە ڕابوردوو دوان و لەسەر نووسینی ئەوەندە کارێکی سووک و ئاسان نییە کە هەموو خوێندەوارێک بەبێ پەروا بتوانێت پڕ بکات بەپێنووسەکەیدا و وەک زمانی تەڕ و پاراو بەگشت لایەکدا بای بدات و هەڵی بسووڕێنێت، بەپێچەوانەوە ئەوەندە گرنگ و گرانی نیشان دەدەن کەم خوێندەوار دەوێرێت خۆی لە قەرە بدات، ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە بەلای ئەو جۆرە زانایانەوە ڕابواردن بەلای هەر مەڵبەند و هەوارگەیەکی مێژووییدا تێپەڕبوونە بەناو کۆمەڵێک مرۆڤی لە یەکتر نەچووی جوێ جوێ لە ڕەوشت و خوو و هەڵسان و دانیشتندا جا بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو جۆرە کەسانە ڕاستەوخۆ دەبێتە نرخ بڕینی ئەدەبی، نەک وەک لای ئێمە تەنیا ڕەخنەگرتن و بەس.

ئەوەشی ئاشکرایە نرخ بڕینی ئەدەبی پێویستی بەبەرنامە و پرۆگرامی دوورودرێژی خۆی هەیە و تەرخانی کەسانی خۆیەتی و نابێت هەر بۆرە خوێندەوارێک دەستێکی لەرزۆک ڕاکێشێت بۆ پێنووسێکی قرچۆک و لە دیمەندا بەناوی ڕەخنەگرتنەوە سەروگوێلاکی نووسینی نووسەرانی باشی لێهاتوو، لە ڕاستیشدا لەژێرەوە بۆ مەبەستێکی تر و هەستێکی کرمۆڵی نەخۆش دڵ پاڵی پێوە بنێت بەنیازی شکاندنی نووسەرەکە و لە نرخ کەمکردنەوەی، شێوەی داواکارییە پووچەڵەکەشی وشەی پڤ هەڵدراو و بەڵگەی سەلماندنیشی بلّقی سەر ئاوی درۆودەلەسە بێت.

جا بۆ ئەوەی ماوە نەدرێت لە نووسیندا ئەم جۆرە ئاژاوانە پەیدا ببێت زانا هەڵکەوتووە باشەکان دەڵێن، نووسین لەسەر هەر باسێک بێت دەبێ بسپێررێت بەکەسانی زانای دڵ و دەروون پاکی ئەوتۆ هیچ هۆیەک نەتوانێت کاری تێ بکات، تاڕادەیەکیش شارەزای زانینی دەروونی بێت بۆ ئەوەی نووسینەکەی ئەوەندە بێنێت لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و پەڕاوی پێ ڕەش بکرێتەوە و هەڵیش بگرێت کە خوێندەوار بەخوێندنەوەیەوە خۆی ماندوو بکات لە هەمان کاتیشدا سوودبەخشیش بێت بەناوچە و کۆمەڵی مرۆڤ.

لەگەڵ باوەڕی تەواوم بەڕاستی و دروستی ئەم بیروڕایە و هەستکردنی خۆم بەدەستکورتیم لەم مەیدانەدا و نەتوانینم وەک پێویست ئەسپی پێنووس وا بخەمە جلّەو و جەولان بەلەقە و لۆقە کەسانی تر



نەئەنگێوێت و مافیان پێشێل نەکات.

بەم هەستەوە و لەسەر ئەم بیروڕایەی کە بوونی شت (خراپە نەبێت) لە نەبوون باشترە و بەجێترە کەوتمە سەر ئەو خولیایەی با کورت و کرچ و ناتەواویش بێت هەندێک لە کارەساتی ئەو ڕۆژانەی لە ماوەی ژیانمدا بەچاوی خۆم دیومن یان ئاگاداریانم بیان نووسم، بەمەرجێک تا هێزی توانا بڕ دەکات دوورەپەرێز بم لە پلار گرتنە کەسانی بەدکار، تەنیا بۆ مێژوو و ئیشارەتێکیان بۆ بکەم و بەس، تا دەشتوانم کردەوەی چاکان بەرزتر و پیرۆزتر نیشان بدەم ئەمیش هەر بۆ مێژوو، بۆ پەیڕەوی کردن لە دواڕۆژدا بۆ سوودی گشتی و لەبەرئەوەی باسەکە زۆر دوورودرێژە و هەڵناسووڕێت هەمووی لە دووتوێی بەرگێکدا بنووسرێت، بڕیارم دا بەدووبەش، خوا یار بێت وەک یادگارێک پێشکەش خوێندەوارانی بکەم.

ئەوا لە یەکەم بەشەوە کە لە ساڵی ١٩٢٥ وە دەست پێدەکات تا سەرەتای هاوینی ١٩٥٨ی زایین دەست پێ دەکەین و بەهیوام بەئەندازەی خۆی سوودبەخش بێت.

### بۆردومانەکەی سیتەک و پەیوەندی خێزانی ئێمە بەسیتەکەوە

گوندی سیتەک کەوتۆتە ئەودیو ڕیزە شاخی گۆیژە کە لە باکووری شاری سلەیمانیدایە، زنجیرە شاخی گۆیژەی باکووری سلەیمانی لە نزیک شاخی ئەزمڕەوە پێی دەڵێن هەڕوتە، ئەگەر ئەم شاخە نەبێت گوندی سیتەک لە ماڵەکانی گەڕەکی ئەزمڕی ئەمڕۆی سلەیمانییەوە لە بیستەوە تا بیست و پێنج کیلۆمەتر دوور دەبێت.

سیتەک لە ساڵی ١٩٢٥دا (٤٠-٥٠) ماڵ دەبوو، خاوەندی دیمەنی جوان و ئاودار و زەوی پڕ پیت و بەرەکەت بوو، لەبەرئەوەی لە زەمانی عوسمانیدا قەزای شارباژێڕ بووە دەسەڵاتی ئاغا و بەگ و شێخی تێدا نەبووە، هەر ماڵە بەئەندازەی خۆی ئاو و زەویوزاری هەبوو، زەوییە دێمەکانیان ئەکرد بەگەنم و جۆ و نیسک و ماش، بەراوەکانیشیان ئەکرد بەتووتن، زۆر جۆر درەختی بەرداری هەبوو بەتایبەتی مێو و دارگوێز و هەرمێ و هەڵووژەی باش، بەزۆری ترێ سپییەکانیان ئەبرد بۆ سلەیمانی و دەیان فرۆشت، بەڵام ترێ ڕەشکەیان ئەکرد بەمێوژ و دۆشاو و باسوق، لەگەڵ ئەمانەشدا هەرماڵە هەندێک مەڕ و بزن و گا و گۆتاڵی هەبوو. لە پایز و زستاندا دار فرۆشیشیان ئەکرد. دەوڵەمەندەکانیان پەڵە چناریان هەبوو کە پارەی باشی ئەکرد. بەکورتی بەروبوومی زەویوزار و ئاژەڵ و درەختیان زۆربوو بۆیە ئاواییەکە هەژاری زۆر داماوی پەرێشانی تێدا نەبوو. زستانانی زۆر سەخت و تووش و بەفراوی بوو، زۆر ساڵ بەدرێژایی زستان ئاژەڵ نەدەچووە دەرەوە، بەئالف و گەڵای وشککراوەی دەوەن بەڕێوە دەچوون. هەندێک جاریش تەنانەت بۆ ئاو خواردنەوەش دەرفەت نەئەبوو بیانبەن بۆ کانی، هەر لە گەوڕ و پشتیرەکاندا بەفریان بۆ دەتواندنەوە، بەڵام هاوینانی میوەدار و فێنک و خۆشبوو.

دانیشتوانی گوندەکە هەرچەند هەموو نەخوێندەوار بوون بەڵام دیندار و داوێن پاک و ڕەوشت جوان و گفتوگۆ شیرین بوون، لە ڕووی هەڵسان و دانیشتن و جلوبەرگەوە لە یاسای شایی و شین و کۆمەڵایەتی و ڕابواردنەوە لە دانیشتوانی شاری سلەیمانی دەچوون. تاقە ماڵە شێخێک لە گوندەکەدا کە ناوی هەبووبێت

ماڵی ئێمە بوو، خزمایەتیمان لەگەڵ کەسیان نەبوو، کەچی هەموویان خۆشیان دەویستین و ڕێزیان دەگرتین چونکە باوکم هەر لە زووەوە لەپاڵ فرمانە ڕەسمییەکەیدا بەهۆی جووتیارەوە دوو جووت گای دەگێڕا، لە زەوییەکانی خۆماندا کە پێی دەڵێن سیتەکە کۆن کە کەوتۆتە خۆرهەڵاتی سیتەکەوە.

ئەم سیتەکە کۆنە موڵکی حەڵاڵی ئێمەیە و حەرامی ئەوانەیە کە بەزۆر بەروبوومەکەی دەخۆن، بێجگە لە کشتوکاڵ هەمیشە ڕەنجبەریشمان بووە بۆ وڵاخداری و خزمەت، بەم سەبارەتە باوکم لە هەموو پیاوانی گوندەکە ناسراوتر و دەستڕۆیی تر بوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تاقە خوێندەوار بوو لە دێیەکەدا و هەمیشە پەنای گەورە و بچووکیان بوو لە گیروگرفتی ئایینی و دنیاییدا، لەگەڵ ئەمەشدا خۆی بەگەورە نەدەزانی. لە تەنگانەدا وەک یەک دەچوو بەهاواری دەوڵەمەند و هەژاریانەوە.

باوکم کە بەشێخ جەلال موفتی شارباژێڕ(١) ناوبانگی دەرکردبوو کوڕی شێخ تەها موفتی شارباژێڕ، کوڕی شێخ سەلامی قازی شارباژێڕە، لە کاتی عوسمانیدا. ئەمیش کوڕی شێخ فازڵ کوڕی شێخ نیزامەددینە، کە لە کوردەواریدا بەتایبەتی لەناو خێڵەکاندا و لە ناوچەی شارەزوور و هەوراماندا بە (شێخ نەزامی) بەناوبانگە، ئارامگاکەی لە گوندی چنارەی لای دەربەندیخانە، ئێمە و هەموو شێخەکانی گوندی چنارە لە نەتەوەی ئەوین.

ئەم شێخ نەزامیە زۆر شتی سەیری نادیدەی لێ دەگێڕنەوە لە بابەت کەشف و کەرامەت و وەلییەتیەوە، پاشاکانی بابان زۆرجار بۆ پیرۆزی بەتایبەتی چوون بۆ لای و زیارەتیان کردووە و دیاری و دەسنگە و پارەیان بۆ بردووە، بەڵام ئەو لێی وەرنەگرتوون و هەمووی داونەتە دواوە، ئەم ڕەوشتە بۆتە هۆی ئەوەی پایەی گەورەیی و پیرۆزی زیاتر لەلایان بەرزبێتەوە، هەموو ساڵێک لە کاتی خێڵە و ژوور و خێڵە و خواردا، کۆچەرییەکانی جاف بەهەزاران قۆچیان لەبەر مەزارەکەیدا سەردەبڕی، مەحموود پاشای جاف و وەسمان پاشای جاف بۆ ڕەزامەندی شێخی ناوبراو خزمەتی شێخەکانی چنارەیان زۆر کردووە.

بەپێی شەجەرەیەک (بحر الأنساب)(٢) کە لەلای شێخ فەرەجی چنارەیی بوو کە داوام لێ کرد و بۆی

---

(١) قازییەتی و موفتییەتی – دوو ئەرکی فەرمانڕەوای دەوڵەتە موسڵمانەکانە، هەردووکیان هەر تەماشای کاروباری ئایینی دەکەن، جیاوازیان تەنیا ئەوەیە قازی ئەو بڕیارانەی ئەیدات ئەبێت بەپێی ماددەی نووسراوی یاسای شەریعەتی ئیسلامی بێت واتە ئیستناد بخاتە سەر ماددەیەکی شەرعی یان قانوونی، بەڵام موفتی بەئارەزووی خۆی بەمەرجێک سوودبەخش بێت بەئایینی ئیسلام فتوا دەردەکا بۆ ئەو داواکاریانەی کە لە یاسای شەرعیدا دەقێکی ڕاستەوخۆ نییە لەو بارەیەوە، زۆرتر موفتی لە ڕابەرێک ئەچێ کە پێویستەکانی ئایینی فێری نەخوێندەواران بکات.

(٢) شێخ فەرەج تا ساڵی پەنجاکان مابوو، پیاوێکی وریا و تۆزێک خوێندەوار بوو، بۆ دواجار کە من دیم تەمەنی وەک خۆی وتی لە هەشتا ساڵ بەرەو ژوورتر بوو، شەجەرەکە لە شێخ نەزامیەوە دەست پێدەکات، پشتاوپشت دەڕوات و لەدوا پشتدا نووسراوە (إبن سبط الشهيد حسين بن علي)، سبط واتە کچەزا. بۆ یەکەم جار ئەو وشەیە لەو شەجەرەیەوە فێربووم. شێخ فەرەج ئەسڵەکەی نەدامێ وتی دەبێت ئەسڵەکە هەر لە چنارەدا بێت. وێنەیەکم لێ نووسییەوە. ئەویش لەگەڵ کتێبەکانمدا سووتێنران.



هێنام لە لوویەکی ئاسنی زەرددا بوو، بەعەرەبی نووسرابوو، مۆری کاک ئەحمەدی شێخی پێوەبوو، شێخ فەرەج وتی نووسینەکەش دەستنووسی کاک ئەحمەد خۆیەتی. بەپێی نووسراوی شەجەرەکە شێخ نەزامی چنارە کوڕی شێخ مەولانە، کە زنجیرەیان دەچێتەوە سەر پیر خدری شاهۆ و مەلا ئەبوبەکری موسەنیف، وە لەگەڵ خێزانی شاعیری پایەبەرز مەولەوی ئەبنەوە بەیەک، هەمووشیان دەچنەوە سەر شاحوسێنی سەفەوی.

ئەوەی ئاشکرایە لە مێژوودا سەفەوییەکان کە حکومەتی (دەراویش)یشیان پێ دەڵێن چونکە لە ڕێگەی شێخێتی و دەروێشییەوە بروزیان سەند و دەسەڵاتیان پەیداکرد و لە ئێراندا حکومەتێکیان دامەزراند بەناوی سەفەوییەوە. زۆر کەسیش ئەزانن کە سەفەوییەکان سەید و شیعە مەزهەب بوون. ئەی کەواتە بۆچی هەندێک لەو سەیدانەی ئەم ناوچەیە کە دەچنەوە سەر سەفەوییەکان سوننی مەزهەبن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا من وا دەزانم کاتێ دەوڵەتی سەفەوی کەوت، لە هەموو لایەکەوە موسڵمانە سونییەکان بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو خراپە زۆرەی کە ئەوان کردبوویان بەرامبەر سوننییەکان، زۆر خراپ پەلاماریان دان، ئەوساکە بۆ رزگاری خۆیان، ئەو سەفەوییانەی لە گرتن و کوشتار قوتار بووبوون بەخۆگۆڕین رایان کردۆتە کوردستانی ئەم ناوە و لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ناوچەکە هەموو سوننی بوون، ئەوانیش بۆ ئەوەی لەگەڵیان بگونجێن و بەرژەوەندییان بپارێزن وازیان لە مەزهەبەکەی پێشووی خۆیان هێناوە کە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ مرۆڤ هەندێک جار بۆ سوودی تایبەتی خۆی واز لە بیروباوەڕی خۆی دێنێت با بەڕاستیشی بزانێت، وەنەبێ ئەمە یەکەم جار بێت کە سەید بەم ڕەنگە هاتبنە کوردستانەوە، زۆر لەمە کۆنتر لە زەمانی هارون ڕەشیددا کاتێک ویستی هەموو سەید و عەلەوییەکان قەڵاچۆ بکات هەندێک لەو سەیدانە ڕایان کردە ناو کوردستانەوە خۆیان شاردەوە.

ئەم دوو کارەساتە زۆرباش و ڕوون ئەوە دەردەخەن کە سەیدەکان لە تەنگانەدا بۆ ڕزگاری خۆیان لە کوشتن پەنایان بردۆتە بەر کوردەکان چونکە ئەوان لە نەتەوەکانی تر زیاتر دەیان لاواندنەوە و ڕێزیان دەگرتن و خزمەتیان دەکردن، جا بۆیە حەق وابوو ئەوانیش ئەو چاکەیان لەبەر چاو بوایە، کەچی بەپێچەوانەوە هەندێک لەو سەیدانە کە بەکوردی (شێخیان) پێدەڵێن کە دەستیان پەیداکردەوە زۆر بێ جێ و ناشیرینانە لەگەڵ کوردەکان جووڵاونەتەوە و زۆر زوڵم و زۆریان لێ کردوون. ماڵیان داگیرکردوون. تەنانەت گەلێ جاریش لەگەڵ دوشمنانی کورددا بوون بەیەک و بەهەردوو لایان لێیان داون، کە بەڕاستی ئەم ڕەوشتە نەک هەر بێ وەفایی نیشان دەدات و بەس، بەڵکو ناشایستە و جێگەی سەرزەنشتە، تەنیا ئەوەندە هەیە ئەوەی ئێشی ناسۆری ئەم جۆرە برینە دەشکێنێت ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو شێخ و سەیدانەی کە هاتوونەتە کوردستانەوە بەڕاستی و دروستی دیندار و خواپەرست بوون، هیچ گوێیان نەداوەتە ماڵی دنیا و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بۆیە بەدرێژی ژیانیان هاودەم و هاوڕاز و پشتیوانی هەژاران و داماوان و لێقەوماوان بوون، ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆری زانایان و دانایان و شاعیران و ڕۆشنبیران و ناودارانی ئێستە و ڕابوردووی میللەتی کورد لەوانن و زۆرجاریش جووڵانەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشی نیشتمانی ئەم نەتەوەیە هەر بەسەرۆکایەتی ئەوان کراوە.

پاش ئەم چەند وشەیەی کە پێویست بوو باس بکرێ دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی خێزانی ئێمە بەسیتەکەوە دەردەخات کە ئەویش بەم ڕەنگەیە:

شێخ سەلامی باپیری باوکم کە زانایەکی تەواوی مەزنی هەڵکەوتووی چەرخی خۆی و پیر و مورشیدێکی ڕۆشنبیری ڕێگەی خواناسی و ئایینی بووە، دانیشتووی گوندی چنارە و لە نەوەی شێخ نەزامی بووە. لە زەمانی عوسمانیدا بەتکای کاربەدەستانی میری ئەوساکەی سلەیمانی بەناوی خزمەتکردنی شەرع و ئایینی پاکی ئیسلامەوە ڕازییان کرد کە ببێت بەقازی شاربازێڕ. بەم ڕەنگە بەماڵەوە دەچێتە گوندی سیتەک کە ئەو حەلە مەرکەزی قەزای شاربازێڕ بووە. دوای کەمێک دەستکردنی بەکاروباری قازییەتی ناوبانگی باشی لە زانیاری و خواناسی و دادپەروەریدا بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە خەلیفەی عوسمانی فەرمانی شاهانەی بۆ دەردەکات کە هەردوو تەگەران و ئەحمەد ئاوا و گەڕەدێ و سیرەمێرگی بەئینعامی سوڵتانی[1] پێ دەبەخشێت.

خوالێخۆشبووی باوکم بۆی گێڕامەوە فەرمووی (ڕۆژانی هەینی، هەموو فەرمانبەران ئەهاتنە خزمەت باپیرم و دەستیان ماچ دەکرد و لە کاتی ڕۆیشتندا پاشەوپاش دەگەڕانەوە تا لە ژوورەکە دەچوونە دەرەوە، لەناو ئەم فەرمانبەرانەدا فەرمانبەری تاپۆی شاربازێڕ کە پیاوێکی تورک و ئایینداربوو، بۆیە لە هەموویان زیاتر هۆگری باپیرم بووبوو. گشت جارێک لە دوای هەموو فەرمانبەرەکانی تر دەڕۆیشت، باپیریشم زۆر ڕێزی دەگرت چونکە غەریب بوو). باوکم لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و فەرمووی (زۆرباشم لەبیرە هەرچەندە زۆر منداڵ بووم، جارێکیان فەرمانبەرەکەی تاپۆ ڕووی کردە باپیرم و بەپێکەنینەوە وتی: قوربان کەڵەشێرێکم بدەرێ هەر پێنج دێیەکەت لەسەر تاپۆ دەکەم، باپیریشم بەزەردەخەنەوە فەرمووی کەڵەشێرێک زۆرە، فەرمانبەرەکە کە زانی باپیرم پێشنیارەکەی بەلاوە جوان نییە بۆیە بێدەنگ بوو، پاش تاوێک ماڵئاوایی کرد و ڕۆیی، کە ڕۆژی هەینی دوایی هاتەوە هەروەک ڕەوشتی جارانی مایەوە تا هەموو میوانەکان ڕۆیشتن ئەوساکە ڕووی کردە باپیرم وتی: قوربان زەمان هەروا نابێت دنیا بەرەو گۆڕان دەڕوات جاری پێشوو عەرزم کردن کەڵەشێرێکم بدەرێ دێیەکانت لەسەر تاپۆ دەکەم، ئەو کەڵەشێرەم بۆ موبارەکی ئەویست، ئێستە هەر ئەمر بکە با ڕەزامەندی خۆتی لەسەر بێت بۆت تاپۆ دەکەم، ئەمەی وت و چاوی بڕیە باپیرم و بێدەنگ بوو. باپیرم تاوێک سەری دانەواند و تاوەودوا سەری هەڵبڕی و ڕووی کردە فەرمانبەرەکە و فەرمووی: ڕۆڵە ئەم دێیانە بەئینعامی خەلیفە و سوڵتانی ئیسلامی بەروبوومەکەیان بەمن حەڵاڵە. بەڵام بەنەتەوەکەم ئەگەر لایقی ئەو ئینعامە نەبن حەرامە. ئەمە جگە لەوەی دوور نییە بەهۆی تاپۆکردنی ئەم موڵکانەوە لەسەر من یەکێک لە نەتەوەکەم خولیای گەورەیی بکەوێتە سەر و دەست بکا بەخراپەکردن و زوڵم و زۆر لە مسکێن و هەژاران ئۆباڵی ئەمە تا ڕۆژی قیامەت بەئەستۆی من دەبێت،

---

(١) ئینعامی سوڵتان: سوڵتانەکانی عوسمانی خۆیان بەجێنشینی پێغەمبەر (ص) دەزانی بۆیە بەفەرمانێک کە پێیان دەوت فەرمانی سوڵتانی بەئارەزووی خۆیان بەروبوومی چەند گوندێکیان دەبەخشی بەپیاوێکی ئایینی، دیارە دەبوو ئەو پیاوەش داکۆکی بکردایە بۆ خەلیفەی ئیسلام، هەندێکیشیان ئەو گوندانەیان لەسەر خۆیان تاپۆ دەکرد.



منیش ڕاستت پێدەڵێم ئامادە نیم لەبەر خاتری کوڕ و نەتەوە توانای هەڵگرتنی ئەم باری گرانی تاوانەم نییە، لەکاتێکدا شەو تا بەیانی لە ترسی تاوانی خۆم خەو ناچێتە دوو چاوم جا وەرە تاوانی کوڕ و کوڕەزا و نەتەوەشی بچێتە سەر. ئەمەی وت و بێدەنگ بوو، فەرمانبەرەکەش هەستایە سەرپێ و دەستی ماچ کرد و پاشەوپاش ڕۆیشت تا لە ژوورەکە چووە دەرەوە. ئیتر دوای ئەوە فەرمانبەرەکە جارێکی تر ئەم باسەی دووبارە نەکردەوە). ئەوەی من لێرەدا دەبێت بیلێم ئەوەیە هەرچەند باوکم ئەم باسەی دەگێرایەوە ئەی فەرموو: ئەگەر باپیرم ڕازی ببوایە دێیەکانی لەسەرخۆی تاپۆ بکردایە ئێستە من حوکمدارێک دەبووم) چونکە باوکم تاقانە وارسی باپیری بوو تەنیا خوشکێکی هەبوو لەگەڵ ئافرەتێکی ئامۆزای.

لە پێشەوە وتمان کە شێخ سەلام زانایەکی هەڵکەوتووی چەرخی خۆی بووە، بۆیە هەموو ڕۆژ پاش دەوامی ڕەسمی دەرسی شەرع و زمانی عەرەبی و ئایینی وتۆتەوە و ئیجازەی مەلایەتی لەکاتی خۆیدا بەزۆر کەس داوە. وەک باوکم باسی دەکرد لەسەر شێوەی ئەحمەدی فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبی داناوە ناوی ناوە جەلالی بەناوی باوکمەوە کە کوڕەزای بووە، بەڵام داخەکەم لە زەمانی باپیری مندا خانووەکەمان سووتاوە ئەویش سووتاوە. باوکم چەند هۆنراوەیەکی لە سەرەتاکەی لەبیر مابوو کە دەیخوێندەوە چاوی پڕ دەبوو لە ئاو چونکە شیعرەکان زۆر تەڕ و پاراو و بەرزبوون. سکاڵایەکی کاریگەریی و ئایینی و خواناسی زۆر بەتین و تەوژم بوو، هەرچەند من وادەزانم بۆیە زۆر زویر و دڵتەنگ دەبوو کە جەلالیەکە بەتەواوی لەناو چووبوو، تەقەلاکەی باپیری بەفیڕۆ ڕۆیشتبوو.

شێخ سەلام هەموو ڕۆژ دوای دەوامی ڕەسمی دەرسی شەرع و زمانی عەرەبی بەفەقێ وتووە، جارێک وا ڕێ دەکەوێت چەند فەقێیەکی دەبێت هەموویان ناویان محەمەد ئەبێت، هەمووشیان شێخ دەبن، بۆیە هەرچەند بانگی یەکێکیانی بکردایە هەموویان وەڵامیان دەدایەوە و دەچوون بەدەنگیەوە، لەبەرئەوە پاش چەند جارێک فەقێیەکان پێی دەڵێن قوربان هەرچەند بانگی یەکێکمان دەکەیت ئێمە هەموومان دێین بەدەنگتەوە ئێوەش هەر یەکێکمانت لازمە جا لەبەرئەوە تکات لێ دەکەین کە بۆ هەر یەکێکمان نازناوێک دابنێیت بۆئەوەی کامانت ویست هەر ئەو بێتە خزمەتت. چونکە شێخ پێشنیارەکەی بەلاوە بەڕێ و جێ بوو بۆیە بۆ یەکێکیان نەبێت بۆ هەموویان نازناو دادەنێت. ئەو یەکەیان ڕووی تێدەکات و دەڵێت ئەی بۆ من قوربان، شێخ لە وەڵامدا دەڵێت: ڕۆڵە تۆ خوشکەزام نییت؟ ئیتر نازناوت بۆ چییە؟ فەقێیەکە دەڵێت قوربان بۆچی من لەم بەخشندە و کەرەمت بێ بەش ببم، با هەر بۆ پیرۆزی بەیادگار بۆم بمێنێتەوە. شێخ لە وەڵامدا دەفەرمووێت کەواتە باشە تۆ شێخ محەمەدی خاڵ بە. ئەم شێخ محەمەد خاڵە باپیرە گەورەی شێخ محەمەدی خاڵی کوڕەزای حاجی شێخ ئەمینی خاڵە. لەو ڕۆژەوە وشەی خاڵ بڕا بەسەر شێخ محەمەدی گەورەی باوکی شێخ ئەمین و نەتەوەکەیدا.

ئەم بنەماڵەی خاڵە هەر لە کۆنەوە بنەماڵەیەکی ئایینی بوون بەتایبەتی شێخ ئەمینی خاڵ کە گۆی هونەری خواپەرستی و دنیا نەویستی لە زۆر ڕێبوارانی کاتی خۆی بردۆتەوە چونکە هەرگیز هەوڵی نەداوە لە ژینەمەنی ڕۆژانەی بەولاوە هیچی تری هەبێت کە ئەمەش دروشمی خواپەرستی تەواو و نیشانەی دڵ و دەروون پاکییە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر دڵسۆزی هەژاران و داماوان بووە. شێخ محەمەدی خاڵی کوڕەزاشی

لە مەیدانی بەروبوومی وێژەیی و زمانناسی و فەرهەنگیدا نزیکەی پەنجا ساڵ ئەسپی پێنووسی لە جەولاندایە. خۆ تەفسیری قورئانی پیرۆزی بەزمانی کوردی و چاپکردنی چل ساڵ زیاتر لەمەوپێش بۆ وریاکردنەوەی نەتەوەکەی دیارترین بەڵگەی سەلماندنی ئێمەیە کە شتی زیادمان نەوتووە لەم ڕووەوە.

شێخ سەلام تەمەنی دوورودرێژی کە نزیک ١٢٠ ساڵ ژیاوە بەئەرکی قازییەتی و دەرس وتنەوە و خواناسی و ڕابەری ئایینی ڕابواردووە. بیست ساڵی دوایی کە نابینابووە شەووڕۆژ هەر خەریکی خواپەرستی بووە و لە ئەنجامدا هەر لە گوندی سیتەک بەبێ ئەوەی کە هیچ سامانێک بۆ کوڕەکانی شێخ تەها، شێخ عومەر، شێخ ساڵح بەجێ بێڵێت. لەکاتێکدا کە ئەیتوانی بەچەندان گوند و سامانی زۆریان بۆ بەجێ بێڵێت. ئەم تەنیا گۆڕەکەی بۆ بەجێ هێشتن کە تا ماوەیەکی دوورودرێژ دوای کۆچکردنی نەزرگە و زیارەتگای هەزاران کەس بوو.

لێرەدا ڕەنگە هەبێت بڵێت شێخ سەلام باشی نەکردووە، دەبوو گوندەکانی لەسەرخۆی تاپۆ بکردایە بەتایبەتی ئەگەر بزانن کە کوڕەکان و کوڕەزاکەی دوای ئەو لەلایەن جاش عوسمانییەکانەوە تووشی زۆر دەردی سەری و ئازاربوون و ماڵەکەیان سووتێنرا بۆ ئەوەی ناچار بکرێن شارباژێڕ بەجێ بێڵن بۆ ئەوان. ئەوەی ئاشکرایە ڕاستە سامان کۆکردنەوە و دەسەڵات پەیداکردن لە ڕێی بێ ڕێوە لەکەی نام و نەنگە بەتایبەتی بەناوی خواناسی و دینداریییەوە، بۆیە ئێستەش من دەڵێم چاکی کرد کە تاپۆی نەکرد، ئەوانەی کردیان بۆ کوێیان برد؟ خواناسی تەواو و نیشتمانپەروەری ڕاست و لایەنگری هەژار و داماوان و بیری مرۆڤپەروەری زۆر دوورن لە سوودی خۆشەویستی و هەوڵدان بۆ سامان کۆکردنەوە و دەسەڵات پەیداکردن پێچەوانەی هەموو فەرمانی ئایینە ئاسمانییەکانن بەتایبەتی ئایینی ئیسلام ئەگەر بەڕاستی بگیرێت.

دوای کۆچکردنی شێخ سەلام بەماوەیەک شێخ تەهای کوڕی ناچارکراوە سیتەک بەجێ بێڵێت و بەماڵەوە بگەڕێتەوە بۆ گوندی چنارە و لەسەر موڵکەکانی خۆی دانیشتووە و هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. پاش وەفاتی شێخ تەها موفتیەتی شارباژێڕ چۆڵ دەبێت لەوە ئەچێ شێخ جەلالی کوڕی بەحەقی خۆی زانیبێت بۆیە چووە بۆ سلەیمانی بەیاریدەی زانای مەزنی ئایینی شێخ عومەری خانەقای قەرەداخی هەرچەند لە ئیمتیحانا زۆر بەباشی دەرچوو بەڵام موفتی ئەوساکەی سلەیمانی نەیویستووە ئەم بکرێت بەموفتی شارباژێڕ بۆیە ناچار ماوە بەپێ چووە بۆ موسڵ بۆ لای والی و سکاڵای خۆی پێشکەش بەوالی کردووە. کە والی دەزانێت لەسەر حەقە فەرمانی بۆ دەردەکات بەموفتی شارباژێڕ لە جێگەی باوکی. کە دەگەڕێتەوە بەماڵەوە دەڕوات بۆ سیتەک و دەچێتەوە خانووەکەی خۆیان، کە ماوەیەک لەوەوبەر بەناچاری جێیان هێشتبوو، لەوە دەچێت لەم ماوەیەدا باری ڕامیاری شارباژێڕ جۆرێکی تر بووە و عوسمانییەکان لایەنگری زۆردارەکانی نەکردووە.

جیاوازی باوکم لەگەڵ باوک و باپیریا لە سیتەک ئەوە بوو ئەم هەر زوو هەندێک زەویوزاری کڕیبوو لەگەڵ وەزیفەکەشیدا کشتوکاڵی کردووە و مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵی پێکەوە ناوە و ڕەنجبەر و سەپانیشی بووە. بەڵگەی هەستکراو دەری دەخات کە ماوەی موفتێتییەکەی زۆری نەخایاندووە. کە جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد (کە سەفەربەریان پێ ئەوت). کاتێک دەوڵەتی عوسمانی هەست بەکزی و



ڕووەوکەوتن دەکات خۆی لە شارباژێڕ دەکێشێتەوە، چەند ژەندرمەیەک بەچەکی[1] ئەو ڕۆژەوە بۆ باوکم بەڕەش و ڕووتی و بەبێ مانگانە بەجێ دێڵن و داوای لێ دەکەن کە ئاسایشی قەزاکە بپارێزێت، تا دەگەڕێنەوە. گوایە کشانەوەی عوسمانی زۆر ناخایەنێ. بۆ هەموو کەس دەرکەوتبوو کە عوسمانی تا هەتایە ناگەڕێتەوە و بەتەواوی لە جەنگەکەدا ژێر کەوتووە. ئەوەی بووە سەرباری بارەگرانەکە ئەو گرانییە ناهەموارەی کە تا ئێستەش بەناوازە باس دەکرێت بۆیە ژەندرمەکان ئەبن بەبارێکی گران بەسەر ئاواییەکە و باوکمەوە، لەبەرئەوە ڕێگەیان دەدات هەر کەسەیان بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان. لە ئەنجامی جەنگەکەدا ئینگلیز عێراقی داگیرکرد و حکوومەتێکی پادشایی لەژێر ڕکێفی خۆیدا دامەزران و مەرکەزی قەزای شارباژێڕ برایە چوارتا، لە سەرەتاوە ئینگلیزەکان چەند جارێک داوایان لە باوکم کرد کە بیکەن بەقازی چوارتا یان چەمچەماڵ بەڵام ئەو ڕازی نەدەبوو بەبیانووی ئەوەوە کە ناتوانی سیتەک بەجێ بێڵێت، لە ڕاستیدا ئەیوت نامەوێ لەبەردەستی کافردا وەزیفە ببینم. دوای ئەمە بەناچاری بەتەواوی ڕووی کردە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن و وڵاخداری.

لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینیدا خەڵە و خەرمانێکی زۆر و ئاژەڵ و گاوگۆتاڵێکی بێ شومارمان هەبوو، هەروەها لە نیوەی هاوینی ١٩٢٥ شێخ مەحموودی نەمر بەخۆی و سی سوارێکەوە لە سیتەک بوو بەدرێژی ڕۆژ لەناو باخ و ڕەزی ئاواییەکەدا بوون، کە خۆر ئاوا دەبوو دەهاتنەوە ناو گوندەکە، خۆی و چەند پیاوێکی لەسەربانی مزگەوتەکە دەخەوتن پیاوەکانی تریش هەردووان و سێیان لە ماڵێک دەبوون.

خەڵە زۆری دروێنەکرا بوو هەندێکی لە خەرماندا و هەندێکیش لەژێر شەن و کەودا. هەشبوو لێی سوور بووبوو. لە بەیانیەکی تۆزێک پێش هەتاوکەوتندا بەزریکەزریک و ڕۆڕۆ دایکم ڕای پەڕانم لە خەو وتی: هەڵسە ڕۆڵە دێیەکە وێران بوو تاوێکی تر داری بەسەر بەردیەوە نامێنێ، کە چاوم کردەوە تا ئەو حەڵە تەیارەم نەدیبوو هەر ناوم بیستبوو وامزانی دێو و درنجن بەسەر ئاسمانی گوندەکەدا بەناڵەناڵ و گرمەگرم دەهاتن و دەچوون. من لەو کاتەدا لەرزوتام بوو، بەدەم نکەنکی ترساویەوە وتم دایە ئەمانە چین؟ وتی ڕۆڵە ئەمانە تەیارەن. دیاربوو دایکیشم زۆر دەترسا چونکە باوکم و باوەژنم و براکانم ئێمەیان بەجێ هێشتبوو، لەوەبەر ڕایان کردبوو. کاکەم (نیزامەددین) لە سلەیمانی دەیخوێند، پیاوەکانمان هەریەکە بەلایەکدا خۆیان دەرباز کردبوو، تەنیا من و دایکم مابووینەوە ئەوساکە تەمەنم دە دوانزە ساڵان دەبوو، نەدایکم دەیتوانی هەڵم بگرێ و نەخۆشم لەبەر نەخۆشیەکەم دەمتوانی ڕابکەم. دایکم لە ترسا و منیش لەبەر لەرزوترس کەوتینە لەرزین. گرمەی بۆمبا و شریخەی شەست تیر دەستی پێکرد، کڵپەی ئاگری خانوو گڕ تێبەربوو چەڕە دووکەڵ بەرزبوونەوە، هاوار و ڕۆڕۆ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، دایکم بەدەم پاڕانەوەوە پەلکێشی دەکردم و دەیوت ڕۆڵە هەرچۆنێک بێت هەر بڕۆین باشە با لە دێیەکە بچینە

---

(١) چەکەکان بریتی بوون لە تفەنگی وەرانڈڵ و ماوزەڕ و حسکە. ئەم تفەنگی حسکەیە وەستا حسێن ناوێک بۆ یەکەم جار لە سلەیمانی دروستی کردووە، بۆیە بەناوی ئەوەوە ناوبرابوو تفەنگی حسکە. ئێمە ژمارەیەکی زۆر لەو تفەنگانە و فیشەکێکی زۆرمان هەبوو، کە خانووەکەمان سووتا ئەوانیش سووتان.

دەرەوە، ئەم دوابڕاوانە دیارە قاریان لە دێیەکە گرتووە. هەرچۆن بوو هەندێک جار بەپەل ڕاکێشان و هەندێک جاریش بەگاگۆڵکێ ڕۆیشتن تا گەیشتینە قەراخ ئاواییەکە لەوێ منی خستە ناو دەوەنێکەوە و وتی کورِم تەماشایان مەکە و چاوت بنووقێنە دەڵێن ئەم دوابڕاوانە شتێکیان پێیە چاو بەقەدەر مەقەڵییەک گەورە دەکات، منیش لەبەرئەوە لە ترسا لەناو دەوەنەکەدا لەپەو ڕوو کەوتم و جاروباریش لە ژێرەوە تەماشایەکی دێیەکەم دەکرد، دیمەنەکەی ئەوەندە سامناک دەهاتە پێش چاوم کتوپڕ چاوم دەنووقاندەوە. پاش ماوەیەک ئەم تاقمە فڕۆکەیە لە ئاسمانی گوندەکە دوورکەوتنەوە، ئێمە وامان زانی بڕایەوە، خەریکبووم لە دەوەنەکە بێمە دەرەوە تاقمێکی تر لە کەلی هەڕوتەوە پەیدابوون، وەک گورگی برسی پەلاماری ئاواییەکەیان دا، ئەم هێرشی فڕۆکانە و بۆردومان تا پاش نیوەڕۆی پێ چوو، تاقم دوای تاقم دەهات چی پێ بوو لە بۆمبا و فتیل[1] بەری دەدایەوە، مەترەلۆزەکانی خاڵی دەکردەوە و دەگەڕایەوە. پاش ڕۆیەکی درەنگ دواتاقم کە چوار فڕۆکە بوون گوندەکەیان بەجێهێشت و چەرە دووکەڵ نەختێک ڕەویەوە، دایکم لەپڕ دەستی کرد بەگریان و هاوار هاوار و ڕۆڕۆ، کە لێم پرسی بۆچی؟ بەدەم گریانەوە وتی ڕۆڵە بەخوا ماڵوێران و سەرگەردان بووین، تەماشا ئەوە خانووەکەی ئێمە دەسووتێت. بۆیە لە دەوەنەکە هاتمە دەرەوە، کە تەماشام کرد ڕاستە خانووەکەی ئێمەیە دەسووتێت، گڕی لە گڕی هەموو خانووەکان بەرزتر و خۆشتر بوو، چونکە تاقە خانوویەک بوو لە هەموو ئاواییەکەدا کە دوو نهۆم بوو.

بەهەر حاڵ بەلارەلار لەبەردەم دایکمەوە ڕووەو ماڵەوە کەوتینە ڕێگا. پێش ئێمە باوکم گەیشتبووە ماڵەوە، کە دیمەنەکە دەبینێت دەڵێ بەجارێ سەر و ماڵیشم ڕۆیی چونکە بڕوای وابوو کە من و دایکم لە خانووەکەدا سووتاوین، دەیزانی من ناتوانم بڕۆم، دایکیشم دیارە بەجێم نایەڵێت، کەواتە هەردووکمان هەر لە خانووەکەدا ماوینەتەوە تا بەر فتیل و بۆمبا کەوتووە و ئێمەشی تێدا ماوینەتەوە و سووتاوین.

کاتێک نزیک کەوتینەوە یەکێک لە پیاوەکانی بانگی باوکمی کرد وتی یاشێخ ئەوا خاتوو فاتمە و ئەبوبەکر هاتنەوە، کە باوکم لێمان نزیک بووەوە تەماشایەکی کردین بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە پاشەوپاش گەڕایەوە.

بەڵام ئەوەی ئێمە دیمان دوشمنیش نەیدیبێت، لەو ئاواییە بچووکەدا چواردە کەس کوژرابوو، هەندێکیان لاشەکانیان پارچەپارچە بووبوو، یەکێ لە کوژراوەکان کوێخا مەحموود، کوێخای ئەو حەلەی دێیەکە بوو لاشەکەی بووبوو بەدوو کەرتەوە، بیست و یەک کەسیش بریندار بووبوون، نزیک بیست خانوو دەسووتان، هەندێکیان دامرکابوونەوە، پیاوان هەندێک خەریکی بریندارەکان و هەندێکیان خەریکی ئاگر کوژاندنەوە بوون، هەندێکیش دەستەئەژنۆ دانیشتبوون دەگریان، لەم کاتەدا شێخ مەحموودی نەمر بەخۆی و سوارەکانیەوە خۆیان کرد بەئاواییەکەدا ڕوویان کردە ماڵەکەی ئێمە، لەگەڵ دابەزین وتی: ئادەی کوڕ (مەبەستی ئەوەبوو دەست بکەن بەئاگر کوژاندنەوە)، شێخ زۆر زویر و دڵتەنگ بوو، فرمێسک بەچاویا

(١) فتیل بەجیاوازییەکی کەم لە ئەلەتریکی دەست ئەچوو کە دەکەوتە سەر زەوی وەک مزراح دەسووڕایەوە، پڕیشکی ئاگری لێ دەبووەوە زەوییەکەی هەڵدەکۆڵی تا دەگەیشتە سەر خیزرە و دار و ئاگری بەردەدایە خانووەکە.



هاتنەخوارەوە، بەبەزەییەوە تەماشای خەڵکەکەی دەکرد وەک بیەوێت پێیان بڵێت بەهۆی منەوە تووشی ئەم کارەساتە بوون.

لەم کاتەدا تەقوهوڕی فیشەک دەستی پێکرد، تەمس ئاگر گەیشتبووە ئەو ژوورەمان کە دوو یەغان فیشەکی تێدا بوو، باوکم تکای لە شێخ کرد بەپیاوەکانی بڵێت واز بێنن لە ئاگر کوژاندنەوە نەوەک یەکێکیان بکوژرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ بەپیاوەکانی وت ئەو ژوورە واز لێ بێنن، پیاوەکانی مەردانە ئاگر بڕیان کرد و هەندێک لە خانووەکەمان بۆ مایەوە، بەڵام ئەوەی مابوو گەوڕ و پشتیر و کایەن بوو، بەرەکەت دا پێش هاتنی تەیارە مەڕوماڵات لە ئاوایی دەرچووبوون بۆ لەوەڕ. ئەوەی لە سیتەکدا لەم کارەساتە زیانی پێ نەگەییبێ ئاژەڵ بوو. کە ئێوارە گاگەل و بزنگەل هاتنەوە، بۆڕە و باڕە و قاڕە تێکەڵ بەشین و ڕۆڕۆی ئاواییەکە بوو. بەکورتی ئەوەی بەسەر ئەم گوندە هات لەو ڕۆژەدا مەگەر بەدەگمەن لە مێژوودا تووشی جێگەیەکی تری وا بچووک بووبێت، هەتاهەتاشە لەکەی نام و نەنگە لە مێژووی ئیستعماری ئینگلیزیدا.

نزیک بانگی ئێوارە لە (تەگەران و گەڕەدێ و قولەڕەش و خەمزە و وەڵانە)وە[1] زۆر ئافرەت و پیاو بەخواردەمەنیەوە هاتن. کتوپڕ ئافرەتەکان دەستیان کرد بەخواردن دان بەمنداڵان و دڵخۆشی دانەوەی کەسوکاری کوژراوان و برینداران و ماڵ سووتاوان، پیاوەکانیش بەیاریدەی پیاوەکانی شێخ دەستیان کرد بەشاردنەوەی کوژراوەکان و بەقەدەر توانا و زانین دەرمانکردنی بریندارەکان. ئەوەی تا ئێستەش لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە ئەوەیە ئەو شەوە منداڵی ساواش لەبەر شین و شەپۆڕ و هاواری بریندارەکان وەنەوزی نەدا. بەڵام دیارە مرۆڤ لە هەر حاڵێکدا بێت هەر ڕۆژ دەبێتەوە. ئیتر نازانم ڕۆژی دواییمان چۆن ڕابوارد، بۆ شەو بەماڵەوە چووین بۆ سلەیمانی.

تەنیا ئەوەی کە لێرەدا پێویستە بخرێتە پێش چاو ئەوەیە کە گەورە بووم و بووم بەخوێندەوار لە پەڕاوێکدا دیم کە هەر لەو شەوەدا لە کەرکووک ئاهەنگێک گێڕڕاوە بۆ ئەو فڕۆکەوانانە کە سیتەکیان بەو شێوەیەی کە باسم کرد بۆمباباران کرد. مەدالیای ئافەرین و ئازاییان کردبوو بەسنگیاندا چونکە نیشانەکانیان باش پێکا بوو، بەسەر گوندێکی بێ دەسەڵاتی بێ چەکی بێ تاوان باش زاڵ بووبوون، بەم سەبارەتە منیش دەڵێم ئافەرین فڕۆکەوانی ئازای دلێری گەلی شارستانی خۆرئاوا.

کە چووینە سلەیمانی لە ڕێوە چووینە ماڵی پوورم، واتە ماڵی زانای پایەبەرزی ئایینی خوالێخۆشبوو شێخ عومەری قەرەداخی، پاش ماوەیەک گواستمانەوە خانوویەک لەلای ماڵی حاجی سەعید ئاغا و ئەوەندەی پێ نەچوو لەوێشەوە چووینە خانوویەکی بچووک پشت مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵ (کە ئێستە فولکەیە و لەسەر فولکەکە گەرماوی نالی هەیە لەسەر ئەو شەقامەی لە گەراجی ئەسحابە سپییەوە دەچێت بۆ گردی سەیوان گۆڕستانی بەناوبانگی سلەیمانی).

هەرچەند ئافرەت و منداڵ هاتبووینە سلەیمانی بەڵام بەناچاری تا ماوەیەک پەیوەندیمان لەگەڵ سیتەکدا

(١) ئەمانە چەند گوندێکن نزیکی سیتەک.

نەبڕا. باوکم و کاکەم کە بەم بۆنەیەوە وازی لە خوێندن هێنا لەگەڵ ئەو ڕەنجبەرانەی کە مابوونەوە هەر لەوێ بوون خەریکی کۆکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ و ڕەزوبەری درەخت بوون، ئاژەڵەکانمان هەر زوو فرۆشت بۆ جلوبەرگ و ئەو پێویستییانەی ماڵ، کە سووتابوون. لەو ساڵەدا تەنیا شانسمان لەوەدابوو هاتی دەغڵودان بوو، بەری درەخت و ڕەز ئەوەندە زۆربوون هەر لە بن نەدەهاتن، تووتنێکی زۆری نایابمان بۆ پێکهات، گیانمان بەوە بوو، ئەگینا خێزانێکی هەشت نۆ کەس لەسەر سکی ڕووت لە لادێوە بێتە سلەیمانی بەتایبەتی خێزانێکی ناسراوی ئەوتۆ بن کە نەتوانن هەموو فرمانێک بکەن پەرێشان دەبن.

کە کاروباری سیتەک هەموو ئەنجامدران، باوکم و کاکەشم هاتنەوە سلەیمانی و ئەو ڕەنجبەر و پیاوانەی هەبوومان بۆ یەکجاری ڕۆیشتن و ماینەوە خۆمان، ئەو حەلە باوکم لەبەر خانەقای مەولانە دوکانی بۆ کاکەم دانا، خۆشی کەوتە تەقەلای دەستخستنی فرمانی میری، بۆ ئەم مەبەستە چووە لای ئەو ئینگلیزەی کە چەند جار لەوەبەر داوای لە باوکم کردبوو کە بیکات بەقازی چوارتا یان چەمچەماڵ، کە زانیبووی باوکم ماڵ سووتاوە و شاربازێڕی بەجێ هێشتووە دەسەوساتە پێی وتبوو کە هیچ جۆرە وەزیفەیەکی میریمان نییە.

ئا ئەمەیە وەفای ئیستعمار و بێگانە ئەی خوێندەواری بەڕێز لەبەر ئەوە ئەوەی پشت بەمانە ببەستێت نامەرد و ناپیاوە. دوای ئەوە ئینگلیزەکە بەو شێوەیە وەڵامی باوکم دەداتەوە ناچار دەبێت دەچێت بۆ بەغداد. بەهەزار حاڵ و ئەرخە بەکارهێنان دەیکەن بەنووسیاری دادگای چەمچەماڵ و جێگری قازی لە کاروباری ئایینیدا مانگی بەپەنجا ڕوپیە. کە هاتەوە بۆ سلەیمانی باوەژنم و براکانم کە لە باوەژنم بوون بردنی بۆ چەمچەماڵ، ئێمەش واتە دایکم و کاکەم و منی لێرە بەجێهێشت، کە کاکەم بچوایە بەلایەکدا من لەسەر دوکانەکەی دادەنیشتم و کە خۆشی لەوێ بوایە لەبەردەستیا کاروباری دوکانەکەم ئەکرد و هەندێک جاریش شتی جیاوازم هەر لەبەر دوکانەکەدا دەفرۆشت. چونکە لەوەبەر هەر لە سیتەک دەستم کردبوو بەخوێندن جاروباریش لەلای کاکەم هەر لەسەر دوکانەکە دەرسی قورئانی پیرۆزم دەخوێند ماوەیەکیش لەلای شێخ سەعید کە هەر لە دوکانەکانی بەر خانەقادا حوجرەی هەبوو دەرسم دەخوێند.

## شاری سولەیمانی لە ساڵانی ١٩٢٥ - ١٩٢٦ز دا

من لەو باوەڕەدام نووسەرێک هەرچەند پێنووس ڕەوان و بیرتیژ بێت و باسی شارێک لە وەرز و چەرخێکی تایبەتیدا بکات ناتوانێ وەک فتۆغرافێک لە هەموو ڕوویەکەوە دیمەنی ڕاستی و دروستی ئەو شارە دەربخات. تەنیا ئەوەندە هەیە وا دەزانم سەرکەوتووترین نووسەر ئەو نووسەرەیە کە نووسینەکەی بەزۆری بۆلای مەبەستەکە بچێت و ڕووی لە ڕاستی بێت، جا بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکی نزیک بەڕاستی بدەین بەشارەکە لەو ساڵانەدا دەبێت بەم ڕەنگەی دواوە باسەکە دابەش بکەین:

### ١- لە ڕووی مێژوویی و جوغرافیەوە:

کە ئێمە هاتینە سلەیمانی ئەنجامی ناهەمواری و کەساسی و برسییەتی و ماڵوێرانی ئاشکرا دیار بوو



کە بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە ئەو گرانییە قاتییەی کە هەر بەهۆی جەنگەوە عوسمانییەکان دروستیان کردبوو چونکە هەموو نێرینەی لە پازدە ساڵ بەرەو ژووریان بردبوو بۆ شەڕ، هەر دوای ڕۆینی پیاوەکانیش ماڵەکانیان دەپشکنی و هەرچی ئازۆخە و خواردەمەنییەکی تێدا بوایە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە دوارۆژی ئەو منداڵ و پیر و ئافرەتانەی کە بەبێ کاسبکار مابوونەوە هەموویان دەبردن، لەگەڵ شوێنەواری ئەم دووبەڵایەدا شوێنەواری بۆمبابارانی مام ئیستیعمار کە لە ساڵانی ١٩٢٤ و ساڵانی پێشووتردا کردبووی ئاشکرا چاوی لە ڕێبوار زەق دەکردەوە.

ئەو حەلە ژمارەی دانیشتوانی شار لە ١٢-١٤ هەزار کەس زیاتر نەبوو، لە باکوورەوە لە مزگەوتی مەڵکەندییەوە کە ئەوسا پێیان ئەوت مزگەوتی شێخ حەمە مارف دەستی پێدەکرد، لە باشووردا بەگەڕەکی جوولەکانی ئەو حەلە کە ئێستە پێی دەڵێن گەڕەکی شێخ هەباس دوایی دەهات، لە خۆرهەڵاتەوە ماڵی عەزمی بەگ کە تاقە ماڵە بوو لەلای کارێزی دایکی پاشاوە دەستی پێدەکرد و لە خۆرئاواوە چەند ماڵێک لە دەوروپشتی مزگەوتی کانی ئاسکان هەبوو نزیکی دائیرەی (أشغال وإسكان)ی ئێستە، بێجگە لەو چەند ماڵە لە فولکەکەی ئێستەی کانی ئاسکانەوە بەپانی ٣٠٠-٤٠٠م سەرەوخوار ڕووەو باشوور بەمەرجێک جێگای سەرۆکایەتی زانکۆی سلەیمانی ئێستە کە ئەو حەلە قەسابخانە و دەباخخانە بوو بکەوێتە خۆرنشینەوە و بەگەڕەکی شێخ هەباس دوایی بێت، ئەو ماوەیە هەمووی دەشت و چۆڵ بوو.

هەندێک جێگە هاوینان دەکرا بەکشتوکاڵ و سەوزە، تاک و تەرا دوکان لە دەوروپشتی سەرا هەبوو، لە کۆڵانەکەی شەوکەتی دانسازەوە بۆ فولکەی ئەسحابە سپی و ئوتێلی هەورامان گوزەری کۆپاندروو بوو، بازاڕ هەندێک لە ژوور دەرگاکەی ناو بازاڕی خانە تازەکەوە دەستی پێدەکرد، خانی حاجی سەعید ئاغا کە ئێستەش هەر لەسەر شێوە کۆنەکەیەتی، ناو بەناو شێوەکەی ناو بازاڕ بەدەرەوە بوو، زبڵ و پیسیان تێدەکرد، قەیسەرییەکانی وەسمان پاشا و نەقیب هەبوون، قەیسەرییەکەی خوار مزگەوتی شێخ عەبدولرەحمانی عازەبانی گوزەری کەوشدروو بوو، سەڕاجخانەکەی ئێستە گوزەری پانی بەرز دروەبوو. مەزاتخانە هەر لە جێگەی ئەوسایدا دروست کراوەتەوە.

ئەوسا دووجۆر خان هەبوون وەک خانی حاجی سەعید ئاغا و خانە سووتاو و خانی ئاغا فەتحوللا و خانی غەفور ئاغا کە ئێستە هینی حاجی ئەحمەدی کریم ئاغایە و جۆرێکی تر دروستی کردۆتەوە و ناوی ناوە بازاڕی مەحوی بەناوی شاعیری بەناوبانگە خوالێخۆشبوو مەحوی. خانی غەفورئاغا بەلای خواروویان ئەوت خانی مێوژ، ئەم خانانە جێگەی دەوڵەمەند و بازرگان و کاسبکاران بوون. جۆرە خانێکی تریش هەبوو جێگەی کاروانیی و ڕێبوار و لادێیی بوون. لەم خانانەدا کا و جۆ و دار و خەڵووز دەفرۆشران، کرێ خانی وڵاخ شەوی ئانەیەک = ٤ فلس بوو، ئەگەر کاروانیەکە وڵاخی زۆر پێ بوایە خۆی شەو بەبەلاش دەنوست، ئەگەر هیچ وڵاخی پێ نەبوایە کرێ خانی زەلامەکە شەوی دوو ئانەبوو. جێگەی ئاشەکەی ئێستەی حەمەڕەشید ئاغا لەگەڵ گەراجی بەغدادی تەنیشتی و ڕیزە دوکانەکانی بەردەمی گومرگ بوو کە لە ساڵانی دواییدا سووتا. بەڕێوەبەری ئەوساکە ناوی ئەمین بەگ بوو، پێیان دەوت ئەمین بەگی ڕێژی واتە گومرگ. بازاڕی زێوەری ئێستە مەیدانی دار و خەڵووز و سپیدار و میوە فرۆشتن بوو.

مەیدانی ماست فرۆشەکان هەر لە جێگەی ئەو حەلەیە بەڵام دیمەنی بەگشتی گۆڕاوە.

سلەیمانی ئەوسا بریتی بوو لە گەڕەکی مەڵکەندی و کانێسکان (کانی ئاسکان) و گۆیژە و دەرگەزین و چوارباخ و سەرشەقام و جوولەکان. بەڵام گەڕەکی گاوران[٦] کە مەبەست مەسیحییەکانە پارچەیەک بوو لە گەڕەکی گۆیژە و هەندێک ماڵیان لەگەڵ ماڵی موسوڵمان تێکەڵ بووبوون، لە هەموو گەڕەکەکاندا هەر لەمیانی چەند خانوویەکدا چەند کەلاوەیەک هەبوو، لە زۆر جێگەدا کەلاوە زۆرتربوو لە خانوو، ئەمەش لە ئەنجامی گرانیەکە و بێ پیاوی و بۆردوومانەوە هاتبوونە کایەوە، بەشی زۆری کەلاوەکان هێشتا زۆری دیوارەکانیان بەپێوە مابوو ئەمە ئەوەی ئەگەیاند کە دار و پەرد و دەرگا و پەنجەرەکان دەرهێنرابوون بۆ فرۆشتن یا بۆ سووتەمەنی.

**ئاووهەوای:** ئەو سەردەمە زستانانی زۆر سارد بوو، بەفرێ بێداد دەباری، زۆر ساڵ لەبەر بەفری یەکجار زۆر ماڵە و ماڵ نەدەکرا، بازاڕ و دوکان نەدەبوو، خۆ ئەگەر ڕەشەباشی لەگەڵ بوایە ئەوە هەر باسی ناکرێت. شەقام و جادەی ڕێکوپێکی نەبوو، لە وەرزی باراندا قوڕ و چڵپاو گاجووتی قووت دەدا. بەڵام بەهاوینان فێنک و خۆش بوو، بەشەو، بەردەرکی سەرا و بەردەمی ماڵە گەورەکان و هەندێک لە کۆڵانەکان بەچرا و فانوس ڕووناک دەکرانەوە. بازاڕ و گەڕەکەکان بەشەو حەسحەس و یاساوڵیان هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ناو بەناو دزی و ماڵ بڕین ڕووی ئەدا.

**ئاوی خواردنەوە:** ئاوی کارێزەکانی ناو شاربوو، بەختەوەر ئەو ماڵە بووکە کارێزی تێدا هەبوو یان بەگونج ئاوی کارێزی ڕادەکێشا بۆ ماڵی خۆی، کارێزی وا هەبوو هەر لە مەڵکەندییەوە بەگونج ماڵ ماڵ ڕاکێشرابوو تا سەرشەقام و لە هەموو ماڵێکدا کرابوو بەحەوز و لە حەوزەوە دەچوو بۆ ماڵێکی تر.

جا بزانە دەبێت ئەم ئاوانە چەند پاک و خاوێنە و بۆ تەندروستی سوودبەخشە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو هەموو ماڵێک مانگانە بدات بەخاوەن کارێزەکە، ئەو ماڵانەی بەم ڕەنگە ئاویان دەست نەکەوتایە دەبوو بچوونایە بۆ ئەو ماڵانەی حەوزیان هەبوایە، یان بۆ کارێزەکانی قەراخ شار، هەندێک ماڵیش بیریان هەڵکەندبوو لە حەوشی خۆیاندا، مەگەر بەدەگمەن لە ماڵەکاندا ئاودەست ببوایە، پیاو هەموو دەچوون بۆ مزگەوت، ئافرەتیش ئارەزووی خۆیان بوو.

### ٢- لە ڕووی ئابووری گوزەرانەوە

بەزۆری هەموو ماڵەکانی قەراخ شار جووت و گایان هەبوو، کشتوکاڵیان دەکرد و مەڕ و ماڵاتیان بەخێو دەکرد بەتایبەتی گەڕەکی سەرشەقام و کانیسکان و گۆیژە، خۆ گەڕەکی مەڵکەندی پیشەی

(١) هەڵوێستی گاور یا عیسایییەکان بەپێچەوانەی جوولەکەکانەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەوە تێکەڵ بەبرا کوردە موسڵمانەکان دەبوون، لە تەنگانە و خۆشیدا هاوبەشی دانیشتوانیان دەکرد، بەڵگەی ئەمە بەخشندە و خێرخوای بەناوبانگ خوالێخۆشبوو (کەریمی عەلەکەیە) کە هیچ دەوڵەمەندێکی خولی ئەو، بەو پیرۆزی و جوانییە ناوی نەماوەتەوە.



سەرەکییان ئەوانەبوون کە وتمان لەگەڵ دارفرۆشی و بەفر فرۆشیدا، چاڵە بەفرەکانی سەرشاخی گۆیژە تایبەتی ئەوان بووە، کە زستان بەفر دەباری بەشێوەیەکی تایبەتی چاڵە بەفرەکانیان پڕ دەکردەوە لە بەفر و دایان دەگرتەوە، هاوینان بەئێستر و بارگیر دەیان هێنا بۆ ناو شار بۆ فرۆشتن، ئەو هاوینانەی کە زۆر گەرم بوایە سەهۆڵی شاخی پیرە مەگروونیشیان دەهێنا، ئەم سەهۆڵە زۆر پاگژتر بوو لە بەفرەکەی شاخی گۆیژە.

بێجگە لەوانە کە وتمان دانیشتوانی تری شارەکە خەریکی ئەم فرمانانەی خوارەوە بوون، واتە بەم فرمانانە دەژیان:

١- فەرمانبەری میری و مانگانە خۆری، ٢- بازرگانی، ٣- عەتاری، ٤- بەقاڵی، ٥- جامبازی، ٦- سەرپێیی، ٧- چەرچییەتی، ٨- باجگری، ٩- کۆڵ گێڕی، ١٠- ناتری، واتە خەڵک شتن لە گەرماوەکاندا. لەم کاتەدا نۆ گەرماو هەبوو لە هەموو سلەیمانیدا و ئەم گەرماوانە بەهۆی پەین کێشەوە کە لە ماڵی وڵاخدارەوە دەیانبرد و دەیانفرۆشت بە خاوەن گەرماوەکان، بەم پەیینە گەرماویان پێ گەرم دەکرد، ئەو زەلامەی گەرماوی خۆش دەکرد پێیان دەوت توونچی.

**پیشەسازی:** لەم ساڵانەدا ئەم پیشانەی خوارەوە هەبوون:

١- بەرگدروو (خەیات) کەوا و سەڵتە و ڕانکوچۆغە و دەمەر قۆپان و شەرواڵ و ستارخانی و عەبا و مرادخانی دەدروو.
٢- ئاسنگەر ناڵ و بزمار و چەقۆ و مەقاش و تەور و تەورداس و داس و گاسنی دروست ئەکرد.
٣- کەوش دروو جورە پێڵاوێکیان دروست ئەکرد پیاو لە پێی ئەکرد.
٤- پانی بەرزدروو ئەمان پێڵاوی ئافرەتیان دروست ئەکرد.
٥- جۆڵا جاجم و بەرماڵ و هۆڕ و جەواڵ و بەڕە و پۆپەشمینیان دروست ئەکرد.
٦- خومخانەچی بەن و خامیان ڕەنگ ئەکرد.
٧- زەڕنگگەر خشڵی ژنانیان دروست ئەکرد، ئەمەیان تەنیا پیشەی جوولەکە بوو، موسوڵمانەکان بەنەنگییان دەزانی هەروەک عەرەق و شەراب فرۆشیش تایبەتی جوولەکە و گاور بوو.
٨- دارتاش کورسی و دەرگا و پەنجەرە و بێشکەیان دروست ئەکرد.
٩- تۆکمەچی مەقاش و شەکرشکێن و مەقەڵی زەردیان دەکرد.
١٠- چەخماخ ساز فیشەکیان دادەگرتەوە و دەمانچە و تفەنگیان چاک دەکردەوە.
١١- ناڵبەند کەر و ئێستر و وڵاخی بەرزەیان ناڵ دەکرد.
١٢- دەباخچی پێستی مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخیان خۆش دەکرد.
١٣- کڵاش چن کڵاشی دۆمییان دروست دەکرد لە پەڕۆ لەناو شاردا دەچنران گەلێ جار ئافرەت دەی چنین، ئەم پێڵاوە بەزۆری پێڵاوی هاوینان بوو.
١٤ سەراج زینی وڵاخی بەرزە و پێویستییەکانی و حەمایەڵ و کیفی دەمانچەی دروست ئەکرد.

١٥- موتابچی بەنیان دەڕست، خەرار و ڕەشکەیان ئەکرد.
١٦- شیرگەر شمشێر و خەنجەریان دروست ئەکرد.
١٧- کارگەچی ژێرە خەرە و لبادیان دروست ئەکرد.
١٨- مسگەر مەنجەڵ و یەغنکێش و لەگەن و دەورییان دروست ئەکرد و سپی ئەکردەوە.
١٩- قەزاز چەفتەیان قەزازی دەکرد و کۆڵوانەی ئافرەتیان هەڵدەبەست و تەزبیحیان دەهۆنیەوە.
٢٠- خەڕات کاسە و تەشیی و کەوچک و کۆتکەیان لە داری بی و چنار دروست ئەکرد.
٢١- کارێزکەن بیری تازەی هەڵدەکەند و بیرە کۆنەکان و کارێزیان پاک ئەکردەوە.
٢٢- دەلاک سەر و ڕیشیان دەتاشی و منداڵیان خەتەنە دەکرد و هەندێکیان حەکیمیشیان دەکرد، بەبێ بەنج ددانیان دەردەهێنا.
٢٣- کۆپاندروو کۆپانی کەریان دروست ئەکرد.
٢٤- بەنا ئەوساکە ئیشیان زۆر کەم و زۆر کەم دەست بوون.
٢٥- کلّ نانەوە لە قوڕی تایبەتی کە بەمووی بزنەوە دەیان شێلا، گۆزە و دیزە و کوپەیان دروست دەکرد، بەئاگری تەپاڵە سووریان دەکردەوە بەم ئیشەیان دەوت کلّ نانەوە، ئافرەت لە ماڵدا کڵاو و گۆرەوی و لفکەیان دروست ئەکرد و دەیان چنی.

## ٣- لە ڕووی جلوبەرگ و ڕابواردنەوە

دانیشتوانی شارەکە بەزۆری کەوا و سەڵتەیان لەبەر دەکرد، گەورە پیاوان و دەوڵەمەندەکان عەباشیان دەدا بەشانیانا، ڕانکوچۆغە و شەرواڵ و مرادخانی و ستارخانی تایبەتی کوڕوکاڵ و ناو بازاڕی و لادێیی بوو، فەرمانبەرانی میری چاکەت و پانتۆڵیان لەبەرابوو، سدارەیان لەسەر دەکرد، هەشبوو جلی کوردی لەبەرابوو، ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشا سەرپێچ بوو، ئەهالی کڵاو و جامانەیان دەبەست، دەوڵەمەندان و هەرزەکاران مشکی و چەفتەیان دەبەست هەندێ حاجی دەوڵەمەند کەشیدەی حەجەکەی دەبەست بەدەوری فێستی سووردا، هەشبوو فێستی سووری ڕووتی دەکرد بەسەردا، وەک لە پێشەوە وتمان فەرمانبەران سدارەیان دەکردە سەر، چونکە دروشمی میری بوو.

ڕابواردن: چەند ماڵە گەورەیەک وەک ماڵی شێخ قادر و حەمەی ئەوڕاحمان ئاغا و حاجی سەعید ئاغا و حاجی محیەدین و عزەت بەگی وەسمان پاشا و حاجی ئیبراهیم ئاغا و هەندێکی تر دیوەخانیان هەبوو، پیاوماقوڵانی ناوچە و گەڕەک و شار ئامشۆیان دەکردن، بەقسەی خۆش و چیرۆک و نوکتە و باسی دنیا ڕایان دەبوارد، فەقێ و مەلاکان لە مزگەوتەکانا لە کاتی بەتاڵیدا بەگۆرەوی بازی و کڵاوکڵاوێنە و شەڕە شیعر و گەنم گەنمێنە ڕایان دەبوارد، خەڵکی تر دەچوونە چایخانە، هەندێک چایخانە حیکایەتی لێدەکرا، ئەم چایخانانە پارەیان دووچەندانەی چایخانەی تر بوو، دانیشتوان لەم دیو و لەودیوی حکایەت خوێنەکەوە لەسەر شێوەی پاڵەوانەکانی ناو حیکایەتەکەدا دادەنیشتن، دەستە ڕاستی و دەستە چەپی زۆرجار دەبوو بەشەڕیان.



یاسای شین و شایی شێوەی تایبەتی هەبوو باسکردنی زۆر درێژە دەبەستێت، پێویستیش ناکات چونکە ڕووەو نەمان دەچێت.

لە شەوانی مانگەشەوی هەوا خۆشدا منداڵان لە کۆڵانەکاندا یاری چاو شارکێ و ئاشە بەتەنوورێ و بابی بابی و کەرە سووری پشت درێژیان دەکرد، کوڕوکاڵ و هەرزەکاران شەڕە گەڕەکی وایان دەکرد کارەساتی زۆر ناشیرین لێی ڕوو ئەدان.

## ٤- لە ڕووی ڕامیاری و خوێندەوارییەوە

لە ڕووی ڕامیارییەوە دانیشتوانی سولەیمانی لەم ساڵانەدا بەم ڕەنگەی لای خوارەوە دابەش بووبوون:

١- دەوڵەمەندان و فەرمانبەرەکان هەر خەریکی پارە پەیداکردن و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان بوون.
٢- هەندێک پیر و پیاوانی ئایینی و ئەوانەی کە لێکەوتبوون سەر بەعوسمانی بوون و بەناوی خەلافەتی ئیسلامەوە پڕوپاگەندەیان بۆ عوسمانیان دەکرد، بەمانەیان دەوت جل خوار.
٣- هەندێک تازە پیاکەوتوو دامەزراو لە دائیرەکانی میریدا کە بەرژەوەندییان ڕوو لە بەرزی بوو دەسەڵاتیان باش و ئیشیان بۆ دەڕۆیشت ئەمانە سەر بەئینگلیز بوون و بەناوی ئەوە کە ئینگلیز دەوڵەتێکی خۆرئاواییە و زۆر پێشکەوتووە بۆ ژێر دەستە زۆرباشە پڕوپاگەندەیان دەکرد.
٤- دەستەی چوارەم کە بریتی بوون لە ئەفسەرانی زەمانی عوسمانی ئەو خوێندەوارانەی کە ئاگاداری پەیمانی سوێندخۆرەکان بوون لە سەرەتای شەڕی یەکەمدا لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیانی مەکتەبەکان و لاوانی خوێندەوار و شاعیرەکان سەر بەکوردبوون، بیروباوەڕی کوردایەتییان بڵاودەکردەوە و ئەیانوت هەموو نەتەوەیەک هەر هەوڵ بۆ خۆی دەدات، ئەی ئێمە بۆچ بیرێک لە دواڕۆژی نەتەوەکەی خۆمان نەکەینەوە، بەمانەیان دەوت نیشتمانپەروەران. ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشا ئەوە بوو سێ دەستەکەی پێشوو هەریەکەیان هەمیشە لە جموجۆڵدا بوون و ڕقیشیان لە یەکتری بوو. بەڵام نۆکەرانی ئینگلیز لە هەموویان زیاتر دەستیان دەڕۆیشت، سەیر ئەوەیە زۆری نەخایاند جل خوارەکان و نۆکەرانی ئینگلیز و دەستەی یەکەم بۆ پاراستنی خۆیان هەر سێ لایان بوون بەیەک و کەوتنە بەربەرەکانی دەستەی چوارەم واتە نیشتمانپەروەرەکان. ئەوەی ئەم یەکیەتییە سێ قۆڵییە ناپیرۆزەی دروستکرد تەنیا پارە و قازانجی خۆیی بوو و بەس، واتە بێ باری و ئینتهازییەت.

لە ڕووی خوێندەوارییەوە: تا ئەم ساڵانەش سەرچاوەی خوێندن لە سولەیمانیدا مزگەوتەکان و حوجرەی بەمنداڵ خوێندن بوو، لە هەر مزگەوتێکدا کە ئەو حەلە سێ مزگەوت هەبوون بەپێی ئەندازەی زانینی مەلای مزگەوتەکە فەقێ هەبوو، ئەم فەقێیانە کە هەر بەیاریدەی ئەهالی ئەژیان زانینی عەرەبی و شەرعی و فارسییان دەخوێند.، بەلای ئەوەدا نەدەچوون یەک وشەی کوردی بخوێنن، خۆیان و مامۆستاکانیان زۆر ڕقیان لە مەکتەبلییەکان بوو. بەموعەلیمی مەکتەبەکانیان دەوت فەرمەسۆن، ناو و نەتۆرەی زۆر ناشیرینیان لێ دەنان، گەلێ جار فەقێ و مەکتەبلی(١) دەبوو بەشەڕیان فەقێکان زیاتر دەستیان

(١) پڕوپاگەندەی کۆلکە مەلا و کوتە شێخ و وشکە دەروێش و سۆفی و حاجی چەوت و جل خوارەکان کارێکی =

دەڕۆیشت، ئەهالی بەناوی ئایینپەروەرییەوە پشتی ئەوانی دەگرت، میریش هەرچەند ئیستعماری بوو لە شتی تردا گوێی نەئەدایە ئایین، کەچی لێرەدا بۆ ئەوەی ئاگری فیتنە خۆشکەن، نۆکەرەکانی ئینگلیز بۆ دین دەگریان و پشتی فەقێیان دەگرت.

بێجگە لە خوێندنی فەقێیەتی حوجرەی زۆریش هەبوو، کە وردە مەلا منداڵیان فێری خوێندن دەکرد، دوای قورئانی پیرۆز دەرسی فارسییان پێ دەوتن، ئەم قوتابییانە مانگانەیان ئەدا بەمامۆستاکان، ڕۆژانی سەرماش هەر قوتابییەک بڕێ داری ئەبرد بۆ حوجرە، مامۆستا قورئانی بۆ کردبوون بەچەند بەشێکەوە، کە ئەو بەشەی تەواو بکردایە پاداشی ئەوەشیان دەبرد بۆ مامۆستا و دەبوو ماڵی ئەو منالەش ئەو ڕۆژە نیوەڕۆژەی بۆ هەموو قوتابییەکان و مامۆستا بکردایە، ئەم قوتابییانە و مامۆستاکانیشیان دوشمنی خوێنینی مەکتەبلی بوون.

لەپاڵ خوێندنی مزگەوت و حوجرەدا میری تا ئەو ساڵە مەکتەبێکی سەرەتایی بۆ کوڕان و یەکێک بۆ کچان کردبووەوە، تەلەبەی کچ زیاتر لەژێرباری تانە و تەشەرابوون کچانی بەسزمان لە تەمەنی هەشت نۆ ساڵ بەدواوە بە عەبا و پەچەوە دەچوون بۆ مەکتەب چونکە ئافرەت لە شارەکەدا نەدەبوو پیاوی نامەحرەم ببینێت، تەنیا شەرمیان لە جوولەکە نەدەکرد، بۆیە جوولەکەی کۆڵگێڕی کوتاڵ و عەتارییان بانگ دەکردە ماڵەوە و سەربەست شتیان لێ دەکڕین، بۆ ئافرەت چوونە بازاڕ قەدەغەبوو.

هەر لەوکاتەدا سەرچاوەیەکی تریش بۆ خوێندن پەیدابوو، کە ئەویش کردنەوەی قوتابخانەی زانستی بوو لە شەودا.

## قوتابخانەی زانستی کوردان

گرنگترین و بەکەڵکترین خزمەتی کۆمەڵەی زانستی کوردان کە لەو ساڵانەدا لە سولەیمانی دامەزرا، کردنەوەی قوتابخانەی زانستی بوو لە شەودا، بۆ ئەوانەی کە لەکاتی خۆیاندا نەیان خوێندبوو، یان لەو کاتانەدا لەبەر هەژاری نەیان دەتوانی بخوێنن، جا بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کەسانە بەڕۆژ کاسبی بکەن بەشەویش بخوێنن کۆمەڵەی زانستی کوردان بەهۆی پیتاک کۆکردنەوە لە دانیشتوانی شار ئەم قوتابخانەیەیان بەڕەزای میری کردەوە. ئەوەی کە لە سەرەتاوە برەوی دا بەم قوتابخانەیە ئەوە بوو پیاوە

= کردبوو مەکتەبلی و مامۆستاکانیان بەبت پەرست و کافر دەناسران. بەچەند ساڵێک دوای ساڵی ١٩٢٥ من چوومە مەکتەب. ڕۆژێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم گەیشتینە بەر تەسکاییەکەی بەردەمی شارەوانی، لەپڕ زەبەلاحێک پەلاماری داین منی گرت و هاوڕێکانم ڕایانکرد. بەڕاستی زۆر ترسام چونکە دەمزانی هەرچەند لێم بدات و ئازارم بدات کەس قسە ناکات چونکە ئەو غەزا دەکات. لە ڕاستیدا کە زانی زۆر دەترسم وتی مەترسە، لێت نادەم هەر پرسیارێک دەکەم وەڵامم بدەرەوە و بڕۆ، وتم فەرموو وتی ڕاست دەکەن دەڵێن ئێوە دەست لە ئیشی خودا دەدەن و دەڵێن ئەرز خڕە و دەشجووڵێت، ئەی ئەگەر دەجووڵێت بۆچی دوکانەکەی من ڕۆژێک ڕووی بۆ لایەکی تر وەرناگەڕێ، لە وەڵامدا وتم درۆیە، ئێمە قەت قەت واناڵێین، دەستیش لە ئیشی خودا نادەین، وتی بڕۆ خوا بەقوربانی ئەقڵی خۆت کات.



گەورەکانی ئەو ڕۆژەی میری وەک جەمال بابان کە ئەو ساڵە حاکم بوو لە سلیمانی (دواییش بوو بەوەزیری دادگەری) هەروەها ئەحمەد بەگ کە موتەسەریف بوو، مەلا سەدیق ئەفەندی کۆیی کە حاکمی مونفەریدیان پێ ئەوت، ئەمانە دەرسیان تێدا دەوتەوە. لە ڕاستیدا ئەم قوتابخانەیە خزمەتی بێ هاوتای شاری سلەیمانی کرد چونکە زۆرکەسی بەگەورەیی فێری خوێندەواری کرد، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەندێک تەمەنیان بەبەریەوە هەبوو کە لەسەر خوێندن بڕۆن و قوتابخانەی مامۆستایان و ئەندازیاری و جێگەی تریان تەواوکرد و بوون بەفەرمانبەری میری.

ئەم قوتابخانەیە بەرنامەی تایبەتی هەبوو، دەرسەکان هەموو بەکوردی دەوترایەوە، شەوی سێ شەموان دەرس نەئەخوێنرا، لە وەرزی تەڕوتووشدا لە ژوور، لە کاتی خۆشیشدا لە حەوشە کۆبوونەوەی گشتی هەبوو، وتار و دوان و شیعری جوان جوان لە بابەت وێژە و مێژوو و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و پاک و خاوێنی و ئابوورییەوە دەخوێنرایەوە، لە میانی وتارەکاندا بەموسیقاوە سروودی نیشتمانی و نەتەوایەتی دەوترا بۆ سوودی قوتابخانەکە، یاری دومبەڵەی تێدا دەکرا، چیرۆکی شانۆیی تێدا نیشان دەدرا، هەموو کەس لە شەوی سێ شەممەدا دەیتوانی بچێت بۆ سەیر و ئەگەر خۆشی ئارەزووی بکردایە شت بخوێنێتەوە دەیتوانی.

لێرەدا ئەمە بەسە لە باسی قوتابخانەی زانستی چونکە بەپێی زنجیرەی باسەکە دەبێت چەند جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر باسی زانستی، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە خۆم لە زانستیدا سێ دەورەم دیوە، دەورەی قوتابی، دەورەی مامۆستایی، دەورەی بەڕێوەبەریی.

– کەی چوومە قوتابخانەی زانستی؟(١)

ساڵی ١٩٢٦ لە سەرەتای پایزدا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم کە یەکێکیان ناوی ئەحمەدی حاجی ڕەسوولە و ئێستە خۆشی حاجیە و هەر لەسەر دوکانەکەی ئەو حەلەی باوکی بازرگانە و ماڵەکەیان کەوتۆتە خۆرهەڵاتی خانەقای مەولانا خالدەوە، چووین بۆ قوتابخانەی زانستی شەو، ئەوساکە لەو خانووەدا بوو کە ئێستا خانووی تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵلایە و کەوتۆتە پشت حەمامی سەرچنار، کە لە جێگەی حەمامی گازێی کۆندا دروستکراوە لە گەڕەکی گۆیژە، ئەوسا لەوێ ڕەوشت وابوو کە قوتابی تۆمار بکرایە تەنیا ناوی خۆی و باوکی و ئەو پیشەیەیان دەنووسی کە بەڕۆژ دەیکرد. منداڵی وردیان وەرنەدەگرت، دەرسی یەکەم لە سەعات یەکی عەرەبی شەوەوە (واتە سەعاتێک پاش خۆرئاوا بوون) دەستی پێ دەکرد، هەموو شەو چوار دەرس دەخوێنرا، لە میانی دەرسەکاندا پشوو هەبوو، لە پۆلی یەکەمدا کە ئەلفوبێ دەخوێنرا دەبوو قوتابی لەو قوڕەی دیزە و گۆزەیان لێ دروست دەکرد هەموو پیتەکانی دروست بکردایە و

(١) قوتابخانەی زانستی بەم خولانەدا تێپەڕیوە:

أ– خولی یەکەم لە کردنەوەیەوە تا داخستنی بەبۆنەی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠وە.

ب– لە ڕۆژی کردنەوەیەوە دوای هەرای شەشی ئەیلول تا ساڵی ١٩٣٦.

ج– لە ساڵی ١٩٣٦ بەدواوە کە میری دەستی بەسەراگرت و بوو بەقوتابخانەیەکی ڕەسمی ئێواران.

بیبردایە بۆ زانستی، من وەک لە پێشەوە وتم لەوەبەر شتێکم خوێندبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتاوە هەر لە پۆلی یەکەم تۆماریان کردم. بەڵام پاش ماوەیەک بردمیانە پۆلی دووەم.

لە قوتابخانەی زانستیدا تاقیکردنەوەی دوای ساڵ هەبوو، بەڵام لە هاویندا بەهۆی پشووی هاوین و گەڕانەوەی ئەو قوتابییانەی لە بەغداد دەیانخوێند دەوام هەر هەبوو، بەڵکو جووڵە و چاکی باشتر دەنوێنرا.

لە ساڵی ١٩٢٧دا لە گەڕەکی دەرگەزێن لە ناوچەی شیوی قازی مەکتەبێکی دوو پۆلی کرایەوە، بەڕەسمی پێیان دەوت مەکتەبی دووەم، بەڵام لەناو خەڵقدا پێیان دەوت مەکتەبی پەڕۆ، چونکە هەموو تەلەبەکانی جلی کوردییان لەبەرابوو، ئەم مەکتەبە دوایی ناونرا مەکتەبی ئەیووبی، یەکێ لە مامۆستایانی ئەم مەکتەبە شاعیری پایەبەرز مامۆستا زێوەر بوو، جلی کوردی لەبەرابوو، عەبای بەشانەوە، جامانەی ڕەشی گوڵ بادەمی دەبەست، هەموو ڕۆژێک کە دەچوو بۆ مەکتەب تاوێک لە لای کاکەم دادەنیشت، چونکە لە زەمانی عوسمانیدا لە سیتەک مامۆستای بوو، زۆرجار بە کاکەمی دەوت بۆچی ئەم منداڵە نانێریتە مەکتەب، کاکەشم دەیوت لەبەر دوکانەکە زۆرم پێویستە و ئەشترسم باوکم ڕازی نەبێت، چونکە وەک لە پێشەوە وتم ئەوساکە چوونە مەکتەب نەک هەر بۆ منداڵەکە بەڵکو بۆ خێزانەکەشی جوان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستای بەڕێز هەر وازی نەهێنا ڕۆژێک بەزۆر لەگەڵ خۆیدا بردمی و خۆشم بۆ شەڕەشەقی ناو منداڵان حەزم دەکرد. دوای تاقیکردنەوە هەر خستمیانەوە پۆلی دووەم گوایە بۆ ئەوەی بناغەم قایم بێت.

بەڕێوەبەری مەکتەبەکە مامۆستا شێخ قادر نوری بوو، پیاوێکی سیما جوانی سەر و ڕیش سپی قسە خۆش، مێزەر بەسەر بوو، جبەی لەبەر دەکرد، لە زەمانی عوسمانیدا مامۆستای زمانی فارسی بوو لە دانیشگای ئەستەموڵ.

مامۆستایەکی ترمان خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد زوهدی بوو، ئەم چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دەکرد، سدارەی ئەکردەسەر. بۆ ساڵی دوایی مامۆستایەکی ئەو ساڵە دەرچوومان بۆ هات ناوی نوری حاجی ساڵح ئاغا بوو، لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو. (لەبیرمە ڕۆژێک دوو ژمارەی لە یەکتری دەرکرد، ١٩٧٢ی مایەوە، لەبەر خۆیەوە وتی ئەگەر من تا ساڵی ١٩٧٢ بژیم بەسمە. کەچی زۆر پێش ئەو ساڵە بەنەخۆشی شەلەل کۆچی دوایی کرد).

## مەکتەبی سیاسییەکە:

لەمەو پێش وتم کە مەکتەبێکی سەرەتایی کوڕان هەبوو لە هەموو شاری سلەیمانیدا، ئەم مەکتەبە لە سەرەتاوە لەو خانووە دابوو کە پێیان دەوت خانووی بەهێ خان. ئێستە بەردەمەکەی ڕیزە دوکانە و ناوەوەی عەمارە لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا. لەوێوە گوێزرایەوە بۆ ئەو بینایەی کە لە جێگەی بازاڕی عەسری ئەمڕۆدا بوو. بینایەکی نایابی دوو نهۆم، زۆر جوان بوو، ئەو حەلە خەڵق پێیات دەوت (مەکتەبی سیاسییەکە) چونکە لەوەپێش حاکمی سیاسی ئینگلیز لەوێ دانیشتبوو. ئەم مەکتەبە لەو ساڵەدا



پۆلێکی ناوەندیشی هەبوو، واتە هەردوو مەکتەبەکە بەیەکەوە هەر لەو بینایەدا بوون، بەشی سەرەتایی لە نهۆمی خوارەوە، بەشی ناوەندی و ژووری مامۆستایان و بەڕێوەبەر لە نهۆمی سەرەوەدا بوون.

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی خوێندنی پۆلی سێیەمدا چەند قوتابییەک دەرچووین بۆ پۆلی چوارەم، لەوەبەر فەرمان وا درابوو بەبەڕێوەبەر ئەو تەلەبانەی دەردەچن بۆ پۆلی چوارەم بنێررێن بۆ مەکتەبی پاشکۆ (ملحق) کە ناوی ڕەسمی مەکتەبی سیاسی بوو.

یەکەم ڕۆژی کردنەوەی مەکتەب بەڕێوەبەر هەموو ئەوانەی[1] کە دەرچووبووین بۆ پۆلی چوارەم بانگی کردین و پێی وتین کە بچین بۆ لای حاکمی ئینگلیز کە لە خانووەکەی میرزا کەریم دابوو لە خۆرنشینی مزگەوتی دوو دەرگای نزیک گەراجی ئەسحابە سپی و تکای لێ بکەین بەڵکو پۆلی چوارەمان بۆ بکەنەوە. نووسراوێکی دایە دەستی من و وتی کە نووسراوەکەت دایە دەستی و خوێندیەوە تۆش تکای لێ بکە بەڵکو هەر لێرە پۆلی چوارەمتان بۆ بکەنەوە باشترە. دوای ئەمە هەموو ڕۆیشتین، کە گەیشتینە سەری کۆڵانەکەی ڕوو دەکاتە ماڵی میرزا کەریم ئینگلیزەکە دەرگاکەی کردەوە ڕووبەڕوومان هات، زەلامێک و سەگێکی لە دواوە بوو، کە ڕوومان تێکرد سەگەکە بۆمان هات، ئینگلیزەکە تێی مرقان سەگەکە گەڕایەوە و ئێمە لێی چووینە پێشەوە و نووسراوەکەمان دایە دەست و دوای ئەوەی وادەزانم دووجاری خوێندنەوە، سەری هەڵبڕی و بەکوردییەکی زۆر ڕەوان وتی: موعەلیم نییە، ناتوانین پۆلی چوارەم بکەینەوە، ئەی بۆچی ناچن بۆ مەکتەبەکەی سەرەوە خۆ ئەویش هەر سلەیمانیی ئەمەی وت و ڕۆیشت و ئێمەش پاشەوپاش گەڕاینەوە بۆ مەکتەب و ڕووداوەکەمان بۆ بەڕێوەبەر گێڕایەوە، لە وەڵامدا فەرمووی باشە ئەمڕۆ بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە بەیانی وەرنەوە دەتان نێرم بۆ مەکتەبەکەی سەرەوە.

بۆ بەیانی کە چووینەوە بۆ مەکتەب بەڕێوەبەر ڕیزی کردین و هەندێ ئامۆژگاری کردین و نووسراوێکی دایە دەست فەراشێک و فەرمووی بڕۆ لەگەڵیان و ژیرانە بیانبە بۆ لای بەڕێوەبەری مەکتەبەکەی سەرەوە. دوای ئەمە فەڕاشەکە پێشمان کەوت و هەموو لە دوایەوە زۆر زویر و دڵتەنگ وامان دەزانی بەزۆر دەمانبەن بۆ بەندیخانە، ئەمەش لەبەرئەوە بوو هەستمان بەناتەواوی دەکرد و لە هەموو ڕوویەکەوە مەکتەبەکەی خۆمان بەکەمتر دەزانی لەو مەکتەبەی کە بۆی دەچین، چونکە زەلامی تەواو گەورەمان دەبینی چاکەت و پانتۆڵی نایاب لەبەردابوو دەیان وت ئەمە لە پۆلی چوارەم یا پێنجەمە لە مەکتەبەکەی تر.

کە گەیشتینە مەکتەبەکە لە داڵانەکەی خوارەوە واق وڕماو ڕاوەستاین، بەم لا و لای خۆماندا دەمان ڕوانیە ئەو وێنانەی بەدیوارەکاندا هەڵواسرابوون، فەڕاشەکە چوو بۆ نهۆمی سەرەوە، پاش تاوێک کە هاتەوە فەڕاشێکی تری لەگەڵدا بوو، زۆر بەدەعیە و فیزەوە دەڕۆیشت (وتیان لەبەرئەوەی خوشکەزای

---

(١) ئەمەش ناوی هەندێک لەوانەیە کە دەرچووین بۆ پۆلی چوارەم: عزەت مەجید بەگ حاجی ڕەسووڵ بەگ، ڕەئووف محەمەد بەگ حاجی ڕەسووڵ بەگ، عەلی قادر ئاغا، ئەحمەد شێخ عەزیز، عەبدولقادر سەی عومەر و چەند کەسێکی تر.

بەڕێوەبەری هەردوو مەکتەبەکەیە) بەلووت بەرزییەوە تەماشایەکی کردین و وتی ئەمانەن تەلەبەکانی ئێوە[١]، فەڕاشەکەی خۆمان وتی بەڵێ و ڕۆیشت، نێر فەڕاش پێشمان کەوت، بێ ئەوەی لە دەرگا بدات خۆی کرد بەپۆلی چوارەمدا، کە هاتە دەرەوە وتی دەبڕۆنە ژوورەوە. ئێمەش بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەین بەکۆمەڵ خۆمان کرد بەژووردا، کە چووینە ژوورەوە ئەفەندی ڕووی لە تەختەڕەشەکە بوو هیچ ئاوڕی لێ نەداینەوە، تەلەبەکانیش[٢] سەرسامانە بەچاوێکی قێز و بێزانەوە تەماشایان دەکردین بۆیە هەموو خۆمان کوتا بۆ سەر ئەو چەند ڕیحلەیەی کە لە دوای دواوە چۆڵ بوون و دانیشتین، پاش تۆزێک ئەفەندی ڕووی وەرگێڕا و وتی ئەم شاگرد قەسابانە لەکوێوە هاتوون، بەم قسەیە تەلەبە بەجارێک دایانە قاقای پێکەنین و ئەفەندیش وەک سەرکەوتنێکی بەدەست هێنابێت زەردەخەنەیەک گرتی و دوایی بێدەنگ بوو، ئێمەش وەک کەڵەشێری بەزیو یان مەڕی گورگ دیو سەرمان دانەواندبوو لەبەر خۆمانەوە بۆڵەمان دەکرد، لەگەڵ ئەم حاڵەشدا پێمان نا لە جەرگی خۆمان و لە تەلەبەیەکمان پرسی ئەم دەرسە دەرسی چییە؟ تەلەبەکە وتی دەرسی مەدەنییەیە، لەگەڵ بیستنی ناوی دەرسەکە ئەوەندەی تر دۆش داماین چونکە دەرسی مەدەنییە لە پۆلی چوارەمدا دەست بەخوێندنی دەکرا بۆیە تا ئەو حەلە ناویمان نەبیستبوو، هەر لەبەرئەوەش بوو لێی ترساین.

لەم کاتەدا ئەفەندی ڕووی کردە ناو پۆلەکە و سەرەوخوار و سەرەوژوور چاوێکی پێداگێڕا هەرکە سەرنجی گەیشتە لای ئێمە زۆر زوو ڕووی وەرگێڕا وەک بێزی نەیەت تەماشای ئێمە بکات، بەجلی کوردی شەپوشۆڕەوە و سەروپێچی زلەوە، هەرچەندە دیمەنی خۆی بەلای ئێمەوە کە پێی ڕانەهاتبووین زۆر سەیر و نادییدە و نەبینراو بوو، ڕیشی تاشیبوو بەڵام پەڵەیەکی بواردبوو سابوونەکەی پێوە وشک بووبووەوە، قاچێکی چاویلکەکەی لەسەر گوێچکەی ترازا بوو، گرێی بۆینباغەکەی ڕووی کردبووە سەرشانی و قۆپچەی پانتۆڵەکەی هەندێکی دانەخرا بوو. هەموو بەتایبەتی ئێمە پێکەنینمان دەهات، نەمان دەوێرا دەری ببڕین و هەر پیشمان دەخواردەوە، پاش تۆزێک وتی دەفتەر[٣] دەربێنن و بنووسن، کە

(١) ئەوسا وشەی مامۆستا تەنیا بۆ ئەوانە بەکاردەهێنرا کە حوجرەیان هەبوو، یان مەلای مزگەوت بوون، لەجیاتی پۆل (صنف) بەکاردەهێنرا، مامۆستای مەکتەب ئەگەر عەرەب بوایە تەلەبەکان پێیان دەوت سەییدی، ئەگەر کورد بوایە پێیان دەوت ئەفەندی، ئەوانەی لە مزگەوت دەیانخوێند فەقێ بوون، هینەکانی حوجرە قوتابی بوون، ئەوەی لە مەکتەب دەی خوێند تەلەبە یان مەکتەبلی بوو.

(٢) بەکۆن و تازەوە ژمارەی تەلەبە لە پۆلەکەدا گەیشتە سی تەلەبە، ئەمەش ناوی هەندێک لەو تەلەبانەیە کە ئەوساکە لە پۆلی چوارەمدا بوون: حەمە عەلی جەمیل سائیب، جەمالی حاجی ئیبراهیم ئاغا، حەمە پاشای عەبدوڵڵا ئەفەندی، جەزای حەمە سادق، حەمەی عارف، یونس تۆفیق، عەزیز میرزا ساڵح، حسێن میرزا ساڵح، بەهجەت عەونی، نەجمەدین عارف ئەفەندی.

(٣) ئەوساکە هیچ جۆرە پەڕاوێکی چاپکراو نەبوو، ئەبوو تەلەبە لە دەرسدا هەمووی بنووسێتەوە. یەکەم پەڕاوێکی بەکوردی چاپکراو کە هەر لەو ساڵەدا دەرچووبوو پەڕاوی ئەندازە بوو بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی دانەری مامۆستای بەڕێز خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەهجەت بوو.



دەفتەرمان دەرهێنا و ئامادەی نووسین بووین بەئەسپایی دەنگێکی لێوە هات، ئێمە نەمانزانی چی وت، بۆیە یەکێک لە تەلەبەکانی خۆیان کە لەپێشمانەوە دانیشتبوو وتی بنووسن فەرد، کاتێک خەریکبووین بنووسین فەرد تا هێزی تێدابوو قیژانی و وتی موجتەمەع. ئەوی ڕاستی بێت دیمەنەکەی و شێوەی دەرس وتنەوەکەی بەڕەنگێ کاری تێکردم دامە قاقای پێکەنین، ئەویش زۆر بەتووڕەییەوە وتی ئەوە کێیە پێدەکەنێت بێم بیدەمە بەرشەق، منیش وا دەزانم لە دەمم دەرچوو کە وتم (ئەوە منم، نەوەڵا مەیە). ئەوەی لەلامان سەیرتر بوو لە وەڵامدا زۆر بە ئەسپایی وتی دەباشە.

لەوکاتەدا هەمان نێرە فەڕاش هاتە ژوورەوە چرپەیەکی کرد بەگوێیدا و هەردووکیان چوونە دەرەوە، ئیتر نەهاتەوە، تومەز گوێزرابووەوە بۆ قەرەداغ، دەرسی دوایی کە دەرسی ژمێرەبوو، کە دەستی پێکرد ڕوانیمان ئەفەندییەکی بەساڵاچووی ڕێکوپێکی چاکەت و پانتۆڵ لەبەری سدارە بەسەر هاتە ژوورەوە هەموو لەبەری هەستاین، کە دانیشتینەوە تەماشایەکی ئێمەی کرد و وتی کوڕم ئەوە بۆچی هەموو بەیەکەوە چوونەتە دواوە دانیشتوون، لەوە دەچێت خۆتان بەئاوارە بزانن، بەتێکەڵاوی لەگەڵ براکانتانا دابنیشن، ئێرەش هەر مەکتەبی خۆتانە، مەکتەب لەهەر کوێیەک بێتماڵی هەموو تەلەبەیە. بەم قسانەی مامۆستای بەڕێز ئەحمەد بەهجەت کە لەکاتی خۆیدا ئەفسەری عوسمانی بوو، هۆشێکمان بەبەردا هاتەوە، لەوەش دەچوو هەندێک لە تەلەبەکان شەرمەزاری گرتنی.

پاش ئەمە ئەفەندی تەلەبەیەکی هەستانە سەر تەختە و پرسیارێکی ژمێرەی لێکرد، تەلەبەکە نەیزانی، بۆیە ئەفەندی ڕووی کردە ناو پۆلەکە وتی کێ دەیزانێت، کەس دەستی هەڵنەبڕی. من پرسیارەکەم دەزانی بەڵام جەسارەتم نەدەکرد دەست هەڵبڕم، لەبەر خۆمەوە وتم جا ئەوە چییە زۆر ئاسانە، بۆیە یەکێک لە هاوڕێکانی خۆم وتی دەهەڵسە مادام دەیزانیت، وادیار بوو ئەفەندی گوێی لە قسەی هاوڕێکەم بوو بۆیە وتی دەوەرە کوڕم شەرم مەکە منیش کە هەڵسام و چووم بۆ سەر تەختەکە تەلەبەکان هەموو چاویان تێ بڕیم وەک باوەڕم پێ نەکەن کە دەیزانم. کە چووم و پرسیارەکەم زۆر بەڕاستی حەل کرد، ئەفەندی زۆری پێ خۆشبوو، فەرمووی چەپڵەی بۆ لێدەن. تەلەبەکان چەپڵەی گەرمیان لێدا و هاوڕێکانی خۆم هەر نەیان دەبڕییەوە.

لەو دەرسەدا چوار پرسیار حەل کرا دووانیان تاقمی ئێمە بەبێ هەڵە حەلمان کرد هەڵوێستی مامۆستای بەڕێز و توانای خۆمان لە دەرسەکەدا بووە هۆی ئەوەی کە تاڕادەیەک ئەو سامەی لە سەرەتاوە گرتنی شکا، بەتایبەتی لەکاتی پشوودا هەندێک لە تەلەبەکان بەپێچەوانەی پشووی پێشووەوە کە هیچ خۆیان تێ نەگەیانین هاتن بەلامانەوە و بەخێرهاتنیان کردین و پێخۆشحاڵییان دەربڕی بەوەی کە گوایا ئێمە بۆیە لە ژمێرەدا لەوان باشترین چونکە مامۆستای باشمان بووە.

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی دوایی ساڵدا بۆ پۆلی پێنجەم یەکەم و سێیەم و چوارەم لە تەلەبەکانی مەکتەبی (پەڕۆ) بوون، هەرچەندە دوور نییە لەبەر هەست بەناتەواوی کردن ئێمە زیاتر هەوڵمان دابێت.

زنجیرەی دەرچوونی تەلەبە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێک زۆر گرنگ بوو، یەکەمی پۆل کە چاودێریان پێ دەوت جێگری موعەلیم و لێپرسراوی هەموو کاروباری پۆلەکە بوو بەهیچ هۆیەک ئەو دەسەڵاتەی لێ

نەدەسێنرایەوە مەگەر لە دەرچووندا پاش بکەوتایە بۆیە هەوڵ و تێکۆشانی تەلەبە و سەعی کردن وەک هەمیشە لە موسابەقەدا بن وابوو بەتایبەتی کە لەو کاتانەدا هیچ جۆرە ڕابواردنێک نەبوو تەلەبە خووی بداتێ بێجگە لە مەکتەب و خوێندن و دەرس ئامادەکردن، سەرەڕای ئەمەش چونکە لێدانی مامۆستا و بەڕێوەبەر تا کوشتن ڕەوابوو (باوەڕ وابوو ئەو سەردەمە کە جێگە لێدانی ئەوان بەئاگری دۆزەخ ناسووتێت). ئەمانە گشتی پاڵپێوەنەری تەلەبە بوون بۆ دەرچوون، بۆیە مەگەر بە ناوازە ئەگینا تەلەبە هەموو ساڵێک هەموویان دەردەچوون.

## چەمچەماڵ

لە پشووی هاوینی ئەو ساڵەدا چووم بۆ ماڵی باوکم لە چەمچەماڵ. چەمچەماڵ ئەوسا وەک ئێستە مەرکەزی قەزابوو بەڵام سەر بەلیوای کەرکوک بوو، ئەو حەلە لە ١٥٠ - ٢٠٠ ماڵ دەبوو، خانووەکانی بەزۆری مور و گڵ و خشتی کاڵ بوون، هەندێ خانووی تێدا هەبوو پێشەکەی خشتی سوور و دەرگای حەوشەکەی دوو دەروازە بوو، پەنجەرە و دەرگای خانووەکان لە دارکرابوون، پەنجەرەکان بەشی سەرەوەی هیلالی بوو شووشەی ڕەنگاوڕەنگی تێدابوو، بانەکانیان دارەڕا و خیزرە و کەمێکیان لەجیاتی خیزرە قامیش بەند و دوای گەڵا و گڵەبان بەجۆرە قوڕێکی سووری سپیواش سواغیان دەدا، ئەیان وت ئەم قوڕە نەدەقڵیشێ و نەهەڵیش دەوەرێت. هەموو ماڵێک (مەگەر زۆر هەژار و دوور لە ئاوایی) بیریان هەبوو. هەموو کاروبارێک و شێوەی گفتوگۆیان وەک سلەیمانی بوو، نەریتی شایی و شین و یاسای کۆمەڵایەتییان هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی تر، بەگزادەکانی هەمەوەند کەوا و سەڵتەیان لەبەر دابوو، چەفتە و عەگاڵیان بەسەرەوە بوو، عەبایان دەدا بەشاندا. فەرمانبەرانی میری کە زۆریان تورکمان بوون دوای دەوام دشداشە و چاکەتیان لەبەر دەکرد و فێستی سووریان لەسەر دەنا و عەبایان بەشانیاندا دەدا. خانووەکانیان هەموو کەوتبوونە خۆرئاوای ئەو شیوە بچووکەی کە لەبەردەم تاقە مزگەوتەکەی بەردەمی قەڵاوە دەستی پێدەکرد و سەرەوخوار دەڕوات بۆ لای شیوەسوور لەبەری خۆرهەڵاتی شیوە بچووکەکەدا دوو ڕیز دوکان هەبوو بەرامبەر یەکتری، بە هەموویان لە بیست دوکان زیاتر نەبوون. چەند دوکانێکیان بازرگان و ئەوانی تر بەقاڵ و ناڵبەند و خومخانەچییەک لەدوای دوکانەکانەوە بوو، چایخانەیەک هەبوو خاوەنەکەی ناوی ڕەشید چاوەش بوو شەرواڵ و مرادخانی لەبەر دەکرد، پشتێنێکی گەورەی دەبەست و پەستەکی نایابی لەبەر دەکرد و سەر و چەفتەیەکی گەورەی جوانی دەبەست.

خانووی ماڵی قایمقام هەر لە ڕیزی خانووەکان تۆزێک دوور لە ماڵەکان تاقە ماڵە بوو لای شیوە سوور. سەرای میری بۆلای کەرکوک دووربوو لە ئاواییەکەوە، هەر لە ڕیزی ئەو لە دەستە چەپی جادەی سلەیمانی بۆ کەرکوک چایخانەیەک هەبوو، گشت ئوتومبێلێک لە هاتوچۆی سلەیمانی و کەرکووکدا دەبوو لەوێ لای بدایە، زۆرتر بۆ حەوانەوە و ئاوگۆڕینی ئوتومبێلەکە. دەرگای ژووری قایمقام لە هاویناندا لێفەیەکی پێوەبوو، پەتێکی درێژ بەلێفەکەوە بوو، فەڕاشەکە لەسەر کورسییەک دادەنیشت و بەپەتەکە لێفەکەی ڕادەکێشا و لەپڕ بەری دەدا واتە قایمقام باوەشێن دەکات.

بەرامبەر بەسەرا و چایخانەکە بەلای خۆرئاوادا بەپاڵ قەڵاکەوە مستەوسەفێک و قوتابخانەیەکی



سەرەتایی کوڕانی تێدابوو بەس. قایمقامی ئەو ساڵە خوالێخۆشبوو ساڵح زەکی ساحبقڕان بوو، پیاوێکی خێرخوا و باش بوو، زۆر بەتەنگ قەزاکەوە بوو، هەموو لایەک خۆشیان دەویست، خەریکی ئەوەبوو لەبانی مەقانەوە ئاو بێنێت. نەخشەی ئەو باخە گەورەیەی ئێستە هەر لەو ساڵەدا ئەو کێشای. برینپێچی نەخۆشخانەکە دوکتۆریان پێ دەوت ناوی ڕەئوف سەعید بوو خەڵقی سلەیمانی بوو، لە پاشملە پێیان دەوت ڕەئوف لێفە چونکە باوکی لێفە دروو بوو.

بەفەرمانی ساڵح زەکی بەگ ئەو هاوینە دەرسی ئینگلیزی بەیونس بەگی کوڕی و منی وت، ئەمە بۆ من ڕێکەوتێکی زۆرباش بوو، کەگەڕامەوە بۆ سلەیمانی و چوومە پۆلی پێنجەم لە چاو هاوڕێکانمدا زۆرباش بووم لە دەرسی ئینگلیزیدا.

## تیپی مۆسیقای سلەیمانی

لەمەوبەر وتمان کە تا ئەو ساڵانەش چوونە مەکتەب بۆ منداڵ خاڵی نەبوو لە شوورەیی بۆ خۆیی و خێزانەکەی، خۆ ئەگەر ببوایە بەدیدەوان (کشافە) و جلی دیدەوانی لەبەر بکردایە چونکە ئەژنۆی دەردەکەوت ئەوە جۆرە نەنگییەک بوو لەو خراپتر مەگەر ئەوە بوایە بچووایەتە ناو تیپی مۆسیقاوە و دەهۆڵ و مۆسیقای لێبدایە.

لە پۆلی پێنجەم و بەرەوژووردا بوون بەدیدەوان بەزۆر بوو، هەرچەند زۆرەکەش بۆ چینی ناوەند و بەرەوخوار. دەستدار و دەوڵەمەندەکان بەهەر ڕەنگێک بوایە خۆیان ڕزگار دەکرد بۆئەوەی تانە و تەشەریان لێ نەدرێت. کە ساڵی خوێندن دەستی پێکرد و چوومە پۆلی پێنجەم هیچ پەلەقاژێیەکم پێ نەکرا و بەناچاری بووم بەدیدەوان لەگەڵ ئەوەشدا شوکرانەم دەبژارد کە نەیان خستمە ناو تیپی مۆسیقاوە و دەهۆڵم پێ بکوتن یان بۆڕیەم پێ لێ بدەن چونکە ناوبانگی ئەم دوانەیان لەناو دانیشتوانی شارەکەدا لەناو هەموو ئامڕازەکانی تردا ناشیرینتر بوو.

ئەو ساڵە هەردوو مەکتەبەکە ٣٠-٤٠ دیدەوانی لێ پەیدابوو، مامۆستای خوالێخۆشبوو نووسەری بەناوبانگ ڕەفیق حلمی مامۆستای وەرزش و دیدەوانی بوو لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و ناوەندی، ژمێرە و ئەندازەشی بەپۆلەکانی ناوەندی و پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەوت. پاش نیوەڕوانی دووشەممە و پێنج شەممە دەستەی دیدەوانان بەمۆسیقا و بۆڕیە و تەپڵ و دەهۆڵ لێدان ئەکەوتنە کۆڵانەکانی ناو شارەوە بەسەدان منداڵ و گەورەیان دوا دەکەوت، پاش تەواوکردنی بەشی زۆری کۆڵان و کووچەکان ئەوسا ڕوویان دەکردە دەشتی تەیارەخانەکە (کە گەڕەکی شۆڕشی ئێستەیە)، لەوێ بەش بەش ئەبوون، هەر بەشە خەریکی کاروباری خۆی ئەبوو تا نزیک خۆرئاوا، ئەوسا چۆن چوبوون وا دەگەڕانەوە.

ڕۆژێک وا ڕێکەوت لەگەڵ تەلەبەیەکی بەشی ناوەندی شەڕمان بوو، من ئاگاداری ئەوە نەبووم کە تەلەبەکان دووبەرەکین و هەندێکیان لایەنگری بەڕێوەبەرن و هەندێکیان سەر بەمامۆستا ڕەفیق حلمین، تەلەبەکە چووبوو بۆ لای مامۆستای ناوبراو شکاتی لێکردم و وای تێگەیاندبوو کە من سەر بەبەڕێوەبەرم. کاتێک مامۆستا بانگی کردم زۆر ترسام چونکە مامۆستا هەرەتی هێز و توانای بوو، لێدانی تەلەبەش هەتا مردن ڕەوابوو، کە چوومە بەردەمی دیاربوو زۆر ڕقی هەستابوو، بەڵام نقەی نەکرد هەر بەملاولای

خۆیدا دەیڕوانی، لەوکاتەدا یەکێک لە بۆڕیە لێدەرەکان بەوێدا ڕابورد، مامۆستاش بانگی کرد و بۆڕیەکەی لە ملی ئەو داکەند و کردیە ملی من وتی مادام یەکەم جارتە با هەر ئەمە سزات بێت ببە بەبۆڕیەژەن. بەلای مامۆستاوە سزاکەم زۆر ئاسان بوو، بەڵام بەلای خۆمەوە سزا بەپێی ئەو ڕۆژە لەوە خراپتر هەر نەبوو، چونکە بێجگە لەنام و نەنگی و شوورەیی ناو کەسان توانای بەدەنیشم نەبوو، بۆیە هەموو بڕیارم هاتە سەر ئەوە کە واز لە مەکتەب بێنم، بەڵام تا لە دەشتەکە بووین نەموێرا ئەمەش بدرکێنم. کە ئێوارە گەڕاینەوە بۆڕیەکەم دایەوە دەست تۆفیق عەزیز (تۆفیقە ڕەشی بۆڕیەژەنی بەناوبانگ کە تەلەبە بوو لە پۆلی خۆمان) بەڵام لە دەرسەکاندا باش نەبوو زۆری پێخۆش بوو کە من بووبوومە بەردەستی ئەو چونکە دەبوو بەمامۆستام لە فێرکردنی بۆڕیەدا، هەرکە بۆڕیەکەی لێ وەرگرتەوە پێم وت من ئیتر ناخوێنم و واز لە مەکتەب دەهێنم، قسەکەم تەواو نەکرد و تۆفیق چوو بۆ لای مامۆستا ڕەفیق حلمی و باسەکەی پێ وت، لە وەڵامدا وتبووی ئەگەر تەلەبە بێت دەبێت بۆڕیە لێ بدات. دوای ئەمە هەر چۆن بوو لۆژە لۆژ و بێ تاقەتانە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ و دوای لێکدانەوە وام بەباش زانی کارەسات بۆ جەنابی شێخ عومەری قەرەداخی خانەقا بگێڕمەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەو چی دەفەرموێت، کە بۆم گێڕایەوە فەرمووی جارێ وازبهێنە نووسراوێکت دەدەمێ بۆ مودیر بزانین ئەو دەڵێت چی؟

کە ڕۆژی دوایی نووسراوەکەی شێخم برد بۆ بەڕێوەبەر کە خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەشید کابان بوو(١) دوای خوێندنەوەی نووسراوەکە داوای لێکردم باسەکەم بۆ گێڕایەوە هەستم کرد کاتی قسەکردنی من باش گوێی شل کردبوو دوایی وتی ڕۆژی پێنج شەممە بیرمی بخەرەوە، ڕۆژی پێنج شەممە جلی دیدەوانی لەبەردا و بۆڕیەکە لەملدا و بەبەر ژوورەکەی بەڕێوەبەردا ڕۆیشتم، کە چاوی پێم بکەوێت، لەوکاتەدا فیکەی ڕیزبوونی لێدا، دیدەوانەکان بەدوو ڕیزی بەرامبەر بەیەکتر لە حەوشەکەدا ڕاوەستاین زۆری پێنەچوو مامۆستا ڕەشید زەکی کابان وردە وردە هاتە حەوشە و هاتە ناومانەوە کە گەیشتە ئاقاری من بەتووڕەییەوە وتی کێ تۆی کردووە بەبۆڕیەژەن، خۆ فوویەکی پیا بکەیت دەمریت. بۆڕیە لێدان هێز و توانای باشی دەوێت، ئەمەی وت و بۆڕیەکەی لە ملی من داکەند و کردیە ملی ئەو تەلەبەیەوە کە شکاتەکەی لە من کرد لە لای مامۆستا ڕەفیق حلمی و پێی وت تۆ توانای بۆڕیە لێدانت باشترە، دوای ئەوە ڕۆیشت، هێشتا ئەو نەگەیشتبووە ژوورەکەی خۆی مامۆستای وەرزش بۆڕیەکەی هێنایەوە و کردیەوە ملی من، منیش ئەوەم لە دەستهات ڕۆژی شەممە بۆ بەڕێوەبەرم گێڕایەوە، لە وەڵامدا وتی ڕۆژی دووشەممە

---

(١) خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەشید زەکی کابان پیاوێکی کەڵەگەتی چوار شانەی گەنم ڕەنگ، چاکەت و پانتۆڵ لەبەربوو سدارەی لەسەر دەکرد، جێگەی چەند دەنکێک ئاوڵە بەڕوومەت و دەموچاویەوە دیاربوو، تووکی سەر و ڕیشی لەوکاتەدا ماش و برنجێکی بەسەر سپی زۆردا دەیڕوانی، لە گفتوگۆدا پیتی (ل)ی وەک پیتی (ر) لە دەم دەهاتە دەرەوە، باوەڕی بەخۆی زۆربوو، بەڕاستی بەڕێوەبەریەتی مەکتەب هەر لە خۆی دەهات چونکە زاڵبوو بەسەر فرمانەکەیدا، هەمیشە ئاگاداری هەست و نەستی ئاشکرا و نەهێنی ناو مەکتەب بوو، تەوژمی بۆ سەر مامۆستا و تەلەبە زۆربوو. ئەو باوەڕی وابوو تەلەبە بخوێنی و مامۆستا دەرس بڵێتەوە مەگەر بەدەگمەن ئەگینا دەبێت هەموو ساڵێک هەموو دەرچن.



دیسان بیرم بخەرەوە. کە ڕۆژی دووشەممە هەمان شێوە لە حەوشەکەدا ڕیز بووینەوە بەڕێوەبەر هاتە خوارەوە بۆ حەوشە بۆ ناو دیدەوانەکان، وەک هیچ باسەکەی نەبیستبێ وا خۆی نیشان دا وردە وردە بەناوماندا گەڕا تا گەیشتە ئاقاری من وتی، کوڕە من پێم نەوتیت تۆ بەکاری بۆڕیە لێدان نایەی، ئەم بۆڕیە چییە لەملتا؟ منیش وتم ئەفەندی دایەوە بەمن، هەر کە وام وت بەتوندی و تووڕەیی بۆڕیەکەی لە ملی من داماڵی و وتی ڕەفیق ئەفەندی من نەم وت ئەمە بەکاری بۆڕیە لێدان نایەت، کەواتە لە ڕقی من وا دەکەیت، من شتی وا قەبوڵ ناکەم و ناشمەوێت دووبارە بکرێتەوە و بۆڕیەکەی کردەوە ملی تەلەبەکەی پێشوو و ڕۆیشت، دوای ئەمە مامۆستا کردەوەکەی دووبارە نەکردەوە. بەڵام من زۆر دەترسام کە تووشی بەڵایەک ببم چونکە زەبروزۆنگی مامۆستای وەرزش بەناوازە باس دەکرا، تەلەبە زۆری لێ دەترسان. کەچی زۆری نەخایاند پێش تەواووبوونی ساڵی خوێندن مامۆستای ناوبراو لە سلەیمانی گوێزرایەوە، ئیتر منیش لەو ترس و لەرزە ڕزگارم بوو، لە دووریشەوە نەمدەوێرا تەماشای تیپی مۆسیقا بکەم. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی تەوابوونی ساڵ چووم بۆ پۆلی شەشەم.

ماوەیەک پێش دەست پێکردنی پشووی هاوین لەناو شاردا جموجوڵێکی نا ئاسایی لە ڕووی ڕامیارییەوە دەستی پێکرد، مامۆستای زانای مەزنی زمانەوان تۆفیق وەهبی بەگ کە موتەسەریفی سلەیمانی بوو ئەو بیرەی بڵاوکردەوە کە هەموو ئەو وشانەی عەرەبین و لە زمانی کوردیدا بەکار دەهێنرێن دەبێت بەشێوەی کوردی بنووسرێن، بۆ نموونە خۆی لەدوای هەموو نووسراوێکی ڕەسمییەوە دەینووسی (موتەسەریفی سلەیمانی تەوفیق وەهبی) ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە ڕەخنەگرتن لە کاروباری میری بەتایبەتی لە یاسای نوێنەران لەژێر سێبەری (گوایە هەڵبژاردندا) بەئاشکرا دەبیسرا، ئەم بیروڕایانە بەئاشکراتر و باڵاتر لە زانستیدا بەرگوێی ئەم و ئەو دەکەوت، بۆیە خوێندەوارانی نیشتمانپەروەر و مامۆستایانی مەکتەبەکان و تەلەبەکان پێیان لە زانستی نەدەبڕی، بەتایبەتی شەوانی سێ شەموان کە کۆبوونەوەی تێدا دەکرا و شیعر و وتاری نیشتمانی جوان و ئاگرین دەخوێنرایەوە، بێ پێچوپەنا ڕەخنەیان لە هەڵوێستی میری ئەو سەردەمە دەگرت بەرامبەر بەنەتەوەی کورد و هانی کەسانیان دەدا بۆ بەربەرەکانی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل کەوا کاتی نزیک بۆتەوە بۆ ئەوەی بچن بۆ بەغداد بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی گشتی عێراق.

ئەم جموجۆڵ و مشتومڕە تا دەهات ڕۆژ بەڕۆژ توندوتیژ دەبوو بەڕەنگێ لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی ١٩٣٠دا گەیشتە ڕادەیەک گەلێ کەس چاوەڕوانی ڕوودانی کارەساتێکی گرنگ بوون، لەم ماوانەدا نازانم کام مانگ بوو مەلیک غازی کە ئەو حەلە جێنشین بوو هات بۆ سلەیمانی، بەم بۆنەیەوە لەبەردەمی سەرادا کۆبوونەوەیەکی گشتی کرا لەکاتێکدا کە غازی لەناو سەرادابوو، سەرا کۆنەکە، چەند پیاوێک لەسەربانی ئەو چایخانەیەوە بوون کە ئێستە ئوتێلی نوری عەلییە(١) و ژێرەکەشی ئەجزاخانەی خۆیەتی و پارچەیەکیش لە شێوەی دوکاندا ماوەتەوە بەتەنیشت ئوتێلەکەوە، ئەو پیاوانە وتاریان بۆ

---

(١) ئەو ئوتێلە تێکدرا، ئێستە گۆڕەپانی بەردەرکی سەرایە، ئەو جێگەیەیە کە وێنەکەی شێخ مەحموودی لێ هەڵواسراوە.

قەڵەباڵغییەکەی سەر فولکەکەی بەردەمی سەرا دەخوێندەوە و باسی کەموکوڕی و درێخی میرییان دەکرد، کۆمەڵانیش لە خوارەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدان ئەوانەی لەسەربانەکە بوون خوالێخۆشبووان فایق بەگی مارف بەگ، حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، میرزا تۆفیق قەزاز لەگەڵ ڕەمزی فەتاح و هەندێکی تر کە نەمدەناسین.

کاتێک وتار و شیعر خوێندنەوە تەواوبوو لەناو هەموویاندا خوالێخۆشبوو میرزا تۆفیق قەزاز هاتە سەر لێواری بانەکە و بەدەنگی بەرز وتی ئەمکەن بەوەکیلی خۆتان تا بچم داواکارییەکانتان بەجێنشین ڕابگەیەنم، هەموو بەدەنگی بەرز وتیان بەڵێ، لە وەڵامدا وتی کەواتە ئیتر ئێوە خواتان لەگەڵ و هەرکەسە بچێتەوە سەر کاروباری خۆی و کۆبوونەوەکە تەواو.

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە دەستە پیاوێک بەناوی ئەوەوە کە ڕابەری میللەتن و دەیانەوێت بۆ شۆڕش ئاڕاستەی بکەن، تاکو داواکارییەکانی گەل بەجێنشین داواکەن، کە نەک خۆی باوکیشی هیچی بەدەست نەبوو، چونکە هەموو کاروباری عێراق ئەوکاتە بەدەست ئینگلیزەوە بوو، هەڵوێستی ئەم دەستە پیاوانە لەم ڕووەوە نەشارەزایی تەواو نیشان دەدات لە ڕامیاریدا، خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوە بوویێت کە لەم ڕێگەیەوە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەئینگلیز دەربڕن ئەوە جۆرێکی ترە و دیسان هەر لە جێگەی خۆیدا نەبوو، دەبوو داواکارییەکەیان ڕاستەوخۆ بدایە بەئینگلیز، چونکە وەک پێش ئێستە وتم ئیش هەمووی بەدەست ئینگلیز بوو کە بەهۆی نۆکەرەکانیەوە لە کورد و عەرەب دەیبرد بەڕێوە، بەو عەرەبانەی کە پیاوی خۆی بوون دەوت بەرامبەر بەکورد توند و تیژی بنوێنن و داواکارییەکانیان بخەنە پشت گوێ، بەوانەشی دەوت کە کورد بوون و پیاوی ئەوبوون عەرەبەکان غەدر لە کورد دەکەن، داوای حەقی خۆتان بکەن. ئا بەم ڕەنگە مام ئیستیعمار بەهۆی نۆکەرەکانیەوە لە هەردوو نەتەوەکە وەک لەمەودوا دەیبینین تۆوی ناکۆکی چاند لە میانی عەرەب و کورددا بۆ ئەوەی لە پێویستیدا بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو ناکۆکییە بەکار بێنێت ئەگینا لەبەر خاتری چاوی ڕەشی عەرەب و کورد نەبوو بەتایبەتی دەیزانی کە ١٣٠٠ ساڵ زیاترە عەرەب و کورد جگە لە خۆشەویستی و ڕێزی یەکگرتن لە میانیاندا کەم و زۆر شتی خراپ ڕووی نەداوە، جا ئەگەر ئەم خۆشەویستییە و دۆستایەتییەی کورد و عەرەب لە مێژوودا چۆن بووە هەر وا بمێنێت، هیچ کاتێک سوودی ئەو لە عێراقدا چۆنی دەوێت نایەتە کایەوە و بەرژەوەندی بەرەو پێش ناڕوات.

## ڕۆژی پێنجی ئەیلول ١٩٣٠

ئێوارەی پێنجی مانگی ئەیلول لە زانستیدا ڕاگەیەنرا کە بەیانی کۆبوونەوەیەکی گشتی هەیە، ئەوەی ئاگری کۆبوونەوەکانی خۆش دەکرد و برەوی پێ ئەدا و بەپیرییەوە دەچوون پشووی هاوینی مەکتەبەکان بوو چونکە تەلەبە هەمووی بێ ئیش بوون، ئەوانەی لە بەغداد دەیانخوێند و هاتبوونەوە.

بەیانی ڕۆژی پێنج هەر زوو دەرگای مەکتەبی زانستی کرابووەوە کە لە شەقامی سابوونکەران لە خانووی قادر ئەفەندی قەراخیدا بوو، بێجگە لە تەلەبە زۆر لە ئەهالیش بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان



بەزانستییەوە هەبوو بەشداریان کرد، دوای کۆبوونەوە و ڕێکبوون و ڕێکخستن بۆ خۆنواندن کۆمەڵەکە ڕووەو بەردەرکی سەرا بەسروود و بانگەوازەوە کەوتە ڕێگا، ئەو تەلەبانەی ئەوسا لە بەغداد دەیانخوێند سەرەوکاری خۆ نواندنەکەیان دەکرد و دەیانبرد بەڕێوە. ئەمەش بانگەوازەکان بوون: ئێمە کوردین کوردمان دەوێ، هەڵبژاردنی ساختەمان ناوێت، بەکرێ گیراوان نوێنەری میللەتی کورد نین. خۆ نواندنەکە گەیشتە بەردەرکی سەرا، لەوێ ماوەیەک وەستا، دواندن و شیعری نیشتمانی بەسۆز و بەکوڵ خوێندرایەوە، هەڕەشەیان لەوانە دەکرد کە بەتەما بوون ببن بەنوێنەری سلێمانی لە ئەنجوومەنی گشتی نوێنەراندا لە بەغداد.

پاش تاوێک لەگەڵ سروودی ئەی کوردینە ئەی مەردینە ڕوویان کردە بەر شارەوانی، بەناوەڕاستی بازاڕدا بەچەپڵە لێدان ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەردەمی گومرگە سووتاو، ڕۆژەکە سامناک بوو، ئەوانەی پێیان ناخۆش بوو نەیان دەوێرا قسە بکەن، پۆلیس و سەرباز بەدەرەوە نەمابوون، هەندێک لە ئەهالی زۆریان بەلاوە خۆشبوو، جانازانم لەبەر ئەوەبوو یەکەم جار بوو شتی وایان دیبوو، یان بەهۆیەکی ترەوە بوو لە گومرگە سووتاوەوە بەپشتی خانە سووتاودا کە کۆڵانێکی زۆر باریک بوو گەڕاینەوە ڕووەو ئەسحابە سپی، کە گەیشتینە جێگەی فولکەکەی ئێستەی بەردەم گەراجی ئەسحابە سپی پیاوێکی کەوا سپی[1] و سەڵتەی ڕەش لەبەر، مشکی و جامانەی بەتێکەڵاوی بەستبوو بەسەریەوە تەماشایەکی کرد و بەدەنگێک کە ڕیزەکەی بەردەمی گوێیان لێ بووبێ وتی: خوا ئەوە بگرێ بۆ قانزاجی خۆی بەکوشتتان دەدات. خۆ نواندن بەشێوەی خۆی ڕووەو بەردەرکی سەرا لە ڕۆیندا بوو، لەوێوە بۆ زانستی و دوایی تەواو بوو، کۆتایی هات.

## ڕۆژی شەشی ڕەشی ئەیلول

بەیانی ڕۆژی شەشی ئەیلول نەمتوانی بچمەوە بۆ زانستی چونکە لەو کاتەدا باوکم بەسەردان هاتبووەوە بۆ سلێمانی و دەبوو ئەو ڕۆژە بڕواتەوە بۆ چەمچەماڵ، سەرلەبەیانی لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ بازاڕ و لەوێ بۆ گەراجی عەبدە، ئەوساکە ئوتومبیل هەر لە میانی کەرکوک و سلێمانیدا هاتوچۆی دەکرد، واتە مەگەر بەزۆر ناڕەحەت و دەگمەن ئەگینا لە سلێمانییەوە بۆ هیچ کوێیەکی تر نەدەچوو، دوای ئەوەی ئوتومبیلی گرت، منی بەدیار شتومەکەکانیەوە دانا و وتی من تا سەرا دەچم ئێستە دێمەوە، پاش ماوەیەک کە نەهاتەوە، سواربووان هەموو ئامادە بوون، شوفێرەکە وتی کوڕم بڕۆ باوکت بانگ کەرەوە، ئێمە هەموو چاوەڕوانی ئەوین، کە ڕووم کردە سەرا – سەرا کۆنەکە – لەبەر دەرگای ژوورەوەدا باوکم تووش هات کە دەهاتە دەرەوە، دەستی گرتم و وتی وەرە وا من دەڕۆم، تۆش ڕاستەوخۆ بڕۆرەوە بۆ ماڵ، وە لە هیچ لایەک لانەدەیت، وا دەردەکەوێت ئەمڕۆ دەقەومێت. کە لە دەرگای باخەکەی سەرا هاتینە دەرێ وتی دەبڕۆ ئەوا چاوم لێتە. منیش بەو کۆڵانە پێچاوپێچەدا کە دوایی بوو بەشەقامی کاوە سەرەوخوار ڕۆیشتم، پاش

---

(١) دوای کوشتارەکەی ڕۆژی شەشی ئەیلول بەپرسیار و ناونیشان هەڵدان بۆمان دەرکەوت ئەو پیاوە شاعیری شێوە شیرین شێخ نوری شێخ ساڵح بوو.

تاوێک خۆم دایە پاڵ دیوارێک، کە زانیم ئەو ڕۆیی پاشەوپاش گەڕامەوە بۆ بەر دەرگای سەرا، تا من هاتمەوە لە هەموو لایەکەوە خەڵقێکی زۆر کۆبوونەوە، ڕووەو سەرا لەسەر شۆستەکان ڕاوەستابوون، جاروبار تەماشای شەقامی سابوونکەرانیان دەکرد، وەک چاوەڕوانی شتێک بن. زۆری پێنەچوو لە شێوەی خۆ نواندنا لەسەردا قەڵەباڵغێکی زۆر هاتەخوارەوە، کە گەیشتە پانایییەکەی بەردەمی باخەکەی سەرا خۆیان تێکەڵ بەڕاوەستاوەکان کرد و بەقۆچەقانی دەستیان کرد بەبەردگرتنە سەرا، لە وەڵامی ئەمەدا پۆلیس بەتێلاوە هێرشیان هێنا، ئەو حەلە ئەهالیش پەلاماری تێلای سێبەری دوکانەکانیان دا و بەرەنگاری پۆلیسەکان بوون، لەم کاتەدا ( مراد بەگ ) کە بەڕێوەبەری پۆلیس بوو هات لەگەڵ (شەبەت) ناو کە موفەتیشی پۆلیس بوو و ئینگلیز بوو. هەریەکە لەلایەکەوە قسەیان بۆ خەڵقەکە دەکرد. من خۆم گوێم لێ بوو مرادبەگ دەیوت براکانم، کوڕەکانم تکاتان لێ دەکەم هەر کەسەتان بچنەوە سەر کاروباری خۆتان، من ڕاستتان لەگەڵ دەکەم، تووشی ئازار و زیان و ناڕەحەتی دەبن. ئەوانەی نزیک میستەر شەبەت بوون گوێیان لێ بووبوو ئەو بەپێچەوانەی مراد بەگەوە وتبووی مراد بەگ پیاوی میرییە درۆتان لەگەڵ دەکات مەترسن داوای حەقی خۆتان بکەن، پەلاماری بدەن. لە کاتی مشتومڕی مراد بەگ و میستەر شەبەتدا لەگەڵ خەڵقەکە چەند کەسێک پەلاماری مراد بەگیان دابوو بۆیە ئەویش بەپەلەپڕوزێ خۆی دەربازکرد و میستەر شەبەتیش وەک ڕێوی فێڵبازکە زانی فێڵەکەی سەری گرت بەڕاکردن دوای مرادبەگ کەوت و خۆیان کرد بەباخەکەی بەردەم سەرادا، دوای ئەوان پۆلیسێکی ئێجگار زۆر هێرشیان هێنا و شەڕە تێلاو شەڕەبەرد و زللە و شەق دەستی پێکرد و هەندێک دەست و سەری تێدا شکا، بەڵام چونکە قەڵەباڵغی ئەهالی تا دەهات زۆرتر دەبوو بۆیە پۆلیس توانای بەربەرەکانی نەما و کشانەوە بۆ ناو باخەکە و حەوشی سەرا، چەند کەسێک گەیشتنە یانەی سەربازی، کە لە جێگەی سەرای ئێستەدا بوو، لەوێشەوە گەیشتنە سەربانی بەندیخانەکە، کە لە جێگەی دادگای ئێستە دابوو، بەو نیازەی بەندکراوەکان بەربدەن، لەم حەلەدا کات گەیشتبووە نیوەڕۆ، سریەیەک سەربازی تفەنگ بەشان لە کانی ئاسکانەوە هات لەبەردەم گەراجی سەید نوری نەقیبدا دەنگێکی بەرز قیژاندی وتی ڕێگە بۆ سەرباز چۆڵ کەن و دەستیان بۆ مەبەن ئەوان فرمانی خۆیان هەیە، دەخلیان بەسەر ئەم باسەوە نییە. بەم سەبارەتە ڕێگە بۆ سەربازەکان چۆڵ کرا، کە گەیشتنە بەر دەرگای باخچەکەی سەرا چوونە ناو باخەکەوە دەستبەجێ هەریەکەیان چووە پشتی پایەیەکەوە و دەستیان کرد بەتەقە، ئەم جارەش دەنگێکی بەرز قیژاندی و وتی مەترسن ڕامەکەن تەقەکان بەئاسماندا دەکرێن، دوای ئەم بانگەوازە دووەم دەستڕێژ و قرمەی مەترەلیۆز دەستی پێکرد و زەلام لاڵ و پاڵ کەوت و هاوار و ناڵەی برینداران بەرزبووەوە، خەڵقەکە شڵەژا و لە هەموو لایەکەوە دەستکرا بەڕاکردن(١)، دەشتە بچووکەکەی بەردەم باخچەکەی سەرا کە ئێستە فولکەیەکی گەورەیە

(١) ئەمەیان خۆم ئاگام لێ نەبوو بەڵام بۆیان گێڕامەوە (عەولەسیس) کوڕێکی ئازا و بەغیرەت بوو لەوکاتەدا چایچی بوو لەو چایخانەیەدا کە بەشی زۆری چۆتە سەر فولکەکە و هێشتا چەند دوکانێکی ماوەتەوە. کە تەقە دەست پێدەکات و خەڵقەکەی ناو چایخانەکەی ڕادەکەن دەڵێت چاوت لەم دەوێت بابانە بێت جەمالی حاجی ئیبراهیم ئاغا بەرامبەر بەمەترەلیۆز شەڕ دەکات و ئەمان ڕادەکەن (بۆیە ناوی جەمالی بردبوو چونکە زۆر =



چۆڵکرا و کێ ئازایە خۆی دەرکات، لەم کاتەدا منیش ڕامکرد و خۆم کوتا بۆ ناو دائرەی بەرید (ئێستە باخچەیەکی بچووکە لەبەردەمی سەرادا بەرامبەر بازاڕی عەسری)، من و دوو زەلام بەیەکەوە گەیشتینە بەر دەرگای بەرید و هەرکەسە دەیویست زووتر بچێتە ژوورەوە، لەپڕ دەستڕێژێکمان لێ کرا و هەرسێکمان لەپەوڕوو کەوتین لە پشتێن بەرەو ژوورمان کەوتە ناو ژوورەکە و ئەویتری لەشمان لە دیوی دەرەوە. هەر زوو چاڵی جێگە خشتێک کە لە بەردەما بوو پڕبووبوو لە خوێن، کابرای دەستە ڕاستم بێدەنگ دەمی چەقیبووە زەوییەکەوە، ئەوی دەستە چەپم دەینالاند و هاواری دەکرد، من هەستم بەئازار نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەترسام چونکە لەوەبەر بیستبووم جێگەی گوللە کتوپڕ نایەشێت. وردە وردە دەستم کرد بەتەکاندان بۆ ئەوەی بەسکەخشێ بچمە ژوورەوە، کەچی نەمتوانی بڕۆم تومەز لە هەردوولاوە چاکەتەکەم بووە بەژێر دوو زەلامەکەوە هەردووکیان پێکرابوون، بۆیە کابرایەکی تر کە لە سووچی چەپی دەرگاکەوە هەڵتووتابوو، بەبێ ئەوەی بجووڵێت دەستی درێژکرد و دەستی چەپی گرتم و بەدەم ڕاکێشانەوە وتی ڕۆڵە برینداربوویت؟ وتم نازانم بەڵام لای ڕاستم شڵپەی دێت لە خوێندا و هیچ ئازاریشم نییە، کابرا وتی ڕەنگە خوێنی ئەو کوژراوەی لای ڕاستت بێت چووبێتە ژێرت و چاکەتەکەت بووبێت بەژێریانەوە، وا من ڕاتدەکێشم و خۆشت تەکان بدە بەڵکو ڕزگارت ببێت، کابرا ڕاستی کرد دوای تەکاندان و ڕاکێشان چاکەتەکەم لە ژێریان هاتە دەرەوە کە سەرنجی خۆمم دا بۆم دەرکەوت بریندار نیم، تا لە دەرگاکە دوورکەوتمەوە هەر بەسکەخشکێ ڕۆیشتم دوایی هەستامە سەر پێ و چوومە پێشەوە بۆ ناو خەڵقەکە. کە چاوم کردەوە دەرزیت هەڵدایە نەدەکەوتە سەر زەوی لەبەر زەلام، هەمووش دەترسان. تەقە هەر هەبوو، دیاربوو تەقەکانیش وەڵامیان دەدرایەوە.

لەوانەی کە لەو کاتەدا ناسیمن شێخ ڕەئوف شێخ مەحموود، ڕەئوف شێخ ساڵح، عەبدوڵڵا بەگی ئەحمەد بەگی تاپۆ و فائق بێکەسی شاعیر. گوێم لێ بوو لەوکاتەدا عەبدوڵڵا ئەحمەد بەگ زۆر قسەی ناشایستەی بەفائق بێکەس وت و دەستی ڕاکێشا بۆ دوو کوژراوەکەی بەر دەرگای ژوورەکە و وتی بۆچی بۆ قانزاجی چەند کەسێک ئەم داماوانەتان دا بەکوشت و خواش دەزانی ئێمە چیمان بەسەر دێت. لەم کاتەدا چەند کەسێک وەک ناو بازاڕی بوون بۆ فائق هەڵسان، هەندێکی تر وتیان بابە هەرای چی دەکەن تازە ئێمە تووش بووین ئەم هەرایە هەڵگرن بۆ کاتێکی تر ئەگەر ماین. ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشا فائق چاک و خراپ قسەی نەکرد، هیچ وەڵامی کەسی نەدایەوە.

ئەم حاڵە ماوەیەک مایەوە دوای ماوەکە تەقە وەستا، زۆری پێ نەچوو گریان و ڕۆڕۆی ئافرەت دەستی پێکرد، دوو زەلامی بەر دەرگای بەریدەکە یەکێکیان زوو مرد، چاومان لێ بوو بەقاچ ڕایان کێشان، بەڵام ئەوانەی ڕایان کێشان نەماندین و نەمانزانی کێ بوون، لەوانەیە کاربەدەستانی نەخۆشخانە بووبن.

دوای ماوەیەک بێ تەقەیی و کزبوونی هاوار و ڕۆڕۆ، بەڕێوەبەری دائیرەکە کەرکووکی بوو لە جێگەی

= منداڵ بوو) دوای ئەوە بەخەنجەرەوە بەڕاکردن لەلاوە دەچێت بۆ سەر مەترەلیۆزەکە و چەند جار دەپێکرێ، بەڵام هەر واز ناهێنی تا مەترەلیۆز بەدەست دادەپاچێ.

خۆی هەستا و ڕووی کردە دەرگای ژوورەکە کە ڕاستەوخۆ لەسەر جادەکەی دەرەوە بوو، لەوێ بەعەرەبی بانگی سەربازەکانی کرد و وتی ئێرە دائیرەی میرییە دار و بەردی بەسەریەکەوە نەما، ڕێگە بدەن بام ئەمانە بێنە دەرەوە. ئێمە گوێمان لە وەڵامی سەربازەکان نەبوو، فەرمانبەرەکە ئاوڕی دایەوە و وتی فەرموو بچنە دەرەوە مەترسن.

خەڵقەکە هەموو تەماشای یەکتریان دەکرد وەک بیانەوێت لە یەکتری بپرسن کە چی بکەن، لەم کاتەدا سەربازێک بەچەکەوە هاتە ژوورەوە بەتووڕەییەوە وتی بۆ دەرەوە زوو، ئێمەش بەناچاری هەموو هاتینە دەرەوە، کە وردبووینەوە دنیا دنیایەکی ترە، کوژراو و بریندارەکان لەو ناوە گوێزراونەتەوە، گشت سەربان و جێگەی بەرز و سەر کۆڵانەکان بەسەرباز گیراون، بۆ هەر لایەک دەڕۆیشتین دەیان گێڕاینەوە، هەموومانیان بەکۆمەڵ کرد بەحەوشی مزگەوتی گەورەدا. ئەوسا مزگەوتی گەورە دوو دەرگای هەبوو لەبەر هەر دەرگەیەکیاندا یاساوڵی لێ وەستابوو بەتفەنگەوە، نێزە بەسەر تفەنگەکەوە نەیدەهێشت کەس بچێتە دەرەوە، لەوێ کە چاوم گێڕا هاوتەمەنی منی لێ نەبوو.

ڕۆژ درەنگ بووبوو، ترسم لێ نیشت و خولیای چوونە دەرەوەم کەوتە سەر، بەم سەبارەتە ڕووم کردە ئەو دەرگایەی ڕووەو کانی ئاسکانە، کە چوومە نزیک یاساوڵەوە سەیرم کرد چەند پیاوێک تکای لێ دەکەن کە ڕێگەیان بدات بچنە دەرەوە، ئەویش ڕێگەی نەدەدان و لێیان تووڕە دەبوو، لەبەرئەوە من هیچم نەوت و بەکزییەکەوە ڕاوەستام و جاروبار ئیشارەتم بۆ دەکرد کە بچمە دەرەوە (چونکە هیچ زمانی عەرەبیم نەدەزانی) – ئەویش بەسەر دەیوت نا، لەگەڵ ئەوەشدا نەپیاوەکان وازیان دەهێنا نە من بۆیە چەند جارێک لە کابراکان زۆر خراپ تووڕە بوو ڕاوی نان بۆ ناو حەوشی مزگەوتی گەورە. بەدەستی چەپی ئیشارەتی منی کرد کە بڕۆمە دەرەوە. لەوە دەچوو چونکە منداڵ بووم بەزەیی پێمدا هاتەوە بۆیە ڕێگەی دام. منیش نەک خوانەکەردە پەشیمان بێتەوە ڕامکرد و خۆم گەیاندە پاڵ دیواری ئەو خانووەی کە لە تەنیشت مزگەوتی گەورەوە بوو لەوێدا پشوویەکم دا و سەرنجێکی هەر چوارلام دا و تەماشام کرد کەسم نەدی بۆیە سامم لێ نیشت و هەرچۆن بوو لە شەقامەکە پەڕیمەوە. بن دیوارە و بن دیوار بەکۆڵانەکاندا لە ترسی سەربازەکانی سەر منارەکەی مزگەوتی گەورە ڕۆیشتم بۆ گەڕەکی چوارباخ و لەوێوە بۆ سەرشەقام و لەوێشەوە پێچم کردەوە بۆ دەرگەزین بۆ ماڵەوە.

کە نزیک ماڵی خۆمان بوومەوە لەو سەری کۆڵانەکەوە ئافرەتێک کە ئامشوی ماڵی ئێمەی دەکرد ڕووبەڕووم هات و لە دوورەوە تاوێک لێم وردبووەوە، کە بۆی ئاشکرا بوو منم یەک زریکەی کرد و پاشەوپاش گەڕایەوە، ئەو حەلە تێی گەیشتم دەبێت شتێک قەومابێت لە ماڵی ئێمە. کە نزیک ماڵەوەبووم، بیست تا سی ئافرەت دایکم لەپێش هەموویانەوە لە خۆی دەدا و دەگری و ئەوانیش دڵخۆشیان دەدایەوە و دەیان وت بەسە خوا هەڵناگرێ تۆ لە نیوەڕۆوە خۆتت کوشت، ئەوا شوکر بەسەلامەتی هاتەوە.

ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کاتێک خەبەری کوشتارەکە، دەبیستن، دایکم لەگەڵ ژنانی کۆڵانەکە دەچن بۆلای بەردەرکی سەرا، دەگەنە لای مزگەوتی شێخ ئەوڵای هەولێری پیاوێک ناوی ئەوانە دەگێڕێتەوە بۆ خەڵق



کە کوژراون، لە ڕیزی ناوەکاندا ناوی منیش دەبات، نازانێ یەکێک لەو ئافرەتانەی کە ڕاوەستاون و گوێیان گرتووە دایکمە، بۆیە ئەویش هەر لەوێوە دەست دەکات بەشیوەن و لەخۆدان و ڕۆڕۆ، هەرچەند لە نەخۆشخانەش لەناو کوژراوەکاندا نام بینێت، لەگەڵ ئەوەشدا تا چاوی پێم نەکەوتەوە گومانی نەبوو کە کوژراوم.

## ڕۆژی حەوتی ئەیلول

خۆرئاوای ڕۆژی شەشی ئەیلول کەوا و چاکەتەکەم گۆڕی، هەر شەو بۆیان شتم بۆ ئەوەی خوێنەکەی پێوە نەمێنێت. بۆ بەیانی بەسەرەتاتکێ و پێدزکێ چووم بۆ بەردەم خانەقای مەولانە خالید، لەوێ بیستم کوژراوانی ڕۆژی پێشوو لە چل کەسەوە تا شەست کەس دەبن. هەر ڕۆژی شەش زۆر کەس گیراون بەتایبەتی ئەوانەی سەرپەرشتی خۆنواندنەکانیان کردبوو، لە زانستی بەشداری کۆبوونەوەکان بووبوون، ئەو ڕۆژەش میری دەگەڕا بەدوای خەڵقدا بۆ ئەوەی بیانگرێت، ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشا ئەوەبوو هەر کەسێک چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بوایە و تووشی سەرباز و پۆلیس ببوایە، بێ چەند و چوونی دەیانگرت، ئەمەش لەبەرئەوە بوو ئەوساکە هەر فەرمانبەران و مامۆستای مەکتەبەکان و هەندێک تەلەبە چاکەت و پانتۆڵیان لەبەرابوو، میریش ئەوانی بەسەبەبکاری شۆڕشەکە دەزانی، بۆیە ئەوانەی کتوپڕ نەگیرابوون و ناویان ئاشکرا نەبوو بەجلی کوردییەوە دەگەڕان بەناو شاردا.

سەرباز جێگە بەرزەکان و سەربانی مزگەوتەکانی گرتبوو. عەلی ڕەزا بەگ کە فەرمانداری هەرێم (آمر منطقة)یان پێ دەوت بەسواری ئەسپی بەناو شاردا دەگەڕا، چەند سەربازێکیش هەر بەسواری لەدوایەوە بوون، ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوەیە کە سەرباز و پۆلیس لەناو شاردا گفتوگۆیان لەگەڵ ئەهالی زۆر شیرین و لەسەرخۆ بوو نەلەکەس تووڕە دەبوون و نەکەسیان زویر دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا شارەکە بەگشتی لە کویلیلێکی ماتەم دەچوو، هەموو کەس مات و لێو بەبار بوو، خۆی بەخاوەند پرسە و کۆست کەوتوو دەزانی، ئەوانەی کەسیان نەگیرابوو یان نەکوژرابوو لە کۆست کەوتووەکان بەپەرۆشتر بوون ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوە بوو دانیشتوان یەک بیر و هەست بوون و دەیانزانی لە خێروخۆشیدا هاوبەشن تەنیا ئەوەندە هەبوو پلەی ئەندازەی هەستەکە جیاوازبوو لەناویاندا. ئەو حەلە مۆدەی سندوقی گۆرانی بوو، هەموو چایخانەیەک تا چەند مانگێک قەوانی لێ نەئەدا. زۆر کەس نیشانەی ماتەمی کردبوو بەسنگیدا.

## هۆ و ئەنجامی شۆڕشەکە

تا ئێستەش زۆر کەس کە باسی شەشی ڕەشی ئەیلول دەکات، دەستبەجێ دەڵێت بەپەنجەی ئینگلیز کرا، ئێمە دان بەوە دادەنێین کە پەنجەی ئینگلیزی تێدا هەبوو بۆ جێبەجێکردنی چەند مەبەستێکی خۆی وەک:

١- تا ئەو حەلە لەمیانی گەلی عەرەب و گەلی کورددا بەدرێژی مێژوو هیچ جۆرە کارەساتێک ڕووی نەدابوو کە ببێتە هۆی زویری دوو نەتەوەکە لە یەکتر، بەپێچەوانەوە ڕێزی یەکتریان دەگرت و یەکتریان خۆش دەویست، کە ئەمە بۆ داگیرکەر دەستی نەئەدا بەڵگەی ئەمەشمان ئەوەیە لەو کاتەدا و

لەدواتریش هەر خراپەکارییەک بکرایە بەرامبەر بەکورد نۆکەر و سیخوڕەکانی ئینگلیز لە ناو کورددا دەیان وت ئەم خراپەکارییانە کە بەرامبەری کورد دەکرێت خەتای عەرەبە. لەمە سەیرتر ئەوەبوو ئەگەر ڕاست بوایە و ئەو خراپانە سووچی عەرەب بوایە و باش لێت بکۆڵیایەتەوە ئەو عەرەبەش پیاو و نۆکەری ئینگلیز بوو.

٢- بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی ئەو حەلەی عێراق بترسێنن کە گوایا کوردەکان داوای جیابوونەوە دەکەن تاوەکو بێ چەند و چۆنی پەیمانی ١٩٣٠ بۆ مۆر دەکات.

٣- ئینگلیز دەیویست وەک هەڕەشەیەک دەنگوباسی ئەم جووڵانەوەیە بگەیەنێت بەکۆماری تورک بۆ ئەوەی بەیەکجاری واز لە داواکردنی ویلایەتی موسڵ بێنێت.

بەکورتی ئا ئەمانەبوون مەبەستی ئینگلیز لە هەڵگیرساندنی شۆڕشەکە، تەنیا ئەوەندە هەیە ئەگەر هەر ئەمە هۆی شۆڕشەکە بوایە ئەوەندەی ڕوویدا وا بەتین و تەوژم نەدەبوو. ئەی کەواتە ئەو هۆیەی تر چی بوو شۆڕشەکەی وا گەرموگوڕ کرد و درێژەی پێدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە هەندێک بچینەوە بۆ دواوە، واتە بۆ کاتی کۆتایی جەنگی یەکەم. ئەوەی زۆر لە خوێندەواران دەیزانن ئەوەیە کاتێک جەنگەکە بڕایەوە لەسەر ئەو پەیمانەی کە سوێندخواران لە سەرەتایی جەنگەکەوە دابوویان کە دەبێت هەموو نەتەوەیەک مافی نەتەوایەتی خۆی بدرێتێ، کە کوردیش یەکێک بوو لەو نەتەوانە، لە پەیمانی سێڤەردا کە لە ساڵی ١٩٢٠ مۆرکرا، ڕاستەوخۆ دان نرابوو بەمافی نەتەوەی کورددا، کەچی زۆری پێ نەچوو سوێندخواران لە پەیمانی سێڤەر پەشیمان بوونەوە. لە پەیمانی لۆزاندا ئاشکرا مافی کوردیان پێشێل کرد و لەجیاتی ئەو چەند بەندێک لە یاسای بنەڕەتی فەرمانڕەوایی عێراقی ئەوکاتەدا لە بابەت مافی نەتەوەی کوردەوە تۆمار کرا، کە ئەویش ساڵ بەساڵ ڕوو لەکزی بوو تا وای لێهات هەر مەرەکەب بوو لەسەر کاغەز و هیچ نەدەخرایە کارەوە و گوێشی نەدەدرایە.

ئەمانە هەموو کاری زۆرخراپی کردە سەر هەستی ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد و هەمووشیان لە چاوی ئینگلیز دەناسی و لە ڕاستیشدا وابوو، بۆیە مەنجەڵی ڕق و کینەیان بەرامبەر ئەو وا هاتبووە جۆش و خرۆش چاوەڕێی هەلی هاتنە کەفوکوڵ و هەڵچوونیان دەکرد. وا ڕێکەوت ئەو هەلە شەشی ئەیلول بوو، بەتایبەتی فەرمانڕەوایی ئەوساکەی عێراق ئاشکرا داردەستی ئینگلیز بوو بۆیە هەموو سەرپێچییەک بەرامبەر ئەویش هەر لە ڕقی ئینگلیز بوو. بەڵگەی سەلماندنی ئەمەش ئەوەیە ئەگەر شۆڕشەکە هەر بەپەنجەی ئەو بکرایە دەبوو دوای بەجێ هاتنی مەبەستەکانی کۆتایی پێ بهاتایە. کەچی بەپێچەوانەوە دوای کوشتارەکە و داخستنی مەکتەبی زانستی و گرتنی زۆر کەس شۆڕش لە شێوەی مانگرتندا لەناو شاردا ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو بەڕەنگێ کەس نەدەچوو بەلای سەرادا، فەرمانبەران ماوەی دەوامەکەیان بەبێ فرمان دەستەئەژنۆ دادەنیشتن، تا وای لێهات هیچ پەیوەندییەک نەما لەمیانی دانیشتوان و میریدا، بۆیە ئەوساکە میری بایدایەوە و کەوتە گرتنی ڕێگەی نەرمونیانی و گێڕی ڕامیارییەکەی گۆڕی، پادشای عێراق فەیسەڵی یەکەم هاتە سلەیمانی، لە یانەی سەربازان کۆبوونەوەی گشتی کرد و دوانێکی دا و لێبوردن و بەخشینی گشتی بڵاوکردەوە، گیراوەکان بەڕەڵاکران، مەکتەبی



زانستی کرایەوە، بەڵام مامۆستایان بۆ دانەنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەهالی تا ماوەیەکی زۆر هەر سارد و سڕبوون بەرامبەر بەمیری، ئەو کەسانەی ئاشکرا سەر بەئینگلیز بوون یان لایەنگری بوون بەقێزوبێزەوە تەماشایان دەکرا لە دیواخانەکان و یانە و مەکتەبی زانستی و ناو بازاڕدا ڕوویان نەدەدرایە، بەڕووی مۆنەوە تەماشایان دەکرا.

لەگەڵ ئەمەشدا بەپینە و پەڕۆ بەکرێگیراوانی دیاردی کراو گوایە نوێنەرانی گەلن چوون بۆ بەغداد، لە ڕواڵەتدا شۆڕش نەماوە و تەواوبووە، لە ڕاستیشدا لەو پشکۆ و سکڵە دەچوو کە بەخۆڵەمێش داپۆشرابێت و چاوەڕێی هەناسەیەک بێت بۆ گەشانەوە، بەڵگەی سەلماندنی ئەمەمان هۆنراوە بەناوبانگەکەی پیرەمێرد - (وەفدی کوردستان) - و ڕاپەڕینە چەکدارەکەی شێخ مەحموودی نەمرە لە دەرەوەی شار.

## لە دار بەڕوولەوە(١)

ماوەیەک پێش شەشی ئەیلول خالّم کرا بەفەرمانبەر لە وەزارەتی ناوخۆیی لە بەغداد، بۆیە لەکاتی شۆڕشەکە ئەو لە سلەیمانی نەبوو، چووبوو بۆ بەغداد بڕیار وابوو دوای ماوەیەک بێتەوە، ماڵەکەی بەرێت بۆ ئەوێ. کاتێکی باشی خایاند هیچ دەنگوباسێکی نەبوو. پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر هەراکەدا چووم بۆ ماڵیان نووسراوێکیان دایە دەستم کە ڕوانیم لە پشتی زەرفەکەدا نووسراوە لە دار بەڕوولەوە، نووسینەکەش دەستخەتی خالّمە، بۆیە بەپەلە کردمەوە، دوای خوێندنەوە بۆم ساغبووەوە ڕاستە لە دار بەڕوولەوە هاتووە و ڕاستیشە خالّم ناردوویەتی. دوای سڵاو و هەواڵ پرسین نووسیبووی کە لەگەڵ مەحمود جەودەت و حامد(٢) جەودەتی برایی و کامل حەسەن ئەفەندی، هەر چواریان لە بەغدادەوە ڕایان کردووە ئێستە لە گوندی دار بەڕوولەن بەو نیازەی کە بچن بۆ پیران کە گوندێکە لە ئێران بۆ لای شێخ مەحموودی نەمر بۆئەوەی دەست بکەن بەشۆڕشی چەکدار، تاوەکو تۆڵەی ئەو کوژراوە بێ تاوانانە بسێنن کە بەگوللەی نۆکەرانی ئینگلیز کوژران.

## لە دیمەشق، شامەوە

دوای ئەم نووسراوە بەماوەیەک چوومەوە ماڵی خالّم، کە تەماشام کرد نووسراوێک(٣) بۆ خۆی هاتووە، کە سەرنجم دا لە شاری شامەوە هاتووە، بۆیە بەپەلە کردمەوە، دەشترسام بەعەرەبی نووسرابێت، چونکە ئەوساکە هیچ عەرەبیم نەدەزانی، کەچی بەکوردییەکی پەتی سافی ڕەوانی شێوە سۆرانی نووسرابوو، دوای سڵاو و گلەیی، سەرزەنشتی زۆریان لێ کردبوو. ئەوان لەوێوە دوورودرێژ خۆنواندنەکانی

---

(١) داربەڕوولە گوندێکە بەدرێژایی چەند کیلۆمەتر دوورە لە خۆرهەڵاتی شاری سلەیمانییەوە.

(٢) مەحموود جەودەت ئەفسەر تاجێکی هەبوو، بەڵام حامد جەودەت و کامل حەسەن ئەفەندیش هەر ئەفسەر بوون یەکی دوو ئەستێرەیان هەبوو.

(٣) لەوە دەچێت ئەو زەمانە چاودێری لەسەر پۆستەی دەرەوە نەبووبێت، بۆیە نووسراو بەرێکوپێکی دەهات.

ڕۆژی پێنجی ئەیلول و کارەساتەکەی شەشی ڕەشی ئەیلولیان بۆ ئەم نووسیبوو، دوا ڕستە نووسرابوو زۆر جێگەی سەرسوڕمانە تۆ لە شارێکدا بیت، ئەم هەموو کارەساتانەی تێدا ڕوویدات، ئێمە ئاگادار نەکەیت.

دوای خوێندنەوەی نامەکە کەوتمە خەیاڵەوە، چونکە زۆر لەلام سەیربوو، دەت وت ئەو کەسەی نامەکەی نووسیوە خۆی هاوبەشی خۆنواندن و کارەساتەکان بوو، کە بۆ دووەم جار تەماشای نووسراوەکەم کردەوە، تەواو تێی وردبوومەوە، سەرنجم دا بەپیتی عەرەبی و لاتینی لەلای ڕاستی سەرەوەی نامەکە نووسرابوو (کۆمەڵەی خۆیبوون)(١).

پاش لێکدانەوە، ئەوەندی تێی گەیشتم و بیرم بڕ بکات بەناوی خاڵمەوە وەڵامی نامەکەم دایەوە، نووسیم کە لەو کاتانەدا من لە بەغداد بووم و ئاگاداری سلەیمانی نەبووم بۆیە لەم بابەتەوە هیچم بۆ نەنووسین، دوای ئەوە بەلاسایی ئیمزاکەیم کرد و بۆم ناردنەوە بەو ناونیشانەی کە بەنووسراوەکەی خۆیانەوە بوو، وا دەزانم مانگی پێنەچوو کە وەڵامی ئەم نامەیە هاتەوە و تێیدا نووسرابوو:

دوای سەلام تۆ شێخ سەلام نیت و پەیوەندیت بە شێخ سەلامەوە چییە؟ رجایە بۆمان بنووسە شێخ سەلام لە کوێیە و چی بەسەر هاتووە، دوای ئەمەش نووسراومان بۆ مەنێرە.

پاش وەڵامدانەوی پرسیارەکانیان هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ خۆیبووندا نەما وەک لەپێشدا نەبوو، تەنیا ئەوەندە هەیە هەردوو نووسراوەکەیان گەیشتە دەستی شێخ سەلام و ئەویش منی ئاگادار کرد کە نووسراویان بۆ نەنووسم.

## بۆ تۆڵەی کوژراوانی بێ تاوان:

لەدوا دوای ساڵی ١٩٣٠ شۆڕشی چەکدار لەژێر دروشمی (بۆ تۆڵەی بێ تاوان کوژراوانی) شاری سلەیمانی بەسەرکردەی شێخ مەحموودی قارەمان لە دەرەوەی سلەیمانی دەستی پێکرد، شەڕەکانی سورداش و کەناروێ و ئاوباریک ڕوویان دا، لە شەڕی ئاوباریکدا بەرزترین و پیرۆزترین نموونەی ئازایی و دلێری و لەخۆبوردنی قارەمانانی کورد وەک ئەستێرەی پرشنگدار لە ئاسمانی مێژووی خوێناوی کەم وێنە دەدرەوشێتەوە، چونکە بەدرێژی ڕۆژێک چل پەنجا کەسی کورد کە لەگەڵ شێخ بوون لە ئاوباریک و ناخافڵ لەلایەن دوو فەوج سەرباز و چەند سەد پۆلیسەوە چوارلایان دەگیرێت، تا خۆرئاوا مەردانە شەڕیان لەگەڵ دەکەن، نایەڵن یەک بست بچنە پێشەوە، کاتی خۆرئاوا و لەبەر تاریکی شەڕ دەوەستێت. شێخ عەلی قەڵبەزە کە یەکێک دەبێت لە شەڕکەران دەچێتە خزمەت شێخ و دەڵێت: قوربان بەیانی فیشەکمان پێ نامێنێت، دەستگر هەموومان دەگرن و ئەتکمان دەکەن، قیروسیا لە ئێمە، تۆ بگیرێیت بۆ کورد

(١) کۆمەڵەی خۆیبوون، کۆمەڵێکی ڕامیاری ناوکۆیی کورد و ئەرمەنی بوو، سەرچاوەکەی لە شاری دیمەشق، شام، بوو ئەم کۆمەڵە وەک دەیان وت گەورەترین کۆمەڵەیەکی ڕامیاری بوو تا ئەو حەلە، چونکە لە هەموو شار و ناوچە کوردنشینەکاندا پەلی هەبوو.



شوورەیی و ئابڕووچوونە، بۆیە من بڕیارم داوە کە تەواو شەو زرنگایەوە لە پێش هەمووتانەوە لەلایەکەوە کە بەباشی بزانم هێرش دەبەم و بەڕاست و چەپدا دەستڕێژ دەکەم، بێگومان ئەوان چونکە چاوەڕێی ئەو هێرشە نین شپرزە دەبن و سەریان لێ تێکدەچێت لەو حەلەدا تۆ لە دواوە خۆت دەربازبکە، چونکە ئەمشەو دەرباز نەبیت ڕزگاریت نابێت، خۆ زۆر باشیش دەزانم دەکوژرێم، بەڵام قەیناکە بائێمە فیدای میللەتی کورد و تۆ بین تاوەکو بەدیلی نەکەویتە دەستی دوشمن.

دوای ئەم قسانەی شێخ عەلی چەند کەسێکی تریش ئەبن بەهاوپەیمان و لە نیوەشەودا و لەو جێگەیەوە کە شێخ عەلی پەسەندی دەکات لەگەڵ دەستڕێژی بێ پسانەوەدا هێرش دەبەن، سەرباز و پۆلیس واق وڕماو بەڕەنگێ سەریان لێ تێکدەچێت زۆرکەس لە یەکتری دەکوژن، شێخ عەلی و هاورێکانی دەکوژرێن هەریەکەیان گوللەیەکی زۆری بەرکەوتبوو، ئەوەی کە ویستبوویان دەرچوونی شێخ مەحموودی نەمر بوو پێکهات، خۆی و ئەو چەند کەسەی کە دەرچوون بۆ شەوی دوایی گەیشتنەوە شارباژێڕ.

## مەحموود جەودەت بۆچی و چۆن گەڕایەوە(١)

لەوە دەچێت هەر زوو نۆکەر و سیخوڕەکانی ئیستیعمار خۆیان گەیاندە ناو شۆڕشە چەکدارەکەشەوە و دەستیان کرد بەهەڵگیرساندنی ئاگری فیتنە و فەساد و خراپەکردن بەرامبەر هاونیشتمانان، دەستیان کرد بەزویرکردنی پیاوباشان و دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی وەک مەحموود جەودەت. بۆیە لە ساڵی ١٩٣١دا، بەتەواوی نازانم کام مانگ بوو، خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت بەتاقەسوارە خۆی دەکات بەشاری سلەیمانیدا و دەچێتە حەوشی سەراوە و خۆی دەدات بەدەستەوە. هۆی ئەمەش بەم ڕەنگە بوو:

لەکاتێکدا لەگەڵ شێخ مەحموود لە گوندی چنگیان دەبن، مەحموود جەودەت لە ماڵێک دەبێت گوێی لە گریان و هاوار هاوار و پاڕانەوە دەبێت، کە دەچێت بەدەم هاوارەکەوە تەماشا دەکات وا زەلامێکیان بەستووە بەکۆڵەکەی کەپری ماڵەکەوە و دارکاری دەکەن، چەند منداڵ و ئافرەت بەدیاریەوە دەگرین و دەپاڕێنەوە، بەڵام سوودی نابێت، کە مەحموود جەودەت دەچێتە پێشەوە لەوەی فەرمان دەدات کە لێی بدەن دەپرسێت:

ئەم جاسووسەتان لەکوێ گرتووە بۆچی نایکوژن، فەرماندەر لە وەڵامدا دەڵێت جاسووس نییە و خاوەندی ئەم ماڵەیە. مەحموود جەودەت بەم وەڵامە چاوی دەچێتە پشتی سەری و دەڵێت: جاسووس نییە و خاوەندی ئەم ماڵەیە و نان و ئاوی دەخۆن، خۆی و ژن و منداڵی خزمەتیشییان دەکەن سەرەڕای ئەوەش

(١) مەحموود جەودەت یەکێک بوو لە ئەفسەرە ناودارە بەرزەکانی ئەو ڕۆژەی عێراق، تاجێکی هەبوو، زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی و ئەڵمانی و فەرەنسی دەزانی، کوردپەروەرێکی ڕاست و حەقناسێکی کەم وێنە بوو، پەڕاوی بەهائولا و چەرخی نوێ ئەو کردوویەتی بەکوردی، پەڕاوی پولۆتیاشی هەیە. زانا و ئەدیب بوو، گەلێک سروودی نیشتمانی دانابوو بۆ قوتابیان، ڕقی زۆری لە کردەوەی ناشیرین و ناپیاوی دووڕوو بوو، مەرایی و ڕیایی و ناپاکی بەنام و نەنگی لەکەی سەرشانی دەزانی، بەکورتی پیاوێکی کەم وێنە بوو.

دارکاری دەکەن، بۆچی، تاوانی چییە؟ فەرماندەر ئەڵێ پارەی لەسەرە و نایدات، فەرمان وایە دارکاری بکرێت تا ناچار دەبێت بیدات. ئەمیش ئەڵێت جا بەڵکو نەی بێت و لە کوێی بێنێت. فەرماندەر بەتووڕەییەوە: ئەوە ئیشی تۆ نییە، دوای ئەمە ڕوو لە مەحموود جەودەت وەردەگێڕێت و دەڵێت، ئادەی لێی دەن. مەحموود جەودەت بەم هەڵوێستەی کابرای فەرماندەر بەتەواوی وەک شێتی لێ دێت و دەمانچە چواردەخۆرەکەی دەخاتە سەرپێ و ڕووەو فەرماندەر دەچێتە پێشەوە و دەڵێت : کوڕە سەگباب من شەقم لە تاجێک هەڵدا بۆ ئەوەی کەس بەسووکی تەماشای کوردێک نەکات، کەچی ئێوە لە ماڵی خۆیدا لەبەر چاوی ژن و منداڵی بۆ پارە دارکاری دەکەن، کەی ئینگلیز لەپێش ئێوەدا ئەم کردەوە ناشیرینانەی کردووە؟ زوو بەرەڵای کەن ئەگینا هەر چواردە فیشەکەکە دەنێم بەسەر سنگتەوە. کابرا مەحموود جەودەت دەناسێ و دەشزانێ زۆرباش دەیکوژێت بۆیە بەپەلە لێدراوەکە بەردەدەن و لە کۆڵەکەکەی ماڵی خۆیانی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مەحموود جەودەت وەک شێت لە ماڵەکە دەچێتە دەرەوە، ڕووەو ئەو ماڵەی شێخ مەحموودی نەمری لێیە، بەدەمانچەی ڕووتەوە، ڕادەکات، کە دەگاتە ئەوێ شێخ لەوێ بوو (ئەوەی لەوێ بوو گێڕابوویەوە و منیش بیستم) ئەگەر شێخ هێمن و لەسەرخۆ وەڵامی نەدایەتەوە ئەو ڕۆژە کارەساتی گرنگ ڕووی دەدا.

شێخ دەفەرمووێت کاکە مەحموود ئەوە فێکەت لێ هاتووە؟ مەحموود جەودەتیش ئەڵێ نەوەڵا ئەوەتەی بووم بەڕەفیقی ئێوە شێت بووم، ئاوا حەقی کوردم بۆ دەسێنیت، بۆ پارە دارکاریان دەکەن، ئەوەی من لە پیاوەکانی تۆی دەبینم کە لەم کوردە ڕەشوڕووتانەی دەکەن، بێگومان دوشمن وایان لێ ناکەن. وەئەگەر دوشمن وایان لێ بکەن هینەکەی ئەوان بەناوی دوشمنایەتییەوەیە بۆیە پیاو زۆری پێ گران نابێ.

دوای ئەم مشتومڕە مەحموود جەودەت پاشەوپاش دەگەڕێتەوە، ئەوان وا دەزانن دەچێتەوە بۆ ماڵەکەی کە خانەخوێیەتی، کەچی زۆری پێناچێت خەبەر دەدەن بەشێخ و دەڵێن مەحموود جەودەت بەتاقەسوارە لە چنکنیان دەرچوو ڕووەو سلەیمانی ڕێگەی گرتەبەر. هەرچەند شێخ بەپەلە چەند سوارێک دەنێرێت بەڵکو بیگرنەوە و پەشیمانی بکەنەوە، بەڵام بێ سوود دەبێت، لە ئەنجامدا سوارەکان دەگەڕێنەوە بۆ چنکنیان و ئەویش تا سلەیمانی ڕاناوەستێت.

بەماوەیەک دوای ئەوە هەر بەو جۆرە سەبارەتانە شێخ سەلامی شاعیر و حامد جەودەت گەڕانەوە بەڵام کامیل حەسەن ئەفەندی بەنەهێنی لە ماڵی مەجید بەگی حاجی ڕەسول بەگ (کە ئەو حەلە بەڕێوەبەری ناحیەی پێنجوین بوو لە هەمان کاتدا زاواشی بوو) مایەوە تا مەلیک فەیسەڵی پاشای عێراق دەچێتە ئەوێ و لەکاتێکدا لە چوارباخ دادەنیشن پێی دەڵێن کەوا کامیل حەسەن ئەفەندی لەژێر ئاڵای عیراقیدا کە لەو دەشتە هەڵکراوە دانیشتووە ئەویش فەرمانی لێبووردنی بۆ دەردەکات.

پاش ئەمەش بەماوەیەک هەر لە پێنجوین شێخ مەحموودیش خۆی تەسلیمی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەریفی سلەیمانی کردەوە و دەستبەسەر ناردیان بۆ ناسریە. بەم ڕەنگە ئەو شۆڕشە دوایی هات.

هەندێک کران بەفەرمانبەری گەورە.

هەندێک بوون بەنوێنەری گەل.



هەندێک دەوڵەمەند بوون.

هەندێکیش تێداچوون و کوژران و ماڵوێران بوون، بەزۆری دانیشتوانی لادێکان.

## گفتوگۆی مەحموود جەودەت و ڕاوێژکاری موتەسەریف کە ئینگلیز بوو

کاتێک مەحموود جەودەت دەگاتە سلەیمانی ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە حەوشی سەرا و لە دەرگای پشتەوە هەر بەسواری دەچێتە ناو پۆلیسخانەکە، کە دائەبەزێت پۆلیسێک بانگ دەکات و دەڵێت: بڕۆ بەگەورەکەت بڵێ مەحموود جەودەت لە حەوشی سەرا دایە، لەبەرئەوەی کە یەکەم ئەفسەرێکی بەرزبوو دابوویە پاڵ شۆڕش هەموو کەس ناوی دەزانی، بۆیە بەپەلە خەبەر دەدەن بەموتەسەریف، ئەویش پیاوانە خێرا خۆی دەچێت بەپیریەوە و بەوپەڕی ڕێزەوە دەیبات بۆ ژوورەکەی خۆی و دەنگەکەش دەگەیەنێت بەڕاوێژکەر (موستەشار). لەبەرئەوەی موستەشار تا ئەو حەلە مەحموود جەودەتی نەدیبوو تەنها ناوی بیستبوو بۆیە دەستبەجێ داوای بینینی دەکات. کە مەحموود جەودەت دەچێتە لای دوای ڕێزگرتنی ڕووی تێ دەکات و دەڵێت: تۆ ئەفسەرێکی پلە بەرز بوویت بۆچی ئەمەت کرد. مەحموود جەودەت لە وەڵامدا دەڵێت تۆ لە بەریتانیا خەڵقی کام هەرێمی، هەرچەند ئینگلیزەکە نازانی مەبەستی چییە لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: هەرێمی وێلز. مەحموود جەودەت پێی دەڵێت، تۆ ئێستە لەم وڵاتەدا فەرمانداری ڕامیاریت بکوژ و ببڕ تەنیا تۆیت، موتەسەریف هەر بەناو موتەسەریفە، هەرچی تۆ نەتەوێت ناکرێت لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە بێ سنوورەدا ئەگەر بیستت کە لە هەرێمی وێلزدا شۆڕشە، ئینگلیز بەهەموو هێزێکیەوە لێیان دەدات بەشەرەف و تاجی بەریتانی سوێندت دەدەم چی دەکەیت؟ ئەمیش ئەڵێت دەگەڕێمەوە و ئەدەمە پاڵ هاووڵاتییەکانم. مەحموود جەودەت وەک ڕەوشتی خۆی بەدەنگی بەرز دەڵێت ئێی منیش ئەوەم کردووە. ئینگلیزەکە: جا تۆ دەبیت بەمن. مەحموود جەودەت: من دەبم بەتۆ بەڵام کورد نابی بەئینگلیز، ئەوە گوناهی من نییە.

پاش ئەم مشتومڕە و هاتنی مەلیک بۆ سلەیمانی بەئارەزووی شاهانە لێبوردنی گشتی دەردەچێت. فەرمانبەرانی میری بێجگە لە مەحموود جەودەت هەموو دەخرێنەوە سەر کاروباری میری. بۆیە ئەو بەناچاری دەچێت بۆ بەغداد بۆ جێبەجێکردنی تەقاعودیەکەی.

بۆ نەگبەتی لەکاتی هەڵسووڕاندنی کاروباری تەقاعودیەکەیدا ڕۆژێک بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی کە لە خێزانە سنەییەکان دەبێت (بەعەرەبی پێیان دەڵێن سَنَوي) بە مەحموود جەودەت دەڵێت تۆ خیانەتت کردووە نەدەبوو داوای تەقاعودی بکەیت. ئەم وشەیە بەمەحموود جەودەت وتن ئیمانی لەسەردا نامێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەسەرخۆ دەڵێت بەیانی وەڵامت دەدەمەوە.

بۆ بەیانی کاتێک بەڕێوەبەری گشتی دەچێت بۆ وەزارەت مەرگ چاوەڕێی دەکات، مەحموود جەودەت لەسەر پێپیلکەکانی وەزارەتی دارایی دەیداتە بەر دەمانچە و دەڵێت من کوردم و گوایە تۆش کوردیت ئێستە بڵێ کاممان خائنین؟

دەستبەجێ لەوێ کابرا دەمرێ و مەحموود جەودەت دەگرن و دەیخەنە بەندیخانەوە. دوای دادئاوری

دادگا بڕیاری خنکاندنی دەدات. بەڵام بەهۆی هەوڵی ئەفسەرە گەورەکانی هاوڕێیەوە لە عەرەب و کورد خنکاندنەکەی هەر ئەمڕۆ بەسبەی پێکرا تا بەکر سدقی هاتە کایەوە و لە بەندیخانە دەری هێنا.

بەڵام کە بەکر سدقی لە ساڵی ١٩٣٦دا لە مووسڵ کوژرا ئەویش گیرایەوە و ئەمجارە زۆر زوو خنکاندیان.

## بۆ یەکەم جار چووم بۆ بەغداد

لە هاوینی ساڵی ١٩٣١دا لە دەرەوەی شاری سلەیمانی بووم، درەنگێ بیستم کە مەکتەبی قۆمیسەری کراوەتەوە لە بەغداد. هەندێک لەو قوتابییانەی کە لەگەڵ خۆم لە پۆلی شەشەم بەیەکەوە ئەو ساڵە دەرچووین، چوون بۆ ئەو مەکتەبە، بۆیە منیش بەپەلە گەڕامەوە بۆ سلەیمانی و چی پێویست بوو کردم و ڕووەو کەرکووک کەوتمە ڕێگە. لە چەمچەماڵ چووم بۆلای باوکم لە دادگا کە ئەو حەلە سەرنووسەری دادگا و جێگری قازی بوو لە کاروباری شەرعیدا، کە باسەکەم تێگەیاند نووسراوێکی دامێ بۆ لای شێخ عەلی قەرەداخی لە تەکیەی باباگوڕگوڕ لە مەیدان، فەرمووی ئەم نووسراوەی بدەرێ بەڵکو یاریدەت بدات.

ئەو زەمانە هاتوچۆ لە کەرکووکەوە بۆ بەغداد بەڕێگەی ئاسندا دەکرا، هەر لە ئێوارەوە سواربووین بۆ بەیانی هەتاو کەوتبوو گەیشتینە بەغداد. چوومە ئوتێل فەرەج لە مەیدان، خاوەنەکەی کورد و خەڵقی سلەیمانی بوو، دوای حەوانەوە هەواڵی تەکیەی باباگوڕگوڕم پرسی، نیشانی دام، چووم شێخ عەلیم دۆزییەوە، ئەوساکە پیاوێکی سەروڕیش سپی بوو، مێزەر بەسەر و جبە لەبەربوو، ئێجگار قسەخۆش بوو. کە نووسراوەکەی خوێندەوە لە وەڵامدا وتی ڕۆڵە بەخوا دوێنێ هەموو شت بڕایەوە، چونکە خۆم لەوێ دەرسی کوردی دەڵێمەوە ئاگاداری هەموو شتێکم، ئەوەندەی پێویستە قوتابی وەرگیرا و تازە هیچ ناکرێت.

دوای ئەوە بەنائومێدی دەستێکم کەوتە ئەملاو یەکەکەی تر ئەولا، ماڵئاواییم لە شێخ عەلی کرد و هاتمە دەرەوە. پاش هاتنە دەرەوەم وام بەبیردا هات بچم بۆ لای ساڵح زەکی بەگ ساحێبقڕان (چونکە لەو کاتەوە قایمەقامی چەمچەماڵ بوو دەیناسم) کە ئەوساکە یاریدەدەری یەکەمی بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ناوخۆیی بوو، کە چوومە خزمەتی زۆری پێ خۆش بوو، کە سەرگوزەشتەکەم بۆ گێڕایەوە تاوێک بێدەنگ بوو. تاوە و دوا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و لەگەڵ یەکێک دەستی کرد بەقسەکردن. کە تەلەفۆنەکەی دانا فەرمووی کوڕم نووسراوێکت دەدەمێ بیبە بۆ حاجی نەعمانی (أعظمیة) کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئیمامی أعظمة، ئەو لەو قوتابخانەیە وەرت دەگرێت، قوتابخانەکەش خراپ نییە و هەموو مەسرەفی قوتابی دەکێشێت.

ساڵح زەکی بەگ دەیزانی کە من لە خوێندەواریدا تەنگوچەڵەمەی ژینەمەنیم هەبوو، چونکە لەبەر خێزان زۆری یان بەسەبارەتێکی تر باوکم لەم ڕووەوە ئەوەندەی پێویست بێت تەماشای نەدەکردم بۆیە ئەمەم زۆر پێ خۆشبوو، بەپەلە نووسراوەکەم لێ وەرگرت و چووم بۆ (أعظمیة) و هەر لە قوتابخانەکەدا حاجی نەعمانم دۆزییەوە، پیاوێکی فێست لەسەر و جبە لەبەربوو سەر و ڕیش سپی و کەمێکیش



کۆمابووەوە، لە گفتوگۆ و هەڵسان و دانیشتنا گورجوگۆڵ و وریابوو، کە نووسراوەکەم دایە دەستی دوای خوێندنەوەی وتی باشە بەیانی شتومەکی خۆت بهێنە و وەرەوە وەرت دەگرین. بەم قسەیە کەوتمە گومانەوە چونکە داوای هیچ پێویستی مەرجی وەرگرتنی لێ نەکردم. مەکتەب هەروا بەئاسانی تەلەبە وەرناگرێت، ئەمان کە وەری دەگرن دەبێت مەکتەب نەبێت. کە لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە کاتی پشووبوو قوتابییەکان لە حەوشەکەدا بڵاوبووبوونەوە کە تێیان وردبوومەوە تاسێک بەسەرمدا هات و لەپێمەوە دەرچوو، قوتابیم دی گۆج، هەبوو شەل، هەبوو چاوێکی نەبوو. من لەو واق وڕمانەدا بووم یەکێک لە دواوە بەناوی خۆم بانگی کردم، کە ئاوڕم دایەوە تەماشام کرد کاک عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم (کە ماوەیەکی زۆر ژماریاری دائیرەی مەعاریفی سلەیمانی بوو) لێی پرسیم ئەوە چی دەکەیت لێرە. کاتێک باسەکەم تێگەیاند وتی: باشە وەرە مەکتەبێکی خراپ نییە. ئەو حەلە ئەو لە پۆلی دووەم بوو، لەم کاتەدا زەنگی دەرس لێیدا، وتی جارێ مەڕۆ وەرە لەلای ئەو پیاوە کوردە دانیشە تا دێمەوە، ئەمەی وت و ئەو ڕۆیی و منیش دانیشتم. پیاوەکە بەزمانێکی شیرین بەخێرهاتنی کردم زۆرم بەلاوە سەیربوو شەرواڵ و مرادخانی لەبەر دابوو، مشکیەکی مۆری بەسەرەوە بوو، چاویلکەی لەچاو دابوو. لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت پیاوێکی تاڕادەیەک زانا و زیرەک و قسەخۆش و بیر ئازاد بوو، ناوی میرزا عەبدولڕەحمان خەڵقی بانە بوو، بۆیە ناوی بەمیرزا عەبدولڕەحمانی بانەیی دەرکردبوو، ئەوکاتە لەوێ سفرەچی مەکتەبەکە بوو، دوایی گەڕایەوە بۆ سلەیمانی و لەوێ بەکەسابەتەوە خەریکبوو تا کۆچی دوایی کرد.

لەکاتی قسەکردنا وتم کاکە میرزا وەک بزانی ئەم مەکتەبە چۆن مەکتەبێکە و دواڕۆژ ئەم قوتابییانە دەبن بە چی؟ لە وەڵامدا وتی ئەوەندەی من دەیزانم مەکتەبێکی ئایینی و بەمەوقوفەی (ئیمامی أعظم ئەبوحەنیفە) دەچێت بەڕێوە، بۆ هەژار و داماو و ناتەواوان دانراوە. تازە ئەمر هاتووە دەبێت قوتابییەکانی هەموو فێست و مێزەر ببەستن، ڕەنگە دواڕۆژ باشەکانیان بکرێن بەمەلای مزگەوت. کە ئەمەی وت بەتەواوی پەست بووم چونکە نەحەزم لێ دەکرد و نەپارەشم هەبوو فێست و مێزەر بکڕم. میرزا لەسەر قسەکەی ڕۆیشت وتی خۆیان فێست و مێزەرتان بۆ دەکڕن، بەڵام خۆت حەزی لێ ناکەیت ئەوە باسێکی ترە، ئێمە لەم قسانەدا بووین کاک عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم هاتەوە بۆ لامان، کەوتینەوە مشتومڕ و لە ئەنجامدا بەهانە هانەی کاک عەبدولڕەحمان بڕیارم دا بۆ ڕۆژی دوایی شتومەکی خۆمم برد و چوومە قوتابخانەکە، چونکە هیچ نەبێت خواردن و نوستن بەلاشە و بەڵکو خوا دەروویەکیش بکاتەوە. بەم ڕەنگە چوومە پۆلی یەکەم، بەڵام لەدوای چەند دەرسێک زیاتر خەفەتبار بووم، چونکە هەرچەند تەماشام دەکرد تەنها قوتابی بووم کە چاو و قاچ و دەستم ساغ بوو، ئەو دەرسانەش کە دەمان خوێند زۆر ئاسان و هیچ نەبوون، من کە بەناو لە پۆلی یەکەمی ناوەندیم کەچی دەرسەکان لە سێیەی دەرسی پۆلی چوارەم و پێنجەمی قوتابخانەی سەرەتاییدا بوون، هەرچەند زمانی عەرەبیم نەدەزانی بەڵام هەموو دەرسەکان کتوپڕ تێدەگەیشتم بەتایبەتی دەرسەکانی ژمێرە و پێوان و ئەندازە، بۆیە مامۆستاکان ماوەیەکی کەم لێم حاڵی بوون، زۆریان خۆش دەویستم، لەگەڵ ئەوەشدا من ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دڵتەنگ و عاجز دەبووم. بەتایبەتی کاتێک کە بەڕێوەبەر پێی ڕاگەیاندین کە هەریەکێک لە ئێمە دەبێت بچێت لە شۆریجە لە فیسارە دوکان

فێست و مێزەر وەربگرێت و لەسەری کات ئەگینا دەردەکرێت لە قوتابخانە.

ڕۆژێک من لەم حاڵەدا بووم کە چی بکەم، من بەتەمای چی بووم و چیم هاتەڕێ. لە یەکێک لە دەرسەکانی سەرلەبەیانیدا لەسەر کورسییەکی دواوە دانیشتبووم، لە لێکدانەوەدا بووم، ئەوەی وریای کردمەوە گوێم لەناوی خۆم بوو یەکێک بەمامۆستای پۆلەکەی وت و ئەو قوتابییە بچێت بۆ لای بەڕێوەبەر.

کە چوومە ژوورەوە سەری هەڵبڕی وتی: ساڵح زەکی بەگ تۆی دەوێت هەر ئێستە بچۆ بۆلای وتم بەڵێ و هاتمە دەرەوە، سواری پاس بووم بۆ بەغداد لە مەیدان دابەزیم ڕووم کردە وەزارەتی ناوخۆیی، کە گەیشتمە ژوورەکەی خوالێخۆشبوو ساڵح زەکی بەگ، مێزەر بەسەرێکی لەلا دانیشتبوو بەکوردی قسەیان دەکرد، دوای بەخێرهاتن ڕووی تێکردم وتی کوڕم من لەبەر خاتری باوکت و خاڵت ویستم خزمەتێکت بکەم بۆیە ناردمیتە مەکتەبی ئیمام أعظم، ئێستەش وەک بۆم دەرکەوتووە ئەو مەکتەبە هیچ دواڕۆژێکی ئەوتۆی نییە. لێرەدا مەلا قسەکەی پێبڕی و وتی دواڕۆژی چی ئەوا گریمان بوو بە من. ساڵح زەکی بەگ قسەکەی پێبڕی و فەرمووی بەخوا قەت نابێ بەتۆ. (تومەس ئەو مەلایە خوالێخۆشبوو محەمەدی قزڵجی بوو کە لە ئەزهەر دەرچووبوو، ئەوحەلە ئیمام و مودەریسی مزگەوتی حەیدەرخانە بوو لە مەلا ناودارەکانی ئەو ڕۆژەی بەغداد بوو). دوای ئەمە ساڵح زەکی بەگ ڕووی کردەوە من و فەرمووی تا چەند ڕۆژێکی تریش هەر لەوێ بمێنەرەوە بابزانم شتێکی ترت بۆ ناکەم، وەک بیستوومە وەزارەتی زانیاری بڕیاری داوە ئەمساڵ لەهەر لیوایەک بەپارە یارمەتی چەند قوتابییەک بدات کە دەستیان کورتە، لە ماڵی خۆیان و لە شاری خۆیاندا بخوێنن. ئەگەر ئەمە وابێت لێرەوە شتێکی ترت بۆ دەکەم ئەوسا بچۆرەوە لە سلەیمانی بخوێنە، ئەمەش نەبێت وا دەزانم هەر بچیتەوە بۆ سلەیمانی باشترە، فەرموو ئێستە بچۆرەوە بۆ مەکتەب فیسارە ڕۆژ سەرێکم لێ بدەرەوە.

بەم قسانەی خوالێخۆشبوو ئاهێکم پێداهاتەوە، بەڵام کە لەلای جەنابی ساڵح زەکی بەگ هاتمە دەرەوە ئەوەم بیرکەوتەوە کە لە مەکتەب پێمان ڕاگەیەندرابوو ئەگەر تا ئەوەندە ڕۆژی تر فێست لەسەر نەکەین و مێزەر نەبەستین دەرمان دەکەن. بۆیە چووم بۆ شۆریجە، دوکانی موتەعەهیدی مێزەر و فێستەکەم دۆزییەوە، داوای مێزەر و فێستم لێ کرد، لە وەڵامدا وتی بەخوا مێزەر ئاسانە بەڵام فێست هەر ئەم دانەیە ماوە، خواش دەزانی کەی هینی ترم بۆ دێت، کە هێنای تەماشام کرد پیرە فێست بەقەد نیوە دیبەگێک دەبێت، بەڵام چونکە بەهیوا نەبووم بۆ ئێجگاری لەسەری کەم بەتەنگەوە نەبووم بۆیە بەکابرام وت باشە من وەری دەگرم بەمەرجێک نیو یاردە بلوریم زیاتر بدەیتێ، کابرا وتی بۆچی؟ وتم چونکە ئەم فێستە گەورەیە بلووری زۆی بەدەوردا نەبەسترێت ناشیرین دەبێت، کابرا وای زانی بەڕاستمە بۆیە وتی بەخوا لەسەر حسابی خۆم ئەو زیادەیەت دەدەمێ، کە بلوورییەکەی بۆ دادڕیم خەریکبوو بۆم لە وتوو بدات و بۆم ڕێکوپێک بکات وتم بیدەرە دەستم تۆ حەقت نەبێت وتی بەشۆکەوە بیبەستیت بەقەد کەلارەیەکی لێ دێت، زۆر قەبە و ناشیرین دەوەستێت. وتم قەیناکات، لێم وەرگرت و قائمەکەم بۆ مۆرکرد و گەڕامەوە بۆ مەکتەب. کە گەیشتمەوە بەر دەرگای مەکتەبەکە، کە هەر لە حەوشی مزگەوتی ئیمام ئەعظەمدا بوو



چەند تەلەبەیەک لەبەر دەرگا ڕاوەستابوون مشتومڕیان بوو، یەکێکیان دەیوت بەخوا من دوێنێ چووم بۆ لای موتەعەهید فێستی نەمابوو، تەنیا یەکێک نەبێت، زۆر گەورە و ناشیرین بوو بۆیە وەرم نەگرت، جا ئێستە چی بکەین. کە لێم پرسین مەسەلە چییە وتیان دەریان کردووین دەڵێن فێست و مێزەر پەیدا نەکەن نابێت بێنەوە بۆ مەکتەب، تا ئەو حەلە من فێستەکەم لەپشتمەوە گرتبوو. دوایی دەستم هێنایە پێشەوە و کە چاویان پێکەوت وتیان ئەوە لەکوێت بوو، ئەوەیان کە قسەکەی دەکرد وتی ئەوە دوێنێ هێنای بۆ من لەبەر گەورەیی نەمویست. منیش وتم من ویستم ئەی چی بکەم، ئەگەر ئێستە دەرمکەن ڕووبکەمە کوێ، ئەمەم وت و چوومە ژوورەوە، کە گەیشتمە ژوورەکەی خۆم فێستەکەم کردە سەرم و هەر بەژاکاوی لەسەر شێوەی مەلای لای خۆمان مێزەرەکەم بەست، کە هاتمە حەوشە تەلەبە دەورەیان لێدام و بوو بەهەرا و بەزم بەرەنگێ حاجی نەعمان بیستی و خۆشی هاتە سەیرم، کە چاوی پێم کەوت وتی ئەمە چۆن مێزەرێکە یا ئەبابەکر، لە وەڵامدا وتم لە وڵاتی ئێمە ئاوای دەبەستن، منیش هەر لە ئێستەوە ئەمەوێت خۆم وا ڕابێنم. وتی تۆ هیچ نەبێ بلوورییەکە تۆزێ بشۆ و لە وتووی بدە، وتم ئەی فێستەکە چۆن بچووک بکەمەوە، وەک تووڕەبوونێک وتی ئەوە ئارەزووی خۆتە و ڕۆیی. مەبەستی ئەو ئەوەبوو مێزەر بەسەرەوە بێت، هەرچۆن بێت قەیناکات.

پاش چەند ڕۆژێک (هێشتا ئەو ڕۆژە نەهاتبوو کە ساڵح زەکی بەگ فەرمووی سەری لێ بدەمەوە) پاش نیوەڕۆ بوو فەڕاشێک هات و پێی وتم بەڕێوەبەر بانگم دەکات منیش هەر بەمێزەرەکەوە چووم بۆلای کە لە باخچەی قوتابخانەکەدا دانیشتبوو کە نزیک بوومەوە تەماشام کرد جەنابی ساڵح زەکی بەگ لەوێ دانیشتبوو کە سەری هەڵبڕی و منی بەو سەر و مێزەرەوە دی دەستی کرد بەپێکەنینێکی زۆر بەکوڵ و قایم. بەڕێوەبەر زانی بەچی پێدەکەنێت بۆیە وتی منیش پێم وتووە مێزەر وا نابەسترێت کەچی دەڵێت لە وڵاتی ئێمە وای دەبەستن. ساڵح بەگ فەرمووی ڕاست دەکات ڕەوشتی مەلای ئێمە وایە. لەپاش ئەمە ڕووی کردە من و فەرمووی ئەوا ئیشەکەم بۆ جێبەجێ کردیت، ئەمرم بۆ وەرگرتوویت، بۆیە خۆشم هاتم نەوەکو حاجی نەعمان بیانووت پێ بگرێت و عەزیەتت بدات ئەوە بیست شەو زیاترە لێرە دەخۆیت و دەنویت. بەیانی وەرە بۆ لام بۆ وەزارەت ئەمرەکەت دەدەمێ بچۆرەوە بۆ سلەیمانی و لە ماڵی خۆتدا بخوێنە، مانگی بیست ڕوپیەش (دەکاتە دینار و نیوێک) وەردەگریت. ئەمە باشتر نییە لەم مەکتەبە؟ لە وەڵامدا وتم زۆر باشترە، دۆعای خێرم بۆ کرد.

هەرکە لەوێ دەرچووم چووم بۆ ژوورێک قوتابییەکی خەڵقی کەرکووکی لێ بوو ناوی یونس بوو، خوشکەزای مامۆستای بەڕێز ڕەفیق حلمی بوو، ئەویش مێزەر و فێستی دەست نەکەوتبوو. کە گەیشتمە ژوورەکە تەماشام کرد کاک یونس زۆر ماتە، دوای چاک و چۆنی وتم باشت نابینم کاک یونس، وتی چۆن باش دەبم، بەدەست مێزەر و فێستەوە خراپ داماوم و لە ترسی حاجی نەعمانیش ئەوا بەدزییەوە هاتوومەتە ژوورەوە ناوێرم بچمە حەوشە. وتم زۆر حەز لە مێزەر دەکەیت وتی چی بکەم و دەسەڵاتم چییە وا حەزیشم لێکرد یانەکرد، ئەمڕۆ هەموو بەغدادم پشکنی، چوومە مەزاتخانە و کۆنەفرۆشەکانیش، هەر ناوی فێست بوایە، هەرچۆنێک بوایە دەمکڕی، هیچم دەست نەکەوت کە وای وت فێست و مێزەرە بۆری

خۆمم داکەند و وتم فەرموو پێشکەش بەتۆ بێت و کردمە سەری، وتی یەعنی چی، گاڵتەم پێدەکەیت، ئەی خۆت. وتم گاڵتە مەعنای چی بەخوا بەڕاستمە و هەر بۆ تۆش جوانە. چونکە کاک یونس خۆی کەڵەگەت بوو فێستەکەش هەندێک درێژ بوو لەسەری کاک یونسدا زۆر سەرنجی ڕادەکێشا، دوای ئەوەی باسەکەم بەتەواوی تێگەیاند و زانی بەڕاستمە، سوپاسی کردم و وتی ناشیرینە چاوی دەربێت بەخوا لە موشکیلەیەکی زل ڕزگارت کردم و تا ماویشم لەبیرم ناچێتەوە.

دوای ئەوە ماڵئاواییم لە هاوڕێکانم کرد و بەپەلە باوڵەکەم پێچایەوە و چووم بۆ بەغداد بۆ ئوتێل فەرەج لە مەیدان. بۆ بەیانی زوو چووم بۆ خزمەت ساڵح زەکی بەگ ئەویش ئەمرە ڕەسمییەکەی دامێ کە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی سلەیمانی نووسرابوو.

کە نووسراوەکەم وەرگرت لە خۆشیدا پێم نەدەکەوتە زەوی، نازانم ئەو ڕۆژەم چۆن ڕابوارد، خۆرئاوا چووم بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر و گەڕامەوە بۆ سلەیمانی. لە چەمچەماڵ چوومە دادگا و بەسەرهاتم بۆ باوکم گێڕایەوە، ئەویش پێی خۆشبوو.

ڕۆژی ٢٩/ ١٠/ ١٩٣١ بۆ بەیانی چووم بۆ مەکتەب و نووسراوەکەم پێشکەش بەمامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشید زەکی کابان کرد و ئەویش بەڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنەوەی کردم و پێی وتم ئێرەت باشترە، ئەو مەکتەبەی کە لێی بووی هەر بەناو مەکتەبە. کاتێک چووم بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی هاوڕێکانم بەخێرهاتنەوەیان کردم و هەندێکیش سەرزەنشتیان کردم کە بۆچی گەڕامەوە. کە تەواو حاڵیم کردن ئەو مەکتەبە چۆن مەکتەبێکە ئەوانیش حەقیان دا بەمن کە گەڕامەوە.

ئەو حەلە خوێندن بەکوردی بوو، پەڕاوی چاپکراوی زۆر کەم هەبوو، بۆیە دەفتەرم لە هاوڕێکانم وەرگرت و چیان خوێندبوو بەماوەیەکی کەم نووسیمەوە. بەهەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیم لە دەرسەکاندا تۆڵەی ئەو ماوەیە بکەمەوە کە لە بەغداد بووم. لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە: زۆری نەخایاند ئیخبارییە و ئیخبارییەکاری لە دژی من دەستی پێکرد. ئیخبارییەکان ڕاستەوخۆ دران بەوەزارەتی زانیاری، دەیاننووسی ئەم قوتابییە باوکی فەرمانبەری میرییە و مانگانەی زۆری هەیە، لەڕاستیدا باوکم مانگانەی زۆر نەبوو، خێزانیشی زۆربوو، نەیدەتوانی وەک پێویست لە ڕووی مەسرەف و خەرجییەوە تەماشای من بکات لە ئەنجامدا دوای دوو مانگ هەر لە بەغدادەوە ئەمر هات مانگانەکەی منیان بڕی و دایان بەقوتابییەک هەرچەند باوکی نەمابوو، مامی کە بەخێوی دەکرد دەوڵەمەند بوو، خزمی خێزانێکی دەوڵەمەندی دەست ڕۆیشتووی دانیشتووی بەغداد بوو.

کاتێک بەڕێوەبەر ئەمری بڕینی مانگانەکەی من و دانی بەقوتابییەک کە هەر لە پۆلەکەی خۆماندا بوو پێ ڕاگەیاندم و من سکاڵای حاڵی خۆم کرد، لە قسەکانی بەڕێوەبەردا حاڵی بووم کە ئەم خێزانە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە من گەڕاومەتەوە لە بەغداد ئەوان ئاگاداری باسەکە بوون. ئیتر لە سلەیمانییەوە بەئیخبارییە و لە بەغداد بەتەشەبوس و ئەرخە بەکارهێنان وازیان نەهێنا تا لە ئەنجامدا سەرکەوتن.

من لە کاتی خۆیدا وامزانی بەوەڵامی یەکەم ئیخبارییە یان دووەم کە لە بەغدادەوە نێرراوە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی وازیان هێناوە. ئەگەر بمزانیایە وازناهێنن ڕەنگبوو بەهۆی ساڵح زەکی



بەگەوە نەم هێشتایە سەرکەون. من چوزانم خێزانێک بۆ مانگی بیست ڕوپیە هەموو ڕێگەیەک دەگرێت بەتایبەتی ئەو زەمانە کە هیچ تەجروبەیەکم نەبوو لەو بابەتەوە، ئێستە زۆر لەوە ناشیرینتر و بێ جێتر و بێ ماناتر کردەوە دەکەن، بەلامەوە کردەوەیەکی زۆر ئاساییە بۆ ئەو خێزانە کە بەکردەوەی پێچەوانەی پیاوەتی لە کۆنەوە ویستوویانە لە پیاو بچن، هەر چۆن بوو ئەوان دەستی خۆیان وەک زۆر جارانی تر لەوەو پێش و دوای ئەوەش بەکردەوەی ناشیرین وەشان.

ئەوی ڕاستی بێت بڕینی مانگانەکەم گەورەترین کارەسات بوو لەو ڕۆژەدا بۆ من، هەرچی سەرم دەهێنا و دەبرد نەمدەزانی چی بکەم، جاروبار بیرم لەوە دەکردەوە کە واز لە مەکتەب بێنم، کە ئەو بڕیارەم دەدا لە دڵی خۆمدا دەموت باشە ئەی ئەوسا چی بەکەم؟ بەکورتی لەو ماوەیەدا کەوتبوومە گێژاوێکەوە سەرم لێ دەرنەدەکرد، بەتایبەتی کەسێکیش نەبوو هاوارێکی بۆ بەرم و سکاڵایەکی لە لا بکەم. لێرەدا ئەوە بیر دەخەمەوە کە لە بەغداد گەڕامەوە قوتابخانەی زانستی شەو کرابووەوە، بەڵام وەک لە پێشەوە وتم مامۆستای بۆ دانەنرابوو، خوالێخۆشبوو شاعیری بەناوبانگ پیرەمێرد سەرۆک، کەریم سەعید بەگ کە دوایی بەکەریم زانستی ناوی دەرکرد بەڕێوەبەر بوو. سەرۆک مانگانەی نەبوو، بەڵام بەڕێوەبەر مانگی بیست ڕوپیەی هەبوو. جا بۆ ئەوەی قوتابخانەکە لەبەر بێ مامۆستایی دانەخرێت چەند قوتابییەکی قوتابخانەی ناوەندی کە ئەوسا بەرزترین قوتابخانە بوو بەناوی نیشتمانپەروەرییەوە بەشەو دەچوون بەبەلاش دەرسیان دەوتەوە، منیش کە گەڕامەوە و بەئەمەم زانی چووم دەستم کرد بەدەرس وتنەوە، بەم ڕەنگە لەگەڵ زۆر لەو قوتابییانەی کە پیاو بوون و بەشەو دەهاتن بۆ خوێندن وەک خوالێخۆشبووان عەبە زیرەکی بەرگدروو، حاجی عەلی ماستاو، حاجی مستەفا خومخانە و حاجی عەلی کەبابچی و هەندێکی تر پەیوەندی و دۆستایەتییەکی زۆرباش و بەتینمان پەیدا کردبوو. لەوە دەچوو هەندێکیان هەستیان بەحاڵەکەی من کردبوو، بۆیە شەوێک چەند کەسێکیان هاتنە لام و داوایان لێ کردم کە بەڕۆژ هەر کاتێک و لە هەر کوێیەک خۆم ئارەزوو دەکەم دەرسیان پێ بڵێم بەپارە. هەرچەندە بیرەکەم بەلاوە خراپ نەبوو بەڵام کە لێکم دەدایەوە زۆر زۆر زەحمەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەڵێن ناتەواوی و نەبوونی حەرام حەڵاڵ دەکات، ناچار بووم بەڵێنم دا و لە ڕۆژدا لە ماوەی پشووی نیوەڕواندا (ئەو حەلە مەکتەب دوو دەوام بوو) و میانی عەسر و خۆرئاوادا دووان دووان و سیان سیان یەکم دەخستن و دەرسم پێ دەوتن. بەم ڕەنگە وەک ئامرازێکی ئۆتۆماتیک شەو و ڕۆژ دەجووڵام. بەشەوان دوای دەرس وتنەوەی قوتابخانەی زانستی ئەرکی ڕۆژانەی قوتابخانەی خۆمم ئامادە دەکرد، بەیانیان دەچووم بۆ قوتابخانە نیوەڕوان بەپەلە نانخواردن و دەرسی تایبەتی وتنەوە، لە سەعات دوو و نیودا دیسان گەڕانەوە بۆ قوتابخانە تا سەعات چوار، لە چواریش بەدواوە تا دەوامی زانستی لە شەودا دەستی پێدەکرد دەرسی تایبەتی خۆمم دەوتەوە، گەلێک جار ئەرکی قوتابخانەی خۆمم بەسەریەکدا دەکەوت، بەڕۆژانی هەینی جێبەجێم دەکرد. لەگەڵ ئەم زەحمەتە زۆرەشدا کە هەر بەدەم خۆشە وتنی (چونکە لە تەنگوچەڵەمەی ژینەمەنی و گوزەران ڕزگارم بوو) پێم ناخۆش نەبوو، شانی ناچاریم دابووە بەری، بەم شێوەیە توانیم بمێنمەوە لە قوتابخانەی ناوەندیدا، بەهاوینان چونکە خۆم دەوامم نەبوو قوتابی زۆرم هەبوو پارەیەکی

باشم دەست دەکەوت، هەندێک جار یاریدەی ئەوانەشم دەدا کە لە خۆم دەست کورتتر بوون، کە گەیشتمە پۆلی سێیەمی ناوەندی کەریم زانستی لە فرمانی میریدا دامەزرا، من کە تا ئەو حەلە بەبەلاش دەرسم دەوتەوە و چالاکیم دەنواند بەرەسمی بووم بەبەڕێوەبەر و مانگی دینار و نیوێکیشم وەردەگرت و لێپرسراوی راستەوخۆش لە قوتابخانەی زانستیدا هەر خۆم بووم. لەم ڕووداوە زۆرە سوودم وەرگرت، قوتابخانەی زانستی بوو بەجێگەی هەمیشەییم، دەرسە تایبەتییەکانم بەزۆری لەوێ دەوتەوە.

لە پۆلی یەکەمی ناوەندیدا، پاش نیوەی ساڵی خوێندن، لە خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزیدا چیرۆکێکی کورتمان خوێند، ئەم چیرۆکە ئەوپەڕی لەخۆبوردنی نیشان دەدا بەرامبەر بەدڵداری و پەیمانپەروەری و نیشتمانپەرستی. بەڕووناکی ئەو چەمک و گوزارەی لەو چیرۆکە بچووکەدا هەبوو کردم بەچیرۆکێکی شانۆیی حەوت پەردەیی لەژێر ناوی (دڵداری و پەیمانپەروەریدا) لە ساڵی دواییدا لە چایخانەکەی ئێستەی حەمەڕەق کە ئەو حەلە زۆر گەورە بوو لەلایەن دەستەیەک لە قوتابییانی(1) قوتابخانەی زانستییەوە بەکەرەسەی خواستەمەنییەوە نیشان درا، دەنگێکی نەبیستراوی دایەوە بەتایبەتی لەناو نیشتمانپەروەراندا قوتابی و مامۆستایان و فەرمانبەران. لەو ساڵانەدا بەزۆری ئەو کچانەی لە دایک بوون ناونران نازەنین چونکە کچی ناو چیرۆکەکە ناوی نازەنین بوو.

ئەم هەڵوێستەی دانیشتوان بەرامبەر بەچیرۆکەکە بووە هۆی ئەوەی کە من زیاتر و باشتر خوو بدەمە هەموو بەشەکانی نووسین وەک پەخشان، چیرۆک و هۆنراوە.

***

هۆی گوزەران و بەڕێوەچوونی قوتابخانەی زانستی لەو کاتانەدا بەم ڕەنگەبوو: شارەوانی هەموو مانگێک سەد ڕوپیەی دەدا بەسەرۆک (پیرەمێردی شاعیر) بۆ کرێی خانوو و مانگانەی بەڕێوەبەر (کەریم زانستی) و فەراش. ئەوەی ئاشکرا و دیارە لە سەد ڕوپیە دوای ئەو مەسرەفانە ناتوانرێت مامۆستای زۆریشی بۆ بگیرێت. ئەوەی ئەمەوێ بەخوێندەوارانی بەڕێزی ڕابگەیەنم ئەوەیە لە سەرەتاوە و تا ئەو حەلەش دەرس وتنەوە لە قوتابخانەی زانستیدا بەپیرۆزترین خزمەت دادەنرا و بەڕێزەوە تەماشایان دەکردن. تەنیا ئەوەندە هەیە کە دوای هەراکەی شەشی ڕەشی ئەیلول کە مەکتەبەکە کرایەوە فەرمانبەران وەک جاران پرکێشیان نەدەکرد بەئاشکرا بچن بۆ دەرس وتنەوە بۆیە ئەمە بەزۆری بوو بەئەرکی سەرشانی قوتابییانی قوتابخانەی ناوەندی و پێنج و شەشی سەرەتایی، لە ڕاستیدا ئەوانیش پیاوانە وایان بەجێهێنا کە هەرگیز قوتابخانەی زانستی لەسەر مامۆستا پەکی نەدەکەوت. سەرەڕای ئەمەش لە شەوانی سێ شەمموواندا شانۆگەری کورت و چالاکی جوان جوانیان دەنواند، میوانەکانیش پارەیان دەبەخشی بۆ بەرژەوەندی قوتابخانەکە.

(1) ئەمە ناوی هەندێک لەو قوتابییانەیە کە چیرۆکەکەیان تەمسیل کرد و دەستکەوتێکی باشیان گەیاند بەقوتابخانەی زانستی: حاجی عەلی ماستاو (میر)، مەحموود ئەحمەد (نازەنین)، ئەبوبەکر جەلال (شێرۆ)، حاجی عەلی کەبابچی (باوک کوژراو) لەگەڵ هەندێکی تر.



لەکاتی خۆیدا قوتابخانەی زانستی سەیرانی خۆش خۆشی دەکرد، جاری وا هەبوو چەند شەو، چەند ڕۆژ دەمایەنەوە، دەوار و چادرمان هەڵدەدا، لەم سەیرانانەدا گەورە پیاوانی میری و ئەهالیمان بانگ دەکرد. بەناوبانگترین ئەم سەیرانانە، سەیرانی عەزە جۆڵا و سەیرانی تووی مەلیک بوو. لەم کاتانەدا واتە لە ساڵی ١٩٣٢وە تا ساڵی ١٩٣٥ بەتایبەتی لە زانستیدا، ئەو ساڵەش کە بووم بەبەڕێوەبەری وریایی و چالاکی وام دەنواند سەرنجی زۆرکەسی ڕادەکێشا کە بەهۆیەوە دەردەکەوتم، بووبووە بەڵگەی ناسینم، پێیان دەوتم تەلەبە لادێیەکە چونکە یەکەم قوتابییەک بووم کە لەو نزیکانەدا ماڵمان هاتبووە سلەیمانی و لە قوتابخانەی ناوەندی وەک تەلەبە و لە زانستیدا وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر جێگەم دیاربوو.

لە ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٣ تا ساڵی ١٩٣٤ – ١٩٣٥ ئەو شتانە کە ڕوویان دا و شایانی باسکردنن ئەمانەن:

لە سەرەتای خوێندنی پۆلی دووەمی ناوەندیدا فەرمان هات دەبێت قوتابخانەی ناوەندی بەزمانی عەرەبی(1) بخوێن چونکە تا ئەو حەلە بەزمانی کوردی دەمانخوێند بەرەنگێ ڕێزمانی عەرەبیشمان بەکوردی بۆ باس دەکرا بۆ باش تێگەیشتن، بۆیە زۆر هەوڵ درا، کۆبوونەوە کرا، خۆنیشاندان پیشان درا بۆ ئەوەی خوێندن هەر بەکوردی بێت بەڵام بێ سوودبوو، بەزمانی عەرەبی خوێندنیان بەزۆر سەپان بەسەرماندا. بەم بۆنەیەشەوە تەلەبە زۆر تووشی ناڕەحەتی و دەردی سەری هاتین بەتایبەتی لە پۆلی سێیەمدا، چونکە تاقیکردنەوەی وەزاری (بەکەلووری) لە بەغداد تصحیح دەکرا.

### هەوارگەی دیدەوانی لە بەغداد (مخیم کشافە)

لە پۆلی سێیەمدا بووین کە وەزارەتی زانیاری بڕیاری دا دەبێت هەوارگەیەکی گشتی دیدەوانی لە بەغداد ببەسترێت، هەموو لیواکان بەشداری تێدا بکەن، ئەو جۆرە بڕیارە تا ئەو ساڵە (١٩٣٥) ڕووی نەدابوو، کۆبوونەوەی وا نەبینرابوو لە بەغداد.

پێنج هەزار دیدەوان لە دەشتی دیدەوانی لە بەغداد کۆبوونەوە، کۆبوونەوەکەشیان (٢٥) شەوی خایاند، نان و خواردنی ئەم هەمووە هەر لەوێ لەلایەن سەربازی تایبەتییەوە دەکرا، ئەم قەڵەباڵغییە سێ

(1) لەو کاتانەدا مامۆستای خوالێخۆشبووی کوردپەروەر ساڵح قەفتان جوگرافیا و مێژووی پێ دەوتین، مامۆستای ناوبراو عەرەبی نەدەزانی لە گفتوگۆدا فەرقی ژن و پیاوی نەدەکرد کە بۆ یەکەم جار دوای بڕیارەکە هاتە ژووری وتی کوڕینە هەرچەند هەوڵیشتان زۆر دا بەڵام بێ سوود بوو، دەبێ بەعەرەبی بخوێنن، وتمان بەڵێ وایە. پاش تاوێک سەری هەڵبڕی وتی –موضوعنا شنو – وتمان هارونە ڕەشید، ئەمجارە گەلێک بێدەنگ بوو لەپڕ وتی – هارون الرشید هي کان خۆش رجل – ئێمە هەموو پێکەنین، وتی ئەوە بەچی پێدەکەنن وتمان ئەفەندی هارونە ڕەشید پیاوە ئەبێت بۆ پیاو بڵێیت هو، وتی دەک بەزیاد نەبێت بەخوا ئەمە بەمن ناکرێت، ئا دەرگاکە پێوەدەن. تەنیا ئەو تا ساڵ تەواوبوو بەکوردی دەرسی وتەوە.

ژەمە خواردەمەنی لە یەک جێگە وەردەگرت، لەو سەربازگەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە لە تەنیشت هەوارگەکەوە دامەزرابوو.

ئێمە لە سلێمانییەوە (٦٠) دیدەوان بووین (٥٩)ی قوتابی ناوەندی و یەک قوتابی سەرەتایی کاک عەزیز شاڵی، یەک قوتابی عەرەبمان لەگەڵ بوو ناوی مەحجوب ئەمین بوو، ئەوکاتە باوکی ئەفسەر بوو لە سلێمانی. ئەم شەست قوتابییە بەڕێوەبەرێتی زانیاری بەیاریدەی ئیدارەی مەحەلی بەشێوەیەکی جوانی ئەوتۆ سەرنج ڕاکێشێت ڕازاندبوویانەوە، بۆ هەر یەکەیان دەستێک جلی نایابی دیدەوانی و دەستێک جلی کوردی تەرپۆشانەی هەرزەکارانە، شەرواڵ و مرادخانی بەبێ کەموکوڕی بەهەموو پێویستییەکەوە، ئەوەی سەیربوو ئەوەبوو لەکاتی لەبەرکردنی جلی کوردیدا یەکێک هەر خەریکی مەحجوب بوایە، پشتێن و سەروپێچەکەی بۆ ببەستایە، شەرواڵەکەی بۆ هەڵکێشایە.

ڕۆژی ڕۆیشتن بۆ بەغداد هەر شەست قوتابییەکە بەجلی دیدەوانی جوان و نایابەوە لەگەڵ مامۆستای وەرزش و دیدەوانی کاک داود کە دوایی چووش بۆ حەج و پێیان دەوت حاجی داود و خەڵقی مووسڵ بوو چووینە حەوشی سەرا، بەدوو ڕیز لەبەردەمی ئەو دەرگایەی کە دەچێتە ژوورەوە ڕاوەستاین، زۆری پێ نەچوو موتەسەریف خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ هاتە بەردەم پەنجەرەیەک کە ڕووەو حەوشە بەسەر ئێمەدا دەیڕوانی. چاکەتێکی ڕەش و پانتۆڵێکی سپی و بۆیمباخێکی گوڵڕەشی جوانی بەستبوو، پیاوێکی شۆخ و کەڵەگەت باڵا شووشەیی بوو. دوای ئامۆژگاری وتی: ئەی جگەرگۆشە و نیهاڵانی شارەکە هیوادارم بەباشی بڕۆن و بەسەلامەتی بگەڕێنەوە و ڕووی وڵاتەکەتان سپی بکەن.

پاش ئەمە ئەو ڕۆیی و ئێمەش سواری لۆری بووین بۆ کەرکوک کەوتینە ڕێگە و هەر ئەو شەوەش بەشەمەندەفەر چووین بۆ بەغداد، بۆ بەیانی لە (باب المعظم)ەوە بەپێ چووین بۆ دەشتی دیدەوانی کە بەرامبەر کۆشکی شاهی (بلاط الملكي) لەسەر ڕێگەی میانی بەغداد- أعظمیەدا بوو کە گەیشتینە ئەوێ کاک داود چووە بەڕێوەبەرایەتی هەوارگە و زەلامێکی لەگەڵ خۆی هێنا و جێگەی تایبەتی سلێمانی نیشان داین کە کەوتبووە باکوری دەشتەکەوە. لەوێ چوار چادر و چەند دەواریکمان هەڵدا. لەژێر یەکێ لە دەوارەکاندا کە لە هەموویان گەورەتربوو پێشانگایەکی بەروبوومی کشتوکاڵی و پیشەسازی لیوای سلێمانیمان بەشێوەیەکی جوان و ڕازاوە ڕێکخست.

بەڕێوەبەری هەوارگە لەمیانی هەموو لیواکاندا لە ڕووی پاک و خاوێنی و گورجوگۆڵی و ئازایی و شەو بێداریدا نەردێنێکی دامەزراند، لە ئەنجامدا سلێمانی یەکەم دەرچوو، چونکە یەکەم لیوا بوو، کە دزەکانی بەڕێوەبەری هەوارگە نەیانتوانی دزی لێ بکەن بەتایبەتی لە شەودا. لە پاداشتی ئەم بەیەکەم دەرچوونەدا (بەیانیان هەڵکردن و ئێواران داگرتنی ئاڵای عیراق) کە لە ناوەڕاستی هەوارگەکەدا بوو درا بەسلێمانی، کە لەوە پێش بەدەست قوتابخانەی ئامادەیی مەرکەزی لە بەغداد بوو. یەکەم ئێوارەی داگرتنی ئاڵای عیراقی لەکاتی داگرتنیدا زۆرخراپ هاتن بەگژماندا و بوو بەشەڕە تێلا، ئەگەر وریایی و گورجوگۆڵی مامۆستای وەرزشی ئێمە و بەڕێوەبەری هەوارگەی دیدەوانی فازل جەمالی نەبوایە کە ئەو حەلە ڕاوێژکاری وەزارەتی زانیاری بوو، ئەنجامی خراپی لێ پەیدا دەبوو.



ئەم هەوارگەیە لە پێشەوە وتمان چونکە شتێکی تازە بینراو بوو شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، یەک لەیەکی خۆشتربوو، شەوان بەهەزاران کەس بۆ تەماشاکردن و گوێگرتن دەڕژانە ناو قوتابییەکانەوە، هیچ شتێک قەدەغە نەبوو، هەر لیوایەک لە جێگەی تایبەتی خۆیدا ئاهەنگ و بەزمی دەگێڕا، گۆرانی و هەڵپەڕکێ و یاری کە هەڵبسووڕایە دەکرا، بەڕاستی هەوارگەی سلێمانی لە هەموو ئەوانیتر قەڵەباڵغتر بوو، ئەمەش وا دەزانم لەبەرئەوە بوو ئەو کردەوە و چالاکییانەی کە سلێمانی دەیکرد لەوانیتر جوانتر و نایابتر و خۆشتر بوو. هەوارگەکە بووبووە دیواخانی قوتابییانی باشوور و بەشی ناوەندی عیراق. زۆر قوتابی کە دەهاتن بۆلامان هەر لە دوورەوە باوەشیان دەکردەوە و باوەشیان پێدا دەکردین وەک برایەکی لە دوورهاتبێتەوە ئەملا و لایان ماچ دەکرد و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەی وت منیش کوردم.

ڕۆژی نومایش پێنج هەزار دیدەوان بەجلی دیدەوانی زۆر نایاب و جوانەوە بەبەردەمی مەلیک غازی و دانیشتواندا بەدەنگی ئەو تیپە موسیقا سەربازییەی کە لە ناوەڕاست لێ دەدرا تێپەڕبوو، دوای ئەم نومایشە هەندێک قوتابی بەجلی عەرەبییەوە و سلێمانی بەجلی کوردییەوە چەرخەیەکی ترمان کرد، عەرەبەکان بەهۆسەی عەرەبییەوە و ئێمەش بەسرووددی نیشتمانی جوانی شیاوی ئەو ڕۆژەوە کە بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی هەموو ئەوانەی کە لەوێ بوون. دوای ئەمە یارییەکان دەستیان پێکرد کە بریتی بوون لە ڕاکردنی ١٠٠م، ٢٠٠م، ٤٠٠م، ١٥٠٠م، یەک باز، سێ باز، بازدان بەسەر ئەسپی داردا، بازدان بەزانە بازی بەرز، فڕێدانی تۆپ و قورس و ڕم، یاری کورسی کورسی و گەلێکی تر. لە ئەنجامی یارییەکاندا قوتابییەکمان لە سێ بازدا یەکەم دەرچوو بەڵام بەفاوڵیان دانا، هەرچەند مامۆستاکەمان زۆر هەوڵی دا کە هیچ نەبێت ئەو قوتابییە بانگ بکەنەوە بازێکی تر بدات یان بەدووەمی دانێن تەقەلاکەی بێ سوود مایەوە، ئەمە بوو بەهۆی زویری هەموومان بەتایبەتی چونکە یەکەم لەو یارییەدا لە قوتابخانەی ئامادەیی مەرکەزی بەغداد بوو.

لە ماوەی مانەوەماندا ڕۆژێک بڕیار درا کە قوتابیانی سلێمانی بچن بۆ بینینی سەددەی هیندییە. پێویست بوو بۆ ئاگاداری هەوارگەکە دوو قوتابی بهێننەوە، وا ڕێکەوت ئەو دوو قوتابییە من و کاک محەمەد مەجید ئەفەندی کانی ئاسکان بووین. ڕۆژی دوایی کە قوتابییەکان هەموو ڕۆیشتن کاک محەمەد تکای لێکردم ماوەی بدەم کە بچێت بۆ ناو بەغداد چونکە فرمانێکی گرنگی هەیە، کە ئەویش ڕۆیشت بەتەنیا مامەوە، بەناچاری هەر چاوێکم کردبوو بەچوار بۆ پاراستنی شتومەکی ناو هەوارگەکە. بۆ ئەم مەبەستە چوومە ناو چادرە بچکۆلەکەی بەر دەرگاکە و تەماشای هەموولایەکی هەوارگەکەم دەکرد، لەپڕ چەند ئەفسەرێکی پایەبەرز ڕژانە ناوەوە یەکێکیان بەدەنگی بەرز و بەتووڕەییەوە وتی کوانی مامۆستا، تەلەبە لەکوێن، منیش زۆر لەسەرخۆ وتم هەر من لێرەم هەموو چوون بۆ سەیری سەددەی هیندییە، کابرا چارەی نەما وتی خاوەن شکۆ دێت بزانە چۆن پێشوازی دەکەیت و چۆنی قسە لەگەڵ دەکەیت، بۆیە بەپەلە خۆم کۆکردەوە و جلەکانم ڕێکوپێک کرد و لەبەر دەرگا ڕاوەستام، کە مەلیک هات بەتەنیا سلاوی دیدەوانیم بۆ کرد، یەکێک لە ئەفسەرەکان پێی وتم پێشکەوە ببە بۆ بەشی پێشانگا، ئەویش زۆر ورد و لەسەرخۆ یەکەیەکە لە شتومەکەکان ورد دەبووەوە تا گەیشتە سەر باسووق و سجووق،

وتی ئەمانە چین و بۆچی باشن، وتم ئەمانە لە ترێ دەکرێن و دەخورێن، سەلکێ باسووقم هەڵگرت و کردم بەدوو لەتەوە، لەتێکیانم نایە دەممەوە ئەویترم دایە دەست ئەو (بیستبووم ئەوەی شتی خواردن بدات بەپادشایان دەبێت خۆی لە پێشا لێی بخوات) مەلیک باسووقەکەی لێ وەرگرتم و خستیە دەمیەوە، بەتیلایی چاو کە سەرنجم تێبڕی دیم ڕووی کرد بەولاوە و تفی کردەوە. کە هەموو پێشانگاکە گەڕا لەوەدەچوو زۆری پێ خۆشبوو، خێراخێرا قسەی لەگەڵ دەکردم و پێدەکەنی، لام وابوو بۆیە زۆر قسەی بۆ دەکردم و شتی لێ دەپرسیم چونکە عەرەبی گفتوگۆکەمی لە لا سەیربوو.

لەکاتی چوونە دەرەوەیدا کە گەیشتە بەردەمی ئەو مێزەی کە دەفتەرێکی لەسەر بوو دانەویەوە و دەفتەرەکەی کردەوە، وتی پێنووسێکم بدەرێ، کە خۆم گەڕام پێم نەبوو، ئاوڕم دایەوە بۆ لای ئەو زەلامانەی کە لەودیو چیغی دەوری دەوارەکەوە ڕاوەستابوون، لەگەڵ ئاوڕدانەوەمدا دیم دە دەوانزە دەست بەپاندانەوە ڕووەو من درێژبوو، هەریەکەیان تکایان لێدەکردم پاندانەکەی ئەو وەرگرم، منیش یەکێکیانم وەرگرت و دامە دەستی و سەرم شۆڕکردەوە بزانم چی دەنووسێت، کە وردبوومەوە لە شێوەی ئیمزادا نووسی غازی یەکەم (غازي الأول)، پاندانەکەشی دایەوە دەست من و منیش دامەوە بەخاوەنەکەی. هەر لەو جێگەیەدا نرخی ئەو پاندانە گەیشتە دە دینار چونکە مەلیک ئیمزای پێ کردووە، ئەوەی ڕاستی بێت منیش زوێری ئەوە بووم چۆن شرەپاندانێکم پێ نەبوو بیدەمە دەستی دواییش بەهەموو نرخێک دەم فرۆشت، بۆ من زۆرباش بوو بەتایبەتی لەوکاتەدا کە لە بەغداد بووم.

دوای ئەوەی مەلیک بەشی پێشانگاکەی تەواوکرد چووە دەرەوە منیش لەدوایەوە ڕۆیشتم تا دەرگای هەوارگەکەی خۆمان و لەوێ سواری ئەسپەکەی بوو، لەکاتی سواربووندا سەرنجم دا ئەوەندە لاوازبوو هەردوو ئێسقانی کلۆتی دەرپەڕیبوو. کە ئەو ڕۆیی گەڕامەوە ژێر چادرە بچووکەکەی لای دەرگای دەرەوە زۆری پێنەچوو کابرایەک وەک لە دەشتی شارەزووردا بێت لە دوورەوە بانگی دەکرد سلەیمانی هۆ سلەیمانی، بەلامەوە لەلایەک خۆش و لەلایەک سەیربوو بۆیە بەڕاکردن ڕامکردە دەرەوە کە تەماشام کرد بەجلی کوردییەوە یەکێک ڕووبەڕووم هات، کە وتم چیت دەوێت وتی شێخ دێت بۆ ئێرە وتم شێخ کێیە وتی چۆن نایناسیت شێخ مەحموودی گەورە، کە وای وت زۆرم پێ خۆشبوو وتم باشە بەخێر بێت، دوای ئەمە ئەوەندەی نەخایاند شێخ تەشریفی هات، پیاوێکی تری لەگەڵ بوو کە ویستم دەستی ماچکەم نەیهێشت و دەستی گوشیم و فەرمووی تۆ کوڕی کێیت لە سلەیمانی وتم من لادێییم و خەڵقی سلەیمانی نیم کە وام وت فەرمووی زۆرم پێ خۆشە لادێکانمان تەلەبەی وەک تۆیان تێدا هەڵکەوتووە، خەڵقی کام لایت و کوڕی کێیت وتم خەڵقی سیتەکم و کوڕی شێخ جەلالم. تۆزێک وەستا وەک بیر لە ڕابوردوویەک بکاتەوە، فەرمووی خاڵۆزای خۆمی، دوای ئەوە ڕووی کردە دەواری پێشانگاکە و من لە دوایەوە پیاوەکانیش بەدوامانەوە چووینە ژوورەوە، بەوردی لە شتومەکەکان ورد دەبووەوە تا گەیشتە باسووق و سجووقەکە و دەسەسڕێکی دەرهێنا و ڕایخست یەک دوو چنگی تێکرد، کە تەماشام کرد خەیاڵی وایە هی تریش تێ بکات وتم قوربان ئەوە ئەشیای پێشانگاکەیە، مەلیک غازی لێرە بوو لەتە باسووقێکم دایە خستیە دەمیەوە و تفی کردەوە. لە وەڵامدا فەرمووی جا ئەو چۆن زانی ئەمە چییە، تۆ دوعا بکە هەمووی



هەڵناگرم چونکە زۆر دەمێکە باسووق و سجووقی وا نایابم نەدیوە. دوای ئەمە دەسەسڕەکەی دایە دەست یەکێ لە پیاوەکانا و هەموو لەژێر دەوارەکە هاتینە دەرەوە ڕووی کردە چادرە بچووکەکە و چووە ژوورەوە چوار مەشقی لەسەر زەویە ڕووتەکە دانیشت من خەریک بووم بچم ژێر ڕاخەرێکی بۆ بێنم فەرمووی وەرە دانیشە زەویەکە پاکە و ئەم جۆرە دانیشتنەش دانیشتنی خۆمانەیە.

بەڕاستی ڕێکەوتەکەم زۆر پێ خۆشبوو چونکە تا ئەو حەلە بۆم ڕێنەکەوتبوو لە خزمەتی شێخی ناوبراودا ئاوا دابنیشم و گفتوگۆی لەگەڵ بکەم. پاش ماوەیەک پرسیار و وەڵام لە بابەت سلەیمانییەوە (لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت پیاوێکی ڕووخۆش، دەم بەپێکەنین، نیکتەباز، قسەخۆش، بێ هەوا، شیعر دۆست و ئەدەب ئاشنا و نموونەی کوردێکی پەتی لە ڕەوشت و خوو و هەڵسان و دانیشتن و گفتوگۆدا) دوا پرسیاری فەرمووی ئێستە باوکت لە کوێیە و خەریکی چییە؟ وتم نووسەرە لە دادگای چەمچەماڵ، ڕەنگێکی هێناوبرد فەرمووی شێخ جەلالی موفتی شارباژێڕ ئێستە کاتبە، حەیف! وتم قوربان ئەی چی بکات ماڵەکەمان سووتا و هیچمان بۆ دەرنەچوو، بۆیە ناچاربوو بەهەموو شتێک ڕازی بێت، تێگەیشتم بەمەیان زیاتر دڵگیر بوو وەک بیری بکەوێتەوە، کە سیتەک بەهۆی ئەوەوە بۆردوومان کرا. لەم کاتەدا هەڵسایە سەرپێ و فەرمووی خوا گەورەیە و ڕووەو دەرەوە ڕۆیشت، منیش تا دەرگای دەرەوە بەڕێم کرد و گەڕامەوە بۆ ژێر چادرەکە.

ئێوارە کە دیدەوانەکانمان هاتنەوە مامۆستای وەرزش پێش ئەوەی چاوی بەمن بکەوێت چووبووە بەڕێوەبەرێتی هەوارگەکە لەوێ پێیان وتبوو کە مەلیک غازی چۆتە هەوارگەی سلەیمانی و زۆریش ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆیە کە هاتەوە لە دوورەوە چاوی بەمن کەوت وتی زۆر سوپاست دەکەم و ڕووی سلەیمانیت سپی کرد، کە بۆم گێڕایەوە شێخ مەحموودیش تەشریفی هێناوە و بەخۆشیشەوە ڕۆیشتووە ئەوەندەی تر مامۆستای وەرزش دڵخۆش بوو، هەموو داخی ئەوەبوو کە خۆی لەوێ نەبوو بەخزمەت شێخ بگات، چونکە خۆی وتی دەمێکە ئاواتەخوازم کە چاوم بەشێخ بکەوێت ئەوا بەخت یاریدەی نەدا.

## خوێندن لە بەغداد

پاش تەواوبوونی ماوەی هەوارگە، هەر لیوایە گەڕایەوە بۆ جێگەی خۆی، لەبەرئەوەی ساڵی خوێندن لە تەواوبووندا ئیتر جموجۆڵی مەکتەبەکان لە هەموو ڕوویەکەوە وەستێنرا بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی دوایی ساڵ. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی دوایی ساڵدا هەندێک لە قوتابیانی پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچوون، بەڵام ئەوانەی دەستدار و دەوڵەمەند نەبوون دەرچوونەکانیان بوو بەگیروگرفت، چونکە لەو ساڵەدا قوتابخانەی ئامادەیی تەواو هەر لە بەغداد و مووسڵ و بەسرە و کەرکووک هەبوون کە بریتی بوون لە سێ پۆلی ناوەندی و دوو پۆلی ئامادەیی. لە بەغدادی پایتەختدا تەنیا دانشگای پزیشکی و کۆلیجی حقوق و ماڵی مامۆستایانی سەرەتایی هەبوو. هەموو ئەو قوتابییانەی کە لە لیواکان لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەردەچوون و دەستکورت بوون بەتەمای چوونە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان بوون لە بەغداد چونکە مەسرەفی لەسەر میری بوو لەوێ خوێندن تەواو

بکەن و بین بەمامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکان.

لە سەرەتای پشووی هاوینی ئەو ساڵەدا بەناوی مژدەوە ڕۆژنامەکانی پایتەخت نووسیان میری بڕیاری داوە کە قوتابخانەی ئەندازیاری بکاتەوە، ئەم قوتابخانەیە قوتابی دەرچووی پۆلی سێیەم وەردەگرێت، دوای خوێندنی سێ ساڵە مانگی بە (١٢) دینار دائەمەزرێن بەئەندازیار، کەچی دەرچووانی قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان کە هەر لە دەرچووانی پۆلی سێیەمی ناوەندی وەرئەگرن و سێ ساڵیش دەخوێنن مانگی بە (١٠) دینار دەکران بەمامۆستا، بانێکە و دوو هەوا.

بەپێی نووسینی ڕۆژنامەکان بڕیار وابوو لەهەر لیوایەک دوو قوتابی وەربگیرێت لەسەر مەسرەفی میری کە پێیان دەوتن (لەیلی)، چەند قوتابییەکیش لەسەر مەسرەفی خۆیان، بەمانەشیان دەوت (نەهاری).

لەڕاستیدا کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە هیوایەکی باشی بەقوتابی دەستکورت پەیداکرد هەرچەند دوایی سەلماندیان کە ئەمە وانیە و پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە دەوڵەمەندیش بوایە ئەگەر ئەرخەی هەبوایە وەردەگیرا و دەخرایە جێگەی قوتابی هەژار. با هەژاری ڕاستەقینەش هەر لە دوورەوە زەقەی چاوی بهاتایە، هەزار سکاڵا پوولێکی نەدەهێنا و گوێی لێ نەدەگیرا. جا هەر چۆن بێت و لەسەر ئەو قسەیەی کە دەڵێت دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە و لەبەرئەوەی بەپێی نووسینەکانی ڕۆژنامەی پایتەخت هەموو ئەو مەرجانەم تێدابوو کە پێویست بوو بۆ قوتابخانەی ئەندازیاری و بۆ قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان بۆیە بۆ هەردوو قوتابخانەکە چی ئەوراق پێویست بوو کردم و بەهۆی بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی ناوەندییەوە دام بەبەڕێوەبەرێتی زانیاری سلێمانی کە تازە دامەزرابوو، پێش ئەوە سلێمانی بەر ڕکێفی بەڕێوەبەرێتی کەرکووک بوو، یەکەم بەڕێوەبەری زانیاری سلێمانی ناوی عەبدولمەجید یوسف بوو، لە سەرا کۆنەکەدا هەموو بەڕێوەبەرێتی زانیاری لە یەک ژووردا بوو.

کە کاتی وەرگرتنی قوتابی هات و وەرزی کردنەوەی قوتابخانەکان نزیکبووەوە، ئەو قوتابییانەی کە هەندێک دڵشاد و هەندێک دڵتەنگ ڕێگەی بەغدادمان گرت، ئەوانەی باوک و کەسوکار دەوڵەمەند بوون یان خزمی دەست ڕۆیشتوویان هەبوو لە بەغداد، شادمان بوون چونکە دەچنە بەغداد و لەوێ دەخوێنن، ئەوساکە چوونە بەغداد شتێکی نایاب و خۆی پێوە بادەدرا نەخوازەڵا لەوەی بۆ خوێندن بچوایە ئەوە ئەوپەڕی بوو. ئەوانەی باری ئابووریان نالەبار بوو ئەوانە بەڕووی کراوەوە ئەکەوتنە ڕێگە، چونکە خوا دەزانێت لەو قوتابخانەیەی کە داوایان کردووە وەردەگیرێن یان نا، خۆ ئەگەر وەرنەگیران لەو دوور وڵاتە هاواربەرن بۆ کێ بەتایبەتی ئەوانەی لەپێشەوە دەیانزانی هەزار هاوار بکەن کەس ناچێت بەدەنگیانەوە.

من یەکێک بووم لەو قوتابییانەی کە بەشادمانی نەڕۆیشتم لە چەمچەماڵ چوومە خزمەت باوکم، باسەکەم تێگەیاند فەرمووی باشە کوڕم ڕەنگە ئێستە پارەت پێ بێت (دەیزانی دەرسی تایبەتی دەڵێمەوە و لە زانستیش مانگانەم هەبوو) وا سەری مانگیش نزیکە بڕیارە هەموو مانگێک دینارێکت بۆبنێرم، لەهەر قوتابخانەیەک وەرگیرایت ناونیشانی خۆتم بۆ بنێرە، ئەوسا منیش پارەت بۆ دەنێرم. دوای ئەمە و ماڵئاوایی گەڕامەوە بۆلای هاوڕێکانم. سواربووین گەیشتینە کەرکووک تا خۆرئاوا خۆمان خلافان ئەوسا



بەعەرەبانەی ئەسپ چووین بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر، دوای بڕینی تکت سواربووین (کە بایی چوار پەنجایی بوو) بەدرێژایی شەو ڕۆیشتین لەگەڵ خۆرهەڵاتدا گەیشتینە بەغداد، ڕێگە و جێگەی قوتابخانەی ماڵی مامۆستایانمان دۆزییەوە کە لە بەری کەرخ بوو، ڕۆژی موقابەلەیان بۆ دەستنیشان کردین، بۆ ڕۆژی دواییش ڕێگە و جێگەی قوتابخانەی ئەندازیاریشم دۆزییەوە، هەرچەندە لەگەڵ خودی خۆشمدا کە دەکەوتمە لێکدانەوە هیچ بەدڵمدا نەدەهات لەوێ وەربگیرێم لەسەر مەسرەفی میری، با بەزیادەوە هەموو مەرجەکانیشم تێدا هەبێ بۆچی؟

چونکە بڕیار وایە لەهەر لیوایەک دوو قوتابی وەربگیرێت لەسەر مەسرەفی میری، ئێمەش ئەو قوتابییە موبارەکەمان لەگەڵە کە لە پۆلی یەکەمدا مانگانەکەی منیان بڕی و دایان بەو، لەهەمان کاتدا خزمێکی پایەبەرز محەمەد ئەمین زەکی بەگمان لەگەڵە کە ئەو حەلە وەزیری ئەشغال و ڕێگەوبان بوو قوتابخانەکەش تابعی وەزارتەکەی ئەوبوو، ئەم قوتابییەی خزمی وەزیر ئیکمال بوو، بەپێی مەرجەکانی قوتابخانەی ئەندازیاری نەدەبوو لەسەر مەسرەفی خۆشی وەربگیرێت بەڵام ئاڵوگۆڕی ئەم ڕاستییە بۆ وەزیرێکی ئەو زەمانە وەک ئاوخواردنەوە وایە.

بەم سەبارەتە نووسراوێکم نووسی، پیشانی عەرەبی زانێکی باشم دا هەندێک بۆی دەستکاری کردم، ئەمەش ناوەڕۆکی نووسراوەکەیە:

بەڕێز بەیوەبەری قوتابخانەی ئەندازیاری

دوای سڵاو و دۆعای خێر بۆ کردن من قوتابییەکم لە سلەیمانییەوە هاتووم هەموو مەرجە پێویستییەکانی قوتابخانەی ئەندازیاریم تێدا هەیە تەنیا مەرجێک نەبێت ئەویش ئەوەیە ئەرخەم نییە، بۆیە لەم بابەتەوە ئاگادارتان دەکەم و تکاتان لێ دەکەم کە ماوە نەدەن غەدرم لێ بکرێت چونکە لەسەر مەسرەفی میری نەبێت ناتوانم بخوێنم هەرچەند بیستووشمە کە ئێوە پیاوێکی حەقپەرست و لایەنگری بێ دەستانن بەڵام بۆ دڵنیایی ئەم نووسراوەم پێشکەش کردن، ئیتر هیوادارم سەرکەوتوو بن.

ئەبوبەکر شێخ جەلال/ قوتابی داواکار

نووسراوەکەم خستە گیرفانمەوە بێ ئەوەی بەکەس بڵێم، سواری پاس بووم چووم بۆ کەڕادە بۆ قوتابخانەکە و چوومە بەردەمی ژۆری بەڕێوەبەر کە ناوی داود قەیسەر بوو، دەرگای ژوورەکەی پێوەدرابوو، تاوێک ڕاوەستام تا کرایەوە، کە بەڕێوەبەر سەری هەڵبڕی و منی دی وتی کوڕم بۆ ڕاوەستاوی ئەگەر ئیشت هەیە فەرموو وەرە ژوورەوە، چوومە ژوورەوە دوای سڵاو نووسراوەکەم دایە دەستی، چاوێکی پیا خشاند و سەری هەڵبڕی تەماشایەکی کردم و دیسانەوە دەستی کردەوە بەخوێندنەوەی، بەزەردەخەنەیەکەوە تەماشایەکی تری کردمەوە و لە چاوی مێزەکەی دۆسێیەکی دەرهێنا و تاوێکی باش پەڕەپەڕەی کرد و تاوەودوا وتی تۆ ڕاست دەکەیت کوڕم هەموو مەرجەکانت تێدایە و یەکەم قوتابیت لە سلەیمانی کە

پێویستە لەم قوتابخانەیە وەربگیرێیت، منیش ئەرخە و ئەرخەکاری نازانم، لەسەر حەق قوتابی وەردەگرم، من پەیمانت دەدەمێ خۆت بەوەرگیراو بزانە بەمەرجێک وەزیر بەربەرەکانی نەکات، وەزیریش لە خۆتانە. لە وەڵامدا وتم منیش لەوە دەترسم وتی بۆچی هیچ ناکۆکییەک هەیە لەمیانی خێزانی ئێوە و خێزانی وەزیردا، وتم نەبەخوا ناشم ناسێت بەڵام قوتابییەک هەیە خزمێتی، ئیکمالە و بەهیچ ڕەنگێک توانای بڕینی قوتابخانەی ئەندازیاریشی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک بیستوومە پەیمانی بەو داوە. وتی ئاخر تۆ یەکەم موستەحەقی، وتم دووەم موستەحەقیش ئەرخەی گەورەی دەستداری هەیە لە بەغداد. پاش تۆزێک بێدەنگ بوون وتی باوەڕ ناکەم وەزیر ئەم غەدرە ئاشکرایە بکات، جێگەی تۆ بە بەتاڵی بهێڵێتەوە تا ئەنجامی دەوری دووەم دەردەچێت وتم یاخوا وابێت، لەمە سەیرتر ئەو قوتابییە لە دەرسەکانی ژمێرەدا ئیکمالە بۆیە گومانم نییە تا ماوە پۆلی یەکەمی ئەو قوتابخانەیە نابڕێت. تەنیا ئەوەیە لەکیس منی دەدات. دوای ئەمە دیسانەوە وتی وەک پێم وتیت مەگەر وەزیر نەیەڵێت ئەگینا تۆ وەرگیراویت و حەقی خۆتە، ڕەنگە لەگەڵیشم بیت ئەگەر بڵێم دەسەڵاتی وەزیرم نییە و دەرەقەتی نایەم.

پاش ئەمە لێکم دایەوە درێژەکردنەوە لەگەڵی بێ سوود و قسەکانیشی پیاوانە بوو، بۆیە ماڵئاواییم کرد و هاتمە دەرەوە بەبێ ئەوەی زۆر و کەم هیوای وەرگرتنم هەبێت. خۆرئاوای ڕۆژی دووەم چوومە ئوتێلی (بین النهرین) لە نزیک پردی کۆن کە ئێستە ناوی پردی (الشهداء)ە لەوێ مامۆستای خوالێخۆشبوو نوری حاجی سالح ئاغا کە هەر لەو کاتانەدا بووبوو بەچاودێری ناوخۆیی قوتابخانەی ئەندازیاری، هەر لە دوورەوە وتی مژدەم بەرێ وەرمان گرتیت بە (لەیلی)، ئەوە ناسیاویتان هەیە لەگەڵ داود قەیسەردا، دیاربوو زۆری مەبەست بوو کە تۆ وەربگیرێیت، لە وەڵامدا وتم سوپاستان دەکەم جا هەموو شت بڕایەوە؟ وتی هەر ئیمزای وەزیری ماوە، کە وای وت تا ئەژنۆم وشک بوو چونکە هێشتا لە پلەی خەتەر تێنەپەڕیوە.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی تر لە ئوتێلەکە هاتمە دەرەوە ڕۆژنامەفرۆش بانگی دەکرد ناوی قوتابییە وەرگیراوەکانی قوتابخانەی ئەندازیاری، بەپەلە دانەیەکم کڕی، وەک شێت ئەمدیو و ئەودیوم کرد ناوەکانم دۆزییەوە کە تەماشام کرد لەناو ئەو ناوانەدا کە بەلەیلی وەرگیراون ناوی منی تیا نییە، لەناو نەهارییەکاندا یەکەم ناو منم، بۆیە دەستبەجێ سواری پاس بووم بۆ کەڕادە بۆ قوتابخانەی ئەندازیاری، یەکسەر بۆ ژووری بەڕێوەبەر، کە چاوی پێم کەوت زۆر بەعاجزییەوە دەستی برد و ئەو دۆسیەیەی کە لەبەردەمیا بوو کردیەوە فەرمووی تەماشاکە، کە تەماشام کرد ناوی من لەو ئیستیمارەیەی کە ناردوویەتی بۆ وەزیر یەکەم ناوە لەو بەشەدا کە لەسەر مەسرەفی میری وەرگیراون بەڵام خراوەتە کەوانەیەکی سوور و لە کەوانەکەوە هێڵێکی سوور کێشراوە و براوەتە ناو نەهارییەکانەوە، لەوێ ناوەکەم نووسراوە، دوای ئەوەی بەوردی نیشانی دام و وتی کوڕم ئەم هێڵە سوورە و بردنی ناوەکەت بۆ ناو نەهارییەکان نووسینی وەزیر خۆیەتی، خۆشت دەزانی وەک جاری پێشوو پێم وتیت بەربەرەکانی وەزیرم پێ ناکرێت. بەڵام چونکە دەزانم غەدرت لێ کراوە یەک مانگ لەسەر حسابی خۆت لە نەهاری دەوام بکە من پەیمانت دەدەمێ هەر چی بکەوێت لەسەرم دەتکەم بەلەیلی. لە وەڵامدا وتم بەخوا ناتوانم یەک ڕۆژ دەوام بکەم چونکە وەک



مەرجەکانی وەرگرتن دەڵێن نەهارییەکان پێش دەوام بایی چەند دینارێک شتومەک و ئامرازی ئەندازیارییان دەوێت، بێجگە لە نوێن و جێگەی نووستن و خواردن، وتی بەڵێ ئەمانە هەموویان پێویستن منیش وتم هەرگیز ئەمانەم بۆ هەڵناسووڕێت، خوا ماڵی وەزیر ئاوا بکات وەک منی کرد بەوەڵی و خاوەند کەرامەت. (لەڕاستیدا جێگەکەی منی بە بەتاڵی هێشتەوە تا ئەنجامی تاقیکردنەوەی دەورەی دووەمی قوتابخانەی ناوەندی، ئەو حەلە تەلەبەکەی خزمی داخل کرد، هەرچەند ئەوسا و ئێستەش پۆلی یەکەمی نەبڕی. دوایی هەر بەهۆی ئەرخەوە بوو بەئەفسەر).

پاش ئەوە کە زانیم بەڕێوەبەر هیچی پێ ناکرێت، پیاو حەقیش بڵێت گوناهی ئەوی تێدا نەبوو ماڵئاواییم لێ کرد و هاتمە دەرەوە. ئەو ڕۆژەش ڕۆژی موقابەلەی قوتابییانی ماڵی مامۆستایان بوو، لە دڵی خۆمدا وتم سەیر دەبێت تا دەگەمە ئەوێ نۆرەی موقابەلەم بێت لەبەر ئامادە نەبوون و زۆری داواکار لە سلێمانییەوە لەوێش وەرنەگیرێم، ببم بەکوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو، بۆیە زۆر بەپەلە سواری پاس بووم دەمویست پاسەکە باڵ بگرێت، کە گەیشتمە ئاکاری پردی کۆن دابەزیم و بەڕاکردن پەڕیمەوە، پردەکە داربوو لەسەر بەلەم و دوبەی گەورە گەورە دانرابوو، کە ئوتومبێلی بەسەردا بڕۆیشتایە ئەوەندە بەرزونزم و ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد ئەو زەلامەی لەسەری بوایە تەواو ترسی لێ دەنیشت، هەر چۆن بوو بەهەنسکەبڕکێ گەیشتمە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان، کە گەیشتمە حەوشە و ڕووم کردە ژووری بەڕێوەبەر یەکێک لە هاوڕێکانم بانگی کردم ئەوە لەکوێیت خێراکە ئێستە نۆرەی شاری سلێمانییە بەگەیشتنم بۆ بەردەرگای ژووری بەڕێوەبەر ناوی منیان خوێندەوە، بەبێ وەستان یەکسەر چوومە ژوورەوە. بەڕێوەبەر پیاوێکی شۆخی جوان ناوی خالد هاشمی بوو، دەم بەپێکەنین و قسەخۆش بوو، تەماشایەکی ئیستیمارەکەی منی کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە وتی ناوت چییە، وتم ناوم ئەبوبەکرە، ئەوەش ئەزانم ئەبوبەکر ناوی عەلەم نییە، کونییەیە، ئەگەر بەجوانیشی نازانیت ئەوە تاوانی من نییە چی بکەم وا ناونراوم. بەڕێوەبەر زانی پێکەنینەکەی ئەو وای لێکردم بەو ڕەنگە وەڵام بدەمەوە بۆیە وتی ناکوڕم ئەبوبەکر ناوێکی جوان و پیرۆزە و بەرزە لە لای ئێمە، بەتایبەتی یەکەم ناوە لە هەموو قوتابخانەکەدا. دوای وردبوونەوە لە بەژن و باڵام و چەند پرسیارێکی ئاسان وتی فەرموو بچۆرە دەرەوە بەڵام ئامۆژگاریم ئەوەیە لەگەڵ برا عەرەبەکانت تێکەڵی پەیدا بکەیت بۆ ئەوەی عەرەبی قسەکردنەکەت ڕەوانتر و باشتر ببێت.

بەم قسەیەی وا تێگەیشتم کە من وەرگیراوم، سڵاوم بۆ کرد و چوومە دەرەوە. برادەرەکانم کە لەبەر دەرگا چاوەڕێم بوون هەندێک پرسیاریان لێ کردم لە بابەت پرسیار و وەڵامی ژوورەوە، منیش حاڵیم کردن کە پرسیارەکان سووک و ئاسان و ڕۆتینیە. دوایی پێیان وتین کەس نەڕوات، دوای نیوەڕۆ ناوی وەرگیراوەکانیان خوێندەوە، لە شاری سلێمانییەوە حەوت قوتابی بووین شەشمان وەرگیراین، ئەوەی وەرنەگیرا ماڵی خوشکی لە بەغداد بوو ئەو ساڵە چووە چواری ئامادەیی، بەڵام دەرنەچوو ساڵی دوایی هاتەوە بۆلای ئێمە، بەم سەبارەتە ساڵێک درەنگتر بوو بەمامۆستای سەرەتایی.

دوای ئەوەی ناوی قوتابی وەرگیراویان ئاشکراکرد کە لە هەموو وڵاتی عێراقدا (٩٠) قوتابی بوو،

پێیان ڕاگەیاندین هەر قوتابییەک کە وەرگیراوە دەبێت بەیانی بەخۆی و ئەو شتومەکانەیەوە کە بەپێی مەرجەکانی وەرگرتن داوای لێ کراوە لە قوتابخانە ئامادە بێت.

ئەو شتومەکانە کە پێویست بوون ئەوەندە زۆربوون بەکەم قوتابی هەڵدەسووڕا، بۆیە بوونە کۆسپێک لە چوونە قوتابخانە، بەتایبەتی کە سەرۆک فەڕاشانی بەشی ناوخۆیی عومەر چاوەش هاتە پێشەوە بەتووڕەییەوە وتی لە ئێستەوە پێتان دەڵێم هەرکەسێ یەک شتی ناتەواو بێت وەری ناگرم، بۆیە کەوتینە مقۆمقۆ لەگەڵ یەکتری، دەمان وت جا بەم پەلەپەلە ئەم هەموو شتانە لە کوێ ئامادە بکەین، پارە لە کوێ بێنین. ئێمە لەم مشتومڕ و بەیەکدا چوونەبووین بەڕێوەبەر هاتە دەرەوە ڕووبەڕوومان وتی ها چیتان دەوێت، یەکێکمان وەڵامی دایەوە وتی ئێمە هاتووین بخوێنین، زۆریشمان دەستمان کورتە، ئەم هەمووشتومەکە لە ئێستەوە تا بەیانی لەکوێ جێبەجێ بکەین. بەڕێوەبەر ئاوڕی لەو ئەفەندیە دایەوە کە لە دوایەوە بوو وتی یاریدەیان بدە و چاو لە ناتەواویان بپۆشە. ئەفەندیەکە وتی ئەمر دەکەی.

بۆ بەیانی چووینەوە قوتابخانە ڕیزیان کردین، باوڵەکانیان پێ کردینەوە، چاودێری ناوخۆیی و عومەر چاوەش ورد ورد وەک بۆ ماڵی قاچاخ بگەڕێن دەستیان کرد بەگەڕانی ناو باوڵەکان، دوایی بردینیانە قوتابخانەی ناوەندی ئەو حەلەی کەرخ، کە نهۆمی دووەمی بەشی ناوخۆیی قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان بوو. لە نزیک ئەوەوە لە خانوویەکی تردا لە گوێ ڕووباری دیجلە (کە دوایی کرا بەبیمارستان) دەمانخوێند.

وەک وتمان ئەو ساڵە (٩٠) قوتابی وەرگیرا بۆ پۆلی یەکەمی قوتابخانەی مامۆستایان، ڕۆژنامەکانی پایتەخت بەناوی مزگێنییەوە کردبوویان بەگاڵە، چونکە تا ئەو ساڵە[١] شتی وا ڕووی نەدابوو، هەموو نووسیبوویان کە یەکەم جارە لە عێراقدا قوتابی دەرچووی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندی وەربگرێت و سێ ساڵیش بخوێنێت تا ببێت بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی. ئا بەم ڕەنگە ڕادەی زانینی مامۆستایانی سەرەتایی لە عێراقدا ئەوەندە بەرزبووەوە تا گەیشتە ڕادەی زانینی مامۆستایانی سەرەتایی ئەوروپا و ئەمەریکا وەک ڕۆژنامەکان نووسییان.

## قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان - دار المعلمين -

ئەم قوتابخانەیە لەم کاتەدا قوتابخانەیەکی ناودار و گرنگ بوو، میری زۆر گوێی دەدایە، لە ئاهەنگ و کۆبوونەوە ڕەسمییەکاندا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ وەزیران و بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکاندا کۆ دەبوونەوە و لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشت، بەرنامەی خوێندنی زۆرگران بوو، سەرەڕای خوێندنی پەروەردە و فەلسەفە و پیشەی مامۆستایی لە پۆلی یەکەمدا بەرنامەی پۆلی چوارەمی ئامادەیی، لە پۆلی دووەمدا بەرنامەی پۆلی پێنجی ئامادەیی دەخوێنرا و لە پۆلی سێیەمدا بێجگە لە بینین و دەرس وتنەوە لە

(١) چونکە پێش ئێمە لە پۆلی دووەمی ناوەندییەوە دەچوون و دوو ساڵیان دەخوێند، یان سێ ساڵ، ئێمە یەکەم دەورەبووین لە پۆلی سێیەمی ناوەندییەوە چووین و لەوێ سێ ساڵ خوێندمان.



قوتابخانە سەرەتاییەکانی بەغداد زۆر زانیاری گشتی و سەرەتای زانیاری فەلسەفە و زانینی دەروونی دەخوێندرا، لەگەڵ ئەمانەشدا کۆبوونەوە و ئاهەنگ و شانۆگەری و وەرزش و هونەر و سروودی نیشتمانی و مەشقی سەربازی بەچەکەوە. بەکورتی قوتابخانەیەکی زۆرگران و ناڕەحەت بوو، دەرچوون لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر گاڵتەی پێ نەئەکرا، پلەی دەرچوونی وانەکان تێکرا ٦٠ پلە و لە زمانی عەرەبی و پەروەردە ٦٧ پلە بووە.

## پۆلی یەکەم

ئەو نەوەد قوتابییەی کە ئەو ساڵە وەرگیراین کردیانین بەدوو کەرتی وەک یەکەوە، هەر کەرتە ٤٥ قوتابی و ناویان نا پۆلی یەکەم لقی أ، لقی ب، هەموو ئەو قوتابییانەی لە کەرکووک و هەولێر و سلەیمانییەوە وەرگیرابوون خراینە لقی أ.

لە ڕاستیدا خوێندن بۆ قوتابییانی ئەو سێ لیوایە زەحمەت بوو هەرچەند هەندێکمان لە دەرسی زمانی عەرەبیدا لە ڕیزی قوتابییە باشەکان بووین، بەڵام چونکە عەرەبی جلڤەمان نەدەزانی زۆرجار تووشی ناڕەحەتی و دەردەسەری دەبووین، نەماندەتوانی چی لە دڵماندا هەبوو بەتەواوی دەری بڕین و لە مامۆستایانی بگەیەنین، هەندێک جاریش بەهەڵە قسەمان دەکرد و قوتابییە عەرەبەکان گاڵتەیان پێ دەکردین، ئەو گاڵتە پێکردنەش دەبووە هۆی ناکۆکی و ئاژاوە لە میانی قوتابییانی ئەو سێ لیوایە لەلایەک و قوتابییانی لیواکانی تر لەلایەکی ترەوە. بەڵام حەق پێویستە بوترێت مامۆستاکانی بەشی ئێمە بەتایبەتی مامۆستای زمانی عەرەبی هیچ جۆرە گوێیەکیان نەدەدا بەگۆشەی نەتەوایەتی و ڕەگەزایەتی، بەپێچەوانەی مامۆستای لقی ب، لەسەر ڕامیاری موسڵمان موسڵمانییەتی دەڕۆیشتن سزای ئەو قوتابییە عەرەبانەیان دەدا کە گاڵتەیان بەئێمە دەکرد.

مامۆستایەک لە پۆلی یەکەما ئاگری فیتنەی هەڵگیرسان لەناو پۆلەکەماندا. ئەویش مامۆستای ئینگلیزی میستەر ماکدوناڵ بوو، دەیان وت خەڵقی لەندەنە. کابرایەکی زۆر سەیر بوو، لە پشووی دەرسەکاندا نەدەچووە ژووری مامۆستاکان و بەڕێوەبەر، هەر لەناو باخ و تارمەکەدا پیاسەی دەکرد. لە قوتابخانەی تریش دەرسی دەوتەوە. کە یەکەم جار هاتە ناو پۆلەکەمانەوە یەکەیەکە بەهەمووماڵ چەند دێرێکی خوێندەوە، دوای خوێندنەوە بەهەندێکی دەوت دانیشە، بەهەندێکی دەوت بەپێوە ڕاوەستە و بەوانی کەشی وت بەپێوە ڕاوەستە و دەست بخەرە سەر گۆشەی کورسیەکەی بەردەمت. پاش ئەوەی بەهەمووماڵی خوێندەوە و بەو ڕەنگە دابەشی کردین بێ ئەوەی کەس هیچی لێ بپرسێت وتی:

ئەوانەی هەر بەپێوەن کوردن، ئەوانەی دانیشتوون عەرەبن، ئەوانەی بەپێوەن و دەستیان لەسەر قەراخی کورسییەکانە ئەوانە تێکەڵن.

هەرکە وای وت بەجارێک بوو بە هەرا و لەلایەکەوە دەنگی ڕاست دەکات و لەلایەکەوە دەنگی درۆ دەکات ژوورەکەی پڕکرد. ئەوەی سەیربوو بەلای هەمووماڵەوە ئەوە بوو تێکەڵەکان دەیان وت درۆ دەکات چونکە هەموو خۆیان بەعەرەب دەدایە قەڵەم، ئیتر هەر چۆن بوو کاکی ئینگلیز وەک ڕەوشتی

هەمیشەییبیان فتیلێکی ئاژاوە خەرەوەی داگیرسان و فڕێی دایە ناو پۆلەکەی ئێمەوە.

بەهەر دەردی سەرییەک بوو ساڵی یەک تەواوبوو، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ساڵەکەدا ئێمە شەش قوتابییەکەی سلەیمانی پێنجمان ئیکمال بووین و یەکێکمان دەرنەچوو. بەشێوەی گشتی دەرنەچوو زۆر زۆربوو. بەو سەبارەتە لە بەغداد و شارەکانی خواروو موراجەعەتێکی زۆریان کردبوو بەرەنگێ کارێکی ئەوتۆیان کردبووە سەر وەزارەت بڕیاریان پێ دەرکردبوون کە پلەی دەرچوون بووبوو بەپەنجا، بۆیە ئێمەش لە هاویندا ئەمرمان بۆ هات ئەوانەمان کە ئیکمال بوو، بووین بەدەرچوو، دەرنەچووەکەش بوو بەئیکمال. لەگەڵ ئەو گۆڕانەشدا دەرنەچوو هەر هەبوو.

## پۆلی دووەم:

لە سەرەتای دەست پێکردنی ساڵی دووەمی خوێندندا قوتابخانەکەمان گوێزرایەوە بۆ (أعظمیة) لە بینای پەرلەمانی کۆندا دەمانخوێند، بەتەنیشت ئەویشەوە بینایەکی گەورەیان بۆ کردبووین بۆ بەشی ناوخۆیی. لەم ساڵەدا هەندێک قوتابی دوو قوتابخانەی تریش لە یەک بینادا بووین بۆ خوێندن و یەک بینا بۆ بەشی ناوخۆیی. ئەمانە چەند لقێکی پۆلی یەکەمی ماڵی مامۆستایانی ڕیفی کە لەلای خۆیان لە ڕۆستەمیە جێگایان نەبوو، لەگەڵ دوو لقی پۆلی قوتابخانەی (دار التدریب) کە بڕیار بوو هەر ببن بەمامۆستای وەرزش و دیدەوانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا. بەم ڕەنگە قوتابی سێ قوتابخانە لە یەک جێگەدا کۆبووبوونەوە، هەرچەند لە ڕووی یەکتری ناسین و دۆستایەتی پەیداکردنەوە سوودی هەبوو بەڵام لە گیروگرفتی تریش بەدەر نەبوو.

لەگەڵ قوتابخانە کردنەوەدا هەندێک لە دەرنەچووانی پۆلی یەکەم هاتنەوە زۆر تەقەلایان دا کە بەڵکو لە پۆلی یەکەم وەریان گرنەوە، تەقەلاکانیان بێ سوودبوو، لەم کاتانەدا وەزارەتی بەرگری ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە کە دەرچووانی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندی وەردەگرێت بەمەرجێک سێ ساڵ بخوێنن دوایی ببن بەجێگری ئەفسەر (نائب ضابط) پاش ئەوەش باشەکانیان دوای چەند ساڵێک مانەوە لە ئەرکی میریدا ببن بەئەفسەر. هەندێک لەو قوتابییانەی کە لە پۆلی یەکەمدا لەگەڵ ئێمە بوون و دەرنەچوون لەبەر ناعیلاجی چوونە ئەو دەورەیە، بەڵام وەک دەڵێن کە شانس هات ناڵێ کوڕی کێیت، پاش دەست پێکردنی دەورەکە هەر لەو ساڵەدا وەرگەڕانەکەی (بەکر سدقی) ڕووی دا و فەرمانێکی دەرکرد ئەو قوتابییانەی بەمەرجی پێشەوە وەرگیرابوون لەجیاتی سێ ساڵ تەنیا نۆ مانگ بخوێنن و ڕاستەوخۆش بەمولازمی دووەم دەربچن، بەم ڕەنگە شانس وا یاریدەی دا هێشتا ئێمە لە پۆلی سێیەمدا چەند مانگمان مابوو بۆ تاقیکردنەوەی دوایی ساڵ ئەوان بوون بەمولازمی دووەم مانگی بە (١٨) دینار، یەکێک لەوان (عبدالحمید السوادي) خەڵقی عەمارە بوو لە زەمانی (عبدالکریم قاسم)دا تا پلەی زەعیمی ڕۆیشت لە سوپادا. ئەو حەلەی ئەوان بوون بەئەفسەر مانگی بە ١٨ دینار بەئەستێرەوە هاتن بۆ لامان بۆ دیدەنی، مانگی نیسان بوو، دەستەی ئێمە پێنج مانگمان مابوو بۆ ئەوەی بکرێین بەمامۆستا مانگی بە (١٠) دینار، ئەمە هەموو لەو پاداشەدا کە ئێمە دەرچووین و ئەوان دەرنەچوون.



## پۆلی سێیەم

لەدوا پۆلی قوتابخانەی ماڵی مامۆستایاندا، یاسا وایە زۆرتر گوێ دەدرێنە زانیاری گشتی و کۆمەڵایەتی و ئەو شتانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی تەواویان هەیە بەپیشەی مامۆستاییەوە، وەک سەردان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بۆ بینینی شێوەی دەرس وتنەوە و دەرس ئامادەکردن و فێری هۆی ڕوونکردنەوە بوون و چاو بەپرۆژەکانی وڵات کەوتن و ئاگاداربوون لەباری ژیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و نەریتی خووڕەوشتەوە، هەروەها تەواو قاڵبوون لە بۆتەی مامۆستایی و خۆگونجان لەگەڵ باری سروشتیدا بەپێی باوی ڕۆژ بۆ بەرژەوەندی وڵات و گەل و ئامادەکردنی چینی نوێ و ڕامکردنیان بەگشت ڕەوشت و خووی شیرین و گیانی کۆڵنەدان و نەبەزین لەکاتی بەرەنگاربوونی ڕۆژانی پڕ تەلزگە و تووشیدا، جا بۆ جێبەجێکردنی ئەمانە هەر لەگەڵ قوتابخانە کردنەوەدا کەوتینە گەڕان و سەردان لە باخچەی ساوایانی (أعظمیة) و بەغداد پرۆژەی ئاو و کارەبا و گەلێک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، لە پێش نیوەی ساڵدا (٢١) ڕۆژ بەشیان کردین بەسەر قوتابخانە سەرەتاییەکاندا بۆ دەرس وتنەوە.

من و چەند هاوڕێیەکم دانراین بۆ قوتابخانەی سەرەتایی (مأمونیة) لە بەغداد، ئەم قوتابخانەیە لەوکاتەدا بەناوبانگترین قوتابخانەی سەرەتایی پایتەخت بوو، بۆیە بەزۆری منداڵی وەزیرەکان و دەوڵەمەندان و کاربەدەستان لەوێ دەیانخوێند هەر بەم سەبارەتەش وەزارەتی زانیاری زۆر بایەخی پێدابوو، بەڕێوەبەر و مامۆستای زۆری باش باشی بۆ دانرابوو، هۆی ڕوونکردنەوە و نەخشەی نایاب و بەکەڵکی وای تێدا هەبوو لە قوتابخانە ناوەندییەکانیشدا نەبوو. کە لەمە تێگەیشتین ئەوانەی بۆ ئەوێ دانرابووین کە تەتبیقی تێدا بکەین واتە سێ هەفتە دەرسی تێدا بڵێینەوە تەواو ترسمان لێ نیشت و پێمان گرانبوو، هەر چەند من لەوەپێش لەگەڵ دەرس وتنەوەدا ئاشناییم هەبوو بەڵام قسەکردنم بەعەرەبی جڵفە قورس و تەواو نەبوو، بۆیە منیش پێم ناخۆش بوو لەگەڵ ئەوەشدا بەناچاری ڕۆژی دیاردی کراو چووینە قوتابخانەی (مأمونیة) لە مەیدان و دەرسیان بەسەردا دابەش کردین، من پۆلی پێنجەم و شەشەمم بەرکەوت.

ئەوساکە ڕەوشت وابوو هەردوو قوتابی ماڵی مامۆستایان بەیەکەوە دەچوونە ناو پۆلەکەوە یەکێکیان دەرسی دەوتەوە ئەویتریان گوێی دەگرت. من و هاوڕێکەم (حوسێن سەبری یوسف) کە خەڵقی کەربەلا بوو ئەوساکە ماڵیان لە (کاظمیة) بوو، یەکەم هەفتە پۆلی پێنجەممان وەرگرت، حوسێن تا بڵێی کوڕێکی ڕەوشت جوان و خوو شیرین، زۆر بەئەدەب و شەرمن بوو بۆیە لە دەرس وتنەوەدا دەترسا، هەندێک جار بەسەریدا دەهاتم، دەم وت بەخوا ئەگەر وەک تۆ زمانەکەم بزانیایە هیچم بەخەیاڵدا نەدەهات، ئەویش لە وەڵامدا دەیوت بەدەست خۆم نییە بەرامبەر یەک کەس زیاتر قسە بکەم زمانم تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت.

هەر چۆن بوو یەکەم دەرسی یەکەم ڕۆژ ڕوومان کردە پۆلی پێنجەم، کە چووینە ژوورەوە تەماشامان کرد ژوورێکی لاکێشی درێژ (٧٥) قوتابی تێدابوو، حوسێن لە ڕێزی پشتەوە دانیشت و من دەستم کرد

بەدەرس وتنەوە، ڕاستی بێت (٤٥) دەقیقەکەمان لێ بوو بەساڵێک، کە زەنگی پشووی لێدا وامانزانی بووین بەپاشا. ئا بەم شێوەیە یەکەم ڕۆژمان بەسەر برد، ڕۆژی دوایی نەختێک سەربەستانە چووینە ناو پۆلەکەوە لەسەر شێوەی ڕۆژەکەی پێشوو من دەستم کرد بەدەرس وتنەوە و هاوڕێکەشم چوو لە دواوە دانیشت، لە ڕاستیدا بوونی ئەو لە دواوە بۆ پاراستنی ئاسایش لە پۆلەکەدا سوودی زۆربوو، بەدەم دەرس وتنەوەوە لەباری درێژی بەناو ژوورەکەدا هاتوچۆم دەکرد، پاش تاوێک بۆم دەرکەوت لەکاتێکدا دەگەمە ناوەڕاستی پۆلەکە لە پشتەوە جووڵەیەکی نائاسایی ڕوودەدات، بۆیە بەتیلایی چاو کەوتمە چاودێری، لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت قوتابییەکی دوانزە ساڵە کاتێک دەکەوێتە پشتمەوە هەڵدەسێت سەرپێ و سووڕ دەدات، قوتابییەکانی تر پێی پێدەکەنن، لەگەڵ هەست دەکات بەمن ڕووی تێدەکەم دادەنیشێتەوە، من خۆم وا نیشان دا کە ئاگاداری هیچ نیم، بەدەم دەرس وتنەوەوە پشتاوپشت ڕۆیشتم تا گەیشتمە بەردەمی و لە پڕ ئاوڕم دایەوە، فریا نەکەوت دانیشێتەوە بۆیە زللەیەکم بۆ پشتی ملی داهێنایەوە ئەویش بۆ ئەوەی بەری نەکەوێت زۆر خێرا دانیشتەوە و سەری ئەوەندە بەتوندی و گورجی دانەواند چەناگەی بەڕەنگێ دای بەرەحلەکەی بەردەمیدا بریندار بوو خوێنی پێدا هاتە خوارێ، هەرچەند خۆی جووڵەی نەکرد و نەشگریا بەڵام بۆم دەرکەوت قوتابییەکان هەموو سەرسام و واق وڕماو تەماشای دەکەن و دەیانەوێت قسەی لەگەڵ بکەن ناوێرن لەبەر من، یەکێکیان کە لەوان گەورەتر بوو هەستایە سەرپێ ویستی بچێت بۆ لای، ئەو حەلە زانیم قەوماندوومە، ئەمە دەبێت کوڕی پیاوێکی گەورە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕ و نیوەشەڕ بران بۆیە لەو قوتابییەش تووڕەبووم کە ویستی بچێت بەلایەوە. کە قوتابییەکە گەڕایەوە خۆم وا نیشان دا هیچم بەخەیاڵدا نایەت بۆیە هەر لەسەر دەرس وتنەوەی خۆم ڕۆیشتم و ئەوەندەی پێنەچوو زەنگی پشووی لێدا، من و حوسێن بەیەکەوە چووینە دەرەوە بەڵام هەرچی قوتابی هەیە دەوری قوتابییە برینداره‌کەیان دا، دووانیان بەڕاکردن بەبەردەمی ئێمەدا خۆیان کرد بەژووری مامۆستاکاندا، زۆری پێنەچوو دوو مامۆستا لەگەڵیان هاتنە دەرەوە، لەو کاتەدا هەموو قوتابی پۆلی پێنجەم لە دوای قوتابییە (گوایە) لێدراوەکەوە هاتنە دەرەوە، یەکێک لەو دوو مامۆستایە بەرەو پیری چوو دەستی گرت و پەلکێشی کرد بۆ ژووری بەڕێوەبەر و دوو سێ قوتابییش لەگەڵیان چوونە ژوورەوە، مامۆستاکەی تریش ڕووبەڕووی من هات بەمۆنییەکەوە وتی ئاوا دەتەوێت ببی بەمامۆستا، ئەزانیت ئەوە کوڕی کێیە؟ وتم کوڕی هەرکەسێکە، ئەمە قوتابخانەیە، جێگەی فێربوونە نەک جێگەی سووڕدان و سەماکردن. دوای من حوسێن لەگەڵ مامۆستاکە دەستی کرد بەقسەکردن، دەیویست حاڵی بکات کە سووچی خۆی بووە، بەڵام مامۆستاکە بەهیچ ڕەنگ قایل نەدەبوو، دەیوت بابە ئەوە کوڕی وەزیری ناوخۆیی جەنابی مستەفا عومەرییە دەبێت هەرچی بکات مامۆستا گوێی نەداتێ و لێی قەبووڵ بکات، ئەوان لەم مشتومڕەدا بوون زەنگی دەرسی دووەمی لێدا، من و حوسێن کە ماوەی پشووەکە هەر لە تارمەکەدا بووین بەدوای قوتابییەکاندا چووینەوە بۆ پۆلی پێنجەم، قوتابییەکم نارد بۆ دەباشیر.

کە سەرنجی پۆلەکەم دا دیم کوڕی وەزیر لەوێ نییە، وام بەبیرداهات تازە کار لەکار ترازاوە دوورنییە ئەمە دوا دەرس بێت من پۆلی ناو قوتابخانە ببینم. بەم سەبارەتەوە لەسەر ئەو ڕایەی کە دەڵێت تەڕبوو لە



باران ناترسێت بەتوندوتیژی دەستم کرد بەدەرس وتنەوە. پاش نەختێک لە دەرگای پۆلەکە درا، هەمان قوتابی هەندێک لۆکە و سارخی بەچەناگەیەوە، وتم وەرە ژوورەوە، هات و سڵاوی کرد و چووە جێگەکەی خۆی و دانیشت، دەستی کرد بەبەشداربوون لە دەرسەکەدا، بەپێکەنینەوە تەماشای دەکردم، منیش چەند پرسیارێکم لێ کرد و جارێکیش بانگم کردە سەرتەختە ڕەشەکە، کە دەرس تەواوبوو فەڕاشێک لەبەر دەرگای پۆلەکەدا پێی وتم بەڕێوەبەر بانگت دەکات، کە چووم بۆلای سەلامم کرد فەرمووی دانیشە، بەپێکەنینەوە وتی شانسێکی باشت هەیە ئەو کوڕە کە لێت داوە کوڕی مستەفا عومەری وەزیری ناوخۆیە، بەڕاستی ناڕەحەتین بەدەستییەوە، لەوە دەچێت لە ماڵەوە زۆر نازیان دابێتێ، چونکە ئەگەر مامۆستایەکی خۆمان لێی تووڕە بێت ڕاستەوخۆ دێتە ژوورەکەی من و بەبێ پرس تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت دەڵێت وەزیری ناوخۆییم بدەنێ لەبەر چاوی من لەلای باوکی شکات لە مامۆستاکە دەکات و زیادەشی بۆ پێوە دەنێت، جا بەو حاڵەوە کە چاوم پێکەوت بۆیە وتم بەخوا ئێمەش تووشی گیروگرفت بووین، کەچی کە سەرنجم دا بۆم دەرکەوت هیچ فکری ئەوەی نییە بەرامبەر بەتۆ شتێک بکات کە لێم پرسی وتی (چان حقه) واتە حەقی ئەوە.

کە ئەمەم بیست ئەوسا منیش وتم لە ڕاستیدا من لێم نەدا، بەڵێ من دەستم بۆ داهێنایەوە کە زللەی لێ بدەم ئەویش وا خێرا سەری دانەواند چەناگەی دای بەڕەحلەکەی بەردەمیدا، دەستی منی بەرنەکەوت. ئەمەم وت و هاتمە دەرەوە دەمزانی هاوڕێکەم بەپەرۆشەوە چاوەڕێم دەکات، کە چوومە دەرەوە باسەکەم بۆ کاک حوسێن گێڕایەوە، ئەویش زۆری پێ خۆشبوو چونکە لەم بەڵای لابەلایە ڕزگارمان بوو.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیخەمە پێش چاو ئەوەیە کە قوتابی هەرچۆن بێت ئەگەر بزانێت مامۆستا بەغەرەزەوە لێی نەداوە، ئەو لێدانە ناگرێتە دڵ.

کاتێک دەوامی پێش نیوەڕۆ تەواوبوو خۆم و هاوڕێکەم هاتین بڕۆینەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆمان کە گەیشتینە بەردەرگا تەماشامان کرد قوتابییەکە بەئۆتومبیلەکەی باوکییەوە چاوەڕێمان دەکات، بەزۆر سواری کردین و بردینیەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆمان، لە کاتی دابەزینیشدا تکای لێبووردنی لێ کردم.

بێجگە لەمە هیچ گیروگرفتێکی ترمان لە ماوەی دەرس وتنەوەی بەشی یەکەمماندا لە (مأمونیة) تووش نەبوو. دووەم بەشی دەرس وتنەوەمان پاش نیوەی ساڵ لە قوتابخانەی (حیدریة)ی سەرەتایی بوو. ئەمجارە تاڕادەیەک سامی دەرس وتنەوەمان لە مێشکدا نەبوو. کە دووەم بەشی دەرس وتنەوەی تەتبیق تەواوبوو، ئەوەندەی نەمابوو بۆ کاتی تاقیکردنەوەی دوایی ساڵ. لەو کاتانەدا ڕۆژێک تەنیا پۆلی ئێمەیان کۆکردەوە، بەڕێوەبەر هات و نووسراوێکی وەزارەتی زانیاری بۆ خوێندینەوە کە ئەمە بوو (بەقوتابییانی دوا پۆلی قوتابخانەکەتانی ڕابگەیەنن کە وەزارەتی زانیاری دەستەبەر نییە لە ساڵی داهاتوودا ئەم ژمارە زۆرە هەموویان بکات بەمامۆستا). ئەو حەلە ٦٦ قوتابی مابووینەوە. جا خوێندەواری بەڕێز خۆت لێکی بدەرەوە لەو ساڵەدا و لە هەموو عێراقدا میری نەتوانێت ٦٦ کەس بکات بەمامۆستا چونکە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت بەشی ناکات.

کە تاقیکردنەوەی تەواوبوونی ساڵ تەواوبوو پۆلی یەکەم و دووەم ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆیان،

ئاهەنگێکی زۆر بەناوازەیان بۆ گێڕاین، هەندێک لە وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئامادە بوون. شاعیری پایەبەرز خوالێخۆشبوو (ڕەزا شەبیبی) وەزیری زانیاری دوایی ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەی کردین و باوەڕنامەی دەرچوونی لە حوزەیرانی ساڵی **١٩٣٨**دا بەدەستی خۆی دایە دەستی هەموو قوتابییەکی دەرچووی ئەو ساڵە. هەر ئەو شەوەش هەر قوتابییە گەڕایەوە بۆ شاری خۆی، چاوەڕێی تێپەڕبوونی پشووی هاوین بوون بۆ ئەوەی لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکاندا بکرێن بەمامۆستا مانگی بە (١٠) دینار کە لە چاو ڕۆژدا دەستکەوتێکی گرنگ بوو، دەرچووانی قوتابخانەی ئەندازیاری کە هەر بەقەدەر ئێمەیان دەخوێند کەچی ئەوان مانگی بە ١٢ دینار دەبوون بەئەندازیار.

## ساڵانی ١٩٣٨-١٩٣٩[١]

لەم وەرز و ساڵەدا عەبدولمەجید یەعقووبی موتەسەریفی سلەیمانی بوو، ئەم پیاوە خەڵقی کەرکووک بوو، پیاوێکی زیرەک و کارگوزار و لێهاتووبوو، حەزی لە خزمەت دەکرد. شەقامی مەولەوی بڕی، باخچەی گشتی دروستکرد، نەخشەی گەورەبوونی شاری سلەیمانی ڕووەو خۆرئاوا کێشا، لە هەندێک ڕووی ترەوە خزمەتی کرد. بەڵام هەستی نەتەوایەتی پێچەوانەی هەستی نەتەوایەتی دانیشتوانی شارەکە بوو، گەڕی ئاڵاندە گەڕی پیرەمێردی شاعیر، ڕۆژنامەی ژیانی داخست، بەهاری ڕابوردوو ئاگری نەورۆزی قەدەغە کرد.

کاتێک بەپێچەوانەی ئارەزوو و فەرمانی ئەو ئاگرەکە کرایەوە لە گردی مامەیارە، میری دەستی کرد بەخەڵق گرتن، بەم سەبارەتە ئاژاوە پەیدابوو، مشتومڕی بەربەرەکانی عەبدولمەجید یەعقووبی دەستی پێکرد، تا لە مانگی دووی ساڵی **١٩٣٩**دا گوێزرایەوە لە سلەیمانی، ئەو شەش قوتابییەی ئەو ساڵە ماڵی مامۆستایانمان تەواوکرد چاوەڕوانی تەواو بوونی پشووی هاوین بووین، چونکە بوونمان بەمامۆستا شتێکی بێگومان بوو، کە ئەمەش یەکەم پلەی تێپەڕبوونە لە قۆناغی ژیانی تافی لاوی و هەرزەکاری و بێ ئاگایی و بێ بەرپرسیاری لە گیروگرفتی ژیان بۆ سەردەمی گەڕاوەیی و بەرپرسیاری و ژێر ڕکێفی کۆت و زنجیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و فەرمانبەرییەتی میری و پەیوەندی پەیداکردن لەگەڵ کەسانی تر و ناوچە و کۆمەڵدا و خۆڕاهێنان لەتەک شێوەی ژیانی نوێدا.

ئێمە هەر شەش قوتابییەکە لەبەر کەمی مامۆستا هیواداری ئەوەبووین لەناو شاردا دابنرێین. کە میلاکی قوتابخانەکان دەرچوو تەنیا من بۆ هەڵەبجە دانرابووم، ئەوانی تر بۆ ناو شار. کاتێک هۆی ئەمەم لە بەڕێوەبەری زانیاری پرسی وتی قایمەقامی هەڵەبجە داوای مامۆستای تازەی باش دەکات، بەلای خۆمەوە تۆم پەسەند کردووە، بۆیە دامناوی بۆ ئەوێ، هیوادارم ڕووی دایەرەکەمان سپی بکەیت.

هەر چۆن بوو لایەک ڕازی و لایەک ناڕازی، چونکە حەزم لەناو شار دەکرد بێدەسەڵاتانە لەگەڵ مەلای ئۆتومبیلچی بەڕێگەی پشتی گوندی قڕگەدا (ئەوساکە ئۆتومبیل لەوێوە دەڕۆیشت) چووم بۆ هەڵەبجە،

(١) بۆیە سەر باسەکان دوو ساڵ دەنووسم چونکە ساڵێکی خوێندن دوو ساڵ دەگرێتەوە.



ڕۆژی ١/ ١٠/ ١٩٣٨ دەستم کرد بەفرمانی مامۆستایی.

لەو وەرزەدا خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید قەزاز قایمەقام بوو، پیاوێکی زۆر زیرەک و زانا و ئازابوو، بەعەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی وەک کوردی دەینووسی و دەیخوێندەوە، نەختێک ئیتاڵی و فەرەنسی و ئەڵمانی دەزانی، ئارەزووی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری زۆربوو، بەهیمەتی ئەو لەو ساڵەدا قوتابخانەی زانستی ئێواران لە هەڵەبجە کرایەوە.

پاش ماوەیەک مامۆستایی و سەرنجدان لە شێوەی ژیان بۆم دەرکەوت هەرچیم خوێندووە بۆ پیشەی مامۆستایی بێ سوودە، قوتابخانە جێگەی ڕابواردنە بۆ منداڵانی بەگزادە و دەوڵەمەندان و فەرمانبەرانی میری و هەندێک لە شێخەکانی عەبابەیلێ، چونکە منداڵەکان کە دێن بۆ قوتابخانە پیاوی تایبەتییان بەدواوەیە، لەناو قوتابخانەشدا هەرچی دەکەن پرسینەوەیان نییە، بەڕەنگێک لەبەرچاوی بەڕێوەبەر و مامۆستاکان زۆریان لە منداڵانی هەژاران و چینی نزم و ناوەندیش دەکرد، لەبەرئەوەی چەند کەرەتێک بەم سەبارەتە بەدەنگ هاتم، پیاوی بەگزادە و شێخەکانم لە حەوش و دەوروبەری قوتابخانە دەرکرد بۆیە بەڕێوەبەر و هەندێک لە مامۆستاکان و باوکی قوتابییەکان لێم زویر بوون، لەمانە فەرمانبەری گومرگ گوایە نەمهێشتووە کوڕەکەی بەئارەزووی خۆی چی دەوێت بیکات لەناو قوتابخانەدا، بۆیە پۆلیسەکانی گومرگی لێ ڕاسپاردبووم، بەرەکەت دا پێش ئەوەی هیچ ڕووبدات قایمقام پێی زانی و هەڕەشەی لە فەرمانبەرەکە کرد و فەرمانی دەرکرد هەر قوتابییەک خزمەتکار لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ دەوروپشتی قوتابخانە بەتوندی باوکی سزا دەدرێت. وەک زانیمان قوتابخانەی خستە ژێر چاودێرییەوە، لە شێوەی ناشایستەی پێشووی ڕزگاری کرد.

ئەوی ڕاستی بێت لە پێشەوە ڕووکاس بووبووم، ئێمە چیمان خوێند لە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان و ئێستە چی دەبینم، ئێمە خوێندبوومان قوتابی منداڵی هەرکەسێک بێت پێویستە بەیەک چاو تەماشا بکرێن لە قوتابخانەدا، کەچی جیاوازی ئەوەندە ئاشکرایە ڕێبواریش هەستی پێدەکات. ئەگەر بڵێم تاقیکردنەوەکان هەر بۆ منداڵی هەژاران و چینی ناوەندی بوو زۆر موبالەغەم نەکردووە، چونکە دەرچوونی منداڵانی چینە بەرزەکان و فەرمانبەرانی میری مسۆگەر بوو.

لەو ساڵەدا هەرچۆن بوو تاقە قوتابخانە سەرەتاییەکەی کوڕانی شارۆچکەکەی هەڵەبجە جووڵەیەکی تێکەوت، وەک کۆڕ کۆبوونەوەی وتار و شیعر خوێندنەوە و نیشاندانی چیرۆکی شانۆیی[١] بەجل و پێویستی خۆماڵییەوە بەڕووناکی چرا و لامپا. (چونکە کارەبای تێدا نەبوو) بەڵام لەدوا دوای بەهاردا دەستکرا بەئامادەبوون و چەقاندنی دیرەگ (عمود) بۆ دامەزراندنی هێزی کارەبا.

لەو ساڵانەدا کۆمەڵەی برایەتی کە لە سلەیمانی دامەزرابوو لقیشی لەوێ هەبوو بەڵام هەر بەناو بوو چونکە هیچ چالاکییەکیان نەبوو.

(١) چیرۆکی دڵداری و پەیمانپەروەری کە خۆم نووسیبووم بەجلوبەرگی خواستەمەنییەوە قوتابییەکان نیشانیان دا.

پاش تەواوبوونی تاقیکردنەوەی گشت پۆلەکان و دەست پێکردنی پشووی هاوین گەڕامەوە بۆ سلەیمانی.

## سالانی ١٩٣٩-١٩٤٠

لە دوای لابردنی عەبدولمەجید یەعقووبی لە مانگی دووی **١٩٣٩**دا حاجی ڕەمەزان بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی، ئەم پیاوە هەرچەندە سەرباز بوو، بەڵام پیاوێکی خواناسی ئایینپەروەر بوو حەزی بە پیاوخراپی و ئازاردانی کەس نەدەکرد، بۆیە هەندێک لە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ئەمەیان بەهەل زانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستیان کرد بەپێکەوەنانی دەستە و کۆمەڵ و هاندانی پیاوخراپان و ڕاووڕووت کردن و ترساندنی کەسانێک کە ناحەزی خۆیان بوون. بەم ڕەنگە یەک لەدوای یەک (حەمەتاڵ، سەید عەتا، دواییش خولەپیزە) قەزای شارباژێڕ و هەڵەبجە و ناحیەی پێنجووینیان خستبووە مەترسییەوە، جەزرەبەیان بەزۆر کەس گەیاند و گەلێکیان کوشت.

لە هاوینی ئەم ساڵەدا باس هەر باسی حەمەتاڵ و سەید عەتا بوو، لەلایەکی تریشەوە باسی بەرەی (حزب)ی هیوابوو[1]، کە بەرەیەکی نهێنی و ڕامیاری بوو بۆ مافی نەتەوایەتی میللەتی کورد تێدەکۆشا، مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەفیق حلمی دایمەزراندبوو لەگەڵ ترسی هەڵگیرساندنی ئاگری دووەم جەنگی جیهانی، چونکە هەڕەشە و گوڕەشەی هیتلەر بەهۆی ڕادیۆوە گوێی هەموو کەسی پڕ کردبوو، بۆیە تۆوی نازییەتی لە سلەیمانیدا کەوتبووە چەکەرەکردن.

وەزارەتی زانیاری یاسای فتوەی خستە کایەوە، بەڕەسمی فەرمانی دەرکرد کە ئەبێت هەموو ئەو مامۆستایانەی[2] لە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان دەرچوون و ئێستەش مامۆستان جلی ئەفسەری دروست بکەن و لەبەری بکەن، پۆلیس و سەرباز لە ڕێگەوباندا سڵاویان بۆ بکەن، لە جیاتی ئەستێرە و نیشانەی سەرشان ئەمان بەپێی مانگانە خەتی سەرشان و قۆڵیان هەبوو. عیبارەتی (إخشوشنو فإن الترف یزیل النعم) واتە (زبر بن چونکە خۆشی ڕابواردن ناز و نیعمەت لائەبات) کرا بە دروشم لە قوتابخانە و دایەرەکاندا هەڵواسران، مەشقی سەربازی بۆ قوتابیان بەجلی دیدەوانییەوە کە ئەبوو لەکاتی دەوامدا لەبەریاندا بوایە بوو بەپێویستی سەرشان، هەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە تا بەرزترین قوتابخانە.

***

---

(١) ئەم بەرە و کۆمەڵە لە سەرەتاوە لەگەڵ بەرە و کۆمەڵەی برایەتیدا ناڕێک بوون، ئەمان دەیان وت بەرەی برایەتی لەلایەن شێخانەوە دامەزراوە، بۆ سوودی ئەوانە. برایەتیش دەیان وت هیوا بۆ سوودی چەند کەسێکە، لە ڕاستیدا هەردوولا ئەندامی خراپیان تێدابوو بۆیە لەئەنجامدا کەوتن.

(٢) تا ئەو ساڵەش مامۆستا هەبوو، جێگری مامۆستاش هەبوو، جێگر ئەوانە بوون کە لە قوتابخانە ڕەسمییەکاندا دەرسیان دەوتەوە بەڵام باوەڕنامەی مامۆستاییيان نەبوو.



نزیک تەواوبوونی پشووی هاوین لە هەڵەبجەوە گوێزرامەوە بۆ پێنجوین و کرام بەبەڕێوەبەری تاقە قوتابخانەکەی ئەوێ. کاتی دەست پێکردنی دەوری دووەمی تاقیکردنەوە و تۆمارکردنی قوتابی تازە بۆ پۆلی یەکەم بەپاسەکەی (شەرامی) ئوتومبیلچی (کە ڕۆژێک لە سلەیمانییەوە دەچوو بۆ پێنجوین و ڕۆژی دوایی دەگەڕایەوە) چووم بۆ سەر فرمانە تازەکەم. هەرکە گەیشتم ڕۆژی دوایی چووم بۆ دیدەنی بەڕێوەبەری ناحیە مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەشید سدقی غەفور کە پیاوێکی دەم بەپێکەنین و قسەخۆش و نیکتەباز و دەستپاک و شاعیر بوو، بەڕاستی لە ئەرکی بەڕێوەبردنی ناحیەکەیدا گورجوگۆڵ و تەڕدەست بوو.

پاش چەند ڕۆژێکیش لەگەڵ مەلا عەبدوللا تووتنچی کە نازناوی شاعیری (موفتی) بوو دۆستایەتیمان پەیداکرد، بۆم دەرکەوت سەرەڕای ئەوەی کە لێپرسراوی کۆمەڵەی برایەتییە، پیاوێکی زیرەکی نیشتمانپەروەری کورد خوا و شاعیرێکی کۆمەڵایەتی کەم وێنەیە و شیعرەکانی بێباکانە بۆ سوودی هەژارانە و دژی داگیرکەری خوێنمژی چەپەڵی سەر بەئاغا و بەگ و شێخە.

ئەوەی لەم وەختانەدا کاری نالەباری پڕ دەرد و ستەمی کردە سەر نیمچە شارەکەی پێنجوین و هەموو عێراق و گشت جیهان ئەوەبوو ڕادیۆ پاتریەکەی قوتابخانە لە ڕۆژی هەینی یەکی مانگی ئەیلول ساڵی **١٩٣٩** دەنگوباسی هەڵگیرساندنی ئاگری دووەم جەنگی جیهانی بڵاوکردەوە. هەر بەبیستنی دەنگی جەنگ[1] سەرنجم دا شێوەی دەموچاو گۆڕا، پەردەیەکی ماتەمینی درا بەسەر هەموو گوێگرتووەکانی ڕادیۆکەدا.

---

(١) ئێمە لەم پەڕاوە بچکۆڵەیەدا ناتوانین بەدرێژی باسی چۆنیەتی شەڕەکە بکەین، تەنها ئەمانەوێت زۆر بەکورتی هۆ و شێوەی دەست پێکردن و زیانەکانی و کاری بۆ سەر ئەم ناوچەیە نیشان بدەین.

هۆی هەڵگیرساندنی ئەم دووەم شەڕی جیهانییە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی و هەڵەکانی بەرەی سوێندخواران لە کۆنگرەی ئاشتی سیڤەر کە لە ساڵی ١٩٢٠دا بەسترا و، دوای ئەویش کۆنگرەی لۆزان.

بەرەی سوێندخواران بادەی سەرکەوتن وای سەرخۆش کردبوون هەرچیان وتبوو لەکاتی شەڕەکەدا و هەر پەیمانێکیان دابوو بەنەتەوە بچووکە چەوساوە ژێردەستەکان هەموویان فەرامۆش کرد و لەبیر بردەوە پیاوە نەخۆشەکە (واتە دەوڵەتی عوسمانی)یان وا لەت لەت کرد ببڕای بتوانێت هەڵسێتەوە، ئەڵمان دوای ئەوەی خەرج و باجێکی جەنگی زۆری ئەوتۆیان خستەسەر کە لە وزەبەدەر بوو، گشت وڵاتانی ژێردەستیان لێ سەندەوە، یاسای قەیسەریان پێ لابرد، (بەندەری دانزیخیان) لێ دابڕی و کردیان بەبەندەرێکی ئازادی دەوڵەتەکان. بەکورتی کارێکیان پێکردن هەر یەکێک لە نەتەوەی ئەڵمان هەستی بەناتەواوی و کزی و سەرشۆڕی و زەبوونی و ژێردەستەیی و کەم نرخی دەکرد.

وڵاتە عەرەبییەکانی ژێردەستی عوسمانیان لەمیانی ئینگلیز و فەرەنسە دابەش کرد بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هاواری نیشتمانپەروەران و ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتانە کە داوای ئازادی و ژیانی سەربەخۆییيان دەکرد، بۆیە هەموولایەک بەتایبەتی نەتەوەی ئەڵمان کە ڕقوکینەیەکی بێ ئەندازەی لە دڵ و دەروونیدا کۆکردبووەوە گشت=

هەر بۆ بەیانی واتە ڕۆژی دووەم بازاڕ گۆڕا و خواردەمەنی شاردنەوە دەستی پێکرد و ترسی گرانی پەیدابوو. میری ئەوساکەی عێراق سەر بەئینگلیز، بەپێی پەیمانێک کە لەمیانی هەردوو لایاندا هەبوو، هەر لە سەرەتاوە ئیعلانی حاڵەتی نائاسایی کرد و بەرەبەرە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و دایەرەی پۆستە و تەلەفۆن و تەلەگرافی خستەژێر چاودێرییەوە، بەپێی پێویست دەستی کرد بەپشکنینی ماڵان و مرۆڤ و جێگای گومان لێکراو، لە ئەهالی گەیاندن کە نابێت کەس لە سەربازگە و جێگە گشتییەکان نزیک ببێتەوە، دەستی کێشا بەسەر هۆی گواستنەوە و خواردەمەنی و پێویستییەکانی ژیان، مافی دا بەئینگلیز کە بەئارەزووی خۆی ڕێگەوبان و فڕۆکەخانە و بیمارستانەکان لەکاتی خۆیدا بۆ سوودی خۆی

---

= یەک ڕەنگ چاوەڕوانی ڕۆژی تۆڵەبوون، لەبەرئەوە پاش مارشال (هەندەمبورگ) کە سەرەک کۆماربوو ڕێگەیان چۆڵکرد بۆ هەتلەر و بەرەی نازی کەدەست بکێشن بەسەر وڵاتدا چونکە ئەوان هەمیشە پەیمانی تۆڵەسەندن و لابردنی ئەو لەکەی نام و نەنگەیان دەدا بەمیللەتی ئەڵمان کە سوێندخواران بەزۆر سەپاندبوویان بەسەریاندا، جا هەر بەم سەبارەتە کاتێک تەنیا بیست ساڵ و چەند مانگێک تێپەڕبوو بوو بەسەر جەنگی یەکەمدا کە هەتلەر توانا و دەسەڵات و هێزی لەخۆیدا گومان کرد.

ڕۆژی هەینی یەکی ئەیلولی ١٩٣٠ پاش بڕوبیانوویەکی زۆر بەپۆلەندە لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە بەلەشکرێکی ئێجگار بێ شومارەوە هێرشی کردە سەر پۆڵەندە کە پەیمانی دۆستایەتی و لەسەرکردنەوەی لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسەدا هەبوو، کە ئەوان لەسەری هەڵیان دایە شەڕەکە بوو بەشەڕێکی تێوەدانی جیهانی، لەم شەڕەدا (٥٧) دەوڵەتی سەر زەوی بەشداری تێداکرد، ئەڵمان، ئیتاڵیا، ژاپۆن لەلایەکەوە پێیان دەوتن بەرەی تەوەرە (محور). ئەوانی تر وەک ئینگلیز، ڕووس، فەرەنسە و ئەمەریکا و لایەنگرەکانیان کە پێیان دەوتن هاوپەیمانان یاخود سوێندخواران (حلفاء). ئەم شەڕە بۆ ماوەی شەش ساڵ دنیای وێرانکرد، کارەساتی ئەوتۆی دا مێژوو شەرمەزارە لە ناوهێنان و نووسینی چونکە نزیکەی بیست ملیۆن مرۆڤ لەناوچوو، شەڕەکە (٤١٣) هەزار ملیۆن لیرەی زێڕی تێچوو، ئەو ساختمان و کارگانەی وێران و کاوڵ بوون بایی (٨٢٥) هەزار ملیۆن لیرەبوو (ئەم ژمارانە لە گۆڤاری دووەم جەنگی جیهانی ژمارە یەک ساڵی ١٩٥٩ کە لە بەیروت دەرچووە لە لاپەڕە ٦، ٧، ٨وە وەرگیراوە).

هەر چەند لە سەرەتاوە دەستەی تەوەرە بەتایبەتی ئەڵمان سەرکەوت و زۆر وڵاتانی ئەورووپا و ئەفەریقا و ئاسیایان داگیرکرد، بەڵام لە ئەنجامدا لەبەر درێژبوونەوەی ماوەی شەڕەکە و دوورکەوتنەوەی لەشکری ئەڵمان لە بنکەی خۆی و شەڕکردن لەهەر چوارلاوە و زۆری دەوڵەتە سوێندخوارەکان و دەوڵەمەندییان بەتایبەتی ئەمەریکا و کەم ڕەتی هەتلەر و بیروباوەڕە دیکتاتۆرییەتە شوڤینیانەکەی خۆی و بەرەی نازییەتی کە دەیان وت ئەڵمان دەبێت لە ژۆر هەمووانەوە بێت لەشکرەکەیان بەپاشدا هات و ڕووی کردە شکست و کشانەوە تا لە ئەنجامدا دوای شەش ساڵ پاش تەقینەوەی بۆمبا ئەتۆمییەکەی ئەمەریکا کە دای بەسەر هێروشیمادا لە ١٤ مانگی ئابی ١٩٤٥، ئەڵمان و هاوڕێکانی بێ چەندوچۆنی خۆیان دا بەدەستەوە، تەنیا ژاپۆن یەک مەرجی هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە ئەبێت ئیمپراتۆر (هیرۆهیتۆ) پارێزراو بێت.

بەم ڕەنگە ئەڵمان جارێکی تر کەوتەوە ژێر دەسەڵات و ڕەحمەتی سوێندخواران، وەلێ هەتلەر کورد واتەنی (بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایە بانی) خۆی و پایتەختەکەی بەیەکەوە تێداچوون.



بەکاربێنێت، بەم ڕەنگە و بەبێ ئەوەی پرس بەکەس بکرێت عێراق ڕاکێشرایە ناو نێرینەی جەنگەکەوە، لە ناخۆشی و زیان لێکەوتندا بوو بەبرای هاوبەشی سوێندخواران.

بێجگە لەتەنگ و چەڵەمەیەک کە لە ڕووی جەنگەکەوە دەستەویەخەی هەموو کەسێک بوو لە یەکەم ساڵدا وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەم گیروگرفتە تایبەتییانەم تووش هات:

١- بوونی حوجرە لە نیمچە شارەکەدا واتە قوتابخانەی ئەهلی کە کوتە مەلا لە ڕێگەی حونجکردنەوە فێری خوێندنیان دەکردن، ناو و ناتۆر و بێ دینی و فەرمەسۆنییان بەئێمە و قوتابخانەکەمان دەوت، بۆ من لە زەحمەتکێشان و دەردی سەری خاڵی نەبوو.

٢- سەرەڕای نەبوونی پەڕاو بەزمانی کوردی مامۆستاکان یەکێکیان نەبێت، ئەوانی تر هەموو جێگری مامۆستا بوون، واتە پلەی زانیارییان نزم بوو، ئەمەش بۆ من وەک لێپرسراوێ تەواوکردنی بەرنامە دیارە بێ گیروگرفت نەبوو.

٣- دانیشتوانی پێنجوین ئەو حەلە منداڵ ناردنیان بۆ قوتابخانەی ڕەسمی بەتاوان و بێ دینی دەزانی چونکە لەلایەکەوە بەڕێگەی دەنگی فێری خوێندن و نووسین دەکرێن، لەلایەکیشەوە فێری بێ دینی و خوانەناسی دەکرێن (وەک خۆیان دەیان وت)، جا وەرە لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکەی بەزۆر لێ بسێنە، هەر بەزۆریش ناچاری بکە کە گەیشتە پۆلی چوارەم و بەرەو ژوورتر جلی دیدەوانی بکات و لەبەری بکات، ئەژنۆی دەربکەوێت، کە ئەمە بێ شەرعی و خوانەناسێتییە بەلای ئەوانەوە لەو زەمانەدا.

لەگەڵ ئەم ناتەواوی و گیروگرفتانەدا کە زۆر بەکورتی باسمان کردن، ڕامان کێشا و لە تەواوبوونی ساڵی خوێندندا ١٢ قوتابی پۆلی شەشەم بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلووری (وەزاری) چوون بۆ سلەیمانی، ئەنجامی تاقیکردنەوەکەشیان مام ناوەندی بوو بەهەردوو دەورەکە دووانیان دەرنەچوو.

## ساڵانی ١٩٤٠-١٩٤١

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠دا چەند جارێک بەسەردان چوومەوە بۆ سلەیمانی، لەم کاتەدا حاجی ڕەمەزان گوێزرابووەوە، ئەرکی موتەسەریفی بەجێگر دەبرا بەڕێوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کۆمەڵەی برایەتی ڕوو لە کزی و بەرەی هیوا بەرەو برەو دەڕۆیشت، من وا دەزانم لەبەرئەوەی ئەڵمان وەک لەپێشەوە وتمان لە سەرەتای شەڕەکەوە ڕوو لە سەرکەوتن بوو، بۆیە کشتەی نازییەتی بەڕەنگێک سەوز بووبوو هەندێک لە ئەندامانی بەرەی هیوا خۆیان وا نیشان دەدا کە لایەنگری ئەوانن.

نزیک تەواوبوونی پشووی هاوین و نزیکبوونەوەی کردنەوەی قوتابخانەکان و دەست پێکردنی ساڵی خوێندن بەڕێوەبەری ناحیەی پێنجوین گوێزرایەوە، کاک بەهائەدین عارف کە یەکێک بوو لە دەرچووانی کۆلیجی حقوق و پیاوێکی تا حەزکەیت ڕەوت جوان و بێ وەی بوو، بوو بەبەڕێوەبەری ناحیە.

لەم ساڵی خوێندنەدا بێجگە لەو گیروگرفتە کە لەمەوپێش باسم کرد هیچ زەحمەت و ناڕەحەتییەکی ترم تووش نەهات کە پەیوەندی بەفرمانەکەی خۆمەوە هەبێت، لە سەرەتای بەهاری ئەم ساڵەدا (سەید عەتا) کوژرا لاشەیان لە یەکێک لە مزگەوتەکانی پێنجوین شت و بەخاکیان سپارد، بەڵام (حەمەتاڵ) پێش

چوونی من بۆ پێنجوین کوژرابوو.

لە مایسی ١٩٤١دا ڕەشید عالی گەیلانی کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو بەرامبەر بەئینگلیز شۆڕشی کرد و لەگەڵیان کەوتە شەڕەوە، بەم بۆنەیەوە لە سەراسەری وڵاتدا ئاهەنگ گێڕرا و خۆشی دەربڕا، ئێمەش لە پێنجوین ئاهەنگێکی خنجیلانەی جوانمان گێڕا، بەڵام شۆڕشەکە ئەوەندەی نەخایاند، بەبیری من لەبەر ئەم هۆیانە زوو کەوت:

١- پیاوەکانی ئینگلیز لە سەراسەری وڵاتدا لەکاتی شۆڕشەکەدا هەر کنەیان دەکرد.

٢- ڕای گشتی پێشەکی بۆ شۆڕشەکە ئامادە نەکرابوو.

٣- هەرچییەک تەقەمەنی حکومەتی عێراق هەبوو گشتی لە ئینگلیز وەرگیرابوو بۆیە خۆیان دەیانزانی چەندە و کەی دەبڕێتەوە.

بەم سەبارەتە شۆڕشەکە زوو کەوت و ڕەشید عالی لە ڕێگەی خانەقینەوە چوو بۆ ئێران و هەموو شت لە عێراقدا چووەوە دۆخی جاران و بەڵکو خراپتر.

لەم کاتانەدا شێخ مەحموودی نەمر کە لە (صليخ – أعظمية) دەستبەسەر بوو، بەبێ ڕەزامەندی میری هەر لە خۆیەوە گەڕایەوە بۆ شارباژێڕ بۆ گوندی سیتەک. بەم بۆنەیەوە لە هەموولایەکی لیوای سلەیمانییەوە کەسانی زۆر چوون بۆ خزمەتی، لە پێنجوێنیشەوە چەند کەسێک بەناوی دانیشتوانەوە چوون، یەکێک لەو پیاوانە خوالێخۆشبوو حاجی عەبدوللای ناوبوو کە ئەمینداری کۆمەڵەی برایەتی بوو، ڕۆژی دوای گەڕانەوەیان موفتی شاعیر بەناوی گلەییەوە بۆ منی گێڕایەوە کە حاجی عەبدوللا هەرچی پارەیەکی کۆمەڵەی برایەتی لقی پێنجوین هەیبوو (بریتی بوو لە ٢٠٠ دینار) بەناوی دیارییەوە پێشکەش بەشێخی کردووە، ئەم کردەوەیەی حاجی عەبدوللا بوو بەهۆی ناکۆکی موفتی شاعیر و پێنجوێنییەکان و کەم هێزبوونی کۆمەڵەی برایەتی[1] بەڵکو نەمانی، چونکە موفتی وازی لێ هێنا، کە هەر ئەویش وەک کۆمەڵێک دەیبرد بەڕێوە.

هەر لە پایزی ئەو ساڵەدا حوسێن فەوزی ناو بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی، بەڵام ئەوەندە نەمایەوە، شتێکی ئەوتۆش ڕووی نەدا لە زەمانیدا، منیش لەگەڵ پشووی هاویندا بۆ یەکجاری گەڕامەوە بۆ سلەیمانی. بۆ ساڵی خوێندنی تازە گوێزرامەوە بەمامۆستایی بۆ قوتابخانەی ئەیوبییە لەناو شاردا.

## ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٢

لەم ساڵی خوێندنەدا کە لە بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەی سەرەتایی ناحیەوە بووم بەمامۆستا لە قوتابخانەی ناو شاردا، هەرچەند لێپرسراویم کەم بووەوە و هاتەسەر ڕۆژی چەند دەرسێک کە بەقوتابییەکانی بڵێم، هەروەها هەستان و دانیشتن لەگەڵ زۆرکەسان و هەموو چینەکانی گەل بەتایبەتی مامۆستایان بۆم دەرکەوت هەرکەسە لە ئاوازێک دەخوێنێت.

(١) من ئەندام نەبووم لە کۆمەڵەی برایەتیدا بەڵام موفتی هیچی لێ نەدەشاردمەوە لە زۆر شتدا پرسی پێدەکردم.



هەندێک لە دەوڵەمەندان و بەرژەوەند ڕۆیشتوو سەر بەئینگلیز بوون، هەندێک بەجێماوی ژیان سەر بەنازی، هەندێک بەناوی ئەندامی کۆمەڵەی برایەتییەوە خۆی بادەدات، هەندێک بەناوی ئەندامی بەرەی هیواوە کە ئەڕوات منەت بەسەر زەوییەکەدا دەکات. کەچی نیشتمانپەروەری و نەتەوە دۆستی و خزمەتی گشتیان تەنیا قسەی ڕووت و زمانی لووس و پاراویان بوو. بەڵگەی سەلماندنیشیان سوێندبوو بەشەرەف و سەری باوکیان. بۆیە وام بەباشزانی سەر بەهیچ لایەک نەوەستم، هەر لە سنوور فرمان و توانای خۆمدا وەک زۆر کەسانی تری ئەوکاتە خزمەتی گشتی بکەم، وەک دڵسۆزبوون بەقوتابی و نەتەوە و لایەنگری هەژار و لێقەوماوان.

لە سەرەتای هاوینی ١٩٤١دا شێخ مستەفا قەرەداخی کە ئەوساکە یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی وەزارەتی ناوخۆیی بوو هاتە سلەیمانی و چوو بۆ سیتەک بۆلای شێخ مەحموودی نەمر. (چونکە نازانم بۆچی چووبوو، باسی چییان کردبوو بۆیە لێی نادوێم)، ئەوەندە دەزانم کە شێخ مستەفا گەڕایەوە بۆ بەغداد لە تەموزی ١٩٤١دا بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی، پاش ماوەیەکیش شێخ تەشریفی بردە گوندی داری کەلی و لەوێ دانیشت.

ساڵی خوێندنیش لە ئەیلولی ١٩٤١ تا حوزەیرانی ١٩٤٢ هەرچەند شێوەیەکی ئاسایی هەبوو بەڵام لەبەرئەوەی هەموو شت نرخی گرانبوو، ژیان ڕووی کردە زەحمەتی، میریش دەستی گرت بەسەر خواردەمەنی و پێویستییەکانی تری ژیاندا، بۆیە سەرەتای ژیانێکی ناخۆش لە داهاتوودا خۆی دەنواند.

هەرچۆن بوو ساڵی خوێندن تەواوبوو، منیش گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی (فيصلية) کە لە جێگەی بازاڕی عەسری ئێستەدا بوو لە سلەیمانی.

## ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٣

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢دا جموجۆڵی نیشتمانپەروەرانە زۆربوو لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی و هیوا و هەموو قوتابخانەکان و کەسانی سەربەخۆی نیشتمانپەروەر لە فەرمانبەران و لە ئەهالی بەتایبەتی کە بیسترا لە ئێران کۆمەڵەی ژ.ک (ژیانەوەی کورد) لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢دا دامەزرا. هەرکەسە و هەرلایە لە ڕاستی خۆی کەوتە جووڵە و چالاکی نواندن، دوایی ئەم کۆمەڵەیە بوو بەدیموکراتی کوردستان.

کە ساڵی خوێندن دەستی پێکرد و چوومە قوتابخانەی (فيصلية) لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوو عەبدولواحید نوری بەدوو سەبارەت دۆستایەتیمان قایم و بەتین بوو، یەکەم پیشەی مامۆستایی دووەم هاوبیریمان لە نووسیندا کە لە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژیندا بڵاومان دەکردەوە، بۆیە بەیەکەوە لەگەڵ مامۆستای خوالێخۆشبوو جەلال محەمەد بڕیارمان دا هەموو پەڕاوەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان لەسەر بەرنامەی خۆمان دایان بنێین و هەر خۆشمان چاپیان بکەین. بەم ڕەنگە بۆ یەکەم جار مێژووی پۆلی سێیەمی سەرەتاییمان دانا و بەناوی هەرسێکمانەوە چاپکرا و لە ماوەیەکی کەمدا هەمووی فرۆشرا. بەڵام ئەم هەنگاوەمان بووە هۆی ئەوەی زۆر ناحەزمان بۆ پەیدا بوو لە مامۆستایان.

لەو زەمانەدا چەند مامۆستایەک هەبوون ئاژاوەنانەوەیان لەمیانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکاندا دەستمایەی خۆبردنە پێشەوەیان بوو. هەر ئەو ساڵە من چیرۆکی دڵداری و پەیمانپەروەریم چاپکرد کە لە ساڵی ١٩٣٣دا دامنابوو، بەم کردەوە بەتەواوی ئاوم کردە ژێر خۆم، دوای چەند مانگێک ئەو قوتابخانەیەم نەدییەوە.

دەربارەی شێوەی ژیانی گشتی هەروەک لەمەوبەر وتم میری نزیک تەواوبوونی ساڵی ١٩٤٢ دەستی کرد بەدەست بەسەراگرتنی خواردەمەنی و پێویستییەکانی ژیان تا ساڵی ١٩٤٣، گشت شتێکی خستە ژێر چنگی خۆیەوە وەک گەنم و جۆ و هەموو جۆرە دانەوێڵە و شەکر و چا و سابوون و ڕۆن و قوماش و خام و بلووری و چیت... هتد.

لە لیواکاندا بەڕێوەبەری بۆ دانا بەناوی بەڕێوەبەری بەرهەمەکان و تەموینەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی پێویست و فرۆشیار بۆ دابەشکردنی شتومەکەکان بەپێی کۆبۆنێک کە بەدەست هەموو خیزانێکەوە بوو. بۆ ئەم مەبەستە لەکاتی سەری مانگان یا ئەو حەلەی شتومەک بیوایە هەرکەسە دەچووە لای فرۆشیارەکەی خۆی، شتەی وەری دەگرت بەپارە پارچە کۆبۆنی لە دەفتەرەکەی دەکردەوە. جا لەبەرئەوەی هەموو پێویستییەکی ژیان هەر لای فرۆشیارەکانی میری دەست دەکەوت ئەویش بەڕێکوپێکی دەست هەموو کەس نەدەکەوت، بۆیە بازاڕی ڕەش کەوتە برەو و گرانییەکی قاتی ئاسا لە سەراسەری عێراقدا پەیدابوو، تا گەیشتە ڕادەیەک کیلۆی شەکری زەردی ساوەری بوو بە ٧٥٠ فلس، کەللەی شەکر تا دوو دینار فرۆشرا و دەست هەموو کەسیش نەدەکەوت، لەبەرئەوە فەرمانبەری مانگانە کەمی خێزاندار و ئەهالی تا چینی ناوەندیش هەندێکیان موحتاج و ڕووت کەوتن، لەولاشەوە هەندێک بوون بەلۆرت کە تا دوێنێ هیچیان نەبوو.

هەر بەم سەبارەتەش لە نزیک کۆتایی ساڵی خوێندندا ئاژاوەیەک ڕووی دا لەناو قوتابخانەکان و دایەرەی زانیاریدا، کە ئێستە مادام کاتی بەسەرچووە پێویست ناکات باسی بکرێت، کە بوو بەهۆی گواستنەوەی چەند مامۆستایەک لە ساڵی دواییدا لەناو شارەوە بۆ لادێ، کە من یەکێک بووم لەو مامۆستایانە و بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٤٣-١٩٤٤ گوێزرامەوە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکەی سووورداش.

## ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٤

لە وەرزی هاویندا لەکاتی پشووی مامۆستایان و قوتابیان و کەمی ئیشوکاریاندا هەموو ساڵێک بەهۆی نیشتمانپەروەران و شاعیران و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانەوە چالاکی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری و کوردایەتی پتر لە وەرزەکانی تر جووڵەی تێ دەکەوت بەتایبەتی لەم کاتی دووەم جەنگی جیهانییەدا کە ئەم حەلە ئاش لەگەڕ دابوو، چونکە هەندێک لەو باوەڕەدابوون ئەگەر بێت و ئەم شەڕە کۆتایی بێت و کورد شتێکی بۆ نەبێت دوای ئەوە مردنی گەلێ خۆشترە لە ژیانی بەندەیی و نۆکەری.

بەڵام ئەم هاوینە جیاوازییەکی تەواوی هەبوو لە هاوینەکانی تر، چونکە شێوەی گرانی و ئەرکی زۆری ژیان لە وزە بەدەربوو، مەگەر بەدەگمەن ئەگینا کەس نەی ئەپەرژایە سەر ئەو جۆرە باسە. کۆمەڵەی برایەتی



ناوی نەما، بەرەی هیوا لاواز و بێ دەسەڵات کەوت، هەندێک فەرمانبەران لەبەر بۆ هەڵنەسووڕان لەجیاتی چاکەت و پانتۆڵ جلی کوردییان لەبەرکرد. لەبەر گرانی ماوەیەک پێشتر فتوە بۆ مامۆستا و قوتابی نەما. لۆری بە ٦٠ دینار و بیکاب بە ٤٠ دینار لە سلەیمانییەوە دەچوون بۆ قەڵادزێ و پێنجوین، ئوتومبیلی بچووک کە پێیان دەوت تەنتە لە ١٢وە تا ١٥ دینار لەمیانی کەرکووک و سلەیمانیدا هاتوچۆیان دەکرد.

ئەوەندەی نەمابوو پشووی هاوین تەواو ببێ خراپ نەخۆش کەوتم، لەو باوەڕەشدا بووم کە فەرمانم بۆ بێت بگوێزرێمەوە بۆ جێگایەکی کەس نەویست، من لەم پەژارە و پەشێوی ژیانەدا لەپڕ قۆڵتی نەگبەتی بەرەو پیرم هات ئەویش: تازە لارەلارە جاروبار لە ماڵ دەچوومە دەرەوە، خۆرئاوایەک لە چایخانەی حەمەڕەق دانیشتبووم، سەید نوری برام کە ئەودەمە پۆلیسی شەقام بوو هات و بانگی کردم بەهەنسکەوە وتی: کاکە نەجمەدینم کوژراوە، کە بەتوندییەکەوە لێی تووڕەبووم وتم ئەم قسەیە چییە دەیکەیت وتی بەڕاستمە. برووسکەیەک لە بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵەوە هاتووە دەڵێت (قۆمیسەری گەیارە نەجمەدین شێخ جەلال کوژراوە بەکەسوکاری بڵێن، ئەگەر دێن بۆ تەرمەکەی باشە ئەگینا ئێمە لێرە خۆمان ئەینێژین). هەروەها وتی کە من ویستم بەڵێنی مۆرکراویان بدەمێ کە دەچین بۆ تەرمەکەی ڕازی نەبوون، وتیان بەتۆ نایەتەوە، ئوتومبیلی تەنتە لێرەوە بە ١٥ دینار دەچێت بۆ کەرکووک، بڕۆ یەکێک بێنە بتوانێت بیهێنێتەوە، کە وتم فیسارە کەس برامە وتیان زۆرباشە بچۆ با ئەو بێت بۆمان مۆرکات تا ئێمەش وەڵامی برووسکەکەی موسڵ بدەینەوە، دوای ئەمە بەیەکەوە ڕۆیشتین بۆ دایەرەی پۆلیس، تا ئەوێ من هەر لە گوماندا بووم. کە لەوێ وێنەی بەڵێنەکەیان بەنووسراوی دایە دەستم و خوێندمەوە بێدەسەڵاتانە دەستم کرد بەگریان، دوای مۆرکردنی کە هاتینە دەرەوە تاوێک لێکم دایەوە بۆم دەرکەوت تووشی بەڵایەکی گەورەی چاوەڕوان نەکراوبووم چونکە ئەو هەموو پارەیەی لەو کاتەدا هەمبوو لە ٢٥ دینار تێنەدەپەڕی و هێنانەوەی تەرمەکەش لە ٤٥ - ٥٠ دیناری دەوێت. بەڵێ ڕاستە هەموو شت هەر بەپارە ناکرێت، هەر زەمانە پیاوی خۆی هەیە، بەڵام کەسیش بەبێ پارە هیچی پێ ناکرێت.

لە هەڵوێستی ئەو ڕۆژەدا پێویستی سەرشانی من بوو تەرمەکە بهێنمەوە چونکە کەسی تر نەبوو لە خێزانەکەماندا بتوانێت ئەو کارە بکات، خۆم بەخۆمم ئەوت من ئەتوانم ئەگەر چاو لە قەرزاری بپۆشم، من لەو خەیاڵەدا و ڕووەو ماڵەوە دەڕۆیشتین، حاجی قادری جەبار کە لەو حەلەدا دراوسێ بووین ڕووبەڕوومان هات هەر لە دوورەوە وتم حاجی پارەت پێیە، حەق ئەبێ بوترێت وتی پێشم نەبێ هەیە چەندت ئەوێت وتم لە (٣٠) دینار کەمتر بەشم ناکات خۆشم بیست دینارێکم پێیە، کە پارەکەم لە حاجی قادر وەرگرت هۆشێکم پێدا هاتەوە، دەستبەجێ کەوتینە گەڕان بەدوای ئوتومبیلدا، لەو ئێوارەی ڕوو لە شەودا لە هەموو سلەیمانیدا یەک ئوتومبیلی تەنتە هەبوو پاش مشتومڕێکی زۆر ڕازی بوو بە ١٥ دینار بمان گەیەنێتە کەرکووک و بەس.

لە ئێوارەی ڕۆژی دواییدا شەهیدەکەمان لە گردی سەیوان سپارد بەدوا ئارامگە.

لە دووەم ڕۆژی پرسەکەدا فەرمانم وەرگرت کە گوێزرامەوە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە بێ قوتابییەکەی

سووورداش. پاش چەند ڕۆژێک دەستێک جلی کوردی لەبەردا، جووتێ کڵاش لەپێدا بەو لۆریەی شتومەکی تەموینی برد بۆ سووورداش بەدینار و نیوێک لەسەر فەردەوە سواربووم و چووم بۆ ئەوێ، لە قوتابخانەکە دابەزیم، بۆ ئێوارە بەڕێوەبەری ناحیەکە کە لەوە پێش لە هەڵەبجە بەیەکەوە بووین و یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی برایەتی (خوا پێم نەگرێ هەر بەو بۆنەیەوە بوو بەبەڕێوەبەری ناحیە) لەگەڵ قۆمیسەر و چەند فەرمانبەرێک هاتن بۆلام. کە سەرنجی قسە و دانیشتنی بەڕێوەبەرم دا لەبەرچاوی ئەوان، بۆم دەرکەوت، کۆنە مامۆستای چی و بەڕێوەبەری ناحیە چی، نەمرووددێکە بۆ خۆی، هەر ناچێت بەلای ئەوەدا کە لەوەبەر چاوی بەمن کەوتبێت، بۆیە منیش لە پێویست بەدەر گوێم نەدایە، ئەوەندە ڕووم تێنەدەکرد لە دانیشتنەکەدا. تا چەند ڕۆژێک لەو قوتابخانە سەرەتاییەدا کە دەر و ژووری بەنووسین و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ داکۆکی و پڕوپاگەندەکردن بۆ بەرەی سوێندخوارانی شەڕەکە بەتایبەتی بۆ ئینگلیز ڕازابووەوە، تەنیا سێ قوتابی هاتوچۆیان دەکرد.

ئەو حەلە گوندی سووورداش نەدەگەیشتە چل ماڵ، لە پێش پەیدابوونی گرانییەکەدا بەبۆنەی تەموین و جەنگەکەوە لە گوندی (خوردەلوک و هۆمەر قەومەوە قوتابی دەهاتن بۆ قوتابخانەکەی سووورداش کە لەم کاتەدا مزگەوتێک و دوو دوکانی تێدا هەبوو لەگەڵ چایخانەیەک کە چای دیشلەمەی بەنقوڵەوە دەدا بەفەرمانبەرانی میری و دەوڵەمەندەکان، چای دیشلەمە بەمێوژ بۆ کەسانی تر. ماڵی بەڕێوەبەری ناحیە و سەرا لە خۆرهەڵاتی گوندەکەدا گردێک لە بەینیانا بوو.

ئەوی ڕاستی بێت پێش ئەوەی چاوڕووم بکرێتەوە لەگەڵ دانیشتواندا، بەتەواوی وەڕس و بێ تاقەت بووم. بۆیە نووسراوێکم نووسی بۆ بەڕێوەبەری ناحیە لەگەڵ لیستەی ناوی قوتابییەکانی ساڵی پێشوو کە نەدەهاتنەوە. لە ئەنجامدا بەزۆری پۆلیس ١٦ قوتابی پێکهێنرا لەمە تەنها ٩-١١ منداڵ دەهاتن، زۆریان ڕووت و قووت و ناتەواو بوون، گونیە لەبەریشیان تیابوو. ئەم ١٦ قوتابییە بریتی بوون لە پۆلی یەکەم، دووەم، سێیەم و پێنجەم، پۆلی چوار و شەشمان نەبوو. لەم کاتەدا مامۆستایەکیشیان بۆ ناردین خەڵکی تەلکێف بوو ناوی یەڵدا بوو، بەکوردی قسەی نەدەکرد، ئەو ڕۆژی تاوێک لەگەڵیان خەریک دەبوو، منیش زمانی کوردی و دەرسی خەلدونییەم بەپۆلی یەک کە شەش قوتابی بوون دەوتەوە، لەگەڵ هەموو دەرسەکانی پۆلی پێنجەم کە دوو قوتابی بوون.

ئەم ساڵەم لە سووورداش ڕێکەوتی ئەو ساڵە دەکات کە حەقەکانی (سەرگەڵوو و کلکەسماق) هەموو سامان و زەویوزار و ئاژەڵ و شتومەکی خۆیان تالان فرۆشکرد و ڕووەو کەرکووک ڕۆیشتن بەو نیازەی بچن بۆ شام، لەوێ میری نەیهێشت و گێڕانیەوە، مامەڕەزای سەرۆکیانی دەستبەسەر نارد بۆ هەڵەبجە، ئەوانی تریش بەملا و بەولادا بڵاوەیان تێکەوت.

من لە حەقە و حەقایەتی شارەزانیم، ئەوەی لێم دیون، جلوبەرگ سادە، لەناو خۆیاندا یەک دڵ و زمان، سامان نەویست، یەکتری خۆشەویست. وەک ئەیان وت ژن و پیاو تێکەڵ. نیشانەی جیاییان لەگەڵ کەسانی تر پوزەوانە و دارێکی کورت بەدەستەوە کە پێیان دەوت دارە قوڵە. ئافرەتیشیان دەست بەخۆداهێنان و چاوڕشتنێکی تۆخ. لە هەندێک پیاوی پیری وریای ئەو ناوەم بیست دەیان وت



بیستوومانە شێخەکانیان پەڕاوی بەهائەڵڵایان دۆزیوەتەوە کە لەکاتی خۆیدا دوو ساڵ لە ئەشکەوتی[١] سەرگەڵوودا بووە. جا یا تێنەگەیشتوون یا بەهەڵە بەکاریان هێناوە، جیاوازیان لەگەڵ بابییەکاندا ئەمەیە: ئەم بەهائەڵڵا پێغەمبەری بابییەکانە و ئەوەیە کە لە کوردەواریدا پێی دەڵێن (باب)، بەوانەی بڕوایان پێ کردووە دەڵێن (بابی). ئەوەی ببوایە بەبابی بەهیچ ڕەنگێک پەشیمان نەدەبووەوە و ڕازی دڵی خۆشی (بێجگە لە خۆیان) بەکەسی تر نەدەوت، بۆیە پێیان دەوتن خورمای بابییان خواردووە.

لە ناوەڕاستی ئەم ساڵی خوێندنەدا باری ڕامیاری میری لە نەرمونیانییەوە ڕووەو توندوتیژی گۆڕا، شێخ مستەفا قەرەداخی لە سلەیمانییەوە گوێزرایەوە لەجیاتی ئەو پیاوێکی سەربازی لیوا ڕوکن (بەهائەدین نوری) لە ١٩٤٤/٢/١٢ بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی، ئەم پیاوە بەڕەگەز کوردبوو هەرچەند زمانی کوردی نەدەزانی، خۆشەویستی بەرامبەر نەتەوەی کورد بێ سنوور بوو، هەوڵ و تەقەلاشی بۆ خزمەت زۆربوو، کوردایەتی خستەبرەو، لە کاروباری فرمانەکەیدا زۆر توندوتیژ بوو بەتایبەتی بەرامبەر سەرۆک دائرەکان، ڕقی لە خراپە و خراپەکاران بوو، نەفرینی لە فەرمانبەری دز دەکرد، بەرتیلخۆری بەتاوانێک دەزانی لێی خۆش نەدەبوو.

لە مانگی نیساندا هات بۆ سووورداش، پێش هەموو جێگەیەک هات بۆ قوتابخانەکە، کە بازاڕی نالەباری کەساسی و هەژاری قوتابییەکانی دی زۆر پەست بوو، بەکاک مەحموود میرزا ئەحمەدی خەفافی وت کە یاوەری بوو برووسکەیەک بدات بەسلەیمانی و بڵێت تا دە ڕۆژی تر ١٦ قات جل بگاتە قوتابخانەی سووورداش، بەپێی ئەو ئەندازانەی کە لە منیان وەرگرت. لەڕاستیدا پێش دە ڕۆژەکە هەموو جلەکان گەیشت، بەسەر قوتابییەکاندا دابەش کرا.

دوای ئەوە ئەوەندەی پێنەچوو پشووی هاوین دەستی پێکرد منیش گەڕامەوە بۆ سلەیمانی.

## ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٥

کە کاتی پشووی هاوین هاتمەوە بۆ سلەیمانی زۆر زوو چووم بۆ سەردانی مامۆستای خوالێخۆشبوو عەبدولواحد نوری، لەگەڵ بینینی حاڵی بووم نەخۆشییەکەی سنگی تەواو کاری تێکردووە لە وەخت و سەعات دایە، لەبەرئەوەی زۆر دۆست و دڵسۆز و خۆشەویستم بوو بەدڵتەنگییەوە بەجێم هێشت. ئەمزانی پێی خۆشە زوو زوو ئەچووم بۆلای، گەلێک جار مامۆستای خوالێخۆشبوو جەلال محەمەد سەیفوڵڵاشم لەلای ئەدی، بۆ دواجار ڕۆژی ٥ی تەموز سەرلەبەیانی چووم بۆ لای هیچ جیاوازییەکم لەگەڵ ڕۆژاندا نەدی، پاش نەختێک ماڵئاواییم کرد و ئەویش بەسەر و دەست خواحافیزییەکی بەگەرمی لێکردم. من

(١) ئەو ئەشکەوتانەی کە نزیک سەرگەڵوون (باب) ماوەیەک تێیاندا ژیاوە، دوانن: یەکەمیان بەو شاخەوەیە کە بەرامبەر سەرگەڵووە، ئەویش دوو ئەشکەوتە لەناو یەکدا، جێگەی هاوینی بووە. دووەمیان لە خوار گوندەکەوەیە لە قەدی شاخەکە دروستکراوە، ئەوساکە من دیم جێگەی گرێژەنە و کلۆمی دەرگای دیاربوو، ئەمەیان جێگەی زستانی بوو. پیاوێکمان لەگەڵ بوو پێی وتین من نەنە فاتەم دیوە، ئەم نەنە فاتەیە گشت ڕۆژێک نان و شیری هێناوە بۆ ئەم ئەشکەوتە بۆ (باب).

نەمئەزانی دوا خوا حافیزییە جا نازانم ئەو.

دوای نانخواردنی پاش نیوەڕۆ لە ماڵەوە ڕاکشابووم کە فازڵ نیزامەدینی برازام بەڕاکردن هاتەوە و لە دوورەوە وتی مامە مامۆستا عەبدولواحد مرد، بەپەلە چووم بۆ ماڵیان. هەر لە ڕێگەی گردی سەیوان لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا جەلال محەمەد بڕیارمان دا کۆبوونەوەی یادی چل ڕۆژەی کۆچکردنی بۆ بکەین، ئەشمزانی کۆبوونەوەکە ئاسان و بێ ترس نییە، ترسی میری لەلایەکەوە، ترسی هاوڕێی بەخیلی حەسوود لەلایەکی ترەوە. کە دەسمایەی دەستیان بۆ خۆبردنە پێشەوە تانە و تەشەرە لەو کەسانەی شتێکی باشی نیشتمانەروەرانەیان لە دەست بێت، لەگەڵ کۆسپ دروستکردن لە ڕێگەیاندا سەرنەکەون هەرچۆن بوو لەکاتی خۆیدا کۆبوونەوەکە لە حەوشەی قوتابخانەی گۆیژەی کوڕاندا پێکهات، هۆنراوەی جوان و پەخشانی شیرین لە بابەت ڕەوشت و ژیانی مامۆستای کۆچ کردووەوە خوێنرایەوە.

وەکو بیستبووم ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایانەی کە بوونە هۆی گواستنەوەم بۆ سووورداش شادمان و دڵخۆش بوون بەگواستنەوەکەم، بۆیە منیش بەقینداکەوتم، داواکارییەکی توندوتیژم پێشکەش بەبەڕێوەبەری زانیاری کرد، تێیدا نووسیبووم ئەگەر لە ساڵی داهاتوودا نەمگوێزنەوە بۆ سلەیمانی، ئەوا لە ئێستەوە ئاگادارتان دەکەم لەو لیوایەدا مامۆستایی ناکەم، یان بەمامۆستایی دەچم بۆ شارێکی تر، یان دەچمەوە بۆ بەغداد بۆ خوێندن.

هەر لەم ساڵەدا بەرەی (حیزب) هیوا دواکۆنگرەی لە شاری کەرکووک بەست، ئەنجامی کۆنگرەکە حیزب دووپەل بوو، پەلی چەپڕەوەکان لێی کشانەوە، پەلەکەی تریش نەیتوانی بیبات بەڕێوە، بۆیە بۆ یەکجاری کەوت و نەما.

لە مانگی ئابی ١٩٤٤دا جارێکی تریش شێوەی ڕامیاری گۆڕا و بەهائەدین نوری گوێزرایەوە و مەعروف چیاوک کە یەکێک بوو لە کوردانی ناسراوی ئەو سەردەمە بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی. نیشتمانپەروەران و کورد خواکان چاوەڕوانی کردەوەی جوانی سوودبەخش بوون، کەچی وا نەبوو

بۆ ساڵی خوێندنیش لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٤دا قوتابخانەی سووورداشم دایە دەست مامۆستای خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاک کە لەوەپێش لەگەڵ خوالێخۆشبووان مامۆستایان ڕەمزی قەزاز و عەبدوڵڵا گۆران چووبوون بۆ ئیستگەی ڕادیۆی خۆرهەڵاتی نزیک لە (یافا) لەوێ بەبۆنەی شەڕەکەوە بەرنامەیان بەزمانی کوردی بڵاو دەکردەوە، ئەو بەتەنیا هاتبووەوە، خستبوویانەوە سەر فرمانەکەی خۆی کە مامۆستایی بوو، کردبوویان بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی سووورداش و منیشیان بەمامۆستایی گواستەوە بۆ گۆیژەی کوڕان لەناو شاردا.

لە قوتابخانە تازەکەمدا، پاش ماوەیەک بۆم دەرکەوت بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەوەی بەبیردا نەیەت و بەتەنگیەوە نەبێت بەرژەوەندی قوتابی و قوتابخانەیە، تووشی نەخۆشی خۆ نزیک خستنەوە بوو لە گەورەپیاوان، بەتایبەتی بەڕێوەبەری زانیاری. جا بۆیە ئەگەر مامۆستاکان ویجدانی خۆیان ڕێی بدانایە و ڕۆژی یەک پیتیان نەوتایەتەوە کەس نەبوو بڵێت بۆچی. بەڵکو لەلای هەندێک تاریک دڵ و ساویلکە ئەمەیان بەباشی بۆ دادەنا، چونکە لای ئەو جۆرە کەسانە پیاوباش ئەوەیە بێ دەنگ بێت و وەی بۆ کەس



نەبێت، نازانن لە لای زانایان و پسپۆران پیاوباش ئەوەیە لەسەر هەق هەڵبداتێ و ڕاستگۆ بێت و سوودبەخش بەکەسانی تر و ناوچە و نەتەوە و مرۆڤایەتی، نەک بێدەنگ بێت وەکو مردوو یا وەیدار بێ وەک مار و دووپشک.

***

شێوەی باری گشتی ناو شار بەم جۆرە بوو: تارمایی مۆتەکەی گرانی ئاشکرا هەر دیاربوو لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە چونکە ئەڵمان و دەوڵەتەکانی تەوەرە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە شکست بوون، سەرکەوتنی دەستەی سوێندخواران لە جەنگەکەدا گومانی تێدا نەمابوو، بۆیە نازی خواکان لە ڕاستی خۆیان بەبێ دەنگی سەریان کزکردبوو، بەڵام ڕۆشنبیران و شاعیران و نیشتمانپەروەران لە گشت وەخت زیاتر هەرکەسەیان لە ڕاستی خۆی کەوتبووە جموجۆڵ، چونکە وەک ئەیان وت وا شەر ئەبڕێتەوە و کوردیش هەروەک خۆی هیوا بڕاوە لەوەی شتێکی دەستکەوێت، ئەوەی دیارە و گوایە دەستکەوتە ڕادیۆکەی کوردستانە لە شاری یافا، ئەویش تێگەیشتووان دەیانزانی بۆ ترساندنی تورک کرابووەوە بۆ ئەوەی ڕێ بدات بەسوێندخواران سەربەست بەگەرووی دەردە نیلدا هاتوچۆ بکەن، ئەگینا بۆ بەرژەوەندی کورد دانەمەزرابوو، ئێستگە دەستکەوتووەکەش بێ بەڵا بێت هەر خەریکی بەزموڕەزم و چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ بوو، ناو بەناویش بەناوی مژدەوە بۆ کورد مۆسیقایەکی لێدەدا و دەیوت ئەمە مارشی کوردییە و شاخی بزنەکانی کوردستانیش شێوەی (٧) ڤییە واتە نیشانەی سەرکەوتنی ئینگلیز.

هەر لەم ساڵەدا بەماوەیەک دوای نەمانی بەرەی هیوا، بەرەی ڕزگاری دامەزرا و گۆڤاری ڕزگارییان دەرکرد و سەرنجی زۆرکەسیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا و بوون بەیەکە جێگەی ئاوات. بەم بۆنەیەوە هەر کەسە لە ڕاستی خۆی کەوتە جووڵە.

لە جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥دا کە لە کارێزی وەستا شەریف و گردی مامەیارە کرا زۆر چالاکی نوێنرا. قوتابییانی قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتایی ئەم هۆنراوەیەی منیان لەسەر ئاوازێک کە خۆم بۆم دانابوو بەسروود لەبەردەم میستەر ئەدمۆنس و موتەسەریف مەعروف چیاوک و بانگکراوەکاندا وت، خوالێخۆشبوو فائق بێکەس شیعری ٢٧ ساڵەی خوێندەوە.

**سروودی بەخێربێن**(١)

بەخــێــربێن ئێــوە و نەورۆز و بەهار
دوارۆژمـان ئەوێت لە گەورە و سـەردار
دوارۆژێکی ڕوون، گـەشی ڕەونەقـدار
شـەوقی بهـاوێت بۆ هەردە و كـۆسـار

---

(١) تا تەواوبوونی ئاهەنگەکە دانیشتوان چەند جارێک سروودەکەیان بەقوتابییەکان دووبارە کردەوە، لە هەمان کاتدا بوو بەدروشمی سەیرانی ئەو بەهارە.

ئەمرۆ سبەیەک جەنگ ئەبڕێتەوە
سوپای سەرکەوتوو ئەگەڕێتەوە
میللەتان حەقیان پێ ئەدرێتەوە
وریابن کە کورد بیر نەچێتەوە
کۆرس:
بەخێربێن ئێوە و نەورۆز و بەهار...
هەولێک، هیمەتێک یەک دڵ و زمان
بۆ بەرزی خاکی هەموو نیشتمان
بۆ خۆشی و شادی شار و لادێکان
دەبا یەکگرن دەستەی لاوەکان
کۆرس:
بەخێربێن ئێوە و نەورۆز و بەهار...

لە سەیرانی بەهاری ئەو ساڵە و ساڵی دواییدا ئەم سرووده باوی سەند، هەشبوو پێی ناخۆشبوو، نەیدەویست گوێی لێ بێت، چونکە لە پەنای دۆستایەتی درۆدا دوشمنایەتی ڕاستی بەرامبەر بەکوردیان پێ سپێررابوو. ئاغای وای دەرس دادابوو لەکاتی پێویستدا بڵێت کورد چی ئەوێت لە ئینگلیز؟ کەی کورد لەپێش ئینگلیزدا حاڵی لە ئێستە باشتربووە، لە شانسی ئەو جۆرە کەسە لە ساڵانی دواییدا دوشمنایەتی بەرامبەر بەکورد، بۆکورد بوو بەنیشتمانپەروەری، بەم ڕەنگە کە هەردووکیان بوون بەیەک. ئەو سرووده و هۆنراوەی جۆری ئەو سروودەیان کرد بەبڤە و تووڕیان دایە کون و قوژبنی بیرچوونەوە.

پێش ئەوەی پشووی هاوین دەست پێ بکات ترس و لەرزی مامۆستا گرتن و مامۆستا دەرکردنیان بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی کەس نەوێرێت لە پێستی خۆیدا بجووڵێتەوە.

## ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٦

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥دا ڕۆژی ١٤ی تەموز دوای بۆمبا ئەتۆمییەکەی کە ئەمەریکا دای بەسەر هیرۆشیمادا لە ژاپۆن، ئەڵمان و ژاپۆن بێ چەند و چۆنی خۆیان دا بەدەستەوە، تەنیا ژاپۆن مەرجی ئەوەبوو کە ئیمپراتۆر هیرۆهیتۆ نابێت هیچی لێ بکرێت، بەڵام ئیتالیا لەوەبەر لەگەڵ سوێندخواران ڕێک کەوتبوو. بەم بۆنەیەوە لە سەراسەری عێراقدا کرا بەشایی و بەزموڕەزم[1] بەتایبەتی لە سلەیمانیدا لەلایەن نۆکەران و بێگانەپەرستان، بەزۆری ئەوانەی تا ماوەیەکی کەم پێش کۆتایی جەنگەکە نازی بوون،

(١) لەبەردەم سەرای سلەیمانیدا ئاهەنگی هەڵپەڕکێ کرا، کابرایەکی لادێیی زۆرجوان هەڵدەپەڕی. بەو بۆنەیەوە بڕە هۆنراوێکم وت، ئەمە یەکەم پێنجینەکەیەتی: =



ملیان قوت کردەوە، سەریان بەرزکردەوە، بەڵام ئەمجارە ڕوو لە شوێنێکی تر بوون. خوا گشت پیاو باشێک بپارێزێت لە بەڵای ئەم جۆرە کەسانە، بەڕاستی دەردێکی سامناک و کوشندەیە لەهەر ناوچە و کۆمەڵ و نەتەوەیەکدا ئەگەر زۆربن.

هەر لە پایزی ئەو ساڵەدا بەرەی کۆمۆنیست واتە شیوعی کورد دامەزرا، ڕۆژنامەیەکیان دەردەکرد کە ناوی شۆڕش بوو، بەبیری من دامەزرێنەرانی بەرەکە نازانم بڵێم درەنگ خەبەریان بووەوە یان بەهەڵەدا چووبوون چونکە بەرەی کۆمۆنیستی عێراق کە لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزرابوو، بێگومان پەلی هاویشتبووە ئەم ناوچەیە و کنەی تێدا کردبوو. دیارە دوو دەسەڵاتی پێچەوانەی یەکتر مەبەست بەیەک ڕێبازدا و لەیەک وڵاتدا هەرگیز بەیەکەوە ناگونجێن و ڕێک ناکەون، بۆیە بەرەی کۆمۆنیستی کورد تەمەن درێژ نەبوو.

کە قوتابخانەکە کرایەوە لە جێگەکەی خۆم مابووم. ساڵی خوێندن بەشێوەیەکی ئاسایی وەک ساڵەکانی تر ڕۆیشت، تەنیا ئەوەندە هەیە لەسەر داواکردنی بەڕێوەبەری زانیاری چیرۆکی دڵداری و پەیمانپەروەریمان لە حەوشی قوتابخانەی گۆیژەی کوڕاندا نیشان دا. لەبەرئەوەی هەر یەکەم شەو بوو بەبەزم و هەرا و شیعر خوێندنەوەی حەماسی، بۆ بەیانی پۆلیس پێی ڕاگەیاندین کە نابێت دووبارە بکرێتەوە.

لە کۆبوونەوەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦دا کە لە قوتابخانەی غازی سەرەتایی کرا دانیشتوان داوایان لە خوالێخۆشبوو (بێکەس) کرد کە شیعرێک بخوێنێتەوە، ئەویش هەستا و شیعری (بەهار نامەوێ جوانیت ببینم)ی خوێندەوە، داوایان لە منیش کرد کە شیعرێک بخوێنمەوە، ئەوی ڕاستی بێت بۆ من وەک تەڵە وابوو چونکە بەترسنۆکی و نەنگیم دەزانی بڵێم شیعر ناخوێنمەوە، هیچ شیعرم لەبەرنەبوو بێجگە لە شیعری (ئەی کورد خۆت هەڵتەکێنە...) کە لەو ساڵەدا وتبووم، هەرچۆن بوو پێم نا بەجەرگی خۆمدا و خوێندمەوە، کە گەیشتمە سەر ئەم پێنجینەیە:

تا تۆ ژیانت هەر بۆ پارە بێت
ئەویش بۆ پێک و بۆ ئێوارە بێت
بێ شێو هەزاریش هەر لەم شارە بێت

= ئەی کورد
خۆت هەڵتەکێنە ڕەنگینە کوڵت
کوا لە دوور خۆشی دەنگی دەهۆڵت
کەس گوێ ناگرێت لە بۆڵەبۆڵت
واستەی پەستی بۆ شێو و دۆڵت
دوودڵی خۆتە و باوانی چۆڵت
هۆنراوەکە هەمووی لە بەشی دووەمی شیعری چاپکراودا لە ساڵی ١٩٥٩ چاپکراوە.

رێگەی نەجات وا و، ئەمەش چارە بێت

بگری بۆ بەخـــتی ڕەشی کـــلـــۆڵت

بوو بەهەرا و چەپڵەڕێزان و دەنگی دیسانەوەیەکی ئەوەندە زۆر سەرنجی گشت کۆمەڵ و دەستەکانی بیروڕا جیاجیاکانی وا ڕاکێشا، بووە هۆی ڕق هەڵسانی بەسەر زاری هاوڕێ و لەژێرەوە ناحەزەکانم و ئیخبارییە یەک لە دوای یەک دەستی پێکرد. لە بەڕێوەبەری زانیاری و پۆلیسەوە بانگ کرام، لەهەر لا چەند پرسیارێکیان لێکردم، هەندێک ئامۆژگاریان کردم و وتیان ئاگات لە خۆت بێت و بڕۆ. بەڵام بەلای خۆمەوە هۆی سەرەکی ئەوەبوو، ڕامیاری میری بۆ هەر مەبەستێک بوو، ئاشکرا بۆ ئەم بابەتانە لە جاران زیاتر جڵەوی شل کرد.

موتەسەریف مەعروف چیاووک گوێزرایەوە، فرمانەکەی بەجێگر دەبرا بەڕێوە.

## ساڵانی ١٩٤٦-١٩٤٧

لە ساڵی ١٩٤٦دا میری ئەوساکە بەڕەسمی ڕێگەی دا پێنج بەرە (حیزبی) سیاسی لە پایتەخت دامەزرا:

١- بەرەی سەربەخۆ (حیزبی إستقلال).

٢- بەرەی سەربەستان (حیزبی أحرار).

٣- بەرەی نیشتمانی دیموکراتی (حیزبی وطنی دیمقراطی).

٤- بەرەی گەل (حیزبی شعب).

٥- سەربەستی نیشتمان (تحرر وطن).

بەپەیدابوونی ئەم بەرە ڕامیارییانە، وڵات جووڵەیەکی سەربەستانەی ڕووەو ئازادی تێکەوت، هەرکەس لە ڕاستی خۆی توانی هەناسەیەکی ئاسوودانەی دڵ ئارامییانەی ڕوو لە خۆشی بدات.

بەرەی شۆڕش واتە کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراقدا لەو هاوینەدا، لە یەکەم هەفتەی مانگی ئابدا کۆنگرەی گشتی گرت و لە ئەنجامدا بڕیاری هەڵوەشاندنی خۆیان دا بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرەی دیموکراتی کوردی ببن بەیەک، لە هەفتەی دووەمی هەمان مانگدا بەرەی ڕزگاریش هەر لە بەغداد کۆبوونەوەی گشتی کرد و بڕیاری نەمانی خۆی دا بەمەرجی یەکبوون لەگەڵ بەرەی دیموکراتی کوردی. بەم ڕەنگە لە ئەندامانی (ژ.ک) ژیانەوەی کورد لقی سلەیمانی و ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی و هیوا و ڕزگاری لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ بەرەی دیموکراتی کوردی لە بەغداد بەنهێنی دامەزرا و دەستی کرد بەفرمان. وەلێ لە ڕووی ئەندام وەرگرتن و هەندێک ڕەفتارەوە نەیتوانی لە هەڵەی ئەوانی پێش خۆی، خۆی دووربخاتەوە (هەر زۆر بێت و بۆربێت)، بەبێ پێویست ئەندامەکانی لە گشت جێگەیەک هەموو کەس دەیانناسین.

کە قوتابخانەکان کرانەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان گوێزرایەوە، بەڕێوەبەرێکمان بۆ هات. کە هەر لە قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتاییدا چوار مامۆستا هەبوون هەریەکەیان سێ ساڵ لەپێش ئەودا لە



قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سەرەتایی دەرچووبوون و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی قوتابخانەشیان زۆر لەو باشتربوو. بەڵام ئاشکرا زۆر کەس دەیانزانی بۆچی و چۆن ئەو لەولاوە هێنراوە. بەڕێوەبەری تازە پلەی خوێندەواری و ڕەوشتی خراپ نەبوو، بەڵام زۆر وشک و خۆ پەسەند بوو، بۆ خۆ بردنە پێشەوەش لە هیچ شتێک سەرپێچی نەدەکرد، ئەو ئاژاوەیەی ئەم نایەوە لە قوتابخانەکەدا جیاواز بوو لەو ئاژاوەیەی کە بەڕێوەبەری پێشوو دروستی کردبوو. سا هەر چۆن بوو کاروباری قوتابخانە دەڕۆیشت بەڕێوە.

لێرەدا بەشێوەی گشتی پێویستە کەمێک لەباری نالەباری ئەو ڕۆژەی عێراق بدوێم، چونکە بێگومانە شێوە گشتییەکە کار دەکاتە سەر ئەم ناوچەیەش بەتایبەتی سلەیمانی. لەم ماوەیەدا ئەو کابینەی ئەنجوومەنی وەزیرانەی کە ڕێگەی دا بەدامەزراندنی بەرە ڕامیارییەکان و هەندێک سەربەستی دا بەمیللەت لابراو کابینەیەکی توندوتیژ هاتە سەر کار و دەستی کرد بەهێرش بردنە سەر بەرە نیشتمانییەکان و توندوتیژییەکی وای بەکارهێنا تا کار گەیشتە ڕادەیەک قەڵاچۆکەی گاورباخی لە کەرکووک و کوشتاری کرێکارانی ڕێگەی ئاسن لە بەغداد ڕوویان دا. بەکورتی دەویسترا بەزۆر و ستەم نواندن سەر بەگەلی عێراق دانەوێنن بۆ بەرژەوەندی داگیرکەر.

ئەم توندوتیژییە لە سلەیمانیشدا زۆرخراپ دەستی پێکرد، پیاوانی داگیرکەر کەوتنە خۆ قیت کردنەوە و چاو زەق کردنەوە. گرتن و دوورخستنەوە دەستی پێکرد. بۆ بەرەنگاری ئەم کردەوانە بەرەنیشتمانییەکان کەوتنە جووڵە، بەداخەوە بۆ یەکەم جار لە سلەیمانیدا بۆنی دووبەرەکییەتی لێ دەهات، زۆرجاریش دووکەس کە هەریەکەیان سەر بەلایەک بوون لێیان دەبوو بەشەڕ، میریش لەهەر لایە بەم ناوەوە چەند کەسێکی لە هەردوولا دەگرت.

لەم حەلانەدا هەڵسوورێنەرانی ئێستگەی ڕادیۆی کوردستان لە یافا هاتبوونەوە و چووبوونەوە سەر فرمانەکانی پێشووی خۆیان، باسیان هەر باسی جوانی ئەو وڵاتە و ڕابواردنی خۆشی شەوانی بوو. جەژنی نەورۆز لەم ساڵەدا بەئاشکرا نەکرا، بەدزییەوە لە چەند لایەکەوە ئاگر کرایەوە. بەم ڕەنگە و لەژێر باری ترس و لەرزێکی زۆردا ساڵی خوێندن تەواوبوو پشووی هاوین دەستی پێکرد.

## ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨

لەم کاتانەدا کابینە توندوتیژەکە لابرا، کابینەیەکی تر هاتە سەرکار، ڕایگەیاند کە ئەم بەنەرمونیانی وڵات دەبات بەڕێوە، بۆیە هاتۆتە سەرکار، پەرلەمانێکی یاسایانەی کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی سەربەستانەوە پێک بێت، بێنێتە بەرهەم بۆ ئەوەی وڵات لە ئاژاوە ڕزگار ببێت، کەچی لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوەبوو بەڕێگەی زۆرەملێ پەرلەمانێک دروست بکات وەک داشی دامە بەدەست میرییەوە بۆ ئەوەی پەیمانی ١٩٣٠ نێوان عێراق و ئینگلیز دەستکاری بکرێت، وا بگۆڕێت سووددارتر بێت بۆ داگیرکەر، کە نوێنەرەکانی گەلی بەداتاشراوەیی پێکهێنا، خۆی وازی هێنا و وەزارەتێکی تر هاتە سەر کار.

یەکەم فەرمانی ئەم وەزارەتە ئەوەبوو نێرراوی عێراق بەسەرۆکایەتی سەرەک وەزیران چوو بۆ لەندەن بۆ

بەستنی پەیمانێکی نوێ لەجیاتی پەیمانی ١٩٣٠. کاتێک ڕۆژنامەکان و ڕادیۆی عێراق دەنگوباسەکەی بڵاوکردەوە، لە زۆر جێگەوە بەتایبەتی لەناو قوتابخانەکاندا مانگرتن و خۆپیشاندان بەرەنگێ لە پایتەخت دەستی پێکرد کاری کردە سەر قوتابخانەی لیواکانیش، بۆیە بەنەهێنی فەرمان هات بۆ قوتابخانەکان کە نابێت ماوە بدرێت بەقوتابی هاوبەشی خۆپیێشاندانەکان بکەن، پێویستە لەکاتی خۆپیێشاندانەکاندا دەرگای قوتابخانە دابخرێت، لەگەڵ ئەوەشدا جووڵانەوەکە بەربەست نەکرا، بۆیە میریش لەپێشەوە هەندێک بەنەرمی کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە و ترساندن.

کاتێک سەرەک وەزیران لە لەندەن گەڕایەوە بەتەواوی زانرا کە پەیمانەکە لە ١٥شوباتی ١٩٤٨دا مۆرکراوە و زۆریش زیانبەخشترە لە پەیمانەکەی ١٩٣٠ بۆ گەلی عێراق، بۆیە مانگرتن و خۆنواندن لە سنوور دەرچوو، میریش بەوپەڕی توانایەوە دەستی کرد بەدەست وەشاندن، وەک گرتن، گواستنەوە، کوشتار لەناو قوتابخانەکاندا لە بەغداد و قەڵاچۆی سەر پردی کۆن(١) کە دوایی ناونرا پردی شەهیدان.

ئەم باری نالەباری پایتەختە کاری کردە سەر هەموو لیواکان، بەتایبەتی سەر سلەیمانی، چونکە داخ لە دڵی زۆر تیابوو، هەموو ڕۆژ کۆبوونەوە و خۆپیێشاندان ڕوویان دەدا، پۆلیس بەتێلاوە دەکەوتە گیانی خەڵقەکە و ڕاونان و گرتنیان.

ئەوەی لێرەدا ئەبێ بیلێم ئەوەیە، لەم کاتانەدا کە بەزۆری دوانیوەڕوان و سەر لەئێواران خۆپیشاندان و کۆبوونەوە دەستی پێدەکرد، هەموو ماڵانی ئەو دەوروبەرە، دەرگایان دەخستە سەرپشت بۆ ئەوەی ئەگەر پۆلیس یەکێک یا چەند کەسێکی ڕاونا بۆ ئازاردان و گرتن، خۆیان بکەن بەو ماڵانەدا و دەرباز بن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرکەس لە دانیشتوانی شارەکە لەگەڵ خۆنیشاندەرەکان بوون.

ئەم حاڵە لە عێراقدا تا هات لە خراپەوە بۆ خراپتر دەڕۆیشت و گشت بەندیخانەکان پڕکران لە گیراو، زۆر لە فەرمانبەران دەرکران و دوورخرانەوە، زۆر کەس کوژران، کەچی مانگرتن و هاواری خۆنیشاندەرەکان بۆ بەرەڵاکردنی گیراوەکان و لابردنی پەیمانەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی بەدرۆ نوێنەرانی گەل و لابردنی وەزارەت تا دەهات بەرزتر دەبووەوە، بەرەنگێ سەرەتای شۆڕشێکی چەکداری ناوخۆیی لە هەموو لایەکەوە دەرکەوت.

ئەنجوومەنی وەزیران وازی هێنا، پەیمانەکە لەغوکرا، هەندێک گیراوان بەردران، کابینەیەکی لەسەرخۆ هاتە سەرکار، حاڵ لە عیراقدا نەختێک هێمن بووەوە. کەچی ئەوەندەی نەخایاند بەناوی پاراستنی بنکەی لەشکری عێراقییەوە کە چووبوو بۆ شەڕی فەلەستین (لەوێش نەیانهێشت بچێتە کۆڕی شەڕەکەوە) ئیعلانی عورفی کرا. ترس و لەرز دەستی پێکرد.

ئاهەنگ و کۆبوونەوەی بەهار و نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ لە تووی مەلیک کرا، هەرچەند ترس دەستی

(١) لەناو قوتابییە کوژراوەکاندا دوو قوتابی کچیش کوژرابوو، بۆیە پیرەمێرد شاعیری کورد ئەڵێت:

تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا

قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێت لە هەڵمەتا



پێکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا قەڵەباڵغییەکی زۆر کۆبووەوە. شیعرەکەی پیرەمێرد:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

بۆ یەکەم جار لەم کۆبوونەوەیەدا بەئاوازێکی خۆش وترا، بەڵام ئەوەی سەر و دڵی سەیرانکەرەکانی گرت بێجگە لە میری ترسان، ئەوەبوو: لەکاتی وتار و شیعر خوێندنەوەدا چەند کەسێک لە وتار خوێنەوەکە ڕاپەڕین و بوو بەشەڕ. بەم ڕەنگە تۆوی دووبەرەکی چەکەرەی کرد و بوو بەداخی سەردڵی نیشتمانپەروەرانی سەربەخۆ. زۆریان لە داخدا ئاهەنگەکەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ ناو شار. بەزمانی حاڵ دەیان وت ئەم دووبەرە ڕامیارییە لەم هەڵوێست و ڕێکەوتە ناسکەدا لەکاتێکدا دوشمن لە مەڵاس و کەمین دایە و دان لە هەردوولا جیر دەکاتەوە، بۆچی لەسەر شتێکی هیچ ئەم شەڕەیان دامەزراند؟ بوونە هۆی تێکدانی ئاهەنگەکە کە لەژێرەوە لایەکیان یا هەردووکیان سەرپەرشتییان دەکرد و خۆیان بەخاوەن ئاهەنگ دەزانی.

دوای ئەمە شتێکی وا ڕووی نەدا کە شیاوی باسکردن بێت تا پشووی هاوین.

## ساڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩(١)

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٨دا لەجیاتی حەوانەوە و پشوودان، لەگەڵ مامۆستا کاک خالید شەفیق بەگ بۆ ماوەی دوو مانگ (تەموز و ئاب) ناردیانین بۆ دەورە لە بەغداد. هەرچەند ماوەی دەورەکە زۆر زەحمەت بوو، دەسەڵات چییە؟ لەوە دەچوو هەردووکمان لە مامۆستا نەویستەکانی زانیاری بوون، ئەگینا مامۆستای تر زۆر هەبوو. کە ناردنیان بۆ دەورە لە ئێمە پێویست تر بوو دەورەکە لە قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان بوو لە (أعظمية)، هەریەکەمان ڕۆژی چارەکە دینارێک و جێگەی نوستنمان هەبوو و بەس.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی تەموز کە تەواو لەبەر گەرما بێ ورە و ئارام بووبووین لەپڕ ٧٠٠-٨٠٠ ژن و پیاو خۆیان کرد بەقوتابخانەکەدا، بەناو ڕەدهەکاندا بڵاوبوونەوە، لەگەڵ ئێمەدا بەتێکەڵی دانیشتن. جلوبەرگی ئافرەتەکان زۆر لە جلوبەرگی ئافرەتی کوردی پشدەری و لای ڕانیە دەچوو. کراس و ئاوەڵ کراسی، سوخمە و کۆڵوانە، لەچک و پشتێنی چیت، فێست و بەرچاوگە و پۆیلانە. ڕێک وەک ئافرەتی کوردەواری.

بەڕاستی لە دیمەنەکە واق وڕماو و سەرسوڕماو بووم. تومەز ئەمانە هەموو دانیشتووی فەلەستینن، جوولەکە بەزۆر ئاوارەی کردوون، پەنایان هێناوەتە بەر عێراق. بەڕاستی ئەوەندە زویر و دڵتەنگ بووم چاوم پڕبوو لە ئاو، چونکە لەمە گرنگتر و زەحمەتتر و جگەربڕتر کارەسات لە مێژووی مرۆڤدا ڕووی نەداوە، پیاو لە نیشتمانی هەزار ساڵەی باوک و باپیری بەسەڵتی ئاوارە و دەربەدەر بکرێت بۆ دوور وڵاتان.

(١) لە ڕۆژی ١٩٤٩/٣/٨ دوو ڕێکخراوی تەموین لە سلەیمانی لابرا.

هەر لەم دوو مانگەدا بوو کە پایەبڵند و مێژوونووسی بەناوبانگ محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە سلەیمانی کۆچی دوایی کرد. بۆ کۆبوونەوەی یادی چل ڕۆژەی لە سلەیمانی نووسراوم بۆ هات بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەکەدا. منیش ئەو پەخشان و هۆنراوەیەی کە لەپەڕاوی یادی محەمەدئەمین زەکی بەگدا نووسراوە ناردم بۆ کۆبوونەوەکە و خۆم نەگەڕامەوە.

دوای تەواوبوونی دەورەکە ڕۆژی یەکی ئەیلول بەڕێگەی ئاسندا گەڕاینەوە، تا گەیشتینەوە سلەیمانی لە دە جار زیاتر لەناو شەمەندەفەر و ئوتومبیلدا خۆمان و باوڵەکانمانیان پشکنی، بەوەدا زانیم باری ڕامیاری سلەیمانی ئاڵۆزە.

لەگەڵ گەڕانەوەدا قوتابخانە کرابووەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو زۆرخراپ نەخۆش کەوتم، پزیشکی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری لە تەقریرەکەیدا نووسیبووی بۆ بەڕێوەبەر: بۆ ئەوەی ژیانی ئەم مامۆستایە پارێزراو بێت پێویستە بۆ ماوەی ساڵێک لە فرمانی مامۆستایی دووربخرێتەوە. بەڕێوەبەریش بەنووسراوێکی جوانەوە تەقریرەکەی نارد بۆ وەزارەتی زانیاری. لە ئەنجامدا وەزارەت ڕازی بوو ساڵێک بەناوی چاودێرەوە بچمە نامەخانەی گشتی. ئەو حەلە نامەخانەی گشتی بریتی بوو لە دوو دۆلاب پەڕاو، لە خانووەکەی شێخ عەزیزی تاپۆ لە تەنیشت گەراجی سەید نوری نەقیبەوە.

کەس نەدەهات بۆ خوێندنەوە، فەرمانبەری نامەخانە لە خۆیەوە چەند ناوێکی دەنووسی کە گوایا ئەو چەند کەسە لەو ڕۆژەدا هاتوون و پەڕاویان خوێندۆتەوە، لەڕاستیدا خۆشی پەڕاوی نەدەخوێندەوە.

ئەم ساڵی خوێندنە بۆ جەژنی بەهار و نەورۆز بەئاشکرا هیچ نەکرا. ترس و لەرزی مامۆستا گرتن و دەرکردن زۆربوو، من بەهۆی نەخۆشی و دووریم لە پیاوخراپان تا ڕادەیەک ئاسوودە بووم لەم ڕووەوە تا هاوین هات و پشووی قوتابخانەکان دەستی پێکرد.

### ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٠

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٩دا هەر لە نامەخانەی گشتی بووم، جێگەکەم بەلاوە خراپ نەبوو، ئەو ترسەم هەبوو، لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکان بەچەند مانگێک ماوەکەم تەواو دەبێت و پێویستە دوای ئەوە بچمەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆم.

لەکاتێکدا کاروباری بەڕێوەبردنی دایەرەی زانیاری چەند دەموچاوێکی تازە لەژێرەوە دەیانبرد بەڕێوە (چونکە بەڕێوەبەری زانیاری زمانی کوردی نازانێت، خەڵقی سلەیمانی نییە، کەس ناناسێت) بۆیە هەرشتێک کە بیویستایە بیکردایە ناچار بوو لەوانی دەپرسی، ئەوانیش چۆن چۆن و لە کوێوە بۆ کوێ بەباشیان بزانیایە بۆ خۆیان لەوێوە بۆی دەچوون و ئەو ڕێگەیەیان پیشان دەدا. ئەوەی بەبیریاندا نەهاتایە بەرژەوەندی قوتابخانە و شار و میللەتەکە بوو.

لەم کاتەدا ڕۆژێک تووشی دۆستێکم بووم کە لە دایەرەیەکی تر فەرمانبەر بوو، دوای چاک و چۆنی وتی ئەمساڵ دەبیت بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی کانی ئاسکانی سەرەتایی، منیش لە وەڵامدا سەرم بۆ لەقان و وتم باوەڕناکەم، تا ئێستە چەند جار بەڕێوەبەری قوتابخانە چۆڵ بووە، نەمن، نەئەو



مامۆستایانەی کە وەک منن نەیان کردووە بەبەڕێوەبەر. دۆستەکەم وتی: ڕاست دەکەیت، ڕێکەوتێکی سەیربوو، من هەموو شتم لە بەڕێوەبەر گەیاند و ئەوەشم بۆ شی کردەوە بۆچی ئێوەمانان ناکەن بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بۆیە پێشەکی پێم وتیت بۆ ئەوەی ئامادە بیت، من دڵنیام کە دەبیت، چونکە من لەلای بەڕێوەبەر بووم کە لە یەکێک لە کاربەدەستانی خۆیانی پرسی کە کێ بکەن بەبەڕێوەبەری کانی ئاسکان ئەویش مامۆستایەکی زۆر گەمژەی پێ وت. کە فەرمانبەرەکە ڕۆیشت، من باسەکەم لەگەڵ کردەوە، تەواو حاڵیم کرد ئەویش ناوەکەی تۆی لەلای خۆی نووسی.

لەوەدەچێ دۆستەکەم ڕاستی کرد چونکە پاش چەند ڕۆژێک فەرمانم بۆ دەرچوو کە بچم قوتابخانەی کانی ئاسکان لە بەڕێوەبەری پێشوو کە خانەنشین کرابوو وەربگرم، لەکاتی وەرگرتنی شتومەکی قوتابخانەکەدا بۆم دەرکەوت قوتابخانەیەکی چوار پۆلی، لە هەموو ڕوویەکەوە پاشکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆری پێ نەچوو فەرمانم بۆ هات کە بۆ ساڵی خوێندن ئەبێت قوتابخانەکە بکرێت بەشەش پۆل، واتە سەرەتایی تەواو.

لەسەر ئەوە بەپێی پێویست داوای کورسی، ڕەحلە، نەخشە، تەختەی ڕەش، و هەندێک شتومەکی ترم کرد، ئەوەندەی پێ نەچوو شتومەکەکانم بۆ هات. بەڵام چیم بۆ هات، کۆنە و شکاو و ناشیرین چاککراوی قوتابخانەکانی تر. لەکاتێکدا ئەمزانی هینی تازە پڕ عەمارەکانە، بۆیە دوا لێکدانەوە وام بەخەیاڵدا هات کە ئەمە سەرەتای فڕوفێڵە لە من. کەواتە ئەم بەڕێوەبەرییە نەکەم چاکترە، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ چووم بۆ لای بەڕێوەبەری زانیاری، تکام لێ کرد کە لە قوتابخانەیەک بمکاتەوە بەمامۆستا، کە تێگەیشت سەبارەت بەچییە، نەیکردە نامەردی یەکێک لەو کاربەدەستانەی بووبوونە هۆی ناردنی ئەو شتومەکە خراپانەی بانگ کرد و وتی: هەر ئێستە نووسراوێک بنووسە بۆ مەخزەن و بڵێ بەپێی نووسینی بەڕێوەبەری کانی ئاسکان ئەبێت ئەمڕۆ هەمووی تازەی بۆ بنێرن، وێنەی بدەن بەو قوتابخانانەی ئەو شتومەکە کۆن و شکاوانەیان بۆ ناردووە خۆیان بچن بیان بەنەوە بۆ قوتابخانەکانی خۆیان، لێیان بپرسن کێ پێی وتوون ئەو ئەشیایانە بنێرن بۆ قوتابخانەی کانی ئاسکان.

بەم ڕەنگە و بەهەر کوێرەوەرییەک بوو ساڵی خوێندنمان بردەسەر، بەبێ ئەوەی لە بەهار و نەورۆزی ئەو ساڵەدا چاومان بەسەیران و ئاهەنگ بکەوێت. شەو و ڕۆژێک لەسەریەک دڵنیای ترسی دوورخستنەوە و گرتن بین.

### ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٤

لە ساڵی ١٩٥٠وە تا ساڵی ١٩٥٤ بەشێوەی گشتی باری ڕامیاری و بەڕێوەبردنی عێراق بەتایبەتی سلەیمانی لەسەر دوو شێوە دەڕۆیشت بەڕێوە. ماوەیەک توندوتیژی، فەرمانبەر دوورخستنەوە، گرتن و لێدان و ئازاردان و ماوەیەکیش جڵەو شلکردن و هەندێک گیراو بەرەڵاکردن و دڵنەوایی و ڕێدان بۆ خۆ پیشاندان. ساڵی وا هەبوو چەند جارێک ئەم دوو شێوەیە دووبارە دەکرانەوە.

هەر لە دوا دوای ساڵی ١٩٤٨وە ئەم پیاوانە یەک لەدوای یەک بوون بەموتەسەریفی سلەیمانی، داود

سەلمان، نەجمەدین سائیب، جەلال خالید، مزاحم ماهر. شێوەی نەرمونیانی لە زەمانی داود سەلمانەوە کە ماوەکەی زۆرکەم بوو دەستی پێکرد، دوای ئەو توندوتیژی. ئەم شێوەیەش لەناو بەڕێوەبەرێتی زانیاری و قوتابخانەکاندا هەر وابووە.

تەنیا شتێک کە پێویستە باس بکرێت چونکە جیاوازی پلەی سەربەستی و ئازادی و چون یەکیەتی ژن و پیاو دەردەخات لەو کاتە و لەم ڕۆژەدا ئەویش ئەوەیە کە لە ساڵی خوێندنی ١٩٥١-١٩٥٢دا چەند کچێکی سلەیمانی لە بەغداد قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی سەرەتایی کچانیان تەواو کردبوو، یەکێکیان ئافتاو غەفور پەیوەندی بەمنەوە هەبوو، هەر سێ ساڵەکەی قوتابخانە بەیەکەم دەرچووبوو، وەزیری زانیاری لە ئاهەنگی دەرچووندا بەدەستی خۆی خەڵاتی پێ بەخشیبوو، زۆر سوپاسی زیرەکی و ڕەوشتی کردبوو. ئەو حەلە لەبەرئەوەی بودجەی قوتابخانەی کچان لە ئیدارە مەحەلی سلەیمانیدا کەموکوڕ بوو، نەدەتوانرا ئەم کچانە بکرێن بەمامۆستا لە قوتابخانەی کچاندا، بۆیە دەبوو بچوونایە بۆ شارەکانی باشووری عێراق بۆ ئەوەی بەمامۆستایی دابمەزرانایە یان لە ماڵەوە دابنیشتنایە.

بەڕێکەوت ئەم باسەم بۆ مامۆستا موسا صەمەد بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی کوڕانی سلەیمانی کرد، وتم ئەو کچە نیازی وایە خەڵاتەکەی وەزیری زانیاری دەباتەوە بۆ وەزیر و پێی دەڵێت سوپاست ئەکەم خەڵاتەکەت بەهیچ نەچوو چونکە جێگە نییە بمکەن بەمامۆستا.

کاک موساش باسەکەی بۆ بەڕێوەبەری زانیاری ئەحمەد ڕفعەت ئاغا کە ئەویش هەولێری بوو گێڕابووەوە، بۆیە ناردی بەدوای مندا و بەدرێژی باسەکەی لێ پرسیم و وتی چۆن ئێستە کچێک لە هەموو عێراقدا یەکەم دەرچووی قوتابخانەی ماڵی مامۆستایان لە بەغداد خەڵقی سلەیمانییە و لێرەیە؟ وتم بەڵێ، ڕووی کردە کاک موسا ڕاستە زۆر نەنگ و شوورەیییە ئەمە لە شارەکەی خۆیدا دانەمەزرێت. پاش ماوەیەک بێدەنگی وەک بیر بکاتەوە، سەری هەڵبڕی و ڕووی کردە من وتی: دەڵێیت چی لەسەر بودجەی قوتابخانەی کوڕان لەلای تۆ دایان بمەزرێنم تا دەرفەتێک دەبێت ئەوسا دەیانگوێزمەوە بۆ قوتابخانەی کچان.

وتم خۆت دەزانیت. دوای چەند ڕۆژێک فەرمان دەرچوو بەگواستنەوەی چەند مامۆستایەک و لەجیاتی ئەوان ئافتاو غەفوور، ناهیدە کەریم. نەزیرە مەحموود، سەبیحە تۆفیق کران بەمامۆستا لە قوتابخانەی کانی ئاسکانی سەرەتایی کوڕان.

هەر لەگەڵ دەرچوونی فەرمانەکە باسی ئەم کچانە و قوتابخانەکانی کانی ئاسکان و بەڕێوەبەری قوتابخانەی کانی ئاسکان بوو بەبنێشتە خۆشەی ژێر دانی زۆر کەس، چونکە لەکاتێکدا ئافرەت هەموو بەعەبا و پەچەوە هاتوچۆ بکەن، پیاوی نامەحرەم نابێت کچی لە دە ساڵ بەرەوژوورتر ببینێت لەپڕ چوار کچ بچنە قوتابخانەی کوڕانەوە، دیارە ئەم کارە لە تانە و تەشەر و پلار بێبەش نابێ. من هیچ گوێم نەدایە بەتایبەتی کە سوریە محەمەد خێزانی ئەفسەرێک بوو لە موسڵەوە گوێزرابووەوە بۆ سلەیمانی ئەویش هاتە کانی ئاسکان. سەرنجم دا قوتابخانەکە کە لەوەپێش قوتابخانەیەکی چوار پۆلی بوو، لەناو قوتابخانەکاندا هیچ کێش و ناوێکی نەبوو، خەریکە لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو ڕێکبوون و پێشکەوتن



دەڕوات بەڕەنگێ لە ساڵی دواییدا ئەنجام بەم ڕەنگە بوو.

یەکەم – لە پێشانگەی ئەوساڵەدا بەهۆی ئیشی دەست و نەخشەی بەچنین دروستکراوی ئەو کچانەوە قوتابخانەکە بەچوارەم دەرچوو، کە لە ساڵانی پێشوودا هاوبەشی هیچ چالاکییەکی نەدەکرد.

دووەم – لە وەرزش و یاری ئۆلومپیدا لە ئیستعرازی ئەو ساڵەدا زۆرتر بەهۆی قوتابی پۆلی شەشەم بابەکر مەحموود ئاغا پشدەر وە کە لەواییدا لە ڕاکردنی ١٥٠٠م بوو بەیەکەم و حەوت نوختەی وەرگرت، قوتابخانەکە بوو بەیەکەم و کاسەی ئیستیعرازی لەناو هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوڕاندا وەرگرت.

سێیەم – لە ڕووی خوێندنەوە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو ساڵەدا پۆلەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم لە ٩٦٪ بەرەوژووریان دەرچووبوون. ئەمەش نیشان دەدات کە لە فێرکردنی منداڵی سەرەتایی خوێندندا ئافرەت سەرکەوتووترە لە پیاو، چونکە بەتاقەتترە لە پیاو لەگەڵ منداڵ. لە تاقیکردنەوەی هەر ئەو ساڵەدا یەکەم قوتابی لەهەموو لیوادا شەرەف محیەدین قوتابی پۆلی شەشەمی کانی ئاسکان بوو.

ئەم ئافرەتانە بەرەودوا گوێزرانەوە بۆ قوتابخانەی کچان، ئاخر دووانیان ساڵی ١٩٥٤ گوێزرانەوە.

***

هەر لەو ساڵانەدا خواردن دان بەقوتابی لە چێشتەنگاودا دەستی پێکرد لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، لە سەرەتاوە هەر بۆ هەژاران، دوایی خواردن و شیر و کەبسول بۆ هەموو قوتابیان. جلوبەرگ هەر بۆ هەژاران بوو لەگەڵ پێڵاودا. جل و پێڵاو دەدران بەقۆنتەرات، کام بەرگدروو و قۆندرە دروو بەهەرزان بیکردایە دەیاندا بەو.

## ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٨

لە ساڵی ١٩٥٤دا هەڵبژاردنێکی تری نوێنەرانی گەل کرا لە عێراقدا بەپێچەوانەی تەوژم و تینی میرییەوە، بۆ ئەوەی نوێنەرەکان گشت پیاوی خۆی بن، دوانزە نوێنەری بەرهەڵستکاری سەربەگەل هاتنەکایەوە.

لە سلەیمانیشدا لەجیاتی شامل یەعقووبی کە لەم کاتانەدا تەنیا دوو مانگ موتەسەریف بوو پیاوێکی نەرم و هێمن و لەسەرخۆ بوو. عومەر عەلی کە پیاوێکی توندوتیژ و سەربازی لیوا ڕوکن بوو، بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی. ئەم پیاوە لە سێ قۆڵەوە دەستی بەفرمان کرد:

١– توندوتیژی و جەزرەبە گەیاندن بەڕەنگێک ئەو ئاژاوە و چەتەگەرییەی کە ماوەیەک پێش هاتنی ئەو لە ناحیەی پێنجوین و قەزای شارباژێڕدا بەرپابوو بوو نەیهێشت، خولەپیزەی لەناوبرد. ئەم توندوتیژییەی لەناو شاریشدا هەر دەکرد و لە ئازاردان و لێدان و گرتن بەتایبەتی بەرامبەر مامۆستایان و قوتابیان سەرپێچی نەدەکرد. بەم کردەوەیەی هەندێک ترسنۆکانی لە مەیدانی خەبات دوورخستەوە.

٢– ئیش دۆزینەوە بۆ ئینتهازی و ئەو بێکار و فرمانانەی کە هەر بۆ پارە و پایە و بەرژەوەندی خۆیان،

خۆیان هەڵدەپەسێرن بەڕێکخراو و پارت و بەرەکاندا. کاتێک ئەم بەئیش بۆ دۆزینەوە دەرگای دەوڵەمەندبوونی بۆ خستنە سەرپشت ئیتر ئاڵانە ئەم و ئەوانیان لەبیر خۆیان بردەوە. ئەم جۆرە کەسانە هەمیشە لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا زۆرن و هەر ڕۆژە ڕوو لە جێگەیەک دەکەن کە سوودی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە بەناوی هەوڵدان بۆ سوودی گشتی. بەم ڕەنگە هەندێکی تریشی لە کۆڕی خەبات دەرهاوێشت.

٣- بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و زۆر لە دایەرەکانی تری میری و هەموو قوتابخانەکان و فەرمانبەران گەورە و بچووک وەک پەڕەی ئاش خستنیەگەڕ بۆ پێکهێنانی پێشانگای گشتی کشتوکاڵ، پیشەسازی، بەروبووم، گوڵ بەخێوکردن، جل و پێڵاوی خۆوڵاتی و زۆر شتی تر. سەپاندی بەسەر هەموو قوتابخانەکاندا کە دەبێت هەموو یەکێک چیرۆکێکی شانۆیی پیشان بدات یەکی چەند شەوێک پیشان بدرێ. دیارە ئەبێت هەمووش لەتەک ڕەوڕەوەی ڕامیاری میریدا جووت بن، سەرەڕای ئەمانەش مەشغول کردن بەوەرزش و یاری ئۆلومپی و ئاهەنگگێران بەبۆنەی ڕۆژی منداڵان و شتی ترەوە. کارێکی کرد شارەکەی وا خستە جووڵە کەس نەیدەپەرژا سەری خۆی بخورێنێت و لێرەشەوە توانی دەستەیەک لە خەباتکەران دووربخاتەوە.

ئا بەم ڕەنگە توانی بۆ ماوەیەک ئاسایشێکی ساتگەر بهێنێتە کایەوە، بەڵام چونکە بەرهەڵستی هەستی نەتەوایەتی دانیشتوانی شارەکەی دەکرد، هەموو ساڵێک لە نزیک نەورۆزدا جەژنی دارودرەختی دەهێنایە پێشەوە و نەیدەهێشت ئەو چالاکیانەی کە دەکران بۆیەی کوردەواری پێوە بێت، لەبەرئەوە هەرچەند لە هەندێک ڕووەوە خزمەتی شارەکەی کرد بەڵام لەلای ڕۆشنبیران نەدەچووە دڵەوە، ئەوەی بووە سەرباری ئەمەش ئەوەبوو لە ڕۆژی ١٨/١٠/١٩٥٦دا شێخ مەحموودی نەمر لە بیمارستانی حەیدەرییە لە بەغداد کۆچی دوایی کرد. هەر بەبیستنی دەنگەکە سلەیمانی پەردەیەکی ماتەمی قیناوی بەسەردا کشا. کە شەو تەرمەکە گەیشت، ڕێکەوتەکە و تاریکی شەو بوونە هۆی خۆپیشاندان و پەلاماردانی پۆلیس و سەرای میری بەشێوەیەکی توندوتیژ، تا کار گەیشتە ڕادەیەک پۆلیس بەقەستی کوشت دەستی کرد بەتەقە بریندار و کوشتار ڕوویان دا. لەناو کوژراوەکاندا ئافرەتیش هەبوو کە ناوی ئەختەر ساڵح ژنی ڕەشۆڵی گۆرانیبێژ. هەر بەوشەوە ڕەدوونان و گرتن دەستی پێکرد.

لەو شەوەدا عومەر عەلی لە سلەیمانی نەبوو، بۆ بەیانی کە هاتەوە لێدان و ئازاردان و گرتن هەر بەردەوام بوو، ترس و لەرزێکی زۆر بڵاوکرایەوە. ئەم ئاژاوە و پەشێوی و باری نائاساییە هەبوو تا لە ١٥/٥/١٩٥٧دا عومەر عەلی گوێزرایەوە، (عبدالمطلب أمين) بوو بەموتەسەریفی سلەیمانی، ئەم پیاوە پیاوێکی دیبلۆماسی نەرمونیان بوو، هەر بەڕێگە و شوێنەکەی عومەر عەلیدا دەڕۆیشت، بەڵام لەسەرخۆ و بەنەرمی و ڕووی خۆشەوە لەگەڵ هەموو کەس گفتوگۆی دەکرد، گەلێک کەسی لەخۆی نزیک کردەوە، هەروەک سوودی پێگەیاندن، سوودیشی لێ وەرگرتن.

***

لە پایزی ساڵی ١٩٥٧دا لە تۆمارکردنی گشتی دانیشتوانی عێراقدا کرام بەمودیر قوطاعی قەڵادزێ و هەموو قەزای پشدەر، ئەوسا مەرکەزی قەڵادزێ ٥٧٩ دەرگابوو، خانووی وا هەبوو ١٢ خێزانی



سەربەخۆی تێدابوو. هەر لەوەختی تۆمارکردنەکەدا لە پایزێکی زوودا لافاوە بەناوبانگەکەی سلەیمانی، ناوچەی پیرمەسوور و خۆرهەڵاتی سەرای وێرانکرد، قەیسەری وەسمان پاشا و قەیسەری نەقیبی بەجارێک کاوڵکرد، زیانی سەر و ماڵی زۆری دا لە شارەکە، گەلێک خێزان بێ لانە و بێ بەرگ و نان مانەوە، هەندێک کەسیش خنکان. تاوانی ئەمەش خرایە پاڵ کەمتەرخەمی شارەوانی و گوێنەدان بەپێویستی سەرشانی، چونکە لەکاتی خۆیدا شیو و ژێر ئاوەکانی پاک نەکردبووەوە، تا ئەو کارەساتە ڕوونەدات.

***

کاتێک لە پایزی ئەو ساڵەدا ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەل کۆبوونەوە، دوانزە نوێنەرە موعاریزەکە بەبەربەرەکانی کردن، شۆڕش بەرپابوو لە پەرلەماندا. ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆژنامەکانی پایتەخت دەنگوباسی دانیشتنەکانی پەرلەمانی دەنووسی و بڵاوی دەکردەوە. ڕێکخراو، دەستە، پارت و بەرە نیشتمانییەکانیش کەوتنە هاندان بۆ بەربەرەکانی کردنی میری و پرۆژەکانی بەمانگرتن و خۆپیشاندان.

میریش لەجیاتی ئەوەی بیر بکاتەوە و لە ڕێگەیەکی نەرمی جوانی خوێندەوارانە و ڕۆشنبیرانەوە هەوڵ بدات بۆ کۆکردنەوەی گرێ کوێرەکەی میانی خۆی و گەل. کەچی ئەو شەلم، کوێرم، ناپارێزم بەڕاست و چەپدا کەوتە دەست وەشاندن و ئازاردان و گرتن و کوشتن بەڕەنگێک گرتووخانەکان هەموو پڕبوون. لەگەڵ ئەوەشدا تا دەهات بڵێسەی ئاگری مانگرتن و خۆپیشاندان بەرزتر دەبووەوە.

ئەوەی لێرەدا دەبێت لە بیرمان نەچێت ئەوەیە: ئەو شمشێرەی لەم کاتانەدا دەوەشێنرا دوو دەم بوو، بەدەمێکی لە چەپڕەویان دەدا و بەدەمەکەی تری لە کورد. هەموو شتێک بۆنی کوردی لێ بهاتایە بقەبوو، نەدەبوو باس بکرێت.

لە بەهار و نەورۆزی ئەو ساڵانەدا ئاهەنگی جەژنی دارودرەختیان دەخستە نزیک ڕۆژی نەورۆزەوە، بۆ ئەوەی نەورۆز لەبیر بچێتەوە، بەم ڕەنگە زۆر کەس لەگیانی خۆی وەڕس بووبوو، تەنیا ئەوەندە هەیە تێگەیشتووان دەیانزانی مادام کاسەکە تەواو پڕبووە دەبێت بڕژێت، بۆیە لە مانگی مارتی ١٩٥٨ بەدواوە گەلێک کەس چاوەڕوانی ئەوەبوو کە لەو نزیکانەدا لە ڕەگەوە گۆڕانێک ڕووبدات. یەکێک لە بەڵگەی سەلماندنی ئەو چاوەڕوانە ئەم برە هۆنراوەیەی خۆمە کە بۆ نەورۆزی ئەو ساڵە نووسیبووم، لە پەڕاوی بەرهەمی خەباتدا (بەشی دووەمی هۆنراوەدا کە لە ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە چاپکراوە)

**نەورۆزی نوێ ١٩٥٨**

وەتەن مژدە بێ لە شاخ و هەردە
لە دەشت و دۆڵ و چیا و زەردە
لە کێڵگە و باخ و لە لالەزارت
لە ڕۆژی ڕوونی ڕوو لە بەهارت

ئەوا نەورۆز و ڕوو لە بەهارە
بەڵگە بەخۆشی لە دوور دیارە
کڕێوەی دەست و پەنجەی زۆردار
وا هەوای خۆشی لێ کەوتۆتە کار
کلیلەی بەفری کۆتی هەردە و کێو
چۆڕ چۆڕەی ژێری ڕووی کردە نشێو
چووزەرەی گوڵی نووستووی ژێر خاک
خەبەر بوونەوە بەجارێ سەرپاک

***

هەرز و گوڵاڵە و سوسەن و نەسرین
بەڕازاوەیی وەک بووکی ڕەنگین
بەڕیز بەدەستە لە خاک دەرپەڕین
ئەمەیان دەوت بۆ دڵەی حەزین
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

خرمەی ڕەهێڵەی بارانی بەهار
بەشەماڵ لەرەی شۆڕە بی و چنار
خشپەی درەخت و دەوەن و نزار
هەرسێ ئەم دەنگەن بۆ گوێی ستەمکار
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

لەم شەودا کاتێک کە بەیان ئەنگووت
تاوێک بەرلەوە هەڵبێت خۆری ڕووت



بەنەورۆزی تۆی کە شادی بزووت
فریشتە لە ئاسمان ئەمەیان ئەوت
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

دەستەی قوتابی کچ و کوڕی ورد
نەوەی کەڵوڕ و زازا و هەموو کورد
لە قوتابخانە شێرانە وەک گورد
ئا ئەم بەیانیە ئەمەیان ئەوت
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

***

بڕیاری لاوی هۆگری خوێندن
ئاواتی بەرزی لەڕێتدا مردن
خولیای هەمیشەی بۆت خزمەتکردن
ئەم دوو هەڵبەستە بەهۆرەکردن
وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەک پیرۆزت بێ نەک جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ و دۆستیش بەشادی
بژی و ببینێت ڕۆژی ئازادی

دوایی ئەم هۆنراوەیە بەسێ مانگ و نیو لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨دا ڕادیۆی پایتەخت دەنگوباسی شۆڕشی سوپا و گەلی بڵاوکردەوە. هەموو کەس بەڕووی خۆشەوە بەرەو پیری چوو، ئەم شۆڕشە لە بنەڕەتەوە شێوەی ژیانی عێراقی لە بارێکەوە بۆ بارێکی بەتەواوەتی پێچەوانەی جاران گۆڕی.

## بەشی یەکەم تەواوبوو

مامۆستای خوالێخۆشبوو نووسیویەتی بەشی یەکەم تەواو بوو. بەشی دوای ئەم زۆر گەڕام و هەوڵم دا بیدۆزمەوە بەداخەوە دەستم نەکەوت. ئیتر نازانم نەی نووسیوەتەوە یان فەوتاوە. ئەگەر فەوتاویش بێ، چۆن، کەی، لەکوێ، بۆم ساخ نەبووەوە.

فازڵ نیزامەدین

***

ئەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی ئەم یەکەم بەشی ڕۆژانی دێرینەم سوودم لێ وەرگرتوون ئەمانەن:

١- ژمارەکانی گۆڤاری دووەم جەنگی جیهانی کە ساڵی ١٩٥٩ بەزنجیرە لە بەیروت بەعەرەبی چاپ دەکران.

٢- پەڕاوی عێراقی شۆڕشگێڕ بلاوکراوەی بەشی ڕۆشنبیری سەربازی کە لە چاپخانەی میری لە دیمەشق بەعەرەبی چاپکراوە.

٣- ڕۆژنامەکانی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٤٨-١٩٥٠ (لیپرسراو و سەنووسەر پیرەمێرد).

٤- ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥١-١٩٥٤ (لێپرسراو پارێزەر نوری ئەمین، سەرنووسەران بەرودوا پارێزەر ئەحمەد زرنگ و مامۆستا عەبدوڵلا گۆران).

٥- تۆمارگەی کۆمەڵی مامۆستایانی قوتابخانەی کانی ئاسکانی سەرەتایی.

٦- تۆمارگەی کۆمەڵی مامۆستایانی قوتابخانەی گۆیژەی کوڕان.





ا. ب. هەوری
لە یادی پیرەمێردی شاعیردا ١٩٧٠/٦/١٩



ا. ب. هەوری
لە یادی شێخ سەلامی شاعیردا



لە هەموو بۆنەیەکدا هەستی خۆی دەربڕیوە



بەڕێوەبەری قوتابخانەی کانێسکان لەگەڵ قوتابییەکاندا



پایزی ١٩٦٣ ئەو ڕۆژەی لە بەندیخانە هاتەدەرێ



## ناوەڕۆک


**پێشەکی** - فازڵ نیزامەدین ........ 5
**سـەرەتا** -ا. ب. هەوری ........ 9
**دڵداری و پەیمانپەروەری –** شانۆگەری ........ 13
**ئازار و ئاوات** - دیوانی یەکەم ........ 27
بۆ خاڵۆکەی وێڵ شێخ سەلام ........ 35
دیجلە ........ 36
نەی ژەن بژەن نەی ........ 37
شیوەن بۆ مستەفا پاشا یاملکی ........ 38
دولبەر لە خەودا ........ 39
تۆزێک پێش مـردن ........ 39
مام هۆمەری باراش هاڕ ........ 41
ڕوو بەڕووی ژیان ........ 43
گەر ڕاسـتە جەژنە ........ 45
ئـەی وەتـەن ........ 46
کچە جوانەکە ........ 46
گیـانەکەم ........ 47
بەبێ زامی عـەشق ........ 48
گیـانە ........ 49
پێنج خشتەکییەک لەسەر شیعری ئەخۆل ........ 50
مەرهەمی برین ........ 52
لەسەر شێوەی خەیام ........ 53
پایز هاتەوە ........ 55
فــەلەک ........ 55
ئەمـەوێ ........ 56
بۆ شـاری ئەدەب ........ 56
شیـوەن بۆ دایکم ........ 59
جەژنی دارودرەختە ........ 60
ئێمە کچانی وردین ........ 61
لە مەڵبەندی شاعیراندا ........ 62
منـداڵ ........ 64
ئەی گـوڵ ........ 66
**بەرهەمی خـەبات** - دیوانی دووەم ........ 67

یاشێخ ..... 71
زۆر لەمە جوانتر مرد ..... 72
جەژنێک ..... 73
ئەی کورد ..... 74
خوێندەوارێکم ..... 76
شین ..... 79
کاری پێچەوانە ..... 81
هەموو حەرامێک ..... 83
ئۆپەرێتی چوار وەرزی ساڵ ..... 84
گۆرانی خوێندن و فرمان ..... 88
ئامۆژگاری دایک ..... 89
شاخی قەندیل ..... 91
لاوی وڵات ..... 93
جەژن ..... 94
ئامۆژگاری بۆ گۆڤاری هیوا ..... 94
درەخت ..... 96
بووکی درەخت ..... 97
پەیکەری شۆڕش ..... 99
نەورۆزی نوێ ..... 101
مژدەی نەورۆز ..... 103
خاڵە سەلام ڕۆ ..... 104
**بووکی ژێر دەواری ڕەش** – شانۆگەری ..... 106
**دەستووری نووسینی زمانی کوردی** – لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ..... 122
**زینەت خان** – شانۆگەری ..... 134
**هۆنراوە** – دیوانی سێیەم ..... 140
لەیادم دەرنەکەیت ..... 140
تاوانی ئەتۆم ..... 142
بەخێربێن ..... 143
گۆرانی خوێندن ..... 144
گۆرانی لاوی وڵات ..... 145
ئیمپریالیزم ..... 146
نەورۆزە ..... 148
جەژنی ئایارە ..... 150





دەردی بێ باری ..... 151
شیوەن بۆ مامۆستای بەرز ڕەفیق حلمی ..... 153
شیرین بەهارە ..... 155
چەمک و گوزارەی کوردستان یان نەمان ..... 157
قاچ و دەست سووتاو ..... 158
جامانە سوور ..... 158
وڕێنەی پێش عەمەلیات ..... 161
بۆ لێلی دیجلە؟ ..... 163
با کوردستانمان ..... 164
چوارینەکان ..... 165
بۆ ژێر وێنەکەم ..... 167
بەزمانی مستەفا خۆشناوەوە ..... 167
قوتابی ئەڵێ ..... 168
چەرخی چەواشە ..... 168
شیرینی لەندەن ..... 169
نووسەرێک ..... 172
برام ..... 174
شیرینی مۆسکۆ ..... 175
برا ..... 178
کام کچ جوانە ..... 179
شێوەن و سوگوار ..... 180
بچووک و دەنگ زولاڵین ..... 182
کورد و کەو ..... 183
بۆ نەقانەی مامۆستایان ..... 184
بۆ کێلەکەی: نووسینی کامل ژیر ..... 185
**ڕۆژانی دێرین** – بیرەوەری ..... 187
نەورۆزی نوێ ١٩٥٨ ..... 272
سەرچاوەکان ..... 275
چەند وێنەیەک ..... 276


***

**تەواو بوو**